# کلیلی واتاکردنی خەونەکان. ن. محمد عزیز لۆتەری

کلیلی واتاکردنی خەونەکان کردنەوەی دەروازەی جاویدانیە.



ڕەهەندەكانى شيكاروڕاڤەى ديمەن وڕوداو وكەسەكانى ناوخەونەكان لەسەردەمى سۆمەريەكانەوە تا ئەمڕۆ .

بە ✍: موحەممەد عەزيز لۆتەرى

---

پێڕستى بابەتەكان:

دەروازەى ڕێخۆشكردن :

١-پێشەكى :ڕۆڵى خەون لە ژيانى مرۆڤدا

٢-ڕێ خۆشكردن:بايەخى خەون لە بنياتى ڕۆشنبى وشارستانيدا.

دەروازەى دووەم:

پێناسەى دەستەواژە پەيوەنديدارەكان:

١-پێناسەى ڕوئيا.

٢-پێناسەى حيلم: .

٣-پێناسەو واتاى مەنام،

٤-پێناسەى درێم :

٥-بۆچوونى زانايانى سوننە لەم بارەوە:

٦-چەند پێناسەيەكى پەيوەست بە جيهانى خەون::

ا-پيناسەى ئيلهام:

ب-فيزيكيا :

فەيزى ئەقدەس وتێڕوانين بۆ سروشت و ميتافيزيک لاى فەيلەسوفە كلاسيكيەكان.

ج-خودا:خود

هـ- وەجد:

و-پێناسەی روح:

پیناسەی نەفس وجۆرەكانی:

١-نەفسی ئەمارة

٢-نەفسی قودسیه

٣-نەفسی لەوامه:

٤-نەفسی مطمئنة

٥-نەفسی ناطقه:

٦-نەفسی ئینسانی:

٧-نەفسی رەحمانی:

٨-نفسی نباتی:

رؤیاله دیدی زانایانی مسوڵمانەوه:

چەند بنەما وبنچینەیەكی چەسپاو له خەوندا:

١-دەقی قورئان وسونەتدا:

٢-چەندچیرۆكێک لەبارەی خەون لەسەردەمی یاوەران دا:

٣-ئیبن قەیم خەون دەكا به سێ بەشەوه:

4-ڕای ئیبن تەیمیه لەبارەی خەون:

دەروازەی سێیەم :

ڕۆڵی خەون له ژیاروشارستانیه كۆنەكاندا:

خەون لای سۆمەری وبابلیەكان

خەون لای میسریه كۆنەكان :

خەون لای گریک وڕۆمانیەكان :

یەكەم خەون لای ئەرستۆو ئەفلاتوون:

دووەم : ئاڕاستەى بۆچوونى فەيلەسوفە ئيسلاميەكان:

سێ يەم: خەون لەلاى زانايانى ئوسوڵى دين،:

چوارەم :ئاڕاستەى تێڕوانينى ئەهلى عيرفان وحەقيقەت وتەسەووف بۆ خەون:

دەروازەى چوارەم :

ڕۆڵى خەون لە ژيارو شارستانيە كۆنەكاندا:

تێڕوانينى ژيارە دێرينەكان:

١-خەون لاى سومەريەكان:

٢-خەون لە ميسرى كۆندا:

٣-خەون لەلاى چينيەكان:

٤-خەون لاى گريک وياونانيەكان:

٥-خەون و زانستى دەروون ناسى:

خەون پێش فرۆيد .

خەون لاى هربارت وبرجسون .

خەون لاى ئەلفريد ئەدلر(1870 - 1938)

خەون لاى كارل يونگ(1874 - 1961)

٦-چەمكى خەون لە شيكارى دەروونى سيكمۆند فرۆيد:

پێناسەى چەمكەكان:

تيۆرى شيكارى دەروونى :

ئەوديو هەستەوەرى، لاشعور:

هەست:الشعور:ژيرى هۆشيار.

جۆرەكانى خەون.

ژيرى دواى هۆشيارى.

پێناسەى انا الاعلى:منى بەرز.

پێناسەى الهو،،ئەو.

پێناسەى الانا،،منەكە.

خەونە جنسيەكان:

شيكەرەوەى دەروونى كارل گۆستاف يۆنگ

دەروازەى پێنجەم :

خەون لاى عبد الرحمانى ئيبن خەلدون(1332-1406)

بەراوردێک لەنێوان بۆچوونى ئەفلاتون وئيبن خەلدون بۆ وێناكردنى ڕوح و خەون .

نيشانەكانى خەونى راست و حەق:

دەروازەى شەشەم :

لێكدانەوەى خەون لاى محمدى كوڕى ئيسماعيلى بوخارى (١٩٤-٢٥٦ى كۆچى) لە چوارچێوەى صە حيحى ئيمامي بوخارى دا:

كتابى تەعبيرلە سەحيحى بوخارى بەشيكردنەوەى ئيبن حەجەرى عەسقەلانى لە فتح الباريدا:

ئەم باب وبەشانەى لە خۆ گرتوە كە ٤٧ بابە و دەروازەيە:

دەروازەى يەكەم دەستپێكى وەحى خەونى ڕاست بوو

دەروازەى دووەم:خەونى پياوچاكان.

چل وشەش بەشەكانى وەحى لاى حەليمى .

دەروازەى سێ يەم لە كتێبى تەعبيرى بوخارى :خەونى ڕاست لە الله وەيە.

دەروازەی چوارەم:خەونی ڕاست بەشێکە لە چل وشەش بەشی پەیام بەرایەتی.

دەروازەی پێنجەم:خەونە مژدەدەرەکان.

دەروازەی شەشەم:خەونەکەی یوسف.

دەروازەی حەوتەم :خەونی ئیبراهیم علیه السلام.

دەروازەی هەشتەم:خەونە هاوبەش وەک یەکەکان ڕاستی یەکتردەسەلمێنن.

دەروازەی نۆیەم : کەسانی زیندان وبەدکاری وهاوبەشیدانەر.

دەروازەی نۆیەم : کەسانی زیندان وبەدکاری وهاوبەشیدانەر.

دەروازەی دەیەم :بینینی پێغەمبەر ﷺ لە خەون دا.

دەروازەی یازدەهەم : خەونی شەو.

دەروازەی دوازدەهەم:خەونی ڕۆژگار.

دەروازەی سێزدەهەم : خەونی ژنان.

دەروازەی چواردەهەم:خەونی حیلم لە شەیتانەوەیە.

دەروازەی پازدە : بینینی شیر لە خەون.

دەروازەی شازدە :پڕ بوونی دەفرولە سەرڕژانی شیر.

دەروازەی حەڤدە: کراس وقەمیس لە خەوندا.

دەروازەی هەژدە :کراسی درێژوئاودامان و ڕاکێشانی لە دوای خۆ لە خەوندا.

دەروازەی نۆزدە :سەوزایی لە خەون دا.

دەروازەی بیست : پەردەلادان لە ڕوی ژن.

دەروازەی بیست ویەک:جلی ئاوریشم لە خەوندا

دەروازەى بيست ودوو : بينينى كليل لە خەوندا

دەروازەى بيست وسێ : خۆهەڵواسين بە پايەوكۆڵەكەوە لە خەوندا.

دەروازەى بيست وچوار :قوماشى ئيستەبرەق وچونە ناو جەننەت لە خەودا.

دەروازەى بيست وپێنج : قەيد وپێ بەند لە خەون دا.

خەونى كاتى ئاخر زەمان .

دەروازەى بيست وشەش : كانى لەبەرڕۆيشتوو لە خەون دا.

دەروازەى بيست وحەوت :هەڵكێشانى ئاولە بير لە خەوندا.

دەروازەى بيست وهەشت :ئاودان بە خەڵكى لە خەوندا.

دەروازەى بيست ونۆ :پشودان لە خەوندا

دەروازەى سى :كۆشک وتەلار لە خەون دا.

دەروازەى سى ويەک :دەست نوێژ لە خەون دا.

دەروازەى سى ودوو :تەوافى كەعبە لە خەون دا.

دەروازەى سى وسێ: دانى ئاوى زيادەى دەست نوێژ بە يەكێكى تر ل خەون دا. سى وچوار : ترس ودڵ نيايى لە خەوندا.

دەروازەى سى وپێنج : دەست پێ كردن لە ڕاستەوە لە خەوندا.

دەروازەى سى وشەش :پەرداخ ودەفرلە خەون دا.

دەروازەى سى وحەوت : فڕينى شتێک لە خەون دا.

دەروازەى سى وهەشت : سەربڕينى مانگا لە خەون دا.

دەروازەى سى ونۆ :فوو كردن لە خەون دا.

دەروازەى چل :دەرهێنانى شتێک لەناوچەيەک وبردنى بۆ ناوچەيەكى تر لە خەوندا.

دەروازەى چل ويەک:ژنى ڕەش لەخەوندا

دەروازەى چل ودوو :ژنى سەرقژن لە خەوندا

دەروازەى چل وسێ : دەرهێنانى شمشێر لە كێلان لە خەوندا

دەروازەى چل وچوار :درۆ كردن لە خەوندا.

دەروازەى چل وپێنج :بينينى ديمەنى ناخۆش لە خەوندا.

دەروازەى چل وشەش:ڕاست نەكردنەوەى خەون لێكدەرەوە ى يەكە م كە نەى پێكا.

دەروازەى چل وحەوت :لێكدانەوەى خەون دواى نوێژى بەيانى.

دەروازەى حەوتەم:

بۆچوونى ئيبن قەييم الجوزيە بۆ لێكدانەوەى ڕوئياو خەون لە اعلام الموقعين دا

[ لێكدانەوەى هەندێ ڕوداوو بونەوەرى خەون بە بەڵگەوە ]

لێكدانەوەى شتەكانى ناوخەون بە قورئان

ڕاى ئيبن قەيم لە كتێبى "زاد المعاد في هَدْي خير العباد": دا

دەروازەى هەشتەم :

بنەما وڕێساو هێڵە گشتيەكان بۆ ليكدانەوەى خەون لاى ليكدەرەوانى خەون:

يەكەم: قورئان:ناوى كەس و شت وگيانەووەرو دياردەو هەرشتيك لە قورئان ناوى هاتبێ

-واتاى بينينى الله جل جلاله:

- بينينى لەوح وقەڵەم و عەرش وكورسى :

بينينى فريشتەو ملائيكەكان:

[بينينى پێغەمبەران:

بەتايبەتى بينينى پيغەمبەر ﷺ

واتاى خوێندنى هەريەكێک لە ١١٤سورەتەكانى قورئان لەخەودا :

بينينى مصحفى قورئان

(بينينى پەرتوک وكتێبەكان)

(بينينى ڕۆژى قيامەت ونيشانە گەورەكان

بينينى ئاسمان وخۆرومانگ وئەستێرەوهەوروبەفروباران .

بنەماى دووەم:لێكدانەوەى بونەوەرو دياردەكانى خەون بەو وێچواندنەى كەلە فەرمايشت و حەديسەكاندا پێک چوێنراون :

لێكدانەوەكانى سەحابەوياوەران

واتاى بينينى هەريكێ لە ياوەروسەحابەكان لە خەون دا:

واتاى ئەنجامدانى پەرستشەكان و پێنج پايەكانى ئيسلام وبينينى كات يان شوێن يان كردنيان و پێشەكيەكانيان لە خۆشوردن ودەست نوێژ لە خەوندا .

بنە ماى سێ يەم :

واتاى پيشەو كارو هونەرو ئامێرو شيوازەكانيان و جل وبەرگ و پيشە وشوێن و كەسەكان لەخەوندا

واتاى ئامرازەكانى جەنگ و كەسەكان و جل وبەرگ وپۆشاكەكان لەخەوندا.

بنچينەى چوارەم:واتاى ئەندامەكانى لەشى مرۆڤ لەخەوندا

واتاى نەخۆشيەكان لە خەوندا:

دياردە كۆمەڵايەتيەكان لەخۆشى وناخۆشى لەخەوندا

بنچينەى پێنجەم

:خەون ليكدەرەوان بەپێ ى پيتى ئەلف بائى  هەرشارو شارۆچكەو وڵات و ناوچەو كيشوەرێك ,واتايەكيان بۆليك داوەتەوە,ئەمەش زۆربەى بيستراوەو دەماودەم  گوێزراوەتەوە

واتاى بينينى ڕوەک ودرەخت و ميوەوسەوزەو وەرزەكان لەخەوندا

بنچينەى شەشەم:

بونەوەرو زيندەوەران هەر لە بچوكەوەتا گەورە لە گيانەوەرانى دەريايى و پەلەوەرو ئاژەڵ و درندەو ميروەكان,هەريەكەو چەند هيماو تەفسيرى بۆ كراون,

بنچينەى حەوتەم

:زمان وڕەگى وشەكان,بەتايبەت عەرەبى و زمانى زكماكى خەون بينەرەكە گرنگن بۆ مسولمان,بەلام بۆ دينەكانى تر زمانى دينەكەيان و زكماكيان گرنگە

هەشتەم:شعرو ئەدەب و پەندى پيشينان. دەبێ بزانى كە ئەو شتە لە شعرەكانداو پەندەكان بە چ شتيك چوينراوە لە لێكدانەوەى خەونەكە بەوشتە بچوێنرێ.

دەيەم: هەندێ لە خەون ليكدەرەوە كان يەكەم جار هەوڵ دەدەن كليلەى خەونەكة بدۆزنەوە,كە يان زاراوەيەكە يان بۆنێكە يان شتيكە جائەو شتە چ بێ گيان بێ يان گيان دار, كە ئەم كليلە يان دۆزيەوە,بەحسابى جمل [ابجد-١،٢،٣،٤-هوز-٥،٦،٧-حطي-٨،٩،١٠-كلمن-٢٠،٣٠،٤٠،٥٠-سعفص-٦٠،٧٠،٨٠،٩٠-قرشت-١٠٠،٢٠٠،٣٠٠،٤٠٠-ثخذ-٥٠٠،٦٠٠،٧٠٠-ضظغ-٨٠٠،٩٠٠،١٠٠٠

يازدەهەم: كاريگەرى زانينى نەخشەو هەلبژاردنى نەخشەيەك لە نەخشەجوگرافيەكان و پێچواندنى بە يەكێک لە گيانەوەران .

دەروازەى دەيەم:

چەند هەوڵێكى هاوچەرخ لە ڕيزبەندكردنى خەونەكان.

دەروازەى دەيەم :

خەونە بەناوبانگەكانى جيهان:

١-خەونەكەى يوسف عليه السلام جيهانبينييەكى گەردوونييە:

٢-خەونەكانى سفرى دانيال

خەونى سێيەم كە مەئمونى خەليفەى عەباسى

خەونى چوارەم:

خەونى داهاتووى ئوممەتى ئەمريكاى جۆرج واشنتن لە ساڵى 1777ز

خەونى پێنجەم

خوێندنەوەى ئايندە لە دەلاقەى خەون وڕوئياى سفرى يۆحەناوە:

سفرى (روئيا يۆحەنا – سفرى 27 لە سەردەمى نوێ ى كتابى مقدس – ئينجيل)دا

---

پێشەكى : دەروازەى ڕێخۆشكردن :

١-پێشەكى :ڕۆڵى خەون لە ژيانى مرۆڤدا

خەونەكانمان تريەى لێدانى دڵمانن لە ژياندا،

دەگوترێ هەركەسێ تەنيا بە ئومێدى پرۆژەكانى ژيانى ئەم دنيايەبێ ئەوە ديوارى لەسەربەفرداناوەو بە تەماى وەهمى خەياڵ وخۆزگەوبريا خۆى فريوداوە ، چونكە ژيان وپرۆژەكانى ئەم جيهانە وەك سێبەڵرێكى كاتين و لەناودەچن .

چۆن بتوانم خەونى نەمرو هەميشەييم هەڵبژێرم و خۆم بەخەونى كاتى و تەمەن كورت خەريک نەكەم ؟ ئاخر لەوەيە لە خەوى ئەم شەوەى تەمەنە

هەرتەنيا خەونێک ببينم ، با ئەوخەونە كاتى و تەمەنكورت نەبێ ، با پرۆژەيەكى جاويدانى بێ .

ئەو ئومێدوخۆزگانەى هەمانن ئەوانيش جۆرێكن لەخەون ، مرۆڤ هەرگيزناتوانێ بەبێ خەون بژى ،خەون خۆراكى ڕوحە،هەروەک چۆن لاشە بێ خواردن ناژى .

زۆرجاردەبينين هيواوئاواتەكانمان هەرەس دێنن ،جۆرێک لەبێ ئومێدى ڕوومان تێدەكا، بەڵام ئيماندار نابێ بێ ئومێد بێ چونكە بێ ئومێدبوون دەرچوونە لەبازنەى ئيمان ولە ئيماندارناوەشێتەوە ، بۆيە تاكوڕوحمان نەمرێ وخۆراكى ڕوح بەردەوام بێ دەبێ سەرلەنوێ ئومێد دروست كەينەوە ،چونكە پرۆژەكانى ئەمڕۆ خەون وپلان بوون لەدوێنێ ، دەبا خەونەكانى ئەمڕۆش بەردەوام بن تا سبەينێش پرۆژە هەبن بۆ لەدايک بوون.

لەنێوان خەونەكان و واقيعدا ژانەكان لەدايک دەبن ، ئايا خەونەكانم زادەى هزرەكانمن؟ يان بيرۆكەوهزرەكانم ڕۆڵەى خەونەكانمن؟ هزرەكان ڕۆڵەى خەونەكانن ، بەدواى خەونەكانت ڕاكە تاكو بەدەستيان دێنى ، خەونە كان وەک گوڵ سيسى ڕوويان تێدەكاو دەژاكێن ئەگەر تۆلە ژيانتدا هەوڵ نەدەى بۆ ئاودانيان .

نوسين ئەو دەفرەيە كە خەونەكانمان لەباوەش دەگرێ ئەوخەونانەى نەمان توانيوە بەديان بێنين ، بۆيە هڵگرتن وپاراستنى ئەوخەونانەمان بە ولاپەڕانە دەسپێرين.

خەونەكان وەک تەمەنمان پيرنابن ، هەندێک لەخەونەكان وەک نەهێنيەكان تەنيا لاى يەک كەسن ، چونكە ئەوەندەگەورەن نەقەڵەم و نەدەم ناتوانێ دەريان بڕێ.

باخەونەكانت گەورەوبێ سنورونەمر بن ، با بۆ نەوەكانيشت ببنەڕاسپاردەودوورگەى هيواكان وشارى خەونەكان ، هەميشە كارگەيەكى دروستكردن ونۆژەنكردنەوەى خەونەكانى خۆتان ودەوروبەرتان بن، هەرگيز مەبنە گۆڕستانى لەناوبردنى خەونەكان ، بێ

ئومێدى مەبەشنەوە ، هەتا دڵە پڕ خەونەكان هەبن لێشاوى پرۆژەكانيش هەربەردەوام دەبێ .

ئاينده زۆر گەورەوشيرينه ، خەونەكان تاكه ڕايەڵەو پردن بەرەوئەو جيهانه ، خەونەكانن كه وايان كردوه پرۆژەكان هەناسەبدەن و مرۆڤايەتى هەميشه لەهەوڵ دابێ.

سەركەوتن بۆ گەشبينه كۆڵنەدەرەكانه ، هەميشه ئەو فڕۆكه به كه هێڵەكانت بەرەو فڕۆكەخانەى ئاوەتەكان دياريكردبێ ، ڕەنجەڕۆيى لەگەڵ سەرنەكەوتن و بەدەستەونەهاتن نيه، بەڵكو ڕەنجەڕۆيى ئەوكاتەيەكەتۆ بڕيارى پاشەكشه دەدەى ، ويست وخواستت لەخەون وۆزگەكان موعجيزەدروست دەكا . دڵەڕاوكێ موعجيزەكان دەڕوخێنێ ، سەرنەكەوتنه كەڵەكەبووەكان ئەوسەكۆوگردەن كەئاڵاى سەركەوتنى كۆتاييان لەسەر دەچەقێنرێ.

ئەگەر هيچ نەكەى تاهيچ هەڵەنەكەى هەرگيز ناگەيه وێستگەكه. كەبينيت خەڵک ئيرەييت پێ دەبەن ئەوه ئاماژەى سەركەوتنه .

ڕۆيشتن بەرەو سەركەوتن هەرگيزكۆتايى نايه ، سەركەوتن ٢٠٪ بەهەرەو ٨٠٪ پلانى ستراتيجيه.

تۆ هەڵەكان دەڕەخسێنى ولەخۆيانەوه لەدايک نابن ، خەون تاكه كرداريكه كەڵەكردنيدا كەس لێيێچينەوەت لەگەڵ ناكا.

سەلمێنراوه كه ئەوانەى له منالّى خەون زۆردەبينن ئەوه لەهەرزەكاريش زۆر دەخوێننەوه

، هەريەكێک له ئێمه ئەفسانێكى لەناخيدا حەشارداوه كه ئاواتيەتى بۆى بێتەدى.

ئەوندەى توانى كارى بۆدەكا ، وەكه ئەوخەونەڕوناكى نەدى دەبێته چيرۆک وڕاسپاردەونوسينى باپيره بۆنەوەكانى.

خاوەن خاونى كارامه وەک ئەندازيارى لێوەشاوه وايه ، هەموو گەورەوبچوكێكى نەخشەڕێگاو پرۆژەوخەونەكەى لا ڕوونه وله

پەیکەری خەونەکەیدا حسابی بۆ وردو درشتی پەیکەری پرۆژەکەی کردوەولەبیروهۆشیدابۆتە موجەسەمێک کەهەموو کات سەیری دەکا.

خەون مەشخەڵێکی ڕۆشنکەرەوەیە کە ڕێبازی داهاتوی ژیانمان ڕۆشن دەکاتەوە، لە پێناوی بەدیهێنانی بەرگەی هەموو ئازاروقوربانیەکان دەگرین .

ئەی ئەوەی تائێستاخەونت نەبووە، خەونێک دروست کەو بۆی بژی تاکو ژیانت واتاومەبەستی هەبێ ، چونکە مرۆڤی بێ خەون مرۆڤێکی سەرلێشێواوو بێ مەبەست وئامانج وبێ هودەیە.مرۆڤێکی نەخۆش وناتەواوونیمچە مرۆڤە ، مرۆڤ بوون واتە خاوەن خەون بوون ، هەربۆیە قورئان ناوی مرۆڤی ناوە (الانام) واتە ئەوبوونەوەرەی خەون دەبینێ .

مرۆڤ کاتێ پیردەبێ کەلەجێی نەخشەی خەونی بۆ داهاتوو خەریکی پەشیمان بوونەوەوحەسرەتکێشان دەبێ لەکردەوەکانی ڕابردووی ، مرۆڤی گەنج کاتی ئەوەندەنیە حەسرەت لەڕابردوو بخوا هەموو کاتەکەی بۆ نەخشاندنی خەونەکانی داهاتوویەتی.

ئازایەتی وبوێری وبەتوانایی ودەسەڵات چوار میکانیزمی بەهێزن بۆ خێرا جیبەجێ بوونی خەونەکانی مرۆڤ .

جامرۆڤ هەتا توانای بەرهەمهێنانی خەون وپلانی هەبێ و بتوانێ جێ بەجێیان کا ئەوە مرۆڤێکی سودبەخشە بۆ کۆمەڵگا ، گەورەیی کەسایەتی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی خەون وخۆزگەکانیەتی. خەون وڵامی پرسیارەکانی نەخشەڕێگای داهاتووی مرۆڤن ، چونکە ژیان تا ڕووناکی لە پێش خۆی دەرک دەکادەڕوا ،جائەومەشخەڵەی بەرپێشی ڕووناک دەکاخەونە .

خەون بینەکان زۆربەی جار وەک تاکە کاریزما تەنیان ودەیانەوێ بەتەنیا بنیاتی خەونەکەیان تەواوبکەن .

دەبێ خەونەكانت وەت پێبدەن و دڵى ڕۆڵەكانى میلەتەكەشت بۆو ئاواتەى تۆهەتە بەجۆش وخرۆش بێنن.

دەڵێن مومكن لە مەحاڵى پرسى لەكوێ دەژى؟ مەحاڵ گوتى لەناوخەونى دەستەوستانەكان .

وەك چۆن ڕوخسارى بێ خەندە مایەى بێزاریە ، هۆشێكیش كەخەون نەبینێ بەدبەختە.

دەبێ خەونەكان وەك زنجیرە بن ونەپسێنەوە یەكترتەواوكەن ،چونكە ئەوان دراماى سەرەكى مرۆڤن كەهەرخۆى سیناریۆدانەرو دەرهێنەروئەكتەریەتى.

هەنگاوى یەكەمى خەونەكەت ئەوەیە بتوانى وێناى بكەى ، مادام وێنات كرددەشتوانى بەدى بێنى.

ئەگەرلە ژیانتدا چەند جاران بكەوى وببەزى ودیل بى ودەستەوستان بى ، تۆ لەخەونەكانتدا هەرنەكەوتووى .

هەموو نەخشەكان بەخەون دەست پێدەكەن ، مەحاڵ لاى هەركەسێك ئەوخەونەیە كە نەیتوانیوە بە دى بێنێ.

هەوڵ دە لەناو خەونەكەت خەون دروست كە ، بۆ تەواوكردنى خەونەكەت .

هەربەیانیەك كەهەڵدەستى ، دواى هەستان دوو هەڵبژاردنت هەیە یان هەستە خەونەكەى شەودیوتە بەدى بێنە ، یان هەوڵ دەبنویەوەتا خەونى تربببینى.

بەڵام خەونى ڕاستەقینە هەڵبژاردنى خەوتنەوەت بۆ ناهێڵێتەوەو لەسەرت فەرزدەكا كەهەستى بۆ بەدیهێنانى.

تالەژیانداى بۆخەونەكانت بژى ، كاتێ مردنى تەنیا خەونەكانت دەمێننەوە و كەسایەتى تۆ دەنوێنن و خەڵك یان دۆستیانن یان دژیانن.

خەڵكانێک هەن هەرچەندە ڕووداوەكانى ژيان تەنگيان پێ هەڵچنێ دەچنەوەناو ئەشكەوتى خەونەكانيان ، لەوێ هيواكانيان نوێ دەكەنەوە ،

مرۆڤى خاوەن خەون هەرگيز بێزارى و ڕەشبينى ڕووى تێ ناكا، لە هێلن كيلەريان پرسى ئايا دۆخى خراپتر لەوەهەيە مرۆڤ كوێربێ ؟ گوتى لە كوێرى خراپتر ئەوەيە كە چاوت ببينێن بەڵام هيچ خەون وجيهانبينيەكت نەبێ كە بۆى بژى.

بەتايبەتى ئەوانەى سەركێش وبەڕێوەبەرن ئەگەر خاوەن خەون نەبن بۆ داهاتوويان كارەسات بەسەر پرۆژەكەيان دێنن.

چونكە خەون وا پێناسەكراوە كە دەرككردنى خەونبينە بۆ دۆخى خەڵكانى تر كەخۆيان دەركى پێناكەن.

ڕێ خۆشكردن: -ڕێ خۆشكردن:بايەخى خەون لە بنياتى ڕۆشنبيرى وشارستانيدا.

چونكە خەون بە دەقى فەرموده بەشێكە لە چل وشەش بەشى وەحى ، وەلەناودينەكاندا زۆر لە پايەكانى دين وەک قوربانيكردن ، بانگ دانى نوێژ ، پيشاندانى شوێنى مەدينەى ڕۆشن بۆكۆچكردن ، بينينى ڕوداوى ئيسراو ميعراج بەخەون پێش ئيسراو ميعراجى ڕاستەقينە ، هاتنى سوڕەتى علق بەخەون شەش مانگ پێش هاتنى سوڕەتى علق لە ئەشكەوتى حەرا، چون بۆ عەمرەو پێكهاتنى حودەيبيە ، هەموو ئەمانە بەخەون بينراون .

وەک لەفەرموده داهاتووە كە- عن أبي هريرة، قال: قال رسول اللهﷺ: « إذا اقترب الزمان لم تكد رؤيا المؤمن تكذب، وأصدقهم رؤيا أصدقهم حديثا، ورؤيا المسلم جزء من ستة وأربعين جزءا من النبوة. والرؤيا ثلاث: فالرؤيا الصالحة بشرى من الله، والرؤيا من تحزين الشيطان، والرؤيا مما يحدث بها الرجل نفسه فإذا رأى أحدكم ما يكره فليقم وليتفل ولا يحدث بها الناس» قال: «وأحب القيد في النوم وأكره الغل» [سنن الترمذي (2270) وقال الألباني صحيح] .

كەواتە لەكۆتايى زەمان لەبەر ستەملێكراوى ئيمانداران و نامۆبوونيان خەونى ڕاست وهەواڵ بەخش وئاگادارکەرەوە زۆردەبێ ، ئێمە ئێستا لەم سەردەمەداين و پێويستمان بەتێگەيشتنى خەونەكانە وەک چۆن لەسەردەمى مەکەو ستەملێكرانى مسوڵمانان خەونەكان ئاڕاستەکەر وڕێگاى دەرچوون لەتەنگاوى وقەيرانيەكان بوون.

پوختەى فەرمودەكە دەفەرموێ:

كاتێ كاتەكان لێک نزيک بونەوە،كەئاماژەيە بۆ سەردەمى خێرايى وكۆتايى زەمان،ئەوكاتە دەگمەنە خەونى ئيماندار بەهەڵە دەرچێ،واتە خەونى ئيماندارئەوكاتە هەمووى ڕاستە،خەونى ئيماندار بەشێكە لە چل وشەش بەشى پێغەمبەرايەتى،وە پێغەمبەرايەتيش درۆو هەڵەى تێدانيە،،ئيبن سيرين دەڵێ:خەونيش سێ بەشە،

-حەديسى نەفس و خەياڵى دەروون،

-ترساندنى شەيتان،

-مژدە لە اللە وە،

هەركەسێ خەونێكى دى كەبەلايەوە ناخۆش بوو با هەستێ نوێژبكا،وبۆكەسى نەگێڕێتەوە، سەحابەوياوەرانى پێغەمبەر لە خەون دا ڕقيان لە كۆت بوو كەلە مل دەكرێ،پێ يان خۆش بوو لە خەون دا قەيدوبەنديان لە پێ بكرێ،دەيانگووت كە پێ بەند وقەيد چەسپاويە لەسەردين،.

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

هەركەسێ لە خەوندا ببينێ پێ ى لە بەند دايە،بە لەسەردين چەسپاوى لێک دەدرێتەوە،بەڵام لێكدەرەوانى خەون دەڵێن ئەگەر لەگەڵ پابەندەكە شتێكى ديكەى زيادى لەگەڵ نەبێ،وەک ئەوەى كەسى خەون بين لە سەفەر دا نەبێ،يان نەخۆش نەبێ، چونكە لەوكاتە دا قەيدەكەى واتە درێژبونەوەى سەفەرونەخۆشيەكەى،،هەروەها قەيدەكە لە بێجگە لە ئاسن نەبێ ،چونكە قەيدەكە كەزيو بوو،بەڵگەيە لەسە ژن

هێنان،كەلەزێربوو،ئەوە بەڵگەیە لەسەر داواكردنی سامانێک ،ئەگەر لە مس بێ،ئەوەبۆ شتێکی بێزێنراوە،ئەگەرلە قوڕقوشم بێ ئەوە ڕەهن وبارمتەبوونە،ئەگەرلەپەت وگوریس بێ ئەوەقەرزداریە،ئەگەرلە تەختەبێ،ئەوە دووڕوویيە،ئەگەرلەداربێ ئەوە تاونباریە،ئەگەرلەپەڕۆو دەزوو بێ ئەوەبۆ كارێكە كە بەردەوام نابێ.

ختابی دەڵێ نزیک بونەوەی زەمان دوو واتا دەگەیەنێ، :یەكەم نزیک بوونی كاتی شەوو كاتی ڕۆژو یەكسان بونیان،لەسەرەتای بەهاروسەرەتای پایزداكە هەموو شتێک مام ناوەندیە لەوكاتانە،،خەون لێكدەرەوان دەڵێن ڕاستترین خەون لەودوو كاتەیە كە شەوو ڕۆژیەكسانن،كاتی میوە پێ گەیشتنە،و پشكوتنی چرۆوگوڵەكانە،لە دووكاتی ساڵ دا.

واتای دووەم:نزیک بونەوەی زەمان لە كاتی نزیک بونەوەی ساعە وڕۆژی قیامەت ،كە فەرمودەشی پێ هاتوە

" فِي آخِرِ الزَّمَانِ لَا تَكْذِبُ رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ وَأَصْدَقُهُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُهُمْ حَدِيثًا " .

لەئاخری زەماندا خەونی ئیماندار زۆری ڕاستە،ڕاستگۆترینیان لە گوفتاروكردار، خەونەكانی شی ڕاستگۆترینن.

بەم واتایە كاتێ ڕۆژی قیامەت نزیک بوو،زۆربەی زانست هەڵگیراونەماو كاری پێ نەكرا،نیشانەكانی دینداری لاوازبوون،كوشتن زۆربوو،خەڵكی پێویستیان بە ئامۆژگاری كەرو وەبیرهێنەرەوە هەبوو،بۆ نوێ كردنەوەی دینەكەیان ،هەروەک چۆن ئوممەتانی پێش ئیسلام كە دینیان لاوازدەبو پێغەمبەریان بۆدەهات ودینی بۆ نوێ دەكردنەوە،بەڵام چونكە پێغەمبەری ئێمە خاتەم وكۆتایی یە،ئەوزمانی كۆتاییەش وە زەمانی فەترەی پێش هاتنی پێغەمبەرانە،بۆیە لەجیاتی پێغەمبەرایەتی ئەو بینینی خەونی ڕاستگۆییە بۆ قەرەبو كردنەوەی نەهاتنی پێغەمبەرانەو خەونی ڕاستیش بەشێكە لە پێغەمبەرێتی،بۆ مژدە دان و هۆشیاركردنەوەی ئیلاهی بۆ ئیمانداران، ئەم فەرمودە لە ئەوزاعی وئیین سیرین گێڕدراوەتەوە ،موسلیمیش فەرمودەیەكی هێناوە دەفەرموێ: ثَبَتَ

فِي الْحَدِيثِ الْآخَرِ عِنْدَ مُسْلِمٍ وَغَيْرِهِ " يَتَقَارَبُ الزَّمَانُ حَتَّى تَكُونَ السَّنَةُ كَالشَّهْرِ وَالشَّهْرُ كَالْجُمْعَةِ وَالْجُمْعَةُ كَالْيَوْمِ وَالْيَوْمُ كَالسَّاعَةِ وَالسَّاعَةُ كَاحْتِرَاقِ السَّعَفَةِ "

واتە ساڵ وەک مانگ ومانگ وەک هەفتەو هەفتە وەک ڕۆژو ڕۆژ وەک سەعات وسەعات وەک گەڵا سوتانى لێ دێ.

دەگوترێ کە ئەوزەمانە زەمانى مەهدیە،کە دادبەرقەرارەو خەڵک دنیاى لە پێش چاو کەوتوەوچێژى لێ نابینێو لاکانى زەمانى دنیاوئاخرەت لێک نزیکن.

ئەوکاتە خەونى ئیماندار زۆربەیان ڕاستن،بەڵام تەنیا ئیماندار،چونکە ئەوکاتە غەریبە ونامۆیە.

قورتوبى دەڵێ :ئەوزەمانە کاتى هاتنى عیسایە لەگەڵ ئەو دەستەکەمەى لەسەر ئیمان ماونەوە دواى کوشتنى دەجال،کەلە فەرمودەى مسلم هاتوە

" فَيَبْعَثُ اللَّهُ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ فَيَمْكُثُ فِي النَّاسِ سَبْعَ سِنِينَ لَيْسَ بَيْنَ اثْنَيْنِ عَدَاوَةٌ ، ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ رِيحًا بَارِدَةً مِنْ قِبَلِ الشَّامِ فَلَا يَبْقَى عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ أَحَدٌ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ أَوْ إِيمَانٍ إِلَّا قَبَضَهُ " الْحَدِيث

کە عیسى دێ حەوت ساڵ دەمێنێتەوە،دوزمنایەتى لەناوخەڵک نامێنێ،پاشان بایەک دێ لەشامەوە ئەوەى زەرەیەک ئیمانى لە دڵ دابێ ڕوحى دەکێشێ ،.

قورتوبى دەڵێ ،ئەوانە لە دواى سەحابەکان باشترینى ئەم ئوممەتەن،هەمویان ڕاستگۆن،بۆیە خەونەکانیشیان هەموو ڕاستن،چونکە هەرکەسێ لە ژیانى دا ڕاستگۆ بێ،دڵى ڕوناک دەبێتەوەوزانستى ڕاست لە دڵى دا دەنەخشێنرێ،،هەرچى هەموو بێداریەکەى ڕاستگۆیى بێ ،بێ گومان خەونەکانیشى ڕاستن،و درۆو دەلەسەیان تێکەڵ نابێ،چونکە دەفر چى تێدایە هەر ئەوەى لێ دەڕژێ.

ً ، هەربۆیە دوای ئەوە باسی لەوە کردوە کە خەونی باش وچاک وڕاستی ئیمانداری ڕاستگۆ بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی،ئەمە تەنیا بۆ ئیماندارە،کە بەڕێزلێ نانی پێغەمبەران ڕێزی لێ نراوە چونکە پابەندی ڕێ ی ئەوانە،بۆ کافرو دووڕوو و درۆزن نیە.

وەخەونەکانیان پێویستی بەلێکدانەوە نیە،چۆن دەیبینن، بەوشێوە دێتەدی،چونکە ئیماندار ئەوکاتە غەریب ونامۆوچەوساوەیە،ئیسلام بەنامۆیی دەستی پێ کردوەو لەوکاتەش دا نامۆ دەبێتەوە وەک لە فەرمودەی موسلیم دا هاتوە،جابۆیە ئیماندار پێویستی بە دڵ دانەوەو چەسپێنەرو سێبوری دەر هەیەکە ئەویش خەونی ڕاستە.

ئیبن حەجەردەڵێ:هەموو ڕاڤەکان ئاماژەوەدەکەن کە ئەوخەونە ڕاستانە لەبەردوو هۆن:

ٍ ؛ یەکەم : ئەوکاتە زۆربەی زانستی دینداری نامێنی ،زاناکان نامێنن، هاتنی پێغەمبەریش لە ئارا دانەبێ ،بۆیە قەرەبوی ئەم دوو پایەی ئیمان خەونی ڕاست دەبێ.

دووەم:ئیمانداران کەمینە وچەوساوەن وکوفرو نەفامی گشت دنیا دەتەنێ ،بۆیە بە خەونی ڕاست دڵیان دەدرێتەوەو لەسەرئیمان دەچەسپێنرێن.

بۆچونی سێ یەم کەئەمە سەردەمی عیسی بێ،بەڵام بۆچوونی یەکەم بەهێزترە.

ابْنُ بَطَّالٍ دەڵێ ،ڕاڤەی ابن سیرین بۆ وَأَصْدَقُهُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُهُمْ حَدِيثًا "ئەوەیە کە زەمان لێک نزیک بۆوە،خەونی ڕاست نامێنێ تەنیا لای پیاوی ڕاستگۆ نەبێ،

گەیشتومە ئەوباوەڕەی کە بەندکران وچونە زیندان ڕێگەیەکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کەسێک فێری لێکدانەوەو واتاکردنی خەون ببێ وبتوانێ لە هێماو ونهێنیەکانی جیهانی خەون تێ بگا،هەربۆیە ئەوانەی لەو بوارەدا پێشەنگن ،هەرلە پێشەنگیان یوسف علیه السلام ،هەتا دانیالی ناوبیر علیه السلام ،هەتا یۆحەنای دورخراوەو لە دورگە بەندکراو ،تاکو ئیبن سیرینی

بەند کراو لە سەر قەرز،تەنانەت کە ئەنەسی کوڕی مالک مرد ولەسەرەمەرگدا داوای کردکە محمدی کوڕی سیرین نوێژی لەسەربکا ،ئیبن سیرین لە بەنددا بوو.

من بۆماوەی دەسالّ ئەو خەڵوەتی بەندیەم بینیوە ،ئەو خەڵوەتە ئەو بۆچوونەی زیاترلەلا بەهێز کردوم کە ئەو خەڵوەتە دابڕانە لە هەموو هۆکارێکی دەرەوەو دابڕان لەجیهان،دەبێتەهۆی ئەوەی کە ڕوح زیاتر ئازادی پێ بدرێ ،لە کاتی ئەم دابڕانە ڕوح باشتردەتوانێ بچێتە ناوبەلەکۆنەی ئەرشیفی ناومێشک بەهۆی ئەو پەستانەی کە دەروون وعەقڵی برسی کراوو هۆشی دابڕێنراو لە جیهان دروستی دەکا،ڕوح وەک فریادڕەس وشوفێرێکی ئەو لاشە گیرۆدە بوەی زیندان ، سەرەڕای پیشەکەی خۆی کە شوفێری لاشەیە،بەڵام پێداویستی زیندان وای لێ دەکا کە ببێتە فیتەرو میکانیکیش ،بەو هۆیەشەوە هەم خەونی پەیوەست بە داهاتوو و هەم خەونی فلاش باک و ڕابردوو ئامێز پیشانی هەستەکانی خاوەنەکەی دەدا.

لە زیندان دا هەریەک لە لێکدانەوەوتەفسیری خەون بۆ ئیبن سیرین و عبدالغنی نابلسی و ئیبن شاهین و ئین سەعیدی واعیزم خوێندەوە زیاترلەجارێک ، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەم زانایانە هەموویان پێش دەستکردنیان بەلێکدانەوەی خەون لەخەونیاندا یوسف پێغەمبەریان بینیوەو یوسف علیه السلام لەخەونیاندا یان ناودەمی خۆی نیشان داون یان کراسی خۆی لەبەرکردون یان تفی لە دەم کردون ...

منیش لە یەکێ لەودەسالّانەی گیرانەکەم یوسف علیه السلامم دی ، من لەخەوندا بنیامینی برای یوسف وکوڕی یەعقوب بووم ، لە خەوندا کەچوومە لای یوسفی پاشا لە میسر ئەسپێکی سپی تیژڕەوی پێدام و شمشێرێکی درەوشاوەی تیژی پێدام و فەرموی سواربە بڕۆ تادەگەیە مەغریب وسەرلێواری ئۆقیانوسی ئەتلّەسی هەرکەسێکت دی بەم شمشێرە بیکوژە ، منیش سواربووم وچۆنی گوتبوو ئەو نۆهەزار کیلۆمەترەم کە نۆهێندەی ڕووبەری عیراقە هەرلەزاخۆوە تافاو بەچەند ساتێکی خەونەکە

هەمووم پێچايەوەولەو هەموو وڵاتە تەنيا سێ كەسم بينين وهەرسێكم كوشتن ، دواى ئەوخەونە منيش لەهەندێک جاردا خەونم لێک دەدانەوە.

بەڵام چونكە شمشێر ئامرازى لەتكردن وپەرت كردن ولێک جياكردنەوەيە ، وەک ئەو هۆكارانە نيە كە يوسف داويەتە ئيبن سيرين ونابلسى ،كەدەم وكراس كۆكەرەوەو لێكدەرەوەو خڕكەرەوەى پەرتەكانن ،بەڵام شمشێر وئەسپ بۆ دوورکەوتنەوە لێک هەڵبڕينن .

بەڵام وەک موتەنەبى دەڵێ شمشێر لە كتێب ڕاستگۆترە ، شمشێريش ڕاستگۆيە .

ئەسپ خەيلە ولەخەياڵ نزيكە ، پێدەچێ من ئەندێشەوخەياڵێكى فراوان وتيشڕەوم پێدرابێ ، بەڵام ئەوەكە من براى شەقيقى يوسفم ، شەقيق واتە جوتەولەتە ،زۆرجاريش شەقيق پێچەوانەى شەقيقەكەيەتى لەئاڕاستەدا ، بۆيە كە يوسف عليه السلام هێماى تەئويل ولێكدانەوەى ڕوداوەكان بێ ، لەوەيەمن هێماى لێک هەڵبڕين ولێک دوورخستنەوەى ڕووداوەكان بم بۆ واتاكردنى خەون وديارەو پێشبينيەكان.

يەكێک لە جياكەرەوەكانى ژيانى بەنديخانە ئەوەيە كە خەونى زۆر دەبينێ،تەنانەت ئەوانەى لەدەرەوە خەونى كەميشيان بينيوە كە بەند كران خەونى زۆردەبينن،ئەمەش فرياكەوتنێكى ڕوحانى وڕەبانيە ،تائەوكەسانە لە بێزارى ودابڕاندا نەگەنە حاڵەتى كارەسات ئامێزو تراژيدى وئەوخەونانە دەلاقەى ئومێدوهيوان بۆ ئەو بەندكراوانە.

دەبنە خەمڕەوێن وهيوابەخش وڕنمايى وچارەى دەروونى بۆ ئەو بەنديە گەمارۆدراوە كە لەوكاتەدا گشت جيهان پشت گوێ ى خستوەوفەرامۆشى كردوە،جاڕوح كە دەبينێ ئۆتۆمبيلەكەى لەبەردەبازى جيهان چەقيوەو ناتوانێ ڕێ بكاو پەيوەندى لەگەڵ گشت لا پچڕاوە، ڕوح پەيوەنديە بێ تەل ولاسلكيەكەى خۆى چالاک دەكا،ئەو دينەمۆ ڕەسەنەى مرۆڤ ،ئەو گەشتيارەى كەسنورەكان ناناسێ وزەمان وشوێن لاى ئەو لەمپەر نين و تاكە لەمپەرى ئەو ئەولاشەيە كەديلى كردوە،

ئەم ڕوحە دەبوژێتەوە لە دابڕانى لاشەوەهەستەكاندا،تاكو ئەوپەيكەرەى ئەم ڕوحە شوفێريەتى هەرەس نەهێنێ،ونەڕوخێ ووڕە بەرنەدا،ڕوح چالاكانە پەنجەرە لەدواى پەنجەرە بەڕووى لاشەدا دەكاتەوە.

چونكە يادگەو هەستەكانى مرۆڤ لەكاتى ئاساييدا،هەموو گرتەوفلاش وسات وێنەودەنگ وكات وشوێنەكان ووێنەودەنگى كەسەكان وگيانەوەر ودياردەكان تۆماردەكەن،وەلە ئەرشيف دەى پارێزن،ئەم ئەرشيفە كەڵەكەبووە هەر لە لە دايک بوونەوە تامردنى مرۆڤەكە بەردەوامە،.

بۆيە كە ڕوح دەبينێ لايەنى سەمپەساوى دەستەوستانە تەنانەت لە بيركەوتنەوەى ڕوداوەكان وناتوانێ ديمەن ودەنگەكان وەک جاران تۆماربكاوكامێراى تۆمار لەكار وەستاوە، بۆيە ڕوح لاى پاراسەمپەساوى چالاک دەكا وڕاستەوخۆ بەڕێوەى دەبا،دەيباتە بەلەكۆنەى ئەرشيفى كەڵەكەبوو،مەلەف ودۆسيەكان تاووتوێ دەكا.

بۆيە لە خەون ،جارى وايە خۆت لە شوێنێک دەبينى كەبەژيانت نەت بينيوە،يان ديوتە بەڵام وێنەى خەونەكە تەواو جياوازە.

لە خەون دەچيە چەندەها كيشوەر و وڵات كە ناويشيان نازانى،باوک ودايک وخزمى مردوو وزيندوت لە وڵاتێک دەبينى كەنەتۆو نەئەوان هەرگيز نەيان ديوە، ئەمانە هەموو ڕەمزو هێمان وتۆ لەم قۆناغەدا فێرى زمانێكى نوێ دەكرێ ى وپێويستە لە ئاماژەكان تێ بگەى.

روح لەناو دۆسيەكانى رابردوت دادەگەڕێ، گرنگ نيە، لەبيرتن يان لە بيرت چونەوە,چەمكيك وهيماو ڕەمزێك دروست دەكا بۆئەوەى تێ ى بگەى,خەون گەورەترين بەڵگەيە بۆ ئيمان بوون و هەست كردن وپەيوەندى كردن بەجيهانى روح و شارازا بوونى توانا و ئاكارەكانى روح و هەست كردن بە جيهانيكى ئازاد بووڵە وابەستەكانى لاشە ى مادى، وەباوەڕهێنان بە بوونى لاشەيەكى ترى ئەسيرى وبەرزەخى كەلەوێش هەموو ئەندامەكانى لاشەت هەيە ،بەڵام ئەندامەكانى ئەوێت بەتواناترن .

تۆ دەبينى دوو كەس لە تەنيشت يەكتر نوستون،ئەويان خەون
بەكيشوەرێكەوە دەبينێ و ئەوى تر لە كەشكەشانى فەلەك
دەسوريتەوە،خەون جيهانێكت پێ دەناسێنێ كە كات وشوين و مەودا
ودووری و مادە ئيعتباريكى واى نيە ,تەنانەت كۆن ونوێ و نزيكى و
دووری تيايدا چڕ دەكرينەوە،لە وانەيە تۆ لەخەونتدا تەقينەوەى بيك بن
بەر لە بيست مليار ساڵ ببينى، وە دەگونجێ پاش ملياران سال
لەمەولابينى، خەون ورد ترو دەولەمەندترو ئالۆزترە لە خەياڵ، خەيال لە
ژير ويستى خۆتە ، بەلام خەون لەدەرەوى ويستى خۆتە، هەروەها
دووريەكان لەخەون هەستيان پێ ناكرێ، زنجيرەو رێچكەبەستى و پۆلێنى
كات وشوين لە خەوندا زۆر جار دەگۆڕێ، تۆ لە فلاشێكى خەونت ، لە
ئێوارەى پايزى و پاش دەقيقەيەكى تر لە بەيانيەكى بەهاردای، جارى وايە
لەخەوندا قاهرەو بەغدا لە نيوان هەوليرو سليمانى دەبينى،لەندەن لە
يەمەن دەبينى،ئەمانە هەمو هێمان وپيويستيان بە تيگەيشتن هەيە، كەسێكى
ئيفليج دەبينێ لەخەوندا هەلبەزودابەز دەكا ، كەڕوكوێرولاڵێك لەخەوندا
دەبينێ ودەبيستێ وقسەو گفتو گۆ دەكا،ديلێك لەخەوندا دەبينێ لە شەويكدا
حەوت كيشوەرو دەريالوشى جيهان دەگەڕێ، خۆت دەبينى دەفڕى و
لەژێر دەريالوشى و باكت نيە و لەدەرەوەى بەرگە هەواو مليۆنان ساڵى
تيشكى دەبڕى، بەبێ هۆكار ,كەسيكى لاواز لەخەون دا چەندين پاڵەوان
دەبەزێنێ، واتاى ئەم خەونانە:ئەوەيەكە بەهيچ شيوەيەك توانا روحيەكان
لەگەڵ ناوەندە ماديەكە يەك ناگرنەوە،هەموو ئەوانەى باسم كرد ئەوە
دەسەلمينێ كە جيهانى روح لەهەموو ڕوويەك جياوازە لە جيهانى لاشەى
مادى.

خەون بريتيە لە ولام دانەوەى حاجەتيكى روحى يان عەقڵى يان غەريزى
، بەڵام ئەو وڵام دانەوە روح يارمەتى دەرى سەرەكيە تياى دا ،
خەونەكانيش بە پێ ى كەسەكانن ، ئەوانەى بير لە بنەما ى ئالۆزو بابەتە
عقلى و فەلسەفى و زانستى وكۆمەڵايەتيەكان دەكەنەوەو لە ژيانيان
تايبەتمەندى ئەوبوارانەن، خەونەكانيشيان جياوازن لەوانەى بير لە
هونەرە جوانەكان و نواندن و گۆرانى ورەنگەكان دەكەنەوە، خەونى

پاشاكان كەھەميشە بيرلە دواڕۆژى دەسەڵاتەكەيان دەكەنەوە،جيايە لەخەونى بازرگانەكان كەھەلەبيرى هەڵبەزودابەزى نرخى كاڵاكانن،خەونى هەرچين وتوێژێک لە چين وتوێژەكەى تر جياوازە، بەلام بۆ هەموو چينەكان كۆكەرەوەى كەرەستە خاوى خەون بريتيە لەروح ، ڕوح دۆسيەكان كۆ دەكاتەوە بە وينەى سينەمايى وفۆتۆشۆپ ڕابردوت لە داهاتوو و داهاتوت لە رابردوو پيشان دەدا.

هەموو ئەو بابەتانەى ديوتە، چ لە واقع يان بەوێنەيەكى فۆتۆ يان نەخشێكى دەستى يان لە تابلۆو تەلەفزيۆن و ئەنتەرنيت ، يان ئەو شوێن وكەسانەى لە كتێبێك ناوو شتێكت لەبارەوە خوێندونەوە ، يان ئەو شوين وكاتانەى كەلە حكايەت ورۆمانەكاندا خوێندوتەتەوە، يان ئەو خەيالانەى كە كردوتە .

هەمووى دەبێتە شريتى سينەمايى وبە مێشك وزاكرەدا ڕەت دەبێ ودواجاريش ئەم وێنە لە ئەرشيفى مێشكدا دەمێنێتەوە، جا ئەو شت وشوينانە لاهوتى و غەيبى بن يان ناسوتى بن ، لە زەوى بن يان لە ئاسمان .

ئەم وێنانە هەمووى كەرەستە خاوى خەونەكانن، لەوانەيە هەندێ جاران خەونێك ببينى كە خەيالیش نەى گەيشتۆتێ، ئەوە بەڵگەيە كە ئازادى وتواناكانى روح لەكاتى خەوتندا ئازاد تره لەكاتى هۆشيارى وخەياڵ كردن ,چونكە لەكاتى خەياڵ وهۆشيارى غەريزەو حەزە جيا جياكانى لاشە، توانای روح پەرت دەكەن ,بەلام لەكاتى خەوندا ئەم تەوژمى ئارەزوانە تاڕادەيەك كوژاوەو دامركاوەيە، بۆيە روح لەوكاتەدا بەرەو عەرشى باری هەلدەكێشێ كە قيبلەى روحەكانە،نيشتمانى يەكەمى ڕوحە،كە لەوێ ڕوحى يەكەم لەناو لاشەى قوڕى ئادەم ديل كراوپارچە قوڕەكەلەسەروو حەوت ئاسمانەوە ڕوحى ڕفاندە نيشتمانى خۆى كە زەويە،بۆيە ڕوحيش هەركەئازادبوو بەرەو نيشتمانى خۆى دەگەڕێتەوە,بۆيە ئەو كەسانەى بە تەصەووف وريازەى روحى حەزە ماديەكانيان دەمرێنن وسڕ دەكەن ،بەرامبەر بەمە روحيان زۆر بەهيز دەبێ و دەبنە خاوەنى كەشف وكەرامات.

هەروەها حەكيم و فەيلەسوفەكانيش وەك ئەفلاتون و بوزا كە باسى جيهانى نيرفانا و ئايديا دەكەن، ئەوانيش بەهۆى زۆر قول بونەوەو كۆششيان لەو بوارانە گەيشتونە حالەتى ئيشراقى روحى ، تەنانەت ئەفلاتون توانيويەتى كە بەزەمەندا بگەريتەوە بەر لە دايك بوون وئەو كاتەى كە روح هيشتا ئازاد بوو، وە ئاوێتەى بەدەن نەبوو بوو، ئەو لە پيناسەى معرفەدا دەڵێ :ئەو دۆخەيە كە رو ح لە كەمەند كێشى لاشە خۆى رزگار دەكاو بۆ چركە ساتيك دەتوانێ بگەڕێتەوە حالەتى روحى بەرلە ئاوێتەبونى بەلاشە كە علم و مەعريفەى بە جيهانەكان هەيە ، جا ئەم روحە ئەم زانستەو عرفانە لەو حاڵەتى ئشراقەوە دەرك پێ دەكا .

دەروازەى يەكەم :

پێناسەى دەستەواژە پەيوەنديدارەكان:

١-پێناسەى ڕوئيا: جمع رؤيا:ئەو كەس وڕووداوانەى كە كەسى نوستووله كاتى خەودا دەيبينێ پێ ى دەگوترێ ڕوئيا واتە بينراو، كۆ كراوەكەى رؤيە،جا هەرچەندە ڕوئيا بە چاوى سەر دەكرێ،بەڵام لە عەرەبيدا بۆ چاوى عەقڵ ودڵيش بەكارهاتوە،هەربۆيە بە بيروبۆچوون دەگوترێ راى ،وەلەبارەى كێشە عەقڵى وزەينيەكان دەڵێ :من ڕام وايە، ئەم ڕايە ،بينينى عەقڵ وهۆشە ،ڕوئيا ،بينينى ڕوحە لە خەون دا،هەروەها بە بينينى خەياڵ وئەندێشەش هەدەگوترێ -ارى- دەبينم، ئەمەش بينينى خەياڵە،

زۆربەى هەرە زۆرى بينراوى خەون ،تەنانەت خەونى خراپيش لە قورئاندا ناونراوە ڕوئيا ،ئەمە بە پێچەوانەى ڕاوبۆچوونى ئەو زانايانەى كە پێ يان وايە كە خەون پێ ى گوترا ڕوئيا ئەوە خەونى باشە و بەشێكە لەوەحى، كە خەونەكە پێ ى گوترا حلم ئەوە لە شەيتانەوەيە وبەخەون دانانرێ.

قورئان بۆخەونى خراپ و مەلعون ونەفرين كراوى شەيتانى دەفەرموێ :وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤْيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلا فِتْنَةً لِلنَّاسِ وَالشَّجَرَةَ الْمَلْعُونَةَ ...

كەواتە ئەم ڕوئيايە شەيتانى ونەفرين كراوو فيتنە يە كە پيشانى پێغەمبەريش درا بەشێک نەبوو لە وەحى ،بەڵكو تەنها خەونێک بوو بۆترساندن.

بەڵام بۆ خەونى ڕاست ،قورئان دەفەرموێ:

: لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَق..

بەڵام ئەو خەونە وبينراوە ڕاستە ئەوساڵە ى حودەيبيە نەهاتە دى، ساڵێک پاش ئەوە هاتە دى، بۆيە زۆرێک لە ياوەران ناڕەحەت بوون و لەوانەش عومەر ،چونكە پێ يان وابوو كەدەبێ ڕوئياو بەڵێنى پێغەمبەر عليه السلام يەكسەرو خێرابێ،دواكەوتنى تێدانەبێ.

ِّ ڕوئيا مەرج نيە هەركەسى باوەڕدار بيبينێ ، ئەوەتا ڕوئياى عەزيزى ميسر لە قورئان دا ناونراوە ڕوئيا: إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ .

ڕوئيا لە فەرمودەش باس كراوە،پێغەمبەرﷺ

دەفەرموێ: الرؤيا الحسنة من الرجل الصالح جزء من ستة وأربعين جزءا من النبوة رواه البخاري عن أنس . .

وأخرج البخاري أيضا عن عبادة بن الصامت وأبي هريرة قال: رؤيا المؤمن جزء من ستة وأربعين جزءا من النبوة . وأخرج أيضا عن أبي سعيد الخدري أنه سمع رسول اللهﷺيقول: "الرؤيا الصالحة جزء من ستة وأربعين جزءا من النبوة .

ئەم فەرموودانە هەموو دەيسەلمێنن كە وەحى چل وشەش بەشە،بەشێكى ڕوئيايە، زانايانى سيرە كە ساڵانى پێغەمبەرايەتى بە بيست وسێ ساڵ هەژماردەكەن ودەڵێن كە دابەش دەكرێتە سەر چل وشەش شەش مانگى لەبەر فەرمودەى عائشە كە پێغەمبەرلە پێش هاتنى قورئان بەشەش مانگ خەونەكانى وەک گزنگى بەيان ڕاست بوون.

پێناسەى زاراوەيى رؤيا : .

قاضي أبو بكر بن العربي دەڵێ : (رؤيا چەند دەرک كردن وپەی پێ بردنێکە، الله له دڵی مرۆڤدا دای دەنێ بەهۆی فريشتەيەک يان شەيتانێک ،ئەم دەرک كردنه يان گرێ دراوه بەناوێکەوه يان به ڕاستيەکەوه يان به پێک هاتەيەکەوه،يان به تێکەڵەيەک لەمانه،هاوشێوەی ڕوئيا له بێداری دا ئەندێشەوخەياڵ كردنه چونكه خەياڵيش جاری وايه بەهۆی چيرۆکێکەوه دێ وجاری وايه به ڕۆتينی وبەبێ هۆدێ ) .

لەم پێناسه دەردەکەوێ كه روئيا هەموو خەونه فريشتەيی و شەيتانيەكان دەگرێتەوه.

پێناسەی حيلم: .

٢-حيلم لەڕووی زمانەوانيەوه:

حيلم-:به واتای هێمنی ولەسەرەخۆيی ونەرم ونيانی وبەرگەگرتن دێ ،هەروەها به واتای عەقڵ وهۆشيش دێ ،سوفەهای ئەحلام ،بەکەسانی ساويلکەو عەقڵ سوک دەگوترێ،كه كۆبكرێتەوه دەبێته : ئەحلام.

حيلم بەرگه گرتن وسنگ فراوانيه ،پێچەوانەی تەسک بينی ودڵ تەنگی وبەرگه نەگرتن وبێ ئارامیه.

حيلم له ڕووی چەمكەوه:

-ْدەروون وسروشتی خۆڕاهێنان وڕام كردنه لەسەر توڕه نەبوون وهەڵ نەچوون ونەوروژان.

- ئارام گرتن ومتمانه بەخۆبوون ودان بەخۆدا گرتنه له كاتی هوروژم هێنانی توڕەييدا.

-دواخستنی گيرۆده كردن وسزادانی ستەم كارو زيادەڕەوكەرە. ئەمه بۆ ئيسمی حەليم لای الله كه زوو سزای ستەم كاران نادا.

- ڕاهێنان وجڵەوگرتنی دەروونه له سەردەرنەچوون لەكاتی هاتنی هۆكاروپاڵنەرەكانی،واز هێنانه له شته ئارەزوو خوازو بەرچێژو

داواكراوەكان بۆئەو شتانەى كە قەدەغەكراوەولەڕووى دەرونەوە وازلێ هێناوە.

كەواتە حيلم ،ئارام گرتن ودانايى ودان بەخۆدا گرتن لە خۆدەگرێ.

پەيوەندى ئەم واتايانەى حيلم بەخەونەوە، لەوڕوەوە يە كە يەكێك لەواتاكانى حيلم ،بيروبۆچوون وهۆشمەندى وساويلكە نەبوونە،هەربۆيە بە گەيشتنە ئيحتلام وئەوەى لاى خۆمان پێ ى دەگوترێ شەيتان پێكە نين وباڵغ بوون و پێگەيشتن ، بەسەرەتاى پابەندى گەنج بە ئەركەكانى ياساوشەرع ودين دانراوە،چونكە ئيحتلام بوون، واتە گەيشتۆتە تەمەنى بەرگە گرتن وباڵغ بوون وكاملّى وعاقڵ بوون، ئەگەرنا هيچ پەيوەنديەك لە نێوان حيلم وخەوو وخەون دا نيە.

٣-پێناسەو واتاى مەنام، مەنامە واتە جێگاى خەوتن ونوستن ،چونكە نەوم واتە خەو، مەنام ،ئەوديمەن وڕوداوانەى خەوتوو لە خەويدا دەى بينێ، پێويستە بگوترێ ،كە مەنام ،تاكە زاراوەيە كە پڕ بە پێستى خەونە ،بەڵام حيلم واتە هۆشدار كردنەوەو هۆشياركەرەوەيە ،ڕوئياش بينين وپيشاندان وچاوڕوون كردنەوە يە ،هەردووكيان لە زاراوەى خەون دوورن ،ئەو وشە عەرەبيەى لە خەون نزيكە تەنيا ووشەى مەنامە .

هەروەها ووشەى درێم ى ئينگليزيش ،هيچ پەيوەندى بە سليپ وخەو نيە ،درێم بە ئەو كەسە دەگوترێ كە زۆرلە دەريای خەياڵ وئەندێشە دا مەلە بكا، درێميش هەردرێژەى ئەندێشەكانى بێداريە، ووشەى ئەندێشە كەبەرامبەر ووشەى خەياڵ دانراوە، بەڵێكدراوى ئايديا وشوێن دەچێ كەواتە شوێنى ئايدياو خەياڵى ونمونەيى دەگەيەنێ..

هەروەها بەگشت مرۆڤايەتى دەگوترێ،ئەنام ،لەوانەيە ئەمەش بۆئەوەبێ كە يەيەكێ لە جياكراوەكانى مرۆڤ لە بونەوەرانى تر گرنگى دانى مرۆڤ بێ بە ئامادەكردن وگرنگى دان بە خەوتن ونوستن ،كەواتە مرۆڤەكان ئەنامن ،واتە نوستوەكانن.

زانا مسوڵمانەكان لە چوارچێوەی دەقە شەرعیەكان پێناسەیان بۆ ڕوئیاوبینینی خەون داڕشتوە،بەتایبەتی ئەو پێناسانەی جیاوازیان خستۆتە نێوان ڕوئیا وحیلم، دیتن وهۆشیاركەرەوە،لەو دەقانەش فەرمودەكەی ئەبوقەتادەیە كەهەردوو ئیمامی بوخاری وموسلیم لە سەحیحەكانیان هێناویانە:

(( الرؤيا الصادقة من الله والحلم من الشيطان))

[ڕوئیای ڕاستگۆ لە الله وەیە وحیلم لە شەیتانەوەیە]

٤-بۆچوونی زانایانی سوننە لەم بارەوە:

رؤيا:كۆمەڵە ئیعتقادو بیروباوەڕو بنەماو دەرك كردن وپەی پێ بردنێكە كە الله دەی هاوێتە ناودڵی بەندەكەی بەدەستی فریشتە ،یان بەدەستی شەیتان،كە ئەو بنامایانە پەیوەستە بەناوەكانی ،یان بە پێك هاتەكانی ،یان ڕاستیەكانی،یان تێكەڵە لەهەموویان.

ابن العربي دەڵێ: ئەم خەونە بە كاتی بێداری دەچێ ،كاتێ واردو هاتوەكانی خەیاڵ وئەندێشە خەتەرە بەسەر بیرو دڵی مرۆڤ دادەكەن،ئەوانە بەیەك چۆنێتی دێن ،چ فریشتییەكان وچ شەیتانیەكان.

مازري لە پێناسەی خەون دا دەڵێ:

بۆچوونی مەزهەبی ئەهلی سوننەت لەبارەی ڕاستەقینەی ڕوئیا ئەوەیە كە الله لەناودڵی نوستوداچەند بیروباوەڕێك دروست دەكا،هەروەك چۆن لە دڵی بێداریش دروستی دەكا،چونكە الله هەرچی بیەوێ دەیكاو حاڵەتی خەوتن ،یان ،بێداری ڕێ لە الله ناگرن، جائەو بیروباوەڕانە ی هێنایە دی ،وەك ئەوەی كردبێتیە نیشانە و بەڵگە بۆ چەند كارو فرمانێكی دیكە.

خەون بەوەش پێناسە كراوە كە بریتیە لە:

چەند بيروباوەڕێک كه الله خەلقى دەكالەدڵى نوستودا،هەروەک چۆن له دڵى مرۆڤى بێدارىش پێكى دێنێ،ئەم بەدى هێنانه دەبێته نيشانەى چەند كاروفرمانێكى تر،جائەم بيروباوەڕانه هەندێ جار بەدەستى فريشتەدەبێ ودەبێته هۆى خەون و خەيالّى دڵ خۆش كەرو مژده دەر، وەهەندێ جارىش بەدەستى شەيتانه ودەبێته هۆى زيان و گومڕاكەر.

هەندێ دەڵێن كه پالّدانى كردارەكه بۆ شەيتان حەقيقەت وڕاستەقينه نيه ومەجازە،چونكه لەڕاستى دا شەيتان هيچ ناكاو تەنيا لەوشوێنه ئامادەيه .

بەڵام هەندێكى تر له زانايان پێ يان وايه كه شەيتانيش ڕۆڵى هەيه وكاريگەرى ڕاستەوخۆى هەيه هەم له خەون وهەم له بێدارى بۆ كاريگەرى شەيتان چەندين فەرموده بەبەڵگه هێناوەتەوه لەوانەش :

حديث جابر رضي الله عنه

قال: جاء رجل إلى النبي ﷺ

فقال: رأيت كأن عنقي ضربت،

قال: (( لِمَ يحدث أحدُكم بِتَلَعّبِ الشيطان؟ )) أخرجه مسلم والإمام أحمد، وهذا اللفظ للإمام أحمد.

وفي لفظ عند الإمام مسلم: قال يا رسول الله: رأيت في المنام كأن رأسي ضُرب فتدحرج فاشتددت على أثره، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم للأعرابي:

(( لا تحدّث الناس بتلعب الشيطان بك في منامك))،

وقال جابر: سمعت النبيّﷺ بَعْدُ يخطب،

فقال: (( لا يحدثنّ أحدكم بتلعب الشيطان به في منامه))

كەواته له م فەرمودانه دياره كه شەيتان دەتوانێ يارى به خەون و عەقڵى مرۆڤ بكا وڕوداوى سەيرى پيشان بدا.

سەفارينى دەڵێ :يارى كردنى شەيتان بەوەيه كه خەونى خەمبارکەرى پيشان بداوخەونه ڕاستەكەى بشێوێنێ وتێكەڵ وپێكەڵ بكا.

لەڕاستى لێكدانەوەى ئەو فەرمودانە بەوەدەبێ كە مرۆڤەكان بزانن هەر تاكێک لەو ملیارەها مرۆڤانە ،ئادەمێكن وحەوایەكن وهەمان ئەزموون لەسەریان دووبارە دەبێتەوە ،كل بني ادم خطاء،،

هەموویان هەڵەكەى باوكیان دووبارە دەكەنەوە بەجۆرێک لە جۆرەكان،ئێمە دەزانین بەهۆى هاوبڕكێ ى ئادەم وشەیتان لەسەر ئەوەى ئادەم لە شەیتان زیرەكتر بوو بوە هۆى ئەوەى كە گۆڕەپانى جەنگەكە لە ئاسمانى حەوتەمەوە بگوازرێتەوە سەرزەوى، جا ئەو قۆناغەى لە دایک بوون تا باڵغ بوون لاى نێرومێ،ئەو قۆناغەى دایكمان وباوكمان دەنوێنێ كە لە درەختى زانینى مەعریفە وخێروشەڕو عەقڵیان نەخواردبوو، كەواتە ئادەم وحەوا هەڵ بژاردنیان هەبوو كەلە بەهەشت هەرلە قۆناغى كچێنى وكوڕێنى وهاوڕێ یەتى وئونس وحەوانەوە بەیەكەوەبن بەپاكیزەیى، بەڵام كاتێ لە درەختى لەت لەت بونیان خوارد ،بەهیواى گەیشتن بەنەمرى ،هاتنە سەرزەوى، ئێستا هەموو نێرو مێ یەک هەمان ئەزموون دوبارە دەكاتەوە ،كچ وكوڕەكان تا باڵغ بوون بە بێ تاوانى وپاكیزەیى دەمێننەوە ،بەڵام دواى ئەوە هەمان خەڵاتاندنى ئادەم وحەوا دەست پێ دەكا، كوڕەكە شەیتانى پێ پێ دەكەنێ و واى لەبیرو عەقڵ دەنێ كە تاكە رێگاى تۆ بۆ نەمربوونت ئەوەیە وەچەو نەوەى زۆرت هەبن ،تا ناوت هەڵگرن وبەنەمرى لە سەرزەوى بمێنیەوە،وە كچەكەش تووشى عادەوسوڕى مانگانەو خوێناوى بوون دەبێ كە ئەمە سزاى حەواى دایكە لەبەرخواردنى لە درەختى خۆناسین وباڵغ بوون وپێ گەیین،ڕۆڵى شەیتان ڕاستە قینەیە ،چونكە ئەو وەک خوێن لەدەمارەكانى مرۆڤەكاندایە، شەیتان ئاوى ڕەحمە ،لاى نێر مەنى ومەزى ومەدى وئەو ئاوانەیە كەلە كاتى شەوەت لە زەكەر دەردەچن، لاى ئافرەتیش ئەو خوێن وئاوانەیە كەلە ئافرەت دەردەچن .

جاكاتێ مرۆڤ گەیشتە باڵغ بوون وقەڵەمى ئەركى شەرعى كەوتەسەر،دووبارە جەنگ وتاقى كردنەوەو گاڵتە پێ كردن وخەڵەتاندنەكە دووبارە دەبێتەوە ،تەوبەش لە وكارە لە لایەن مرۆڤەكان بەوەدەبێ كە زاوزێ و وەچەخستنەوە لایان بەمەبەستى نەمربوون

وەهميشە مانەوەلەسەرزەوى نەبێ، كە ئەمە مەحاڵە وگومانێكى شەيتانيە ،بەڵكو بۆ ئاوەدان كردنەوەى زەوى بێ بە پەرستش وعبادەت وكارى چاك ،وەباوەڕبوون بەوەى كە ژيانى سەرزەوى كۆتايى پێ دێ وژيان وزيندەگى ڕاستە قينە لەدواى مردن دەست پێ دەكا.

فەرمودەكە حيلمى كردۆتە بەشى شەيتان،حيلميش عەقڵە ،عەقڵ لەعەرەبى واتە بەستنەوەو وابەستە بوون، هۆشيش لاى خۆمان نزيكە لە حەز وئارەزوو ،بەكرمانجى بە حەزوهەوەس دەڵێن حەش، بەعەرەبيش هۆش و شەهوە لێک نزيكن، كەواتە هۆش وعەقڵ نێر ومێ پاڵ دەنێن بۆ زاوو زێ كردن،ئەم بەشە شەيتانيەش ،بەوەپاک دەبێتەوە كە شەهوەتەكە بۆكارى چاک وبەها پيرۆزەكانى دواى مردن بەكاربێنى، واتە پرۆژەى وەچەخستنەوە بكەيە هۆكارى بەدەست هێنانى ڕەزامەندى الله وئاوەدان كردنەوەى ژيانى دواى مردن.

٦-چەند پێناسەيەكى پەيوەست بە جيهانى خەون::

ا-پيناسەى ئيلهام:ئەو پێ زانينەيە كەلە ريگەى فەيزەوە لە زەينى مرۆڤ دەكرێ.

هەروەها دەگوترێ:ئەو زانينەيە كە دێتە ناو دڵەوە,وەداواى كار پێ كردن و چەسپاندن دەكا بەبێ بەڵگە هێنانەوە بە هيچ بەڵگەيەكى تر. ئيلهام بەڵگە نيە لاى زانايانى شەرع ،بەڵام لاى صۆفيە كان بەڵگەيە،ئيلهام تايبەت تره لە علم و لەوانەيە ئەو علمى لدونى بێ.

ب-فيزيكيا هەم بوارى فەلسەفى هەيەو هەم بوارى شعرو شانۆ ،لە بوارى فەلسەفە دا ئەو ڕێڕەوەيە كە دەيەوێ پشت بە عەقڵ ببەستێ بۆ داڕشتنى بۆچون و بينينێكى فەلسەفى عەقڵانى بوون و كارى الله لە بونەوەردا كە جێ ى سالوسى نەصرانى بگريتەوە ،وەكو فەلسەفەى هيگل لە بارەى روحى رەهاى بونەوەر .

ئەگەر فيزيك سروشت بێ ، سروشت لە بۆچونى كۆنەكاندا بە عەرش و كورسى دەگوترا سروشت ،واتە سەروى جيهانى شتەكان ،بەلام بە حەوت ئاسمان و حەوت زەوى ئەوەى لەناويان دايە نەدەگوترا سروشت ، بەڵكو پێ يان دەگوترا ئستقس و عناصرو توخم و ئەصل و بنچينەكان ، ئەمە كە گوتمان كە فيزيا واتە سروشت ،بەلام سروشت و تەبيعەت لە مەزهەبى نوێ دا لەعەرش وكورسى و ئاسمەنكەنانيش نەماوەو بە دياردە و شتەكانى سەر زەوى دەگوترێ سروشت ،سروش بە كوردى بە نيگا ووەحى ليك دراوەتەوە، وە تە كە ش ئەو عەتا و بەخشەرو هەتاوو دروشم ومرشدەى كە وەحى دەدا،بۆيە كە وشەى سروشتى كوردى بەسەر تێگەيشتنە كۆنەكە دا دێتەوە كەواتاى نێرەرو بەڕێكەر و بەخشەر ى نيگاو سروش كە اللە يە كە وەحى دەنێرێ ,لەمەدا سروشت و سەروى تەنو شتەكان و نێرەرى سروش ئيسميكە لە ئيسمەكانى اللە ، (مرسل الوحي، منزل الوحي ، مبعث الانبياء ) لەمەدا دەلالەتى سروشت لەسەر عالەمى روحانى زۆر بەرعەقل تره لە ووشەى خوا ، من پيم وايە كە وشەى سروشتى كوردى به عەرەبى دەبيتە فوق الاشيا واتە دەبيتە جيهانى نادیار وشاراوە-الغيب- ونابێتە الطبيعة .

وشەى فيزيك كەبە سروشت و تەبيعەت لێک دەدرێتەوە ,بەڵام لە فەيز وفەزا وبۆشايى نزيكترە، ئەرستۆ پيى وايە كە اللە خەلقى بەشيوەيەكى راستەو خۆ دروست نەكردوە، بەلكو وجود وەك فەيزيك بێ ويستى اللە لیی دەرچوە جا مادام اللە سەرەتاى نيە ،كەواتە دەرچونى ئەو فەيزى وجودەش لە اللە وە لاى ئەرستۆ بێ سەرەتايە ، هەر وەك چۆن اللە بە ئيرادە ئەم فەيزەى وجودى دروست نەكردوە ،لە جولّان وئالّو گۆڕيشدا ئەم فەيزە كەوەك سيبەرى اللە يە دەيەوێ تخلق بە ئەخلاقى اللە بكا و محبەت و هۆگرى و عشقى ئەو بۆ اللە كە لێ يەوە دەرچوە ، واى كردوە كە بيپەرستێ هۆگرى بێ و بەدەورى دا بخولێتەوە, وە فەيزيش لاى جرجانى دوو جۆرە :

يەكەم :فەيزى ئەقدس وپيرۆزترين كە بەوە پيناسەى كردوە :كە بريتيە لە تەجلاو دەركەوتنيكى زاتى و خودى و و هەست پيكراو كە دەبێتە هۆى

بوون وپێك هاتنى شتەكان ,وە ئامادەكاريەكانى لە حەزرەو بنيادى علم و زانست دا ،وە پاشان بونى شتەكان لە جيهانى بنيادى و بەرجەستە و عەينى دا ،هەروەك لە فەرمودەهاتوە كە من كەنز وگەنجينەيەكى شاراوەبووم ، ويستم كە بناسرێم.

جۆرى دووەم :كە فەيزى ئەقدەسە،پەيويستى ناوى شتەكانە، دەركەوتنى عەين و خودى شتە مەوجودەكانى حەزرەو بنيادى بونيان دەخوازێ لەڕووى زانستيەوە، فەيزى مقدس كە ئيسمەكانن ،وەستاوە لەسەر فەيزى ئەقدەس كە زاتە ,چونكە بە فەيزى يەكەم كەزاتە ژيدەرە چەسپاوەكان و ئامادەكارى و شيانە ڕەسەنەكانيان لە بنياد و حەزرەى علمى دا دەست دەكەوێ,,بەلام بە فەيزى دووەم كە ئيسمەكانن,خودى شتەكان و ژيدەرەكان و پێويستى و لەوازمەكانيان و پاشكۆكانيان لە واقعدا دەر دەكەون ، بەم تيگەيشتنە هەموو وجودى پەى پێ براو هەر لە عەرشەوە تا ناخى زەوى هەمووى فەيزو تەبيعەتەو ئەوەى ئەو ديوى سروشت ئەو جيهانەيە كە پەى پێ نەبراوەو عالەمى غەيبە وشارەوەوپەنهانە، ئەوەى بەكوردى پێى دەڵێن سروشت بەڵام من پێم وايە ووشەى بوونەوەر بۆ فەيز وتەبيعەت لەكوردى گونجاوترە چونكە سروشت لەكوردىدا ئەوجيهانە شاراوەيە كە لەدووای شتەكان وسەروشتەكانە و وەحى وسروش دەنێرێ بۆ فريشتەو پەيامبەر وبونەوەرەكان ، چونكە وەحى تەنيا بۆ پێغەمبەران نيە ، بەڵكو وەحى كەونى هەيە كە

وەحى بۆ ئسمان وزەوى كراوە:

( فقال لها وللأرض ائتيا طوعا أو كرها )فصلت١١

بۆ هەرئاسمانێک وەحى كراوە :

( وأوحى في كل سماء أمرها )فصلت١٢

وەزۆردياردەوبوونەوەرى تريش وەحيان بۆ كراوە .

ج-خودا:خود ونفسو عين ,خاوەن ,خوتەو پلان, تەخت وعرش ,جوداو مميز و جياواز ،دۆخ وحال وبار ،خاو وسست وسلولى ،كەرەستەى خاو

،خاوى و سەرگەردان و گومراو مەبەست ومقصد و ئامانج وهدف وغايه و تاغوت،چونكه غاوى غايەيه و ئامانجه بۆيه خەلك لەحەج رمى دەكەن واته ئيمه هەموو پاشەرۆك وهەر 22 پاشەرۆكەكه دەدەينه تۆ بۆمان شى كەوەو بيبه بۆ ئيناو لەوێ بۆ جەنەت, خودا يان خودى ،بەوەش ليك دەدريتەوه كه خۆى خۆى داوەو كەس ئەوى نەداوه، وەبه باتن و به جود و وجوديش ليك دەدريتەوه.

د-پيناسەى وجود:جرجانى ئەم مقامه بەوەپيناسه دەكا كه كاتێ بەنده هەستەوەريه مرۆڤايەتيەكانى ناميێ ئەو كاته حق دەبينێتەوه،چونكه كه حەقيقەت دەركەوت ، ئيدى دەسەلاتى بوون وپيكهاتەى مرۆڤ بوون بزر دەبێ ونامينێ، ئەبو حسنى نورى دەلێ:من بۆ بيست سال دەچێ هەرخۆم دەدۆزمەوەو خۆم بزر دەكەم:چونكه كه پەروەردگارم دەبينمەوه دلم بزردەكەم و كه دڵم دەدۆزمەوه پەروەردگارم بزر دەكەم. هەرواجونەيدى بەغدادى دەلێ:زانستى تەوحيد جياوازو دابڕاوه له بوونى توحيد ،وەبونى تەوحيد جياوازو دابراوه له علمى توحيد چونكه توحيد دەسپێك وسەرەتايەو بونەوەر كۆتايى يه و پايانه،وەجد له نيوان ئەم دوو مقامه ناوەنده.

هـ- وەجديش بريتيه له:ئەو واردو علمانەى كه دێنه ناو دڵەوەبه بێ داواكردن، هەروا دەگوترێ كه وجد بريسكەيەكى درەوشاوەى خێرايەو زووش دەكوژێتەوه ،هەروا له پێناسەى ئەمەو پێناسەى فەيز دەگەينه ئەوه كه خوداو وجود وسروشت –بەمانای دوای سروشت- هاومانان چونكه سروشت سەرووى شتەكانه ,كەله يۆنانى كۆن سروشت بەسەرو ماده دەگوتراو به جيهان دەگوترا توخمەكان.

كەواته وجود و فەيز و ميتا فيزيك و نەفسى كولى وروحى كوليش هاومانان.

و-پێناسەى روح:ئەو بونەوەره لەتيفه دەرك كەرو عالمه يه له مرۆڤدا،كه سوارى روحى حەيوانى- زيندەگى مرۆڤ كراوه، ئەم روحه لەتيفه لەلايەن جيهانى ئەمرەوه دابەزێنراوه،عەقل و هۆشەكان دەرك به پێك

هاتەى روح ناكەن، ئەم روحە بۆى هەيە مجرد و داڕنراو بێ لە لاشەو بۆشى هەيە كە ئاوێتەى بەدەن بكرێ ،لە كوردى وشەى گيان وجان بۆ روح بەكار هاتوە،ئينجيل ،گيانى الله يە،وەك مەسيح كە روح الله يە.

ڕوح لە ڕياح و با وهەوا وشەماڵ وڕۆشتنى وەك شەماڵى بەيانيان ڕەوحە هەموو واتاكانى واتاى خێرايى وجولّە دەگەيەنن ، ئەگەر بە پێى گريمانەى نيسبى ئەنيشتاين كە تيشك لەڕۆژێكدا هێندەى پەنجا هەزار ساڵى ڕۆيشتنى ئاسايى لاشەبڕوا كەواتە خێرايى ڕوح خێرايى تيشكە ، وە الله بۆيە بەئيسمى سوبحان شەوڕەوى بە بەندەكەى كرد چونكە سوبحان واتە مەلەپێكەر وخێراجولّێنەر وپێچەڕەوەى مەوداو كورت كەرەوەى شوێنەكان وكاتەكان.

روحى هەرە مەزن : روحى مرۆڤايەتى و مەزهەرو ديارەدەى زاتى ئيلاهيە لە لايەنى پەروەردگارێتى دا،هەربۆيە كە هيچ هێزێك ناتوانێ پەى پێ ببا،وەكەس وهيچ بونەوەريك ناتوانێ بگاتە ئەو پلەيە،وەكەس كونهو پيك هاتەى نازانێ الله نەبێ،ئەم روحە عەقلى يەكەم و حقيقەتى محمدى و خودى يەكبون و حقيقەتى ئە سمائي يە،ئەم روحە يەكەم بەدى هێنراوە كە الله لە شێوەو صورەى خۆى دروستى كردوە،ئەو روحە خەليفەو جيگرى گەورەى الله يە,ئەو روحە جەوهەرى نورانى يە,جەو هەريەكەشى روخسارو ديارەدەى زاتى الله يە,نورەكەشى ديارەدەو روخسارى علمى الله يە,ئەم دوانە يەك نەفسو روحن,بەوەى كەنورەكە عەقلى يەكەمەو هەروەك چۆن لە جيهانى گەورەديارەدەو روخسارى وئەسما لە عەقلى يەكەم,وقەلەمى هەرەبەرزو نورانى ,ونفس وروحى كوللى گشتيگر,و لەوحى پاريزەرو مەحفوز,ئەم زاراوانەو زاراوەى تريش بەم روحە دەگوترين,ئەم روحە كوليە لە ناو علم ودانايى بچوكى مرۆڤايەتى روخسارو ئاشكرابوون ودەركەوتنى هەيە,و ئەسمائو ريزبەندى پايە و چەند رووكارى هەيە، بە پێ ى چەمكى شارەزايانى ئەهلى مەعريفەتى الله ,ئەو سرو پەنهان و خفاو شاراوەوروح و قلب و كلمەو روع و فوئادو صدرو عەقل و نەفسە, تعريفاتى جرجانى: پيناسەى ژمارە 742 لاپەرە

پيناسەى نەفس:ئەو جەو هەرو ناوەرۆكە هەڵميە بوخاريە لەتيفەيەكە هەلگرى زيندەگى وهەست وجولانەوەى خۆ ويستە,حەكيمەكان پێ ى دەڵێن روحى حەيوانى، ئەم روحە-نفسە-جەوهەرو ناوەرۆكى مشرق وپرشنگدارى بەدەن ولاشەيە،لەكاتى مردن دا ئەم نەفسە ڕوناكاييەكەى لە دەرەوەو ناوەوەى بەدەن دەكوژيتەوەو دادەمركێ,بەلام لەكاتى نوستن دا تەنيا لە دەرەوەى لاشە ئەم پرشنگە دەكوژيتەوەو لە هەناوو ناوەوەى هەر دەمينێ بە درەوشاوەيى,,ليرە دەردەكەوێ كە نوستن ومردن يەك رەگەزە,بەلام مردنى دابڕانى گشتى وكوللى يە,بەلام نوستن دابڕانى ناتەواوە,بەمەش دەردەكەوێ كە نەفسى حەيوانى سێ جۆرە هاوبەندى لەگەڵ بەدەن هەيە:

-يەكەم كە تيشكى نەفس گەيشتە هەموو لايەنى ناوەوەو دەرەوەى لاشەو هەمووى رۆشن كردەوە,ئەوە ئەو كەسە بيدارە.

-دووەم كە تەنيا لە ناوەوە درەوشايەوەو لەدەرەوە كوژايەوە ,ئەوە نوستنە.

-سێ يەم: ئەكەر لە هەردوولا كوژايەوە,ئەوە مردنە.

نەفسيش ئەم جۆرانەى هەيە:

١-نەفسى ئەمارة:ئەم نەفسە ئارەزووى لەگەل لاشە ڕێكەو لاگيرى حەزەكانى لاشەيە، ودڵ بۆلاى خوارەوەكێش دەكا.

٢-نەفسى قودسيە:ئەو نەفسەيە كەتواناى ئامادەكردن ودەرك كردنى هەموو نەوع و جۆرەكانى هەيە بە شێوەيەكى متمانەپێ كراوو يەقينى.

-نەوع چەند شتێكى زۆركە كەسايەتى و پێك هاتەيان جياوازبێ- ئەمەش كۆتاپلەى حەدەسە،

حەدەسيش خێرايى گوازرانەوەو نەقلبونى زهن و ئاوەزە لە مبادئو بنەماكانەوە بۆ متالب و داخوازيەكان،حدس -هەستەوەرى-بەرامبەرو مقابلى هزر وفكرە و ناگاتە پلەى كەشف وپشكنين زهنيش ئامادەباشى تەواوە بۆدەرك كردنى زانين و ناسينەكان بە فكر، فكريش ڕێزبەندى

وپۆلێن كردنى زانراوەمعلومەكانە تا لەو ڕێيەوە نەزانراوو مجهول وشاراوەكانت بۆ دەرخا.

٣-نەفسى لەوامە:ئەونەفسەيەكەبە نورى دڵ رونا‌ك بۆتەوە,بەم نورە لە بێ ئاگايى دەرچوە,هەرچەند كاريكى خراپ بكابەهۆى پێك هاتە تاريكەكەى, سەركۆنەى خۆى دەكا,وە تۆبە دەكا.

٤-نەفسى مطمئنة ,متمانە بەخۆ كەر:ئەو نەفسە بەشيوەيەك لە دڵەوە ڕونا‌ك كراوە كە بەتەواوى لە صفەتە بەدەكان خۆى داڕنيوە,وە ئەخلاق وڕەوشتە ستايش كراوەكان هەموو پێكهاتەيان داگرتوە.

٥-نەفسى ناطقە:ئەم نەفسە لە جەوهەروكرۆكى زاتى لە مادە داڕنراوە،بەڵام لە كاتى كردارى داهاودەم و قەرينى يەتى, بەهەمان شيوە نەفسى فەلەكى هەمان شيوەى هەيە,واتە ئەويش بەزات دابڕاو لە بەدەن و بەكردار هاودەم ومقترنى بەدەنە.

٦-نەفسى ئينسانى:تەواوكارى يەكەمى لاشەى ئاسای يە,لەلايەنى زانينى فرمانە گشتگيرەكان دەزگای يە,و هەروا كارە فكريەكانيش جێ بەجێ دەكا,نەفسى حەيوانيش وەك ئينسانيە بەلام ئەو لە جياتى گشتيرەكان وكوللیات ،تەنيا بەشەكان وجزئيات دەزانێ و جوڵانەوەكەى خۆ ويستە.

٧-نەفسى رەحمانى:بريتيە لە بونێكى گشتى ڕاخراو تايبەت بە خودە ديارى كراوەكان ,ئەم نەفسە بنيات نراوە لەسەر هيۆلای هەلگرى شێوەى بونەوەرە مەوجودەكان, هيۆلا واتە ئەصل وبنچينە يا ن كرۆكيكە لە لاشە

هەرچى ئەم لاشە توشى ببێ لە پەيوەندى ودابڕان ,ئەم جەوهەرە ئەم پەيوەندى و دابڕانانە لەسەر شيوەى وينەى لاشەى و چەشنى هەلدەگرێ، ئەم هێولايە يۆنانيەكان باسيان كردوە ، فيزياى كمومى ئێستا كاريگەرى وهێزى بۆ گێڕاوەتەوە ، چونكە فيزياى كمومى سەلماندوويەتى ئەگەر تايبەتمەندى هەرتوخم وپێک هاتەيەک لە پەڕى بونەوەر بگۆڕێ ، توخمە هاوشێوەكەى ئەگەر لەدووری هەزاران ساڵى تيشكيش بێ ، يەكسەر ئەويش دەگۆڕێ و ئەوهەموو دووريە هيچ كاريگەرى نيە، بگرە كە ئێستا پێک هاتەى ئاسن بگۆڕێ كاريگەرى هەيە لەسەر شمشێرو ئامڕازە ئاسنينەكانى هەزاران ساڵ لەمەوپێش.

نەفسى رەحمانى ,وەك هەناسەى كەسەكان كەپيى دەڵێن نەفەس لەگەڵ ئەوەى كە هەوايە,حەكيمەكان بە نەفسى رەحمانى دەڵێن سروشت, بە ديارى كراو وشتەكانيش دەلين كەليمەكان,وەك كەليمە دەربڕاوەكان و دەربڕينى پيتەكان,چونكە كەليمە كوللييەكان هەلگرى مەعنا وواتا عەقليەكانن,كە ئەمەش هەموو ئيسمەكان و ئاوەڵ ئيسمەكانى الله دەگريتەوە, چونكە هەرچى لەم گەردونەيە بە (كُن) هاتۆتەدى ,بۆيە مادام هۆكارو سەبەبى هەموو مەوجودات كەليمەيە ,كەواتە كەبەمەوجودات بگوترێ كەليمە دروستە.

٨-نفسى نباتى:رەوكى:تەواو كارى يەكەمى وسەرەتايى يە,كە دەتوانرێ بگوترێ سروشتيە,لەلايەنى زيادبون و بژێو وەر گرتن و لەدايك بوون ونوێ بونەوە.

كمال وتەواوكاريش ئەو تەواو كاريە يە كە خودى شتەكە بەبێ بونى تەواو نابێ، پێى دەگوترێ تەواوكارى سەرەتايى,وەك ئاسن بوونى شمشير ,بەلام تەواو كارى ئاوەڵناوى كە تەواو كارى دوەمە وەك بوونى تايبەتمەندى تيژى و بڕەرى لە شمشيردا.

جا هەروەك چۆن بنچينەى هەموو تەنەكان بە هەرچوار توخم لەو پاروە خواردن و فڕە نۆشراوو خواردنەوە وهەناسانەيە پێک هاتوون کەلە دەم ولوتەوە دەچێتە ناو لاشەوە پاشان لە وێوە هەڵدەدرێ بۆ قوڵايى گەردون ,هەربۆيە مافى ناونان و ووشەو کەلیمەو هێما دانانیش لە سەر هەموو شتە کان دراوە بەو سندوقە کە سەرە، بەتايبەتى دەرگاى سەرەکى سندوقەکە کە دەمەو کلیلى سندوقەکە کە زمانە,هەرچى چەمک وزاراوەو وشەکانە لە هەموو زمانەکان، ئەوانەى لە ڕابردوو بوون ولەناو چون وئەوانەش کە دێن هەموو ئەم زمانە وەك چۆن مادەو خواردنەکەيان دەجوێ، ئاواش ناويان دەنێ , وئیسمیان دادەنیتە سەر بە دەنگەکان ,گویکانى تەنیشتى وزاکرەى پشت سەریشى خەزینەى ئەو دەربڕینانەن ,چاویش شیوەو شکلەکانیان دەبینێ وخەزن دەکاو هیماى نوسین دادەنێ و دەیداتە دەستەکان تا دەستەکان بینوسن .

بۆیە ئەبجەدیەکان ،پیت ودەنگ وبەیتەکان ،ڕوگەوقبلەن، دەفروهەڵگرى زمان ونەتەوەو واتاو ئوممەتەکانن وڕوحى میللەت و ئوممەتانن.

لە ڕاستى دا تائویلى ئەحادیس تەنیا لێکدانەوەى خەون نیە، ئەحادیس بەمانای ڕوداوەکان وپێک هاتەکان و گوفتارو گفتو گۆکان وهەروەها قسەو مەنەلۆج ونیازى ناودڵ و حەدیسى نەفسیش دەگرێتەوە،دواشت خەونەکانیش دەگرێتەوە، یوسف توانیویەتى بزانێ چارەنوسى ئەو خواردن وپاروە بزانێ کە هەرکەسێ دەیخوا، خواردن ڕوداوە،ڕوداویش لێکدانەوەو چارەنوس وواتاى ئایندەیى هەیە، ئەوپاروە دەبێتە چى؟ ئایا دەبێتەئەندام وجولّەو زانینێکى ئەرێنى یان نەرێنى، هەموو ئەمانە دەچنە بوارى زانینى لێکدانەوەوتەئویلى ڕوداوەکان،جولّەکان،گەشە وپەرەسەندنەکان،خەونەکانیش بەشێکن لە ڕوداوو چالاکى و گفتوگۆى جیهانى ڕوحەکان ،،.

هەروەها دەبێ بشزانرێ وشەى تەئویل و یەکخست ولێک دانەوەوزانینى چارەنوس و سەرەنجامى هەموو ڕوداوەکان بەهەموو جۆرە کانیانەوە.

یەکەم :هەناسەو دەنگى کۆرپەى ئیستهلال,

دووەم :روندك وفرميسكى زولآل,

سێ يەم تف وليكى كاتى گروگاڵ,

چوارەم :چلم وكلميش زەكاتى لوتە.

پينجەم :تس وتڕ باى ناو هەناوتە.

شەشەم: پاشەرۆكى گو بەشل وتوندى.

حەوتەم :ميزهەلدە كاتێ لەلانكە بەندى,

هەشتەم :عارەق وچلك وچەورى و كرێژى لەشە.

نۆيەم :شەمع وجيقنەى ناو گويچكە ى گۆشە.

دەيەم :خانە لەلەش وەريوەكانە، لەيەك چركەداسەدهەزارانە.

يازدە :توكى سەرو گشت ئەندامەكانە، پاش حەفتەيەك سوننەتە تاشين، ئەوە بزانە.

دوازدە: ناوكە براوەكەت باش بشيرەوە.

سيانزە: ختانە لە حەوت رۆژەوە، ناوك وختان تەنيا يەك جارن، كە والەلاشەت دادەبارن.

چواردە: نينۆكن لەپەنجەكانت.

پازدە:دەنگ وساوندوبانگ ونوزەو ئەو دەنگانەن كە مرۆڤ ئاخاوتنيان پێ دەكاو هەريەكێ لە گيانەوەران ،دەنگێك يان چەند دەنگێكى پێ دراوە.

شازدەهەم: رشانەوە وئيق هاتن ولوت راسان وكيم وزوخاون لەبرينەكان.

حەڤدە: ددانەكانن چ شيرى چ پيرى.

هەژدە ونۆزدە وبيست :وەدى ومەذى ومەنى لە هى نێرينەن , هيلكە وخوين ومناڵى لەبارچوو و بێ نويژى مێ ينەن .

بيست ويەك :هاوبەشە لەنێرومێدا،ئەويش منالە فاكهەى مالە.

بيست و دوو: شيرى مەم بۆو كولمە ئاڵە.

تۆى زيندەوەرى زاوو زێ كەر،لەوانيش مرۆڤ بەهۆى ئەم بيست ودوو پاشە ڕۆكەو جۆگە لەبەر ڕۆيشتوەوە هەردە پازدەساڵ جارێک هەموو خانەوشانەو كۆئەندامەكانى لاشەت دەگۆڕێن وسەرتاپا فۆرمات دەكرێيەوەو نوسخەى پێشووت هەڵدەوەرێ ونوسخەو كۆپى نوێت بۆ فۆتۆكۆپى دەكرێتەوە،ئيدى كە سەدساڵ بژى بزانە چەند جار فۆرمات وكۆپى دەبيەوە وخانەكانت بەو ميعراجەدا بۆ مەلەكوت دەنێرى؟؟

بەرامبەر هەريەك لەم ئيفرازانە ئايەتێک لە ئايەتەكانى سورەتى بروج دانێ چونكە نهێنى و سرى سبحانە، ئەوجادەزانى چيرۆكى بروج نەلەنەجرانەونەلە ڕۆمانە ،بەڵكو ئەوە زەرب المەسەل وچيرۆكى چارەنوسى خانەو شانەى گشت زيندوەكانە لە ئەم جيهانە.

دەروازەى دووەم :

پايە وبايەخى خەون لە چەند ڕەهەندێكەوە:

رۆيالە ديدى زانايانى مسوڵمانەوە:

دە بنچينەوڕێسا بۆ تێگەيشتن لە خەونەكان:

ابن منظور دەڵێ : "رؤيا وحيُلْم بريتيە لەوبينراوەى خەوتوو دەيبينێ لە ڕووداوو شتەكان،بەڵام لە ڕوئيا لايەنى خێر زاڵەو لە حيلم لايەنى شەڕ زاڵە. [لسان العرب" (12/ 145)، قاضي أبو بكر بن العربي دەڵێ : (رؤيا چەند دەرک كردن وپەى پێ بردنێكە، الله لە دڵى مرۆڤدا داى دەنێ بەهۆى فريشتەيەک يان شەيتانێک ،ئەم دەرک كردنە يان گرێ دراوە بەناوێكەوە يان بە ڕاستيەكەوە يان بە پێک هاتەيەكەوە،يان بە تێكەڵەيەک لەمانە،هاوشێوەى ڕوئيا لە بێدارى دا ئەندێشەوخەياڵ كردنە چونكە خەياڵيش جارى وايە بەهۆى چيرۆكێكەوە دێ وجارى وايە بە ڕۆتينى وبەبێ هۆ دێ ) .

چەند بنەما وبنچينەيەكى چەسپاو لە خەوندا:

١-دەقى قورئان وسونەت لەسەرئەوەن كە خەونى باش وخراپ، خەونى ڕاستگۆو گاڵتە پێكردن هەيە.

2- خەونى پێغەمبەرمانﷺ چونكە بەشێك بوە لە وەحى وئەوبۆخۆى ڕاستگۆترين كەس بووە،بۆيە خەونەكەى وەك گزنگى بەيان هاتۆتە دى،هەربۆيەش فەرمويەتى ڕاستگۆ ترينتان لە كاتى بێدارى دا ،خەونەكانيشى زۆربەى ڕاستن.ئايا قسە هەڵبەستەرو بوختان كەرو دووزمان وغەيبەت كەر و هەموو دياردە خراپە زمانيەكانيش وەك درۆن ؟ من پێم وايە ئەوانيش وەك درۆ وان،چونكە كە لوقمە وپاروى حەرام زيانى هەبێ لەوەرگرتنى عبادەت دا ،دەبێ بەدى كردارو گوتەكانيش كاريگەربن لەنەهاتنى مژدەى ڕاست دا.

كەواتە كەسێك لە ژيانى زۆر درۆزن بێ خەونەكانى هيچ بناغەيەكييان نيە وكە هەموو شەو هەموو پێغەمبەرانيش ببينێ ،يان هەموو شەيتان وڕوورداوە ناخۆشەكان ببينێ ،لەهەردوو حاڵدا خەونەكانى ڕاست نين وشەيتان يارى پێ كردوە.

3- بەدەقى فەرمودە ڕوئياى باش مژدەيە لە اللە وە بۆ ئەوكەسەى لە خەونەكەدايە جاخۆى ببينێ ،يان كەسێكى دى كەخەونى پێوە ببينێ.

4-ڕێسای فەرموودەكە دەفەرموێ كە: رؤيا المؤمن جزء من ستة واربعين جزءا من النبوة:كەواتە ئەوبەشێكە لە وەحى ،بەڵام ئەمە بەش كردنێكى نوێ يە، چونكەئەمە تەنيا موئمين وئيماندار بەو دينە دەى بينێ ،هەربۆيە زۆرێك لە ڕوئياى پياوو ژنەچاكەكانى جولەكەو نەسرانيەكان بوونە بەشێك لە دينەكانيان وحوكمى شەرعيان بۆ ئەو دينانە لێ وەر گيراوە ،تەنانەت گرنگترين سفرى تەورات خەونەكانى دانيال وئەستێرن، وە كۆتا سفرى ئينجيل ڕوئياى يۆحەنايە كە ئيمانداريكى ئاسايى مەسيحى بوەو لەسەرئيمانەكەى دوورخراوەتەو، هەرئەم خەونە كە ياوەرو ئيمام

وپێشەواو ئيماندارە ڕاستگۆكانى ئوممەتى محمديش بيبينن دەبێ هەمان پلەى پێ بدرێ ،بەڵام بە واقعى ئەمە لە ئيسلام دا ڕووى نەداوە.

ئەم ڕوئياو خەونى ئيمانداراندە چەند مژدەى بۆ ئيمانداران تێدايە،هێندەش هۆشدارى وترساندنى تێدايە بۆ دوژمنانى ئيمانداران،چونكە دەبينين كە تەورات وئينجيل وقورئان ،تەنيا باسى بەهەشت وخۆشيەكان نين ،بەڵكو باسى چارەنوسى بێ باوەڕان و جەهەنەم وشێوەكانى ئازار دانى بێ باوەڕانى تێدايە،كەواتە كە ڕوئياو خەونى ئيمانداريش بەشێك بێ لە وەحى ،دەبێ هەردوو بەشى مژدەدان بە ئيمانداران وترساندنى بێ باوەڕانى تێدابێ ،بەنمونە ئەمە لە ڕوئيای يۆحەنا زۆر جوان دەردەكەوێ كە پڕە لە كارەسات وجەنگ ودەردوبەڵا بۆ بێ باوەڕان.

5- زانايانى مسوڵمان پێ يان وايە كە رؤياى ڕاست وبەشێك لە وەحى كە ئيمانداريێك بيبينێ ،دەبێتە هۆى بەشەرع دانانى هەندێك لە حوكمە شەرعيەكان بەڵام لەكاتى دابەزينى شەرع دا.

ئەم بنچينە پێويستى بە ڕوون كردنەوە هەيە،ئايا پێغەمبەرو سونەت ،فەرمودەو كردارو بڕيارداندەكانى پێغەمبەران تەشريع وشەرع دانانن؟ يان ڕونكردنەوەن؟ ئايا پێغەمبەران موبەيين وڕۆشنكەرەوەن ؟يان دامەزرێنەرو موشەرع وشەرع دانەرن، قورئان بەڕوونى دەفەرموێ كە حوكم وشەرع دانان تەنيا بۆ الله يە ،كەواتە ئيشى پێغەمبەر تەنيا ڕوون كردنەوەيە، وەكەباسى مێژووى ڕەوتى ياسادانانيش بكەين هەروايە، من هيچ جياوازى نابينم لەنێوان محمدى پێغەمبەر كە ڕيبای لە شەش بابەتى گەنم وجۆو خورماو خوێ وزێڕوزيودانا، وەلە نێوان ئەو چوارئيمامانەى ئەم بابەتانەيان زياد كرد بۆزياد لە بيست بابەت،كەواتە ئەمانە هەموو ڕوون كردنەوەن بۆ حەرامى گزى وخەڵەتاندن وفێڵ وتەڵەكەوستەم ،كە الله حەرامى كردوە ،ڕونكەرەوەكانيش شێوازو چۆنێتى ئەو ڕێسايانەيان ڕوون كردۆتەوەو هيچيان موشەريع وشەرع دانەر نين.

لەم چوار چێوەوە دەگەينە ئەوەى كە خەونى ئيمانداريش كە بەشێكە لە وەحى،بۆ ڕوونكردنەوەى ڕێساوبنچينە شەرعيەكان دروستە كە

لەسەردەمى دابەزينى دينەكەدابێ ،يان لە لەدواى چەندين سەدە بێ لە هاتنى دينەكە ،بەومەرجەى لەسەرهەمان ڕيزبەندى وبەرنامەڕێژى بێ كە دەقەكانى ئەودينە بۆ ئێستاو داهاتوى ئەودينە دايان ناوە.

نمونەش بۆئەمە وەک دانرانى بانگ دانى نوێژ بەهۆى خەونى سەحابەيەكى ئەنسارييەوە كە ناوى عبدالله بوو،وەديارى كردنى مەدينە وەک شوێنى بۆ كۆچ كردن بەخەونێكى پێغەمبەر عليه السلام بوو،هەروەها عەمرەى حودەيبيەش سەرەتاكەى هەرخەون بوو،وەزۆرێک لە ڕوداوەكانى كۆتايى زەمان ومەلاحم وكارەساتەكان بە خەون هاتوون.

6- رؤيا ى ڕاست بە پێ ى حاڵى خەون بينەكە دەگۆڕێ،بەنمونە خەونى مسوڵمان جولەكەيەک ومەجوسيەک هێماكانيان وەک يەک نين،هەروەها خەونى ئەوروپييەک وئەفريقيەک هێماكانيان وەک يەک نين ،ئەگەر هەردووكيان هەمان دينيشيان هەبێ، هەروەها خەونى چاخى يەكەمى هجرى وحەوتەمى هجرى و كۆتايى زەمان وەک يەک نين،ئەم جياوازيانە دەبنە هۆى جياوازى تێگەيشتنى واتاى خەونەكان.

7- رؤيا المؤمن عند اقتراب الزمان لا تكاد تكذب .

مەبەست لە نزيک بونەوەى كات ،ئەم زەمانەيە كە كات خێراو هۆكارەكانى جوڵانەوەوگۆڕانكارى خێران، ئەم خەونە ڕاستانە لەم زەمانە تايبەتن بە ئيماندارەوە، بۆيە ئەوانەى هەميشە خەون دەبينن و كەچى خەونەكانيان ڕاست دەرناچێ ،دەبێ چاو بە ئيمانيان دا بخشێننەوە، چونكە بێ گومان ئێستا كاتى نزيک بوونەوەى كاتە،ئەوەى لەڕابردوو بەدوومانگ دەكرا، ئێستا بە كاتژمێرێک دەكرێ، هەر ڕۆژێک بەرامبەر خولەكێكە.

8- زانايان دەڵێن كە رؤياى ڕاست كارى پێ ناكرێ،تا لەگەڵ دەقێكى شەرعى ڕێک نەكەوێ،ئەوڕيزبەندييەى هەرشەرعێک بۆ ڕوداوو ڕێسا

شەرعيەكان داياوە ،خەونە ڕاستەكان كەلێنەكانى ئەو ڕيزبەندية پڕ دەكەنەوە.

9- ئەوكەسەى خەونەكەى بەشێكە لە وەحى ،ئيماندارە وچاكەكارە وئيمانى تەواوى بە بنەماوبەڵێن و پەرستش وهێماوبەهاكانى دينەكەى هەيە،بەڵام ئەوانەى بێ باوەڕن بە دينەكان خەونەكانيان نابێتە بەشێک لە هەواڵ دان و وەحى ،لەمەوپێش ڕوونم كردەوە كە ئەم كەسە ئيمانى بەبنەماكانى هەردينێک ببێ ،خەونەكەى كاريگەرى لەو دينە دادەبێ.

دەڵێن دايكى ئيمامى شافعى كە دوگيان بووە بە ئيمامى شافيعى ،لە خەونيدا بينيويەتى كە ئەستێرەى موشتەرى لە زگيدايە،ئەم خەونەى دايكى شافعى بوو ،كە بەدى هات وئيمامى شافعى بوە ئەستێرەو موجەديد ونوێ كەرەوەى دينى سەدەى دووەم .

لەم سەدانەى دوايى كەسێكى مەسيحى بەهۆى خەونێكەوە مەزهەبى مۆرمۆنى دامەزراندو تائێستا بەمليۆنان پەيڕەوى هەيە.

كەواتە هەر دين وشەرع وڕۆشنبيريەک بەخەونى پەيڕەوەكانى نوێ دەبێتەوە دەبوژێتەوە وەک درەختێک لق وپۆپى نوێ دەردەكاو زياتر درەخشان وبەرزو پان دەبێ.

10-ئەوانەى ڕوئياى ڕاست دەبينن ،يان بۆيان دەبينرێ ،ئەگەرچى زۆرجاركەسانى ئاسايى ونەناسراوو لەپەراوێزى كۆمەڵگاكەيان دەژين ،بەڵام خەونەكانيان بەڵگەيە لەسەر بوونى متمانەو ئيمان وباوەڕى پتەويان، هەربۆيە كە پێغەمبەر عليه السلام كە دوعاى ئيبراهيم و مژدەى عيسابوو بەڵام خەونى دايكيشى بوو، بۆيە كە حەليمە دواى سنگ شەق بوونەكە ترساو هێنايەوە،ئامينەى ئيمانداروگەشبين بەداهاتووى ڕۆشنى تاقانەكەى ،حەليمەى دڵنيا كردەوە كە تاقانەكەى دەبێتە تاقانەى جيهان، ئيمان وبڕواى ئامينەو خەديجە بە داهاتووى پێغەمبەر ،زۆرجاران لە خودى پێغەمبەريش پڕ متمانەترە،.

ئارتغرلّى باوكى دامەزرێنەرى دەولّەتى عوسمانى ،سۆفيەكى نەخوێندەوارى ڕاوچى بوو ،بەڵام خەونێكى ديت، ئەو خەونەى بۆ كوڕەكانى هاتەدى ، بۆيە زۆرجار خەون بينەكان ديارنين ،كە دياريش بن ،هەرلە پەڕاوێزدان ونەناسراون.

خەون لە ئايەتەكانى قورئاندا:

ئايەتەكان:

1- : (وَمِنْ آيَاتِهِ مَنَامُكُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ) [الروم:23].

ئەم ئايەتە تەنيا باسى خەوتن نيە،بەڵكو باسى خەونەكانيشە ،بەڵگەى ئەوخەونانە لەسەرڕوح وجيهانى ڕووح.

2- : (وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانَ قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْراً وَقَالَ الآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزاً تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ * قَالَ لاَ يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلاَّ نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَن يَأْتِيكُمَا ذَلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَهُم بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ ...) : (يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْراً وَأَمَّا الآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ قُضِيَ الأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ) [يوسف:36-41] .

لە بەشى دووەم باسى واتاى تاويل الاحاديس لە هەموو ڕوويەكان كرد، وەباسى پەيوەندى خواردنمان بەو كارەوە كرد،لێرە پێويست بەدووبارە كردنەوەى ناكا.

3- : (وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنبُلاَتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَا أَيُّهَا الْمَلأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِن كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ ...) : (قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَباً فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تَأْكُلُونَ * ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تُحْصِنُونَ * ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ) [يوسف 43-49].

ئەم خەونە خەونێكى ڕاستە ،مێژووناسان دەڵێن ئەم پاشايە ئيماندار نيە، كەواتە جارى وايە خەونى ڕاست كەسانى بێ ئيمانيش دەى بينن.

4- : (وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤْيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلَّا فِتْنَةً لِلنَّاسِ وَالشَّجَرَةَ الْمَلْعُونَةَ) [الإسراء: 60 ] .

ئەم خەونەش دەرى خست كە خەونى وەحى ،بوارى فيتنەو ترساندنيشى تێ دايە وبەتەنيا مژدەدەرنيە.

5- : (لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ) [الفتح: 27] .

ئەم خەونە بوە هۆى ڕێكەوتنى حودەيبيە، شكاندنى بنەماكانى پێک هاتنى حودەيبيەش بوەهۆى فەتحى مەككە،كە دواى دووساڵ لەو خەونەبوو.

6- : (أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ * الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ * لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) [يونس:62-64] .

ئەم ئايەتە باسى خەونى مژدەدەر دەكابۆ ئيمانداران ،ئەو خەونەش وەک وەعدو بەڵێنە كانى الله وايە.

خەون لە فەرمودەكاندا..

1- عن أنس رضي الله عنه قال: قالﷺ: «الرؤيا الحسنة من الرجل الصالح جزء من ستة وأربعين جزءا من النبوة» [صحيح البخاري التعبير (6983)، صحيح مسلم الرؤيا (2264) ] .

ئەم فەرمودە لەوەوپێش باس كرا.

2- عن أَبي سعيدٍ الخدرِيِّ رضي الله عنه: أنَّه سَمِعَ النبيَّﷺ يقول: «إِذَا رَأى أَحَدُكُمْ رُؤيَا يُحِبُّهَا، فَإِنَّمَا هِيَ مِنَ اللهِ تَعَالَى، فَلْيَحْمَدِ اللهَ عَلَيْهَا، وَلْيُحَدِّثْ بِهَا – وفي رواية: فَلاَ يُحَدِّثْ بِهَا إِلاَّ مَنْ يُحِبُّ – وَإِذَا رَأَى غَيْرَ ذَلِكَ مِمَّا يَكْرَهُ، فإِنَّمَا هِيَ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَلْيَسْتَعِذْ مِنْ شَرِّهَا، وَلاَ يَذْكُرْهَا لأَحَدٍ؛ فَإِنَّهَا لا تَضُرُّهُ» [عقيدة التوحيد في فتح الباري ص (333) ] .

ئەم فەرمودە ئەوكەسانە ئاڕاستەدا كە خەونى ترسناک دەبينن ،پەنابە الله بگرن،تف لەلاى چەپ بكەن،بۆكەسى نەگێڕنەوە.

3- عن أبي سلمة قال لقد كنت أرى الرؤيا فتمرضني حتى سمعت أبا قتادة يقول وأنا كنت أرى الرؤيا فتمرضني حتى سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: «الرؤيا الحسنة من الله فإذا رأى أحدكم ما يحب فلا يحدث به إلا من يحب وإذا رأى ما يكره فليتعوذ بالله من شرها ومن شر الشيطان وليتفل ثلاثا ولا يحدث به أحدا فإنها لا تضره» [عقيدة التوحيد في فتح الباري ص (333) ] .

لە گرنگى دانى ياوەران بەخەون ،بەهۆيەوە نەخۆش دەكەوتن،تا ئاڕاستە وڕێنمايى كردنەكانيان پێ دەگەيشت ،وەک خۆى بەكاريان دێنا.

4- عن عبادة بن الصامت -رضي الله عنه- قال: سألت رسول الله - ﷺ عن قوله: (لهم البشرى في الحياة الدنيا) قال: «هي الرؤيا الصالحة يراها المؤمن أو ترى له» [رواه الترمذي (2275)، وحسنه، وصححه الألباني] .

بەرامبەر بەترسانى ياوەران لە خەونە ترسناكەكان، بەخەونە مژدە دەرەكانيش دڵ خۆش بوون.

5- عن أَبي هريرة رضي الله عنه، قَالَ: سَمِعْتُ رسول اللهﷺ، يقول: «لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبوَّةِ إِلاَّ المُبَشِّرَاتِ»قالوا: وَمَا المُبَشِّرَاتُ ؟ قَالَ: «الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ» [رواه البخاري (6990) ] .

كەواتە خەونە مژدەدەرەكان بەشێكن لە هەواڵدەرێتى،سەيركەن ،فەرمويەتى خەونى مژدەدەر وڕاست بەشێكە لە نبوە،هەواڵدەرى، نەک لە ڕسالە، چونكەنەبى ،هەواڵ دەرو هەواڵ پێ دراوە لە بارەى ڕابردوو وئێستاو داهاتوو ،بەڵام نەبى خاوەن پەيام وڕسالە وشەريعەتى سەربەخۆ نيە، بۆيە خەونيش هەواڵە لە جيهانى پەنهان ونادياربوە بۆ ئەوسەردەمەى ئەو ئيماندارەى تێدادەژى ،بەڵام دامەزرێنەرى شەرع نيە ،بەڵكو ڕوون كەرەوەيە.

6- عن أبي هريرة، قال: قال رسول الله ﷺ: « إذا اقترب الزمان لم تكد رؤيا المؤمن تكذب، وأصدقهم رؤيا أصدقهم حديثا، ورؤيا المسلم جزء من ستة وأربعين جزءا من النبوة. والرؤيا ثلاث: فالرؤيا الصالحة بشرى من الله، والرؤيا من تحزين الشيطان، والرؤيا مما يحدث بها الرجل نفسه فإذا رأى أحدكم ما يكره فليقم وليتفل ولا يحدث بها الناس» قال: «وأحب القيد في النوم وأكره الغل» [سنن الترمذي (2270) وقال الألباني صحيح] .

لەم فەرمودە هەمووى ناوناوە ڕوئيا،هەم بەشى باش وڕەبانى وهەم بەشى خراپ و شەيتانى.

7- عن أبي هريرة، قال: سمعت النبي ﷺ يقول: «من رآني في المنام فسيراني في اليقظة، ولا يتمثل الشيطان بي» قال أبو عبد الله: قال ابن سيرين: إذا رآه في صورته. [صحيح البخاري (6993) ] .

بينينى پێغەمبەر لە خەون وبێدارى وبەبێ سنورى بۆ هەموو زەمانەكان ،،واتاى ئەوەيە كە كەسانى ئيماندار كە بەڕاستى پەيام بەر ببينن لە خەوندا، ئەوا كە پەيامبەر زيندوو بوو ،ئەوانە لە بێداريشدا شايەتى سەرڕاستى وتێگەيشتن وئيمان دارى ڕاستە قينە بە هەواڵ وپەيامەكانى ئەو پێغەمبەرە كەدبن كەلە خەون دا بينيويانە،چونكە پێغەمبەرو هەواڵ داران تەنيا لاشەو جەستەو مرۆڤ نين،بەڵكو كۆمەڵێک پەيام وهەواڵ وشەريعەت وڕێساو ياسا وسونەت وڕەوشت وڕێ وشوێن وهەڵس وكەوتن، ئەم پەيام هەواڵانە وەک پەيكەرێكى زيندوون ،بۆ ڕاڤە كردنى ڕاست وتەفسيرى بێ هەڵە ،پێويستيان بە بەكەسانى ئيمانداری ڕاستە قينە هەيە، بۆيە ئەو ئيمانداره‌ى بەخەونى ڕاست ئەو پەيامبەرە ببينێ،بەبێداريش دەتوانێ بەڕاستى لەڕاڤەوئاڕاستە كردن وتەفسيركردنى پەيامەكان وفەرمودەكان وهەڵس وكەوت وڕەوشت وڕەفتاروگوفتارەكانى ئەوپێغەمبەرە بگا.

8- عَنْ أَبِي رَزِينٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الرُّؤْيَا عَلَى رِجْلِ طَائِرٍ مَا لَمْ تُعَبَّرْ, فَإِذَا عُبِّرَتْ وَقَعَتْ قَالَ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ: وَلَا تَقُصَّهَا إِلَّا عَلَى وَادٍّ أَوْ ذِي رَأْيٍ» [مسند أحمد (16182) وقال شعيب الأرناؤوط حسن لغيره] .

ئەم فەرمودەش باسى مەترسى دارى لێكدانەوەى خەون دەكا، بەڵام ئەوەت لەبيربێ هەرچى لە خەون ببينرێ ،ڕوئيا نيە ،زۆربەى خەونەكان ڕوئيانين.

1- عن أبي سليمان الداراني قال: إنما يجيء الوسواس وكثرة الرؤيا إلى كل ضعيف، فإذا أخلص انقطع عنه الرؤيا وكثرة الوسواس؛ قال أبو سليمان: وربما أقمت سنين لا أرى الرؤيا [حلية الأولياء] .

دارانى پێ ى وايە كە زۆرى خەون ،وەك زۆرى وەسوەسەو دڵە ڕاوكێ يە، بەڵام ئەمە بەبێ سنورى بەوشێوە وانيە.

2- محمد كوڕى حسن دەڵێ: قوله صلى الله عليه وسلم: «الرؤيا الصالحة من الله، والحلم من الشيطان» : ئەوە دەگەيەنێ كە مەرج نيە هەرچى مرۆڤ لە خەون دابيبينێ ڕاست بێ،بەڵكو هەرئەوەڕاستە كە فريشتەكە لە الله وە بيهێنێ،بێجگە لەوە زڕە خەونە كە هيچ واتاى نيە. ئەوزڕەخەونەش سێ جۆرە:دەكرێ لە شەيتانەوەبێ كە يارى بە مرۆڤ بكا. يان خەمبارى بكا، ئەم دوو ڕێ يە بە پەناگرتن بە الله چارەسەردەبێ .‘‘

ئەم يارى كردن وخەمبارکردنە لەشەيتانەوەبۆ ئەوكەسە بەڵگەيە لەسەرئەوەى ئەوكارەى ئەم كەسە لە بێدارى دەى كا شەيتان ڕقى لێ يەتى،بۆيە با ئەوكەسە لەسەر كارەكەى بەردەوام بێ وبەوگاڵتەكردن وخەمبارکردنانە سارد نەبێتەوە.

جۆرى سێ يەم .

يان جۆرى سێ يەمە كە خۆكەو خەياڵى دەرون نەفسە ،بۆ نمونە مرۆڤ حەزى لە پيشەيەكە بۆيە خەونى پێوە دەبينێ ،عاشقى كەسێكە بۆيە دەى بينێ،يان بەهۆى زاڵ بوونى چەند پێک هاتەيەكى ناوگەدەوهەناوو سروشتى مرۆڤەكەيە،ئەوەى خوێنى زۆرە ديمەنى سوروخوێناوى دەبينێ.

وەكەسێک لەهەناوى دا سەفراو زەرداو زۆرە،خەونى زەردى وئاگرو لەم بابەتە دەبينێ.

وەكەسێک كەلە هەناوى دا مادەى ڕەش زۆرە تاريكايى وومردن وترسناكى دەبينێ.

وەكەسێک كە بەڵغەم وسپيايى زۆرە لە ،سپيايى وئاوو بەفر لە خەون دەبينێ،ئەو خەونانە لێكدانەوەيان نيە

[موطأ مالك] .

3- مازري له پێناسەى خەون دا دەڵێ:

بۆچوونى مەزهەبى ئەهلى سوننەت لەبارەى ڕاستەقينەى ڕوئيا ئەوەيە كە الله لەناودڵى نوستوداچەند بيروباوەڕێک دروست دەكا،هەروەک چۆن لە دڵى بێداريش دروستى دەكا،چونكە الله هەرچى بيەوێ دەيكاو حاڵەتى خەوتن ،يان ،بێدارى ڕێ لە الله ناگرن، جائەو بيروباوەڕانە ى هێنايە دى ،وەک ئەوەى كردبێتيە نيشانەو بەڵگە بۆ چەند كارو فرمانێكى ديكە.

وەک چۆن هەور دەهێنێتەدى بارانى هەيە وهەشە بارانى نيە.

خەون بەوەش پێناسە كراوە كە بريتيە لە:

چەند بيروباوەڕێک كە الله خەلقى دەكالەدڵى نوستودا،هەروەک چۆن لە دڵى مرۆڤى بێداريش پێكى دێنێ،ئەم بەدى هێنانە دەبێتە نيشانەى چەند كاروفرمانێكى تر،جائەم بيروباوەڕانە هەندێ جار بەدەستى فريشتەدەبێ ودەبێتە هۆى خەون و خەيالّى دڵ خۆش كەرو مژدە دەر، وەهەندێ جاريش بەدەستى شەيتانە ودەبێتە هۆى زيان و گومڕاكەر.

چەندچيرۆكێک لەبارەى خەون:

1- عائشة خێزانى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: ژنێک لە خەڵكى مەدينە كە مێردەكەى سەفەرى دەكرد ،خەونى دەديت كە ئەو دووگيانەو منالّێكى خێلى دەبێ وكۆڵەكەى مالّەكەيان دەشكێ،،هەموو جارێ ،سێ چوارجار ئەم خەونەى دەدى ودەهات دەيگێڕايەوە رسول الله

ﷺ دەى فەرموو ،، چۆنى پێ دەفەرموو بەوشێوەدەهاتە دى "خيراً.. يرجع زوجك عليك إن شاء الله وتلدين غلاما بارا،بەڵام جارێک هات كه پێغەمبەرﷺ لەماڵ نەبوو خەونەكەى بۆمن گێڕايەوه ،منيش پێم گووت مێردەكەت دەمرێ ومناڵێكى بەدكارت دەبێ ،ئەويش دەستى كردەگريان ،كه پێغەمبەر، ﷺ گەڕايەوه فەرموى بۆ دەگريا؟ منيش هەواڵەكەم پێدا، پێغەمبەرﷺ : فەرموى" مه يا عائشة.. إذا عبرتم للمسلم الرؤيا فاعبروها على الخير، فإن الرؤيا على ما يعبرها صاحبها) واته كه خەونتان بۆ مسوڵمان لێک دايەوەبه خێر لێكى بدەنەوه،چونكه خەون چۆن لێک بدرێتەوه،وادێته دى،

عائيشه دەفەرموێ ،ئەوجاره مێردەكەى مردونەگەڕايەوه،وادەبينم كه منداڵێكى بەدكاريشى بووبێ.

2- ئەبوبكرى صديق ـ رضي الله عنه ـ بەو پياوەى كەله خەوندا ديبوى له كاتى ميزكردن خۆين دادەنێ.

فەرموى تۆبەبێ نوێژى دەچيه لاى خێزانت،تۆبه بكەو دووبارەى مەكەوه.

3- له دانيشتنێک كه عمر ى كوڕى خطاب رضي الله عنه دانيشتبوو لەگەڵ چەندين له ياوەران وعەلى كوڕى أبي طالب رضي الله عنهم، پياوێک هات پرسيارى كردلەبارەى :

- مرۆڤێک مرۆڤێكى خۆش دەوێ كه هەرگيز يەكتريان نەبينيوه؟

-دووخەون يەكێكيان زڕه خەون وئەوى تريان ڕاسته؟

على وڵامى دايەوه كه :

ئەوكەسەى كەسێكىترى خۆش دەوێ ونەشى بينيوه ،چونكه:

فإن الأرواح أجناد مجندة, فما تعارف منها ائتلف وما تناكر منها اختلف.ڕوحەكان سەربازن ،ئەوڕوحانەى له له پێش ئاوێتەبوون بەلاشه

هۆگرى يەكتربووبن،لە دواى ئاوێتە بوونيش بەلاشە هۆگرى يەكترن،ئەوڕوحانەش لە پێش ئاوێتەبوون نەيارودژى يەكتربووبن،لە دواى ئاوێتە بوونيش بەلاشە هەرنەيارودژى يەكترين.

بەڵام خەونى ڕاست وناڕاست،ئادەميزاد دوو ڕوحى هەيە ،كاتێ دەنوێ،ئەم ڕوحە دێتە دەرلەلاشەودەچێتە لاى دۆست وهاوڕێ ونزيكەكانى،جاكە ئەم بەيەك گەيشتنە لە ناو مەلەكوتى ئاسمانەكان بوو،ئەوە خەونێكى ڕاستە،بەڵام ئەگەربەيەك گەيشتنەكە لە ناوهەوادا بوو ئەوە زڕە خەونە.

4- هشامى كوڕى حسان دەڵێ : ابن سيرين پرسيارى لە سەد خەون لێدەكرا،تەنها وڵامى بۆ هەموويان ئەوەبوو:تەقواى الله بكەو لەكاتى بێدارى خۆت بپارێزە،كە لەبێدارى خۆت بپارێزى ئەم خەونە هيچ زيانت پێ ناگەيەنێ.

5- كاتێ ثابتى كوڕى قيس -رضي الله عنه لە جەنگى يمامة شەهيد بوو،قەڵغانێكى بەبەهاى پێ بوو، يەكێك لە مسوڵمانان زرێكەى برد،سابت چوە خەونى يەكێك لە مسوڵمانان وڕاى سپاردوگوتى،ڕات دەسپێرم ،نەڵێ ى ئەوە خەونەو پێش گوێ ى بخەى،من كە كوژرام پياوێكى مسوڵمان بەلام داڕەت بوو و زرێكەى بردم،،شوێنەكەى لەئەوپەڕى لەشكرەكەيە،لەلاى خێوەتەكەى ئەسپێك ڕاوەستاوە وبە پەتێكى كورت گرێدراوە،زرێكەى لەژێرمەنجەڵێك داناوە،لەسەر مەنجەڵەكەش زين وكورتانى ئەسپەكەى داناوە،،بچۆ بۆلاى خالد با بچێ زرێكەم بۆوەرگرێتەو،جا كە چوى بۆلاى ئەبوبكر ،پێ ى بڵێ قەرزى فلان وفلانم لەسەرە با بۆم بداتەوە ،وە فلان لەكۆيلەكانم ئازادبكا.

پياوەكە هاتە لاى خالد وخەونەكەى بۆ گێڕايەوە ،خالد ناردى زرێكەيان هێنا،خەونەكەى بۆ ئەبوبكر گێڕدرايەوە،وەسيەت وڕاسپاردەگەى جێ بەجێ كرد، ،ئەمە يەكەم وەسيەت وڕاسپاردەى خەونە كە بەفەرمى جێ بە جێ كرابێ .

هەرچەندە دەگوترێ ئەوەتاكە ڕاسپاردەيە كە دواى مردن لە ئيسلامدا جێ بەجێ كرابێ،بەڵام خۆئەم كارە پێشەنگ و سەرمەشقە ودەبوايەزۆر خەونى ڕاستى تريش جێ بەجێ بكرێ وئەم جۆگەلە لێرە وشک نەبێ..

6- لیثی كوڕی سعد دەگێڕێتەوە ،دەڵێ: " پیاوێک هاتە لای سعیدی كوڕی مسیب وگوتی : من لە خەوندا دیومە كە لەسەر بانیژەی مزگەوت كۆترێكی سپی ڕاوەستابوو،سەرم لە جوانی ئەوكۆترە سوڕمابوو،هەڵۆیەک هات وهەڵی گرت.

فقال ابن مسیب گوتی:كە خەونەكەت ڕاست بێ،حجاجی كوڕی یوسف ، كچی عبد الله ی كوڕی جعفر، مارە دەكا، چەند ڕۆژێک تێپەڕی و حجاج هاوسەرگیری لەگەڵ كچی عبدالله كرد،،گوتیان بەسەعید ،چۆنت زانی ئەوخەونە واتاكەی ئەوەیە، گوتی: كۆتر ئافرەتە،سپی وبێ گەردی وجوانی بەڵگەیە لەسەر ڕەسەنی بنەماڵەكەی،منیش لە كچان كەسم نەدی كەلە كچی ونەوەی جەعفەری تەیار ڕەسەنتربێ ،وەهەڵۆش پیاوێكی عەرەبەو عەجەم نیە ،كەسم نەدی لەناو عەرەب لە حجاج هەڵۆتربێ .

7- ژنێک هات بۆلای ئیبن سیرین ،كە خەریكی نیوەڕۆژە خواردن بوو،ژنەكە گوتی خەونێكم دیوە، ،ئیبن سیرین گوتی خەونەكەت دەگێڕیەوە یان خواردنەكەم بخۆم؟ ژنەكە گوتی خواردنەكەت بخۆ،پاش خواردن ،ژنەكە گوتی لە خەودا بینیم كەمانگ چوە ناو سورەییا،بانگ كەرێ لە پشتمەوە بانگی كردم بچۆبۆلای ابن سیرین وخەونەكەتی بۆ بگێڕەوە.

ئیبن سیرین چەند جار ئەوخەونەی بە ژنەكە گێڕایەوە،پاشان ڕەنگی گۆڕا،هەرلەوكاتە ژانە زگی گرت،،خوشكی ئیبن سیرین ،گوتی ئەوە چیتە براكەم؟ ئیبن سیرین گوتی ئەوژنە دەڵێ ،من دواى حەوت ڕۆژی تر دەمرم،،خوشكەكەی دەڵێ دواى حەوت ڕۆژ ئیبن سیرینمان ناشت.

ئیبن قەیم خەون دەكا بە سێ بەشەوە:

1 - رؤيا ى رحماني ،كەهۆى ڕێنمايى بەندەيە بۆ لاى ڕاستى ،لەوانەش بينينى پەيام بەران.

2 - رؤياى دەرونى كە زۆرەخەون وخۆزگە خواستنە .

3 - رؤياى شيطاني كە خەونێكە لە شيطانەوەيە.

ئەوەى كە يارمەتى مروڤ دەدا بۆ بينينى خەونى ڕاست ،هەميشە ڕاستگۆبوونە لەبێدارى دا، وەخواردنى ڕۆزى حەڵاڵ ونەخواردنى حەرامە،لەگەڵ پابەندبوون بە ئەمو فەرمانەكانى شەرع وخۆلادان لە قەدەغەكراوویاساغەكانى شەرع،وەنوستن بەدەست نوێژەوەو ڕووبە قيبلە وبەدەم زيكرويادى الله تا چاوى دەچێتە خەو،،ئەم جۆرە خەونە بەوشێوە زۆريان ڕاستن.

.[مدارج السالكين (2/ 51، 52) ] .

2- قرطبي دەڵێ: مسوڵمانى ڕاستگۆو چاكەكار ئەوكەسەيە كەژيانى گونجاوە لەگەڵ ژيانى پێغەمبەران،بۆيە وەك ئەوان ڕێزى لێ دەگيرێ وبەخەون لە جيهانى شاراوەوپەنهان وغەيب ئاگادارەكرێ،بەڵام مرۆڤى كافروبێ باوەڕ وسەرلێ شێواوو جادوگەر،ئەگەرهەندێک جار خەونەكانيشيان ڕاست بێ ئەوان درۆزنن،غەيب زانينەكەشيان وەك غەيب زانينى كاهين و ئەستێرەگرەوەو فاڵچيەكانە.

[عقيدة التوحيد في فتح الباري ص (321، 322)

3-دكتور عمر الأشقر دەڵێ:زۆرێک لە خەڵكى لەم سەردەمەدا خەون بە درۆو ناڕاست دەزانن،وە پێ يان وايە كە خەون تەنيا ڕەنگ دانەوەى ئەو ئەندێشەو خەياڵ وبيركردنانەوانەيە كە ڕۆژانە مرۆڤ لە بێدارى دا دەيانبينێ وئەو وێنانەى لە بيرى دەرون دا تۆمار دەكرێن،جاكاتێ ئەوكەسە دەخەوێ بەم بيروئەندێشانەوە،عەقڵى ناوخۆى ئەم مرۆڤە كارلێک دەكا،ئەوەى كەسەكە لە بێدارى دا نەى توانيوە پێ ى بگا،لەخەونەكەى دا پێ ى دەگا.

ئێمە نكولى لەوە ناكەين كە زۆرينەى خەون پەرچەكردارو ڕەنگدانەوەى ختوكەى دەروون و خەیاڵ كردنە كەلە بێدارى دا كردويەتى،بەڵام نەشڵێين كە هەموو خەونەكان لەوشێوەن،گشتگير كردنى ئەم بڕيارە بەسەرهەموو خەونەكاندا ،هەركەسێ بيرلە خەونەكانى بكاتەوەوگوێ ى لە خەونەكانى خەڵكى بێ، دەزانێ ئەم گشتگيرى كردنە درۆيەكى گەورەيە، چۆن خەونى ئەوژنە لێكدەداتەوە كەلە لەخەونى دا منداڵەكەى لەسەربان كەوتۆتە خوارەوە؟،منداڵەكەى كەبەيانى دەردەچێ ناگەڕێتەوە،چونكە دەكەوێتە ژێر ئۆتۆمبيلێكەوە گيان لەدەست دەدا .

وەچۆن خەونى ئەوپياوە لێک دەدەنەوە كە لە خەونيدا سەفەرى كردوە بۆ وڵاتێک،وەلەخانوێكى ناسراودايە ،زۆرنابا كە ئەوخانوە دياری كراوە كەلەخەونەكە بينيويەتى دەبێتە موڵكى ئەو؟

وەچۆن خەونى ئەو پياوە لێک دەدرێتەوەكە دەبينێ لە سەردانێكدا ئۆتۆمبيلەكەى لەكاركەوتوە،ئەم هەرخەونەكەى لە بيرچۆتەوە كە ڕووداوەكەى بە ڕاستى بينى و خەونەكەى بە بير دێتەوە؟

محمد ئەسەد كە زانايەكى يەهودى بوو پاشان مسوڵمان بوو،لە كتێبەكەى " ڕێگاكە بەرەو مەككە" باسى خەونێک دەكا كە پێش ئيسلام بوونى بينيويەتى، پاش لە خەو هەڵسان خەونەكەى تۆمارکردوە،دواى چەند ساڵ وپاش ئيسلام بوونى ئەو خەونە هاتۆتە دى،.

كەواتە،هەموو خەونەكان ڕەنگدانەوەى قسە بزڕكاندن وخەياڵ وئەندێشە نين،بەڵكو كارەكە زۆرلەوە قوڵترە، بيرو هۆشى مرۆڤ ناتوانێ بگاتە قوڵايى ناخى، ،چونكە لەناو دەروونى مرۆڤ داچەندين شاراوە وحەشارگە هەيە كە ناتوانێ بگاتە ناخى دەروونى ودەستەوستانە لە گەيشتن بەوشاراوانە،هەرچەندە زۆريش لێ ى نزيكن، خەونيش پەيوەندى بە دەروونى مرۆڤەوە هەيە،لايەنێكى شاراوەى تێدايە،ڕادەستى لاى مادى وبەرجەستە نابێ ، .

[جولة في رياض العلماء ص (107، 108) ] .

4- ئيبن تەيميە دەڵێ:ئەگەر خەونەكانى ئيمانداران هاوشێوە بوون وبەك بابەت بوون ،ئەوە خەونێكى ڕاست وحەقە ،هەروەك چۆن كۆڕاو گێڕانەوە هاوشێوەكانيان ڕاست ودروست و وەرگيراوو پەسندن، [منهاج السنة] .

هەر ابن تيمية دەڵێ:كاتێ مرۆڤ دەنوێ ڕوح بنچينەكەى لەناولاشەيە ،بەڵام شەبەنگى ئەو ڕوحە دەگاتە ئەوشوێنەى كە الله ڕێ ى پێداوە كەلەوخەونەدا بيگاتێ،ئەم ڕوحە تامرۆڤەكە نوستوبێ ،ئەويش دەگەڕێ،بەڵام كە بێدار دەبێتەوە،ڕوح دەگەڕێتەوەناولاشە ،ڕۆيشتنى ڕوح لەكاتى خەو وەك بڵاوبوونەوەى تيشک وڕۆشنايى خۆرە لە گەردوون دا و بنچينەكەشى هەرلە ناو خۆرە،يان ئەوچراومۆمەى تيشكى هەموو ژوورەكە دادەگرێ وبنچينەى گڕەكەش بەهۆى پڵيتەكەوە بە چراو مۆمەكەوە بەستراوە .

هەروەهاڕوحيش وەک پڵيتەكە كە تيشكەكەى گشت ژوورەكەى داگرتوە،ڕوحيش بەهەناسەى مرۆڤەوە بەلاشەوە بەستراوە،وەلە خەوندا بە وڵاتان و ئاسماندا دەسوڕێتەوە،لەگەڵ ڕوحى مردوەكان يەكتردەبينێ،كاتێ فريشتەى ڕاسپێراو لەگەڵ ڕوحەكان ئەو ڕوحە دەبينێ،ئەوەى كە پێ ى خۆش بێ پيشانى دەدا،جاكە مرۆڤەكە لە بێدارى دا كەسێكى ڕاستگۆوزيرەک ودژى ناحەق بێ،ڕوحيشى ڕاستى وحەق دەبينێ،و الله ڕاستى وحەقى پيشان دەدا،بەڵام كەلەكاتى بێدارى دا سوک وچروک وبێ ڕێزبێ،لەخەونەكانيشى هەر خەونى بێ واتاو بێ سەروبەرو گاڵتە پێ كردن دەبينێ،وەک بێداريش دەبێتەوە ئەوخەونە زياتر گومڕاى دەكاوسەرى لێ دەشێوێنێ.

[مجموع الفتاوى] .

5- ابن بطال دەڵێ : بۆيە خەون بەشێكە لە نبوەو هەواڵدەرى چونكە نبوە لە نەبەئو هەواڵ وەرگيراوە ،جاچۆن ئەو نەبەئو هەواڵەى بۆ پێغەمبەران دێ بەوەحى ڕاستەو درۆى تێدانيە ،ئەو خەونەى هەواڵى

تێدايە ،هەواڵەكە ڕاستە وهەڵەى تێدا نيە،بۆيە ئەو هەواڵەى لە خەونى ڕاست دايە ،وەک هەواڵى ڕاستى پێغەمبەران ڕاستە. [شرح ابن بطال] .

دەروازەى سێيەم :

ڕۆڵى خەون لە ژيارۆشارستانيە كۆنەكاندا:

مرۆڤى كۆن خاوەنى بۆچونێكى سادەوساكاربوو، سەرى دەسوڕما كاتێک چەند شت وبابەتێكى لە خەونى دا دەديت كە لە ژيانى ئەودا بوونيان نەبوو،يا ئەو شتانەى لابوون،ئەوەى سەيرە كە ئەم بۆچوونە خۆڕسک وسادەيە پاڵى دەنا كەئەوخەونانە لە دەرەنجامى دەست تێوەردانى خواكان يان شەيتانەكان دەبينێ ،چونكە لە بۆچوونى ئەودا تەنيا ئەوانە دەتوانن كارى دەستەوستان كەر ئەنجام بدەن،

ئەم بيركردنەوەزۆر نزيكە لە تێكستيە دينيەكان كە باسى خەون دەكەن .

لە دەرەنجامى ئەمەش دا مرۆڤى سەرەتايى گەيشتە ئەوەى كە ڕۆڵ وئەركەكانى خەونەكان لە لادانى پەردەى شاراوەونهێنيەكان بزانێ.

وەلە دەرەنجامى ئەم بيروباوەڕە واى لێ هاتوە كە مرۆڤى كۆن كرداره كانى كاتى بێدارى و ڕوداوەكانى خەونەكان لەيەكتر جيا نەكاتەوە،دەبينى كە دووكەس لە بەر خەونێک كە ديويانە زۆربە تونديدژايەتى يەكتردەكەن،خەڵكيش بەئەم دژايەتيە شۆک نەبوون و بە كارێكى ئاساييان زانيوە،تەنانەت هەندێ لە خێڵە سەرەتاييەكان ،ئەگەر پياوە كان لە خەوياندا ئافرەتێكيان لە خەون دا لە ژێر خۆيان ببينيوە،لە عورف ونەريتى يان وابوو كە ئەوژنە دەبوە ژنى ئەو پياوە.

كاتێ ئەوگەلە سەرەتاييانە چوونە ناو قۆناغى ژيارى سەرەتايى،خەونيان بە پيرۆز زانى ،چونكە خەون چاوگ وژێدەرى ئيلهام وپێكهاتەكانى عەقيدەوبيروباوەڕ وبيروبۆچوون وهزرى ئەوكۆمەڵگايانە، تەنانەت بابليەكان خوداوەندێكى تايبەت بە خەونەكانيان هەبوو بەناوى ماخر،هەروەها ميسريە كۆنەكان خواوەندى تايبەت بە خەونيان ناوى بس

بووە،وێنەی پەیکەری ئەوخواوەندە لەسەر دۆشەک وسەرچەفی کەلەسەری دە خەوتن نەخش دەکرا،تا خەونی بەختەوەریان پیشان بدا،

قورئان ئاماژەی بەو گرنگی دانە کردوە کە میسریە کۆنەکان بە واتای خەونەکانیان داوە،ئەوەتازانینی لێکدانەوەی خەونێک وای کرد کە کەسێکی بێ کەسی وەک یوسف ببێتە عەزیزی میسر.

گریک ویۆنانیە کۆنەکان لەم بوارە جیاواز نەبوون لە بابلی ومیسریە کۆنەکان، ئەوانیش تەنانەت لە پەرستگای تایبەت وئامادەکراو بۆ وەرگرتنی هەواڵی شاراوە دەنوستن .

لە ئەسینای پایتەختی یۆنان ،دادگا ی باڵا هەر تاوانبارێک بە خەون تاوانبار کرابا ،یان بەخەون کەسەکە بێ تاوان دەرچێ ،بڕیاری دادگا بە پێ ی خەونەکە دەردەچوو.

هەروەها لای ڕۆمانەکانیش هەربەو شێوە بوو،ئەنجومەنی پیرانی ڕۆما ڕای خەونەکانی لەهەموو کاروبارێکی دەوڵەت وکۆمەڵگاو تاکەکان وتەنانەت بۆ بابەتە کەسیەکانیش وەردەگرت.

دەڵێن کە یەکەم کەس کتێبی داناوە بۆ لێکدانەوەی خەونەکان کەسێک بووە بەناوی

( ارطميدورس ) ئەم کەسە پێنج کتێبی نوسیوە کەلە سەردەمی عەباسی دابە عەرەبی کراوە.

کورتەی دەرەنجامەکانی کە

( ارطميدورس ) پێ ی گەیشتوە ئەوەیە،کە خەونەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە خوداوەند ودەکرێتە دوو جۆر.:

یەکەم : خەونێکە کە ڕاستەوخۆ هەواڵی غەیب وشاراوەدەدا.

دووەم : خەونی هێمایی وڕووپێچ کراوە کە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە.

نوسەرى ئەم كتێبانە چەند ڕێساوبنچینەیەکی بۆ جۆرى دووەم داناوە،گوتوێەتى كە لێكدانەوەى خەونەكە لە كەسایەتى خەون بینەر وپلەوپایە وپیشەوباوونەریتى كۆمەڵگاكەى وەردەگیرێ،

بۆیە دەبێ لێكدەرەوەى خەونەكان ئەم بوارانە زۆرچاك تێ بگاوبزانێ كەهێماكانیان لە جیهانى شاراوەو غەیب چ دەگەیەنێ؟.

ئەوەى كتێبەكانى ئەم پیاوە بخوێنێتەوە ،وێک چون وهاوشێوە یەكى زۆرلەنێوان لێكدانەوەكانى و كتێبى تەفسیرى خەونەكان لاى مسوڵمانان دا هەیە.

هەتا ئێستا بوارى لاهوتى ودینى زاڵ بوو بەسەر لێكدانەوەوتێگەیشتنى خەونەكاندا، بەڵام قۆناغێكى دى لاى ئەرستۆى فەیلەسوف بۆ ڕاڤەى خەونەكان دەركەوت،كە ئاڕاستەى ئەم زانستەى بە ئاڕاستەیەكى جیاواز لە پێشووگۆڕى،

ئەرستۆ پێ ى وابوو زۆربەى خەونەكان بەهۆى شوێنەوارە هەستەوەریەكانەوە پەیدا دەبن و هیچ پەیوەندیان بە خواوەندەكانەوە نیە،ئەوەتازۆرجاران مرۆڤ ئازارو چێژوەرگرتنەكانى لەبیر دەچێتەوەو كەچى لە خەونەكانى دا بەبیرى دێتەوە، بۆیە ئەرستۆ هەستى بەگرنگى بوارى سۆزەكان وئارەزوەكان ومیزاج وسروشتەكان لە پێک هاتنى خەونەكان دەدا،بۆنمونەئەوەى حەزى لەشتێكە لە خەونەكانى ئەو بواروكەسە دەبینێ كە حەزى لێ یەتى،هەروەها ئەوكەسەى لە كەس ودیاردەیەک دەترسێ ،ئەودیاردەوكەسە لەخەونەكانیشى دەبینێ، لایەنى بابەتى لە بۆچوونى ئەرستۆ لەبارەى خەونى ڕاست،ئەو پێ ى وایە كە هاتنەدى خەون وڕاست دەرچوونى لە واقعدا هیچ پەیوەندى بە غەیب وشاراوەو خواكان وڕوحەوە نیە،بەڵكو بەیەكێ لەم چوار هۆكارەیە:

١-هۆكارى ڕێكەوت المصادفة

٢-هۆكارى وەحى ونیگا.

٣-هەستەوەریى باڵا.

٤-گرنگى دانى تايبەت وكەسى ناوازەوهەڵكەوتو .

پاشان ڕەوتى سێ يەم دەركەوت كەڕەواقيەكان بوون،ئەوان بەرگريان لە خەونى ڕاست كرد،

پێيان وابوو كە تەنياخاوەن دەروون وهەستە پاكەكان خەونى ڕاست دەبينن،لاى وان دەروون لە بێدارى دا نێچيرى ئارەزوەكانى لاشەيە،بەڵام لە خەودا مرۆڤ لەو ئارەزوانە ڕزگارى دەبێ،هەربۆيە دەتوانێ لەم ئارەزوانە ڕزگارى دەبێ ودەتوانێ پێشبينى ڕوداوەكانى شاراوەى داهاتوو بكا.

پوختەى ئەوەى باس كرا كە لە پێش هاتنى ئيسلام بۆ چوونەكان لەبارەى خەون دوو بۆچوون بوون :

بۆچوونە بيروباوەڕيە عەقيدەييەكان:

ئەمانە خەونەكانيان دەگێڕايەوەبۆلاى خواوەندوشەيتانەكان.

بۆچوونە عەقڵيەكان:پێ يان وابوو كە خەونەكان هيچ هۆكارێكى غەيبى وشاراوەيان لە دواوە نيە.

تا هاتنى ئيسلام ئەم دوو ڕەوتە بەسەر لێكدانەوەى خەونەكاندا زاڵ بوو.

خەونەكان دواى دەركەوتنى ئيسلام .

دەكرێ كە لە چوارئاڕاستەوپێگەوە بڕوانينە خەون تابۆچوونى گشتگيرى ئيسلام لەبارەى خەونەوەبزانين:

يەكەم : ئاڕاستەى دەقەكانى قورئان وسونەت:

هەردوو چاوگى ياساوشەرعى ئيسلام كە قورئان وفەرمودەن ،گرنگيەكى زۆريان بەخەون داوە،،

سورەتێكى تەواو لەبارەى يوسفى پێغەمبەرى خەون هاتە خوار،خەونەكەى يوسف وهێماكانى كەبەهۆيەوە يوسف لەبير هاويژراو بوەكۆيلەوفرۆشراو بوە خزمەتكارو بەندكراو، وخەونەكەى ئەوودوو هاوڕێ يەى يوسف وخەونى پاشاكە كە يوسفيان لە دەرەنجامەكانى

خەونەکەی خۆی دەرهێناو ڕزگار کرد،سەیرە کەمرۆڤ هەموو کارەساتەکانی بەهۆی خەونی خۆیەوەبێ وبەهۆی خەونی جگەلە خۆی لەومەینەتیانە ڕزگاری ببێ کەلە خەونی خۆیەوە بۆی هاتوون؟

هەروەها هۆکاری چیرۆکی سەربڕینی ئیسماعیل وچۆنێتی ڕزگاربوونی لەو سەربڕینە بە ناردنی قوربانی لەلایەن الله وە، کە وادەگەیەنێ یەکێ لە ڕوکن وپایەکانی ئیسلامکە حەج وقوربانیە ،بەشێکی پەیوەستە بە خەونەوە.

هەروا زۆر ڕوداوی تری وەک فەتحی مەککە وکۆچ کردن بۆ مەدینە وبانگی پێنج فەرزەی نوێژو زۆر بابەتی تریش سەرەتابەخەون بوون .

هەربۆیە پێغەمبەر علیه السلام فەرموی :رؤيا المؤمن جزء من ستة وأربعين جزء من النبوة (13) .

بەم شێوە خەون بەشێکە لە وەحی ونبوەت هەواڵدەرێتی وبە کۆتایی هاتنی پێغەمبەرێتیش ئەو تاکە پەنجەرەی وەحی هەربەکراوەیی دەمێنێ وداناخرێ وخەونی مژدەبەخشی ئیمانداران تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامەو تالە قیامەت نزیکتربن ،ئەم خەونەی ئیماندارانە ڕاستترە، وەلە گرنگی دانی پێشەواوسەرمەشق ومامۆستای یەکەمی ئیسلام خۆی دوای نوێژی بەیانی کۆڕی بۆ لێکدانەوەی خەون دەبەست وداوای لەهاوەڵانی دەکرد کە خەونەکانیانی بۆ بگێڕنەوە، جامادام کە خەونی ڕاست ونبوەت وپێغەمبەرێتی لەیەک سەرچاوە دەردەچن ،هەربۆیە کە کەسێک بێ باوەڕو کافربێ بەخەون ،وەک ئەوە وایە کە بێ باوەڕبێ بە پێغەمبەرایەتی،چونکە سەرەتای شەش مانگی پێغەمبەرێتی پێغەمبەر علیه السلام هەر خەونی ڕاست بوو.

دووەم : ئاڕاستەی بۆچوونی فەیلەسوفە ئیسلامیەکان:

فەیلەسوفەکان نەیان توانیوە کە لە گەڵ بۆچوونی ئەرستۆبن لە بارەی خەونەوە،بەڵکو پێ یان وایە کە نەفس ودەرون پەیوەندی بە عەقڵی کاراوە دەکا،ئەو عەقڵی کارایە کە زاڵە بەسەر جوڵانەوەی ئەفلاکی گەردوون ،وەلەوڕێ یەوە شاراوەکان دەزانێ،ئەم نەفسە هەمان عەقڵی کوللی

وگشتگیری لای هیگڵە،وەعەقڵی کاملە کە جرجانی پێناسەی کردوەو لەبەشی پێشوو باسمان کرد.

ڕای ئەرستۆ لە بارەی چۆنێتی دروست بوون وبەدی هاتنی گەردونیش لە دەرچونی گەردوون وبونەوەر لە بەدیهێنەرەوە بەشێوەی فەیز، بەریەک کەوتنی هەیە لەگەڵ بۆچوونی ئەرستۆ لەبارەی خەون ،کەمادام هەموو بوونەوەر فەیزی ئەو بێ ،دەبێ خەونەکانیش هەرلەو ژێدەرەوەبێن.

خاڵی جیاوازی جەوهەری لە نێوان بونەوەر وەک فەیزی بەدیهێنەر لای ئەرستۆ وئەفلۆتینی ئەسکەندەرانی و بونەوەر وەک سێبەرێکی جیهانی ئایدیاوباڵاو مەسەل لای ئەفلاتوون لەوەدایە کە جیهانی بەر هەست ودیاروسێبەر لای ئەفلاتوون سێبەرو کاتی وبێ تواناو پاشکۆیەو بونێکی وەهمیە وجیهانی باڵاو مەسەل جیهانی ڕاستەقینەو تەواوو بێ کەم وکوڕی وهەتاهەتاییە،ئەم جیهانە میسالیە وهەرچی تیایەتی هەتاهەتاییە وبێ کەم وکوڕیەودەردوبەڵاولەناوچون ومردن وسنوردارببوون وکۆتایی تێدانیە،ئەم جیهانیە میسالیە کۆنەو هەربوە وپێش بەدی هاتنی دیاردەکانی جیهانی سێبەر لە ڕۆژو مانگ وئەستێرەو زەوی وپێک هاتەکانی زەوی وزیندەوەرو مرۆڤەکان ،هەرهەبوو ،جیهانی میسال لە قۆناغێک لەقۆناغەکان ویستی سێبەرێکی کاتی وپاشکۆی هەبێ بۆماوەیەک ولەبەر حیکمەتێک ،ئەم بۆچونەی ئەفلاتون هەمان بۆچونی دینە ئاسمانیەکانە ،عەرش ولەوح وقەڵەم وڕوحەکان وجەننەت وپەری وفریشتەکان زۆر لەپێش  دروست بوونی ئادەم هەبوون ،پاش کێ بەرکێ ی ئادەم لەگەڵ شەیتان هاتنە سەرزەوی ولە چوارچێوەی ژیانی مەسەل وئایدیا دەرکران وژیانی سێبەریان دەست پێ کرد،بە ئومێدی گەڕانەوەی بە تێشوەوە بۆ جیهانی باڵاو مەسەل پەرستش وچاکەیان کرد ودەکەن، تالەداوای ڕۆژی قیامەت وهەڵسەنگاندن هەموویان بگەڕێنەوە ئەو جیهانە ڕاستەقینەوهەمیشەییەی باڵاو ئەم جیهانی سێبەرەی پڕ مردن ولەدایک بوون ونەهامەتی یە بەیەکجاری کۆتایی پێ بێ.

وجیهانی سێبەر ناتوانی جیهانی باڵا ئاڕاستەبکا ووئیجباری بکا لەسەر هیچ کاردانەوەیەک،بەڵام جیهانی فەیزی ئەرستۆوئەفلۆتین ،پێچەوانەی

سێیەرەکەی ئەفلاتونە،لای وان بەدیهێنەرەکەیان ویستی نەبوە نەبەدیان بێنێ،نەپارێزگاریان لێ بکاوبیان هێڵێتەوە ،نەدەشتوانێ چارەنوسی داهاتویان بڕیاربدا،ئەم بۆچوونە لای هەندێ لەتاوی وسمنیەکانیش هەیە، ئەم بۆچوونە دایکی جەهەمیەت وتەعتیل وپاڵدانی دەستەوستانیە بۆخالق .

شایانی باسە فەلسەفەی ئیسلامی کۆن زۆر کەم بۆچوونی مەسەلی ئەفلاتونیان ناسیوە ،بۆیە فەلسەفەی یۆنان هەر فەلسەفەی ئەرستۆ بوەلایان.

سێ یەم: خەون لەلای زانایانی ئوسوڵی دین،:

ئەمانە بەزۆربەیان تێڕوانینیان بۆ خەون ،ڕەنگ دانەوەی قورئان وسونەتە،بەڵام موعتەزیلەکان کە لای خۆیان عەقڵ بە پیرۆزدەزانن هەمان تێڕوانینی ئەرستۆیان بۆخەون هەیە،بگرە لەوەش زیاتر تێ پەڕیون وبەچاوی گومان وڕەخنەو تەنزو گاڵتە ڕوانیویانەتە ئەو تێکستە دینیانەی باسی خەونیان کردوە.

چوارەم :ئاڕاستەی تێڕوانینی ئەهلی عیرفان وحەقیقەت وتەسەووف بۆ خەون:

ئەوان بە پێچەوانەی موعتەزیلەکان، پێ یان وایە کە عەقڵ چەندین پلەو ئاستی هەیە،وەعەقڵ لەهەرپلەو ئاستێکدا چ لە بێداری وچ لە خەون دا،ڕۆڵ وکارلێک وئاڕاستەکردنی هەیە.

لە جیهانی بێداری دا عەقڵ گەمارۆدراوەبە هەستەکان ، بەڵام لە جیهانی خەون داعەقڵ وهۆش لە وابەستەیی بە دەرک کراوە سنوردارەکان دەردەچێ،تاکو بگاتە چەند هێزێکی حەشاردراووشاراوە کەلە حاڵی بێداری دا شاراوەن،ئەوە هەندێک ناوی دەنێن عەقڵی ناو هەناوو باتن و ئەودیوی هەست وشعوروئەودیوی هۆشیاری،بەڵام سۆفیەکان ناوی دەنێن ڕوح،

ئەم ڕوحە زاڵە بەسەر هەست وسۆزە باتنی وشاراوەکان کە بە ندە بە دڵ وقەلبەوە،بەرامبەرەکشی نەفسە کە کارلێک لەگەڵ هەستە دەرەکیەکان

دەكا،، بەم پێ يە جياوازى لە نێوان عەقڵ ودڵ ونەفس وڕوح،جياوازيەكە بەئاست وپلە نەک جياوازيەكى چەشنى بێ،مرۆڤ دەتوانێ بەعەقڵ ونەفس كارلێک لەگەڵ جيهانى سنوردار بكا،جائەم عەقڵ ونەفسە وەرگێڕوپردو ناوەند ودەرگا كەرەوەى هێزى باتنن بۆ تێگەيشتن لە جيهانى ڕەهاو بێ سنورى ،لەو ئاست وپلەشدا پێ يان دەگوترێ ڕوح ودڵ وقەلب.

ئەگەربەچاوى عەقڵ ونەفس بڕوانيە جيهانى بێدار ،دەڵێ ى خەون چەند شتێكى وەهمى وخەياڵيە وبونێكى ڕاستەقينەى نيە، چونكە لەخەوندا چەند شت وحاڵەت ودياردەى بەدەرلەسنوروتواناكان دەبينى،بەڵام كە بە ڕوح ودڵ بڕوانيە خەون ،دەزانى كە خەون لە جيهانە مەسەل وبێ سنورە ڕاستەقينەكە نزيكترە،بەڵام جيهانى بێدارى وسێبەر حيجاب وپەردەو لەمپەرى ئەوجيهانە بێ سنورە ڕاستەقينەيە،

كێشەكە كاتێک ڕووەدا كە ئەم هێزانەو ئەو جيهانانەى كە پێ يەوە پەيوەستن تێكەڵ كران،كاتێ سەيرى جيهانى خەونمان كرد بەهۆى عەقڵەوە وەک موعتەزيلەكان،تەنيا چەند وەهم وخەياڵ و گريمانەيەكى دوورلە واقع دەبينين.

بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بە ڕوانگەى دڵ و ڕوح سەيرى جيهانى بێدارى وسێبەر بكەى ،دەبينى ئەو حيجاب وپەردەيەكى ئەستوورەوناهێڵێ جيهانى ڕاستەقينەو حەقيقەت ببينى،هۆشيارى وبێدارى نوستن وخەوە،،خەڵكى نوستون وخەون مردنى بچوكە و نيمچە بێداريەكە،بەڵام كە مردن بەيەكجارى هۆشياردەبنەوەو پەردە ئەستورەكەى سێبەرى جيهانى هەست پێ كراو بە يەكجارى لادەچێ.

بۆيە هيچ بەريەک كەوتێک نيە لە نێوان عەقڵ و ڕوح ودڵ دا كاتێ هەريەكيان لە شوێنى خۆى بەكاربێنى،ئەم خراپ تێگەيشتنە ڕوو ناداو دەگەيە تێڕوانينێكى هاوسەنگى ئەهلى عيرفان بۆ هەردوو جيهانى سێبەرى ديارى سنوردارو جيهانى بێ سنورى پەنهان...

دەروازەى چوارەم :

ڕۆڵى خەون لە ژيارۆشارستانيە كۆنەكاندا:

عەبير قاسمى لە وتارێكى بەناونيشانى چۆنێتى مامەڵەى ژيارە كۆنەكان لەگەڵ خەوندا ، دەڵێ:

لە ڕاستيدا خەون بوارێكى مرۆڤايەتى هاوبەشە كە زمانێكى كارلێكى گەردونى لە خۆ دەگرێ.

"لە بەرزاييەک کەوتمە خوارەوەبێ هودە خەريكى هاوارکردن بووم،بەڵام دەنگم لە سنگم دا پەنگى خواردبۆوە،،بەردەوام بووم لە کەوتنە خوارەوە ،تا بێدار بوومەوە کەبينيم لە عەرەقى خۆم دا شڵاڵ بووم،"

ئەم خەونە زۆرترين خەونى بڵاوە لەناو مرۆڤايەتى،بە پێ ى بۆچوونى زانای دەروون ناس ئەيان والاس كە لە ديمانەيەكى لە گەڵ بڵاوكراوەى ئيندييپندتى بەريتانى بڵاوى كردۆتەوە.

لەوانەيە هەندێک پێ يان وابێ كە خەون زمانێكى دەرونى كورتە،يان پێت وابێ كە كۆمەڵێک ڕوداوى هەڕەمەكيە كە هۆشت ئەوڕوداوانەى لەڕۆژ نەت توانيوە جێ بەجێ ى بكەى شەو بۆى كردويە خەون،بەڵام لەڕاستيدا خەون بوارێكى هاوبەشى مرۆڤايەتيە،زمانێكى كارلێكى گەردونى هەڵ گرتوە،لەسەر چەند هێمايەكى سەرەتى بنيات نراوە،چەند توخمێكە كە لە خەونى چەندين كەسى جياوازدا لە چەندين سەردەم وكيشوەرى زۆرلێک دووردا دووبارە دەبنەوە،ئەم هێماو توخمانەن كە دەبنە نمونەيەكى سەرەتايى بۆ زمانێكى دەربڕدراو،ئەويش وەک پردو هۆكارەكانى پەيوەندى مرۆڤەكان ،هۆكارێكە لەو هۆكارانە.

تۆ لەناخى خۆت دا خەونى ڕابردوەكانت هەڵگرتووە،وامەزانە كە مادام لە سەردەمێكى نوێ دا دەژى ،خەونەكانى تۆ لە خەونى مرۆڤى كۆن جياوازە.

تێڕوانينى ژيارە دێرينەكان:

لەبەردەم سەرسامى ومەندەهۆشى وسەرگەردانى گەلانى سەرەتايى لەگەڵ كاردانەوەيان لەگەڵ خەونەكان،مرۆڤى كۆن زۆر جار

مل كەچى لێكدانەوەى ئەفسانەيى بووە،كە چوارچێوەيەكى تێكەڵ لە پيرۆزى وسامناكى وڕوحى ودينى داوەتە خەونەكان.

١-خەون لاى سومەريەكان:

لەباشورى وڵاتى دووڕوبار يەكەم شارستانى مرۆڤ دەركەوتوە،كەلەپورێكى دەوڵەمەندى بەهۆى تابلۆ گڵينەكانەوە بەجێ هێشتوە،سۆمەريەكان يەكەم گەل بوون كە خەونەكانيان تۆمار كردووە،يەكەم نوسراو كەباسى خەونى كردوە هۆنراوەيەكە كە لەسەردەمى نوێ ى سۆمەرى نوسراوە،شازادە كۆديا خەونەكەى خۆى بۆ ناچەى خواوەند دەگێڕێتەوە،،ناچە بەكۆديا دەڵێ خەونەكەت گوتارێكى شەيتانيە.

خەون لە شارستانى سۆمەرى دا دەكرايە دوو بەش ،يان گوتارى خواوەندى بوو ،يان گوتارى شەيتانى بوو.

٢-خەون لە ميسرى كۆندا:

لەوڵاتى خەونە بەناوبانگەكان،خەڵكى بارمتەى خەونەكانيان بوون،زۆرگرنگيان بە خەونەكانيان دەدا،چونكە هاووڵاتى ميسرى كۆن بۆشەوو ڕۆژێک نەدەژيا،بەڵكو بۆ خەونى هەتاهەتايى وهەميشەيى دەژيا،پەرستگاكانى خەوتن ،خوێندنگاى ئيهناسيا ئەو شوێنانە بوون كە ميسريە كۆنەكان بۆ لێكدانەوەى خەونەكانيان تەرخان كردبوو.

خەون هەموو بوارێكى ميسريەكۆنەكانى لە خۆ گرتبوو،هەر لەژيانى جوتياروكۆيلە كانەوەهەتا دەگاتە بوارى ئەندازەوبيناكارى وبوارى جوتيارى وكيشاوەرزى، ئەو كەسەى شارەزايى لە لێكدانەوەى خەونەكان هەبوو خاوەن پلە وپايەكى پيرۆزو ڕێزداربوو،سەروەرێكى گەورەى لەناوكۆمەڵگا هەبوو،بەڵام بەناوبانگترين خەون لەميسر ،خەونە هەڵبەستراوەكەى تحتمسى چوارەم بوو تادەست بە سەركورسى دەسەڵات دابگرێ،پاشان خەونەكەى ئامن حوتب پاشا بوو كە يوسف عليه السلام بۆى لێک دايەوە.

٣-خەون لەلای چینیەکان:

چین پارچەیەکە لە ئەفسانە،شانشینە دێرینەکەی ئاسمان وڕۆژهەڵاتە،تێڕوانینی بنچینەیی لە چین بۆ لێکدانەوەی خەونەکان لەسەر بنەمای تاویەکان لێک دەدرێتەوە،کە پێ ی وایە:

مرۆڤایەتی لە دوو ڕەگەز پێک دێ،ئەوانیش هەوین وئالبۆ ن،ئەلبۆ ئەو ڕوحەیە کە پابەندە بەلاشەوە،وەبە مردنی لاشە ئەم گیانەش شی دەبێتەوەو نامێنێ،بەڵام ڕوحی هەوێن لە دوای لە دایک بوون بە مرۆڤەوە دەنوسێ، ئەمە ڕوحی هەتاهەتایی درێژ بوەوەیە،ئەم هەوێنە ڕوحێکە توانای بڕینی سەدەکانی هەیە ،دەتوانێ لەگەڵ ڕوحی مردوەکان و ڕابردوان بەیەک بگا.

هەروەها لای چینیەکان خەون ڕاڤەکردنێکی تریشی هەیە کە نزیکە لە شیکاری دەرونی هاوچەرخ لای فرۆید، لەم ڕاڤەکردنە چینیەکۆنەکان دەرون وگیان دابەش دەکەن بۆ :

گیانی نێرینەی بەهێزی زاڵ ،کەهێماکەی هاوین وڕۆژگارو تیشک وبیابانە.

گیانی مێ ینەی لاوازو مل کەچ ،کە هێماکەی مانگ وتاریکی وڕوبارەکانن.

خەونەکە بە پێ ی ئەم هێمایانە شی دەکرێتەوە کە نزیکە لە ڕاڤەی دابەش کردنی خود بۆ "ئەلئەنا ،ئەلئەنای باڵا،ئەلهۆ"

٣-خەون لای گریک ویۆنانیەکان:

هۆریمیۆس لە داستانی ئۆدیسەدا دەڵێ:

ئەی کەسە نامۆو غەریبەکە،هەندێک خەون هەن کەس ناتوانێ نهێنیەکانیان بزانێ،لە داهاتوش دا ئەم خەونە هەرپەردەی لەسەر هەڵ ناماڵدرێ، چونکە دوو دەرگاهەیە بۆ خەونە کان،دەرگایەک لە عاج دروست کراوە، دەرگای دووەم لە قەرن و قۆچە،ئەوخەونەی کە تەنیا وەهمێکی خەڵەتێنەرە و تراویلکەی بیابانە لەدەرگای عاجەوە

دەردەچێ،بەڵام ئەوخەونەی لەدەرگای قۆچە لوسەکەوە دەردەچێ، بێ گومان دێتە دی سەبارەت بەو کەسە مردوەی کە ئەم خەونەی پێوە دەبینرێ.

پوختەی ئەم گوتارە یەکێکە لەو گوتانەی کە یۆنانیەکان بەکاری دەهێنن لە لێکدانەوەی خەونەکان ،بەڵام بەجیاوازی ئەو فەلسەفانەی کە بۆهەر قۆناغێک لێکدانەوەیەک بەکاردێنن.

دکتۆر فەهد الاحمدی دەڵێ:

چونکە هەواڵ لە داهاتودایە،پاشاکۆنەکان زۆرگرنگیان بەم ڕێگەداوە، لێکدەرەو ڕاڤەکەرانی خەون لە کۆن دا لەکەسە هەرە نزیکەکانی پاشایان بوون،تەنانەت ئەباتێرەکانی یابان دۆشەکی تایبەتیان لە ژووری بەتایبەت دروست کراودا ئامادە دەکردکە پێ یان دەگوت ،کامودوکو،کامو واتە دروست کەرو خودا، ئەم ژوروجێگایە بۆئەوەبوو تا خەونی چارەنوسازی داهاتووی دەوڵەت ببینن.

هەروەها فیرعەونەکانی میسر زۆرگرنگیان بە لێکدانەوەی خەونەکان دەداو دوو خەونەکەی سەردەمی یوسف وموسی علیهما السلام مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕی.

لەگوتارێکی ڕابردوو پێشنیاری دامەزراندنی مەڵبەندی خەونە پێشبینی وداهاتوو خوێنەرەوەکانم کردبوو،کە دوو مەڵبەند لە بەریتانیاونیۆرک بۆ ئەومەبەستە هەن.

خەون لە بۆچونی هاوچەرخ دا.

٤-خەون و زانستی دەروون ناسی:

خەون سەرنجی فەیلەسوف ودەروونناسەکانی بەلای خۆی دا ڕاکێشاوە،بەتایبەت کە زانستی دەروونناسی وەک زانستێکی سەربەخۆ دامەزرا،ئەوبابەتانەی بیرمەندانی خەریک کردوە چوار بابەتە:

1-ئەو کەرەستەی خەونەکانی لێ دروست دەبێ.

2- ئەو وێنانەی كە لە خەونەكاندا دەردەكەون.

3- هۆكارە كاراو وروژێنەرەكانی.

4- ڕۆڵ وكارە دەروون ناسی و بایۆلۆژیەكانی.

ئەم خاڵەی چوارەم تەنیا لە تیۆریە هاوچەرخەكاندا بە زەقی دەردەكەوێ.

بەڵام خاڵی یەكەم ،هەموو كۆكن كە وێنە زەینیەكانی ناو زاكیرە كەرەستەی پێک هێنەرن، بێ گومان ئەرشیفی وێنە بەچاوبینراوەكان لە پێک هاتنی خەونەكان پشكی شێریان هەیە.

بەڵام بۆچوون و ئاڕاستەیەكی بەهێزوجێگیر هەیە كە هەمووخەونێک ناوكێكی هەست پێكراوی هەیە، " Sensory Nucleus"، وە هەست كردنێكی ڕێک لەگەڵ واقع ،كەلە هۆشداری ئەندامەكانی خەون بین دروست دەبێ.

بەڵام كێشەی وێنە ،كە زۆر لێ ی تووێژراوەتەوە بێ گومان بەهۆی نەمانی شێوەوڕێک نەخرانی لای دیاروبینراوە لە خەون دا،دیاردەش بێ نرخە،لێک تۆران هەیە.

پێش فرۆید ،هیچ كەس هەوڵی نەداوە بەبڕشتی باسی ڕۆشنكردنەوەی ئەوبیرۆكە بكا كەدەڵێ ،كە وێنەی خەون لەو هەستە وەردەگیرێ كە ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین لە بارەی وێنە،یان بنیاتی نواندن یان ڕۆمان.

پێش فرۆید كەس باسی ئەو میكانیزمانەی نەكردوە كە لە چوارچێوەی دائەم وێنە لەو هەستە پێک دێ.

كۆنترین هەوڵ بۆ پێشكەش كردنی شڕۆڤەیەكی سەبەبی وهۆكاری لەبارەی خەونەوە لە سنوردانانی شوێنەواری هۆشداری ڕێكەوت بوو بۆ ئەندامەكانی هەست ،وە كرداری نیمچە ڕێكەوت بۆ یاساكانی خوازیاری و حاڵەتی وادەخوارێ"

كۆتا هەوڵ بۆ لێكدانەوەی پیشەكاری بۆ خەون دەیگوت كە خەون بین لە خەونەكەی دا هەوڵ دەدا،هەستێک لە هەستە تاقی كراوەكان بەناڕۆشنی

دروست بكاو لێک بدا،خەون بين ئەوكارەدەكا بە تەواوكارى هەستەكان وبەناوەندگيرى تداعى=وادەخوازێ،هەروەک چۆن ئەم كارە لە كاتى بێداريدا دەكەين.

زانايەكى بيركارى يان فيزيا يان هەربوارێكى ترلە زانستەكان ،يان هەرپيشەكارێک و هونەرمەندو ئەندازيارێک چوار پێنج دەرەنجام وێنەو نەخشەو وێنەى نوێ ى لە بەردەستەو گەڵاڵە بوەو دەيەوێ بە هۆيانەوە تێورو گريمانەو پەيڕەوو بيردۆزەيەک داڕێژێ، ئەم وێنانە لە سەدا دەى ئەو گريمانەوتێوريە نوێ يەو ڕێسای بنچينەو گشتى بيردۆزەكەن،ئەى باشە لەسەدا نەوەدەكەى دى لە كوێ دێنێ؟ لە ئەنجامى لێكدان و بيركردنەوەو وێنەى زەينى وخەياڵ وئەندێشەو و وێک چواندن ،لەسەدانەوەدەكە لە زەينى دا وێنادەكاو پاشان داى دەڕێژێ، ئەوە لە بێداريدا، خەونيش هەربەو شێوە لەسەدا نەوە دى بەم شێوە ڕوح ونەفس وعەقڵ ودڵ و ئەندێشە كارا دەبن و پێكى دێنن ،خەونەكە تا ڕادەى وێنەكانى كەمتر لە ژيانى بينراودا وەرگيرابن ،بەشى لايەنە ڕوحى وعەقڵيەكان زياترە.

لەمەوپێش باسى ئاماژەى شوێنەوارى هۆشدارى هەستەكانمان كرد لەپێک هاتنى خەونەكاندا، مرۆڤى نوستوكە شوشە ئاوێكى گەرم لە ژێر قاچەكانى دانێ، خەون دەبينێ كەبە سەركێوێكى داخ بوو دا سەردەكەوێ،يان بەسەر پشكۆدا دەڕوا.

چيرۆكێک هەيە كەلە پيرەمێردەكانم بيستوە ،ئەڵێ دووبرای شوان لای مەڕەكەيان دەبن، برايەكيان دەخەوێ ،براكەى تر دەچێ جامێک شيردەدۆشێ وبلوێرە ئاسنينەكەى لە سەر جامە شيرەكە دادەنێ وچاوەڕێ دەكا تابراكەى خەبەرى بێتەوەونيوەڕۆژە بخۆن، دەبينێ مێشێک لە سەرجاماكە خەريكە بچێتە ناوشيرە كە،ئەويش دەستى لێ ڕادەوەشێنێ ومێشەكەش بەناوكونە بلوێرەكە دا دەڕواوهەرچۆنێک بێ دەربازى دەبێ، پاشان براكە بێدار دەبێتەوەو دەڵێ برا بزانە چ خەونێكم دى، لە خەوم دا لەبەهەست بووم لەسەر دەريای شير ،پردێكى لەزێڕ دروست كراولەسەر دەريای شير بوو، ويستم لێ ى بخۆمەوە،دێوێكى زەبلاح وگەورەم لێ

پەيدابوو،هێندەى كێوێک دەبوو،نەى هێشتم و بەپەلە لەدەستانى نەجاتم بوو، براكەى گووتى :برا ئەم جامە شيرە دەريا شيرەكەيە،ئەوبلوێرە پردە زێڕينەكەيە ،منيش دێوەكەم ،ڕوحت وەک مێش هات ويستى لە شيرەكەدا بخنكێ و منيش دەرم كرد.

لە هەموو ئەو تێۆريە نوێ يانە زۆرجاران تووشى بێ ئومێدى دەبين وناتوانين پاڵنەرەكانديارى بكەين،بە پێچەوانەى ئارەزوە عەقڵيە زەينيە زەڵاڵە ناوخۆييەكە بۆ دەرهێنانى هەندێ چەشنى هەستەكان لەو هۆشيارکەرەوانەى كە هيچ واتايەكى ڕۆشنيان نيە.

بيردۆزى فرۆيد لە خەون لێكدانەوەدا شۆڕشێک بوو بەتايبەت بۆ ڕۆژئاوا،چونكە لە پاڵنەرە بەهێزەكان و واتاهەرەگرنگەكانى كۆڵيەوەو ڕاى گەياند كە هەموو خەونێک ئامانج وپەيام و كارو داواكاريەكى هەيە وپێداويستى تێرنەكراو وسەركوت كراوى يەكێک لە لايەن وكۆئەندام وهەست وچالاكيە ئۆرگانيەكان دەنوێنێ.

بەم ڕوونكردنەوەبێ كەسێک كە چەندين ژن وكەنيزەى هەبێ وڕۆژانە چەندجار جوت بونيان لەگەڵ بكا ،هەرگيز ئيحتيلام نابێ وشەيتان ى پێ ناكەنێ.

كەواتە فرۆيد خەونى لە شيكردنەوەيەكى پەيوەستى ميكانيكى گواستەوەبۆ لێكدانەوەى پيشەيى كەلەوەوپێش بەهيچ شێوەيەک نەبوو، دەگونجێ كە قۆناغێكى گواستنەوە هەبێ لە پەيڕەوى زانستى دەروونى كەدەروونناسى ئەڵمانى هربرت " Herbart"تەواوى بكا،.

وێنەى جياكراوەى دەروونناسى گشتى هربرت لە خۆگرتنى هەموو بيرۆكە بەهێزەكان بوو، ئەو دەيگووت كە فكرو بيرۆكە بە چالاكى هەوڵدەدا بۆ سوود وەرگرتن لەچوونە ناو هەستەوەرەكان، چونكە ژيانى عەقڵى بريتيە لە مل ملانێ و جەنگى بەردەوامى نێوان بيرۆكە و فكرەكان، وەهەريەكەيان تێ دەكۆشێ بۆ ڕۆشنكردنەوەى هۆشدارى هەستەوەرى لاى مرۆڤ.ئەمە دەبێتە هۆى واتايەكى گشتى سەركووت كردن،

وە هەر فكرەو بيرۆكەيەك لەم جەنگەدا تێ بشكێ فڕێ دەدرێتە زبڵدان وتاريكايى ئەوديوى هەستەكان ولاشعور،لەوێ دەتوانێ بەردەوام خۆى ڕێک خاتەوە وەک چەشنێک لە چەشنەكانى ژێرەوەو دۆڕاو وئۆپۆزسيۆن،وەخۆى ئامادەكا بۆ هێرشكردنەوە سەر عەقڵ ولايەنى هەستەوەرى.

ئەم بيرەى هربرت وەک وەرگێڕانى فەلسەفەى هيگڵە لە مل ملانێ ى بەردەوامى فكرو بيرو بۆچونەكان و نەقيزودژەكانيان ،هەموو دايكێک ئاوسە بەدژەكەى خۆى لەلاى هيگڵ .

هەروەها لەلايەكى تر وەرگێڕانى لايەنى فيزيايى مادەيە كە بوون و بەردەوامى ماده واتە بوونى ناوكێكى پرۆتۆن و نيۆ ترۆنى و بوون وسوڕانەوەو كارلێكى ى بەردەوامى ئەلكترۆنەكان لە خولگەكانى دەورى ئەو ناوكە، ئەگەر ئەم ناوک وخولگەو ئەلكترۆنانە نەبن ،واتە مادەبوونى نيە، هەربەوشێوە ئەگەر ئەم فكرانەو ملانێ كەيان سەركەوتن وبەزينيان نەبێ ،جيهانى شعورو لاشعورو ئايديالزم وديالێكتک ى هربرتى وهيگڵى وفرۆيديش بوونى نيە.

هەژموونى هربرت لە كۆتايى سەدەى نۆزدە زۆر بوو، بيردۆزەكانى بەبرفراوانى بڵاوبوونەوە،بۆيە گومان لەوەدانيە كە كاريگەرى لەسەر فرۆيد هەبووە، هەروەها فەيلەسوفى فەرەنسى هەنرى برجسۆن،كە تێڕوانينەكانى لەبارەى خەونەوە لەپێش فرۆيد هەبوون ولەهەموو تێڕوانينەكان لەسەرخەون ڕێكخراوتر وگونجاوتربوون.

برجسون پێ ى وابووكە هەموو خەونێک چەندهەستێكى كردارى هەيە كەناوک و وروژێنەريەتى، بەڵام ئەم هەستە ناوەكيە ناڕۆشن وبێ بەهاو لێڵە.

جالەم كەرەستە خاوانەى خەون ڕوداوەكانى خەون پێک دێ،بەڵام ناتوانێ بەتەنيابوونى هەبێ، شتێكى ترهەيە كە خەون پێويستى پێ يەتى بۆديارى كردنى وێنەى چەشنى خەونەكە،ئەو شتەش تەنيا زاكرە و بيرهێنەوەيە.

برجسۆن لەوانە بوو کە باوەڕیان وابوو کەهەموو زاکرە دەمێنێتەوە وفەنا نابێ ونامرێ،چونکە هەموو ژیانی ڕابردووی مرۆڤەکە لەزاکرەی دا پارێزراوە،تەنانەت ئەو وردەکاریە زۆرانەش کە هیچ گرنگیەکیان پێ نادرێ،.

وەلەوەش گرنگتر کە ئەم زاکرانە هەروەک هربرتیش باسی کردوە،کە زاکرە بەدیاری کراوی هێزی میکانیکییە.هەریەکێ لەو زاکرانە خەبات دەکابۆ گێڕانەوەی تیشک وشەبەنگی بیرکەوتنەوەی هەستەوەری وشعوری.

لە چوارچێوەی ژیانی بێداری دا بەهۆی بوونی کاراکتەری بێداری زۆر بوارهەیە سەرکوت دەکرێ،بەڵام خەو ئەوبارە جەوهەریەیە کە مایەی سەیران وسەفایە،خەودەرگای جادوولێ کراو بەڕووی زەمینەی هەست وشعوردا دەکاتەوە،یادگاریەکان لەو مت بوونە دەبوژێنەوە تالەشەوی ناهەستیاری ولاشعوردا سەمای مردنی گەورەبکەن.

لەگەڵ ئەوەی هەموو یاداشتەکان مل کەچی ئەم ڕادەست کردنەن،بەڵام کەمێکیان نەبێ تێناپەڕن،ئەوانیش ئەویادگاریانەن کە ئامادەی زۆرتریان هەیە کە لەگەڵ هەستی هەنوکەییدا یەک بگرن.

جا یەکگرتنەکە لەنێوان هەست کردنی ئێستاو لەنێوان زۆربەی یادگاریەکانی گونجاو لەگەڵ ڕوداوی خەونەکە ڕوودەدا.

دیقەت گرتن و وردبوونەوە لەم بیردۆزە ناسراوانە
لەسەرخەونەکان،ڕێمان پێ دەدا کە بگەینە دەرەنجامێک کەشایانی گرنگی پێدانە،هەرچەندە ناتوانرێ بکرێتە هۆکارێکی تەواو،ئەم حاڵەش لەسەرزۆربەی تیۆرە زانستیەکان کەلە خوێندنگاکان دەخوێنرێن ودانیان پێدانراوە دەچەسپێ.

لە بەشی پێشوو باسی دوو تێڕوانینمان کرد کەتێڕوانینی ڕووح وعەقڵ بوون، لێرەش هەمان کێشە هەیە ،ئەوەی کە لایەنی لاشعورو ئەودیوهۆشیاری لای دەیان دەروناس وفەیلەسوفی وەک هربرت وبرجستون وفرۆید کردە زبڵدانی ئۆپۆزسیۆنی دۆڕاو، بریتیە لە

بەكارهێنانى ڕوانگەى عەقڵ بۆ بوارێک کەدەبێ بە چاوى ڕوح لێ ى بڕوانرێ، گرنگى دانى شارستانى ڕۆژئاوا بە ڕوکەش وزاهیرى ژیانى دنیاو بەسوک سەیرکردن وباوەڕنەبوونیان بە جیهانى شارەوەو پەنهان وغەیب ،واى کردوە کە ئەوان وەک دەجالى یەک چاو بن ،بەڵام ئەوەى ئەوان بەدۆڕاوو ئۆپۆزسیۆن وپەراوێزبووى دەزانن، ئەفلاتوون وهیگڵ و پێغەمبەرو دینەکان وکتێبە ئاسمانیە کان ئەو جیهانە بە جیهانى هەمیشەیى وڕەسەن دەزانن، وەپێ یان وایە کە جیهانى دیار وبەرهۆش وپەى پێ براوو دەرک کراوە، پاشکۆو سێبەرە،ئەو نەبوو بەڵام جیهانى شاراوەوپەى پێ نەبراو ئەوى بەدى هێناوە بۆ کاتێکى دیارى کراو،پاشان لەناودەچێ، کەواتە ئەو جیهانى شعورە ئەوەندە گەورە نیە،بەڵام گەورە کراوە .

بە کوێرێکى زگماک تابلۆیەى دروست کردوەو کەڕێکى زگماک نۆتەیەکى مۆسیقاى نوسیوە، بێ گومان هەرچەند کوێربە گوێ زۆریش هەستیاربێ کاریگەرى لەسە تابلۆو ڕەنگەکانى نیە ،بەهەمان شێوەکەڕەکەش هەرچەند چاو بەهێز بێ ،لەسەر نۆتە مۆسیقاکە کاریگەرى نیە...

٥-چەمکى خەون لە شیکارى دەروونى دا:

خەون بەوە پێناسە دەکرێ کە چالاکیەکى فکریە بۆ وڵامدانەوەى هۆشداریەک ،یان پاڵنەرێک ڕوودەدا،خەون زنجیرە وێنەو وبیرۆکە وکارلێکێکە کە خۆى بۆ عەقڵى مرۆڤ ڕادەنوێنێ لە کاتى نوستن دا، هەندێک دەروون ناس پێ یان وایە کەخەون کۆمەڵە شانۆگەریەکە کەلە ناو زەین دا نمایش دەکرێ و وێنەى هەندێ لایەنى ئەودیو شعور دەکا لەژیانى خەوتودا،وە وروژێنەرو پاڵنەرى خەونەکان هەندێکیان دەرونین وسەرکوت کراون، یان لە ڕوى فسیۆلۆجیەوە ڕوودەدەن وەک پڕ بوونى گەدە بە خواردنێکى گران پێش نوستن کە دەبێتە هۆى بینینى خەونى ترسناک.

فرۆيد بەدامەزرێنەرى ئەم زانستە دادەنرێ وكتێبە بەناوبانگەكەى ،خەونەكانى لەساڵى

(1899 )بڵاو كردەوە، خەون بەوە شى دەكاتەوە كە دەرەنجامى مل ملانێ ى دەروونى نێوان ئارەزوە سەركوت كراوەكان لە جيهانى دواى هەست لاشعورە لەگەڵ ئەو بەربەرەكانيەى نەفس ودەرون كە هەميشە هەوڵى سەركوتكردنى ئەو ئارەزوە لاشعوريانە دەدا،بۆيە خەون وێستگەى ناوەڕاستە وهەوڵى پێک هێنان وئاشتەواييە لەنێوان ئەو ئارەزوە زۆرانبازانەدا.

خەون لاى فرۆيد كارى پاسەوانى دەكا لە خەووتوو،ناهێڵێ خەوتوو لەخەوببێ،ئەگەر خەوتوو تينووبێ ،ئەوەلە خەون دا ئاو دەخواتەوە،بەم شێوە بەخەوتوويى دەمێنێتەوەو ناچارنيە لەخەوهەستێ تا ئاو بخواتەوە.

بەڵام ئەلفريد ئەدلر(1870 - 1938) پێ ى وابوو كە خەون كارێكى پێشبينى كردنى هەيە و بۆى هەيە ئەوەى لەداهاتوودا ڕووەدا ،بەخەون بزانرێ.

بەڵام كارل يونگ(1874 - 1961) پێ ى وابوو خەون هەربۆ ئايندبينى نيە،بەڵكو ڕەنگدانەوەى چالاكيەكانى ئەوديو هۆشياريە،ئەو پێ ى وايە كە دەگونجێ خەون چارەسەرى كێشەكانى تاک بكاو هاوسەنگى كەسايەتى بۆكەسەكە لەنێوان هۆشيارو ئەوديوهۆشيارى بگێڕێتەوە.

خەون ئەوديو هەست وشعورلاى فرۆيد:

شيكارى دەروونى بەوە پێناسە دەكرێ كە كۆمەڵە تێڕوانين وپەيڕەوێكى چارە كردنە كە سيگمۆند فرۆيد و شوێن كەوتوانى بۆ توێژينەوەلە دەروونى مرۆڤايەتى پەرەيان پێ داوە بەشێوەيەكى دابەش كردنى گريمانەيى وتێگەيشتن لە كارلێكەكانى دەروون كە سێ چەسپاندنى هەيە:

-ڕێگاى پشكنينى عەقڵ.

-ڕێگاى سيستەمى بۆ تێگەيشتن لە هەڵسوكەوت.

-ڕێگاى چارەى دەروونى بۆنەخۆشيە دەروونيەكان .

لە ژێر چەترى شيكارى دەروونى بيست ئاڕاستە هەن كە هەوڵ دەدەن لە ڕووى عەقڵى وڕەوشتى ولە مرۆڤ بگەن وڕێگايەكى تايبەتى بەچارەى نەخۆشيە دەروونيەكان لە ڕێ ى خوازيارى سەربەست و خەون وخەيالەكان.

شيكارى دەروونى :پەيڕەوى شيكارى كارە عەقڵيە لاشعورى وئەوديوهەستەكان و پەيوەندى هەست وئەو ديو هەست ڕوون دەكاتەوە.

ئەوديو هەستەوەرى، لاشعور:

ناوچەيەكێ گريمانەييە لە دەروونداء،پاڵنەرويادگاريەكان وترسەكان وهەستەكان و ويژدان و بيرۆكەو فكرە ياساغ كراوو قەدەغەكراوەكان لە خۆى دەگرێ،كە قەدەغەيە لە هۆشيارى و وەعى دا دەركەون وسەركوت كراون وبوونە گێركوێرەى دەروونى، ئەم ياساغانە بە ڕوونى دەردەكەون لە چوارچێوەى خەونەكان ولاى ئەوانەى نەخۆشى ئەعسابيان هەيە،ئەوانە پاشماوەى ئەو هەست و پاڵنەرانەن كە لە منداڵيەوە مرۆڤەكە لێ يان بێ بەش كراوە.

كۆى ئەو ديو هەستەوەرى لاى كارل يونگ هەيە كە وەهم و خەيالە كەلەپوريەكانى كۆنى گشتى لە خۆ دەگرێ، كەياساكانى ئەوجيهانە جياوازن لە ياساكانى شعورو هەستەوەرى،بەهۆى كاريگەرى ئەوديو هەستەوەرى بيرۆكە وهەستە كەڵەكە بوەكان كە دەكرێ بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەى چوارچێوەكەى ، دوو شێوەو بيرۆكەى لێک جياوازن، كەلە يەكێكدا چڕ دەبنەوە،بيرۆكەكان كەلەوانەيە بگۆڕێن بۆ چەند وێنەيەک،وەک چەمكێكى داتاشراو،چەندين بابەت كە هێمابێ لە ڕێگەى وێنەكانەوە بۆ بابەتى تر،بەيەكچوونى هێماوبابەتە ڕەسەنەكە دەكرێ شاراوەولێڵ بێ.

بەڵۆژيک ناتوانين لە ياساكانى لاشعوربگەين،بۆيە پەنابرايە بەر زانستى دەروون وتێگەيشتنى هێمايى خەونەكان،بەم شێوە جيهانە شاراوەكە بەدەروازەى خەون دا بڵێسەى بوركانەكە فڕێ دەداتە دەرەوەو چەندەها كانزاى دەگمەن وناوازەى تێدايە.

خەونەكان:

خەونى ئاشكرا:چەند بيرۆكەيەكى شاراوەو ئارەزويە ئەوديوى هەستن؛چونكە كاروبنياتى خەون ڕازى كردنێک لەنێوان دووڵاينى دژبەيەكى دەزگاى دەروون كە ئارەزوە لاشعوريەكان وهێزە دژەكانى،بەرەو قەدەغەكردنى ئەو ئارەزوانە،خەون وەک فرۆيد دەڵێ جێ بەجێ كردنێكى وەسوەسەى ئارەزويە،نەخۆشيەكانى ئەعساب يان بەبێ پاڵنەرن،يان نەخۆشى بێ هودەوبێ واتان، نەخۆشى عەسەبى بوون ودەروونى بەڕێگەى خۆى تەرجومەو وەرگێڕدراوى ئامادەبوونى زاڵى دەسەڵاتى ئارەزوە.

بەم شێوە ئانا كە چاودێرى باوكى دەكا كە باوكى لە حاڵى گيانە ڵادايە،دابەش دەبێ لەنێوان خۆشەويستى بۆ باوكى لەلايەک ولەنێوان ئارەزوو و خولياو تامەزرۆيى بۆ سەربەستى.

نيشانەكانى نەخۆشيەكانى ئەعساب و هەستەوەرى ،هەستيريا،فۆبيا، كرداری بەزۆری ،، هتد،ئەمانە چەند جێگۆڕكێ يەكى شێواو وناشيرينى نەخۆشى ئەعسابن،وەک دەربڕينێک بۆ ئارەزويەكى كپ كراو،نيشانەكانى عەسەبى وهەستەوەرى هەڵچون نيشانەى بوونى سەركووت كراون، پێک هاتەكان ڕێ بە كەسى ئارەزوو سەركوت كراو دەدەن كە دواجارسەركەوێ لە گەمارۆدانى هەست وشعور كە لەمەوبەر لێ ى قەدەغەبوو،ئێمە كە دبينە ژێركەووتووى نەخۆشيەكان ،تابەوهۆيەوەبتوانين جێگروبەديلمان دەست كەوێ،كە گەيشتنە بە چێژوەرگرتن كە لە ژيانمان لێمان قەدەغە كرابوو.

شيكردنەوەى خەونەكان كارێكى ئاڵوگۆڕ كراوە لەنێوان دوو كەس وزياتر ،هونەرێكى شێوەديارى كراوو دەق بەستوە.

زانستى لێكدانەوەى خەونەكان پشت بە

هەڵوێستى دەروونى بۆكەسەكە، چونكە خەون دەربڕينى چالاكى بازنە ديارى كراوەكانە لە مێشكدا كە خەوتوو دەركى دەكا بە چەند كەوتنێک

لەوەوە كەلە چوارچێوەی دا هەست وئارەزوەكان و مل ملانێ دەرونیەكانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە..

ژیانی ئەزموون وخەوتوویی دەری دەخاكە خەون شانۆی ئەو بیرۆكانەو هەستانەیە كە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەرگیز هۆشیارنەبوون ،لە مرۆڤەوە هێزێکی شۆک کەرلە داهێنان ی جۆرەها هێما دەردەفرتێ بەشێوەیەکی خۆڕسک و هەڕەمەکی .

شیکردنەوەی فرۆید بۆ خەونەکان خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆ نیەبۆ هێماکانی خەونەکە،بەڵکو بەرهەمی کارێکی پتەوو هێواشە لە لغاوی ئەو هێمایانە بەوەی کە لێکدانەوەی خەونەکە ئاسان بکابە دۆزینەوەی شاراوەو داپۆشراوەکان، بە بەڕێوەبردنی ئەو هێمایانە بەشێوەیەکی نوێ بەبەشوێن پێ هەڵگرتنی ئەو دەربڕاوەی لە یەکەمی شاراوە بۆ دووەمی ئاشکرا تەواوبوە .

پوختەی قسە ،خەون لای فرۆید دەربڕینی دەستەواژەکانە دوورلە شوێنی شیاوی خۆی.

بەڵام خەون لای بۆینگ وەسفێکی وردی هەڵوێستی هۆشیاری ئێستایە،دەگونجێ کە ئەوحاڵە لەسەرشێوەی چەند تارمایی وتیشکێکی بینراوو شەبەنگێک وچەند دەنگێکی بیستراو لە بێداری دا دەربکەوێ.

فرۆید وخەوننامەکەی:

عبیر قاسمی دەڵێ:

کتێبی "زانستی خەونەکان" ی باوکی شیکاری دەروونی سیکموند فرویدە،یەکێکە لە کتێبە زانستیە بەناوبانگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.

لێکدانەوەی خەونەکان لە کۆندا کەرەستە خاوەکانی لە هێما زیندوەکان وەردەگرت،هەتا ئێستاش زۆرێک لە خەڵکی خەون لەسەرشێوەی کەلەپوری کۆن لێک دەدەنەوە،وەک کەلەپوری جولەکەوئیسلام، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کەشێوە خەونێکی هاوبەش هەیەلەسەر ئاستی گەلان

وبەدرێژایی چەند قۆناغێکی ڕۆشنبیری جیاواز وتایبەتمەندێ دینی گشت کۆمەڵگا.

مرۆڤایەتی خەونێکی چارەنوسی هاوبەش دەبینێ .

بە درێژای مێژوو خەونە تاکە کەسیەکان سەربە مێژووێکی دوورو درێژە لە شێوەژیانی کۆمەڵگا، چونکە خەونی مرۆڤ لەم سەدەدا زۆرێک لە خەونەکانی مرۆڤی کۆنی هەڵگرتوە،ناهۆشیاری ولاوعی کەڵەکەبوو لە هەموو ئەزمونەکانی مرۆڤایەتی لە دایک لەبەرەبەیانی مێژووەوە لە دایک دەبێ، ئەوە زاکیرەو هاردی مرۆڤایەتیە لە ڕۆژی لە دایک بوونیەوە.

شیکەرەوەی دەروونی کارل گۆستاف یۆنگ ئەم چەمکەی لە سەدەی بیست داڕشتوەو ولە توێژینەوە شیکاریەکانی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی عەقڵێکی باتنی گەردوونی هەڵگری زاکرەی دوور ودرێژە کەگشت هێماکان وئەزمونەکانی کۆکردۆتەوە، ئەفسانەکان دەروازەی ئە لاوەعیە کەڵەکە بوەیان پێک هێناوە.

لەگەڵ من پیاوێکی پیری حەکیم بەڕیشێکی سپی وپڕ ودجداشەیەکی سپی و داردەستێک بێنە پێش چاوی خۆت ، هەموو خەڵکی سەرزەوی هەمان شێوە دەبینن کە بیانەوێ خەون بە چەمکی حکمەت وزاکرەی گەلانەوە ببینن.

بۆینگ دەڵێ خەون وێنەی حاڵەتی دەرونی ناوخۆی کەسەکە دەدابەدەستەوە،بەڵام عەقڵی هۆشیار نکولی لەو حاڵە دەکاودەڵێ هەربوونی نیە،بۆیە کاتێ ئێمە لە لێکدانەوەی خەونەکان وهەستە شاراوەکانمان پەنابەرینە بەر عەقڵی هۆشیار،ئەوەبۆهەمیشە دەبێ لە گومان وشەک ودڵەڕاوکێ دابژین،وە خەونیش لە جیهانی

نائیرادی و ناهۆشیاری ولاشعورەوەدێ،

وە نوێنەری باری ناوخۆوباتنی تاکە.

هەرچەندە کە قاسمی سەرەتا زۆر وەسفی فرۆیدی کرد بەڵام باسی هربرت وبۆینگ وهەمووانی کردو چوەناو کۆمەڵناسەکان،کەچی تائێستا

هیچی لە بارەی شیکاریە دەرونیەکەی فرۆید پێ نەگوتوین، هەرچەندە کە فرۆید هیچ داهێنانێکی وای نەکردوەو ئەو خوێندنگایەی ئەو تەنیا داڕشتنەوەی ئاڕاستەکردنەکانی هیگڵ وهربارت وبرجستۆنە ،کە بۆینگ لەفرۆید کارامەتر دای ڕشتۆتەوە.

وەک ناساندنێکی خێرا بۆ تیۆری فرۆید ئەم چەند وێستگە لە بیردۆزەی فرۆید بخوێنەوە:

١-تیۆری شیکاری دەروونی/لەداهێنانی فرۆید.

فرۆید ڕەشبینانە سەیری مرۆڤی کردوە،،تاک لای فرۆید هەمیشە لە مل ملانێ دایەلە نێوان پاڵنەرە جیاوازەکانی،لەنێوان ئەوەی کەتاک دەیەوێ ولەنێوان ئەوپاڵنەرانەی کۆمەڵگا ڕەتی دەکاتەوە،،تاک هەمیشە لە دڵەڕاوکێ دایەلە ئەگەری پێشبینی دەرچوونی ئەو شارەزایی وهەستە دژوارانەی سەرکوت کراون لە لا شعوردا.

هەست:الشعور:ژیری هۆشیار.

ئەوناوچەی هۆشیاری تەواووپەیوەندیە لەگەڵ جیهانی دەرەوە دائەم هەستەبەشی دەرەکی کەسایەتی مرۆڤە.

دوای هەست کردن، اللاشعور:

ژیری دوای هۆشیاری.

هەستی دوای هەست کردن ڕوبەرێکی فراوانی لەکەسەیاتی پڕکردۆتەوە،ئەم بواره هەموو هەستە سەرکوت کراوەکان ویاساغ کراوەکان دەگرێتەوە کەلای مرۆڤ جۆرێک لە ڕەتکردنەوەو شەرمەزاری دەوروژێ،کەزۆر سەختە داخوازبکرێ،چونکە هێزی سەرکوتکەر دژی دەرکەوتن وئاشکرابونیەتی،ئەم دوای هەستانە بەشێوەی خەون وقسەبزرکاندن وقەڵەم هەڵخلیسکان ،،،،هتد،خۆیان دەردەبڕن .

پێش هەستەوەری:ئەوشاراوەیە لەخۆدەگرێ کە لە هەست کردن دانیە،بەڵام ئاسانە داوابکرێ،وهەستی پێ بکرێ، وەکو یادگاریەکان، ناسراوو زانراوەکان..

دەزگاکەسایەتیەکان:

فرۆید سێ دەزگای لای کەسایەتی مرۆڤ لێک هەڵوێژاردن ،

الهو،،ئەو.

الانا،،منەکە.

الانا الاعلی،،منی بەرز.

بۆهەریەکێک لەم دەزگایانە پێک هاتە وتایبەتمەندی خۆی هەیەوهەڵسوکەوتی تاکەکان لە بنچینەدا دەربڕینی ئەو کارلێک و مل ملانێیانەیە کەلە نێوان ئەو دەزگایانەدا ڕووەدا.

پێناسەی الهو ،ئەو:ئەوبەشەیە لەدەرونی مرۆڤایەتی کە حەزی لە تێرکردنی ئارەزوەکان وحەزەکان وهەستە سەرکوت کراوەکانە ،بێ گوێ دانە ڕەوشت وبەهاوبنەماوباوونەریتەکان،

بەڵکو ئەوبەئاڕاستەی بنەمای چێژوەرگرتن بەڕێوەدەچێ .

پێناسەی انا الاعلی: ئەوبەشەیە لەدەرونی مرۆڤایەتی کە ڕەتی دەکاتەوە کە حەزەکان تێربکا نەبەڕێگەیەکی ڕێ پێدراو ،نەبە ڕێگەیەکی ڕێ پێ نەدراو، منی باڵا لە هەموو ڕوویەکەوەپێچەوانەی دەزگای الهو،ئەوە،ئەم دەزگایە بەئاڕاستەی میسالیەت وئایدیالیزم ونمونەیی وجیهانی باڵا کار دەکا.

پێناسەی الانا،منەکە: ئەوبەشەیە لەدەرونی مرۆڤایەتی کەڕۆڵی مام ناوەندی دەبینێ وپردێکە لەنێوان داواکاریەکانی الهو وداخوازیەکانی الانا الاعلی، منی باڵا،وەهەوڵ دەدا هەماهەنگی لەنێوانیان بکاو بەیەکەوە بیانگونجێنێ، بەئاڕاستەی بنەمای واقعی بوون کاردەکا.

ئالێرە دەتوانین بڵێین کە کەسایەتی کاتێک پێ گەیشتوو دەبێ وخاوەنی دەرونی دروست دەبێ کە الانا ،منەکەی بەهێزبێ وبتوانێ پێکهاتن لەنێوان داواکانی انا الاعلی و الهو دا بێنێتە دی ، بەڵام کە الانا لاوازبوو ،ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە الهو بەسەرلایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی دا زاڵ بێ، بۆیە دەبێتە کەسایەتیەکی لاڕێ بووو هەوەس بازوئارەزووباز .

بەڵام کە انا الاعلی بەسەرکەسایەتی دا زاڵ بوو، ئەوەکەسایەتیەکە دەبێتە کەسایەتیەکی ڕەق ودەق بەستو وداخراوونەخۆش وئاڵۆز،..

گەشتێک بەناو خەونەکانی فرۆید دا:

بەملیۆنان نوسخە لە کتێبی لێکدانەوەی خەونەکانی فرۆید فرۆشراوەوبەهەزاران توێژینەوەی لەسەرکراوە، ڕیزبەندی کڕینی ئەم کتێبە لە ئەوروپا لە دوای تەورات وئینجیل وشانۆگەریەکانی شکسپیر زۆرترین کڕیاری هەیە.

فرۆید لە لایەنگرانی ڕەوتی سروشتی دێتە ئەژمارکردن،زۆر پشت بە دیاردە سروشتیەکان دەبەستێ لە شیکاری خەونەکان ودەرونەکان دا،فرۆید ماهیەوچۆنێتی خەون بەوە شی دەکاتەوە کەدەرەنجامی مل ملانێ ی دەروونی نێوان ئارەزوە سەرکوت کراوەکان لە جیهانی دوای هەست لاشعورە لەگەڵ ئەو بەربەرەکانیەی نەفس ودەرون کە هەمیشە هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو ئارەزوە لاشعوریانە دەدا،بۆیە خەون وێستگەی ناوەڕاستەو هەوڵی پێک هێنان وئاشتەواییە لەنێوان ئەو ئارەزوە زۆرانبازانەدا.

خەونی کۆن وبەدیاری کراوی خەونی سیاسی ودینی پاشەکشەی کرد،خەون لەسەردەمی فرۆید بوە دیاردەیەکی خودی وکەسی، بەڵام بەهایەکی گەورەی لە توێژینەوە پەیوەستەکان بە دیاردە دەرونیەکان پەیداکرد.

خەونەکان لای فرۆید بۆکات بەسەربردنی ڕۆژنین،فرۆیدو بۆینگ لەوەدا ڕێکن کە خەون ئەزمونێکی تاکە لە ڕابردوو ولە لاوعی وناهۆشیاری ماوەتەوە وئێستا بە لێڵی لە خەونەکان دەردەکەوێ.

بەڵام لەوەدا جيان كە فرۆيد دەڵێ ئەم سەركوت كراوەى لاوعى هۆكارو سەبەبى ئەو خەونەيە كە ئارەزوە سەركوتكراوەكانى منداڵى ئەوكەسە تێردەكا،بەڵام كارل بۆينگ پێ ى وايە ئەو لاوعيە لە ئاستى تاك و ڕابردوو دەردەچێ ولەوێ لاوعى مرۆڤايەتى يەک دەفرەو بەش بەش ناكرێ،بۆيە بەهەموو سەركوت كراوەكانى مێژووى مرۆڤايەتى هەرلەكۆنەوە تائێستا دەبێتە يەكەى پێک هێنەروبنچينەى خەونەكان وهێماكانى خەون .

بۆينگ بە تێڕوانينێكى ئەفلاتونيانە دەڕوانێتە لاوعى ،وەک ئەوەى پێمان بڵێ كە جيهانى باڵا يەک تاک ويەكانە بوو،ئێمە بەلاشەكانمان ئەم ڕوحە تاقانەمان پارچە پارچە كردو كردمانە ملياردەهاڕوح ،بۆيە كە ئەو ويست وئارەزوە لەوڕوح ونەفسە پارچەپارچەكراوانەى ئاوێتەى مشتە خۆڵەكە بوون كەڵەكە دەبن لە هەزاران ساڵدا،لە جيهانى لاوعى دەبنەوە يەک لاوعى ويەک ناوەندو لەوێوە تەغزيە وبژێوى گشت خەونەكانى مرۆڤايەتى دەكا.

بەڵام فرۆيد وادەبينێ كە خەون دەربڕى جيهانى لاوعى تاكەكەيە،هەروەهاڕەنگ دانەوەى نەرێنى ئارەزوەكانە،پێويستە كە مامەڵە لەگەڵ هێماى خەون بەوشێوەبێ كەلەخەونەكەدا دەردەكەوێ،وەک ئێمە لە بەرامبەر دوو ڕێكخراوبين،ڕێكخراوێكى ڕێنماكەرو يەكێكى ڕێنمونى كراو،گرنگتريش لەمە كە فرۆيد بۆيە هەموو خەونێكى گرێداوە بە ڕابردووى سەركوتكراوى خودى تاكەكەوە ووەک بۆينگى نەكردوە، تا لە قۆناغى شيكارى دەرونى تاكەكان دەرچێ وچارەسەريشيان بۆ بدۆزێتەوە، كە ئەمە بە بۆچونەكەى بۆينگ ناكرێ ،چونكە مرۆڤ لاى خەونى باپيرەگەورەى دەبينێ وئارەزوەكپ كراوەكانى ئەوان لە خەون بەرجەستەدەكا.

بۆيە ئەوانەى هۆگرى فرۆيدن،پێ يان وايە كە فرۆيد دەربازكەروپاڵەوانى ڕزگاركەريانە لە ئەفسانە وديماگۆجيەتى چەندين سەدە،بەڵام فرۆيد لەم مەيدانەدا زۆر توشى تيرۆركرانى تيۆريەكەى وبچوک كرانەوەو

سوكايەتى پێ كردن وتاوانبار كران بەوەى خولياى هەوەس بازيە تۆمەت بار كراوە.

ئەم تيۆريە واى كرد مرۆڤى ئاسايى و ڕۆنەچووش لە دەروونناسى بتوانێ لە خەونە هاوبەشەكانى مرۆڤايەتى تێ بگا.

بۆنمونە:

كەوتنە خوارەوە لە شوێنى بڵندەوە ،كە؟خەونێكى زۆربڵاوە،ئەوەدەردەخا كەخاوەنى ئەوخەونە بە قۆناغێكى بێزارى وسەخت دا ڕەت دەبێ و كێشەيەكى هەيە نازانێ چۆن لێ ى دەرچێ.

چونە ناو تاقيكردنەوە بە زەينێكى خاڵى،ئەم خەونە ڕەنگدانەوەى ترسانە لە بەرپرسيارێتى پيشەيى وخێزانى.

چاودێرى كران وڕاونان لەلايەن كەسێكى نامۆوە/مەترسى هەيە وناتوانێ هاوار كا:

واتاى دوودليەلە دانى بڕيارێكى گرنگ وچارەنوس ساز،يا جانبازى كردن؟بۆ بەشدارى لە بەديهێنانى ئاواتێك ،كە بەدى هاتنى نيمچە مەحاڵە.

لێخوڕينى ئۆتۆمبيل و لەدەست دانى كۆنترۆڵ لەلێخوڕين،:ئەم خەونە ڕەنگدانەوەى لەدەست دەرچونى كاروبارێكە،وەک تاقى كردنەوەيەكى گرنگ ،يان بەستنى پەيوەنديەكى نوێ.

ڕووت وقووتەولە شوێنێكى گشتى دايە:ئەمە خەونێكى بێزاركەرە،لە ڕاستى دا ڕەنگ دانەوەى ترسێكە كە نهێنيەكى شاراوەى هەيەو دەترسێ ئاشكرابێ،يان درۆيەكە كە پەردەى لەڕووهەڵماڵرێ.

ئەوەى كە قاسمى لەبارەى فرۆيدەوە گوتى زۆر ئاساييەو ئەو جۆرە لێكدانەوانە لە پێش فرۆيديش بۆ خەون كراون، بەڵام ئەوەى كە زياتر فرۆيدى بەناوبانگ كردو واى كرد كتێبەكانى ببنە كێ بەركێ كەر لەگەڵ كتێبى پيرۆز ئەو مل ملانێ يە بوو كە لەسەدەى نۆزدە لەنێوان كنيسە و ئەو كەسانە هەبوو كە دژايەتى كنيسەيان دەكرد، بەڵام فرۆيد ئەگەرهەربەم چوارچێوەى خەون لێكدانەوە خەريک بوايە،نە كنيسە

دژایەتی دەکردو نەئەوەندەش بەناوبانگ دەبوو،بەڵام فرۆید بەپشت بەستن بە ئەفسانەی ئۆدیبی یۆنانی هەموو دینەکانی کردنە زادەو دەرەنجامی کێ بەرکێ یەکی جنسی ناشەریفانە، بەمەش نکولی لە وە کرد کە پەروەردگارێک دینەکانی ناردبێ و شتێک هەبێ بەناوی ڕوح و وەحی ،ئەمە بوو کە فرۆیدی هێنایە ناو گۆڕەپانی کنیسە.

ئێستا کە ئەوروپا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست تائێستا ئەو دژایەتیەی لەدژی کەنیسە ودینەکان وڕوحانیەت بەگشتی نەماوە ،بۆیە ئەمە لە کڕین وفرۆشتن وژیان ڕەنگی داوەتەوە.

فرۆید لە بۆچونەشیکاریەکەی تەواو باوەڕی بە جیهانی ئەودیو هەست هەیە ،کە جیهانی ڕووحە، ئەی بۆ باوەڕیشی بەوەنەهێنا ئەو جیهانی ڕووحە نیگاو دینەکان وکتێبەکان وپێغەمبەرەکانی ناردوە؟؟ ئەوە بەریەک کەوتنێکە لە تێڕوانینی فرۆید ،بەریەک کەوتنی تریش لە شیکردنەوەی خەونە جنسیەکانە ، ئەوەتا قاسمی دەڵێ:

خەونە جنسیەکان:

خەونە جنسیە کان لای خەڵک مایەی شەرم کردنن،چونکە خەڵک وای لێک دەدەنەوە کە ئەوانەی خەونی جنسی دەبینن، پیاوو ژن، حاڵەتی سەرکوت کردنی جنسیان هەیەو لە ژیانی جنسیان لەگەڵ هاوسەرەکەیان بەختەوەرو ڕازی نین وبە هاوسەرەکەیان چاویان بڕنابێتەوەو لەڕووی جنسەوە تێرنابن،ئەمەش بۆ ژن ومێردەکان بێزارکەرە،.

بێگومان ئەم بۆچوونە هەڵەیە، خەونە جنسیەکانیش سروشتین،نابێ ببنە مایەی دڵە ڕاوکێ،زانستی دەروناسی گەیشتۆتە لێکدانەوەبۆ زۆرێک لە خەونە جنسیەکان،وە تیۆریەکانی لێکدانەوەی خەون هەرچەند لۆژیکیش بن ،بەڵام لە ڕاست دەرچونیان هەر ڕێژەیین،وەک هەموو تیۆریەکانی تر، هەتا کاتێکی زۆر نزیکیش وادەزانرا کە گەردیلە بچوکترین یەکەی ماددەیە،حەقیقەت وڕاستی ڕەها بوونی نیە،هەروەک ئەنیشتاین دەڵێ:هەرچەندە هاوکێشە و بنەماو ڕێساو یاساکان لە واقع وژیانی ڕۆژانە

نزيكتربنەوە ناجێگيرتردەبن،وەھەرچەندە جێگيرونەگۆڕتربن لە واقع وچەسپاندن دوورتر دەكەونەوەو لە ئايديالیزم و نمونەيى نزيک تردەبن. .

خەونى جنسى زۆربلاوە ،بونيشى ئەوە ناگەيەنێ كە خاوەنى ئەو خەونە ڕەگەز بازو ميسليە،بەڵكو ڕەنگدانەوەى پەيوەنديەكى پڕ متمانەى پتەوە لەنێوان خەون بين وئەو كەسەى لە خەونيدا جوت بوونى لەگەڵ دەكا،جاھاوڕەگەزى بێ،يان ڕەگەزى بەرامبەرى بێ.

ئەو شەرمەزاركردنەى ھاوسەرەكان بە پێ ى لێكدانەوەى فرۆيد ڕاستە ،خەون كە ئارەزوى كپ كراوى تێرنەكراوە تائێستا ،واتە ئەو كەسە ھاوسەروبەرامبەرە نەى توانى ئەو پێداويستيە بۆ بەرامبەرەكەى دابين بكا، بەڵام بەدرۆ خستنەوەو ھەڵبوونى ئەو بۆچوونە ، گوتەوبۆچونى عەبير قاسميە وھى فرۆيد نيە، وە ئەوەشى ڕوون كردۆتەوە كە تيۆرى فرۆيدیش وەک ھەموو تيۆريە فيزيايى و زيندەوەرزانيەكان تەنيا بۆ سەردەمێک ڕاستەو پاشان بەدرۆ دەكەوێتەوەو ڕاستى ڕەھا لەبوونەوەردا نيە، وەک سۆفستائيەكان لە ھەزاران ساڵ لەمەوبەرئەمەيان دەگووت وئەنيشتاينيش لە بيردۆزەيى ڕێژەيى بوون ئەم ڕاستيەى دەرخست كە تەمەن وكات و شوێن وتێگەيشتن وپێزانينەكان ھەموويان ڕێژەيين وڕۆژێک دەبێ دەبنە كۆمەڵێک ھەڵەو ناڕاست.

دەروازەى پێنجەم :

خەون لاى عبد الرحمانى ئيبن خەلدون(1332-1406)

ئيبن خەلدون لە موقەديممەكەى دا دەڵێ:

بنچينەو حەقيقەتى خەون بريتيە لە پەى بردنى لۆژيكى دەرون لە سەر شيوە روحانيەكەى ,بە چەند چاوتروكانيك بە روداوو پيشھاتەكان. چونكە ئەو دەرونە لە كاتيكدا كە لە سەرشيوەى روحە ,وێنەى ڕوداوو پێش

هاتەكان هەمووى لەو روحەدا هەيە، چونكە هەموو زاتە روحانيەكان ئەم روداوانەيان بە كردەوەو فعلى تيدا هەيە, ئينسانيش بەوەدەبێتە مرۆڤيكى روحانى كە لە كەرەستە جسمانيەكانى و دەرك كردنە بەدەنيەكانى خۆى داماڵێ , جا ئەم چاوتروكانە ،كە لەكاتى نوستن بۆى ببێ، ئەوە خەونە, - دياردە لاى ئيين خەلدون دەكرێ ئەم چاوتروكانە لە حالەتى نەخەوتنيش بۆى بێ وەك كەشف وكەراماتى عيرفانى- جالەم لمحەو چاوتروكانە ئەو كەسە زانستێك پەى پێ دەباكە عەودال و خولياپەتى لە بارەى ئاينده،يان هەربابەتێكى تر وەردەگرێ,و دەى هينيتەوە بۆ خەزينەى پەى پێ براوەكانى، جا كە ئەم وەرگرتنە لاوازو شاراوە بوو بەوەى كە لەسەر شيوەى پەند و گێرانەوە بوو,ئەوە پێويستى بە ليكدانەوەو تەعبير هەيە , جارى واشە وەرگرتنەكە بەهێزەو هيچ خەيال و ئەنديشەو پەندى پێوە نەلكاوە و پيويستى بە تەعبير كردن و ڕاڤە كردن نيە – واتە وەك چۆن خەونەكەى ديوە، ديتەدى-

هۆى رودانى ئەم چاوتروكانەش بۆ نەفس ، چونكە نەفس بونەوەريكى روحانيە بەشيان وتوانا,بەلام بەهۆ ى لاشەو دەرك پێ كراوەكانى لاشە تەواو ى كەمالەكەى دەر دەكەوێ.

هەتا كو ئەم شيانى روح و دەر كردنە بەدەنيە لە شيوەى عەقڵێكى صافى دەردەكەوێ، ئەم شيانە روحانيە بوونى خۆى تەواو دەكا بەكردارى و دەبێتە زاتێكى روحانى و دەرك كەر بە هەندێ زانيارى بەبێ بەكار هينانى ئامرازە بەدەنيەكان ,جا ئەم ئامادەكاريە ,هەندێ جار بۆ ى دەست دەكەوێ ئەوەندەى ئەو روحە لەو لاشە دا بێ, وە هەندێ توانای تايبەت بە روحى ئەولیا وعارفان هەيە, وەهەندێ جاريش هەموو مرۆڤايەتى بەشدارن لەو پەى بردنە وەك ئەو خەونانەى كە دەيبينن.

بەڵام ئەو توانايە لای پەيامبەران توانای داماڵرانى گشتگيرە لە مرۆڤايەتى يەوە بەرەو فريشتەيى, كە ئەمەش ترۆپكەى هەرەبەرزى روحانياتە,ئەم

حالەتەلاى پەيام بەران هەمو جارێ لەكاتى هاتنى وەحى دا بۆيان دوبارە دەبێتەوە , كاتێ پەيامبەرەكە لە دەرك كردنە بەدەنيەكانى عروج دەكابەرەو عەرش بڵند دەبێ ودەربازى دەبێ لەو كاتەدا هەست بە دەرك كردنى نزيك لە حاڵەتى نوستن دەكا ,,بەڵام ئەم حاڵە لە كاتى نوستن زۆر بەهێزترە,,جا بۆيەفەرمودەكە خەون بە بەشيك لە چل وشەش بەشى پيغەمبەرايەتى دەزانێ,وەلەهەندێ گێڕانەوە چل وسێ ولە هەندیكى تر حەفتا بەش .

وە ئەوەى هەندێك كەس لەم فەرمودە باسيان كردوە كە ماوەى پيغەمبەرايەتى چل وشەش نيو سالەو شەش مانگى بۆ خەونە، زۆر دوورە لە راستى،چونكە ئەوە لە يەك پيغەمبەردا هاتۆتەدى و چۆن بزانين كە ئەم ڕێژەونيسبەتە لاى پەيامبەرانى تريش بزانين؟!وە ئەم بۆچونە زەمەنيكى ديارى كراو دەداتە خەون ,بەلام فەرمودەكە باسى ريژەى راستەقينەى خەون دەكا لە وەحى و پيغەمبەرايەتى دا,جا كە ئەوەت زانى كە باسمان كرد كە واتاى ئەو بەشە بريتيە لەو ئامادیيى يە روحيەى كە ئامادەبونيكى مرۆڤە دەروون خۆڕسک و فيترەت سەليمەكانە كە پيغەمبەرانن,هەرچەندە ئەم فيترەتە سەليمە لە بنچينە هەمو مرۆڤەكان تياى دا بەشداربوون بەلام چەند لەمپەرو رێگر نەى هيشت ئەم ئامادەيى يە بۆ جگە لە پەيام بەران بمينيتەوە,]

هەرچەندە بڕيارم دابوو كە ڕابۆچوونەكەى ئيين خەلدوون هەموو بگوازمەوەو هيچ ڕاڤەو هەڵسەنگاندنێكى بۆ نەكەم ،بەڵام ئەم بۆچوونەى ئيين خەلدوون ،ئەوەى لێ دەخوێنرێتەوە كە هەموو ئەوانەى دەتوانن بەڕێگەى تەزكيەو ڕيازەى دەروونى وڕام كردن وسەركەوتن بەسەر لەمپەرى هەستەكان دا بەدەست بێنن، دەتوانن ببنە پەيام بەر وساتە لەمحەو چاوتروكانە كانى پەى بردنى ڕوحيان بۆ جيهانى پەنهان وشاراوە بكەنە ديارديەكى ڕۆژانەو هەموو ڕۆژێ چەندين جار وەحيان بۆبێ و حجابيان لەسەر چاو لاچێ ،بەمەش دەتوانن بگەنە پلەى پێغەمبەران ،ئەم بابەتە لاى هەندێک لە قوتبەكانى ئەهلى تەزكيە وعرفان وهەندێک لە

فەيلەسوف و عەقڵانيەكانيش باس كراوە، تەنانەت ئەو تۆمەتەى كە جەمال الدين ئەفغانى بەهۆيەوە بە دەرزى ژەهراوى پێ ى تيرۆر كرا لەلايەن سوڵتان عبدالحميد هەر ئەوەبوو كە ئەفغانى بەوەتاوانبار دەكرا كە دەيگووت مەقامى پەيامبەرێتى ،پايەكى موكتەسەبەو ئەوەى كە هەوڵ و كۆششى ڕوحى پێغەمبەران بكا دەتوانێ وەك ئەوان ببێتە پێغەمبەر، ئەم بابەتەم لەشانۆگەرى سوڵتانى مەزڵوم دا باس كردوە بەدرێژى..

ئەم بابەتە نەك كەم وكوڕى نيە بۆ پێغەمبەران، بەڵكو واقعى مێژووى دووروودرێژى مرۆڤايەتى شايەتى ئەوەيان بۆدەدا ،كە ئەگەر مەقامى پێغەمبەرێتى موكتەسەب بێ، ئەوەهەزاران ساڵە ئەو پەيام بەرانە سەلماندويانە كە ئەو جوهدو كۆشش و پەرستش و خۆپاک كردنەوەى ئەوان كردوايە ،تائێستا كەس نەى كردوە،بۆيەش كەس شايانى ئەو مقام وپايەى ئەوان نەبوەو نەگەيشتۆتێ..

درێژەى بۆچوونى ئيبن خەلدوون لەسەرخەون،،

[ وەگەورەترين ريگريش لەبەردەم ئەم ئامادەيى يە روحيە حجاب وپەردەى هەستەكانە, جا كاتێ ئەم حجاب وپەردەى هەستەكان لەكاتى خەودا لەلاى هەندێک لە مرۆڤان هەل دەگيرێ, وە نفس وروح لە ئامرازە هەستەوەرى وشعورى وحەواسيەكان دەربازى دەبێ و لەكاتى بڵند بونى دا لە جيهانى حەق ئەو حەقيقەتانە دەبينێ كە بۆى عەوداله ,,ئەوەش ئەو چاو تروكان و لەمحەيە كە پەى پێ دەبا و لە فەرمودەدا ئەمە بە مژدەدەرو موبەشيرات ناسراوە كە دەفەرموێ: هيچ بەشيك لە پيغەمبەرايەتى نەماوە تەنيا مژدەكان ومبشرات نەبێ , مژدەكانيش ئەو خەونەباشانەيە كە مرۆڤى باش بۆخۆى دەبينێ، يان خەلكى تر خەونى باشى پێوە دەبينن,]

لێرەئيبن خەلدوون چەند سەد ساڵ پێش فرۆيدو هەربارت وجرجستۆن، ئاماژەى بە بوونى جيهانى ئەو ديو هەستەوەرى وشعور كردوەو كاريگەرى ئەو جيهانى ئەوديوهەستەوەرى زۆرە لەسەر خەونەكان

وخەونەكان چەند لە لاشعور نزيک بن ئەوەندە ڕاستترو زياتر بە وەحى ونيگا دادەنرێن ..

ئيبن خەلدوون لەدرێژەى بۆچونەكانى دەڵێ:

[بەڵام هۆى هەڵگيرانى پەردەوحجابى هەستەكان لە كاتى خەودا ,لە بەر ئەوەيە كە نەفس و روحى ناتق و قسەكەر هەمو هيزو شيانەكانى بە روحى حەيوانى و جسمانيەوەيە, ئەم روحە هەڵمێكى لەتيف و بێ رەنگە و بنكەكەى لاى چەپى دڵە هەروەك جالينۆس باسى كردوە,ئەم روح ونەفسە ناتق و بوێژەوبێژەرو قسەكەرە ,لەگەڵ خوينبەرەكان ودەمارەكاندا لەگەڵ خوين دێ ,ئەم روحە ونەفسە ناتقەيە كە هەست وجوڵە و هيز دەداتە هەمو ئەندامانى لاشە ,وە لەتيفى وزوڵاڵى و بێ رەنگيەكەى هەلدەكشێ بۆ ناو ميشك و گەرمى وزەى پێ دەدا,جا نەفسى ناتق و بوێژ بەهۆى ئەم روحە هەڵميەوە دەرك دەكا وعەقلى بەشتەكان دەشكێ, حكمەتى پيك هاتەى مرۆڤ واى پيويست كردوە كەئەو نەفسە هۆگرى ئەو روحە هەلميە بێ، ئەمە لە كاتيكدا كە شيانى لەتيف و زوڵاڵى ،كەم وايە بتوانێ كاريگەرى لەسەر پيك هاتەى چڕ و خەست هەبێ ,بەلام ئەم بەدەنە جسمانيە لە ئەو جياوازيەش كە هۆگرى نەفسى بويژو ناتقەو نەفسيش هۆگرى ئەم روحەيە، بەم شيوە كاريگەرى لەسەر لاشە بەهۆى ئەم ناوەندگيريە پەيدا بوە,گوتمان دەرك كردنى ئەو نەفسة ناتقە بە دوو ڕێگەيە,

-دەرك كردنيكى ئاشكراو دەرەكى كە بە ڕێ ى پينج هەستەوەرەكەوە دەبێ.

- دەرك كردنيكى ناوەكى كە ئەمە بەڕێ ى توانا دەماغى و زەينيەكانەوە دەبێ,بێ گومان ئەم دوو ريگە دەرك كردنەش هەردوكيان لەمپەرن و دووری دەخەنەوە لە دەرك كردن بەتواناى روحانى كە مرۆڤ لە خۆڕسكى دا هەيەتى و بە گەشەكردن و بەتوانابونى هيزە دەماغى و هەستەوەريەكان دەپوكێتەوە, جا چونكە هەستەوەرە دەرەكيەكان لاشەيى و جسمانين و ئەوەى توشى لاشە دەبێ، لە نەخۆشى و بێ توانا بوون و

لەكار كەوتن وماندووبوون و دەستەوستانى،توشى ئەوانيش دەبێ, جابۆ مانەوەى ئەم هەستە دەرەكيانە لە حاڵەى تەواو دا ،بۆيە الله بوارى نوێ بونەوەى شەوانەى پێ بەخشيون تا كو نوێ ببنەوە,ئەمەش بە كوژانەوەو دامركانى روحى حەيوانى لە هەستە دەرەكيەكان و گەرانەوەى ئەو روحە لە كاتى شەو كە پلەى گەرمى لەش دادەبەزێ ,جا روح لەو كاتەدا لەهەستەوەرەدەرەكيەكان خۆى دادەماڵێ ودەچيتەوە ناوەوە , ئالەم كاتەدا كە روح لە بەربەستە هەستەوەرەكان دەربازى دەبێ، ئەو حاڵە پاريزكارەى پێ زانيەنەكانى بەر لە ئاوێتەبوونى لاشەو روحيانەتى صافى,ئالەوساتە دا چەند وێنەو شێوەو ئەندێشەيەك كەلە كاتى كەلەگەڵ هەستەكان بوو، تۆزێك لەمەو پيش هەستەكان زۆر بە ئيلحاح بەدواى ئەو لمحەو چاو تروكانە ى پێ زانينەدا وێڵ بوون ,ئەم روحە لەم حالەتى داماڵينە لەهەستەكان و گەرانەوەى بۆ حافزەى يەكەمى ئەو پيزانينانە دەستەبەر دەكا, پاشان هيزى خەياڵ و ئەندیشە ئەم وينانە لە روح وەر دەگرێ و بە دوو شيوە رادەستى هەستەوەرەديارەكانى دەكا ,يان بەشيوەى حەقيقەت و دەقاو دەق كە ئەمە خەونى جەلى و ڕوونى پێ دەڵێن, يان بە شيوەى گێرانەوەو پەند هينانەوە،ئەم جۆرە خەونە پيويستى بەلێك دانەوە هەيە, وەلە فەرمودەى صەحيح دا هاتوە كە نبى الله صلى الله عليه وسلم فەرمويەتى,خەون سێ بەشە :خەونيك لە الله وەيە ,خەونى دوەم لە فريشتەو مەلايكەوەيە ,خەونى سێ يەم لە شەيتانەوەيە, ئەم فەرمودە ڕێكە لەگەڵ ئەوەى گوتمان كە خەونى ڕوون وجەلى لە الله وەيە ,خەونى كە دەبێ لێك بدريتەوە لە فريشتەو مەلەكەوەيە,خەونى دەرچو لە غەريزەى لاشەيى لە شەيتانەوەيە.

ئەمە خەون و جۆرەكانيەتى كە دياردەيەكە كە هەموو تاكەكانى مرۆڤايەتى ئەم حاڵەتانەيان لەگەڵە, چەندەها جار خەونمان بينيوە وپاش ماوەيەك ديومانە، وەك خۆى هاتۆتە دى ,بەمەش بۆمان دەركەوتوە كە نەفس دەتوانێ لە خەودا شتيك لە غەيب دەرك بكا,وەمادام لە خەودا بتوانێ غەيب دەرك بكا لە حاڵى ترى بيجگە لە خەونيش دەتوانى دەركى بكا, چونكە ئەو روحە هەر هەمان روحە و تايبەتمەندیەكانى لە هەموو

حاليكى خەو وبيدارى دا گشتى وكۆگيرن,وەهەر بەتەنيا الله هادى ورينمايى كەرە بۆ شارێبازى راستە قينە]] مقدمة ابن خلدون لاپەڕە 141-138

ئيبن خەلدون بۆچەند جار وبە پەيڕەوێكى ئاشكراتر لەوەى فرۆيد توانيويەتى پەنجە بخاتە سەر گرێ كوێرەكانى مل ملانێ ى هەستەكان وشعور،لەگەڵ جيهانى ڕوح ولاشعور،ئەم پەيڕەوەشيكاريە زۆر لە شيكارى دەرونى فرۆيد ڕۆشن ترە.

بە وتەى ئيبن خەلدون زانستى تا ويل و ليكدانەوەى يوسفى تەنيا بۆ يەك لەسەر سێ ى خەونەكان پێويستە، دووبەشەكەى تر پيويستيان بە ليكدانەوەو تەفسير وتەعبير نيە ,چونكە بەشى يەكەم وەك خۆيان دينە دى و بەشى دووەميش هەلقولاوى غەريزەن و ئارەزوى كپ كراو دروستى كردون و تەعبيريان نيە.

هەرلە فەرمودەيەكى تر دا هاتوە كە (راستگۆترينتان لە قسەو گوفتارى دا راستبينترينتانە لە خەون دا) ئەم فەرمودە ,ئەگەر بلێين خەونى جەلى و ڕون وئاشكرا وەك خەونى پەيام بەران كە وەك گزنگى بەيان –فەلەقى صبح- دەهاتنە دى ,چونكە ئەو جۆرەكەسانە كە بير لە مەسەلەى فەلسەفى و سەرەتاى گەردون بكەنەوە,يا بير لە كۆتايى بكەنەوە ,يا بير لە كيشەى كۆمەلگاى مرۆڤ يان هەر بونەوەريكى تر و چارەسەرى بكەنەوە ,يان بير لە مردن وروح و چارەنوس بكەنەوە ,وەروحيان ئاواتى دەلاقەى غەيبى بێ لەو بابەتانە,الله ئەو پێ زانينەى دەيداتە ئەم راستگۆيانە ,جيايە لەوخەونانەى دەى داتە كەسانى بە قۆلت و پێچ ودرۆزن و فيلباز ,چونكە راستگۆكان وەك دەشتن ,دەشت كە مۆمێكى بچوكى لەم سەر دانێ ى، لە ئەو پەڕيەوە ڕوناكى مۆمەكە دياردەبە,لام كەسانى نامۆو بە پێچ وپەنا و ئاڵۆز ,وەك شاخن ,ئەوەندەيان لۆف وقۆڵت وپێچ هەيە، نەك مۆمێك، صەد هەزار چراخان و گڵۆپ بەشى ئەشكەوت و شيوو دۆڵ و بەرزى و نزمى وكەندو لۆفەكانيان ناكا.

ئەم لەمحەی ئەفلاتون و ئیبن خەلدون لە فەرمودەدا هاتوە ,لە و کاتەی الله رو حەکانی لەسەر بەری دەستی بۆ ئادەم هێناو پیشانی دان
،فەرموی ئەمانە روحی ڕۆڵەکانتن ,ئەمانە روحی پێش ئاوێتەی لاشە بوون,کە چی ئادەم کە بینینی زانی ئەوانە لە لاشەدا ناتەواوو شەل و شکست و نەخۆشیان لەناودایە ,وەکاتێ پرسیاری هۆکارەکەی کرد ,الله فەرموی :چونکە من پێم خۆشە کە بەندەکانم شوکرو سوپاسم بکەن لە سەر نیعمەت وبەهرەکان و لێم بپارێنەوە لە کاتی تەنگاویەکان، وەلەناو هەموو رۆڵە پەیام بەرەکانی ,ئادەم تەنیا داودی بە جیا کراوە زانی کە نوری لە نیوچاوانی بوو,کەچی هیچ جیاکەرەوەیەکی بۆ پەیامبەرانی ئولو العزم نوح وئیبراهیم وموسی وعیسی ومحمد علیهم السلام نەکرد
,هۆکەشی ئەو ئەندازەوقەدەرە هاوبەشەیە کەلە نیوان داود وئادەم دا هەیە ,لە قورئاندا الله بە کەسی نە فەرموە کردومیە خەلیفە,تەنیا بە ئادەم وداود نەبێ,وە هەردو کیشیان بەهۆی زیادە خشەویستی ژن توشی سەرپێچی الله بوون, بۆیە ئادەم داودی بە جیا کراوە بینی و لە تەمەنی خۆی بەشی دا و پاشانیش نکولی لەوەکرد کە تەمەنی دابێتێ ,جا کە ئادەم دەشت ودەر بێ و داود شاخ بێ ,ئەوە شاخەکان لە سەدا شەشی وشکانی بلاو بونەوەو ئەو بەشەیان لە سەر ڕوی ئەدیمی زەوی پیدراوە.

ئیبن خەلدون لە ناوەراستی مقدمەکەی دا دوو بارە گەڕاوەتەوە سەر باسی خەون بە سەرباسێك بەناوی تەعبیری روئیا- لیکدانەوەی خەون: تیای دا دەڵێ:

ئەم زانستە یەکێکە لە زانستەشەرعیەکان,کاتێ کە زانستەکان وەك پیشە لەناو مسولمانان بلاو بونەوە ,ئەم زانستەش داهێنراوە,بەلام زانستی لیکدانەوەی خەون لای سەلەف و خەلەفی ئوممەتی ئیسلام بونی

هەبوە,هەروەك چۆن لە ناو ئوممەتانى تريش هەبوە,بەلام بڕێكى باشمان لەم زانستە لە پێشينانەوە پێ نەگەيشتوە,ئەمە بە دان نانى خەون لێكدەرەوانى مسولمان,بەلام زانستى خەون بينين لەناو هەموو مرۆڤايەتى بەگشتى هەيە,وەكە خەون بينين هەبوو دياردە ليكدانەوەشى هەبوە,يوسفى صديق عليه االسلام ليكدەرەوەى خەون بوە, وەيەكەم شت بۆ رسول الله صلى الله عليه وسلم كە دەستى پيكرد لەوەحى خەونى راست بوە,كە هەرخەونيكى ببينيايە وەك گزنگى بەيانى دەهاتە دى ,وە دواى نويژى بەيانى پرسيارى لە ئەصحابى دەكرد كە كەس لە ئێوە ئەم شەو خەونێكى بينيوە؟بۆئەوە پرسيارى لێدەكردن چونكە بوونى خەون لە ناو هەر ئومەتيك مژدەو مزگينى بەخشەو مايەى دل خۆشيە ,مژدەى سەربلندى دين و سەركەوتنيەتى, بەلام ئەوە كە خەون بەشێكە لە دەرك كردن بە غەيب ,چونكە روحى هەڵمى ناودڵ كە لاى چەپى دڵە ,لەگەڵ خوينى خوين بەرەكاندا بەهەموو لاشەدا بلاو دەبێتەوە,هەربەهۆى ئەم روحە،لاشە هەست بە زيندەگى و هەستەوەرى دەكا,جا كە ئەم روحە بەهۆى زۆرى كردەوەو كارلێكەكانى پينج هەستەوەرەكە لە رۆژدا ماندو دەبێ,بۆيە لەشەو دا كە پلەى گەرمى نزمترەو هەستەكان دادەمركێن و ئەم روحەلە هەستەكان دادەماڵێ و دەگەڕێتەوە هەناو ,ئەم گەڕانەوە ,روح نوێ دەكاتەوەو ئازاديەكى كاتى يە بۆ ئەو ,جا ئەم روحە قەلبيە زەمينەو جێ پێى روحى عەقلى يە,وە روحى عەقليش ئاگاى لە هەموو ئەو عيلمە هەيە كە لە عالمى ئەمر دا هەيە ,چونكە روحى عەقل حەقيقەت وراستەقينەو چاوگ وخودى دەرك پێ كردنە ,جا كە دەبينێ كە لەناو لاشە ئەم دەرك كردنە شاراوەو غەيبيەى وەستێنراوە,ئەوە بەهۆى خەريكيەتى بە تواناكانى بەدەن وهەستەوەرەكانى, جا هەركاتێ ئەم پەردانەى لە سەر ڕوو لابران و دامالران ,دەگەڕێتەوە سەر بارە ڕەسەنەكەى خۆى كە خودى دەرك پێ كردن وئيدراكە, وەلەوەى هەرچى مدرەكات وپەى پێ براوە تێ ى دەگا,وەلەم خۆدامالينەى روح بەقەد بەهێزى و بە عەزمى و ووربەڵندى خۆدامالينەكە دەرك پێ كراوەكانيش بەهێز و روون و پتەو دەبن,چونكە هەستەوەرەكانى بەدەن لەمپەرى هەرەگەورە نى ,جا تا چاكتر بەسەر ئەم لەمپەرەدا سەركەوێ ,دەرك

پيكراوەكانى عالمى روحى عەقلى باشتر دەبن,,جا كاتى ئەم روحە گەرايەوە بۆ وابەستە بوون بە هيزى هەستەوەرى و توانا لاشەى يەكانى كەتالەم لاشەدابێ ناتوانێ هيچ چالاكيەكى معريفى لەدەرەوەى ئەم لاشە ئەنجام بدا,وە تاكە دەلاقەى روحەگەراوەكەش لە عالەمى روحى عەقلى هيزى دەماغيە ,توانای خەيالى ئەم دەرك پێ كراوەى روحە لە هيزى دەماغى وەر دەگرێ و و تصوير و وينای دەكاو ئەوجا ئەويش رادەستى توانای حافزەو زاكرەى دەكا و لەوێ ئەم دەرك پێ كراوە خەزن دەكرێ,تا كەسەكە لە كاتى گفتو گۆو نوسين و ليكۆلينەوە پيويستى بەم دەرك پێ كراوە دەبێ و لە حافزەى زاكرە دەرى دێنێ و دەى نوسێ,هەروەها تەجرد و داڕنانى نەفس ودەرونيش هەربەو شيوەيە, كە دەرونى عەقليە ،ئەم پەى پێ براوە بەرز دەبيتەوە لە شيوەى هەست پێ كراوەوە بۆ شيوەى مەعقول و هۆشيارى,وە خەيال و ئەنديشە، ناوەند وهۆكارە لەنيوان عەقل و هەست دا,وەنەفسيش هەرچى لە جيهانە تايبەتيەكەى خۆى دەركى پێ بكا، دەى داتە خەيالّ ,خەياليش دواى وينا كردن لە حافزە هەلّى دەگرێ ,كە واتە خەونەكان لە دالّانى خەيال بەيەك دەگەن، چ خەونى شەيتانى و چ خەونى رەحمانى,بەلام كە ئەو وينەى خەيال ،وێنەى عەقلى روحى بێ و دابە زيبێ، ئەوە روئيايە,وە كە لە و وينانەبێ كە خەيال لەكاتى خەيال كردن لە ديمەنە چێژبەخش و وروژێنەرەكان كردويەتى وخەونى پێوە ديون و رادەستى زاكرەى كردوە ,ئەوە خەونيكى خەيال پلاوو شەيتانيە,

نيشانەكانى خەونى راست و حەق:

يەكەم:خەوتو دواى خەون بينينە كە زوو وشيار دەبيتەوە و خەوى دەڕەوێ وبێداردەبێتەوە، وەك ئەوەى ئاگادارى بكاتەوە كە تۆ لەم خەوە دەركت بە گەنجينەيەك كردوە ،لەبيرت نەچێتەوە،

دووەم:ئەم دەرك پێ كراوە زۆر باش لە زاكرەدا دەپارێزرێ و لە بير ناچێتەوە,و هەموو وردەكاريەكانى لەبير دەمينێ,بۆ ئامادەكردن وگيرانەوەى كەسەكە ،پيويستى بە يادكردنەوەو بيركردنەوە نيە ,

بەلام تەعبير وليكدانەوە, بزانە كە روحى عەقلى ئەو دەرك پێ كراوە دەداتە خەيأل وخەيال وينای دەكا,وينا كردنەكەى خەيال بە شيوە وينايەكى موناسيب و گونجاوە لەگەڵ واتاكەى ,وەك وينا كردنى دەسةلات دارى گەورە بە دەريا, وە وينا كردنى دوژمن بە مار,جا كاتێ ئەو كەسە بيداربوەو هەرئەوەندە دەزانێ كە مار يان دەريای بينيوە,بەلام ليكدەرەوە وموعەبير دەزانێ,بەهۆى قەرينەونيشانەو بەڵگەى تر‌ەوە لە خەونەكە يان لە خودى خەون بينەرەكە ,يان قاپ وقاچاغ ودەفر كە بە ژنان ليك دەدرينەوە,هەروەها خەيال بۆ كويێرێك سولتان ناكاتە دەريا و ژن ناكاتە دەفرو دوژمن ناكاتە مار، چونكە كويرى زكماك ئەمانەى نەديوە,بەلام بۆى دەكاتە بۆن و دەنگى گونجاو لە گەڵ واتاكەى , وەبزانە هەمو جار خەون ليدەرەوەكان دەريا بە سولتان ودەسەڵات دار لێك نادەنەوە,هەندێ جار دەڵێن رق وقينە,يان خەم و كارەساتيكى گەورەيە,هەروا مار هەندێ جار دوژمنە و هەندێ جا ژيانەو هەندێ جار نهينى شاراوەية,جا ليكدەرەوە ئەم حالانە لە بەڵگەكان دەزانێ بۆ خەون بينەرى ليك دەداتەوە]., مقدمەى ئيبن خلدون لاپەرە-589-592

لە ڕاستى دا عەللامە ئيبن خەلدون لەناوكەشكۆڵى مقدمەكەى دا بناغەدانەرو داڕێژەرو نەخشە كێشەرو ئاڕاستەكەرودامەزرێنەرى چەندەها زانست و هونەرو تيۆرو تێڕوانينە ،كە هەموو مرۆڤايەتى بۆ چەند سەدەى دواى خۆى قەرزدارى ئەومامۆستاپايە بەرزەيە،هەرچەندە كە ناوەندە زانستى وفەلسەفيەكان ،وەك لە كۆن دا ئەرستۆيان بەسەر ئەفلاتوون وكۆنفيشيۆس وزۆرێكى ترى شايەنتر لەو دا هەڵ بژارد، دواتريش فارابى وكندى وڕازيان بەسەر ئيبن خەلدون دا هەڵ بژاردوە ،

بۆچونى ئيبن خەلدون لەسەر پەى پێ بردنى خەون ،ڕێک پێناسەى پەى پێ براوى مەعريفى ودانايى يە لاى ئەفلاتون،

, ئەفلاتون پێ يوايە كە زانين و دۆزينەوەى بۆچوونى ڕاست ئەوەيەكە كەرو ح لە كەمەند كيشى لاشە خۆى رزگار دەكاو بۆ چركە ساتيك دەتوانێ بگەريتەوە حالەتى روحى بەرلە ئاويتەبونى بەلاشة كە علم و مەعريفەى بە جيهانەكان بەرفراوان بوو ,جا ئەم روحە ئەم بڕە زانست و عرفانە لەو حاڵەتى ئشراقەى ڕوحيە و مەدرك پێ دەكا ودەى هێنێتەوە بۆ هەستەوەرى و توانستە لاشەييەكان.. .

دەروازەى شەشەم :

لێكدانەوەى خەون لاى محمدى كوڕى ئيسماعيلى بوخارى (١٩٤-٢٥٦ى كۆچى) لە چوارچێوەى صە حيحى ئيمامي بوخارى دا:

ئيمامى بوخارى كتێبێكى لە كۆى٩٦كتێب لە سەحيحى بوخارى تەرخان كردوە بۆ كتابى تەعبير، سەحيحى بوخارى لە ٩٦كتێب پێک هاتووە،كتابى تەعبير ،كتابى ژمارە ٩٠ ،،كتابى تەعبير ئەم باب وبەشانەى لە خۆ گرتوە كە ٤٧ بابە و دەروازەيە:

ئەم ڕيز بەنديەى خوارەوە ،ڕيزبەندى جامعى صحيحى محمدى كوڕى ئيسماعيلى بوخارى (١٩٤-٢٥٦ى كۆچى) يە ،بوخاراشارێكە لە ئۆزبەگ ستان.

لێرە من تەنيا ڕيزبەندى فەرمودەكان دەگوازمەوە ،شڕۆڤەو تێگەيشتنى فەرمودەكان لە چوارچێوەى شڕۆڤەكردنەكانى ئيبن حەجرى عەسقەلانى لە فەتح البارى دا باس دەكەم..

ئيبن حەجەرى عەسقەلانى كەناوى

أحمدى كوڕى أحمد عسقلاني (شعبان 773 هـ/1371م - ذو الحجة 852 هـ/1449م)،

عەسقەلان لە فەلەستينە وئيمام لە ميسر ژياوە، شرۆڤەكەرى فەرمودەكانى ئيمامى بوخاريە وشەرحەكەى ناو ناوە بە فەتح البارى.

دەروازەى يەكەم دەستپێكى وەحى خەونى ڕاست بوو.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ كِتَاب التَّعْبِيرِ بَاب أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مِنْ الْوَحْيِ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ

6581 حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ عُقَيْلٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ ح وَحَدَّثَنِي عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ حَدَّثَنَا مَعْمَرٌ قَالَ الزُّهْرِيُّ فَأَخْبَرَنِي عُرْوَةُ عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّهَا قَالَتْ أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ الْوَحْيِ الرُّؤْيَا الصَّادِقَةُ فِي النَّوْمِ فَكَانَ لَا يَرَى رُؤْيَا إِلَّا جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ .....

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

[تەعبيرولێكدانەوە تايبەتە بە لێكدانەوەى ڕوئيا،تەعبيرلاى راغب واتە پەڕينەوەو بازدان،ئەويش بازدانە لە شێوەى ڕوكەشى ڕوئياوخەون بۆ ناوكرۆكى واتاكەى، تەعبيرلاى ئەزهەرى تێڕوانيە لە هەندێ بەشى ئاشكرا تا بەشەشاراوەكەى تری بزانرێ،وتێگەيشتنى گشتگير دەست بكەوێ .

ڕاغب دەڵێ عبروپەڕينەوە لە حاڵێكەوە بۆ حاڵێكى تر،پەڕينەوەلە ئاو پێ ى دەگوترێ عبور،ئەو كەسانەى مردوون پێ ى دەڵێن عبوريان كردوە لە دنيا بۆ دواڕۆژ،،عبرەت وپەند وەرگرتنيش بەو دياردەو دیمەنانەى كە لەبەرچاون ودەبينرێن ،پەندیان لێ وەردەگيرێ بۆو دیمەنانەى كە نابينرێن،، وەبۆ لێكدانەوەو شيكردنەوەو ڕاڤەكردنى خەون وپەڕينەوە لە خەونيش بەكاردێ.

خەون وڕوئيا ئەودیمەن وڕوداووشتانەيە كە نوستوو دەيبينێ،ڕوئيا چاوگ ومەسدەرە وەک يوسرا،دەگوترێ ڕوئيا=بينين،يسرا=ئاسانكارى.

،بەڵام كە ئەو چاوگە بەكارهێناوە بۆ خەیاڵەكانى نوستوو بۆتە ناو،بینراوى خەون.

ڕاغب دەڵێ:ڕوئیا لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە هەستەوەرى چاوو بینین ،بەڵام جارى وایە بەوێناى خەیاڵ وبۆچوونى فكروبیرو هزریش دەگوترێ ڕەئى .

قورتوبى لە موفهیم دا دەڵێ:هەندێک لە زانایان پێ یان وایە ،ڕوئیە وڕوئیا یەک واتا و دەستەواژەن،هەروەک لە قورئان هاتوە

: وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤْيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلَّا فِتْنَةً لِلنَّاسِ

،دەڵێن ئەوەى لەشەوى ئیسراو میعراج دابینراوە ڕوئیابوە،بەڵام خۆ میعراج لە كاتى نوستن دانەبوەو لەبێدارى دا ڕووى داوە، قورتوبى دەڵێ :هەندێكیان پێچەوانەیان كردۆتەوەو كردویانەتە بەڵگەى ئەوانەى دەڵێن ئیسراومیعراج لە خەون دابوو،لە ئیبن عباس گوازراوەتەوەكە بینینى چاو بوە،جیاوازى زۆرە هەیە لە سەر ئیسراو میعراج كە ئایا بە ڕوح بوە،یان بەڕوح ولاشە بوە،ئایا یەک جاربوە یان زیاتر؟ ئایا لەوجارانە هیچیان بەخەون بوەیان نا؟

دەگونجێ كە بۆیە ناو نراوە ڕوئیا،چونكە ئەوەى لەوگەشتەدابینراوە، وەک ڕوداوەكانى بینینى خەون سەیرن و ڕیزپەڕن لە حاڵى ئاسایى وجیهانى،بۆیە لەم ڕوانەوە لە ڕوئیاوخەون دەچێ.

ئەبوبەكرى عەرەبى دەڵێ:ڕوئیاچەند پەى پێ بردنێكە كە اللە پەیوەستى كردوە بەدڵى بەندەكانیەوەولەسەر دەستى فریشتەیەک یان شەیتانێک بەدى دێنێ،خەون یان پەیوەستە بەناوەكانى ناوخەونەكە، یان بە ڕوداوەكانى،یان بەكونیەودەبڕدراوەو وشەكانى ناوخەونەكە،یان تێكەڵەیە لە هەموویان، هاوشێوەى ئەوەلە بێدارى دا: ئەندێشەكانن؛ چونكە ئەندێشەوخەیاڵیش وەک خەون ،جارى وایە وەک چیرۆكن، جارى وایە پرش وبڵاون.

قازى ئەبوبەكرى تەیبى، پێ ى وایە كە خەون
چەندبیروباوەڕێكە،بەبەڵگەى ئەوە كە جارى وایە خەون بین خۆى دەبینێ

كەبۆتە باڵندەيەک ،يان گياندارو‌ئاژەڵێک،ئەمە پەی پێ بردن نيە، بۆيە پێويستە بيروباوەڕبێ،وەجاری واش هەيە ،بيروباوەڕی خەونەكە پێچەوانەی بيروباوەڕی خەون بينەكەيە،بەڵام ئەبوبەكری عەرەبی ،ڕای پەی پێ بردنی لاپەسندترەودەڵێ ئەوەی تەيبی باسی كردەوە زەرب المەسەل ونمونە هێنانەوەيە ولەقورئانيش دا هەيە،پەی بردنەكە بەواتاكەيە نەک بە خودی شتەكە،.

ً مَازِرِي دەڵێ:خەڵک قسەيان لەسەر حەقيقەتی ڕوئيا زۆركردوە،خەڵكانی بێجگەلە ئيسلام،هەوڵيان داوە ئەم حەقيقەتەی خەون دەرک بكەن،كەنە بە عەقڵ دەزانرێ و نەهيچ بەڵگەيان هەيە،وەئەوان زانستی بيستراوو وەحيان نيە،بۆيە گوتەكانيان بێ سەرەوبەرە، ئەوانەی زانان لە بواری پزيشكی ،هەموو خەونەكان دەگێڕنەوەبۆ هۆكاری زاڵ بوونی يەكێک لە پێک هاتەكانی بەدەن،دەڵێن كە بەڵغەمی بەسەردازاڵ بوو دەبينێ كەلە ئاودا مەلەدەكا،چونكە ئاووبەڵغەم بەيەكەوە دەگونجێن،وەهەركەسێک زەرداوی بەسەردا زاڵ بوو،لەخەوندا بەرزبونەوە لە هەواوئاگر دەبينێ،،ئەم جۆرە لێكدانەوە هەرچەندە عەقڵيش پەسندی بكا،بەڵام بەڵگەوبنەمای ڕاستی نيە وڕاڤەكانی لەسەر كۆمەڵێک گومان وگريمانە بنيات نراون وجێ ی دڵنيايی نين،كەواتە گشتگيركردنی گريمانەكان هەڵەيە.

لايەنگرانی فەلسەفەش دەڵێن :ئەو وێنەو ڕوداوانەی كەلەسەر زەوی بەڕێوە دەچن،لە جيهانی باڵادا وەک نەخشی هەڵكۆڵراون، جاهەركاتێک ڕوداوو وێنەكانی سەرزەوی بەرامبەر يەكێک لەو نەخشكراوانە بوون ، لەونەخشانە ڕەنگ دەدەنەوە.

ئەم گوتەش كە هيچ بەڵگەيەگی نيە ،لە بۆچوونی پزيشكەكان بێ بنەماترە،چونكە ئەوەی لەجيهانی باڵادا بەڕێوەدەچێ ، جيهانی ديارده و ئەعرازە وئەعرازيش هيچ نەخشەيەكی تێدانيە،چونكە نەخشە يەكێكە لەتايبەتمەندیەكانی لاشەكانی مرۆڤ .

ڕای ڕاست ڕای ئەهلی سوننە یە کە پێ ی وایە ،کە اللە لە دڵی نوستوو دا بیروباوەڕەکان دروست دەکا،وەک چۆن لە دڵی بێداریشدا دروستی دەکا،جا کە دروستی کرد، وەک ئەوەی ئەوبیروباوەڕەی کردبێتە بەشێک لە عیلم وزانست وایە،کەدەیکاتە نیشانەیەک لەسەر چەند فرمانێکی ترلە بوارو حاڵێکی تردا،،نمونەی ئەمەش وەک دروست کردنی هەورە،هەورنیشانەیە بۆ نزیکی باران بارین، بەڵام مەرجیش نیە کە ببارێ، خەونیش مەرج نیە کە بێتەدی،ئەم بیروباوەڕانەش کە فریشتەی تێدا ئامادەبوو مژدەدەرەو کەشەیتان ئامادەبوو خەمهێنەرە، ]

لێرە گوتەی مازەری پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە،ئەو دەڵێ ئەوەی لە جیهانی عالی وباڵادا هەیە ئەعرازن ولاشەو بەرجەستەو ئەجسام نین، وەمادام لاشە نین ،هیچ نەخشەو هەڵکۆڵراو نیگارێکیش لە جیهانی باڵا نیە، ئەم گوتەشی پاڵ داوەتە قورئان وفەرمودەوسوننەت، من بە مازەری دەڵێم :ئایا جناتی فردەوس وعەدن وخولد و ئەوڕوبارو درەخت وحۆری وکۆشک وتەلارو باڵندەو میوەو ئەو بەهرەو وکاڵاو کەسانەی لەو جەنەتانەدان ،ئایا ئێستا هەن یان نە؟ وەک کەهەن ئایا لە جیهانی باڵاو علوی ن یان نە؟ باشە ئەمانە بەرجەستەولاشەو بونەوەری ڕاستەقینەن؟ یان تارمایی وئەعرازن؟ ئایا کورسی وعەرش ومیزان وقەڵەم ولەوح و فریشتەو جیهانی غەیب وپەنهان لە عالمی باڵا نین، ئایا ئەمانە ئەعرازن ،سێبەروتارمایین؟ ،یا ڕاستەقینەن ؟ عەرش وپێچکەکانی وهەڵگرەکانی و،،هتد هەموو تارمایین؟ ئایا ئەمە بۆچونی ئەهلی سونەتە،؟ئایا تەنیا فەلسەفە باوەڕی بەبوونی جیهانی باڵا هەیە ؟ دینەکان باوەڕیان پێ ی نیە؟ بەم قسەی مازەری بێ ،قورئان وفەرمودەکان کە باس لە جیهانی باڵای هەتاهەتایی ونەمردەکەن ،ئەوەگوتەی فەیلەسوفەکانن، ئەودەیەوێ گوتەی فەلسەفەی ئەفلۆتین وئەرستۆی جەبری بکاتە گوتەی ئەهلی سوننەت، یەقینیەکانی قورئان وفەرمودە وکتێبە ئاسمانیەکان و حەکیمە ڕەبانیەکانیش بکاتە ڕێبازێکی بێ بنەما.

ئەم یاریەی عەرزو جسمە کە لە سەردەمی نەزۆکی لاسایی کوێرانە بەناوی مەنتیق هێنرایە ناو ئیسلام و کرایە تەرازوو بۆ کێشانەوپێوانەی

قورئان وفەرمودەو ئيسمەكانى الله ى پێ لە كارخران وباوەڕبوونى بەدەقەكان لەق كرد.

هەروەها كورت هەڵێنانى خەون لەناو پەى پێ براوى دڵ دا ،دووبارە لەگەڵ جيهانبينى قورئان وسونەت بۆ دياردەى خەوو وخەون
يەكترناگرنەوە، قورئان زۆر ڕاشكاوانە لەسورەتى زومەر فەرمويەتى كە ڕوح ونەفسى مردوو و زيندوى نوستوو هەردوو دەردەچن لەلاشە، بەڵام مردوو ڕوحەكەى ناگێڕدرێتەوە لاشەو هى نوستوو دەگەڕێتەوە ناوى، كەواتە خەون هەرلەناودڵ وعەقڵ وزاكيرەو لاشەدا نيە ،بەڵكو لە دەرەوەى ئەوانە ،هەر لەو زەمانە نيە كە لاشەى لێ دەژى ،بەڵكو زۆرجار لەدەرەوەى ئەو زەمانەيە ،لەمەودواش بەڵگەى ئاشكرا بۆو بنەماچەسپيوانە لە فەرمودەكان دەبينين..

عەسقەلانى لە درێژەى لێكدانەوەكەى دەڵێ:

[قورتوبى دەڵێ:هۆى تێكەڵاو كردنى واتاكان لاى زانايانى جگە لەشەرع ،پشت هەڵكردنيانە لە دەقەكانى شەرع وڕێ وشوێنى پەيام بەران، چونكە ڕوئيا پەى بردنەكانى نەفس ودەروونە،وە زانستى حەقيقەتى نەفس لە ئێمە شاراوەتەوە، هەربۆيە زانستى پەى پێ بردنەكانيشى نازانين، تەنانەت ئەوەى لە هەستى بيستراووبينراويش دەيزانين هەرپوختەيەو بەدرێژى نايزانين.

هەروەها قورتوبى لە موفهيم دادەڵێ:هەندێ لەزانايان پێ يان وايە كە الله فريشتەيەكى تايبەت كردووە بۆ ئەوەى بينراوەكان نمايش بكا لەو شوێنەى كە خەوتو پەى بەزانينەكان دەبا،ئەم نمايشە دەبێتە وێنەيەكى
بەرهەست،جارى وايە لەشێوەى چەند نمونەيەكى يەكسان و ڕێک لەگەڵ ئەوەى لە واقع داهەيە،جارى واش هەيە نمونەكە چەند واتايەكى بەرعەقڵە ،ئەم دووجۆرەش هەردووكيان جارى وايە خەونى مژدەدەرن وجارى وايە هۆشدارى وترسێنەرن،]

قورتوبيش وەک مازرى دەيەوێ دان بەوەدانەنێ كە دياردەيەک هەيە ناوى ڕۆيشتنى ڕوحە وهۆكارى خەون بينيەنە، هەر سورە لەسەرئەوەى خەون لە ناودڵ وزاكرەو دەروندا پێک دەهێنرێ، لەلايەن فريشتەو شەيتانەوە، ئەمەش پێچەوانەى زۆر ئايەتى قورئان وفەرمودەيە.

[قازى عەياز دەڵێ:خەوتوى كە خەونەكەى هەموو دڵى دا بگرێ،ڕاى جيا هەيە،هەندێک دەڵێن خەونەكەى ڕەت كراوەيە،چونكە خەونەكەى هەموو ناخى داگرتوە،،چونكە خەوتن ونوستن مرۆڤ لە سيفەتى جياكەرەوەوزانين و عاقڵى وگومان وخەياڵ كردن دەباتەدەرەوە،؛هەندێكى تريش دەڵێن ،نەخێر،خەون بين تەنيا بەشێكى دڵى بەخەون خەريكەو خەون وخەوتويى هەموو بەشەكانى دڵى نەگرتۆتەوە،بەڵكو چەندبەشێكى دڵ وڕوح هەن ،هێشتا نەنوستون و خەوتن دەسەڵاتى بەسەريان دانيە ولە خەياڵ كردن وگومان كردن بەردەوامن،بەڵام علم وزانستى ڕاست لەكاتى خەوتن دا نابێ ،چونكە نوستن دەردو ئافاتێكە كە زانينە ڕاستەكان ڕادەگرێ،وەئەوبەشەى دڵ كە سوڵتانى نوستنى نەگەيشتۆتێ ،تەنيادەتوانێ كردارى نمونەهێنانەوەوزەرب المسل تێ بگا،بۆيەش خەوتوو تەكليفى لەسەرنيە،ئێمە كە بڵێين نوستوو هێشتا بەشێكى علمى هەيەو نەنوستوە ،كەواتە دەبێ نوستوو قەڵەمى تەكليفى لەسەرهەڵنەگيرێ كە ئەمەوانيە.

قورتوبيش پشتگيرى قازى عەياز دەكاكە پەيامبەر- صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - كَانَ يَنَامُ عَيْنُهُ وَلَا يَنَامُ قَلْبُهُ ،دڵى هۆشياربوو تەنيا چاوى دەنوستن،لێرەدا بۆى هەيە كەسێک بپرسێ،پەى پێ براوى نوستوو،چونكە خەونبينيش هەرئەو هەستانەى كەلە بێدارى دا تێ ياندا دەژى لەخەونيش دەيان بينێ،بەڵام خەياڵكانى ئەو خەونە هەستەوەريە دەكەنە وێنەيەكى وا كەلەوەوپێش نەى ديبێ بەمەش خەونەكە دەبێتە زانينێكى ناوازە،،وەک ئەوەى سەرى مرۆڤ لەسەر لاشەى ئەسپ بێ،كە دووباڵى هەبێ.

بەڵام ئەو فەرمودەى حاكم وعوقەيلى لە محمدى كوڕى عەجلان لە سالمى كوڕى عبدالله ى كوڕى عمر گێڕاويانەتەوە كە عومەربەعەلى گوت ئەى

ئەبو حەسەن،خەونەكان بۆ هەندێک ڕاست وهەندێک ناڕاستن؟ ئیمامی عەلی فەرموی لەُ رَسُولَ اللَّهِ -ﷺ - گوێ بیست بوم فەرمویەتی : مَا مِنْ عَبْدٍ وَلَا أَمَةٍ يَنَامُ فَيَمْتَلِئُ نَوْمًا إِلَّا تَخْرُجُ بِرُوحِهِ إِلَى الْعَرْشِ ، فَالَّذِي لَا يَسْتَيْقِظُ دُونَ الْعَرْشِ فَتِلْكَ الرُّؤْيَا الَّتِي تَصْدُقُ وَالَّذِي يَسْتَيْقِظُ دُونَ الْعَرْشِ فَتِلْكَ الرُّؤْيَا الَّتِي تَكْذِبُ ، واتە هیچ ژن وپیاوێکی بەندەکانی اللە خەوی خێرو تەواو بەسەریاندا نایەت ،الا لەو خەوە داڕوحیان بەرەوعەرش بەڕێ دەکەوێ،جاکە ڕوحیان گەیشتە عەرش وخەونیان بینی،ئەوەخەونەکە ڕاستە،بەڵام کە پێش گەیشتنی ڕوحیان بەعەرش خەبەریان بۆوە خەونەکەیان ڕاست نیە،ئەم خەونە زەهەبی لاوازی کردوە،،

لێرەدا گوتەکانی عەیازو قورتوبی تەواوبوون،

ئیبن حجردەڵێ: هەرچەندە کوڕی عەجلان هەندێک لاوازیان کردبێ،بەڵام ئەم فەرمودە لە ڕێگەی تر لە عەلیەوە گێڕدراوەتەوە،وە ئیبن قەیمیش فەرمودەیەکی هێناوە کە

: " إِنَّ رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ كَلَامٌ يُكَلِّمُ بِهِ الْعَبْدَ رَبُّهُ فِي الْمَنَامِ " . واتە ڕوئیاوخەونی ئیماندارگفتوگۆیەکە لەنێوان ئیماندارو پەروەردگاری دا.

فەرمودەیەکی هاوشێوەش لای ترمزی لە عبادەی کوڕی سامت گێڕدراوەتەوە لەتەفسیری ئایەتی

: وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ،ئەم پەردەو حجابە بە بینینی خەون لێک دراوەتەوە،وەخەونی پێغەمبەران وەک هەموو کردارەکانیان ،ئەویش وەحیە،بەڵام بێجگەلەوان ،جاری وایە خەونەکانیان بەشی شەیتانی تێ دەکەوێ، ]

بەم فەرمودانە ئیبن حەجەریش پشتی ئەوبۆچونە دەگرێ، کەلە خەون دا ڕوح دەڕواو گەشت دەکا جیهانی مەلەکوت دەبینێ وپەی بەشتەکان دەباودەیهێنێتەوە، نەک خەون دروست کراوی تێکەڵەی خەیاڵ و کارلێکی ناوناخ ودڵ ودەرون و زەڕب المسەلی شەیتان ومەلەکی ناوناخی مرۆڤ بێ، چونە ئەو فریشتەو شەیتانە هەموو کات لەبێداری و خەوتن دا لەگەڵ

مرۆڤ ،لەوانەیە جۆرێک لە خەون لەوانەوەبێ ،بەڵام ئەو خەونەی بەشێکە لەوەحی وڕاستە تاکەپەنجەرەی ماوە بۆ وەحی ئەوە دەبێ ڕوح لە میعراجی شەوانەدابەرەوعەرش دەرکی پێ بکا، بەڵام بۆئەوە کە خەون ئافەودەردبێ بۆیە وەک شێتی ومناڵی قەڵەم لەسەر مرۆڤ نیە لە خەوندا، ئەوە بە ڕەهایی ڕاست نیە،خەون ئیحتلامەکانی خۆشوشتنی دەوێ، ڕاسپاردەکانی وهۆشداریەکانی جێ بەجێ کردنی دەوێ، خۆ منداڵی وئەهلی فترەو پێش شەریعەت هاتن ئافات ودەردوشێتی نین ،کەچی تەکلیف وئەرکیشیان تێدا نیە ،چواندنی نوستن بەشێتی ،چونکە لە قیامەت خەوتنی لێ نیە ،ئەوە ناگەیەنێ کە خەو دیاردەیەکی نەرێنیە، چونکە خەوتن لەم جیهانەدا تاکە دەروازەیە کە پەیوەندی بە ژیانی جەننەتەوە هەیە ،بە پێچەوانەی حاڵەتی بێداری کە دوورترە لە ژیانی دواڕۆژ، وەلە دواڕۆژیش بۆیە خەوتن نیە ،چونکە لەوێ بەپێچەوانەی دنیا ڕوح سەرکێشەو لاشە شوێن کەوتەیە ،بە پێچەوانەی دنیا کەتاکە هەناسەی سەربەستی ڕوح لە کاتی خەوتن وخەوبینین دایە، ئەوخەوتنە بۆ تێرکردن ومۆڵەت دان بەڕوحی سەرکوت کراوە،جاکاتێ لەجەننەت ڕوح سەروەرە ،ئیدی پێویستی بەو دەلاقە و هەناسەیە نامێنێ،،

ئیبن حەجەر بەردەوامە لە گواستنەوەی بۆچونی زانایان لەبارەی خەون ودەڵێ:[ حەکیم دەڵێ:

اللە مەلایکەیەکی تایبەت بەخەون کردوە ،ئەم فریشتە مافی سەیرکردنی چارەنوسی هەریەکێک لە بەندەکانی لە لەوحی پارێزراو پێ دراوە،جاکە چارەنوسی هەریەکێکمان دەخوێنێتەوە، بە پێ ی ئەو چارەنوسە لە چیرۆکی چارەنوسمان خەونێکمان لەسەرشێوەی زەڕب المسل وپەندو ئامۆژگاری نیشان دەدا، تامژدەدەر یان سەرکۆنە بێ ،شەیتانیش کە دوژمنی هەمیشەییە دەیەوێ کە ئادەمیزاد خەونەکەی لێ بشێوێ ،یا لەبیری نەمێنێ،یان لێ ی تێکەڵ وپێکەڵ بێ،یان لێ ی بێ ئاگابێ،وەخەونەکانیش هەموویان دوو چەشنیان هەیە، خەونی ڕاستی ڕەحمانی و خەونی درۆوخەمبارکەرو گاڵتەپێ کەری شەیتانی،کە لەوانەیە لەسەرزمانی مەلائیکەو پیاو چاکانیش بێ، لە هەندێ گێڕانەوەی

فەرمودەكە ڕوئياى ( الصَّالِحَةُ ) لە گێڕانەوەى عُقَيْلٍ " الصَّادِقَةُ " هاتوە، هەردوو وشەكە بۆ ڕۆژى قيامەت وەک يەكن ،بەڵام بۆ جيهان هەموو خەونەكانى پێغەمبەران سادق وڕاستگۆن ،بەڵام جارى وايە بۆ جيهانيش سالّح وباشن، جارى وايە بۆ جيهان سالّح نين وەک خەونەكەى لەبارەى جەنگى ئوحود.

نەسرى دينەوەرى دەڵێ :خەونى سادق وڕاستگۆ ئەوەيە كە وەک خۆى بێتەدى،يان لێكدانەوەكەشت لەخەونەكەدا پێ بڵێن، بەڵام خەونى سالّح ئەو خەونەيە كە هەواڵى دڵ خۆشكەرو مژدە دانى تێدابێ ]

ئەوەندە لە شەرحى فەرمودەكە پەيوەندى بەخەونەوەبوو .

لە پاشكۆى ئەم دەروازە ى يەكەم ،بابەتێكم نوسيوە،ئەگەر لێرە داى بەزێنمەوە ،خوێنەر باشتر ڕوح وجيهانەشاراوەكەى باشتر دەناسێ..

لە جيهانى باڵاى ڕوح دا،پێش ئاوێتە بونى ڕوحەكان بەلاشە،جياوازى وهۆگر بوون وپەيوەندى بوون،لە فەرمودەدا هاتوە كە :

قوله صلى الله عليه وسلم ان الارواح جنود مجندة فما تناكر منها اختلف وما تعارف منها ائتلف ,

دياردەى جياوازى وپەرتەوازەيى وهۆگربوون لە جيهانى روحەكانداهەبوو،جا ئەم ڕوحە جياوازانە كاتێ ئاوێتەى لاشەكان بوون،بونە هاوبڕكێ ودژى يەكتر،وە ڕوحە وابەستە بەيەكەكان بونە دۆست وخزم وتيرەوباوک وكوڕ وهاوسەرى يەكتر،واتە دانيان بە كوڕوباوكێتى وگەورەوبچوكى و بنچينەو لق بون بۆيەكتردناوپرۆژەى بەيەكەوەژيانيان بەيەكەوە بەرپاكرد،

چۆن ڕوحى ئامنەى كچى وەهەب خولياوشەيداى ڕوحى محمدى يەكەم عابد ورەحمەت وميهر بۆگشت جيهانيان بوو؟وەچۆن ئەو ڕوحە پڕ ميهرەى محمدچۆن ئەو ڕوحەى ئامينەى كردە باوەشێک ،كە تەنانەت

دواى ئاوێتەبونيشى بوە پێشەنگى ئوممەتى ئەمن وئيمان و دوا وشەى نوێژوپەرستشەكەيان بوە ئامين.

ئەم هۆگريەى جيهانى روحەكان بوە بناغەى پێک هاتن وهۆگرى وخۆشەويستى و وێک چوون وهاوشێوەبوون.

شەهادەو گەواهى دانى پەيمان وبەڵێنى روحەكان
بەرامبەرپەروەردگار،كاتێ پەروەردگار پێ ى فەرمون، من پەروەردگارتانم،ئەم بەڵێن وپەيمانە بوو كە پەيوەندى عەقيدەو دين وبنماكان و ڕێبازو مەزهەبەكانى لێ پێک هات،كە بنچينەكەى پێک هاتنى بيروفكرو دانايیەكان بوو.

پەيوەندى دوەميش ،كە پەيوەندى خوێن وتيرەو خزمايەتى وڕەگەزيەكان بوو، لەو هۆگريە ى ڕوحەكان پێک هات كە لە پێش ئاوێتە بوون بەلاشە دامەزراو دواى ئاوێتە بوونيش ئەم پەيوەنديە ڕەگەزى وتيرەگەريە دروست كرد،

جا ئەم پەيوەندى خزمايەتيە، پێويستى كرد كە پردى تێک گەيشتن و گفتوگۆى بەردەوام ببێتە ژێرخانى پەيوەنديە خزمايەتى وڕەگەزيەكە وپەيوەنديە ڕەگەزو خوێنيەكان لەسەر زەمينەى پەيوەنديە زمانى ونەتەوەييەكان دروست كران، هەرچەندە هەندێ بەرەباب وخێڵ زۆرجار لەبەر چەندهۆكارێكى بژێوى وئابووری زمانيان ونەتەوەيان گۆڕيوە.

ئەو دوو پەيوەنديە وێكداچوە ،لەناو هەموو مرۆڤايەتى هەيە، بەڵام پەيوەنديە گرنگەكەى دۆستايەتى و برايەتى سەر بنەماى هاو دينى وهاوڕێيازى وهاوبيروباوەڕى وهاوجيهانبينى ،زۆرجاران ولەناوزۆربەى گەلاندا دژى دوو پەيوەنديەكەى تر،و تاى تەرازووى بەرامبەريانە.

ئەم دياردە لە جيهانى بەرزەخيش لە دواى مردن لەناو ڕوحەكان دا هەردەمێنێ،روحەكان لەدواى دەرچونيان لەلاشە پلەوپايەيان جياوازە،هەيانە لە ژێر بارەگاى پەروەردگارەوهەموو گەردوون دەگەڕێ،هەشيانە چەند چينێكى ئاسمان دەگەڕێ، هەيانە لە مێرگێكى جەنەتايە ،هەشيانە لەناوبيرێک دێل كراوە، بونى ئەم جياوازيانەش لە

هەرسێ قۆناغەکەی پێش ئاوێتە بوونی ڕوح ودوای ئاوێتە بوون ودوای جیابونەوەشی لە جیهانی بەرزەخ،هەمووی بۆ بەڕێوەبردنی بونەوەرەکانی پەروەردگارە،لە هەموو قۆناغەکانی،بەجۆرەها سونەت وشێواز ،بۆیە دەبینی دیاردەی کێش کردن و دورخستنەوەوخۆشەویستی وبێزاندن ودژایەتی ودۆستایەتی وپێکوەژیان ویەکتر ڕاونان وترساندن وتامەزرۆکردن،،،،هتد،،لە خانە کانی هەموو لاشەمان ولە لاشەی گشت زیندەوەران ولەناوەندە ماددی و وزیندەییەکان و لەناوگەردیلە ونیوترۆن وپرۆتۆن وئەلکترۆن ودژەکانیان دا ولەخانەو شانە درەختی وسەوزەکان ولە ناو جیهانی جن و ملائیکەکانیش بوونی هەیە.

روح تا لەناو لاشە دابێ وبەزاراوەی ئێستا زیندو بێ،هەر دیل و کەلەپچە کراوی ناولاشەیە وبەدەن بۆیە بەدەنە چونکە بەند کەری روحە،بەڵام دوای مردن ودەرچونی ڕوح لەلاشە روح ئازاد دەبێ،بەڵێ لەوێش سنور هەیە بۆروحەکان وبەپێ ی چاکی وخراپی کردەوەکانیان لە دنیا سنورەکانیان دیاری دەکرێ،بەڵام هەرچۆنێک بێ ،ڕوحی مردوو لە ڕوحی ناولاشە ئازادترە ،هەرچەندە روحێکی ئازاردراویش بێ،وەک چۆن مرۆڤێکی لە دایک بوو هەرچەندەناکام وهەژارو نەساغ وبێ دەرەتانیش بێ، ئازادیەکەی لە کۆرپەلەی ناو سگی شاژنێکی شایەکی گەورەی جیهان زیاترە.

روح لە پێش ئاوێتە بوون بەلاشە،بە علم وزانین ودانایی دەژی، علم ودانش بژێوی ڕوحە،بەودەفڕێ وبەودەبینێ،زانین ودانایی لای ئەفلاتون وخەونی ڕەبانی وڕاست لای ئیبن خەلدون،بریتین لە داماڵرانی ڕوح لە کاریگەریەکانی لاشەو بۆچەند چرکەیەک ئازادبونەوەی ڕوحەوگەڕانەوەیەتی بۆ چرکەساتەکانی پێش ئاوێتەبوون بەلاشەو بەمەش ئەو دانایی وئیشراقە روحیە وئیلهام وخەونە ڕاستە لەو جیهانەوە دێنێتەوەو دەیداتە هەستەکانی مرۆڤ.

ئەوانەی تحزیری روحەکان دەکەن ومرۆڤێک دەدوێنن کەسەدان ساڵە کۆچی کردوە، یان ئەوانەی بەخەون هەواڵێکی ڕاستیان پێدەدرێ لە مرۆڤێکەوە کە سەدان ساڵ مردوە و لاشەو مێشک ویادەوەریان شی

بۆتەوەو نەماوە،هەموو ئەونمونانە دەيسەلمێنن، كە علم ودانايى وعەقڵى مرۆڤەكان ،نەلەسەريان دايە ونەلە دڵيان ،بەڵكو ئەو عەقڵ وعلمە وابەستەى روحيانە.

دينەكان وڕۆشنبيرى وزۆرێک لە فەيلەسوف وحەكيمەكان باوەڕيان دێرينى جيهانى ڕوح هەيە،دينەكان باس لەوە دەكەن كە هەمو ڕوحەكانى هەرلە ئادەمەوە تائێستاو تا دوامرۆڤ كەلەم جيهانە پاش سەدان وهەزاران ساڵى تر لەمەولا لە دايک دەبێ ،بەرلە هەزاران ساڵ لە ئێستا ولەكاتى ئاوێتەبونى ڕوحى يەكەم بەلاشەى يەكەم كە ئادەمە ،ڕوحەكان گشتيان هەبوون،لە سەروو حەوت ئاسمان وكورسى ولە لاى عەرش وبارەگاى رحمن ولە فردەوسى باڵا،واتە بەدووری چەندان هەزارساڵى تيشكى دوور لە زەوى ،بەزمانى دووری شوێنەكان، وەپێش هەزاران ساڵ بە زمانى كات ،مشتە خۆڵێک توانى ڕوحێک لە باوەشى روحانيەت بڕفێنێ وتوشى بەدبەختى بكا، لەدارى زاوزێ وزۆربوون ولەت وشەق شەق بوونى خوارد،هەموو زاووزێ كەرێک خۆى لەنەمرى ومانەوەبێ بەش كردوە،تا ئامادەى ئەوەش نەكرێ كە لەت وشەق نەبێ وخانەكانى لاشەى هەڵنەوەرێ ناچێتەوە ئەو جەننەتە،هەربۆيە ئادەم بچوک بۆوەو حەوا بەبێ نوێژى و هێلكەى مانگانە سزادرا.

هەڵبەت پێش ئەم تاوانە ،تاوانى هۆگربوونى ڕوحەكان بەيەكتر زەمينەى ئەم ئاوێتە بوون و دروست كردنى ئەو دوو پەيوەنديە نەتەوەيى و ڕەگەزيەكەى دروست كردبوو،وە دواى ئاوێتە بونى ڕوحەكانيش بەلاشە ،ژيانى سەرزەوى چڕ كراوەى هەزاران ساڵى ڕوحەكان وهەزاران ساڵى تيشكيە و هەر مانگ وساڵێكى مرۆڤێكى ئەم زەويە لەسەر چەند كيلۆمەترێک بچوک كراوەيەو چڕكراوەى هەزاران ساڵ ودەيان ساڵى تيشكى ڕوحە لە پێش ئاوێتە بوونى بەلاشە.

بەڵام ئەوەاوكێشەى كەلە جيهانى روحەكاندا بە ئاڕاستەى پێچەوانەى تەواو لە دواى دەرچونيان لە لاشەكان گۆڕانى بەسەردادێ ،ئەوەيە كە روحەكان بەتەواوى دژى ئەو وابەستەبوون وهۆگربونەن كەلە جيهانى ڕوح وپێش ئاوێتە بونيان بەلاشەكان لە هەزاران ساڵى پێش لە دايک

بوون پێکیان هێنابوو ،وەلەسەر بنەمای ئەو تەئالف وهۆگربوون و خۆبەکەم نواندنە هەندێ بوونە دایک وباوک وهەندێ بوونە ڕۆڵەو نەوەوهەندێ بوونە خوشک وبرا، بەم شێوە بنچینەو ڕەگەزوڕەچەڵەک وخڵ وتیرەکان وخزمایەتی وبنەماڵە وخێزان پێک هاتن، هەروەها نەتەوەو زمان و شێوەزمانە کان پێک هاتن.

لە دوای دەرچونەوەی ڕوح لەلاشەو ئازادبونەوەی، لە هەموو ئەوانە ڕادەکا کە لە سەردەمی روحی یەکەم ولەسەردەمی ژیانی دنیای دا هۆگریان بوو،بەتەنگیانەوە بوو،ژیان وسەروماڵی خۆی بۆ بەخت دەکردن، دەیەویست ژیانی وتەمەنی بچێتە سەرژیانیان، روح لەوێ لە دایکی، باوکی ،لە برای و خوشکی ،لە ڕۆڵەوخێزانی،لە وگروهو فەسیل وتیرەوخێڵ و نەتەوەی ،لەخزم وبنەماڵەکەی، کە لەناویان حەوابۆوە،لە هەموو ئەمانە ڕادەکا،چونکە هەروەک قورئان لەسەرزمانی ئیبراهیم علیه السلام ،ڕووبە قەومەکەی دەفەرموێ ،ئەو هۆگری وابەستە بوونە تەنیا لە دنیا دا هەتانە ،مەوەدەی ژیانی دنیایەوکە مردن هەمووتان لە یەکتر ڕادەکەن ویەکتر بەنەفرین دەکەن.

بەڵام ،ئایا بۆچی مرۆڤ لەو کاتە لە هەموو خۆشە ویستانی دنیای وجیهانی یەکەمی ڕادەکا؟بۆ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی زمان ونەتەوەو خزمایەتیە دبێتە شتێکی زۆر قێزەون وڕەت کراوە؟؟ئەوشانئە چیە کە هەموو ڕوحەکان پێوەی خەریکن؟

وڵام:

چونکە ئەم روحانە کە لە جیهانی باڵای پێش ئاوێتە بونیان بە لاشەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر دامەزراندبوو،وەکە ئاوێتەی لەشەکانیش بوون لەسەربنچینەی ئەو هۆگریە روحیەی پێش ئاوێتەبوون،بوونە خزم وکەس وکارو نەتەوەی یەکتر،وەزۆر سوربوون لەسەر پاراستنی سەلامەتی وژیانی یەکتر،پاراستن وبەردەوامی ژیانیش ،واتە بەردەوامی دیلی و بەدبەختی وبێ بەشی وپڕینەوەو پەڕاوێز کردنی ڕوح،جابۆیە کاتێ روح لەو بەندیە ڕزگاری دەبێ ولەلاشە ئازاد دەبێ، ودەزانێ کە هۆی ئەو بەند

كرانەى دنياى ،پەيوەندىيەكەى پێش ئاوێتەبوونى بوو بەلاشە بە هەندێ ڕوحى تر،وەكە دەبينێ ،باوك ودايكى سورترين كەس بوون لەسەر درێژبوون ولەژياندا مانەوەى ،هەركاتێ ڕوحى نزيک ببوايەوە لە ئازادبوون لەكۆت وبەندى بەدەن،بەهۆى نەخۆشيەک ،يان كارەساتێک ،يان جەنگێک ،ئەو دايک وباوک وخوشک وبراو ژن و ڕۆڵە وعەشرەت ونەتەوەيە،هەموو هەوڵيكيان خستۆتەكاروقوربانيان بە هەموو شتێک داوە ،تائەم مردن وئازادبوونەى لێ دوور بخەنەوە،تا دووبارە باڵندەى ڕوحى موشتاق بۆ ئازادبوون دوبارە دەگێڕنەوە قەفەسى بەندى وكەلەپچەى ژيانى بەدبەختى دەكەنەوە دەستى، جا بۆيە دواى مردن وئازادبوون لێ يان ڕادەكا ،تا كەمەند كێشى نەكەنەوەو جارێكى دى كۆيلەو بەندى نەكەنەوە،

ئەمەيە ڕاڤەى ئايەتى :

عسى ان تحبوا شيئا وهو شر لكم ،ومعناى ئايەتى : ان الانسان يدعو لمن ضره اقرب من نفعه .

وەئەو وتەو كردەوانەى كە پەيام داران وپێشەواكان فەرمويانە و دنيايان بە هيچ وبێ نرخ وباڵە مێشولە وكاروان سەرا وەسف كردوە، هەميشە پەيڕەوانيان هەڵناوە لەسەر گيان بەخشى وفيداكارى وخۆبەخت كردن وقوربانى دان، بۆ ژيانى نەبڕاوەى دواى مردن،نەک بۆئەم ژيانە پڕ چەرمەسەريە كەمە،ئەوان جيهانيان بەشايەنى قوربانى بۆدان نەزانيوە،ئەو فەرمودانەى كەباس لەوەدەكەن :ئەوەى من دەيزانم ئێوەبتان زانيبايە زۆردەگريان وكەم پێدەكەنين و بەكێوان دەكەوتن وسەرجێ ى ژنانتان وازلێ دێنا)وەزۆر فەرمودەى تريش، هەروەها قورئان هەميشە بە ئامڕازى حەسروئيسپاتى انما ،ژيانى دنيا بە تەنيا ياری و بێ ئاگاكەر دەبينێ و ژن ومندااڵ زۆربەيان بە دوژمن وناحەز بۆ مرۆڤ وەسف دەكا.

هەمو دين وڕۆشنبيرى وكاريزماكان مرۆڤيان هەڵناوە لەسەر زوهد و لە دنيا دا دەروێش بوون ودنيا بەكەم گرتن وژيان بەڕێبوار و بە دنيادا تێپەڕين وئاوەدان نەكردنەوەى، وە زۆريشيان ،دامەزرێنەرانى ئەو

ڕێبازانە وەک بوزا وبەرهەمی وجینەکان خۆیان لە هەموو خۆشیەکانی دنیا داماڵیوە، لە ژیانی تەسەوف وتەزکیەی دینە ئاسمانیە کانی جولەکەو مەسیحی وئیسلامیش دا زۆر خۆ ئازاردان وچلە وخەڵوەت وخۆگوشین و ڕەبەنایەتی وژن نەهێنانی تێدایە .

مەسیح علیە السلام پەیڕەوانی هەڵناوە لەسەر خۆشویستنی دوژمنەکان ،چونکە دوژمنەکانی مرۆڤ ئەم قەفەس وبەندی روحە دەشکێنن و گیان وروحی دیل ئازاد دەکەن،بەڵام دۆستەکان هەر خەریکی نۆژەنکردنەوەی زیندانی ڕوح و توند کردنی کۆت وپەیوەندەکەن کە لاشەی ساغلەمە.

هەربۆیە کە پەروەردگارکاروانی ئادەمیزادی لەناوجەرگەی ماڵی روحانیەت دەست پێ کرد وڕوحی لەناو هەندێ گڵ وقوڕا بەند کردلە ئاسمانی حەوتەم،بەڵام ئەم تۆزەگڵە ئەو ڕوحە دیل کراوەی لەوبەرزاییە ولەباوەشی ڕوحیانەتەوە فڕاندو هێنایەوە ئەوزەویەی کانزاوتوخمەکەی لێ وەرگیراوە،وەبوە هۆی بەدبەختی ولەت وشەق شەق بوونی زۆربون وزاوزێ ومردن،چونکە ئەوڕەگەزەی زۆرببێ دەبێ بشمرێ.

پەروەردگاری حەکیم دەزانێ ئەم هەڵەی ئادەم تەنیا بە دژوبەرامبەرەکەی ڕاست دەبێتەوە، جاکە ئادەم گڵ ومادده بێ ،بەرامبەرەکەی ڕوحە، لەناو پەیام بەرانیش تەنیا عیسا علیە السلام ڕوح اللە یە، هەرچەندە ئێرانی و تەنانەت ڕاگەیاندنی جیهانیش ،بەتایبەت دەوڵەتە بەناو مەسیحیەکان هەوڵ دەدەن ئەم ناوە ،ڕوح اللە ،بە موسی خومەینی یەوە بلکێنن، بەڵام ئەوان دەزانن کەئەوە موسی یە وعیسی نیە، وەلەڕاستیشدا نەموسایە ونەعیسایە ،ئەوە مەلەوانە درۆزنەکەیە، کەسیش بێجگە لە عیسا نابێ پێ ی بگوترێ ڕوح اللە ،هەروەک چۆن جگەلە موسی کەس کەلیم اللە نیە .

جا ڕوح اللە کە کۆتایی وقافیەو سەروای دێڕی پەیام بەرانە وەک قورئان دەفەرموێ:وقفینا علی اثارهم بعیسی ابن مریم،،

بەڵام هەروەک چۆن مشتە خۆڵە کە ڕوحی فڕاند،ڕوح اللە کە علم ونیشانەی ساعە وقیامەتی هەڵسانەوەوهەڵسەنگاندنە ،دوبارە ڕوحەکان لەناوقوڕولیتە دەردەکاو بەرەو ولاتی ڕوح دەیان گێڕێتەوە.

ئەوەش لوتف ومیهرەبانی پەروەردگارە  کە اللە چەندان ڕوح و مەلائیکە ی لەم گەردونە داناون تاکو ڕێ بۆ سەرگەردانان بکەنەوەو ڕێنماییان بکەن بۆلای اللە بە ڕێپێدان وفەرمانی اللە،چونکە هەموو عەقڵە کان و دەرونەکان ونەفسەکان وروحەکان بەگەورەوبچوکیانەوە،هەمویان بەشۆکە وتەنۆلکەی زۆربچوکن وگەردیلەی وابەستەن بە ئیسمەکانی اللە ،وەلەوێوە بەڕێوە دەبرێن وئاڕاستە دەکرێن ،ونوێ بونەوەو ئاڵوگۆڕو داهێنانیان بۆ دروست دەکرێ ونوێ دەکرێتەوە

پێویستە لەسەرئەوانەی کە دەیانەوێ کە هەست بەو ئەمن وئاسایشی ئیمان بکەن،ئیمانی یەقینی ومتمانەی تەواویان هەبێ بەوەی کە ڕوح و بەڕێوەبەرو ویست وهەڵسوڕێنەرو ئاڕاستەکەرو بەدیهێنەرو ئاڵوگۆڕکەر وژییێنەرومرێنەری گشت بونەوەروگەردون وجیهان هەرلە ئەزەلەوە تاکو ئەبەد هەر اللە یە، بێجگە لە اللە ،ئەو هەڵسوڕاوانەی باسم کردن هەمویان جیهانی سێیەرن،سێیەرێکی کاتین وسێیەری بەردەوام لە قیامەت دا دەبێ،ئەم سێیەرە کاتیە وسێیەرە بەردەوامەکەی قیامەتیش هەردووکیان ،مان وبەدیهاتن و جوڵەو ئاڵوگۆڕیان گشتی بە اللە یە

,واتای ئیمانیش ئەوەیە تۆ ئەمن و ئاسایش وبوون وبەردەوامی وگرێنتی ومسۆگەری هەمو بونەوەرو خۆت وبەردەوامی وبەڕێوەچونیان لە اللە وەببینی .

واتە بونەوەرو پێک هاتەکانی بەمادەو وزەو ڕوح وکات وشوێن و ژیانی ئادەمیزاد وپەری و مەلائیکە و گیاندارو بێ گیان و دیاردەکانی سروشتەوە هەموی ئیعتمادو پشتیوانی تەنها بە اللە یە لە بەدیهاتن ومانەوەوپاراستن و لەناوچون و دوبارە داڕشتنەوەی دا،چونکە وەک گوتم ،ئەم سێیەرەکاتیەی جیهان وسێیەرە بەردەوامەکەی دواڕۆژو قیامەتیش هەر بە وابەستە بە ئیسمەکانی اللە ویستە شەرعی وگەردونیەکانی بەڕێوە چوەو بەڕێوە دەچێ....

دەروازەی دووەم:خەونی پیاوچاکان.

٢- بَاب رُؤْيَا الصَّالِحِينَ وَقَوْلِهِ تَعَالَى لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا فَجَعَلَ مِنْ دُونِ ذَلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

،،،،پێغەمبەرؐ - ﷺ - لە کاتێکدا ُحُدَيْبِيَةِ بوو لە خەوندا پیشانی درا کە چوە ناو مَكَّةَ لە گەڵ یارانی بەسەری تاشراوەوە ،جا کاتێ ئاژەڵە قوربانیەکانی لە حودەیبیە سەربڕی ، یاوەرانی گوتیان :کوا خەونەکەت؟ بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی:" فەتحە نزیکەکەش گرتنی خەیبەربوو،پاشان لەسالّی داهاتوو خەونەکە هاتەدی وچوونە ناومەکەوە بەوشێوەی کەلە خەونەکە بینرابوو،،،،،

" إِنْ شَاءَ اللَّهُ " ی ئایەتەکە، گوتراوە کە لە خەونەکە بەوشێوە بینراوە،وەدەشبێ بۆ مەبەستی فێرکردن وڕێنوێنی گوتنی ان شا الله بێ،بۆ کاری داهاتوو،وەک ئایەتەکەی سوڕەتی کەهف

[وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَلِكَ غَدًا إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ] .

هەروەها دەگوترێ ئەم هەڵاوێردنە و جیاکردنەوەیە بۆ ئەو کەسانەیە کە لە حودەیبیە ئامادەبوون، بەڵام لە عەمرەی قەزاو چونە ناومەککە یاشەهیدبوون، یان مردبوون ،یان لەبەرهەرهۆیەک بێ ئامادەی عەمرەکەنەبوون.

فەرمودەی دووەمی ئەم دەروازە:

6582 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْلَمَةَ عَنْ مَالِكٍ عَنْ إِسْحَاقَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ الرُّؤْيَا الْحَسَنَةُ مِنْ الرَّجُلِ الصَّالِحِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

قَوْلُهُ : ( الرُّؤْيَا الْحَسَنَةُ مِنَ الرَّجُلِ الصَّالِحِ )ئەم دەستەواژە لە گێڕانەوەی تر وابەستە نەکراوە بەخەونی جوان وچاک وپیاوی چاک،بەڵکو بەڕەهایی خەونی ئیماندار باس کراوە،چونکە پیاوچاکیش خەونی خاپ دەبینن،بەڵام زۆرینەی خەونەکانیان باشن،بەڵام کەسانی خراپ زۆرینەی خەونەکانیان خراپن ،چونکە شەیتان زیاتربەسەریاندا زاڵە.

چونکە خەڵکی سەبارەت بەخەون سێ پلەن:

-پلەی پێغەمبەران کەخەونەکانیان هەموو ڕاستن.

-کەمێک لەخەونەکانیان پێویستی بە لێکدانەوەیە.

-دوای ئەوان پیاوچاکانن،کە زۆرینەی خەونەکانیان ڕاستن،ئەوانیش هەندێ خەونیان پێویستی بە لێکدانەوەهەیە.

بەشی سێ یەم لەناو خەونەکانیان ڕاست هەیە وخەونی هەڵەیان زۆرە،ئەوە خەونی بێ باوەڕو لاڕێ بوانە.

خەڵکی ئاسایی زیاتر خەونەکانیان نیوەبەنیوەیە لە ڕاستی وناڕاستی،لەڕێ دەرچوان زیاتری خەونەکانیان زڕەخەونە،بەڵام خەونی کافران ڕاستی تێدا دەگمەنە ،فەرمودەکە ئاماژەی بەوەکردوە کە فەرمویەتی: " وَأَصْدَقُهُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُهُمْ حَدِيثًا " أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ خەون ڕاستریینیان،ڕاستگۆترینیانە لە بێداریدا،هەندێ جار خەونی کافرانیش ڕاست دەردەچێ،وەک خەونی دوو زیندانیەکەی یاوەری یوسف - عَلَيْهِ السَّلَامُ - وخەونی پاشاکە.

قازی ئەبوبکرعربی دەڵێ:تەنیا خەونی ئیماندارە کە دەبێتە بەشێک لە پێغەمبەرێتی،چونکە تەنیا ئەوپابەندی شەرعە.

لای من خەونی لاڕێ وفاسقیش بەشێک نیە لە پێغەمبەرێتی،لای هەندێکیان خەونی لاڕێ لە کەمترین بەشەکانی پێغەمبەرێتیە.

قورتوبی دەڵێ،چونکە مسوڵمانی ڕاستگۆ هەڵسوکەوتی لە هەڵس وکەوتی پێغەمبەران نزیکە ،بۆیەش بەشێک لەڕێزلێنانی پێغەمبەرانی پێ بڕاوە،کە ئاگادارکردنیەتی لەبەشێک لە غەیب وپەنهان،بەڵام کافرو لاڕێ ئەوەیان

نيە، كەهەندێ خەونيشيان ڕاست بێ،وەک ڕاستگۆيەكى درۆزنانە،وەهەرچى ڕاست دەرچوو لەخەون ،بەشێكى پێغەمبەرێتى نيە،بەڵكو وەک هەواڵى فاڵچى وجادوگەرەكانە،كە لە فەرمودەكە باسى پياوكراوە، مەبەست ئەوەنيە ژن خەونى ڕاست نەبينێ.

كە دەفەرموێ : ( بەشێكە لە چل وشەش بەشى پێغەمبەرايەتى ) لەزۆربەى گێڕانەوەكان واهاتووە،كَذَا و، وَ لاى مُسْلِمٍ لە گێڕانەوەى أَبِي هُرَيْرَةَ : " بەشێک لە چل وپێنج بەشَ " ،،، ، هەروەها لاى مُسْلِمٍ لە گێڕانەوەى ابْنِ عُمَرَ " بەشێک لە حەفتا بەش "كە لە چەند گێڕانەوەى تريش هاتوە، لاى طَّبَرَانِي بەلاوازى لە ڕوێكى تر هاتوە" بەشێک لە حەفتاوشەش بەش "بەڵام بەچەندين گێڕانەوەى تر لاى ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ وُ أَحْمَدُ وِابْنِ مَاجَهْ هاتوە.

لاى ئەحمەد وبەزارلە ئيبن عباس بە جەيدوئيبن عبدالبڕ لە ئەنەس دەگێڕنەوە ،كە يەک بەش لە بيست وشەش بەش،،،،،،الخ]

ئيبن حەجەر لە دواى كۆكردنەوەوباس كردنى هەموو گێڕانەوەكانى ئەم فەرمودە دەڵێ:

[ئێمە دە ئاڕاستەو شێوەگێڕانەوەمان لەم فەرمودە لەبەردەستە كەمترينيان

- بيست وشەش

-وزۆرترينيان حەفتاوشەشە،

-لە نێوانيشيان چل جار

-چل وچوار

-چل وپێنج

-چل وشەش

-چل وحەوت

-چل ونۆ

-پەنجا

-حەفتا

دروستترين ڕوو لەم دەگێڕانەوانە چل وشەشە ،دواى ئەو حەفتايە.

پێنج ڕووى تريش لاى نەوەوى وتەبەرى ،بەمەش بوە پازدە ،ئەوانيش بيست وچواروحەفتاودوو وچل ودوو وبيست وحەوت وبيست وپێنج،.

ئەمە تائێستا لەڕووى جياوازى دەربڕينەكانى گێڕەرەوانى فەرمودەكە.]

ئەم پازدە ئاڕاستەو هەموو گێڕەرەوە لە ياوەران ولەفەرمودەناسان ،هەروەک فەرمودەكانى بەشەكانى ئيمان وايە،ئەم هەموو گێڕەرەوە لەوانەيە ئەم فەرمودەى كردبێتە متواتر،كەچى كە ئاحاد بوايە وبەڵام بەريەک كەوتنى دەقەكان نەبوايە وئاحادبوايە بەهێزتربوو،بەڵام پێ دەچێ كە ئەو زۆر شپرزەييە لەوەوە هاتبێ ،كە گێڕەرەوەكان ئەوەيان بە عەقڵ دانەچوە كە خەون بەشێک بێ لە پێغەمبەرى بۆيە حەزيان بە چارەى ئەم فەرمودە نەكردوەوشێواندويانە ،وەک لەمەولا دەردەكەوێ،،،

[هەروا ڕاڤەكارانى فەرمودەكەش كێشەيان لەگەڵ تێگەيشتنى فەرمودەكە هەيە،چۆن خەون بەشێكە لە پێغەمبەرايەتى؟ لە كاتێكدا كە پێغەمبەرايەتى كۆتايى هاتوە بەمردنى پێغەمبەر

ّ ِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ؟

جوابى ئەم پرسيارە بەچەند شێوەدراوەتەوە:

-گوتراوە كە خودى پێغەمبەر خەون ببينێ ئەوە بەڕاستيبەشێكە لە پێغەمبەرێتى و كە يەكێک لە ئوممەتەكەى ببينێ ئەوە بەمەجازبەشێكە لە پێغەمبەرێتى.

-خَطَّابِي دەڵێ:ُ َ واتا خەون لەگەڵ هەواڵى پێغەمبەرايەتى دەگونجێ،نەک بەشێكى ماوە بێ لە پێغەمبەرێتى.

- : واتە بەشێكە لە زانستى پێغەمبەرايەتى،چونكە هەرچەند پێغەمبەرايەتى كۆتايى هاتوە،زانستەكەى ماوە.

-عبدالبر لە مالكەوە دەگێڕێتەوە كە پرسياريان لێ كرد كە ئايا هەموو كەس خەون لێك دەداتەوە؟ئيمام مالك لەوەڵام دا گوتى ئايا يارى بە پێغەمبەرايەتى دەكر؟ پاشان گوتى:خەون بەشێكە لە پێغەمبەرايەتى ،يارى وگاڵتە بە پێغەمبەرايەتى مەكەن.

-مەبەستى ئەوە نيە كە پێغەمبەرێتى ماوە،بەڵكو هەواڵى خەون كە هەواڵ دەدا لەبارەى جيهانى پەنهان وشاراوە وەك وەحى وايە، بۆيە كەس نابێ بێ زانيارى قسەى لەبارەوەبكا.

ابْنُ بَطَّالٍ دەڵێ : ئەوەكە خەون بەشێك بێ لە پێغەمبەرێنى ،ئەر لەهەزاربەشيش بەشێك بێ ،هەر زۆر گەورەيە،،بۆيە دەتوانرێ بگوترێ كە نبوەت لە ڕوى زمانەوانى واتە هەواڵ دان ،خەونيش جۆرێكە لەهەواڵ دان،واتە هەواڵى خەونى ڕاست ڕاستە ،لەم ڕەوە لە ڕاستگۆيى خەون دا بە پێغەمبەرايەتى دەچێ،.

- مَازِرِيُّ دەڵێ: هەواڵى پەنهان كە يەكێكە لەبەرهەمانى پێغەمبەرێتى ،خەونيش هەرهەواڵە،بەڵام ئەوەكە بەخەون شەرع دابنرێ وحوكمەكان ڕون بكاتەوە ،ئەوەنيە ،بەڵام خەون مژدەدەرو هۆشدارى دەرە،ئەمەش يەكێكە لەبەرهەمەكانى پێغەمبەرێتى.

ئەبوبكرعەرەبى دەڵێ :كە س نازانێ پلەكانى پێغەمبەرێتى چۆنن وچەندن پێغەمبەرو فريشتەكان نەبێ، مازرى دەڵێ:مەرج نيە زانايان هەموو شتێكى پابەند بە دين بزانن.]

زۆرێك لە وڵامەكانم وازلێ هێنا وكورت بڕيم كرد، لە بۆچونى ئيبن خەلدونيش باسى ئەم بابەتە كرا، هەموو هەوڵێكى ئەو بەناو ڕاڤە كارانە، ڕەت كردنەوەو گومان دروست كردن وبەدرۆ خستنەوەى فەرمودەكەيە بەشێوەيەك لە شێوەكان،وڵامى هەريەكێكيان ،چەند وڵامى دەوێ ،ڕاڤەكانيان زۆر ساردوسڕن، بەڵام ڕاستيەكەى ئەوەيە كە خەون لە ژيانى پێغەمبەر ئەحكامى شەرعى وبانگدان و لەژيانى ئەبوبەكردا بۆتە سپاردەى مردووو ميرات بەش كەر، ئيمامى مالك و ئيبن حەجەريش

خەونى ئيماندار بەبەشێک لە پێغەمبەرێتى دەزانن، ئەم بابەتەم لە بەشێکى پێشتر باس كردوەو دوبارەى ناكەمەوە.

[ ابْنُ بَطَّالٍ لە أَبِي سَعِيدٍ ى سَّفَاقِسِيِّدەگوێزێتەوە كە گوتراوە كە اللَّهَ شەش مانگ بەخەون وەحى بۆ پێغەمبەرنارد،دواى ئەوە تاكۆتايى ژيانى پێغەمبەر لەبێدارى دا وەحى بۆ ناردوە،بۆيە شەش مانگ لە بيست وسێ سالّى پێغەمبەرێتى، دەكاتە بەشێک لە چل وشەش بەشِ .

ِ ابْنُ بَطَّال دەڵێ :ئەم لێكدانەوە لەدووڕوەوە هەڵەيەِ :

يەكەم جياوازى هەيە لە ماوەى ناردنى پێغەمبەرتا كۆچى دوايى كردنى پێغەمبەرِ ﷺ.

دووەم ڕێژەكە تەنيا چل وشەش نيە ولە حەفتا بەش تابيست بەش گێڕانەوە هەيە.

خَطَّابِيُّ پێش ابن بتال نكولى لەوبابەتە كردووە، چونكە لێكدانەوەيەكى نەگونجاوە،وەبەدرێژايى بيست وسێ سالّەكە پێغەمبەر ﷺ لە خەونيشى وەحى بۆدەهات.

ئەم گوتە ودابەش كردنە تەنيا لێكدانەوەو گومانەو هەواڵيش بەگومان ناچەسپێ،هەروەها جەنگى ئوحودوچونە ناومەكەوزۆر شتى تريش بەخەون بوون وكراون .

ئەم فەرمودەش وەک فەرمودەىَ : الْهَدْيُ الصَّالِحُ وَالسَّمْتُ الصَّالِحُ جُزْءٌ مِنْ خَمْسَةٍ وَعِشْرِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ:ڕێنمايى وئاكارى جوان بەشێكە لە بيست وپێنج بەشى پێغەمبەرايەتى.واتە ئەم دووڕەوشتە بەرزە لە كارەجوانەكانى پێغەمبەرانن، كەواتە خەونى ڕاستيش لە كاروشوێنەوارى پێغەمبەرانە، زانست وهەواڵى پێغەمبەرايەتى پێ هاتوە،بەڵام بابەتى دابەش كردنى ژيانى پێغەمبەرايەتى بۆ چل وشەش نيوسالّى هيچ فەرمودەيەكى لەسەر نيە،بەڵام شەش مانگى دواى چل سالّى لە مانگى ڕبيعى يەک تاڕەمەزان خەون بوەو پاش ئەوە سورەتى ئيقرا هاتوە لە سيرەتى ئيبن ئيسحاق دا هاتوە.

نەوەى دەڵێ:نەچەسپيوە كە كاتى خەونى پێغەمبەرتەنيا شەش مانگ بووبێ،، باڵام لێكدانى خەونەكانى هەموو سەردەمى پێغەمبەرايەتى ولێكدانيان لەگەڵ ئەو كاتە ،سەبارەت بەوەحى بێدارى كەمێكە،،ئەوتا لە دابەش كردنى مەكى ومەدەنى يە، مەكى ئەوەيە پێش كۆچ كردن بێ جابا لە مەكەش نەبوبێ، وەمەدەنيش ئەوەيە كە لە دواى كۆچ دابەزيوە ،بالە مەكەش بێ.

دەتوانرێ بۆ جياوازى ئەو بەشانە بگوترێ كاتێ پێغەمبەرايەتى سێزدەساڵى ڕابورد ،ڕێژەى خەون لە پێغەمبەرايەتى يەک بەش لەبيست وشەش بەش بوو، كاتێ كە بيست ودوو ساڵ ى پێغەمبەرى چوو ،ئەوەيەک بەش لە چل وچوار بەشى پێغەمەمبەرايەتى،لەكۆتايى ژيانيشى يەک بەش بوو لە چل وشەش بەش.

يەک لەپەنجابەشيش پێدەچێ بۆ تەواوكردنى داشكاوەكەبێ ،حەفتايەكەش بۆ زيادەڕەوى بێ.

هەندێک گێڕانەوەى حەفتاكە بەوەلێک دەدەنەوەكە فەرمودەى كە ُ أَحْمَدُ گێڕاويەتيەوە، " أَنَا بِشَارَةُ عِيسَى وَدَعْوَةُ إِبْرَاهِيمَ وَرَأَتْ أُمِّي نُورًا " من مژدەى عيساو دوعاى ئيبراهيم وخەونى دايكم بووم،ئەمەسێ بەشە ،كە بيست وسێ ساڵ دابەش بكەى بەسەر سێ دا دەكاتە حەفتا. . .....]

ئيبن حجر گوتەوڕاڤەودابەش كردنى زۆركەسانى هێناوە ،بەڵام هيچ سودێكى تێدا نيە بۆ خەون لێكدانەوە ،زۆرێک لەو لێكدانەوانەش بۆ ڕەت كردنەوەى فەرمودەكەن، وە فەرمودەكە مەبەستى تەنيا پێغەمبەرێتى محمد نەبوە ،بەڵكو خەون وڕێنماى وڕەوشتى جوان بەشێكە لە وەحى سەدوبيست وچوارهەزار پەيامبەران كە هەندێكيان سەدان ساڵ ژياون ،بۆيە زانينى ئەم بەشانە تەنيا لە بيست وسێ ساڵى پێغەمبەرايەتى محمد نابێ ،چونكە فەرمودەكە مەبەستى پێغەمبەرايەتى هەموو پێغەمبەرانە .

ُ [خەتابى ،لەتەبەريەوە دەگێڕێتەوە كە حەفتا كە بۆخەونى هەموو مسوڵمانانە،وەخەونى چل بەشەكە بۆ خەونى باوەڕدارە ڕاستگۆكانە،

وەک چۆن خەون دابەش دەبێ بۆ خەونى ڕاستى بێ هێما وخەونى هێمادار كە لێكدانەوەى پێويستە، پێغەمبەرايەتيش لەسەرئەم دوو شێوە پێغەمبەر لە جبريلى وەرگرتوە،وەک لە فەرمودە هاتوە، ِ - أَنَّهُ كَانَ يَأْتِيهِ الْوَحْيُ مَرَّةً فَيُكَلِّمُهُ بِكَلَامٍ فَيَعِيهِ بِغَيْرِ كُلْفَةٍ وَمَرَّةً يُلْقِي إِلَيْهِ جُمَلًا وَجَوَامِعَ يَشْتَدُّ عَلَيْهِ حَمْلُهَا حَتَّى تَأْخُذَهُ الرَّمْضَاءُ وَيَتَحَدَّرُ مِنْهُ الْعَرَقُ ثُمَّ يُطْلِعُهُ اللَّهُ عَلَى بَيَانِ مَا أَلْقَى عَلَيْهِ مِنْهَا .]

بەشى يەكەم :وەحيەكە بەئاسانى دەهات وتێ ى دەگەيشت بەبێ زەحمەت،جۆرى دووەمى ،چەندين ڕستەوڕێساى گشتگيربوون تا وەرى دەگرت عارەقى دەكرد، هەتا ڕاڤەو لێكدانەوەى بۆ نەهاتبا هيچى لێ تێ نەدەگەيى.

كەواتە وەحى وخەون هەردوو واتان ،جارى وايە ڕوون وئاشكران،جارى واشە ئاڵۆزو نادیارن، تا بەژمارەكەمتربن ،ڕوونترن، تازۆرتربن ئاڵۆزترن.

قورئان و وەحى ئيجمال وپوخت وشاراوەو ئاشكراو ڕەهاو و دیارى كراوو تايبەت وگشتى تێدايە، خەونيش بەو شێوەيە،وەحى موحكەم وموتەشابيە و ناسخ ومەنسوخى تێدايە ،خەونيش هەروايە،خەون تا سادەتروكەم ژمارەتربێ لە پێغەمبەرايەتى نزيكترە ،

قازى عياز خەونيش وەک وەحى دابەش دەكا،وەحى هەيە بێ ناوەند گير ڕاستەوخۆ لە اللە وەردەگيرێ ،هەيە بەهۆى فريشتە وەردەگيرێ،هەيە وەئيلهام دەخرێتە دڵى پەيامبەرەوە،هەيە كە فريشتە لەسەرشێوەى ڕاستەقينەى خۆى دەيهێنێ، هەيە كە فريشتەكە لەسەرشێوەى كەسێک

دەيهێنێ،هەيە لەخەون دادێ،هەيە وەک دەنگى زرينگانەوەى زنجيرە دێ،،،هتد

کەبيژمێرى دەگاتە ئەوژمارە،بەڵام قورتوبى ئەو پێچواندنە بەلاوازدەزانێ، چونکە چۆنێتى هاتنى وەحى نابێتە بەشەکانى پێغەمبەرێتى، ئەوچۆنێتيانە لەبيست بەش تێناپەڕێ، چۆن دەگاتە حەفتا؟

حەليمى پێش قازى عەياز چل وشەش بەشى پێغەمبەرايەتى بەم شێوە بەش کردوەو عەلائەالدين قۆنيەوى لە حەليميەوە گێڕاويەتيەوە کەدەبێ خەونى ڕاست بەشێک بێ لەم چل وشەش بەشە:

١- بەرزترينيان گفتوگۆيە لە گەڵ الله بەبێ ناوەندگير.

٢-ئيلهام ،کە جۆرێکە لە وەحى،بەبێ گوفتار،بەڵکو زانستى ئەو شتە لەناو دەرونى داهەيەبێ ئەوەى بەهەستەکان دييێتى وئەزمون وبەڵگەى عەقڵى بۆکردبێ.

٣-وەحى لەسەر زمانى فريشتە کە دەيبينێ ودەيدوێنێ.

٤-فوکردنى فريشتە بە دەرونى پێغەمبەر،وەحى بۆناودڵ ،بەبێ بيستنى گوێ.

٥-تەواوبوونى عەقڵيان بێ لەمپەر..

٦-بەهێزى لەبەرکردن،هەريەک جار سورەتەکە هەمووى لەبەردەکاولەبيرى ناچێ.

٧-پەنادرانى لەهەڵەوتاوان لە کردارو گوفتارى

٨- زيرەکى وتێگەيشتنى هەموجۆرە هەڵێنجانەکان.

٩-زيرەکى وتواناى بينينى ،تالەوپەڕى زەوى شت ببينێ.

١٠- زيرەکى گوێ ى تا لەوپەڕى زەويەوە شت ببيستێ.

١١-زيرەکى بۆن کردن، وەک بۆن کردنى يەعقوب بۆکراسەکەى يوسف لەدووری زۆر.

١٢- هێزى لاشه تاله شەوێكدا ڕێگاى مانگێكى دەبڕى.

١٣-بڵندبوونى بۆئاسمانەكان.

١٤-هاتنى وەحى وەك زرينگانەوەى زنجيروزەنگوڵ.

١٥-قسەكردن لەگەڵ گيسك وكاريله

١٦-بەقسەهێنانى ڕوەك.

١٧-بەقسەهێنانى قەدەداروكۆلك

١٨-بە قسە هێنانى بەرد

١٩-تێگەيشتنى لە لورەى گورگ وبژێوى بۆديارى كردنى..

٢٠-تێگەيشتنى لە دەنگى حوشتر.

٢١-گوێ ى لە دەنگ دەبوو بەبێ ئەوەى قسەكەربينێ.

٢٢-توانينى بينينى جن.

٢٣-شتەنادیارەكانى پيشان دەدرا ،وەك هاتنى قودس بۆبەردەمى ،كاتێ ئەبوجەهل پرسيارى لێ كرد.

٢٤-چارەنوسى كارێكى بە هێمايەك دەزانى وەك چۆك دادانى وشترەكەله حودەيبيە كەزانى هەمان هۆى ڕاوەستانى فيلەكەى ئەبرەهەئەويشى ڕاگرت.

٢٥-گەشبينى بەناو،كەسوهەيلى كوڕى عەمرى دى، فەرموى كارەكانتان ئاسان بوو.

٢٦- له ڕوداوى ئاسمان ،ڕوداوى زەوى دەزانى، ،فەرموى ئەم هەورە بانگ دەكا بۆسەرخستنى بەنى كەعب.

٢٧- له دواى خۆى شتى دەبينى.

٢٨-ئاگاى لەڕوداوى پێش مردن بوو،وەك بينينى حەنزەڵه كه فريشتەدەيان شوشت.

٢٩-لە ڕوداوێكى سادە ئايندەى دەخوێندەوە ،وەك لەبريسو هاتنەكەى بەردەكەى خەندەق فەتحى فارس وڕۆمى زانى.

٣٠-لەدنياوە چاوى لە دۆزەخ وجەنەت بوو.

٣١- فراسەت ودووربينى.

٣٢- گوێڕايەڵى درەخت بۆى، تا گواێزرانەوەى درەختەكە لە ڕەگ وڕيشاڵەوە.

٣٣-سكاڵاى ئاسكەكە وشيردانى بەبەچكەكەى

٣٤-لەلێكدانەوەى خەون هەڵەى نەدەكرد.

٣٥-خەملاندنى خورما بەبەرسيلەيى ،وەك چۆن قەبڵاندبوى وادەرچوو.

٣٦-ڕێنمايى كرانى بۆ لاى حوكم وفەرمانەكان.

٣٧-ڕێنمايى كرانى بۆ سياسەتى دين ودنيا.

٣٨-ڕێنمايى كرانى بۆ زانينى شێوەى جيهان وپێك هاتنى.

٣٩-ڕێنمايى كرانى بۆ زانينى بەرژەوەنديەكانى لاشەووچەشنەكانى نوشدارى.

٤٠-ڕێنمايى كرانى بۆ هەموو كارە نزيك كەرەوەكان لە الله

٤١-ڕێنمايى كران بۆ پيشەسازيە سودبەخشەكان.

٤٢-زانينى هەواڵ وداستانى داهاتوو.

٤٣-هەواڵ زانينى ئوممەتانى پێشوو ،بێ ئەوەى كەس باسيكردبێ.

٤٤-زانينى شاراوەكانى دڵ ودەروون ونيازەكان.

٤٥-زانينى ڕێگاكانى بەڵگەهێنانەوە.

٤٦-زانينى چۆنێتى ڕێگاكانى هەڵسو كەوتى جوان وسەرنج ڕاكێش.

ئەمانە لەكەسانى تر بەپرى كەم هەن بەڵام بۆ پێغەمبەران ڕاستن وكەم وكوڕيان نيە ]

ئەگەر حەليمى مەبەستى بوە جياكەرەوانى پێغەمبەرايەتى بژمێرێ ،دەيتوانى هەر بيست وپێنج پێغەمبەرەكەى ناويان لە قورئان هەيە، ببيژێرێ،وەك ژێربارخستنى باوچياو تەيروو نەوت وجن و بوراق وئاسن و،،،هتد.

[غەزالى لە ئيحيادا ئاماژەى بۆ ئەو دابەش كردنەى بەشەكانى پێغەمبەرايەتى كردوە ،بەڵام بەقەبڵاندنى زانيوەو پێ ى ڕاست نەبوە.....]

بەوەندەلە شرۆڤە كردنى ئيبن حجر بۆ ئەم دەروازە وازدێنم چونكە ئيبن حجر هەر تەفسيرەكانى گواستۆتەوەو لە كۆتايشدا نەگەيشتۆتە هيچ تەرجيح و هەڵبژاردەيەك بۆ فەرمودەكە.

دەروازەى سێ يەم لە كتێبى تەعبيرى بوخارى :خەونى ڕاست لە الله وەيە.

٣- بَاب الرُّؤْيَا مِنْ اللَّهِ

6583 حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ يُونُسَ حَدَّثَنَا زُهَيْرٌ حَدَّثَنَا يَحْيَى هُوَ ابْنُ سَعِيدٍ قَالَ سَمِعْتُ أَبَا سَلَمَةَ قَالَ سَمِعْتُ أَبَا قَتَادَةَ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ الرُّؤْيَا الصَّادِقَةُ مِنْ اللَّهِ وَالْحُلْمُ مِنْ الشَّيْطَانِ )

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

هەموو خەون وڕوئياو حلمەكان لە الله وەن لەڕووى ئەندازەگيرى وبەدى هێنان،،بە پێ ى ئەم فەرمودە ئەوەى لە الله وەبێ پێ ى ناگوترێ حلم،وەئەوەى لەشەيتانەوەبێ پێ ى ناگوترێ ڕوئيا،هەندێ جارانيش بەهەموويان گوتراوە ڕوئيا،يان مەنام، ڕوئيا هەندێ جاران بە سالّح وبە حەسەن،وسدق واتە باش وجوان و ڕاستگۆ وەسف كراوە،]

من لەم بابەتە لە نمرەكانى ڕابردوو بەدرێژى باس وپێناسەى هەريەك لە ڕوئياو وحلم ومنامم كرد ،بۆيە لێرە دووبارەى ناكەمەوە.

فەرمودەى دووەمى دەروازەى سێ يەم.

6584 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يُوسُفَ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ حَدَّثَنِي ابْنُ الْهَادِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ خَبَّابٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ رُؤْيَا يُحِبُّهَا فَإِنَّمَا هِيَ مِنْ اللَّهِ فَلْيَحْمَدْ اللَّهَ عَلَيْهَا وَلْيُحَدِّثْ بِهَا وَإِذَا رَأَى غَيْرَ ذَلِكَ مِمَّا يَكْرَهُ فَإِنَّمَا هِيَ مِنْ الشَّيْطَانِ فَلْيَسْتَعِذْ مِنْ شَرِّهَا وَلَا يَذْكُرْهَا لِأَحَدٍ فَإِنَّهَا لَا تَضُرُّهُ

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

پوختەى ئەم فەرمودە ئەوەيە كە خەونى چاک سێ كار پێويست دەكا:

-خەون بين سوپاس و ستايشى الله بكا

-دڵى بەخەونەكە خۆش بێ وبەمژدەى بزانێ

-بۆ كەسێكى بگێڕێتەوە كە خۆشى دەوێ وڕقى لێ نابێتەوەوبەشارەزاى دەزانێ

بەڵام خەونى خراپ چوار كار پێويست دەكا: -پەنابگرێ بە الله لە بەدكاريەكانى ئەوخەونە وشەڕى شەيتان،واتە بڵێ:اعوذ بالله السميع البصير العليم من الشيطان الرجيم

- سێ جار تف بەلاى چەپيابكادواى بێداربونەوەلە خەو

-خەونەكەبۆكەس نەگێڕێتەوە.

-لە هەندێ گێڕانەوەهاتوە باهەستێ نوێژبكا وتەنيشتى نوستنەكەى بگۆڕێ.

ئەم شەش كارە هەموويان لە بوخارى وموسليم دا هەن .

-كارى حەوتەم ئەوەيە كە خەون بين ئايەت الكورسى بخوێنێ ،ئەوەهەندێ ڕاڤەكارانى فەرمودەكە باسيان كردوە،واباشترە خەون بين لانى كەم چوار لەم كارانەبكا،ئەگەر هەمووى بكا هێشتا باشە.]

ئەمە پوختەى ڕاڤەيەكى دوورودرێژى ئيبن حەجەرە،كە گوتەى زۆرلە ڕاڤەكەرانى فەرمودەكان دێنێتەوە ،من بەكورتى باسم كرد.

دەمێنێتەوە خەونى خەم هێنەرو وگاڵتەپێ كەر كە هەردوكيان لە شەيتانەوەن، ئەوەى ئەوخەونە خراپە دەبينێ كە بۆكەسى ناگێڕێتەوە ،ماناى وانيە سودى لێ نەبينێ،بەنمونە خەونەكە ساردكردنوەى خەونبينى تێدايە لەكارێک،يان گاڵتەى پێ دەكا ،باخەون بين بە پێچەوانەى خەونەكە سوربێ لەسەرئەوكارە ،بزانێ ئەو كارە شەيتانى والێ كردوە پەنابۆ خەونى گاڵتەپێكەر يان خەمهێنەر ببا، كوردیش دەڵێن :كەسێک،كەسێكى بدزێ وڕقى لێ بێ،خەونى خراپى پێوەدەبينێ..

دەروازەى چوارەم:خەونى ڕاست بەشێكە لە چل وشەش بەشى پەيام بەرايەتى.

٤- بَاب الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ

6585 حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يَحْيَى بْنِ أَبِي كَثِيرٍ وَأَثْنَى عَلَيْهِ خَيْرًا لَقِيتُهُ بِالْيَمَامَةِ عَنْ أَبِيهِ حَدَّثَنَا أَبُو سَلَمَةَ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ

قَالَ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنْ اللَّهِ وَالْحُلْمُ مِنْ الشَّيْطَانِ فَإِذَا حَلَمَ فَلْيَتَعَوَّذْ مِنْهُ وَلْيَبْصُقْ عَنْ شِمَالِهِ فَإِنَّهَا لَا تَضُرُّهُ وَعَنْ أَبِيهِ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي قَتَادَةَ عَنْ أَبِيهِ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ مِثْلَهُ

6586 حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ بَشَّارٍ حَدَّثَنَا غُنْدَرٌ حَدَّثَنَا شُعْبَةُ عَنْ قَتَادَةَ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ

6587 حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ قَزَعَةَ حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ سَعْدٍ عَنْ الزُّهْرِيِّ عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِﷺ

قَالَ رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ وَرَوَاهُ ثَابِتٌ وَحُمَيْدٌ وَإِسْحَاقُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ وَشُعَيْبٌ عَنْ أَنَسٍ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ

6588 حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ حَمْزَةَ حَدَّثَنِي ابْنُ أَبِي حَازِمٍ وَالدَّرَاوَرْدِيُّ عَنْ يَزِيدَ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ خَبَّابٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكان:

ئەم چوارفەرمودانە ،هەروەک فەرمودەى دەروازەى دوەمن،بۆيە ئيبن حەجەر شتێکى زياترى لەو فەرمودانە باس نەکردوە ،بۆيە لێرە منيش دوبارەى ناکەمەوە، تەنيائەوەنەبێ کەئەم هەموو فەرمودانە دڵنيايى بوخارى دەگەيەنێ لە سەر چل وشەش بەشەکە ،تا بەش وژمارەکانى تر بەهەند وەرنەگيرێن..

دەروازەى پێنجەم:خەونە مژدەدەرەکان.

٥- بَاب الْمُبَشِّرَاتِ

6589 حَدَّثَنَا أَبُو الْيَمَانِ أَخْبَرَنَا شُعَيْبٌ عَنْ الزُّهْرِيِّ حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِﷺ يَقُولُ لَمْ يَبْقَ مِنْ النُّبُوَّةِ إِلَّا الْمُبَشِّرَاتُ قَالُوا وَمَا الْمُبَشِّرَاتُ قَالَ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ.

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

ئەو مژدە لە ئایەتی قورئان هاتوە:، : لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا هِيَ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ ،ئەم مژدەی ژیانی دنیا،خەونی مژدەدەرە ُ تِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ گێڕاویانەتەوەو حَاكِمُ بەڕاستی داناوە

قَوْلُهُ : ( لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبُوَّةِ إِلَّا الْمُبَشِّرَاتُ )

واتە:

هیچ لەپێغەمبەرایەتی نەماوەتەنیاخەونی مژدەدەر نەبێ .

ئەم فەرمودە لە زۆریاوەر لە نەخۆشی وەفاتی پێغەمبەر -ﷺ- گێڕاویانەتەوە کە پەردەی لەسەر ڕوی لاداو سەری پێچرابوو،خەڵک لەدوای ئەبوبکر ڕیزیان بەستبوو بۆ نوێژ،فەرموی ئەی خەڵکینە لەمژدەی خۆشی پێغەمبەرێتی نەماوە تەنیا خەوی باش نەبێ کە مسوڵمان ببینێ ،یان کەسێکی تربۆی ببینێ،لە گێڕانەوەیەکی تر دەفەرموێ ،خەونی مسوڵمانان ،بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی، ]

ئەم فەرمودەش بەهەموو گێڕانەوەکانی لە زۆریاوەران هەموویان هەر خەون بەبەشێک لە پێغەمبەرایەتی دەزانن، هەرچەندە دەیان لە شارح وڕاڤەکەرانی ئەم دەیان فەرمودانە ویستویانە کە دانانی خەون بەبەشێکی پێغەمبەرایەتی بڕیارنەدەن،بەڵام لەبەرزۆری وهەمەچەشنی گێڕانەوەو فەرمودەکان نەیان توانیوە.

دەروازەی شەشەم:خەونەکەی یوسف.

٦- بَاب رُؤْيَا يُوسُفَ وَقَوْلِهِ تَعَالَى إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ وَكَذَلِكَ

يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَى آلِ يَعْقُوبَ كَمَا أَتَمَّهَا عَلَى أَبَوَيْكَ مِنْ قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ .

[كاتێ يوسف بەباوكى گوت،بابەگيان، من يازدەئەستێرەوخۆرومانگم ديتن سوجدەيان بۆبردم،،گوتى ڕۆڵە خەونەكەت بۆبراكانت مەگێڕەوە فێڵێكت بۆ ڕێكدەخەن،،چونكەشەيتان بۆمرۆڤ دوژمنێكى ئاشكرايە،ئاوا پەروەردگارت هەڵت دەبژێرێ وڵێكدانەوەى ڕوداوەكانت فێردەكا،،بەهرەكانى خۆى لەسەرتۆو خانەوادەى يەعقوب تەواودەكا،،هەروەك چۆن لەوەوپێش بەسەر ئيبراهيم وئيسحاقدا تەواوى كرد،بەڕاستى پەروەردگارت زانترين وليزانترينە،]

ئەمە لێكدانەوەى يەعقوب بوو بۆ خەونەكەى يوسف .

وَقَوْلِهِ تَعَالَى

يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنْ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنْ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنْ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ .

قَالَ أَبُو عَبْد اللَّهِ فَاطِرٌ وَالْبَدِيعُ وَالْمُبْدِعُ وَالْبَارِئُ وَالْخَالِقُ وَاحِدٌ مِنْ الْبَدْوِ بَادِيَةٍ

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە

گێڕەرەوەكان جياوازن لە ماوەى دابڕانى يوسف وباوكى هەرلە هەژدەسالّيەوە تا نەوەدسالّ ،ئيبن حەجەر گێڕانەوەى چل سالّى بەڕاست داناوە،ڕاڤەكەران دەڵێن كە سوجدەبردن لەناوئوممەتانى پێش ئيسلام وەك سەلام وڕێزلێ نان بوە،بەڵام ئوممەتى ئيسلام سەلامى ئەهلى جەننەتى پێ دراوە.

لە كۆتايى دا بوخارى بارى وفاطروخالقى بەيەک واتاو هاومانا داناون ،بەڵام لە ڕاڤەى ئيبن حجر دەردەكەوێ كە جياوازى لەواتاكەيان هەيە.

دەروازەى حەوتەم :خەونى ئيبراهيم عليه السلام.

٧- بَاب رُؤْيَا إِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ السَّلَام وَقَوْلُهُ تَعَالَى فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانْظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنْ الصَّابِرِينَ فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ قَالَ مُجَاهِدٌ أَسْلَمَا سَلَّمَا مَا أُمِرَا بِهِ وَتَلَّهُ وَضَعَ وَجْهَهُ بِالْأَرْضِ

ئيبن حجر دوو ڕيوايەتى لەسدى وئيبن عباس گێڕاونەوە كە ئەوكوڕەى ويستويەتى سەرى بڕێ لاى سدى ئيسحاق ولاى ئيبن عباس ئيسماعيل بوو،لەچيرۆكى ئيسماعيل باسى ڕەجمەكانى شەيتان لە لايەن ئيسماعيلەوە هەرجارەى بەحەوت بەرد كراوە، تاكۆتايى چيرۆكەكە، وەباسى ئەو فەرمودەش كراوە كە پێغەمبەر فەرمويەتى من كوڕى دوو سەربڕاوەكەم .‘

بوخارى لەم دوو دەروازە هيچ فەرمودەى نەهێناوەو تەنيا ئايەتى هێناوە.

دەروازەى هەشتەم:خەونە هاوبەش وەک يەكەكان ڕاستى يەكتردەسەلمێنن.

٨- بَاب التَّوَاطُؤِ عَلَى الرُّؤْيَا

6590 حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ عُقَيْلٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ عَنْ سَالِمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ أُنَاسًا أُرُوا لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي السَّبْعِ الْأَوَاخِرِ وَأَنَّ أُنَاسًا أُرُوا أَنَّهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ الْتَمِسُوهَا فِي السَّبْعِ الْأَوَاخِرِ

بەهەردوو گێڕانەوەی حەوت ودەیەی کۆتایی گێڕدراوەتەوە، یاوەران هەمیشە خەونەکانیان بۆ پێغەمبەردەگێڕایەوە.

دەروازەی نۆیەم : کەسانی زیندان وبەدکاری وهاوبەشیدانەر.

٩- بَاب رُؤْيَا أَهْلِ السُّجُونِ وَالْفَسَادِ وَالشِّرْكِ لِقَوْلِهِ تَعَالَى وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا وَقَالَ الْآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنْ الْمُحْسِنِينَ قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَكُمَا ذَلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَا أَنْ نُشْرِكَ بِاللَّهِ مِنْ شَيْءٍ ذَلِكَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ يَا صَاحِبَيْ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ وَقَالَ الْفُضَيْلُ عِنْدَ قَوْلِهِ يَا صَاحِبَيْ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمْ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنْ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَنْ لَا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ يَا صَاحِبَيْ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا وَأَمَّا الْآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْ رَأْسِهِ قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِنْهُمَا اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الْأَحْلَامِ بِعَالِمِينَ وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا أُنَبِّئُكُمْ بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأْبًا فَمَا حَصَدْتُمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تَأْكُلُونَ ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تُحْصِنُونَ ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ قَالَ ارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ وَادَّكَرَ افْتَعَلَ مِنْ ذَكَرَ أُمَّةٍ قَرْنٍ وَتُقْرَأُ أَمَهٍ نِسْيَانٍ وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ يَعْصِرُونَ الْأَعْنَابَ وَالدُّهْنَ تُحْصِنُونَ تَحْرُسُونَ

6591 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنَا جُوَيْرِيَةُ عَنْ مَالِكٍ عَنْ الزُّهْرِيِّ أَنَّ سَعِيدَ بْنَ الْمُسَيَّبِ وَأَبَا عُبَيْدٍ أَخْبَرَاهُ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَوْ لَبِثْتُ فِي السِّجْنِ مَا لَبِثَ يُوسُفُ ثُمَّ أَتَانِي الدَّاعِي لَأَجَبْتُهُ .

تاكە سودێک كە لە لێكدانەوەی ئەم خەونەباس كراوەئەوەیە كە خەڵكی لاڕێ وبێ باوەڕیش خەونی ڕاست دەبینن وخەونەكانیشیان بۆلێكدەدرێتەوە.

دەروازەی دەیەم :بینینی پێغەمبەر ً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خەون دا.

١٠- بَاب مَنْ رَأَى النَّبِيَّ ﷺ فِي الْمَنَامِ

6592 حَدَّثَنَا عَبْدَانُ أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ عَنْ يُونُسَ عَنْ الزُّهْرِيِّ حَدَّثَنِي أَبُو سَلَمَةَ أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَالَ سَمِعْتُ النَّبِيَّﷺ يَقُولُ مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَسَيَرَانِي فِي الْيَقَظَةِ وَلَا يَتَمَثَّلُ الشَّيْطَانُ بِي قَالَ أَبُو عَبْد اللَّهِ قَالَ ابْنُ سِيرِينَ إِذَا رَآهُ فِي صُورَتِهِ

6593 حَدَّثَنَا مُعَلَّى بْنُ أَسَدٍ حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ مُخْتَارٍ حَدَّثَنَا ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَقَدْ رَآنِي فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَتَخَيَّلُ بِي وَرُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ

6594 حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي جَعْفَرٍ أَخْبَرَنِي أَبُو سَلَمَةَ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ قَالَ قَالَ النَّبِيُّﷺ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنْ اللَّهِ وَالْحُلْمُ مِنْ الشَّيْطَانِ فَمَنْ رَأَى شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَنْفِثْ عَنْ شِمَالِهِ ثَلَاثًا وَلْيَتَعَوَّذْ مِنْ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهَا لَا تَضُرُّهُ وَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَتَرَاءَى بِي

6595 حَدَّثَنَا خَالِدُ بْنُ خَلِيٍّ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ حَرْبٍ حَدَّثَنِي الزُّبَيْدِيُّ عَنْ الزُّهْرِيِّ قَالَ أَبُو سَلَمَةَ قَالَ أَبُو قَتَادَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ النَّبِيُّﷺ

مَنْ رَآنِي فَقَدْ رَأَى الْحَقَّ تَابَعَهُ يُونُسُ وَابْنُ أَخِي الزُّهْرِيِّ

6596 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يُوسُفَ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ حَدَّثَنِي ابْنُ الْهَادِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ خَبَّابٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ مَنْ رَآنِي فَقَدْ رَأَى الْحَقَّ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَتَكَوَّنُنِي

فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا فَجَعَلَ مِنْ دُونِ ذَلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكان

( مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَسَيَرَانِي فِي الْيَقَظَةِ ) " أَوْ فَكَأَنَّمَا رَآنِي فِي الْيَقَظَةِ "ِ : " فَقَدْ رَآنِي فِي الْيَقَظَةِ " " فَكَأَنَّمَا رَآنِي فِي الْيَقَظَةِ " ،

ئەم سێ جۆرە گێڕانەوەنە لەلاى بوخارى وموسليم وسونەنەكان هاتوون.

-هەركەسێ لەخەون دابمبينێ،لەئايندەدا بەبێداريش دەم بينێ.

-هەركەسێ لەخەون من ببينێ ،وەک ئەوەيە کەلە بێداريدا بم بينێ.

- -هەركەسێ لەخەون من ببينێ ،ئەوەلە بێدارى دا منى بينيوە.

حمادى شێخى بوخارى دەڵێ، كه كەسێک به ئيبن سيرينى دەگوت من پێغەمبەرم - ﷺ- بينيوه ،دەى گوت : ئەوەى ديوته بۆم وەسف بكه،جاكه وەسفەكەى نەناسراو بوايه،

پێ ى دەگوت : تۆ نەت ديوه .

ئەم شێوه له ئيبن عباسيش گێڕدراوەتەوه.

بەڵام ئەم گێڕدراوه دژى ئەو بۆچوونەى ابن سيرين وابن عباسه،كه گێڕاويانەتەوه:

ً قَالَ رَسُولُ اللَّهِ - ﷺ - : مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَقَدْ رَآنِي ، فَإِنِّي أُرَى فِي كُلِّ صُورَةٍ .بەڵام لاوازه.

-هەركەسێ لەخەون من ببينێ ،ئەو بينيومى ، چونكه من له هەموو شێوەيەک دەبينرێم.

ئەبوبكرعربى دەڵێ:

بينينى پێغەمبەرِ ﷺ - بەشێوە ناسراوەكەى خۆى،ئەوە بينينى ڕاستە،بەڵام بينينى لەسەرشێوەيەكى تربۆنمونە هێنانەوەيە، چونكە پێغەمبەران زەوى لاشەيان ناگۆڕێ.

قەدەريەكان دەڵێن بينينى ڕاستەقينە مەحاڵە، هەندێ لە سۆفيە پياوچاكانيش پێ يان وايە لەهەرزەمانێک -هەركەسێ لەخەون ببينێ ،ئەوە بەچاوى سەريش لە بێدارى دا دەى بينێ.

هەندێک لە ئەهلى كەلام دەڵێن بەچاوى دڵى دەى بينێ.

هەندێک دەڵێن -هەركەسێ لەخەون من ببينێ ،لەمەولا تەفسير وڕاڤەى خەونەكەى دەبينێ.

دەگوترێ ،لە قيامەت دەى بينێ.

يان لە دنيادا هاوشێوەى پێغەمبەر دەبينێ.

كەسێک كە ببينێ كەڕووى لێ بێ ئەوەباشە بۆخەون بين،بەڵام كە پشتى لێ بێ ئەوە حاڵى خراپە.

قازى عياز دەڵێ: پێدەچێ كە لەژياندا ولەسەرشێوەى خۆى ببينێ ،ئەوەبەڕاستى دەيبينێ،بەڵام لەسەر وێنەيەكى تر لێكدانەوەى دەوێ،،نەوەوى لەپەراوێزى ئەم قسەى قازى دەڵێ،ئەوە لاوازە،وڕاست ئەوەيە لەسەرشێوەى خۆى بێ يان نا، ئەوە بەڕاستى دەبينێ.

قورتوبى دەڵێ:خەڵكى لەواتاى فەرمودەكە جياوازن،هەندێ دەڵێن هەركەسێ ببينێ لەخەون ،لەڕاستى دا دەى بينێ،ئەمەش ناگونجێ لە ڕوى عەقڵەوە، چونكە دەبێ هەموو بە وێنەى خۆى ببينن، وەنابێ دووكەس لەيەک كاتدا لە دوو جێگاى جياوازببينن،،دەبێ پێغەمبەر زيندوو بوبێتەوەو شەوو ڕۆژ بۆساتێكيش لە گۆڕەكەى دانەبێ ،چونكە بەردەوام خەڵكى لە جيهان دەيبينن، كەواتە ئەوانەى دەچنە سەرگۆڕەكەى ،دەچنەسەرگۆڕى بەتاڵ، وەسەلام لە كەسێكى غايب دەكەن،چونكە ئەولەوێ نيە،ئەم بۆچونە لە گەڵ عەقڵ نايەتەوە.

كۆمەڵێک دەڵێنٌ : واتای فەرمودەکە ئەوەبێ ، هەرکەس لەسەرشێوەی خۆی نەیبینێ، ئەوە خەونەکەی حلمی شەیتانیە وڕوئیا نیە. هەرکەسێک لەناو خانوێکدا بیبینێ، دیارە ئەومالّە پڕبوە لە خێر،ئەولەشەیتان پارێزراوە،وەک چۆن لە ژیانی دا پەنادراوبوو،وەفەرمویەتی شەیتان خۆی ناهێنێتە سەرشێوەی .

هەتا ئەو وێنەشی کەلەسەرشێوەی خۆی نیە، هەرلەشەیتانەوەنیە،خەون بین هەرحەقی دیوە،با خەونەکە پشت گوێ نەخا چونکە ئەوخەونە یان مژدەیە،یان هۆژداری وبەئاگاهێنانە،بۆ دین و دنیای ئەو کەسە .

ئیبن حەجەر گوتەی ابْنُ بَطَّالٍ ُو ابْنُ التِّينِ ومازری گواستۆتەوە،هەموویان سورن لەسەر ئەوەی کە بینینی خەون ،واتە دەبێ لە دنیادا بەبێداری بیبینێ، ڕوداوێک لە ئیبن عباسەوە دەگێڕێتەوە کە لە خەون دا بینیویەتی،چۆتە لای مالّی دایکی ئیمانداران مەیمونەی پوری و ئاوێنەکەی پێغەمبەری هێناوە، لە جیاتی وێنەی خۆی ،وێنەی پێغەمبەری بینیوە.

هەروەها زۆرێک لەوانەی کەلە خەوندا بینیویانە،پاشان لە بێداریش بینیویانەوپرسیاری چەند شتیان لێ کردوە .

ئیبن حەجەرو قورتوبی زۆر ئینکاریان لەوەکردوە ،کە بە بێداری ببینرێ، چونکە ئەوانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەبونە ئەسحابەویاوەر، وەفەرمودەیان لێ وەرگرتوە، کە ئەمەش ناگونجێ.

قازی عیاز دەڵێ بینینی بەڕاستی لەخەودا کە ئەوکەسە لە خەونەکە لە وانەبوبێ کە پێغەمبەر ڕووی تێ بووبێ ،بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەئەوکەسە تکاوشەفاعەتی بەردەکەوێ ولە مەحشەردا لە پێغەمبەر نزیکە.

بەڵام بينينى بێدارى ئەوە كارێكى نائاساييە ،كارى نائاساييش يان كەرامەتە بۆ پابەندانى قورئان وسونەت ،يان زەندیقیە بۆ كەسانى جادوگەر.

ئيبن حەجەر وڵامى ڕاڤەكاران لەم شەش وڵامە دا كۆ دەكاتەوە:

يەكەم :ئەم بينينە بۆ بينينى ها وێنەو وێچوەكەيەتى .

دووەم : بينينى تەفسيروتەعبيرى خەونەكەى دواى بێداربوونەوە.

سێ يەم : ئەم فەرمودەتايبەتە بۆ سەردەمى خۆى وبۆ دواى مردنى پێغەمبەر نيە.

چوارەم:ئەوكەسە لە ئاوێنەى تايبەت بە پێغەمبەردا دەيبينێ ،ئەگەردەستى كەوێ.

پێنجەم :لەڕۆژى قيامەت ئەو كە پێغەمبەر دەبينێ ،تايبەتمەندى خۆى دەبێ وشەفاعەتى پێ دەبڕێ.

شەشەم :ئەوكەسە بەڕاستى دەيبينێ وقسەى لەگەڵ دەكا ،ئەم بۆچونە ئيشكالى تێدايەو ئاڵۆزە.

قورتوبى وڵامى حەوتەم وهەشتەم باس دەكا، ئەودەڵێ :

ئەوەى مرۆڤ لە خەون دەيبينێ،نمونەو ڕەنگ دانەوەن،نەک خودى شتەكە ،جائەو نمونە جارى وايە نوسخەى وەک كەسە ئەسڵەكەيە وجارى وايە وانيە،ئەوەتا ئەو عائشەى لەسەرشێوەى خۆى بينيوە،، وەلەئوحود مانگايەكى بينيوە زگى درێنراوە كە نمونەيە بۆ شەهيدبوونى حەمزەوهاوەڵانى،، جا لێرە ئەوەى كە دەيبينێ ،ديارە زۆر موشتاقە،ئۆقرەى لەبەربڕاوە، كە نەيبينێ لەوانەيە ئارام نەگرێ،،جاكاتێ دەيبينێ،شەوق و خولياكەى دادەمركێ،خۆزگەكەى دێتەدى، دڵى سەكن دەبێ،كەواتە ئەوەى ئەوخولياية واى كرد خەونەكە ببينێ ،ئەو هەرخودى

خەونەكەى گەيشتنە بە خۆزگەوئاواتەكەى ،كە بينينى پێغەمبەرە ،وەك ئەوەى لە بێدارى دابيبينێ.

وڵامى هەشتەميش كە من لەمەوپێش ئاماژەم پێ كردبو، قورتوبى دەڵێ ،بينينى پێغەمبەر،واتە بينينى حەقيقەتى دين وشەريعەتەكەى ،كە ئەوكەسە تايبەتمەندىەكى دەبێ لە تێڕوانينى دين وشەرع دا، لە وانەيە ببێتە نوێ كەرەوەو موجەديدێكى دينەكەى، يان هاوسەردەمى كەسێك وپرۆژەيەك بێ،كەنوێ كردنەوەى دينى پێغەمبەرى تێدابێ.

لە فەرمودەكەدا :

-( وَلَا يَتَمَثَّلُ الشَّيْطَانُ بِيَ :

-" لَا يَتَمَثَّلُ فِي صُورَتِي "

- " إِنَّهُ لَا يَنْبَغِي لِلشَّيْطَانِ أَنْ يَتَمَثَّلَ بِي " .

- " إِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَتَمَثَّلَ بِي " ،

- " وَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَتَرَاءَى " ، وَمَعْنَاهُ : لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَصِيرَ مَرْئِيًّا بِصُورَتِي ،

- " يَتَزَايَا " بِزَايٍ "

- فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَتَكَوَّنُنِي " .

واتاكانى ئەم گێڕانەوانە:- شەيتان

- من نانوێنێ،نوێنەرى من ناكا

-وێنەى من نانوێنێ.نوێنەرى وێنەى من ناكا

- دروست نيە كە من بنوێنێ ونوێنەرايەتيم بكا

- ناتوانێ من بنوێنێ ونوێنەرايەتيم بكا

- ناتوانێ وەك شێوەى من ببينرێ.

- ناتوانێ بەرگى من لەبەركا

- وەک پێک هاتە وبونیادی منی لێنایە.

هەڵبەت نابێ بگوترێ دەبێ لەسەرشێوەی ئەو کاتە بێ کە تیایدا وەفاتی کردوە،دەبێ بیست موی لەچەناگەی سپی بووبن، ئەم بەزەحمەت خستنە دروست نیە، بەڵام لەسەر یەکێک لەشێوەکانی لە گەنجێتی تا دەگاتە کامڵ بوونی .

بینینی لە هەموو حاڵێکدا حەقە، جائەو حەقە کەم وزیاد دەکا بە بینینی کەم وزیاد لە خەونەکە، تانزیکترلەشێوەی خۆی ببینێ ،حەقەکە ڕێژەکەی زۆرترە.

زانایانی تەعبیر دەڵێن: ئەگەر بە پیری بینی، ئەوە ئەوسااڵە سااڵی ئاشتیە، کەبەگەنجی بینی ئەوە سااڵی جەنگە.

کە خەون بین لە سەرشێوەی خۆی نەی بینێ ،ئەوە کەمایەتیەکە لەلایەن خەون بینە،لەوانەیە نەزانێ شێوەکەی پێغەمبەرەکەی چۆنە، وەلەخەیاڵیدا وێنایەکی ناقۆاڵی بۆ پێغەمبەرکردبێ ،بۆیەبەوشێوە بینیویەتی،زانایانی تەعبیر دەڵێن :کە نەزانێک بڵێ پێغەمبەرمِ - ﷺ - بینیوە ،کەلەسەرشێوەی خۆی بێ ،ئەوەبەڵگەیە لەسەر پیاوچاکی خەونبین وسەرکەوتنی بەسەر دوژمنانی وگەیشتنی بەخواستەکانی،بەڵام کە بەگرژومۆنی ببینێ، ئەوەبەڵگەیە لەسەر خراپی حاڵی خەون بین، هەندێکیان دەڵێن هەرکەسێ لەشێوەیەکی جوان ببینێ ئەوە جوانیەکە لە دینی خەون بین دا،ئەگەر بینی لە ئەندامێک لە ئەندامەکانی کەم وکوڕی هەیە ئەوە کەم وکوڕی وشێواویەکە لە دینی خەون بین دا .

ئەم بۆچونە ڕاستەو تاقیکراوەیە،چونکە پێغەمبەر- ﷺ - نورانیە و وەک ئاوێنەیە،هەرکەسێ سەیری بکا وێنەی دین وئەخلاق وڕەوشتی خۆی تێدادەبینێ ،ئاوێنەکە بۆخۆی جوانترین شێوەیە،هیچ کەم وکوڕیەکی تێدانیە، کەم و کوڕیەکە لەو کەسەیە کەخۆی لەبەرامبەر ئاوێنەو سەرمەشقەکەی داخۆی ڕادەنوێنێ ونمایش دەکا،گوتەکانی لە خەون دا پشتگیری وڕۆشنین بۆ قورئان وسونەت ،بەڵام کە خەون بین پێچەوانەی

ئەوە دەبيستێ ،ئەوە كەم وكوڕى لە بيستن وتێڕوانينى خەون بينە لەسەر پێغەمبەر و گوتەكانى.

ئەوەش كە نەهێڵراوە شەيتان لەسەرشێوەى ئەو خۆى پيشانى خەڵک بدا، بەشێكە لە بەڵێنى الله لە قورئاندا ،كە الله ئەم زكرويادودينەى ناردوەو هەرئەويش دەى پارێزێ ،پاراستنى خەونى مسوڵمانانيش بۆ پێغەمبەرەكەيان لە فێڵ وتەڵەكەى شەيتان بەشێكە لەوپاراستنە.

خەون لێكدەرەوەكان ئەم مەرجانەيان بۆ بينينى الله لە خەون دانەناوە، چونكە بينينى الله حەقيقەت نيە ،بەڵكو لێكدانەوەى هەيە ،چونكە كەس الله نابينێ لە جيهان بە ڕاستى،خەونەكەش بە دەسەڵات وپاشاو خاوەن كۆيلەو سەرۆک لێک دەدرێتەوە.

كە پەروەردگار لەسەرشێوەى پيرێک ببينێ ئاماژەيە بۆ ڕێزو ويقارى خەون بين.

خەونيش وەک ئيلهام وايە، ئيلهام بۆ هەردوو لايەنى فجورو تەقوا هەيە،وەک قورئان دەفەرموێ ،ئيلهامى فجور لە پێش ئيلهامى تەقواهاتوە ،بەڵام شوێن كەوتنى ئيلهامى فجور چارەنوسەكەى بێ ئومێديە،هى خەونيش كەپەيوەندى بەدەرون ونەفسەوەيە ،وەک ئيلهام خەونى فاجرو خەونى تەقوا هەيەو چارەنوسيشيان دياريە.

دەروازەى يازدەهەم : خەونى شەو.

١١- بَاب رُؤْيَا اللَّيْلِ رَوَاهُ سَمُرَةُ

6597 حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ الْمِقْدَامِ الْعِجْلِيُّ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الطُّفَاوِيُّ حَدَّثَنَا أَيُّوبُ عَنْ مُحَمَّدٍ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ النَّبِيُّﷺ أُعْطِيتُ مَفَاتِيحَ الْكَلِمِ وَنُصِرْتُ بِالرُّعْبِ وَبَيْنَمَا أَنَا نَائِمٌ الْبَارِحَةَ إِذْ أُتِيتُ بِمَفَاتِيحِ خَزَائِنِ الْأَرْضِ حَتَّى وُضِعَتْ فِي يَدِي قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ فَذَهَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺوَأَنْتُمْ تَنْتَقِلُونَهَا

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

ئايا خەونى شەوگار وڕۆژگار وەک يەكن؟ يان جياوازن،وەک ئەوەى ئاماژە بۆو فەرمودەيە بكا : " أَصْدَقُ الرُّؤْيَا بِالْأَسْحَارِ " أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ مَرْفُوعًا وَصَحَّحَهُ ابْنُ حِبَّانَ ،واتە ڕاستريىنى خەونەكان خەونى پارشێوانن.

َ نَصْرُ كوڕىُ يَعْقُوبَى دَّيْنَوَرِيُّ دەڵێ :خەونى سەرلە ئێواران لێكدانەوەيان سستە،خەونى دواى نيوەشەو لێكدانەوەى خێراترە،تالە فەجر نزيكتربى خێراترە ، لاى جَعْفَرٍى صَّادِقِ خێراترين لێكدانەوەى خەون بۆ خەونى قەيلولەوچێشتەنگاوە.

اعْطِيتُ مَفَاتِيحَ الْكَلِمِ ، وَنُصِرَتْ بِالرُّعْبِ )

أُعْطِيتُ جَوَامِعَ الْكَلِمِ

: بُعِثْتُ بِجَوَامِعِ الْكَلِمِ .

( وَبَيْنَمَا أَنَا نَائِمٌ الْبَارِحَةَ إِذْ أُتِيتُ بِمَفَاتِيحِ خَزَائِنِ الْأَرْضِ )

كليلى ووشەكان،كۆكەرەوەى وشەكان،م پێدراوە

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

6598 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْلَمَةَ عَنْ مَالِكٍ عَنْ نَافِعٍ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ أُرَانِي اللَّيْلَةَ عِنْدَ الْكَعْبَةِ فَرَأَيْتُ رَجُلًا آدَمَ كَأَحْسَنِ مَا أَنْتَ رَاءٍ مِنْ أُدْمِ الرِّجَالِ لَهُ لِمَّةٌ كَأَحْسَنِ مَا أَنْتَ رَاءٍ مِنْ اللِّمَمِ قَدْ رَجَّلَهَا تَقْطُرُ مَاءً مُتَّكِئًا عَلَى رَجُلَيْنِ أَوْ عَلَى عَوَاتِقِ رَجُلَيْنِ يَطُوفُ بِالْبَيْتِ فَسَأَلْتُ مَنْ هَذَا فَقِيلَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ثُمَّ إِذَا أَنَا بِرَجُلٍ جَعْدٍ قَطَطٍ أَعْوَرِ الْعَيْنِ الْيُمْنَى كَأَنَّهَا عِنَبَةٌ طَافِيَةٌ فَسَأَلْتُ مَنْ هَذَا فَقِيلَ الْمَسِيحُ الدَّجَّالُ .

لێكدانەوەى طَّوَاف لە خەون دا بەڵگەيە لەسەر ئەوەى خاوەنەكەى حەج بكا، يان ژن بێنێ وشوبكا،ئەوەى داوايەكى هەبێ بۆى
دەستەبەردەبێ،،وەبەڵگەيە لەسەر چاكە كردن لە گڵ دايک وباوک،ولە سەر خزمەت كردن بە زانايان،كردنى كارێک بۆ پێشەواو خەليفە،ئەگەر خەون بين كۆيلە بێ ،ئەوە ئامۆژگارى سەيدەكەى دەكا.

دەروازەى دوازدەهەم:خەونى ڕۆژگار.

١٢- بَاب الرُّؤْيَا بِالنَّهَارِ وَقَالَ ابْنُ عَوْنٍ عَنْ ابْنِ سِيرِينَ رُؤْيَا النَّهَارِ مِثْلُ رُؤْيَا اللَّيْلِ

6600 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يُوسُفَ أَخْبَرَنَا مَالِكٌ عَنْ إِسْحَاقَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ أَنَّهُ سَمِعَ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ يَقُولُ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدْخُلُ عَلَى أُمِّ حَرَامٍ بِنْتِ مِلْحَانَ وَكَانَتْ تَحْتَ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ فَدَخَلَ عَلَيْهَا يَوْمًا فَأَطْعَمَتْهُ وَجَعَلَتْ تَفْلِي رَأْسَهُ فَنَامَ رَسُولُ اللَّهِﷺ ثُمَّ اسْتَيْقَظَ وَهُوَ يَضْحَكُ قَالَتْ فَقُلْتُ مَا يُضْحِكُكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي عُرِضُوا عَلَيَّ غُزَاةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَرْكَبُونَ ثَبَجَ هَذَا الْبَحْرِ مُلُوكًا عَلَى الْأَسِرَّةِ أَوْ مِثْلَ الْمُلُوكِ عَلَى الْأَسِرَّةِ شَكَّ إِسْحَاقُ قَالَتْ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ فَدَعَا لَهَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

ثُمَّ وَضَعَ رَأْسَهُ ثُمَّ اسْتَيْقَظَ وَهُوَ يَضْحَكُ فَقُلْتُ مَا يُضْحِكُكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي عُرِضُوا عَلَيَّ غُزَاةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَا قَالَ فِي الْأُولَى قَالَتْ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ قَالَ أَنْتِ مِنْ الْأَوَّلِينَ فَرَكِبَتْ الْبَحْرَ فِي زَمَانِ مُعَاوِيَةَ بْنِ أَبِي سُفْيَانَ فَصُرِعَتْ عَنْ دَابَّتِهَا حِينَ خَرَجَتْ مِنْ الْبَحْرِ فَهَلَكَتْ

ئەم فەرمودە يەكێكە لەو فەرمودانەى ئەبوجعفرى سادق كردويەتيە بەڵگە بۆ زوو بەدى هاتنى خەونى چێشتەنگاو،لەگەڵ ئەوەى ئەم خەونەش زياترلەسى ساڵ دواكەوتوە.

دەروازەى سێزدەهەم : خەونى ژنان.

١٣- بَاب رُؤْيَا النِّسَاءِ

6602 حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عُفَيْرٍ حَدَّثَنِي اللَّيْثُ حَدَّثَنِي عُقَيْلٌ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ أَخْبَرَنِي خَارِجَةُ بْنُ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ أَنَّ أُمَّ الْعَلَاءِ امْرَأَةً مِنْ الْأَنْصَارِ بَايَعَتْ رَسُولَ اللَّهِﷺأَخْبَرَتْهُ أَنَّهُمْ اقْتَسَمُوا الْمُهَاجِرِينَ قُرْعَةً قَالَتْ فَطَارَ لَنَا عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُونٍ وَأَنْزَلْنَاهُ فِي أَبْيَاتِنَا فَوَجِعَ وَجَعَهُ الَّذِي تُوُفِّيَ فِيهِ فَلَمَّا تُوُفِّيَ غُسِّلَ وَكُفِّنَ فِي أَثْوَابِهِ دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

فَقُلْتُ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْكَ أَبَا السَّائِبِ فَشَهَادَتِي عَلَيْكَ لَقَدْ أَكْرَمَكَ اللَّهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

وَمَا يُدْرِيكِ أَنَّ اللَّهَ أَكْرَمَهُ فَقُلْتُ بِأَبِي أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَمَنْ يُكْرِمُهُ اللَّهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِﷺ

أَمَّا هُوَ فَوَاللَّهِ لَقَدْ جَاءَهُ الْيَقِينُ وَاللَّهِ إِنِّي لَأَرْجُو لَهُ الْخَيْرَ وَ وَاللَّهِ مَا أَدْرِي وَأَنَا رَسُولُ اللَّهِ مَاذَا يُفْعَلُ بِي فَقَالَتْ وَاللَّهِ لَا أُزَكِّي بَعْدَهُ أَحَدًا أَبَدًا حَدَّثَنَا أَبُو الْيَمَانِ أَخْبَرَنَا شُعَيْبٌ عَنْ الزُّهْرِيِّ بِهَذَا وَقَالَ مَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِهِ قَالَتْ وَأَحْزَنَنِي فَنِمْتُ فَرَأَيْتُ لِعُثْمَانَ عَيْنًا تَجْرِي فَأَخْبَرْتُ رَسُولَ اللَّهِﷺ فَقَالَ ذَلِكَ عَمَلُهُ.

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

خەونى خارجە كە عوسمانى كوڕى مەزعون كە لەمەكەوە كۆچى كردوەو چۆتە ماڵى ئەوژنە كە ناوى خارجە بوە،بەڵام زۆرى نەبردوە مردوە، ئەم ژنەش شايەدى چاكەى بۆداوە،بەڵام پێغەمبەر فەرمويەتى ،تۆ چوزانى؟ ،من پێغەمبەرم ونازانم چيم لێ دەكرێ؟پاشان خارجە خەفەتى خواردوەو لەخەوا ديويەتى عوسمان كانيەكى هەيە،ئاوى لەبەردەڕوا، كە خەونەكەى گێڕاوەتەوە، پێغەمبەرفەرمويەتى :ئەوە كارەكەيەتى .

كەژن خەونيبينى وخۆى شايانى ئەو خەونە نەبوو،ئەوە خەونەكە بۆ مێردەكەيەتى،هەروەها خەونى كويلە بۆ سەيدەكەيەتى،وە خەونى منداڵ بۆ

دايک وباوکيەتى،،ئيبن بەتاڵ دەڵێ:زانايان كۆكن كە خەونى ژنيش وەک خەونى پياوى ئيماندار بەشێكە لە پێغەمبەرايەتى. ]

خەونى ژنێک كەبەپياو بكرێ، من پێم وايە ئەگەر كچيش بێ وهێشتاشوى نەكردبێ، هەربۆو منالانەيە كە لەناوهەناوى هەڵى گرتوون ،هەروا هى كوڕيش ،كەلەژيانى خۆى نەهاتەدى،بۆ كوڕوكچەكانى دێتە دى، نەک بۆ دايک وباوكى،خەونى كۆيلەش بۆ منداڵەكانيەتى،چونكە ئەوان نەوەى دواڕۆژن وبەدى هاتنى خەونەكانن، بەڵام دايک وباوک بەرەو ڕابوردنن، بەڵام كە خەونەكە بۆ دواى مردن بوو ئەوە دەگونجێ بۆ دايک وباوک بێ .‘

دەروازەى چواردەهەم:خەونى حيلم لە شەيتانەوەيە.

١٤- بَاب الْحُلْمُ مِنْ الشَّيْطَانِ فَإِذَا حَلَمَ فَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ وَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ

6603 حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ عُقَيْلٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ عَنْ أَبِي سَلَمَةَ أَنَّ أَبَا قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيَّ وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ

وَفُرْسَانِهِ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِﷺ يَقُولُ الرُّؤْيَا مِنْ اللَّهِ وَالْحُلْمُ مِنْ الشَّيْطَانِ فَإِذَا حَلَمَ أَحَدُكُمْ الْحُلُمَ يَكْرَهُهُ فَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ وَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنْهُ فَلَنْ يَضُرَّهُ .

لەمەو پێش لە دەروازەى يازدە ئەم فەرموده ڕاڤەكرا،كە خەونى خراپ چواركار پێويست دەكا، پەنابگرێ بە الله لە بەدكاريەكانى
ئەوخەونەوشەڕى شەيتان،واتە بڵێ:اعوذ بالله السميع البصير العليم من الشيطان الرجيم ،وە سێ جار تف بەلاى چەپيابكادواى بێداربونەوەلە خەو،وە خەونەكەبۆكەس نەگێڕێتەوە،وەلە هەندێ گێڕانەوەهاتوە باهەستێ نوێژبكا وتەنيشتى نوستنەكەى بگۆڕێ،ئەم شەش كارە هەموويان لە بوخارى وموسليم دا هەن ،كارى حەوتەم ئەوەيە كە خەون بين ئايەت الكورسى بخوێنێ ،ئەوەهەندێ ڕاڤەكارانى فەرمودەكە باسيان كردوە،واباشترە خەون بين لانى كەم چوار لەم كارانەبكا،ئەگەر هەمووى بكا هێشتا باشە.]

دەروازەى پازدە : بينينى شير لە خەون.

١٥- بَاب اللَّبَنِ

6604 حَدَّثَنَا عَبْدَانُ أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ أَخْبَرَنَا يُونُسُ عَنْ الزُّهْرِيِّ أَخْبَرَنِي حَمْزَةُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ أُتِيتُ بِقَدَحِ لَبَنٍ فَشَرِبْتُ مِنْهُ حَتَّى إِنِّي لَأَرَى الرِّيَّ يَخْرُجُ مِنْ أَظْفَارِي ثُمَّ أَعْطَيْتُ فَضْلِي يَعْنِي عُمَرَ قَالُوا فَمَا أَوَّلْتَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الْعِلْمَ

دەروازەى شازدە :پڕ بوونى دەفرولە سەرڕژانى شير.

١٦- بَاب إِذَا جَرَى اللَّبَنُ فِي أَطْرَافِهِ أَوْ أَظَافِيرِهِ

6605 حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ حَدَّثَنَا أَبِي عَنْ صَالِحٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ حَدَّثَنِي حَمْزَةُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ أَنَّهُ سَمِعَ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا يَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ

ﷺ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ أُتِيتُ بِقَدَحِ لَبَنٍ فَشَرِبْتُ مِنْهُ حَتَّى إِنِّي لَأَرَى الرِّيَّ يَخْرُجُ مِنْ أَطْرَافِي فَأَعْطَيْتُ فَضْلِي عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ فَقَالَ مَنْ حَوْلَهُ فَمَا أَوَّلْتَ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الْعِلْمَ .

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

ئەم دوو فەرمودە يەک فەرمودەن ،شيرخواردنەوە لەو خەوەدا بە عيلم وزانست لێک دراوەتەوە،لە موهەلەبەوە گوازراوەتەوە كە بە فيترەت وخۆرسک وسونەت وقورئان وعلم وزانينى لێک داوەتەوە،كە ئەوانەش هەرلە فەرمودەى تر وەرگيراون،

دينەوەرى دەڵێ ئەوخەونەى بەفيترەت وعيلم وحيكمەت لێک دەدرێتەوە تەنيا شيرى حوشترە، بەڵام شيرى مانگا سااڵى پڕ بەرهەم وتێرى وبەباران وفيترەتە،وەشيرى مەڕوبزن،دڵ خۆشى وتەندروستيە،شيرى درندەكان گومان وشک بوونە لە دين و ستايش كراونيە،،تەنيا شيرى شێر نەبێ كە ماڵێكە لە دوژمنێكى دەسەڵات داردەست دەكەوێ، هەندێک لە عارفان دەڵێن:ئەوەى شيرى پاكى لەنێوان كێم وزوخاوو وخوێن جياكردەوە،هەرئەويش ڕوناكى زانستى لە نێوان تاريكى نەفامى وگومان

وشک بێنێتەدەر، ئەم زانستە بۆ موعجیزەو کەرامەتە بۆ پێغەمبەر کە زانستی لە هەموو ئوممەتەکەی زیاتربوەو ئومەت هەموی لەبەرماوەی زانستی ئەو بەهرەمەندن.

دەروازەی حەڤدە: کراس وقەمیس لە خەوندا.

١٧- بَاب الْقَمِيصِ فِي الْمَنَامِ

6606 حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ حَدَّثَنِي أَبِي عَنْ صَالِحٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ قَالَ حَدَّثَنِي أَبُو أُمَامَةَ بْنُ سَهْلٍ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ يَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

بَيْنَمَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ النَّاسَ يُعْرَضُونَ عَلَيَّ وَعَلَيْهِمْ قُمُصٌ مِنْهَا مَا يَبْلُغُ الثَّدْيَ وَمِنْهَا مَا يَبْلُغُ دُونَ ذَلِكَ وَمَرَّ عَلَيَّ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ وَعَلَيْهِ قَمِيصٌ يَجُرُّهُ قَالُوا مَا أَوَّلْتَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الدِّينَ

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

فەرمودەکە دەفەرموێ:خەڵک لە بەردەمم ڕانوێنران کە کراسیان لەبەربوو، هەیان بوو کراسەکە بەس سنگی داپۆشیبو،هەیانبوو تۆزێک بەرەژێرتر، عومەرم لەناویان بینی کراسەکەی بە دوای خۆی دا ڕادەکێشا،،،کراسەکەم بەدین لێک دایەوە.

دەروازەی هەژدە :کراسی درێژوئاودامان و ڕاکێشانی لە دوای خۆ لە خەوندا.

١٨- بَاب جَرِّ الْقَمِيصِ فِي الْمَنَامِ

6607 حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عُفَيْرٍ حَدَّثَنِي اللَّيْثُ حَدَّثَنِي عُقَيْلٌ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ أَخْبَرَنِي أَبُو أُمَامَةَ بْنُ سَهْلٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّهُ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ

يَقُولُ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ النَّاسَ عُرِضُوا عَلَيَّ وَعَلَيْهِمْ قُمُصٌ فَمِنْهَا مَا يَبْلُغُ الثَّدْيَ وَمِنْهَا مَا يَبْلُغُ دُونَ ذَلِكَ وَعُرِضَ عَلَيَّ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ وَعَلَيْهِ قَمِيصٌ يَجْتَرُّهُ قَالُوا فَمَا أَوَّلْتَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الدِّينَ .

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

ئەم فەرمودە ستایشە بۆ عومەر،لێکدانەوەی کراس بەدین،چونکە کراس ڕوکارو شورەیی لاشە دادەپۆشێ لە دنیا، دین لە ئاخرەت ودواڕۆژ کەم وکوڕی وتاوانەکانی خاوەنەکەی دادەپۆشێ ،ئایەتیش دەفەرموێ: وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ .

عەرەب کەباسی داوێن پاکی وچاکە دەکەن بە کراسی پاک وپۆشتە،وە پێغەمبەریش ﷺ

- بە عوسمانی فەرموَ : " إِنَّ اللَّهَ سَيُلْبِسُكَ قَمِيصًا فَلَا تَخْلَعْهُ " ، وَأَخْرَجَهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَصَحَّحَهُ ابْنُ حِبَّانَ ،

الله کراسێکت لەبەردەکا ،نەچی لە خۆتی داماڵی.

مەبەستی خەلیفایەتی بوو.

لێکدەرەوانی خەون کۆکن لەسەرئەوەی کە قەمیس وکراس دینە،درێژیەکەی بەڵگەی شوێنەواری باشی خاوەنەکەیەتی،،وە خەڵکی دیندار زۆردینداروکەم دینداروبەهێزوبێ هێزیان تێدایە.

کراس کە لە فەرمودەکەی عوسمان بەحوکم وفەرمانڕەوایی بوو لە عومەر دین بوو،بۆ یوسف بەڵگە بوو، هەموو ئەمانە علم ودینن .

فەرمودەی تریش دێن ،بۆ باشی عومەر،لە دەروازەکانی تردا.

دەروازەی نۆزدە :سەوزایی لە خەون دا.

١٩- بَاب الْخُضَرِ فِي الْمَنَامِ وَالرَّوْضَةِ الْخَضْرَاءِ

6608 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ الْجُعْفِيُّ حَدَّثَنَا حَرَمِيُّ بْنُ عُمَارَةَ حَدَّثَنَا قُرَّةُ بْنُ خَالِدٍ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ قَالَ قَالَ قَيْسُ بْنُ عُبَادٍ كُنْتُ فِي حَلْقَةٍ فِيهَا سَعْدُ بْنُ مَالِكٍ وَابْنُ عُمَرَ فَمَرَّ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلَامٍ فَقَالُوا هَذَا رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَقُلْتُ لَهُ إِنَّهُمْ قَالُوا كَذَا وَكَذَا قَالَ سُبْحَانَ اللَّهِ مَا كَانَ يَنْبَغِي لَهُمْ أَنْ يَقُولُوا مَا لَيْسَ لَهُمْ بِهِ عِلْمٌ إِنَّمَا رَأَيْتُ كَأَنَّمَا عَمُودٌ وُضِعَ فِي رَوْضَةٍ خَضْرَاءَ فَنُصِبَ فِيهَا وَفِي رَأْسِهَا عُرْوَةٌ وَفِي أَسْفَلِهَا مِنْصَفٌ وَالْمِنْصَفُ الْوَصِيفُ فَقِيلَ ارْقَهْ فَرَقِيتُهُ حَتَّى أَخَذْتُ بِالْعُرْوَةِ فَقَصَصْتُهَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِﷺ يَمُوتُ عَبْدُ اللَّهِ وَهُوَ آخِذٌ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى.

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

قەیرەوانی دەڵێ : مێرگ وڕەوزەی سەوزبە ئیسلام وشوێنی باش ومەسحەفی قورئان وزانست وزانا لێک دەدرێتەوە.

کورتەی ئەم فەرمودە ئەوەیە کە کۆمەڵێک یاوەردانیشتوون ،عبدالله ی کوڕی سەلام بەلایاندا ڕۆیشتوە،لەهەندێ گێڕانەوە هەندێ ئامۆژگاری کردون، نیشانەی پارێزکاری وترسی پێوەدیاربوە ،پاشان ڕۆیشتوە ،یاوەرەکان گوتویانە ئەوەی دەیەوێ سەیری کەسێکی ئەهلی جەنەت بکا ،باسەیری ئەم پیاوە بکا،یەکێک لەگەنجەکان شوێنی کەوتوەوبۆتە میوانی ،قسەوستایشی یاوەرانی بۆ گێڕاوەتەوە،عبدالله ش هۆکارەکەی پێ گوتوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر خەونێکی دیوە،دیویەتی کە ئەولەناوباخ ومێرگێکی سەوزو جوان دابوە،کە کۆڵەکەیەک لەناوەڕاستی ئەومێرگە داکوتراوە،بنی لەزەوی وسەری لە ئاسمانەو لەسەرەوەی ئاڵقەیەکی پێوەیە،

ُ لەە گێڕانەوەی نەسائی ،لەوێ چەند جادەوڕێگا هەبوون ،خەریک بوو بەرەو ڕێ ی چەپ بڕۆم ،پیاوێک هات گوتی ئەوە ڕێ ی تۆنیە،پاشان لەناوەڕاستی مێرگەکە شاخێک هەبوو لەسەرشاخەکەکۆڵەکەکە داکوترابوو نەم دەتوانی سەرکەوم ،هەر هەوڵم دەداو دەخلیسکامەوە خوار، پیاوەکە جلە کانی لەپاش ڕا گرتم و سەری خستم ،تا گەیاندمیە کۆتایی کۆڵەکەکە و توند ئاڵقەکەم گرت، کاتێ بێداربومەوە ئاڵقەکە لە دەستم دابوو،

ئەم خەونەم بۆ پێغەمبەرِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -گێڕايەوەو فەرموى:
يَمُوتُ عَبْدُ اللَّهِ وَهُوَ آخِذٌ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى )

عبدالله تادەمرێ دەست بە عروەى پتەوى ئيسلامەتى دەگرێ،ئەوەمێرگى ئيسلامە،كۆڵەكەكە كۆڵەكەى ئيسلامە،،ئاڵقەكە عوروەى پتەوە،تۆتامردن پابەندى بە ئيسلامەوە،ڕێگاكانيش ڕێ ى خەڵكانى چەپ وڕاست بوون،شاخەكە شوێنى شەهيدان بوە كە ناچيە ناوى،ئەم فەرمودە بەڵگەى ڕاستێتى پێغەمبەربوو، كە عبدالله شەهيدنەبوو،بەڵام هەرپابەندى ئيسلام بوو،لەگشت ئاشوبەكان دووربوو، لەساڵى يەكەمى دەسەڵاتى معاويە لە مەدينە كۆچى دوايى كرد.

.

دەروازەى بيست : پەردەلادان لە ڕوى ژن.

٢٠- بَاب كَشْفِ الْمَرْأَةِ فِي الْمَنَامِ

6609 حَدَّثَنَا عُبَيْدُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ حَدَّثَنَا أَبُو أُسَامَةَ عَنْ هِشَامٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أُرِيتُكِ فِي الْمَنَامِ مَرَّتَيْنِ إِذَا رَجُلٌ يَحْمِلُكِ فِي سَرَقَةٍ مِنْ حَرِيرٍ فَيَقُولُ هَذِهِ امْرَأَتُكَ فَأَكْشِفُهَا فَإِذَا هِيَ أَنْتِ فَأَقُولُ إِنْ يَكُنْ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ

دەروازەى بيست ويەک:جلى ئاوريشم لە خەوندا.

٢١- بَاب ثِيَابِ الْحَرِيرِ فِي الْمَنَامِ

6610 حَدَّثَنَا مُحَمَّدٌ أَخْبَرَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ أَخْبَرَنَا هِشَامٌ عَنْ أَبِيهِ عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُرِيتُكِ قَبْلَ أَنْ أَتَزَوَّجَكِ مَرَّتَيْنِ رَأَيْتُ الْمَلَكَ يَحْمِلُكِ فِي سَرَقَةٍ مِنْ حَرِيرٍ فَقُلْتُ لَهُ اكْشِفْ فَكَشَفَ فَإِذَا هِيَ أَنْتِ فَقُلْتُ إِنْ يَكُنْ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ ثُمَّ أُرِيتُكِ يَحْمِلُكِ فِي سَرَقَةٍ مِنْ حَرِيرٍ فَقُلْتُ اكْشِفْ فَكَشَفَ فَإِذَا هِيَ أَنْتِ فَقُلْتُ إِنْ يَكُ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

پێغەمبەرِ -ﷺ - پێش ئەوەی عائیشە ببێتە خێزانی ،لەخەونی دا بینی ،جبریل لە پاچە ئاوریشمێک دا بۆی هێنا ،کاتێ پەردەی لادا ،دیتی عائیشەیە، دووجارئەم خەونەی بینی، فەرموی کە لە اللە وەبێ دەی هێنێتەدی.

ابْنُ بَطَّال دەڵێ : بینینی ژن لە خەون دا چەند لێکدانەوەی هەیە :

-هەندێک جار دەبێتە خێزانی خەون بین.

-هەندێک جار هاوشێوە ئەوەی لەخەون دیوەیەتی دەبێتە خێزانی

-هەندێ جار دەست کەوتنی دنیایە.

-یان دەست کەوتنی پۆست وپلەو پایەیە

-یان دەوڵەمەندیە

- هەندێ جار ئاشوب وفیتنێکە توشی خەون بین دەبێ

بەڵام بەرگی ئاوریشم لە خەون دا بە مانە لێک دەدرێتەوە:

بۆ ژنان شوکردنە و پرسە دانان و دەوڵەمەندبوون وقەڵەوبوونە.

دەروازەی بیست ودوو : بینینی کلیل لە خەوندا.

٢٢- بَاب الْمَفَاتِيحِ فِي الْيَدِ

6611 حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عُفَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ حَدَّثَنِي عُقَيْلٌ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ أَخْبَرَنِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِﷺ يَقُولُ بُعِثْتُ بِجَوَامِعِ الْكَلِمِ وَنُصِرْتُ بِالرُّعْبِ وَبَيْنَا أَنَا نَائِمٌ أُتِيتُ بِمَفَاتِيحِ خَزَائِنِ الْأَرْضِ فَوُضِعَتْ فِي يَدِي قَالَ أَبُو عَبْد اللَّهِ وَبَلَغَنِي أَنَّ جَوَامِعَ الْكَلِمِ أَنَّ اللَّهَ يَجْمَعُ الْأُمُورَ الْكَثِيرَةَ الَّتِي كَانَتْ تُكْتَبُ فِي الْكُتُبِ قَبْلَهُ فِي الْأَمْرِ الْوَاحِدِ وَالْأَمْرَيْنِ أَوْ نَحْوَ ذَلِكَ

شیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

خەون لێكدەرەوان دەڵێنِ : كليله سامان وسەروەرى ودەسەڵاته،هەركەسێ ببينێ دەرگايەک بەكليل دەكاتەوە،ئەو دەگاته ئەوخواستەى كه هەيەتى بەيارمەتى خاوەن دەسەڵاتان،كه بينى چەند كليلێكى بەدەسته ئەوه دەسەڵاتێكى گەورەى پێ دەدرێ.

فەرمودەكه لەوەوپێشيش باس كرا، كورتەكەى ئەوەيه كه پێغەمبەرشەوێک له خەويدا بينيويەتى كه وشەو وڕێساودەستەواژه كۆكەرەوەكانى پێدراوە،هەموو كليلى گەنجينەكانى زەوى له دەستى ئەونراوە، ]

لێره زۆرئاشكرا دياره كه پێغەمبەرى خەون ،كه كليلى گەنجينەكانى گشت زەوى پێدراوەوخراوەته دەستى ،مەبەست ئوممەتى محمدە،نەک كەسى محمدى تەمەن شەست وسێ ساڵ، چونكه ئەوه هەزارو چوارسەدساڵه لەهەموو كيشوەرەكانى جيهان هەرگەنجينەكان دەردەهێنن، لێره ئەوەى گەنجينەكه دەردێنێ ،تەنيا ئوممەتى وڵام دەرەوەو ئيمان هێنەر نيه، بەڵكو هەرلەوساتەوەى پێغەمبەر نێردراوه هەموو ئەهلى كتێبەكان له يەهودەكان و نەساراكان وسابيئيەكان ومەجوسەكان و هەرچى لەوانيش بۆتەوه له لق ومەزهەب وئاينزاكان له بوزى وبەرهەمى و كۆنفشيۆسى و ،،،، هتد هەمووى بەدەقى قورئان وفەرموده ئوممەتى رسالى وپەيامى محمدن و كه پەيامى ئەويان بۆڕونكرايەوەو ئيمانيان پێ نەهێنا به كافر دادەنرێن ولەسەرى سزادەدرێن ،سزايەک له دنيا كه بۆ هەزارانساڵ لەبەرئيمان نەهێنانيان بەجزيەوسەرانه كرانه پاشكۆو سەرشۆڕى وهاوڵاتى پله دويان قبوڵ بوو، ئەمەش تاهاتنه خوارەوەى عيسا عليه السلام ئەم هەڵبژاردنه سەرشۆڕيه هەيه،بەهاتنه خوارى ئەو ئەو جۆره مانەوەشيان لێ قبوڵ ناكرێ و عيسا عليه السلام وەک له فەرمودەكان وبەڵێنەكان هاتوه جزيه هەڵدەگرێ و بێ ئيمانى و فرەدينى وفره ئوممەتى و جەورى ئەديان ڕەت دەكاتەوەو يان جەنگ يان ئيمان ڕادەگەيەنێ ،،،

دەروازەى بيست وسێ : خۆهەڵواسين به پايەوكۆڵەكەوه له خەوندا.

٢٣- بَاب التَّعْلِيقِ بِالْعُرْوَةِ وَالْحَلْقَةِ

6612 حَدَّثَنِي عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ حَدَّثَنَا أَزْهَرُ عَنْ ابْنِ عَوْنٍ ح وَحَدَّثَنِي خَلِيفَةُ حَدَّثَنَا مُعَاذٌ حَدَّثَنَا ابْنُ عَوْنٍ عَنْ مُحَمَّدٍ حَدَّثَنَا قَيْسُ بْنُ عُبَادٍ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَلَامٍ قَالَ رَأَيْتُ كَأَنِّي فِي رَوْضَةٍ وَوَسَطَ الرَّوْضَةِ عَمُودٌ فِي أَعْلَى الْعَمُودِ عُرْوَةٌ فَقِيلَ لِي ارْقَهْ قُلْتُ لَا أَسْتَطِيعُ فَأَتَانِي وَصِيفٌ فَرَفَعَ ثِيَابِي فَرَقِيتُ فَاسْتَمْسَكْتُ بِالْعُرْوَةِ فَانْتَبَهْتُ وَأَنَا مُسْتَمْسِكٌ بِهَا فَقَصَصْتُهَا عَلَى النَّبِيِّ ﷺ

فَقَالَ تِلْكَ الرَّوْضَةُ رَوْضَةُ الْإِسْلَامِ وَذَلِكَ الْعَمُودُ عَمُودُ الْإِسْلَامِ وَتِلْكَ الْعُرْوَةُ عُرْوَةُ الْوُثْقَى لَا تَزَالُ مُسْتَمْسِكًا بِالْإِسْلَامِ حَتَّى تَمُوتَ

ڕاڤەی ئەم فەرمودە لەبەشی ڕابردو کرا،پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکا.

دەروازەی بیست وچوار :قوماشی ئیستەبرەق وچونە ناو جەننەت لە خەودا.

٢٤- بَاب الْإِسْتَبْرَقِ وَدُخُولِ الْجَنَّةِ فِي الْمَنَامِ

6613 حَدَّثَنَا مُعَلَّى بْنُ أَسَدٍ حَدَّثَنَا وُهَيْبٌ عَنْ أَيُّوبَ عَنْ نَافِعٍ عَنْ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ رَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ كَأَنَّ فِي يَدِي سَرَقَةً مِنْ حَرِيرٍ لَا أَهْوِي بِهَا إِلَى مَكَانٍ فِي الْجَنَّةِ إِلَّا طَارَتْ بِي إِلَيْهِ فَقَصَصْتُهَا عَلَى حَفْصَةَ فَقَصَّتْهَا حَفْصَةُ عَلَى النَّبِيِّ

ﷺ فَقَالَ إِنَّ أَخَاكِ رَجُلٌ صَالِحٌ أَوْ قَالَ إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ رَجُلٌ صَالِحٌ .

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

لە ڕاڤە کردنەکەی ئیبن حەجەرو ڕاڤەکاران دەردەکەوێ کە ئەو دوو فەرمودەی عبدالله ی کوڕی سەلام و عبدالله ی کوڕی عومەر لە بوخاری ئەو سەردەمەدا تێکەڵاو بونێک ڕووی داوە بۆیە ڕاڤەی ئەم فەرمودە بەوشێوەی لێ هاتوە کە دواتر باسی دەکەم ،چونکە واتای فەرمودەکەی ئیبن عومەر هەرئەوەیە کە دەفەرموێ:لە خەونم دا بینیم کاپارچە قوماشێکم لە ئاوریشم لە لایە،هەر شوێنێکم بوێ لە جەننەت ئەم پارچە حەریرە دەم فڕێنێ بۆ ئەوێ،من ئەم خەونەم بۆ حەفسەی خوشکم

گێڕایەوە،حەفسەش بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە،ئەویش فەرموی عبدالله ی برات پیاوێکی سالّح وچاکە.

هەرئەم فەرمودە لای موسلیم گێڕدراوەتەوە کەتیای دا هاتوە

" وَرَأَيْتُ كَأَنَّ اثْنَيْنِ أَتَيَانِي أَرَادَا أَنْ يَذْهَبَا بِي إِلَى النَّارِ " " لَوْ كَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ " ، وَسَقَطَتْ هَذِهِ الزِّيَادَةُ لِغَيْرِهِ وَهِيَ ثَابِتَةٌ فِي رِوَايَةِ فَقَالَ نَافِعٌ فَلَمْ يَزَلْ بَعْدَ ذَلِكَ يُكْثِرُ الصَّلَاةَ " ،

سەرەتای خەونەکە ویستویانە بیبەن بۆناوئاگر، هەروەها لە وڵامەکەی پێغەمبەر بۆ حەفسە ئەوەشی تیابوە عبدالله باشترین پیاوە کە شەو نوێژبکا، بۆیە عبدالله دوای ئەوخەونە بەردەوام بوو لەشەونوێژکردن.

وەک گوتم ئەم خەونەو خەونەکەی عبدالله ی کوڕی سەلام لەزۆر ڕوو بەیەک دەچن ،بۆیە تێکەڵ بوون ،بەڵام تێکەڵ بونەکەیان وای کردوە فەرمودەی عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی عاس یش بێتە ناویانەوە.

[ئیبن بەتاّل ومهلب دەڵێنُ : السَّرَقَةُ وەک کەژاوە وایە لای عەرەب، ئەوە کە کۆڵەکەکەی بەدەست عبدالله وەبوە،کۆڵەکە بەڵگەی ئیسلامە،تەنافی خیوەتە کە دین و زانست وشەرعە کە مرۆڤ بەوانە دەگاتە جەننەت،حەریریش کە باشترین قوماشی دنیایەو لە باشترین وگرانبەهاترین پۆشاکە،،شەرەف وگەورەیی حەریر لە دنیا شەرەفی دین وزانستە،کە وەک حەریر شەریفترین پۆشاکە زانستی دینیش شەریفترین زانستە،،چونە ناوجەننەتیش لەخەون ،وادەخوازێ کە خاوەنەکەی لە بێداری دا بەجوانی وباشی بچێتە ناو ئیسلامەوە کەهۆکارە بۆ چونە ناوجەننەت و فڕین لەناوی دا بۆ هەر شوێنێک کەبتەوێ.

ابْنُ بَطَّال دەڵێ : بەْمُهَلَّبم گوت:ئەم کۆڵەکەو خێوەتەت لە کوێ هێناون کەلە ناو فەرمودەکەدا نین؟َ :ئەویش وای تێ گەیاندم کە پارچە حەریرەکە لە هەندێ گێڕانەوەی تر تەواوکەری لە گەڵ دایە،سەریقەی حەریر وەک

خێوەتێکی بچوکە،لەسەر کۆڵەکەیەک ڕادەوەستێ،بەڵام عبدالله پەڕۆکەی لەسەر کۆڵەکەکە هەڵ گرتوەولەژێر خۆی ڕاخستوەولەسەری دانیشتوە،شوێنە خوازراوەکانی لە جەنەت پێ گەڕاوە،بەڵام مهلب چونکە سەنەدی ئەم زیادەی بەدڵ نەبوە نەینوسیوە.

ئیبن حجر دەڵێ ئەم ڕاڤەی مهلب ڕەخنەی لێ دەگیرێ،گەورەترین ڕەخنەش ئەو سرقەی حریری بە کەژاوە لێک داوەتەوە،چونکە سرقە پارچیەکە لە حەریرو وشەیەکی فارسیە،فارابی و ئیبن ئەسیر دەڵێن پارچێک لە حەریری ئەسڵیە،ڕەنگی سپیە،وەک لەگێڕدراوەی تردا هاتوە پارچەیەکم لە ئیستبرق بەدەستەوەبوو، کەواتە کەژاوەی تێدا نیە، ئیبن منیریش بەهەمان هەڵەی مهلب دا ڕۆیشتۆتەوە،بەڵام ئەو گوتویەتی کە بیجگەلە بوخاری کەسانی تر ئەم فەرمودەی ئیبن عومەریان گێڕاوەتەوە وباسی کۆڵەکەی خێوەت وڕاخستنی کەژاوەیان کردوە.

ئیبن حجر فەرمودەیەکی تر کە بوخاری وتەبەرانی وحاکم لە عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی عاس گێڕاویەتەوە هێناوە کە دەفەرموێ

" أَخْرَجَهُ يَعْقُوبُ بْنُ سُفْيَانَ وَالطَّبَرَانِيُّ وَصَحَّحَهُ الْحَاكِمُ مِنْ حَدِيثِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ " سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ -ﷺ- يَقُولُ : بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ عَمُودَ الْكِتَابِ احْتُمِلَ مِنْ تَحْتِ رَأْسِي فَأَتْبَعْتُهُ بَصَرِي فَإِذَا هُوَ قَدْ عُهِدَ بِهِ إِلَى الشَّامِ ، أَلَا وَإِنَّ الْإِيمَانَ حِينَ تَقَعُ الْفِتَنُ بِالشَّامِ "

ئەمە خەونی پێغەمبەر خۆیەتی نەک هی کەسی تر، دەفەرموێ من کە نوستبووم ،بینیم کۆڵەکەی کتابەکەیان لەژێرسەر دەرێنام وبەچاوم سەیرم کرد،چاوم لێ بوو لە شام دایان کوتا،بۆیە ئەمن وئاسایش وئیمان لەکاتی ئاشوب وفیتنەدا لەشامە،

، لە گێڕانەوەی ئەحمەد،،،، وام زانی کۆڵەکەکە دەدزرێ،،،وام لێک دایەوە کە فیتنەو ئاشوب هاتن ،شام پارێزراوە لە فیتنە،

لە گێڕانەوەی تەبەڕانی

الطَّبَرَانِيُّ أَيْضًا بِسَنَدٍ حَسَنٍ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ حَوَالَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ - ﷺ - قَالَ : " رَأَيْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي عَمُودًا أَبْيَضَ كَأَنَّهُ لِوَاءٌ تَحْمِلهُ الْمَلَائِكَةُ فَقُلْتُ مَا تَحْمِلُونَ قَالُوا عَمُودَ الْكِتَابِ أُمِرْنَا أَنْ نَضَعَهُ بِالشَّامِ ، قَالَ وَبَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ عَمُودَ الْكِتَابِ اخْتُلِسَ مِنْ تَحْتِ وِسَادَتِي فَظَنَنْتُ أَنَّ اللَّهَ تَخَلَّى عَنْ أَهْلِ الْأَرْضِ فَأَتْبَعْتُهُ بَصَرِي فَإِذَا هُوَ نُورٌ سَاطِعٌ حَتَّى وُضِعَ بِالشَّامِ "

واتە:لەوشەوەی شەوڕەویم پێ کرا، کۆڵەکەیەکم بینی سپی بوو،وەک ئاڵا ولیوابوو،فریشتەکان هەڵیان گرتبوو،گوتم ئەوە چیە هەڵتان گرتوە؟گوتیان کۆڵەکەی کتابەکەیە،فرمانمان پێ کراوە لەشام دای کوتین،، گوتی لەکاتێکدا کە نوستبووم ،بینیم کۆڵەکەی کتابەکە لەژێرم دەرهێنراو ڕفێنرا،وام گومانبرد کەالله وازی لە پاراستنی خەڵکی سەرزەوی هێناوە،،بەچاو هەر تەماشام کرد،بینیم ڕوناکیکی درەوشاوەیە ولە شام دانرا. .

ئەم فەرمودەش بەشی یەکەم باسی شەوی شەوڕەوی وبێداری وفریشتە دەکاو بەشی دوەم باسی خەون ونوستن و کۆڵەکە فڕاندن وگومان بردن دەکا، دیارە ئەمانە دوو بابەتی لێک دراون.

ئەم کۆڵەکەی خێوەت و عەمودی فستاتەی شام لەوانەیە پەیوەندی هەبێ بە فوستات وخێوەتگای مسوڵمانان کە لە ئاخری زەماندا لە غوتەی دیمەشق دەبێ کە پایتەختی شامە، وە کۆڵەکە سپیەکەو لیوا نورانیەکەش لەوانەیە مەنارەی مزگەوتی ئەمەوی بێ کە عیسی علیه السلام لە کۆتایی زەمان دا لەوێ وە دێتە خوارەوە ،والله اعلم..

ئیبن حجردەڵێ:

ئەوەی کۆڵەکەی خێوەت وکەژاوە ببینێ لە خەودا،لێکدەرەوانی خەون پێ یان وایە کە کۆڵەکە دینە،یان پیاوێکی بەهێزە کە خەون بین پشتی پێ دەبەستێ،یان دەسەڵات داروسوڵتانە،،بەڵام کە لە خەون دا خێوەت وکەژاوەی بەسەر کۆڵەکەکە دادا،ئەوە دەبێتە خاوەن دەسەڵات،بە ئەندازەی گەورەیی چادرەکە،یان دژایەتی پاشایەک دەکاو بەسەریدا سەردەکەوێ.

دەروازەى بيست وپێنج :پێ بەند لە خەون دا.

٢٥- بَاب الْقَيْدِ فِي الْمَنَامِ

6614 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ صَبَّاحٍ حَدَّثَنَا مُعْتَمِرٌ سَمِعْتُ عَوْفًا حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ سِيرِينَ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا هُرَيْرَةَ يَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِﷺ إِذَا اقْتَرَبَ الزَّمَانُ لَمْ تَكَدْ تَكْذِبُ رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ وَرُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنْ النُّبُوَّةِ وَمَا كَانَ مِنْ النُّبُوَّةِ فَإِنَّهُ لَا يَكْذِبُ قَالَ مُحَمَّدٌ وَأَنَا أَقُولُ هَذِهِ قَالَ وَكَانَ يُقَالُ الرُّؤْيَا ثَلَاثٌ حَدِيثُ النَّفْسِ وَتَخْوِيفُ الشَّيْطَانِ وَبُشْرَى مِنْ اللَّهِ فَمَنْ رَأَى شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلَا يَقُصَّهُ عَلَى أَحَدٍ وَلْيَقُمْ فَلْيُصَلِّ قَالَ وَكَانَ يُكْرَهُ الْغُلُّ فِي النَّوْمِ وَكَانَ يُعْجِبُهُمْ الْقَيْدُ وَيُقَالُ الْقَيْدُ ثَبَاتٌ فِي الدِّينِ وَرَوَى قَتَادَةُ وَيُونُسُ وَهِشَامٌ وَأَبُو هِلَالٍ عَنْ ابْنِ سِيرِينَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَدْرَجَهُ بَعْضُهُمْ كُلَّهُ فِي الْحَدِيثِ وَحَدِيثُ عَوْفٍ أَبْيَنُ وَقَالَ يُونُسُ لَا أَحْسِبُهُ إِلَّا عَنْ النَّبِيِّ ﷺ فِي الْقَيْدِ قَالَ أَبُو عَبْد اللَّهِ لَا تَكُونُ الْأَغْلَالُ إِلَّا فِي الْأَعْنَاقِ

.

پوختەى فەرمودەكە دەفەرموێ:

كاتێ كاتەكان لێک نزيک بونەوە،كەئاماژەيە بۆ سەردەمى خێرايى وكۆتايى زەمان،ئەوكاتە دەگمەنە خەونى ئيماندار بەهەڵە دەرچێ،واتە خەونى ئيماندارئەوكاتە هەمووى ڕاستە،خەونى ئيماندار بەشێكە لە چل وشەش بەشى پێغەمبەرايەتى،وە پێغەمبەرايەتيش درۆو هەڵەى تێدانيە،،ئيبن سيرين دەڵێ:خەونيش سێ بەشە،

-حەديسى نەفس و خەيالّى دەروون،

-ترساندنى شەيتان.

-مژدە لە الله وە.

هەركەسێ خەونێكى دى كەبەلايەوە ناخۆش بوو با هەستێ نوێژبكا،وبۆكەسى نەگێڕێتەوە، سەحابەوياوەرانى پێغەمبەر لە خەون دا ڕقيان لە كۆت بوو كەلە مل دەكرێ،پێ يان خۆش بوو لە خەون دا

قەيدوبەندیان لە پێ بكرێ،دەیانگووت كە پێ بەند وقەید چەسپاویە لەسەردین،.

واتاو ڕاڤەوشیكردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەكە:

هەركەسێ لە خەوندا ببینێ پێ ی لە بەند دایە،بە لەسەردین چەسپاوی لێک دەدرێتەوە،بەڵام لێكدەرەوانی خەون دەڵێن ئەگەر لەگەڵ پابەندەكە شتێكی دیكەی زیادی لەگەڵ نەبێ،وەک ئەوەی كەسی خەون بین لە سەفەر دا نەبێ،یان نەخۆش نەبێ، چونكە لەوكاتە دا قەیدەكەی واتە درێژبونەوەی سەفەرونەخۆشیەكەی،،هەروەها قەیدەكە لە بێجگە لە ئاسن نەبێ ،چونكە قەیدەكە كەزیو بوو،بەڵگەیە لەسە ژن
هێنان،كەلەزێربوو،ئەوە بەڵگەیە لەسەر داواكردنی سامانێک ،ئەگەر لە مس بێ،ئەوەبۆ شتێكی بێزێنراوە،ئەگەرلە قورقوشم بێ ئەوە ڕەهن وبارمتەبوونە،ئەگەرلەپەت وگوریس بێ ئەوەقەرزداریە،ئەگەرلە تەختەبێ،ئەوە دووڕوویيە،ئەگەرلەداربێ ئەوە تاونباریە،ئەگەرلەپەڕوو دەزوو بێ ئەوەبۆ كارێكە كە بەردەوام نابێ.

ختابی دەڵێ نزیک بونەوەی زەمان دوو واتا دەگەیەنێ، :یەكەم نزیک بوونی كاتی شەوو كاتی ڕۆژو یەكسان بونیان،لەسەرەتای
بەهاروسەرەتای پایزداكە هەموو شتێک مام ناوەندیە لەوكاتانە،،خەون لێكدەرەوان دەڵێن ڕاسترین خەون لەودوو كاتەیە كە شەوو
ڕۆژیەكسانن،كاتی میوە پێ گەیشتنە،و پشكوتنی چرۆوگوڵەكانە،لە دووكاتی ساڵ دا.

واتای دووەم:نزیک بونەوەی زەمان لە كاتی نزیک بونەوەی ساعە وڕۆژی قیامەت ،كە فەرمودەشی پێ هاتوە

" فِي آخِرِ الزَّمَانِ لَا تَكْذِبُ رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ وَأَصْدَقُهُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُهُمْ حَدِيثًا " .

لەئاخری زەماندا خەونی ئیماندار زۆری ڕاستە،ڕاستگۆترینیان لە گوفتاروكردار، خەونەكانی شی ڕاستگۆترینن.

بەم واتايە كاتێ ڕۆژى قيامەت نزيک بوو،زۆربەى زانست
هەڵگيراونەماو كارى پێ نەكرا،نيشانەكانى دينارى لاوازبوون،كوشتن
زۆربوو،خەڵكى پێويستيان بە ئامۆژگارى كەرو وەبيرهێنەرەوە هەبوو،بۆ
نوێ كردنەوەى دينەكەيان ،هەروەک چۆن ئوممەتانى پێش ئيسلام كە
دينيان لاوازدەبو پێغەمبەريان بۆدەهات ودينى بۆ نوێ دەكردنەوە،بەڵام
چونكە پێغەمبەرى ئێمە خاتەم وكۆتايى يە،ئەوزمانى كۆتاييەش وە
زەمانى فەترەى پێش هاتنى پێغەمبەرانە،بۆيە لەجياتى پێغەمبەرايەتى ئەو
بينينى خەونى ڕاستگۆييە بۆ قەرەبو كردنەوەى نەهاتنى پێغەمبەرانەو
خەونى ڕاستيش بەشێكە لە پێغەمبەرێتى،بۆ مژدە دان و
هۆشياركردنەوەى ئيلاهى بۆ ئيمانداران، ئەم فەرمودە لە ئەوزاعى وئيبن
سيرين گێڕدراوەتەوە ،موسليميش فەرمودەيەكى هێناوە دەفەرموێ: ثَبَتَ
فِي الْحَدِيثِ الْآخَرِ عِنْدَ مُسْلِمٍ وَغَيْرِهِ " يَتَقَارَبُ الزَّمَانُ حَتَّى تَكُونَ السَّنَةُ
كَالشَّهْرِ وَالشَّهْرُ كَالْجُمْعَةِ وَالْجُمْعَةُ كَالْيَوْمِ وَالْيَوْمُ كَالسَّاعَةِ وَالسَّاعَةُ
كَاحْتِرَاقِ السَّعَفَةِ "

واتە ساڵ وەک مانگ ومانگ وەک هەفتەو هەفتە وەک ڕۆژو ڕۆژ وەک
سەعات وسەعات وەک گەڵا سوتانى لێ دێ.

دەگوترێ كە ئەوزەمانە زەمانى مەهديە،كە دادبەرقەرارەو خەڵک دنيای
لە پێش چاو كەوتوەوچێژى لێ نابينێو لاكانى زەمانى دنياوئاخرەت لێک
نزيكن.

ئەوكاتە خەونى ئيماندار زۆربەيان ڕاستن،بەڵام تەنيا ئيماندار،چونكە
ئەوكاتە غەريبە ونامۆيە.

قورتوبى دەڵێ :ئەوزەمانە كاتى هاتنى عيسايە لەگەڵ ئەو دەستەكەمەى
لەسەر ئيمان ماونەوە دواى كوشتنى دەجال،كەلە فەرمودەى مسلم هاتوە

" فَيَبْعَثُ اللَّهُ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ فَيَمْكُثُ فِي النَّاسِ سَبْعَ سِنِينَ لَيْسَ بَيْنَ اثْنَيْنِ
عَدَاوَةٌ ، ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ رِيحًا بَارِدَةً مِنْ قِبَلِ الشَّامِ فَلَا يَبْقَى عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ
أَحَدٌ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ أَوْ إِيمَانٍ إِلَّا قَبَضَهُ " الْحَدِيث

كه عيسى دێ حەوت ساڵ دەمێنێتەوە،دوژمنايەتى لەناوخەڵک نامێنێ،پاشان بايەک دێ لەشامەوە ئەوەى زەرەيەک ئيمانى لە دڵ دابێ ڕوحى دەكێشێ ،.

قورتوبى دەڵێ ،ئەوانە لە دواى سەحابەكان باشترينى ئەم ئوممەتەن،هەمويان ڕاستگۆن،بۆيە خەونەكانيشيان هەموو ڕاستن،چونكە هەركەسێ لە ژيانى دا ڕاستگۆ بێ،دڵى ڕوناک دەبێتەوەوزانستى ڕاست لە دڵى دا دەنەخشێنرێ،،هەرچى هەموو بێدارىەكەى ڕاستگۆيى بێ ،بێ گومان خەونەكانيشى ڕاستن،و درۆو دەلەسەيان تێكەڵ نابێ،چونكە دەفر چى تێدايە هەر ئەوەى لێ دەڕژێ.

ً ، هەربۆيە دواى ئەوە باسى لەوە كردوە كە خەونى باش وچاک وڕاستى ئيمانارى ڕاستگۆ بەشێكە لە پێغەمبەرايەتى،ئەمە تەنيا بۆ ئيماندارە،كە بەڕێزلێ نانى پێغەمبەران ڕێزى لێ نراوە چونكە پابەندى ڕێ ى ئەوانە،بۆ كافرو دووڕوو و درۆزن نيە.

وەخەونەكانيان پێويستى بەلێكدانەوە نيە،چۆن دەيبينن، بەوشێوە دێتەدى،چونكە ئيماندار ئەوكاتە غەريب ونامۆوچەوساوەيە،ئيسلام بەنامۆيى دەستى پێ كردوەو لەوكاتەش دا نامۆ دەبێتەوە وەک لە فەرمودەى موسليم دا هاتوە،جابۆيە ئيماندار پێويستى بە دڵ دانەوەو چەسپێنەرو سێبورى دەر هەيەكە ئەويش خەونى ڕاستە.

ئيبن حەجەردەڵێ:هەموو ڕاڤەكان ئاماژەوەدەكەن كە ئەوخەونە ڕاستانە لەبەردوو هۆن:

ٍ ؛ يەكەم : ئەوكاتە زۆربەى زانستى دينداری نامێنى ،زاناكان نامێنن، هاتنى پێغەمبەريش لە ئارا دانەبێ ،بۆيە قەرەبوى ئەم دوو پايەى ئيمان خەونى ڕاست دەبێ.

دووەم:ئيمانداران كەمينە وچەوساوەن وكوفرو نەفامى گشت دنيا دەتەنێ ،بۆيە بە خەونى ڕاست دڵيان دەدرێتەوەو لەسەرئيمان دەچەسپێنرێن.

بۆچونى سێ يەم كەئەمە سەردەمى عيسى بێ،بەڵام بۆچوونى يەكەم بەهێزترە.

ابْنُ بَطَّالٍ دەڵێ ،ڕاڤەى ابن سيرين بۆ وَأَصْدَقُهُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُهُمْ حَدِيثًا "ئەوەيە كە زەمان لێک نزيک بۆوە،خەونى ڕاست نامێنێ تەنيا لاى پياوى ڕاستگۆ نەبێ، هەندێک باسى كەلەبچەى دەستيشيان كردوەوبەباشيان زانيوە كە قەدەغەكردنيەتى لە خراپە،لەوانەشە چروكى خاوەنەكەى بگەيەنێ.

دەروازەى بيست وشەش : كانى لەبەرڕۆيشتوو لە خەون دا.

٢٦- بَاب الْعَيْنِ الْجَارِيَةِ فِي الْمَنَامِ

6615 حَدَّثَنَا عَبْدَانُ أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ عَنْ الزُّهْرِيِّ عَنْ خَارِجَةَ بْنِ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ عَنْ أُمِّ الْعَلَاءِ وَهِيَ امْرَأَةٌ مِنْ نِسَائِهِمْ بَايَعَتْ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَتْ طَارَ لَنَا عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُونٍ فِي السُّكْنَى حِينَ اقْتَرَعَتْ الْأَنْصَارُ عَلَى سُكْنَى الْمُهَاجِرِينَ فَاشْتَكَى فَمَرَّضْنَاهُ حَتَّى تُوُفِّيَ ثُمَّ جَعَلْنَاهُ فِي أَثْوَابِهِ فَدَخَلَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقُلْتُ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْكَ أَبَا السَّائِبِ فَشَهَادَتِي عَلَيْكَ لَقَدْ أَكْرَمَكَ اللَّهُ قَالَ وَمَا يُدْرِيكِ قُلْتُ لَا أَدْرِي وَاللَّهِ قَالَ أَمَّا هُوَ فَقَدْ جَاءَهُ الْيَقِينُ إِنِّي لَأَرْجُو لَهُ الْخَيْرَ مِنْ اللَّهِ وَاللَّهِ مَا أَدْرِي وَأَنَا رَسُولُ اللَّهِ مَا يُفْعَلُ بِي وَلَا بِكُمْ قَالَتْ أُمُّ الْعَلَاءِ فَوَاللَّهِ لَا أُزَكِّي أَحَدًا بَعْدَهُ قَالَتْ وَرَأَيْتُ لِعُثْمَانَ فِي النَّوْمِ عَيْنًا تَجْرِي فَجِئْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ ذَاكِ عَمَلُهُ يَجْرِي لَهُ .

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

مەلب دەڵێ:كە ئاوەكەى زوڵاڵ بێ ،ئەوەكردەوەى باشە،كەلێڵ بوو وانيە.

بێجگەلە مەلب دەڵێ:سەرچاوەى لەبەر ڕۆيشتوو،كارباش وسەدەقەى جاريەيە،يان چاكەيەكە كردويەتى بۆ كۆمەڵگا،يان بەهرەيەكە وخێروبەخشش وخۆزگێكە كە شاراوەبوە .

دەروازەى بيست وحەوت :هەڵكێشانى ئاولە بير لە خەوندا.

٢٧- بَاب نَزْعِ الْمَاءِ مِنْ الْبِئْرِ حَتَّى يَرْوَى النَّاسُ رَوَاهُ أَبُو هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ .

6616 حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْنِ كَثِيرٍ حَدَّثَنَا شُعَيْبُ بْنُ حَرْبٍ حَدَّثَنَا صَخْرُ بْنُ جُوَيْرِيَةَ حَدَّثَنَا نَافِعٌ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا حَدَّثَهُ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بَيْنَا أَنَا عَلَى بِئْرٍ أَنْزِعُ مِنْهَا إِذْ جَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ فَأَخَذَ أَبُو بَكْرٍ الدَّلْوَ فَنَزَعَ ذَنُوبًا أَوْ ذَنُوبَيْنِ وَفِي نَزْعِهِ ضَعْفٌ فَغَفَرَ اللَّهُ لَهُ ثُمَّ أَخَذَهَا عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ مِنْ يَدِ أَبِي بَكْرٍ فَاسْتَحَالَتْ فِي يَدِهِ غَرْبًا فَلَمْ أَرَ عَبْقَرِيًّا مِنْ النَّاسِ يَفْرِي فَرْيَهُ حَتَّى ضَرَبَ النَّاسُ بِعَطَنٍ

دەروازەی بیست وهەشت :ئاودانی خەڵکی لە خەوندا.

٢٨- بَاب نَزْعِ الْمَاءِ مِنْ الْبِئْرِ حَتَّى يَرْوَى النَّاسُ رَوَاهُ أَبُو هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ

6616 حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْنِ كَثِيرٍ حَدَّثَنَا شُعَيْبُ بْنُ حَرْبٍ حَدَّثَنَا صَخْرُ بْنُ جُوَيْرِيَةَ حَدَّثَنَا نَافِعٌ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا حَدَّثَهُ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺبَيْنَا أَنَا عَلَى بِئْرٍ أَنْزِعُ مِنْهَا إِذْ جَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ فَأَخَذَ أَبُو بَكْرٍ الدَّلْوَ فَنَزَعَ ذَنُوبًا أَوْ ذَنُوبَيْنِ وَفِي نَزْعِهِ ضَعْفٌ فَغَفَرَ اللَّهُ لَهُ ثُمَّ أَخَذَهَا عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ مِنْ يَدِ أَبِي بَكْرٍ فَاسْتَحَالَتْ فِي يَدِهِ غَرْبًا فَلَمْ أَرَ عَبْقَرِيًّا مِنْ النَّاسِ يَفْرِي فَرْيَهُ حَتَّى ضَرَبَ النَّاسُ بِعَطَنٍ

6618 حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عُفَيْرٍ حَدَّثَنِي اللَّيْثُ قَالَ حَدَّثَنِي عُقَيْلٌ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ أَخْبَرَنِي سَعِيدٌ أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ أَخْبَرَهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺقَالَ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُنِي عَلَى قَلِيبٍ وَعَلَيْهَا دَلْوٌ فَنَزَعْتُ مِنْهَا مَا شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ أَخَذَهَا ابْنُ أَبِي قُحَافَةَ فَنَزَعَ مِنْهَا ذَنُوبًا أَوْ ذَنُوبَيْنِ وَفِي نَزْعِهِ ضَعْفٌ وَاللَّهُ يَغْفِرُ لَهُ ثُمَّ اسْتَحَالَتْ غَرْبًا فَأَخَذَهَا عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ فَلَمْ أَرَ عَبْقَرِيًّا مِنْ النَّاسِ يَنْزِعُ نَزْعَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ حَتَّى ضَرَبَ النَّاسُ بِعَطَنٍ

شیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

دەربڕینەکانی فەرمودەکە:

( بَيْنَا أَنَا عَلَى بِئْرٍ أَنْزِعُ مِنْهَا )

" رَأَيْتُنِي عَلَى قَلِيبٍ وَعَلَيْهَا دَلْوٌ فَنَزَعْتُ مِنْهَا مَا شَاءَ اللَّهُ " ،

" رَأَيْتُ أَنِّي عَلَى حَوْضٍ أَسْقِي النَّاسَ "

بير لاكانى هەڵچنراوە،قولەيب بيرى هەڵنەچنراوە، حەوز ئەستێرى ئاو كۆكەرەوەيە،دياردە پێشدا پێغەمبەر لەسەرئەم بيرە بە دۆلكە ئاوى هەڵكێشاوە،ئەبوبەكر هاتوەو دۆلكەكەى لێ وەرگرتوە،بەڵام تەنيا يەك دوو دۆلكەى هەڵكێشاوە بە لاوازى، اللە لەو لاواز هەڵكێشانەى خۆش دەبێ،پاشان عومەر دۆلكەكەى لە ئەبوبكر وەرگرت،دۆلكەكە لە لاى عومەرگۆڕا بۆ دۆلكەوكوندەيەكى گەورەى مەشكەى مانگا،

عەبقەرى سەرۆك وپێشەنگ وداهێنەرى

ميللەتەكەيەتى، ِتاهەرچواردەورى ئەوبيروحەوزەى كردە جێ دوێڵى تێرئاو كردنى وشترەكان،وەخەڵكى گشت تێرئاو كردو حەوزەكە پڕ بوو لەسەرى دەڕژا،ئەوەش ئاماژەيە بۆ ئەو فراوان بوونە گەورەى دەوڵەتى ئيسلام لە سەردەمى عومەردا، وە ئەو فەتح كردنە زۆرەى لەسەردەستى عومەر تەواوبوو، وەئەوداهێنان وئيجتهادو دام ودەزگايانەى لەسەردەمى ئەودا جێ بەجێ كران،ئەم دۆلكە ى ئيجتهادوهەڵێنجانە كە لە پێغەمبەروەر گيرا تا پشوبدا لەخەم وخەفەت وزەحمەتى دنيا ، ڕێساكان وهێڵە گشتيەكانى دين دامەزرێنران،لەسەر پەيڕەوى پێشەنگ وسەرمەشق كە پێغەمبەرە، - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -كە گشت بناغەوبنچينەكانى دارشت ودامەزراند، ،ئەبوبكر پشێويەكانى نەهێشت وفيتنەى هەڵگەڕاوەكانى دامركاندەوە،عومەر ئەم ئەستێرەئاوەى فراوان كرد،فەرمانڕەوای مسوڵمانان خزمەت كاروشوان وئاودەروڕەنج كێشە، ،ميللەت وەك ئاژەڵ و ماڵات چەند حەق ومافيان لەسەرشوان هەيە وچەند دەستەوستانن بێ شوان، ميللەتيش ئەوەندە مافى بەسەرفەرمانڕەواوە هەيە،لەسەردەمى عومەردادیوان و وەزارەتەكان تۆماركران و ويلايەتەكان ڕێک خران ، خەڵكێكى زۆر لە حيجاز ويەمەن وشام و ميسرونەوبەورۆم وئەرمينياو عيراق و وڵاتى فارس وڵاتى چيا و ئاسياى بچوک سودى لە ڕێكخستنەكانى بينى.

خەونێکی هاوشێوەی ئەم خەونە لای ئەحمەدو ئەبوداود هاتوە کە سەحابیەک خەونەکەی بینیوە کە دەفەرموێ: عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدَبٍ " أَنَّ رَجُلًا قَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ رَأَيْتُ كَأَنَّ دَلْوًا دُلِّيَ مِنَ السَّمَاءِ فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ فَأَخَذَ بِعِرَاقَيْهَا فَشَرِبَ شُرْبًا ضَعِيفًا ، ثُمَّ جَاءَ عُمَرُ فَأَخَذَ بِعِرَاقَيْهَا فَشَرِبَ حَتَّى تَضَلَّعَ ، ثُمَّ جَاءَ عُثْمَانُ فَأَخَذَ بِعِرَاقَيْهَا فَشَرِبَ حَتَّى تَضَلَّعَ ، ثُمَّ جَاءَ عَلِيٌّ فَأَخَذَ بِعِرَاقَيْهَا فَانْتُشِطَتْ وَانْتَضَحَ عَلَيْهِ مِنْهَا شَيْءٌ "

سمرە دەڵێ پیاوێک هاتە لای پێغەمبەرو گووتی لە خەومدا دیتم کە دۆلکە و مەشکەیەک لە ئاسمانەوە داهێژرایە خوار،ئەبوبکر هات ودۆژەنگەکانی گرت و چەند قومێکی کەمی لێ نۆش کرد،پاشان عومەر هات ئەوەندەی خواردەوە تا ناو پەراسوەکانی پڕکرد،پاشان عوسمان هات وئەویش ناوزگی پڕ کرد،پاشان علی هات ودۆژەنگەکانی گرت وخواردیەوەبەڵام لە دەستی دەرهێنراو هەندێ ،یان هەموو لە ئاوەکەی ڕژا،.

ئەم دوو فەرموودە هەردوو یەکتر تەفسیر دەکەن .

لە یەکێکیان خێر لە ئاسمانەوەدێ کە ئاماژەیە بۆ وەحی وخێروبێری ئاسمان، لە وی ترخێر و گەنجینەی ناخی زەوی دەردەهێنرێ، زنجیرەی چوارخەلیفەکەو ئاشوب گێڕان لە عەلی و لێ ساندنی تێدایە،سەعیدی کوڕی موسەیەب هەڵکێشانی بڕی ئاوەکەی بە ماوەی فەرمانڕەوایی لێک داوەتەوە.

لەم فەرمودانەو لەفەرمودەی شیرەکەو جلەکانی عومەر ئاماژەی تێدایە کەسەردەمی حوکمڕانی عومەر وداهێنان و بلیمەتی ودانایی ولێ وەشاوەیی وعەدالەت ودابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاوو ولاتی و نمونەی ناوازەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عومەر ،نەک هەرلە ئیسلامدا،بەڵکو لەسەر ئاستی مێژووی مرۆڤایەتی ودین وژیارەکانی ڕابردوو وداهاتوو، دەگمەن وناوازە دەبێ و لەوبوارە کەس نایگاتێ .

دەروازەی بیست ونۆ :پشودان لە خەوندا

٢٩- بَاب الْاسْتِرَاحَةِ فِي الْمَنَامِ

6619 حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ عَنْ مَعْمَرٍ عَنْ هَمَّامٍ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ أَنِّي عَلَى حَوْضٍ أَسْقِي النَّاسَ فَأَتَانِي أَبُو بَكْرٍ فَأَخَذَ الدَّلْوَ مِنْ يَدِي لِيُرِيحَنِي فَنَزَعَ ذَنُوبَيْنِ وَفِي نَزْعِهِ ضَعْفٌ وَاللَّهُ يَغْفِرُ لَهُ فَأَتَى ابْنُ الْخَطَّابِ فَأَخَذَ مِنْهُ فَلَمْ يَزَلْ يَنْزِعُ حَتَّى تَوَلَّى النَّاسُ وَالْحَوْضُ يَتَفَجَّرُ

ئەم فەرمودەش هەروەک فەرمودەکانی پێشوەو پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکا..

دەروازەی سی :کۆشک لە خەون دا.

٣٠- بَاب الْقَصْرِ فِي الْمَنَامِ

6620 حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ عُفَيْرٍ حَدَّثَنِي اللَّيْثُ حَدَّثَنِي عُقَيْلٌ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ قَالَ أَخْبَرَنِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَالَ بَيْنَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُنِي فِي الْجَنَّةِ فَإِذَا امْرَأَةٌ تَتَوَضَّأُ إِلَى جَانِبِ قَصْرٍ قُلْتُ لِمَنْ هَذَا الْقَصْرُ قَالُوا لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فَذَكَرْتُ غَيْرَتَهُ فَوَلَّيْتُ مُدْبِرًا قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ فَبَكَى عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ثُمَّ قَالَ أَعَلَيْكَ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغَارُ

6621 حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ عَلِيٍّ حَدَّثَنَا مُعْتَمِرُ بْنُ سُلَيْمَانَ حَدَّثَنَا عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ دَخَلْتُ الْجَنَّةَ فَإِذَا أَنَا بِقَصْرٍ مِنْ ذَهَبٍ فَقُلْتُ لِمَنْ هَذَا فَقَالُوا لِرَجُلٍ مِنْ قُرَيْشٍ فَمَا مَنَعَنِي أَنْ أَدْخُلَهُ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ إِلَّا مَا أَعْلَمُ مِنْ غَيْرَتِكَ قَالَ وَعَلَيْكَ أَغَارُ يَا رَسُولَ اللَّهِ

شیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

لێكدەرەوانى خەون دەڵێن : كۆشك لە خەون دا كارى چاك وباشە بۆ دينداران،كۆشك بۆ بێجگە لە دين دار تەنگژەودێل كردنە،هەندێك جارچونە ناو كۆشك بە ژن هێنان لێك دراوەتەوە.

فەرمودەكەى ئەبو هورەيرە دەفەرموێ " لە كاتێكدا ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا ِ - ﷺ - دانيشتبوين ،فەرموى ،من لە خەوندا جەننەتم بينى ،بينيم ژنێك دەست نوێژدەگرێ،

لە هەندێ گێڕانەوە ژنێكى مشە وهو ناشرين بوو، دەڵێن هەندێ جار لەعەرەبى دا بە شاجوان وحەسنا دەڵێن شوها، دەگوترێ كە جەننەت خانەى ئەرك وپەرستش نيە ،دەست نوێژ بۆ خۆپاك كردنەوە لەچڵك وپەرستش نيە، بەڵكو لە ضوئى عربى وزياتر ڕۆشن بونەوە وەرگيراە،تا زياتر جوان بێ، ئەم ژنە لە هەندێك گێڕانەوە هاتوە كە ئوم سەليمە ،كە پێغەمبەر- ﷺ

- لە جەننەت لە تەنيشت كۆشكى عومەربينى.

ئەم بينينە بەوە لێك دەدرێتەوە كەئەو ژنە شايانى چوونە جەننەتە ،بەتايبەت ئەم خەونە ،كە ڕاستگۆترين كەس بينيويەتى،دەست نوێژەكەشى بەوەلێك دەدرێتەوە بەوەى لەناوەودەرەوە پاكيزەوپاكژو دڵ ودەروون پاكە،بونيشى لەتەنيشت كۆشكى عومەر ،بەوەلێك دەدرێتەوە كە ئوم سەليم دەژيا هەتا سەردەمى خەلافەتى عومەر،كەهەرواش بوو.

كە دەگوترێ خەونى پێغەمبەران ڕاستەووەك گزنگى بەيان دێتەدى، ئەوەناگەيەنێ كە هەردەبێ وەك خۆى بێتەدى وهيچ لێك دانەوەى ناوێ،لەمەوپێشيش خەونەكانى پێغەمبەران ،لەوانەش خەونى يوسف و خەونى پێغەمبەرمان عليهم السلام هەموويان لێك دراونەوە، وەلە قورئانيشدا دەفەرموێ خەون دەبێ تائويل وتەعبير بكرێ، وەلەمەودواش دەبينين كە خەونەكانى پێغەمبەران لێكدانەوەى زۆريان بۆ كراوە.

دەروازەى سى ويەك :دەست نوێژ لە خەون دا.

٣١- بَاب الْوُضُوءِ فِي الْمَنَامِ

6622 حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ عُقَيْلٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ أَخْبَرَنِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَالَ بَيْنَمَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُنِي فِي الْجَنَّةِ فَإِذَا امْرَأَةٌ تَتَوَضَّأُ إِلَى جَانِبِ قَصْرٍ فَقُلْتُ لِمَنْ هَذَا الْقَصْرُ فَقَالُوا لِعُمَرَ فَذَكَرْتُ غَيْرَتَهُ فَوَلَّيْتُ مُدْبِرًا فَبَكَى عُمَرُ وَقَالَ عَلَيْكَ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغَارُ

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە.

ِ لێكدەرەوانى خەون دەڵێن:بينى دەست نوێژ لە خەوندا هۆكارە بۆدەسەڵاتێک يان كارێكى گرنگ،كە دەست نوێژى تەواوبگرێ لە خەوندا،لەبێدارى دا مەبەستەكەى بەتەواوى دێتە دى، بەڵام كە نەى توانى دەست نوێژ تەواو بگرێ لە خەوندا،لەبەربێ ئاوى ئەوە كارەكەى تەواونابێ،دەست نوێژ بۆ كەسێک لەترس وبيم دابێ ئەمن وئاسايش و دەست كەوتنى پاداشت و گوناە لێ هەڵوەرينە .

دەروازەى سى ودوو :تەوافى كەعبە لە خەون دا.

٣٢- بَاب الطَّوَافِ بِالْكَعْبَةِ فِي الْمَنَامِ

6623 حَدَّثَنَا أَبُو الْيَمَانِ أَخْبَرَنَا شُعَيْبٌ عَنْ الزُّهْرِيِّ أَخْبَرَنِي سَالِمُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُنِي أَطُوفُ بِالْكَعْبَةِ فَإِذَا رَجُلٌ آدَمُ سَبْطُ الشَّعَرِ بَيْنَ رَجُلَيْنِ يَنْطُفُ رَأْسُهُ مَاءً فَقُلْتُ مَنْ هَذَا قَالُوا ابْنُ مَرْيَمَ فَذَهَبْتُ أَلْتَفِتُ فَإِذَا رَجُلٌ أَحْمَرُ جَسِيمٌ جَعْدُ الرَّأْسِ أَعْوَرُ الْعَيْنِ الْيُمْنَى كَأَنَّ عَيْنَهُ عِنَبَةٌ طَافِيَةٌ قُلْتُ مَنْ هَذَا قَالُوا هَذَا الدَّجَّالُ أَقْرَبُ النَّاسِ بِهِ شَبَهًا ابْنُ قَطَنٍ وَابْنُ قَطَنٍ رَجُلٌ مِنْ بَنِي الْمُصْطَلِقِ مِنْ خُزَاعَةَ .

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

لێكدەرەوانى خەون دەڵێنِ : تەواف كردن لەخەوندا بەڵگەيە بۆ حەج كردن،يان ژن هێنان وشوكردن،يان دەست كەوتنى خواستێک لە دەسەڵات دار،يان چاكە كردن لەگەڵ دايک وباوک وزانايان وپێشەوايان،يان دەست كەوتنى كارێكى فەرمى ..

ئيبن حەجەر هيچ باسى فەرمودەكەى نەكردوە ،كە پێغەمبەر عليه السلام،لەكاتى تەواف دا هەريەک لە وعيساودەجالى ديون ،كۆبونەوەى ئەم دوانە لەكاتى تەواف دا چ دەگەيەنێ؟ ئاياتەواف بۆ پێغەمبەر وەک تەواف بۆ خەڵكى ئاسايى لێک دەدرێتەوە؟؟بۆچى عيساى پێش دەجال بينى؟ ،لە كاتێكدا لە كۆتايى زەمان دەجال پێش عيسى دێ؟وێک چواندنى دەجال بە سەحابەيەک كە لە بەيعەى ڕزوان وحودەيبەو ڕوداوو غەزاكانى دواتريش بەشدار بوەو لە سەر ئيسلامەتى مردوە،ئەگەر شەهيديش نەبووبێ، چى لێ وەردەگيرێ؟

پێويست بوو ئيبن حجر ڕاڤەى هەموو ئەمانەى بەڕوونى بكردبايە.

دەروازەى سى وسێ: دانى ئاوى زيادەى دەست نێژ بە يەكێكى تر ل خەون دا.

٣٣- بَاب إِذَا أَعْطَى فَضْلَهُ غَيْرَهُ فِي النَّوْمِ

6624 حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ عُقَيْلٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ أَخْبَرَنِي حَمْزَةُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ أُتِيتُ بِقَدَحِ لَبَنٍ فَشَرِبْتُ مِنْهُ حَتَّى إِنِّي لَأَرَى الرِّيَّ يَجْرِي ثُمَّ أَعْطَيْتُ فَضْلَهُ عُمَرَ قَالُوا فَمَا أَوَّلْتَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الْعِلْمُ

هەموو ئەو خەونانەى پێغەمبەر لەسەر عومەر لە پێدانى شيرو ئاوى دەست نوێژو و ئاوهەڵكێشان لەبيرو كۆشكى جەننەت وجلى درێژو ،،هتد، وەلە بێداريشدا، پاراستنى عومەر لەشەيتان وعومەر

تاكەموحەديسى ئيسلامە، هەموو ئەم خەون وئاماژانە ئەوەيان لێ دەخوێنێتەوە كە نابێ پێغەمبەر كەس پێش عومەربخا لە هيچ كاروبارێكى فەرمانڕەوايى، بەڵام پێغەمبەر لەگەڵ ئەوەى خەونەكانى گێڕاوەتەوەو بێ دەنگەى لێ نەكردون، ئەمەى بۆ يارانى دواى خۆى بەجێ هێشتوە، ئەوەى كە خەلافەومافى پێشكەوتنى دايە ئەبوبكرئەوە هەرخودى عومەربوو،لەسەقيفەى بەنى ساعيدە ئەبوبكرى پێش خست، چونكە پێغەمبەر ئەوى بۆ پێش نوێژى پێش خستبوو، وە بە خەونەكانيش دەيزانى كە ئەبوبكر ئەم مافەى بۆ دەگێڕێتەوە،هەروەها ناسرانى ڕۆژگارى فەرمانڕەوايێ عومەربەدادوعەدالەت لاى مسوڵمان وكافر، زياتر لە ڕۆژانى پێغەمبەرو خەليفەكانى تر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە عومەر بە زۆر بنەماوە خۆى پەيوەست كردوە كە دين لێ ى بێ دەنگ بوەو فرمانى پێ نەكردوە،پێغەمبەروئەبوبكر، هيچ لە ڕوى فەرمانڕەوايى خۆيان بە هيچ بنەمايەكەوە پابەند نەكردوە كەلە دين دا بەڕاشكاوى پابەند نەكرابن، وەكە لە فەرمانێكى دينى دوو هەڵبژاردەهەبووبن ،ئاسانەكەيان هەڵ بژاردوە،وەک ديلەكانى بەدرونوێژ لەسەر دووڕوان وبنەماكانى پێک هاتنى حودەيبيە و،،،هتد، بەڵام عومەر هەميشە لەگەڵ هەڵبژاردنى عەزيمەت بەسەر مۆڵەت دابووە.

دەروازەى سى وچوار : ترس ودڵ نيايى لە خەوندا.

٣٤- بَاب الْأَمْنِ وَذَهَابِ الرَّوْعِ فِي الْمَنَامِ

6625 حَدَّثَنِي عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ سَعِيدٍ حَدَّثَنَا عَفَّانُ بْنُ مُسْلِمٍ حَدَّثَنَا صَخْرُ بْنُ جُوَيْرِيَةَ حَدَّثَنَا نَافِعٌ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ قَالَ إِنَّ رِجَالًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانُوا يَرَوْنَ الرُّؤْيَا عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَيَقُصُّونَهَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَيَقُولُ فِيهَا رَسُولُ اللَّهِﷺ مَا شَاءَ اللَّهُ وَأَنَا غُلَامٌ حَدِيثُ السِّنِّ وَبَيْتِي الْمَسْجِدُ قَبْلَ أَنْ أَنْكِحَ فَقُلْتُ فِي نَفْسِي لَوْ كَانَ فِيكَ خَيْرٌ لَرَأَيْتَ مِثْلَ مَا يَرَى هَؤُلَاءِ فَلَمَّا اضْطَجَعْتُ ذَاتَ لَيْلَةٍ قُلْتُ اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ فِيَّ خَيْرًا فَأَرِنِي رُؤْيَا فَبَيْنَمَا أَنَا كَذَلِكَ إِذْ جَاءَنِي مَلَكَانِ فِي يَدِ كُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا

مِقْمَعَةٌ مِنْ حَدِيدٍ يُقْبِلَانِ بِي إِلَى جَهَنَّمَ وَأَنَا بَيْنَهُمَا أَدْعُو اللَّهَ اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ جَهَنَّمَ ثُمَّ أُرَانِي لَقِيَنِي مَلَكٌ فِي يَدِهِ مِقْمَعَةٌ مِنْ حَدِيدٍ فَقَالَ لَنْ تُرَاعَ نِعْمَ الرَّجُلُ أَنْتَ لَوْ كُنْتَ تُكْثِرُ الصَّلَاةَ فَانْطَلَقُوا بِي حَتَّى وَقَفُوا بِي عَلَى شَفِيرِ جَهَنَّمَ فَإِذَا هِيَ مَطْوِيَّةٌ كَطَيِّ الْبِئْرِ لَهُ قُرُونٌ كَقَرْنِ الْبِئْرِ بَيْنَ كُلِّ قَرْنَيْنِ مَلَكٌ بِيَدِهِ مِقْمَعَةٌ مِنْ حَدِيدٍ وَأَرَى فِيهَا رِجَالًا مُعَلَّقِينَ بِالسَّلَاسِلِ رُءُوسُهُمْ أَسْفَلَهُمْ عَرَفْتُ فِيهَا رِجَالًا مِنْ قُرَيْشٍ فَانْصَرَفُوا بِي عَنْ ذَاتِ الْيَمِينِ فَقَصَصْتُهَا عَلَى حَفْصَةَ فَقَصَّتْهَا حَفْصَةُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ رَجُلٌ صَالِحٌ لَوْ كَانَ يُصَلِّي مِنْ اللَّيْلِ فَقَالَ نَافِعٌ فَلَمْ يَزَلْ بَعْدَ ذَلِكَ يُكْثِرُ الصَّلَاةَ

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە.

لێکدەرەوانی خەون دەڵێن :هەرکەسێک خەون ببینێ لە شتێک دەترسێ ،ئەوەلەڕاستی دا لەو شتە نەجاتی دەبێ،وەکەلە خەون ببینێ کە لەشتێک ناترسێ، ئەوە لە ڕاستی دا دەبێ لێ ی بترسێ.

ئیبن عومەر پێش ژن هێنان گەنجێک بوە زۆرجار لەمزگەوت نوستوە، کەبینیویەتی خەڵک خەون دەبینن ودەیگێڕنەوە،ئەویش دوعای کردوە خەونێک ببینێ وبیگێڕێتەوە، ئەم خەونەی بینیوە،دوو فریشتەی بینیون بە گورزی ئاسنین، بەرەو جەهەنەمیان ڕاپێچ کردوە،فریشتەی سێ یەم دڵنیای کردۆتەوە کە ئەو سزانادرێ، باشترینە کە نوێژ ی شەو نوێژ بکا، دوای ئەوە بردویانەتە سەر بیری جەهەننەم بیرێکی هەڵچنراو بوە چەند کەسێکی قوڕەیشی تێداناسیون، پاشان لێ دوور خراوەتەوە،

ئەم خەونەی بۆخوشکی گێڕاوەتەوەو خوشکیشی بۆ پێغەمبەری گێڕاوەتەوە ،فەرمویەتی عبدالله پیاوێکی چاک وباشە، کە شەونوێژبکا،،،

ئیبن حجر باسی ئەوەی نەکردوە کە بنچینەی ئەم خەونە خواست وخۆزگەی گەنجێک بوە بۆ خەون، کەواتە کە خەون لە ئەنجامی بیرلێ کردنەوەو خواستنیش بێ مەرج نیە بە حەدیسی نەفس وخەونی ناڕاست

لێک بدرێتەوە، لە فەرمودەکانی پێشوو ،دوو جۆرە خەون پاڵ درابوونە ای شەیتان ،یەکەم خەونی ترساندن،دووەم خەونی گاڵتە پێ کردن، ئەم خەونە سەرەتاکەی ترساندنێکی تێدایە ،بۆ پێغەمبەر لێک دانەوەکەی هەر لێکدانەوەی فریشتەی سێ یەمی خەونەکە بوەو هیچی لێ زیادنەکردوە،

بینینی جەهەنەملەسەرشێوەی بیرێک ،لە کاتێکدا جەهەنەم لە جەننەت گەورەترە ، بینینی چەند کەسێکی قوڕەیشی لەناوبیرەکە، وخەون بین باسی نەکردون ،هەموو ئەمانە شانی هەڵوێستە لەسەر کردنن بۆ ئەوانەی خەون لێک دەدەنەوە.

دەروازەی سی وپێنج : دەست پێ کردن لە ڕاستەوە لە خەوندا.

٣٥- بَاب الْأَخْذِ عَلَى الْيَمِينِ فِي النَّوْمِ

6626 حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ يُوسُفَ أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ عَنْ الزُّهْرِيِّ عَنْ سَالِمٍ عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ كُنْتُ غُلَامًا شَابًّا عَزَبًا فِي عَهْدِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَكُنْتُ أَبِيتُ فِي الْمَسْجِدِ وَكَانَ مَنْ رَأَى مَنَامًا قَصَّهُ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ

فَقُلْتُ اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ لِي عِنْدَكَ خَيْرٌ فَأَرِنِي مَنَامًا يُعَبِّرُهُ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَنِمْتُ فَرَأَيْتُ مَلَكَيْنِ أَتَيَانِي فَانْطَلَقَا بِي فَلَقِيَهُمَا مَلَكٌ آخَرُ فَقَالَ لِي لَنْ تُرَاعَ إِنَّكَ رَجُلٌ صَالِحٌ فَانْطَلَقَا بِي إِلَى النَّارِ فَإِذَا هِيَ مَطْوِيَّةٌ كَطَيِّ الْبِئْرِ وَإِذَا فِيهَا نَاسٌ قَدْ عَرَفْتُ بَعْضَهُمْ فَأَخَذَا بِي ذَاتَ الْيَمِينِ فَلَمَّا أَصْبَحْتُ ذَكَرْتُ ذَلِكَ لِحَفْصَةَ فَزَعَمَتْ حَفْصَةُ أَنَّهَا قَصَّتْهَا عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ رَجُلٌ صَالِحٌ لَوْ كَانَ يُكْثِرُ الصَّلَاةَ مِنْ اللَّيْلِ قَالَ الزُّهْرِيُّ وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ بَعْدَ ذَلِكَ يُكْثِرُ الصَّلَاةَ مِنْ اللَّيْلِ

ئەم فەرمودەش گێڕانەوەیەکی تری فەرمودەکەی پێشوە .

دەروازەی سی وشەش :پەرداخ ودەفرلە خەون دا.

٣٦- بَاب الْقَدَحِ فِي النَّوْمِ

6627 حَدَّثَنَا قُتَيْبَةُ بْنُ سَعِيدٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ عُقَيْلٍ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ عَنْ حَمْزَةَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ أُتِيتُ بِقَدَحِ لَبَنٍ فَشَرِبْتُ مِنْهُ ثُمَّ أَعْطَيْتُ فَضْلِي عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ قَالُوا فَمَا أَوَّلْتَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الْعِلْمَ

قَوْلُهُ : ( بَابُ الْقَدَحِ فِي النَّوْمِ ) قَالَ أَهْلُ التَّعْبِيرِ : الْقَدَحُ فِي النَّوْمِ امْرَأَةٌ أَوْ مَالٌ مِنْ جِهَةِ امْرَأَةٍ ، وَقَدَحُ الزُّجَاجِ يَدُلُّ عَلَى ظُهُورِ الْأَشْيَاءِ الْخَفِيَّةِ ، وَقَدَحُ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ ثَنَاءٌ حَسَنٌ .

ذَكَرَ فِيهِ حَدِيثَ ابْنِ عُمَرَ الْمُتَقَدِّمَ فِي " بَابِ اللَّبَنِ " وَقَدْ مَضَى شَرْحُهُ هُنَاكَ .

ئەم فەرمودەش ڕاڤە كرا، تەنيا لەبەرناوى پەرداغ لێرە دوبارەى كردۆتەوە.

دەروازەى سى وحەوت : فڕينى شتێک لە خەون دا.

٣٧- بَاب إِذَا طَارَ الشَّيْءُ فِي الْمَنَامِ

6628 حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ مُحَمَّدٍ أَبُو عَبْدِ اللَّهِ الْجَرْمِيُّ حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ حَدَّثَنَا أَبِي عَنْ صَالِحٍ عَنْ ابْنِ عُبَيْدَةَ بْنِ نَشِيطٍ قَالَ قَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ سَأَلْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا عَنْ رُؤْيَا رَسُولِ اللَّهِ ﷺ الَّتِي ذَكَرَ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ ذُكِرَ لِي أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ أَنَّهُ وُضِعَ فِي يَدَيَّ سِوَارَانِ مِنْ ذَهَبٍ فَفُظِعْتُهُمَا وَكَرِهْتُهُمَا فَأُذِنَ لِي فَنَفَخْتُهُمَا فَطَارَا فَأَوَّلْتُهُمَا كَذَّابَيْنِ يَخْرُجَانِ فَقَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ أَحَدُهُمَا الْعَنْسِيُّ الَّذِي قَتَلَهُ فَيْرُوزُ بِالْيَمَنِ وَالْآخَرُ مُسَيْلِمَةُ.

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە.

لێكدەرەوانى خەون دەڵێن :هەركەسێ ببينێ دەفڕێ،ئەگەربەرەوئاسمان بوو،ئەوە زەرەروزيانەكەى دەفڕێ،كە لە ئاسماندا بزر بوو ونەهاتەوە،ئەوە دەمرێ،كە گەڕايەوە ئەوەلە نەخۆشيەكەى چاک دەبێتەوە،ئەگەر بە پانايى بفڕێ ،ئەوە سەفەرێ دەكاوبەئەندازەى فڕينەكەى ،ئەگەر فڕينەكەى بەباڵان بوو،ئەوە ماڵ ودەسەڵاتە وئەو تيای

دا سەفەرێ دەكا،ئەگەربێ باڵ بوو،ئەوە هەڵ خەڵاتاندنە ،دەگوترێ كە فڕين بۆبەدكاران خراپە.

ئيبن حجر باسى فەرمودەكەى نەكردوە،بەڵام دەلالەتى خراپى فڕينى بازنەكانى بەوشێوە لێک داوەتەوە.

مەلب دەڵێ :پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -ئەودوو بازنەى بەودرۆزنانە لێک دايەوە چونكە درۆ دانانى شتێكە لە غەيرى شوێنى خۆى،چونكە دانانى بازنە ى زێڕبۆ پياوان كەلە بنچينەدا هى ژنانە، هەروەها زێڕ نەهى لێ كراوە بۆ پياوان كەلەبەربكرێ،فڕينيان بەفويەک ئەوە دەگەيەنێ كە دوو شتى كاتين وبەفويەک نامێنن،فو بە قسەو وگوتن لێک دەدرێتەوە،،

دەروازەى سى وهەشت : سەربڕينى مانگا لە خەون دا.

٣٨- بَاب إِذَا رَأَى بَقَرًا تُنْحَرُ

6629 حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ الْعَلَاءِ حَدَّثَنَا أَبُو أُسَامَةَ عَنْ بُرَيْدٍ عَنْ جَدِّهِ أَبِي بُرْدَةَ عَنْ أَبِي مُوسَى أُرَاهُ عَنْ النَّبِيِّﷺ قَالَ رَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أُهَاجِرُ مِنْ مَكَّةَ إِلَى أَرْضٍ بِهَا نَخْلٌ فَذَهَبَ وَهَلِي إِلَى أَنَّهَا الْيَمَامَةُ أَوْ هَجَرٌ فَإِذَا هِيَ الْمَدِينَةُ يَثْرِبُ وَرَأَيْتُ فِيهَا بَقَرًا وَاللَّهِ خَيْرٌ فَإِذَا هُمْ الْمُؤْمِنُونَ يَوْمَ أُحُدٍ وَإِذَا الْخَيْرُ مَا جَاءَ اللَّهُ مِنْ الْخَيْرِ وَثَوَابِ الصِّدْقِ الَّذِي آتَانَا اللَّهُ بِهِ بَعْدَ يَوْمِ بَدْرٍ

واتاو ڕاڤەوشيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە.

كورتەى فەرمودەكە ئەوەيە كە پێغەمبەرعليه السلام كە پێش كۆچ كردن زۆر لەخەمى داهاتوى ئوممەتەكەى وپايتەختى داهاتوى دينەكەى دابوەو زۆربيرى لێ كردۆتەوە، بۆيە بەخەون پيشانى دراوەكە كۆچ دەكا بۆ وڵاتێک كە دارخورماى زۆرى تێدايە،پێغەمبەر ،گومانى وابوە كە ئەوشوێنە پڕ خورمايە ،يان يەمامەيە يان هەجەرى بەحرەينە،،بەڵام دەركەوت شارى مەدينەى يەسرىبە،،پاشان مانگايەكم لەوشوێنە ديت الله بەخێرى بگێڕێ،،ئەوە ئيمانداران بوون لەڕۆژى ئوحودا،ئەو خێرەبوو كە لە دواى بەدر لەپاداشتى كردەوەى ڕاستگۆ دا هاتە ڕێمان.

لە دەقی فەرمودەکە باسی سەربڕینی مانگاکە ناکە، بەڵام ئیمامی بوخاری بەشەکەی بەو نوە کردوە،درێژەی خەونەکە لە گێڕانەوەی تردا هاتوە،کە دەفەرموێ:دیتم لە ناوقەڵایەکی پتەودا بووم ،زرێ وقەڵغانێکی پتەوم لە بەردابوو،دیتم مانگایەک سەردەبڕدرا، زرێ وقەڵغانە پتەوەکەم بە مەدینە لێک دایەوە،سەربڕینی مانگەکە بەشەهیدبوونی هەندێ لەهاوەڵانم.

لێکدەرەوانی خەون چەند لێکدانەوێکی تریان بۆ مانگا باس کردوە، لەوانە مانگا لە خەوندا بە ژن و خزمەتکاروزەوی وگا بەوروژاوو داواکەری موڵک لێک دەدرێتەوە،لە وڵاتی کەناردەریا مانگا بە کەشتی لێک دەدرێتەوە،یان بە هاتنی لەشکرو خەڵکی دەشتەکی لێک دەدرێتەوە کە دێنە ئەو بەندەرە.

خێروبێرێک کە لە دوای بەدر هاتوە لە فەتحی خەیبەرومەکەدا بوە.

لەم فەرمودە دەردەکەوێ ،کە ئەوە چەند خەونێکن لێک دراون وئیمامی بوخاری کردونی بەیەک فەرمودە، یان سەحابی گێڕەرەوە بەیەک فەرمودە گێڕاونیەوە ،چونکە بیرکردنەوەی پێغەمبەر لە کۆچ لە سێزدەساڵی مەکەدابوە ،بەڵام خەونی سەربڕینی مانگاکە لە مەدینە بینراوە.

پێغەمبرانیش مەرج نیە هەمویان لە لێکدانەوەی خەون دا دەقاودەق ببێکن، چونکە ئەو زانستە بەتەواوی بە یوسف دراوەو بەشێکی بە پێغەمبەرانی تریش دراوە،چونکە پێغەمبەری ئاخرزەمان پێغەمبەری بێداری و وەحیە وکەمتر پشتی بە وەحی خەون بەستوە،بۆیە دەبینی لە لێکدانەوەش وایە ،خەونەکەی بەبەحرێن ویەمامە لێکدایەوە،باڵام ڕاستیەکەی مەدینەبوو،ئەوەش ئەوەدەگەیەنێ کە هەرچەندە خەون لێکدانەوەی ناڕاستیشی بۆ بکرێ ،هەر ئەوەڕوو دەدا کەڕاستە،بۆیە مەدینە بوە شاری کۆچ، پێغەمبەر وەک لەخەونی عائشەو خەونی جێ نشینی ئابوبکرو عومەروزۆر ڕوداوی تریش ،تەنیا خەونەکەی گێڕاوەتەوەو لێکدانەوەکەی بۆ زەمانی داهاتوو بەجێ هێشتوە، لەم خەونە لەگەڵ ئەوەی کەمەدینەشی بەقەڵغان زانیوە ،بە گوێ ی خەونەکەی

نەكردوەو ڕاوێژى زۆرينەى وەرگرتوەو لە زرێ پتەوەكە دەرچوە، واتە لە ئيسلامدا لەحوكمڕانى دا بنەماوڕێساگشتيەكان بۆ خەونى وەحيش وازيان لێ نەهێناوەو هەرجێ بەجێ كراون.

دەروازەى سى ونۆ :فوو كردن لە خەون دا.

٣٩- بَاب النَّفْخِ فِي الْمَنَامِ

6630 حَدَّثَنِي إِسْحَاقُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ الْحَنْظَلِيُّ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ عَنْ هَمَّامِ بْنِ مُنَبِّهٍ قَالَ هَذَا مَا حَدَّثَنَا بِهِ أَبُو هُرَيْرَةَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ

قَالَ نَحْنُ الْآخِرُونَ السَّابِقُونَ وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِﷺ بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ إِذْ أُوتِيتُ خَزَائِنَ الْأَرْضِ فَوُضِعَ فِي يَدَيَّ سِوَارَانِ مِنْ ذَهَبٍ فَكَبُرَا عَلَيَّ وَأَهَمَّانِي فَأُوحِيَ إِلَيَّ أَنْ انْفُخْهُمَا فَنَفَخْتُهُمَا فَطَارَا فَأَوَّلْتُهُمَا الْكَذَّابَيْنِ اللَّذَيْنِ أَنَا بَيْنَهُمَا صَاحِبَ صَنْعَاءَ وَصَاحِبَ الْيَمَامَةِ

ئەم فەرمودە لەوەوپێش لێک درايەوە،بەڵام ئەوەى لێرە ئيبن حجر زيادى كردوە لە لێكدانەوەى ڕاڤەكەرانى خەون ئەوەيە، كە دەستى مرۆڤ لە خەون دا دەسەڵات وهێزو شيانيەتى، بازنەش ڕازێنەرەوەى ژنانە كە ئەهلى جەنگ نين، يەمامە و يەمەن وەک دوو دەستى حجازو مەدينە وان، سەركەوتنى ئەم دوو سەرژنانيە موسەيلەمەو ئەسوەد وەک دەست بەستنى دەوڵەتى مەدينەوابوو كە پێغەمبەرى خوا دەنوێنێ ،تاكو ئيسلام مابێ ،بەڵام ئەم دوبازنە هەربە ژنان لەناوبران و يەكيان ژنەفارسەكەى كوشتى وئەوى تريشيان كۆيلەيەكى حەبەشى .

دەروازەى چل :دەرهێنانى شتێک لەناوچەيەک وبردنى بۆ ناوچەيەكى تر لە خەوندا.

٤٠- بَاب إِذَا رَأَى أَنَّهُ أَخْرَجَ الشَّيْءَ مِنْ كُورَةٍ فَأَسْكَنَهُ مَوْضِعًا آخَرَ

6631 حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ حَدَّثَنِي أَخِي عَبْدُ الْحَمِيدِ عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ بِلَالٍ عَنْ مُوسَى بْنِ عُقْبَةَ عَنْ سَالِمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ أَبِيهِ أَنَّ النَّبِيَّﷺ قَالَ

رَأَيْتُ كَأَنَّ امْرَأَةً سَوْدَاءَ ثَائِرَةَ الرَّأْسِ خَرَجَتْ مِنْ الْمَدِينَةِ حَتَّى قَامَتْ بِمَهْيَعَةَ وَهِيَ الْجُحْفَةُ فَأَوَّلْتُ أَنَّ وَبَاءَ الْمَدِينَةِ نُقِلَ إِلَيْهَا

دەروازەی چل وپەک:ژنی ڕەش لەخەوندا

٤١- بَاب الْمَرْأَةِ السَّوْدَاءِ

6632 حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ الْمُقَدَّمِيُّ حَدَّثَنَا فُضَيْلُ بْنُ سُلَيْمَانَ حَدَّثَنَا مُوسَى حَدَّثَنِي سَالِمُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا فِي رُؤْيَا النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْمَدِينَةِ رَأَيْتُ امْرَأَةً سَوْدَاءَ ثَائِرَةَ الرَّأْسِ خَرَجَتْ مِنْ الْمَدِينَةِ حَتَّى نَزَلَتْ بِمَهْيَعَةَ فَتَأَوَّلْتُهَا أَنَّ وَبَاءَ الْمَدِينَةِ نُقِلَ إِلَى مَهْيَعَةَ وَهِيَ الْجُحْفَةُ

دەروازەی چل ودوو :ژنی سەرقژن لە خەوندا

٤٢- بَاب الْمَرْأَةِ الثَّائِرَةِ الرَّأْسِ

6633 حَدَّثَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ الْمُنْذِرِ حَدَّثَنِي أَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي أُوَيْسٍ حَدَّثَنِي سُلَيْمَانُ عَنْ مُوسَى بْنِ عُقْبَةَ عَنْ سَالِمٍ عَنْ أَبِيهِ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ رَأَيْتُ امْرَأَةً سَوْدَاءَ ثَائِرَةَ الرَّأْسِ خَرَجَتْ مِنْ الْمَدِينَةِ حَتَّى قَامَتْ بِمَهْيَعَةَ فَأَوَّلْتُ أَنَّ وَبَاءَ الْمَدِينَةِ نُقِلَ إِلَى مَهْيَعَةَ وَهِيَ الْجُحْفَةُ

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

پوختەی ئەم سێ دەروازە لەسەریەک فەرمودە دامەزراوە ،ئەویش پوختەکەی خەونێکی پێغەمبەرە علیه السلام،کە بینویەتی ژنێکی ڕەشی ،سەرقژنی ناشیرین وبۆگەن، لە مەدینە چۆتە دەرەوە، یان بەزۆری دەرکرا، ئەوەی دەری کردوە دیارە بەرەکەت ودوعاوپارانەوەی پێغەمبەر بوو بۆ مەدینە، لە مهیعەی جحفە نیشتە جێ بوە، پێغەمبەر علیه السلام ئەم خەونەی بەوە لێک داوەتەوە کە ئەو دەردوبەڵاو تایەی کە مەدینە لە پێش ئیسلام دا پێ ی بەناوبانگ بوو، لە مەدینە دەرچوەو چۆتە ناوچەی جحفەو لەوێ بڵاودەبێتەوە.

ناوی دەروازەکە وەکراوە کەشتێک لە ماڵ وکۆخێک و دەڤەرێک دەرچێ،

پێغەمبەر- ﷺ - دوعای کردَ : " اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الْمَدِينَةَ وَانْقُلْ حُمَّاهَا إِلَى الْجُحْفَةِ " قَالَتْ عَائِشَةُ " وَقَدِمْنَا الْمَدِينَةَ وَهِيَ أَوَبَأُ أَرْضِ اللَّهِ " .

عائشە دەڵێ، کاتێ کۆچمان کردە مەدینە لەهەموو سەرزەمین بەدەردوبەڵاتربوو،بۆیە پێغەمبەر دوعای کرد،کە دەردەکەی بگوازێتەوە بۆ جحفە

مەلب دەڵێ : ئەم خەونە لەوخەونانەیە کە پێویستی بەلێکدانەوەیە ،سەودا سوئو بەدی ونەخۆشی لێ وەردەگیرێ،سو ئو دائ دەبێتە بەدو دەرد ،،ئەم دەردوبەڵایە قژن وبەربڵاوە لە مەدینە کە شەڕو خراپەی دەوروژاند،و شێوەیەکی دڕندەو کێوی بوو،لە مەدینە دەردەچێ و حەوانەو تەندروستی شوێنی دەگرێتەوە.

دەروازەی چل وسێ : دەرهێنانی شمشێر لە کێلان لە خەوندا

٤٣- بَاب إِذَا هَزَّ سَيْفًا فِي الْمَنَامِ

6634 حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْعَلَاءِ حَدَّثَنَا أَبُو أُسَامَةَ عَنْ بُرَيْدِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي بُرْدَةَ عَنْ جَدِّهِ أَبِي بُرْدَةَ عَنْ أَبِي مُوسَى أُرَاهُ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ

قَالَ رَأَيْتُ فِي رُؤْيَايَ أَنِّي هَزَزْتُ سَيْفًا فَانْقَطَعَ صَدْرُهُ فَإِذَا هُوَ مَا أُصِيبَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ أُحُدٍ ثُمَّ هَزَزْتُهُ أُخْرَى فَعَادَ أَحْسَنَ مَا كَانَ فَإِذَا هُوَ مَا جَاءَ اللَّهُ بِهِ مِنْ الْفَتْحِ وَاجْتِمَاعِ الْمُؤْمِنِينَ

ئەم خەونە بە کورتی دەفەرموێ:بینیم کە من شمشێرێکم ڕاوەشاند،سنگی شیرەکە پچڕا،ئەوە ئەوتوشهاتە بوو کە لە ڕۆژی ئوحود ئیمانداران شەهیدبوون،پاشان ڕام وەشاندەوە ،شیرەکە چاک بۆوە، ئەوەش ئەوفەتح وسەرکەوتنە بوو کە ئیماندارانی کۆکردنەوە.

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

پێغەمبەر - ﷺ - دەفەرموێ، قَالَ : " بینیم کە من شمشێرێکم ڕاوەشاند،سنگی شیرەکە پچڕا،ئەوە ئەوتوشهاتە بوو کە لە ڕۆژی ئوحود

ئيمانداران شەهيدبوون،پاشان ڕام وەشاندەوە ،شيرەكە چاک بۆوە، ئەوەش ئەوفەتح وسەركەوتنە بوو كە ئيمانداراني كۆكردنەوە.

مەلب دەڵێ: ئەوخەونە ،نمونە هێنانەوەيە،سەحابەكانى چواندوە بە شمشێر، ڕاوەشاندنى شمشێر جەنگە،بڕينى شمشێر شەهيدبونيانە، ڕاوەشاندنى دوەم جەنگى فەتحى خەيبەرومەكەيە،

لێكدەرەوانى خەون دەڵێن:شمشێر بەچەندشتێک لێک دەدرێتەوە،هەركەسێ شمشێرى دەست كەوێ لە خەوندا،دەسەڵاتێكى دێتە دەست،جائەودەسەڵاتە يان پلەوپايەيە ،يان سپاردەيە ،يان ژنە،يان ڕۆڵەيە،،كە لەخەوى دا شيرى لەكێلان دەرهێنا،وكەلێنى تێ كەوت،ئەوە ژنەكەى سەلامەت دەبێ وكوڕەكەى دەمرێ،كە كێلانەكە بشكێ ئەوەژنەكە دەمرێ،كە هەردووكيان سەلامەت بن ،ئەوە دايک ومناڵەكە سەلامەت دەبن،قەدى شيرەكە باوک وخزمى پشتن،و دەسكەكەى دايكە وخزمى بەرێن،كە شيرى لە كێلان دەرهێناو لەكەسێكى داو ويستى بيكوژێ،ئەوە زمانى بەكارهێناوە بۆ دژايەتى كەسێک،لەوانەيە شمشێر بە دەسەڵات دارى ستەم كار لێک بدرێتەوە .

هەندێكيان دەڵێن : كەسێک لەخەوى دا كێلان بۆ شيرەكەى بكڕێ،ئەوە ژن دێنێ،وەكەسێ بەشمشێر لە يەكێک بدا،ئەوەبە زمانى باسى دەكا،كەسێک بينى لەگەڵ يەكێكى تر لە جەنگ دايەو شمشێرى ئەو لە شمشێرى بەرامبەرەكەى درێژترە ئەوە لە بێدارى دا بەسەرى دا،سەردەكەوێ، وەكە ديتى شمشێرێكى گەورەى پێ يە، ئەوە فيتنەوئاشوبە،هەركەسێ شمشێرێک لە مل بكا،ئەوە فرمان وپايەيەكى پێ دەرێ،كە شمشێرەكەى كورت بێ،ئەوە پلەوپايەى بەردەوام نابێ،،كە ديتى شمشێرەكە بەدواى خۆى دا ڕادەكێشێ،ئەوە كارێک دەگرێتە ئەستۆ كە پێ ى ناكرێ ولەو گەورەترە.

دەروازەى چل وچوار :درۆ كردن لە خەوندا.

٤٤- بَاب مَنْ كَذَبَ فِي حُلُمِهِ

6635 حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ عَنْ أَيُّوبَ عَنْ عِكْرِمَةَ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ مَنْ تَحَلَّمَ بِحُلْمٍ لَمْ يَرَهُ كُلِّفَ أَنْ يَعْقِدَ بَيْنَ شَعِيرَتَيْنِ وَلَنْ يَفْعَلَ وَمَنْ اسْتَمَعَ إِلَى حَدِيثِ قَوْمٍ وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ أَوْ يَفِرُّونَ مِنْهُ صُبَّ فِي أُذُنِهِ الْآنُكُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمَنْ صَوَّرَ صُورَةً عُذِّبَ وَكُلِّفَ أَنْ يَنْفُخَ فِيهَا وَلَيْسَ بِنَافِخٍ قَالَ سُفْيَانُ وَصَلَهُ لَنا أَيُّوبُ وَقَالَ قُتَيْبَةُ حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ عَنْ قَتَادَةَ عَنْ عِكْرِمَةَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَوْلَهُ مَنْ كَذَبَ فِي رُؤْيَاهُ وَقَالَ شُعْبَةُ عَنْ أَبِي هَاشِمٍ الرُّمَّانِيِّ سَمِعْتُ عِكْرِمَةَ قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ قَوْلَهُ مَنْ صَوَّرَ صُورَةً وَمَنْ تَحَلَّمَ وَمَنْ اسْتَمَعَ حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ حَدَّثَنَا خَالِدٌ عَنْ خَالِدٍ عَنْ عِكْرِمَةَ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ مَنْ اسْتَمَعَ وَمَنْ تَحَلَّمَ وَمَنْ صَوَّرَ نَحْوَهُ تَابَعَهُ هِشَامٌ عَنْ عِكْرِمَةَ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَوْلَهُ

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

ُ : ( دەروازەى درۆكردن لەخەودِا )كە كردەوەيەكى سەركۆنەكراوە ، مەبەست دەروازەى: تاوانى ئەوكەسەى خەون بەدرۆ هەڵبەستێ،لاى تِّرْمِذِي هاتوە " مَنْ كَذَبَ فِي حُلْمِهِ كُلِّفَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَقْدُ شَعِيرَةٍ " وَسَنَدُهُ حَسَنٌ وَقَدْ صَحَّحَهُ الْحَاكِمُ ، هەركەسێ خەونێ هەڵبەستێ ،داواى لێدەكرێ ڕۆژى قيامەت دووەنكە جۆ بەيەكەوە گرێ بدا،كە ناتوانێ .

: ( وەهەركەسێک گوێ لە قسەوگفتوگۆى كەسێک ڕاگرێ، كە ئەوان پێ يان ناخۆش بێ ولێ ى ڕابكەن،،ڕۆژى قيامەت مسى تواوەى لەگوێ دەكرێ،

(وەهەركەسێک وێنەيەک بكێشێ داواى لێ دەكرێ فوى پێدابكاو ڕوحى وەبەرنێ،ئەويش ناتوانێ،بۆيە سزادەدرێ.ِ )

ئەم فەرمودە سێ حوكمى تێدايە :يەكەميان خەونى درۆ : ، دووەميان:گوێ گرتن لە كەسانێک كە حەزيان لێ نەبێ كە گوێ يان لێ بگيرێ ، سێ يەم: وێنە كێشانُ ،

تەبەرى دەڵێ

:درۆ لە بێدارى دا كە دەگونجێ شايەتى دان بێ لە كەيسێكى كوشتن وجەڵد لێ دان ومااڵ وسامان دابەڵام درۆ لەخەون دا،درۆيە بەدەم الله ،تاوانى لە درۆ بەدەم دروست كراوان گەورەترە،چونكە خەون بەشێكە لە وەحى وپێغەمبەرايەتى. لە قورئاندا هاتوە:

وَيَقُولُ الْأَشْهَادُ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ .

شاهێدەكان دەڵێن ئەوانە درۆيان بەدەم پەروەردگارەوە كرد، چونكە خەون وەحى يە.

ً موهەلەب دەڵێ:داواكردنى گرێدانى دوو دەنكە جۆ،ئەشعەريەكان دەيكەنە بەڵگە بۆ ئەوەى داواكارى كارى نەتوانراوو مەحاڵ دروستە، هەروەك ئايەتى : يَوْمَ يُكْشَفُ عَنْ سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُون.

ئەوڕۆژەى داواى سوجدە بردنيان لێ دەكرێ وبەڵام ناتوانن،سوجدە ببەن.

بەڵام ئەم داواكاريانە لە دنيادا نين ولە قيامەتن كەڕۆژى تەكليفى پاداش دانەوە نيە، بەڵكو بۆ سزادان و سەركۆنەوگازندەيە.

حيكمەت ومەبەستيش لەم سزادانانە ،چونكە يەكەم درۆى لە پێغەمبەرێتى وەحى داكردوە، دوەم درۆى لە ئەندازەگيرى و توانای الله دا كردوە،ئەوەى كە دەرگای داخست ولەژووری داخراودا قسەى كرد، دياردە قسەى نەێنى دەكا، وەكە خۆگر چاوى كوێر بكرێ ،قەرەبوو ناكرێتەوە، بۆيە سزای بەوشێوەيە كە ئاسايش ومتمانەى كۆمەڵگا وخانەوادە دەكەوێتە مەترسى يەوە، ،پەيوەندى جۆ وشەعير وخەون ،چونكە شەعيرو شعورو هەست زۆر لێک نزيكن لە دەربڕيندا،

دەروازەى چل وپێنج :بينينى ديمەنى ناخۆش لە خەوندا.

٤٥- بَاب إِذَا رَأَى مَا يَكْرَهُ فَلَا يُخْبِرْ بِهَا وَلَا يَذْكُرْهَا

6637 حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ الرَّبِيعِ حَدَّثَنَا شُعْبَةُ عَنْ عَبْدِ رَبِّهِ بْنِ سَعِيدٍ قَالَ سَمِعْتُ أَبَا سَلَمَةَ يَقُولُ لَقَدْ كُنْتُ أَرَى الرُّؤْيَا فَتُمْرِضُنِي حَتَّى سَمِعْتُ أَبَا قَتَادَةَ يَقُولُ وَأَنَا كُنْتُ لَأَرَى الرُّؤْيَا تُمْرِضُنِي حَتَّى سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ الرُّؤْيَا الْحَسَنَةُ مِنْ اللَّهِ فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يُحِبُّ فَلَا يُحَدِّثْ بِهِ إِلَّا مَنْ يُحِبُّ وَإِذَا رَأَى مَا يَكْرَهُ فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّهَا وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَلْيَتْفِلْ ثَلَاثًا وَلَا يُحَدِّثْ بِهَا أَحَدًا فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

( دەروازەی بینینی کارێکی ناخۆش لە خەون دا بابۆ کەسی نەگێڕێتەوە) ئەم یاوەرە خەونی وا ترسناکی دەدی کەلەترسان نەخۆش دەکەوت،،تای دەهاتێ، بۆیە ئەو سەحابەی تر کەڕوداوەکەی بۆ گێڕدرایەوە،فەرموی من لە پێغەمبەر گوێ بیست بووم کە خەونی خراپ نەگێڕمەوەو خەونی باش بۆ خۆشەویستان بگێڕمەوە.

6638 حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ حَمْزَةَ حَدَّثَنِي ابْنُ أَبِي حَازِمٍ وَالدَّرَاوَرْدِيُّ عَنْ يَزِيدَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُسَامَةَ بْنِ الْهَادِ اللَّيْثِيِّ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ خَبَّابٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّه ﷺ يَقُولُ إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ الرُّؤْيَا يُحِبُّهَا فَإِنَّهَا مِنْ اللَّهِ فَلْيَحْمَدْ اللَّهَ عَلَيْهَا وَلْيُحَدِّثْ بِهَا وَإِذَا رَأَى غَيْرَ ذَلِكَ مِمَّا يَكْرَهُ فَإِنَّمَا هِيَ مِنْ الشَّيْطَانِ فَلْيَسْتَعِذْ مِنْ شَرِّهَا وَلَا يَذْكُرْهَا لِأَحَدٍ فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ

ئەم فەرمودە چەند جار ڕاڤە کراوە.

دەروازەی چل وشەش:ڕاست نەکردنەوەی خەون لێکدەرەوە ی یەکە م کە نەی پێکا.

٤٦- بَاب مَنْ لَمْ يَرَ الرُّؤْيَا لِأَوَّلِ عَابِرٍ إِذَا لَمْ يُصِبْ

6639 حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ بُكَيْرٍ حَدَّثَنَا اللَّيْثُ عَنْ يُونُسَ عَنْ ابْنِ شِهَابٍ عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ أَنَّ ابْنَ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا كَانَ يُحَدِّثُ أَنَّ رَجُلًا أَتَى رَسُولَ اللَّهِﷺ فَقَالَ إِنِّي رَأَيْتُ اللَّيْلَةَ فِي الْمَنَامِ ظُلَّةً تَنْطُفُ السَّمْنَ وَالْعَسَلَ فَأَرَى النَّاسَ يَتَكَفَّفُونَ مِنْهَا فَالْمُسْتَكْثِرُ وَالْمُسْتَقِلُّ وَإِذَا سَبَبٌ وَاصِلٌ مِنْ الْأَرْضِ إِلَى السَّمَاءِ فَأَرَاكَ أَخَذْتَ بِهِ فَعَلَوْتَ ثُمَّ أَخَذَ بِهِ رَجُلٌ آخَرُ فَعَلَا بِهِ ثُمَّ أَخَذَ بِهِ رَجُلٌ آخَرُ فَعَلَا بِهِ ثُمَّ أَخَذَ بِهِ رَجُلٌ آخَرُ فَانْقَطَعَ ثُمَّ وُصِلَ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ يَا رَسُولَ اللَّهِ بِأَبِي أَنْتَ وَاللَّهِ لَتَدَعَنِّي فَأَعْبُرَهَا فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اعْبُرْهَا قَالَ أَمَّا الظُّلَّةُ فَالْإِسْلَامُ وَأَمَّا الَّذِي يَنْطُفُ

مِنْ الْعَسَلِ وَالسَّمْنِ فَالْقُرْآنُ حَلَاوَتُهُ تَنْطُفُ فَالْمُسْتَكْثِرُ مِنْ الْقُرْآنِ وَالْمُسْتَقِلُّ وَأَمَّا السَّبَبُ الْوَاصِلُ مِنْ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ فَالْحَقُّ الَّذِي أَنْتَ عَلَيْهِ تَأْخُذُ بِهِ فَيُعْلِيكَ اللَّهُ ثُمَّ يَأْخُذُ بِهِ رَجُلٌ مِنْ بَعْدِكَ فَيَعْلُو بِهِ ثُمَّ يَأْخُذُ بِهِ رَجُلٌ آخَرُ فَيَعْلُو بِهِ ثُمَّ يَأْخُذُهُ رَجُلٌ آخَرُ فَيَنْقَطِعُ بِهِ ثُمَّ يُوَصَّلُ لَهُ فَيَعْلُو بِهِ فَأَخْبِرْنِي يَا رَسُولَ اللَّهِ بِأَبِي أَنْتَ أَصَبْتُ أَمْ أَخْطَأْتُ قَالَ النَّبِيُّﷺ أَصَبْتَ بَعْضًا وَأَخْطَأْتَ بَعْضًا قَالَ فَوَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ لَتُحَدِّثَنِّي بِالَّذِي أَخْطَأْتُ قَالَ لَا تُقْسِمْ

واتاو ڕاڤەوشیکردنەوەی ئیبن حجری عەسقەلانی بۆ فەرمودەکە:

ُ : ( :ڕاست نەکردنەوەی خەون لێکدەرەوە ی یەکە م کە نەی پێکا ) ئاماژەیە بۆفەرمودەی " وَالرُّؤْيَا لِأَوَّلِ عَابِرٍ ،خەون بۆ یەکەم لێکدەرەوەیە " کە فەرمودەیەکی لاوازە،یان بۆ فەرمودەی ُ " الرُّؤْيَا عَلَى رَجُلٍ طَائِرٍ مَا لَمْ تُعْبَرْ فَإِذَا عُبِرَتْ وَقَعَتْ "ِ " سَقَطَتْ " خەون لەسەربالّی بالّندەیە کەلێکدرایەوە بەوشێوە دێتە دی، " هەروا چیرۆکی لێکدانەوەی عائشە بژنە بازرگانەکە باسکرا.

َ أَبُو عُبَيْدٍ وکەسانی تر دەڵێن : واتای ئەو فەرمودە ئەگەر لێکدەرەوەی یەکەم زانابێ بەلێکدانەوە،ئەگەرنا،ئەوەبۆو کەسەیە کەلە دوای ئەوبیپێکێ، چونکە دەبێ بگاتە پێکانی ئەو ئامانجەی کە مەبەستی الله یە لەم خەون پیشان دانە،جا کە پێکای ،ئەگەر لێکدەرەوەی یەکەمیش نەبێ ،هەرئەو دێتەدی، .

ئیبن حجردەڵێ،من دەڵێمُ :فەرمودەکەی ُ أَبِي رَزِينٍ " إِنَّ الرُّؤْيَا إِذَا عُبِرَتْ وَقَعَتْ " مەگەر بڵێین کە لێکدەرەوەی هەڵە بەلێکدانەوە دانانرێ ،تەنیا ئەوە لێکدانەوەیە کە زانایە لەوبوارە،بەڵام ئەی ئەوخەونانەی ناخۆشن وبۆ کەس ناگێڕدرێنەوە چی؟،لەوانەیە خەون بین ڕاڤەیەکی ناخۆشی بکا وکەچی واش نەبێ، یان ئەگەر تەنیابۆ یەک کەسی بگێڕێتەوەو ئەو بێتەدی ،کەبۆکەسی دوەمی بگێڕایەوە لێکدانەوەی دوەم دەهاتەدی.بۆیە لە فەرمودە هاتوەکە : فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ رُؤْيَا فَقَصَّهَا عَلَى أَخِيهِ فَلْيَقُلْ : خَيْرٌ لَنَا وَشَرٌّ لِأَعْدَائِنَا " کە یەکێ خەونی بۆ گێڕدرایەوە بڵێ، خێرت دیوە وشەڕت لێ لادراوە،خێرەبۆئێمەوخراپە بۆ دوژمنمان.

لێکدەرەوانی خەون دەڵێن:باش وایە کە خەون بین ڕاستگۆبێ،بەدەست نوێژەوەبنوێ،لەسەرلای ڕاست،پێش نوستن سورەتی شەمس ولەیل و ئیخلاس وفلق وناس وتین بخوێنێ،پاشان ئەم دوعایە بکا : اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ سَيِّئِ الْأَحْلَامِ ، وَأَسْتَجِيرُ بِكَ مِنْ تَلَاعُبِ الشَّيْطَانِ فِي الْيَقَظَةِ وَالْمَنَامِ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ رُؤْيَا صَالِحَةً صَادِقَةً نَافِعَةً حَافِظَةً غَيْرَ مُنْسِيَةٍ ، اللَّهُمَّ أَرِنِي فِي مَنَامِي مَا أُحِبُّ .

وەبۆ ژنان ،دوژمنان،نەزانانی نەگێڕێتەوە،

وە لە ڕەوشتی خەون لێکدەرەوە وابێ کە نە لەکاتی هەڵاتنی خۆر لێکی بداتەوە نەلەکاتی ئاوابوون،نەلەکاتی نیوەڕۆ،نەلە کاتی نیوەشەو.]

ئەمەی گواستمەوە گوتەیەکی بێ بەڵگەیە ،مەرج نیە ڕاست بێ، زۆرجار ژنیش خەون لێک دەدەنەوەو لەهەموو کاتێکیش لێک دەدرێتەوە،ئەو خەونەی پێغەمبەر کە شوێنی کۆچ کردنی بەخەون پیشان درابو، ئەو لە لێکدانەوەی بە بەحرێن ودمامی لێک دابۆوە، کەچی هیچیان دەرنەچوون، کەواتە خەون نەبۆ یەکەم لێکدەرەوەو نەبۆ دەیەم لێکدەرەوەیە، ئەوخەونەی ڕاستەو وەحیە، ئەگەر سەدلێکدانەوەی ناڕاستیشی بۆبکرێ هەرڕاستەکە دێتە دی،بەبەڵگەی کۆچ بۆ مەدینە کە بەخەیاڵی پێغەمبەریشدا نەهاتبوو، بەڵام خەونی ژنە بازرگانەکە ،پێغەمبەر خەونی بۆ لێک نەداوەتەوە ،تەفائولێک بوە بۆی کردوەو هەواڵ و وەحی هەبوە کە ئێستا خەونەکە نەهاتوەو هێشتا ماویەتی، لێکدانەوەی ڕاستی خەونەکەش هەرئەوەبوە کە عائیشە بۆی چوە.

[ئیبن عباس وئەبوهوڕەیرە ئەم فەرمودەیان گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەرﷺ- بە یارانی دەفەرموو، کێ خەونی دیوە با بیگێڕێتەوە،لە موسلیم دا ئەم خەونە لە کاتی کۆتایی جەنگی ئوحدبوە کە ساڵی سێ یەمە ئەوکاتە هەردوو گێڕەرەوەی فەرمودەکە لە مەدینە نەبوون، ئەبو هوڕەیڕە ساڵی شەشەم هاتوەووئیبن عباسیش هێشتا منداڵ بوەو لە مەککەبوە،کەواتە فەرمودەکە مورسەلی سەحابیە.

لەگێڕانەوەی موسلیم دا دەڵێ :پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر "ِ - ﷺ - کە لە ئوحود دەگەڕایەوە،پیاوەکە گوتی من لە خەودابینیم کە هەوروسێبەرێک ،واتە هەورێک کەوەک کەپر سێبەری هەبوو،ڕۆناوو هەنگوینی لێ دەچۆڕێتەوە ،وەدەبینم کەخەڵکی مشتیانی لێ پڕ دەکەن،هەندێک زۆر دەبەن وهەندێک کەم،حەبل وپەتێک لەنێوان ئاسمان وزەوی داڕاهێڵراوە،

بینیم کە تۆ ئەی پێغەمبەر،دەستت بەپەتەکەوە گرت و بەرزبویەوە،اللە بڵندی کردی،پاش تۆپیاوێکی تر دەستی پێ گرت، ئەویش بەرزبوەوە،پاشان پیاوێکی تر پەتەکەی گرت وئەویش پێ ی بەرزبۆوە، پاشان پیاوێکی ترهات ،سەرەتا پەتەکە پسا ،پاشان گرێدرایەوەو ئەویش بەرزبۆوە، ئەبوبکر فەرموی دایک وباوکم قوربانت بن، لێم گەڕێ باڵێکی بدەمەوە،،فەرموی لێکی دەوە،ئەبوبکر فەرموی بەڵام هەوروسێبەرەکە ئیسلامەتیە ،ئەو ڕۆن وهەنگوینە ،نەرمی وشیرینی قورئانە،خەڵک هەیانە زۆر لەقورئان فێردەبن وهەشیانەکەم،پەتەکەش ئەو ڕێبازەیە کەتۆی لەسەری ئەی پێغەمبەر کەبەهۆیەوە بەرزدەبیەوە،پاش تۆش پیاوێکی تر لەسەرڕەوتی تۆ ،ئەویش پێ ی بەرز دەبێتەوە، پاش ئێوە پیاوێکی تریش پێ ی بەرز دەبێتەوە،پاشان پیاوێکی تر ،دەست بەپەتەکە دەگرێ،بەڵام سەرەتاپەتەکە دەپسێ،بەڵام پاشان گرێ دەدرێتەوەو ئەویش بەرزدەبێتەوە،دایک وباوکم بەقوربانت بن ،ئەی پێغەمبەر،ڕاستم لێک دایەوەیان هەڵە؟ ،پێغەمبەر فەرموی هەندێکت پێکاو هەندێکت هەڵەکرد،ئەبو بکر فەرموی بە اللە پێم دەڵێ ی چیم هەڵە بوە؟پێغەمبەر فەرموی سوێند مەخۆ.

مهلب دەڵێ، هەوری بەسێبەر بەهرەونعمەتی ئەهلی جەننەتەو نیعمەتی سەر کوڕانی ئیسرائیلیش بوو لە بیابان،ئیسلامیش بەهرەیە بۆ دنیاو دواڕۆژ،هەنگوین کە کراوە بەشیفاو چارەسەربۆ خەڵکی،وەقورئانیش شیفاوچارەیە،شیرینە وەک هەنگوین،ُ ڕۆن وهەنگوین ئیسلام وشەرعن لای قازی عەیاز،وە هەرکەسێک دەست بە پەت و ڕێبازی پێغەمبەرِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -بگرێ وببپارێزێ وەک ئەولە دنیاودواڕۆژ بەرز

دەبێتەوە، مەلب واتێ گەیشتوە کەپەتەکە لە دەستی سێ یەم پساوە،بۆ کەسی چوارەم یەکی گرتۆتەوە کە عەلیە، بەڵام ئەوەڕاستە کەبۆ عوسمان پەتەکە گرێ درایەوە،

قازی ومەلب دەڵێن ئەوەهەڵەکەیە بەڵام ئیبن حجر دەڵێ وانیە.

لە ڕاستیدا داواکەی ئەبوبکر بۆلێکدانەوەی خەونەکە هیچ بێ ئەدەبیەکی تێدانیەو مۆڵەتی پێدراوە ،ڕاست نەکردنەوەی لێکدانەوەی ،چونکە ئەبوبکر بەکورتی موجمەلی لێکی داوەتەوە ،هەڵەی نەکردوە،بەڵام باسی درێژایی فیتنەکانی نەکردوە،ئەوباس نەکردنەش ڕەحمەتی تێدابوە،.

لە فەرمودەیەکی ترکە عبدالله یکوڕێ عَمْرِو کوڕی عَاصِ بینیویەتی: " کە پەنجێکم ڕۆن وپەنجێکم هەنگوینە ومن دەیان لێسمەوە، پێغەمبەر - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فەرموێ : کتێبِي تَّوْرَاةَ وَ ْفُرْقَان دەخوێنیەوە،چۆنی فەرمو وابوو.

نەوەی دەڵێ : پێغەمبەر - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - سوێندەکەی أَبِي بَكْرٍ بەجێ نەگەیاند،چونکە لە ڕاست نەکردنەوەکە هیچ خراپیەکی تێدانەبوو،لەوانەیە خراپی لە باس کردنی فیتنەی عوسمان بوایە،کە شەهیدبوونی بوو،وەهەروەها پیاوەکانیشی دیاری نەکردوە کە ئەوەهەڵەکەی بێ،کە ناوەکانیان باس کرابا ،ئەوەهێمابوو بۆ خەلیفایەتیان.

دەگوترێ: ئەوە زانستێکی شاراوەوپەنهانە،تایبەت بوو بە پێغەمبەرعلیه السلام.

وەدەگوترێ،کە فەرموی نەت پێکا،چونکە زانستی لێکدانەوەی خەون بەگومان دەبێ،گومانیش دەپێکێ وبەهەڵە دەچێ،

دەگوتری کە ئەم پێ نەگوتنە وەک ئەدەب دادانێک بوو،چونکە ئەبوبکرویستویەتی بەتاکڕەوی خەونەکە لێک داتەوە.

ئیبن حجردەڵێ:ئەم گوتانە ئەگەرچی دەیانگوازمەوە بەڵام دەرحەق بەئەبوبکر هیچیان بەڕاست نازانم.

ئەم فەرمودە مرۆڤ هەڵدەنێ لەسەر سوربوون لەسەر زانستى لێكدانەوەى خەون،چونكە زانستى پەنهانى بونەوەرانى تێدايە.

ابْنُ هُبَيْرَةَ دەڵێ : پرسيارو وڵامى ئەبوبكر ئەوەى لێ دەخوێنرێتەوە كە ئەبوبكر چەند ماف وڕێزوپايەونازى هەبوە لاى پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسلم.

وەئەوەى لێ فێردەبين كەدەبێ لێكدەرەوەى خەون ئامۆژگارى كەرێكى ئەمين بێ،خۆشەويست بێ.

هەروەها ئەوەش تێ دەگەين كە لێكدەرەوەى خەون هەندێ جار دەپێكێ وهەندێ جاريش هەڵە دەكالە لێكدانەوەى خەونەكە،

وەلێكدەرەوەى خەون بۆى هەيە بێ دەنگ بێ وخەونەكە لێک نەداتەوە ،يان بەشێكى لێک داتەوەوبەشێكى جێ بێڵێ .

وەدروستە كەسێكى زانا بە بونى لەخۆى زاناتر شەرعلێک داتەوە،بەڵام مۆڵەت وەرگرێ لە لەخۆى زاناتر،ئەمە لە فتوادان وفەرمانڕەوايى ودادگا كردنيشدا هەردروستە.

وە خوێندكاربۆى هەيە سوێند لەسەر مامۆستاكەى بخوا كەدەبێ ئەوشتەى پێ بڵێ.

وەبۆ مامۆستاش ڕەوايە كە پێ ى نەڵێ وداواكەى ڕەت بكاتەوە.

دەروازەى چل وحەوت :لێكدانەوەى خەون دواى نوێژى بەيانى.

٤٧- بَاب تَعْبِيرِ الرُّؤْيَا بَعْدَ صَلَاةِ الصُّبْحِ

6640 حَدَّثَنِي مُؤَمَّلُ بْنُ هِشَامٍ أَبُو هِشَامٍ حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ حَدَّثَنَا عَوْفٌ حَدَّثَنَا أَبُو رَجَاءٍ حَدَّثَنَا سَمُرَةُ بْنُ جُنْدُبٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِﷺ مِمَّا يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ لِأَصْحَابِهِ هَلْ رَأَى أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنْ رُؤْيَا قَالَ فَيَقُصُّ عَلَيْهِ مَنْ شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقُصَّ وَإِنَّهُ قَالَ ذَاتَ غَدَاةٍ إِنَّهُ أَتَانِي اللَّيْلَةَ آتِيَانِ وَإِنَّهُمَا ابْتَعَثَانِي وَإِنَّهُمَا قَالَا لِي انْطَلِقْ وَإِنِّي انْطَلَقْتُ مَعَهُمَا وَإِنَّا أَتَيْنَا عَلَى رَجُلٍ مُضْطَجِعٍ وَإِذَا آخَرُ قَائِمٌ عَلَيْهِ بِصَخْرَةٍ وَإِذَا هُوَ يَهْوِي بِالصَّخْرَةِ لِرَأْسِهِ

فَيَبْلَغُ رَأْسَهُ فَيَتَهَدْهَدُ الْحَجَرُ هَا هُنَا فَيَتْبَعُ الْحَجَرَ فَيَأْخُذُهُ فَلَا يَرْجِعُ إِلَيْهِ حَتَّى يَصِحَّ رَأْسُهُ كَمَا كَانَ ثُمَّ يَعُودُ عَلَيْهِ فَيَفْعَلُ بِهِ مِثْلَ مَا فَعَلَ الْمَرَّةَ الْأُولَى قَالَ قُلْتُ لَهُمَا سُبْحَانَ اللَّهِ مَا هَذَانِ قَالَ قَالَا لِي انْطَلِقْ انْطَلِقْ قَالَ فَانْطَلَقْنَا فَأَتَيْنَا عَلَى رَجُلٍ مُسْتَلْقٍ لِقَفَاهُ وَإِذَا آخَرُ قَائِمٌ عَلَيْهِ بِكَلُّوبٍ مِنْ حَدِيدٍ وَإِذَا هُوَ يَأْتِي أَحَدَ شِقَّيْ وَجْهِهِ فَيُشَرْشِرُ شِدْقَهُ إِلَى قَفَاهُ وَمَنْخِرَهُ إِلَى قَفَاهُ وَعَيْنَهُ إِلَى قَفَاهُ قَالَ وَرُبَّمَا قَالَ أَبُو رَجَاءٍ فَيَشُقُّ قَالَ ثُمَّ يَتَحَوَّلُ إِلَى الْجَانِبِ الْآخَرِ فَيَفْعَلُ بِهِ مِثْلَ مَا فَعَلَ بِالْجَانِبِ الْأَوَّلِ فَمَا يَفْرُغُ مِنْ ذَلِكَ الْجَانِبِ حَتَّى يَصِحَّ ذَلِكَ الْجَانِبُ كَمَا كَانَ ثُمَّ يَعُودُ عَلَيْهِ فَيَفْعَلُ مِثْلَ مَا فَعَلَ الْمَرَّةَ الْأُولَى قَالَ قُلْتُ سُبْحَانَ اللَّهِ مَا هَذَانِ قَالَ قَالَا لِي انْطَلِقْ انْطَلِقْ فَانْطَلَقْنَا فَأَتَيْنَا عَلَى مِثْلِ التَّنُّورِ قَالَ فَأَحْسِبُ أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ فَإِذَا فِيهِ لَغَطٌ وَأَصْوَاتٌ قَالَ فَاطَّلَعْنَا فِيهِ فَإِذَا فِيهِ رِجَالٌ وَنِسَاءٌ عُرَاةٌ وَإِذَا هُمْ يَأْتِيهِمْ لَهَبٌ مِنْ أَسْفَلَ مِنْهُمْ فَإِذَا أَتَاهُمْ ذَلِكَ اللَّهَبُ ضَوْضَوْا قَالَ قُلْتُ لَهُمَا مَا هَؤُلَاءِ قَالَ قَالَا لِي انْطَلِقْ انْطَلِقْ قَالَ فَانْطَلَقْنَا فَأَتَيْنَا عَلَى نَهَرٍ حَسِبْتُ أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ أَحْمَرَ مِثْلِ الدَّمِ وَإِذَا فِي النَّهَرِ رَجُلٌ سَابِحٌ يَسْبَحُ وَإِذَا عَلَى شَطِّ النَّهَرِ رَجُلٌ قَدْ جَمَعَ عِنْدَهُ حِجَارَةً كَثِيرَةً وَإِذَا ذَلِكَ السَّابِحُ يَسْبَحُ مَا يَسْبَحُ ثُمَّ يَأْتِي ذَلِكَ الَّذِي قَدْ جَمَعَ عِنْدَهُ الْحِجَارَةَ فَيَفْغَرُ لَهُ فَاهُ فَيُلْقِمُهُ حَجَرًا فَيَنْطَلِقُ يَسْبَحُ ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَيْهِ كُلَّمَا رَجَعَ إِلَيْهِ فَغَرَ لَهُ فَاهُ فَأَلْقَمَهُ حَجَرًا قَالَ قُلْتُ لَهُمَا مَا هَذَانِ قَالَ قَالَا لِي انْطَلِقْ انْطَلِقْ قَالَ فَانْطَلَقْنَا فَأَتَيْنَا عَلَى رَجُلٍ كَرِيهِ الْمَرْآةِ كَأَكْرَهِ مَا أَنْتَ رَاءٍ رَجُلًا مَرْآةً وَإِذَا عِنْدَهُ نَارٌ يَحُشُّهَا وَيَسْعَى حَوْلَهَا قَالَ قُلْتُ لَهُمَا مَا هَذَا قَالَ قَالَا لِي انْطَلِقْ انْطَلِقْ فَانْطَلَقْنَا فَأَتَيْنَا عَلَى رَوْضَةٍ مُعْتَمَّةٍ فِيهَا مِنْ كُلِّ لَوْنِ الرَّبِيعِ وَإِذَا بَيْنَ ظَهْرَيْ الرَّوْضَةِ رَجُلٌ طَوِيلٌ لَا أَكَادُ أَرَى رَأْسَهُ طُولًا فِي السَّمَاءِ وَإِذَا حَوْلَ الرَّجُلِ مِنْ أَكْثَرِ وِلْدَانٍ رَأَيْتُهُمْ قَطُّ قَالَ قُلْتُ لَهُمَا مَا هَذَا مَا هَؤُلَاءِ قَالَ قَالَا لِي انْطَلِقْ انْطَلِقْ قَالَ فَانْطَلَقْنَا فَانْتَهَيْنَا إِلَى رَوْضَةٍ عَظِيمَةٍ لَمْ أَرَ رَوْضَةً قَطُّ أَعْظَمَ مِنْهَا وَلَا أَحْسَنَ قَالَ قَالَا لِي ارْقَ فِيهَا قَالَ فَارْتَقَيْنَا فِيهَا فَانْتَهَيْنَا إِلَى مَدِينَةٍ مَبْنِيَّةٍ بِلَبِنِ ذَهَبٍ وَلَبِنِ فِضَّةٍ فَأَتَيْنَا بَابَ الْمَدِينَةِ فَاسْتَفْتَحْنَا فَفُتِحَ لَنَا فَدَخَلْنَاهَا فَتَلَقَّانَا فِيهَا رِجَالٌ شَطْرٌ مِنْ خَلْقِهِمْ كَأَحْسَنِ مَا أَنْتَ رَاءٍ وَشَطْرٌ كَأَقْبَحِ مَا أَنْتَ رَاءٍ قَالَ قَالَا لَهُمْ اذْهَبُوا فَقَعُوا فِي ذَلِكَ النَّهَرِ قَالَ وَإِذَا نَهَرٌ مُعْتَرِضٌ يَجْرِي كَأَنَّ مَاءَهُ الْمَحْضُ فِي الْبَيَاضِ فَذَهَبُوا فَوَقَعُوا فِيهِ ثُمَّ رَجَعُوا إِلَيْنَا قَدْ ذَهَبَ ذَلِكَ السُّوءُ عَنْهُمْ فَصَارُوا فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ قَالَ قَالَا لِي هَذِهِ

جَنَّةُ عَدْنٍ وَهَذَاكَ مَنْزِلُكَ قَالَ فَسَمَا بَصَرِي صُعُدًا فَإِذَا قَصْرٌ مِثْلُ الرَّبَابَةِ الْبَيْضَاءِ قَالَ قَالَا لِي هَذَاكَ مَنْزِلُكَ قَالَ قُلْتُ لَهُمَا بَارَكَ اللَّهُ فِيكُمَا ذَرَانِي فَأَدْخُلَهُ قَالَا أَمَّا الْآنَ فَلَا وَأَنْتَ دَاخِلَهُ قَالَ قُلْتُ لَهُمَا فَإِنِّي قَدْ رَأَيْتُ مُنْذُ اللَّيْلَةِ عَجَبًا فَمَا هَذَا الَّذِي رَأَيْتُ قَالَ قَالَا لِي أَمَا إِنَّا سَنُخْبِرُكَ أَمَّا الرَّجُلُ الْأَوَّلُ الَّذِي أَتَيْتَ عَلَيْهِ يُثْلَغُ رَأْسُهُ بِالْحَجَرِ فَإِنَّهُ الرَّجُلُ يَأْخُذُ الْقُرْآنَ فَيَرْفُضُهُ وَيَنَامُ عَنْ الصَّلَاةِ الْمَكْتُوبَةِ وَأَمَّا الرَّجُلُ الَّذِي أَتَيْتَ عَلَيْهِ يُشَرْشَرُ شِدْقُهُ إِلَى قَفَاهُ وَمَنْخِرُهُ إِلَى قَفَاهُ وَعَيْنُهُ إِلَى قَفَاهُ فَإِنَّهُ الرَّجُلُ يَغْدُو مِنْ بَيْتِهِ فَيَكْذِبُ الْكَذْبَةَ تَبْلُغُ الْآفَاقَ وَأَمَّا الرِّجَالُ وَالنِّسَاءُ الْعُرَاةُ الَّذِينَ فِي مِثْلِ بِنَاءِ التَّنُّورِ فَإِنَّهُمْ الزُّنَاةُ وَالزَّوَانِي وَأَمَّا الرَّجُلُ الَّذِي أَتَيْتَ عَلَيْهِ يَسْبَحُ فِي النَّهَرِ وَيُلْقَمُ الْحَجَرَ فَإِنَّهُ آكِلُ الرِّبَا وَأَمَّا الرَّجُلُ الْكَرِيهُ الْمَرْآةِ الَّذِي عِنْدَ النَّارِ يَحُشُّهَا وَيَسْعَى حَوْلَهَا فَإِنَّهُ مَالِكٌ خَازِنُ جَهَنَّمَ وَأَمَّا الرَّجُلُ الطَّوِيلُ الَّذِي فِي الرَّوْضَةِ فَإِنَّهُ إِبْرَاهِيمُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَمَّا الْوِلْدَانُ الَّذِينَ حَوْلَهُ فَكُلُّ مَوْلُودٍ مَاتَ عَلَى الْفِطْرَةِ قَالَ فَقَالَ بَعْضُ الْمُسْلِمِينَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَوْلَادُ الْمُشْرِكِينَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَوْلَادُ الْمُشْرِكِينَ وَأَمَّا الْقَوْمُ الَّذِينَ كَانُوا شَطْرٌ مِنْهُمْ حَسَنًا وَشَطْرٌ قَبِيحًا فَإِنَّهُمْ قَوْمٌ خَلَطُوا عَمَلًا صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا تَجَاوَزَ اللَّهُ عَنْهُمْ

شيكردنەوەى ئيبن حجرى عەسقەلانى بۆ فەرمودەكە:

(دەروازەى لێكدانەوەى خەون دواى نوێژى بەيانى لاوازى ئەو گوتە دەگەيەنێ كەلە اتى ڕۆژهەلاتن خەون لێكدانەوە دروست نيە،

بەڵكو كاتێكى باشە بۆ لێكدانەوەى خەون،

مەلب دەڵێ:لێكدانەوەى خەون لە دواى نوێژى بەيانى باشترين كاتە،چونكە خاوەنەكەى باشى لەبيرەولەبيرى نەچۆتەوە،وە بيرى سافە، هەروەها لێكدەرەوەى خەونيش بيرى سافە، هێشتا كاركردن و كارى دنيا مەشغوڵى نەكردون،وەلەوانەيە كە خەونەكە هۆشدارى تێدابێ بۆ هەمان ئەوڕۆژە كە پێويستە خەون بين بيزانێ،بۆيە لێكدانەوەى خەون لەبەيانى وسەرەتاى ڕۆژدا پێويست وبەسودە.

ِ : ( پێغەمبەری خوا - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - زۆرجاربەیاوەرانی دەفەرموو :ئاکەستان خەونێکی بینیوە؟ ئەو ڕۆژە کەسخەونی نەبینیبوو، پێغەمبەر - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فەرموی : من خەونێکی ڕاستم بینیوە ،کەتێ ی بگەن، " پیاوێک هات ودەستی گرتم هێنامیە شاخێکی عاسێ ،وگوتی سەرکەوە،گوتم ناتوانم،،گوتی بۆت ئاسان دەکەم،سەرکەوتم ،پێم لەهەرکوێ یەک دادەنا ،بۆم دەبوە پل وقادرمە تاگەیشتمە سەرشاخەکە، ،پاشان ڕۆیشتین،چەندپیاوو ژنێک مان بینین کە دەم ولێویان هەڵ قڵیشابوو،،گوتم ئەمانەکێن؟ گوتیانە :ئەوانەن کە شتێک هیچی لێ نازانن ،قسەی تێدا دەکەن.

لە گێڕانەوەی بوخاری دا دەفەرموێ:ئەم شەو دوو کەس هاتنە لام،لەهەندێ گێڕانەوە ئەم دووانە جبریل ومیکائیل بوون.

قَوْلُهُ : ( هەڵیان ساندم وبردیانم،لەگەڵیان چووم بۆ ئاسمان وزەوی پیرۆز،بینیمان پیاوێک ڕاکشاوە،لەسەر پشت،کەسێکی تر لەسەری ڕاوەستاوە،بەردێکی بەدەستەوەیە،بەردەکە ی بە سەردەکێشێ و سەری دەشکێنێ تا ناوموخی سەری دەردەکەوێ ،پاشان بەردەکە هەڵدەبەزێتەوەو دەڕوا ،فریشتەکە دەچێ بەردەکە دێنێتەوە،تادێتەوە سەری پیاوە پاڵ کەوتوەکە چاک بۆتەوە،ئەویش دووبارە بەبەردەکە سەری دەشکێنێتەوە وەک یەکەم جار،گوتم ئەوچیە؟ گوتیان بڕۆ وبەردەوامبە لە ڕۆیشتن،چوین ،بینیمان پیاوێک لەسەرپشت ڕاکشاوەو ویەکێکی لەسەر سەری ڕاوەستاوە،قولاپێکی ئاسنینی بەدەستەوەیە،لا لغاوی لای ڕاستی هەڵ دەقڵیشێنێ تاپشتەسەری،،پاشان لای چەپیشی والێ دەکا،تا ئەولای والێ دەکا ،لاکەی تری چاک دەبێتەوە،دوبارە وای لێ دەکاتەوە، گوتم ئەوچیە ؟ گوتیان بابڕۆین وبەردەوام بە،،

هاتینە سەر تەنورێک ،سەری تەسک وبنی پانە،ژێری ئاگرە،دەنگ وهاوارو قیژەی ئەوانەی ناوی دێ کە بڵێسەی ئاگریان لێ دەدا،هەموو جار ،دەپرسێ ئەمەچیە؟ بەڵام هەموو جار پێ ی دەگوترێ بەردەوام بە بابڕۆین.

تا هاتينه سەر ڕووبارێکی سوور وەک ڕەنگی خوێن،کەسێک تیایدا مەلە دەکا،پیاوێک لە کەنار دەریاکە دانیشتوەو کۆمەڵێک بەردی
کۆکردۆتەوە،ئەومەلە کەرە هەموو جارێ دێتەوە کەنار دەریاو ئەو پیاوە بەردێکی لە ناودەم دەئاخنێ، پاشان دەچێ ماوەیەکی تر مەلە دەکا دوبارە بەردێکی تر لە دەم دەئاخنرێ، دەفەرموێ گوتم ئەوەچیە؟ گوتیان ،بەڕێ کەوە،بەڕێ کەوە،

هاتمە لای پیاوێک، هەرگیز پیاوی واناشیرنم نەدیوە، خەریکی ئاگر خۆش کردنە،گوتم ئەمەچیە؟ گوتیا بەڕێ کەوە، هاتینە ناوڕەوزەوباخێک کە هەموو ڕەنگێکی تێدابوو،لەناو ڕەوزەکە پیاوێکی درێژی
تێدابوو،سەری لە ئاسمانبوو ،منداڵ و مێرمنداڵی زۆرترین مێرمنداڵیی لە دەورەبوون،گوتم ئەوە چیە؟ وتیان بەڕێ کەوە.

هاتینە ناو ڕەوزەیەکی گەورە،ڕەوزەی واجوان گەورەم نەبینیوە، وگوتیان بەرز بەوە،بەرزبوینەوە،گەیشتینە شارێک ،بنیات نرابوو لە خشتێکی زێڕوخشتێکی زیو،،هاتینە دەروازەی شارەکە، دەرگایان بۆکردینەوە، چەندپیاوێکمان بینی ،لایەکیان زۆرجوان بوو ،لایەکیان زۆر ناشیرین بوو،پێ یان گوترا:بڕۆن خۆتان لەوڕوبارە هاوێژن،ڕووبارێکی سپی وەک شیربوو،چون خۆیان خستە ناوی،کەهاتنەوە ناشیرینیەکەیان
نەمابوو،لەسەرجوانترین شێوەبوون،

دوو فریشتەکە پێ یان گوتم:ئێرە جنەتی عەدنە، ئەم کۆشکە سپیە کەوەک هەوروڕەبابەی سپیە کۆشکی تۆیە،،گوتم بارک الله فیکما ،بێڵن بچمە ناوی،گوتیان جارێ نا،هەردەچیە ناوی،،گوتم هەواڵی ئەوشتە سەیرانەم پێ بڵێن،

گوتیان:ئەوپیاوەی سەری دەشکێنرێ، پیاوێکە قورئانی لەبەرکردوەو کەچی کاری پێ ناکاو نوێژی فەرز ناکاو دەخەوێ،بەڵام ئەوەی لغاوی تاپشت ملی هەڵ دەدڕ دڕێ،ئەوە درۆیەک دەکا لەهەموو جیهان
بڵاودەبێتەوە.

بەڵام ئەوپیاووژنەڕوتانە ،پیاوو ژنی زیناکەرن،بەڵام پیاوی ناوڕوبارە خوێنینەکە کەبەردی لەدەم دەئاخنرێ،ڕیبا خۆرە، پیاوە زۆرناشیرینە ئاگرخۆشکەرەکە ئەوەمالکی دەگەوانی جەهەننەمە،،ئەوپیاوەدرێژەی ناوڕەوزەکە ئیبراهیمە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

ئەو منداڵانەش لەدەورەنی ئەوانەن کەلە سەر فیترەت مردون،، هەندێ لە مسوڵمانان ،گوتیان ئەی منداڵانی هاوبەش دانەران؟ فەرموی ئەوانیشن ،

بەڵام ئەوانەی نیوەیان جوان ونیوەیان ناشیرنە، ئەوانەن کە کرداری باش وخراپیان تێکەڵ کردوە،اللە لە گوناهەکانیان خۆش دەبێ...

کتێبی تەعبیر ،کە کتێبی ژمارەنەوەتی جامعی سەحیحی محمدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری بوو، هەر چل وحەوت بابەکەی تەواوبوون،نەوەدونۆ فەرمودەی تێدایە،هەشتاودویان فەرمودەی گەیەنراون،ئەوانی تر هەڵواسراوو موعەلەقن،حەفتاوپێنج فەرمودەیان دووبارەکراوەن لە شوێنی تر،ئەوانی تر دوبارەنین،زۆربەی فەرمودەکانی ئەم کتێبە ،موسلیم وبوخاری گێڕاویانناوە..

دەروازەی حەوتەم:

بۆچوونی ئیبن قەییم الجوزیە بۆ لێکدانەوەی ڕوئیاو خەون لە اعلام الموقعین دا: لاپەڕە ١٤٤-١٤٧

ئیبن قەییم کە ناوی محمدی کوڕی ئەبوبکری کوڕی ئەیوبە، بە حافز شمس الدین ئیبن قەییمی جوزیە ،کوڕی سەرپەرشتیاری خوێندنگای جەوزیە ناسراوە کە باپیرانی ئەم خوێندنگایەیان دامەزراندوەو قەیم وناظرو سەرپەرشتیاری بوون، ناوبراو لەساڵی751ی کۆچی وەفاتی کردوە.

ناوبراو لە کتێبی ئیعلام الموقعین دا دەڵێ:

[...،بەڵگە هێنانەوەیان بە قیاس وپێوانەو حوکم دانی وێک چو لەگەڵ هاوشێوەگەی،ئەمە کە خەڵکانی ڕاڤەکەرانی خەون کە بەشێکە لە بەشەکانی پێغەمبەرایەتی،وەجۆرێکە لە جۆرەکانی وەحی ونیگا،هەمووی

بە قياس كردن وپێوانەو نمونە هێنانەوەو وێک چوون وهاوشێوەبوون بنيات نراوە،شتە بەرعەقڵ وبەها زەينيەكان لە دياردەوديمەنە بەرهەست و هەست پێكراوەكان، ڕەنگيان داوەتەوەو لێک دراونەوە،ئەی نابينی كراس وبەرگ لەخەون دا دينداری دەگەيەنێ؟وەدرێژی وكورتی وپاكی وپيسی كراسەكە ،لەدينی ئەو كەسەدا شوێنەواربەجێ دێڵێ،؟ هەروەک پێغەمبەر - ﷺ

- كراسی بە دين وزانايی لێک داوەتەوە، ئەندازەی هاوبەش لەنێوان دين وجل وبەرگ، ئەوانە هەردووكيان خاوەنەكەيان دادەپۆشن،وەجوانی دەكەن لەبەردەم كۆمەڵگا،،كراس بەدەنی دادەپۆشێ ودين و زانست ڕوح و دڵ ودەرون وكەسايەتی دادەپۆشن و جونی دەكەن لای خەڵكی.

[ڕوئياو بينراوی خەون لێكدانەوەيان]

لێكدانەوەی شير بە فيترەت خۆڕسک ،چونكە هەردوكيان پێداويستيەكانی ژيان وزيندەگی تغزيەو بژێودەدەن،كە بێ شير وفترەت گەشەكردن ڕادەوەستێ وژيان بەردەوام نابێ،خۆكە منداڵ بۆ فيترەت وخۆڕسكی بەجێ بهێڵرێ ،شير بەهيچ شتێ ناگۆڕێتەوەو بەسەرهەموو خۆراكێكی هەڵدەبژێرێ،هەروەها فيترەتيش ئيسلامەتی ومل كەچی وگوێ ڕايەڵی بۆ بەديهێنەری بونەوەران بەهيچ ناگۆڕێتەوە، چونكە ئەو فيترتەيە كەلەسەری ڕام كراوە.

-لەوانەش ،لێكدانەوەی مانگا بەخەڵكی دينداروخێرخواز،كە بەوان زەوی ئاوەدان دەبێتەوە،هەروەک چۆن ئەمە سروشتی مانگايە،هيچ شەڕوبەدكاريەكی تێدانيەوخێروبێری زۆرە،زەوی و خەڵكی سەرزەوی پێويستيان بە مانگاو خێرو بەهرە كانيەتی،هەربۆيە كاتێ پێغەمبەر -ﷺ

- دەبينێ مانگا سەردەبڕدرێ » ئەوە سەبڕينە بۆ ياوەرو سەحابە دينداروخێرخوازەكانی.

هەروەها لێكدانەوەی كشتوكاڵ وچاندن وڕواندن،بە كاروكردەوە،چونكە بكەر هەم خێروهەم شەڕ دەچێنێ،بۆيە هەردەبێ ئەوەی چاندويەتی ڕۆژێک لە ڕۆژان بيدورێتەوە،هەروەک چۆن جوتيار بەرهەمی

كشتوكاڵەكەى دەچنێتەوە،چونكە دونيا كێڵگەيە،كارەكانيش بەچاك وخراپ ،تۆوە چێنراوەكەن،ڕۆژى قيامەتيش ڕۆژى دروێنەو چنينەوەيە.

-هەروەها لێكدانەوەى تەختەوارى بڕدراوەوەڵنراو بە كەسانى دووڕوو،،ئەوەى دووڕوان وئەم كاريتانە بەيەكەوە كۆدەكاتەوە ئەوەيە،كە ئەو دارانە مردوون ونەبەريان ماوەو نە سێبەريان ماوەو نەبۆن وبەرامەوجوانى، دووڕووش ئاوا مردوە، نەبەرهەمى هەيەونە بۆن ونەسێبەر،هەربۆيە الله دووڕوەكانى بەتەختەدارى هەڵپەسێردراو چواندوە،چونكە لاشەيان خاڵيە لە ئيمان وخێرخوازى،، هەڵپەساردنيشيان واتە، هيچ سوديان لێ نابينرێ، نە دارەڕێ وكاريتەى سەقف ومێچى خانون،،نە لەديوارو شورايەك دان تابەهێزى كەن،واتە هەرچى سودە نيانە،بۆيە ئەم بێ سودانە ،لە بن ديوارێك هەڵنراون و بن ديوارى هەڵپەسێردراون، زيانيشيان بۆ سوانەو ديوارەكە هەيە،ديمەنى ژينگەشيان ناشيرين كردوە، جارى وايە بەلادادەكەون ئازارى كۆمەڵگاش دەدەن.

- هەروەها لێكدانەوەى ئاگر بە ئاشوب وخراپەو بەدكارى،ئاگر لاشەكان وشتەكان وكاڵاكان دەسوتێنێ،ئاشوبيش دڵەكان ودينەكان وئيمانێ دەسوتێنێ،.

- هەروەها لێكدانەوەى ئەستێرەوەسارەكان بە زانايان وهەڵكەوتوەكان،چونكە ڕێنمايى خەڵكى زەوى لەم دووانە دەست دەكەوێ،پێشەنگ وكاريزماكانيش وەك ئەستێرەكان لەناو كۆمەڵگا بەرزن ودياربن.

- هەروەها لێكدانەوەى بارانى فريادڕەس بە ڕەحمەت وزانست وقورئان وحيكمەت وچاكسازى لەناوخەڵكى .

- هەروەها خوێن لێ ڕۆيشتن لە خەون دا،بەڵگەيە لەسەر لەدەست چونى دارايى ومااڵ،ئەندازەى هاوبەش لەنێوانيان دا كە پايەدارى لاشەى مرۆڤ بە خوێن ودارايية.

- لێكدانەوەى دەست نوێژ شكان لە خەون ،بە داهێنان وبدعە لە دينداا،دەست نوێژ شكانى بچوك گوناهى بچوك ودەست نوێژ شكاى گەورە تاوانى گەورەيە.

- لێكدانەوەى جولەكەومەسيحى لەخەوندا بە داهێنانى بدعە لەدينداا،جولەكە بەڵگەيە لەسەرمەبەست خراپى و شوێن كەوتنى ناحەق،مەسيحيەتيش بەڵگەيە لەسەر خراپى زانست ونەفامى وگومڕايى.

- لەوانەش ئاسن وگشت جۆرەكانى چەك بەهێزوسەركەوتن لێك دەدرێتەوە،بە پێ ى جۆرو ڕيزبەندى ئەوچەكە.

-بۆنى خۆش بە ستايش كردن وقسەوكردەوەى باش لێك دەدرێتەوە،بۆنى ناخۆشيش بەپێچەوانەى ئەوە لێك دەدرێتەوە،.

-تەرازوو بەڵگەيە لەسەردادگەرى.

-كوشە بەڵگەيە لەسەر سوپاولەشكرو لە گرێژەنەچوون،كە شەپۆل دەدا.

-هەنگ بەكەسێك لێك دەدرێتەوە كە حەڵاڵ خۆروكارى باش دەكا.

-كەڵەشێر مرۆڤێكى بەهيممەت وبەناوبانگە.

-مار دوژمنە،يان خاوەن بيدعەيە . -مێرولەوجانەوەرەكان خەڵكى ئاست نزمن.

-جرج كەسێكى كوێرە ودەست لە خەڵكى پان دەكاتەوە.

-گورگ پياوێكى لوتبەرزوستەمكاروخراپەكارە. -ڕێوى پياوێكى غەدر كەرى فێڵبازو تەڵەكەبازە. -سەگ دوژمنێكى لاوازوچەنەبازوجنێو فرۆشە يان پياوێكە دواى هەواوهەوەسى خۆى كەوتوە.

- پشيلەى كێوى-سننور- كۆيلەوخزمەت كارێكى خزمەت گوزارە، لەناو ماڵ دا دەگەڕێ.

-مشک ژنێكى لە ڕێ دەرچووە ،خراپەكارە.

- شێر پياوێكى دەسەڵات دارى زۆرداره

-بەران پياوێكى خاوەن سنورو شوێن كەوتەى زۆرە.

لە ڕێسا گشتيەكانى لێكدانەوەى خەون:

-هەموو دەفرێكى ئاو بە كاڵا لێک دەدرێتەوە

-هەموو دەفرێک كە دارايى تێ بكرێ وەک سندوق وكيس وقاسەودۆڵاب ودەخيلە،بەدڵ وهەناوى مرۆڤ لێک دەدرێتەوە.

-هەموو شتێكى پێک داچوو و تێكەڵ بوو لەگەڵ يەكتر،بە هاوبەشى وهاوكارى وهاوسەرگيرى لێک دەدرێتەوە.

-هەموو بەربونەوەيەک لە بەرزى بۆ خوار گازندە كراوە.

-هەموو بەرز بونەوەيەک كە لە ئاستى خۆى تێنەپەڕێ وشايانى ئەوبڵندبونەبێ،ئەوە ستايش كراوە.

-هەرچى ئاگربيسوتێنێ يان بشكێ ولەت وپەت بێ ،ئەوە كارەساتى گشتى يە و هيواى چاک بونەوەوژيانەوەى لێ ناكرێ.

-هەرشتێ بڕفێنرێ وبەخشكەيى بدزرێ،كە ڕفێنەرەكەى ديارنەبێ،ئەوە بێ سەروشوێنە وئومێدى گەڕانەوەى نيە،بەڵام هەر شتێک دزەكەى يان ئەوشوێنەى بۆى براوە دياربێ،ئەوە ئومێد دەكرێ بگەڕێتەوە.

-هەرزيادبونێكى ستايش كراولەلاشەى مرۆڤ ،لەباڵا،ڕيش،زمان،دەست،قاچ،ئەوە خێرە،وە هەر زياد بوونێكى لە ڕادەبەدەر،هەتک چوون و لۆمە كراوە.

-وەهەرجلێک كە بێجگە لە شوێنى خۆى بێ،ئەوە بێزێنراووخراپە،وەک بينينى جەمەدانە لە سەر قاچ،ملوانە وگەردانە لە قاچ بەسترابێ،وە خوف وگۆرەوى وپێلاو لەسەرسەربێ.

-هەركەسێ كرايە قازى وجێ نشين و وەزيرو گوتاربێژ، كە بۆوشتانە شياو نەبوو لە بێداريدا، ئەوە توشى بەڵاو هەتک چون وناوبانگێكى بەدناوى دەبێ لە دنيادا.

-هەربەرگێک کە بێزێنراوبێ،لاچون ولەدەست چوونی ئاسانترە لە بەرگی نوێ.

-گوێز ماڵێکی شاراوەیە،ئەگەر بتەقێتەوە ئەوناشیرین وبەدە.

-ئەگەر یەکێ پەڕی لێ بڕوێن،وباڵی هەبن،ئەوە ماڵێکی بە دەست دەکەوێ،ئەگەر پێ یان بفڕێ،ئەوە سەفەردەکا،.

-ئەگەر کەسێکی نەخۆش لەخەون دا بە بێ دەنگی لە ماڵێ دەرچێ، ئەوە دەمرێ،بەڵام کەبە قسەو ە لەماڵ دەرچێ ،ئەوە دەژیا.

-دەرچوون لە دەروازەی تەسک وتەنگ ،واتە نەجات بوون وڕزگاربونە لە شەڕو تەنگانەو تۆبە کردن، بەتایبەت کە لەدوای تەنگەبەریەکە شوێنەکە بەفراوانی و شوێنێکی کراوەبێ، ئەوە خێرێکی گەورەیە.

-سەفەروگواستنەوە لە شوێنێکەوەبۆ شوێنێکی تر لە خەوندا،گۆڕینی حاڵێکە بە حاڵێکی دی،باشی و خراپی گۆڕانەکە بە پێ ی دوو شوێنەکە لێک دەدرێتەوە،.

-ئەگەرلەخەوندا بگەڕێتەوە حاڵ وشوێنێک کە لە ڕابردودا بەبێداری تیای دابوە،ئەوەدەگەڕێتەوە بۆ خێرێک لە ڕابردوو هەیبوەو لە دەستی داوە،یان دەگەڕێتەوە سەر بەدکاری وخراپەیەک کە نەجاتی بووە لێ ی.

-مردنی کەسێک لە خەون دا،بەڵگەیە لەسەر تۆبە کردن وگەڕانەوەی،چونکە مردن گەڕانەوەیە بۆلای اللە، {ثُمَّ رُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلاهُمُ الْحَقِّ} [الأنعام: 62]

-هەرکەسێ لەخەودا ببینێ بارمتەیەودیلە، ئەوە قەرزێک یان مافێکی خەڵک یان حەقێکی اللە ی لەسەرە.

-ماڵ ئاوایی نەخۆش لە خێزانەکەی لە خەوندا،بەڵگەیە لەسەر مردنی.

- نمونەکانی قورئان هەموویان بنچینەوڕێساوهێڵی گشتین بۆ کەسانێک کە بزانن بۆ لێکدانەوەی خەون بەکاریان بێنن،وەهەرکەسێ بەباشی لە

قورئان بگا،دەتوانێ بەباشترين شێوە خەون لێک بداتەوە،بنچينە دروستەكانى لێكدانەوەى خەون لە دەلاقەى قورئان وەر گيراون،.

-كەشتى بە نەجات وڕزگاربوون لێک دەدرێتەوە،بەبەڵگەى: {فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ} [العنكبوت: 15] هەروەها بەبازرگانى لێک دەدرێتەوە.

-تەختە بە دووڕوو لێک دەدرێتەوە، بەردبە دڵ ڕەقى لێک دەدرێتەوە.

-هێلكە بە ژن لێک دەدرێتەوە،هەروەها جل وبەرگيش بە ژن لێک دەدرێتەوە

-ئاو خواردنەوە بەئاشوب وفيتنە لێک دەدرێتەوە

-خواردنى گۆشتى كەسێک بە غەيبەت كردنى لێک دەدرێتەوە

-كليلە دەست كەوت و گەنجينە وداراييں.

كردنەوە هەندێ جاربەدوعاوهەندێ جاربە سەركەوتن لێک دەدرێتەوە.

-كەپاشا لە شوێنێک بينرا كە باو نيە پاشا بچێتە ئەو شوێنانە بەوە لێک دەدرێتەوە كە خەڵكى ئەوناوچە زەليل دەكرێن وخراپەكارى ڕوو لەوناوچەدەكا، .

-پەت بە بەڵێن وپەيمان لێک دەدرێتەوە

-باوێشک هاتن لە خەون دا بە ئاسايش لێک دەدرێتەوە،.

-پاقلەوپيوازوسيرونيسک وەرگرتن لە خەون دابەوەرگرتنى شتێکى بێ بەها ودۆڕاندنى شتێکى بەنرخ لە ماڵ وسامان وزانست پۆست وژن وخانوو لێک دەرێتەوە.

-نەخۆشى لە خەون دا بە دووڕوويى و شک وگومان ودڕدۆنگى ودڵەڕاوكێ لێک دەدرێتەوە.

-منداڵى شيرەخۆربە دوژمن لێک دەدرێتەوە بەبەڵگەى

: {فَالْتَقَطَهُ آلُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا} [القصص: 8]

ژن هێنان لە خەون دا بە بينا لێک دەدرێتەوە.

خۆڵە مێش بەکاری پوچ لێک دەدرێتەوە بە بەڵگەی {مَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ} [إبراهيم: 18]

-ڕوناکی بەڕێنمایی لێک دەدرێتەوە،تاریکایی بە گومڕایی لێک دەدرێتەوە،بۆیە عومەر کە حابسی کوڕی سەعد کە عومەرکردبویە قازی ،گوتی ئەمیری بڕواداران من لەخەونم دا بینیم ڕۆژومانگ بە جەنگ هاتن،ئەستێرەکانیش دابەش بوون بۆدووبەرە،،عومەرفەرموی تۆ لەگەڵ کامیان بووی؟گوتی لەگەڵ مانگ بووم ودژی خۆربووم ،،عومەر فەرموی:لە گەڵ ئایەتە سڕدراوەو کوژاوەکە بووی؟ بڕۆ تۆ هیچ پۆستێک وەرناگری،لە کارێکی نامۆدا دەکوژرێ ی،

ئەم پیاوە لەڕۆژی سەفەین دا کوژرا،

بە خەون لێک دەرەوێک گوترا،بینیم ڕۆژومانگ چوونە ناو هەناوم، گوتی تۆدەمری،بەبەڵگەی

{فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ} [القيامة: 7] {وَخَسَفَ الْقَمَرُ} [القيامة: 8] {وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ} [القيامة: 9] {يَقُولُ الإِنْسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ} [القيامة: 10]

کەسێک بە ئیبن سیرینی گووت :لە خەوم دا چوار نانم پێ بوو، بینیم ڕۆژهەڵات، گوتی پاش چوار ڕۆژ دەمری وئەم ئایەتەی خوێند

: {ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلا} [الفرقان: 45] {ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا} [الفرقان: 46] ، یەکێکی تر گووتیُ: بینیم تورەکەکەم پڕ لە مۆرانەیە،،گووتی تۆ دەمری ،ئەم ئایەتەی خوێندەوە {فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَى مَوْتِهِ إِلا دَابَّةُ الأَرْضِ} [سبأ: 14]

دارخورما بە پیاوی مسوڵمان و ووشەی جوان لێک دەدرێتەوە،

گوزاڵک بەپێچەوانەی دارخورمایە،

بت وسەنەم بە کۆیلەی بەدکار لێک دەدرێتەوە،کە هیچ سودێکی نەبێ.

بێستان بە كردەوە لێک دەدرێتەوە،سوتانى بێستان بە بەتاڵ بونەوەى كردەوە لێک دەدرێتەوە،هەركەسێ ببينێ چنراوێک هەڵ دەوەشێنێ ئەوە لەبەڵێن وپەيمانەكانى پەشيمان دەبێتەوە،.

ڕۆيشتنى ڕێک لەخەودا لەسەر ڕێ يەكى ڕاست، بەڵگەيە لە سەر پابەندبوونى بە ڕاستە ڕێ وە،لادان لەڕێگا بەڵگەيە لەسەر لادانى لە پەيڕەوى ڕاست،كە دوو ڕێ ى ڕاست وچەپى هاتنە پێش ،هەركامێكيان بگرێ ،ئەوە لە ئەهلى ئەو ئاڕاستەيە.

دەركەوتنى عەورەتى مرۆڤ لە خەون دا،ئاشكرابوونى تاوانێكە كە كردويەتى .

هەڵاتنى لە شتێک لە خەودا دەربازبونيەتى لەوشتە،خنكانى لەناوئاودا ئاشوبێكە لە دين ودنياى كەسەكە،هەڵواسرانى لەنێوان ئاسمان وزەوى بە پەتێكەوە، ئەوە پابەندیەتى بە قورئان وسونەت كە پەتەكە بپسێ ،ئەوە لەو پابەندیە دەردەچێ،،بەڵام كە كەسەكە فەرمانڕەوا بوو بينى پەتەكەى پسا،ئەوەدەمرێ،يان دەكوژرێ،

خەون چەند نمونەيەكى پێشاندراوە كە فريشتەكە پيشانى خەوبينى دەدا،تاكو خەون بين نمونە هاوشێوەو وێک چوەكان بزانێ،بۆيە بە لێكدانەوە دەگوترێ ،پەڕينەوەو تەعبير،پەند وئامۆژگاريش پێ ى دەڵێن ئيعتيبار،

إعلام الموقعين عن رب العالمين - 1221/147

ئەم چەندەى باسمان كرد مەرج نيە ئيبن قەيم لە هەموو بۆچوون ولێكدانەوانە پێكابێتى، بۆنمونە لێكدانەوەى منداڵى شيرە خۆربەدوژمن ،چونكە موسى عليه السلام بۆ فيرعەون بوەدوژمن، لەچەندين شوێنى قورئان وفەرموده باسى منداڵى شيرەخۆركراوە، خۆ ئەوخەڵكە هەموو فيرعەون نيە ،بۆيە وەرگرتنى ئايەتێک وگشتگير كردنى ڕاڤەكەى لە جێ ى خۆى دا نيە.

بۆنمونە بۆ لێكدانەوەی سەگ ،تەنیانمونەكەی سورەتی ئەعراف وەردەگرن، ئەی بۆ نمونەكەی سەگی یارانی ئەشكەوت و سەگی ڕاوی سورەتی مائدە وەرناگرن؟

ئیبن قیم بۆكەسی ڕووت دەڵێ تاوانێكی نەێنی هەیەو ئاشكرادەبێ وهەتكی خاوەنەكەی دەچێ، ئەی بۆ كە ژن وپیاو جل وبەرگی یەكتربن، ڕووت بونەوەیان لەخەون دا لێک جیابونەوەیان نەبێ؟؟

بۆیە نابێ خۆێنەر ئەم لێک دانەوانە بە ڕەهایی وەرگرێ.

ئیبن قەییم لە كتێبی

"التبيان في أقسام القرآن": دا دەڵێ "قەڵەمی نۆیەم: قەڵەمی خەون لێكدانەوە،ئەم قەڵەمە نوسەری وەحی ونیگای خەونەكان ولێكدانەوەیەتی،ئەوقەڵەمێكی پایە داروشەریفە، وەرگێڕی وەحی خەونە، پەردەلادەرە، لەوقەڵەمانەیە كە دنیاودین باش دەكا،وەبەڵگەشە لەسەر پاكێتی ودەست ودڵ پاكی خاوەنەكەی و ڕاستگۆیی وڕەوشتی ستایش كراوو پەیڕەوە پێكەرەكان،لەگەڵ زانینێكی ڕۆچوو وقوڵ و دەرونێكی پاک وهەستێكی پاڵپشت كراو بەڕوناكی ئیلاهی،،وەزانینی حاڵ و بوارەكانی خەڵک وچۆنێتیان ونهێنیەكانیان ،ئەم قەڵەمە لە جوانترین قەڵەمەكانە،وگەشتكەرترین وبەجوڵەترین قەڵەمە،وەلەهەموو قەڵەمەكانی تر زیاترپەیوەندی بەهەموو دروست كراوەكانی زەمینی وئاسمانی وبە ڕابردوو وئێستاوداهاتوو، ئەم قەڵەمە كە خەون جێگای دۆستایەتیەتی وكورسی دەسەڵاتی شانشینەكەیەتی،.

ئیبن قەیم لە كتێبی "زاد المعاد في هَدْي خير العباد": دا دەڵێ:

"،،،،كاتێ بەندە لە لێكدانەوەی خەون دا كارامە بوو،دەگاتە دەرەنجامی زۆر سەرسوڕمێن وشۆک كەر،ئێمە لەژیانمان دا لەم شتە سەرسام كەرانەمان دیوە،كەلێكدەرەوە دەگاتە چەند فەرمان ولێكدانەوەیەكی ڕاستگۆو خێراو هێواش ،كە خەون بین دەڵێ ئەم پیاوە خەون لێک

دەرەوە دیارە زانستی غەیب وشاراوە دەزانێ،بەڵام ئەوە زانستی غەیب نیە،بەڵکو زانینی ئەو زانینە دەرک کراوانەیە کە کەسانی تر پەییان پێ نەبردوە،چونکە ئەو هۆکارانە دەزانێ وخەڵکی ترنایزانن.

زانستی خەون حەقە وناحەق نیە،خەون وەحیەکی پێغەمبەرایەتیە،بەشێکە لەپێغەمبەرایەتی،بەڵام بەرامبەر بەمە زانستی کەهانەت وسحرو جادویە، کەزۆرینەی درۆیە، وەبەهاوکاری شەیتانەکان دەستەبەردەبێ، پەیوەندی بە وەحی وپێغەمبەرایەتی ودینەوە نیە.

هەرچەندە لە زۆر کتێب ،ئیبن قەیم باسی لێکدانەوەی خەونی کردوە،بەڵام ئەوەی گواستمەوە مشتێکە لە نمونەی خەروارێک، وەکە بتەوێ زیاتر لە لێکدانەوەی خەون لای ئیبن قەییم بزانی ،پێویستە کتێبی ئەمسال وپەندەکانی قورئان، کە کتێبێکی ئیبن قەییمە، هەموو بخوێنیەوە.

• لێرە پێم باشە کە بڵێم تەنانەت زۆرخەون و حیلمە شەیتانیەکانیش خاڵی نین لە سودوقازانج:

لەوانە زانینی خەمەکانی دەروون و دەروازەکانی و خەریک کارەکانی.

•لەسودە کانی خەونی شەیتانی : زانینی خواست ویستەکانی شەیتان؛ چونکە خەونەشەیتانیەکە هەوڵ دەدا لە خێرێکی دیاری کراوت دوور بخاتەوە،یان هەڵ دەنێ کە بەدکاریەکت پێ بکا یان لە کارێک کەئەو ئەو پێ ی ناخۆشە بیکەی دەت ترسێنێ، تۆش ئەوکارەخێرەی شەیتان لێت دووردەخاتەوە زیاتری بکە ،ئەوەی هەڵت دەنێ لەسەری لێ ی دووربکەوە،ئەوەی دەت ترسێنێ سورتربەلەسەری.

لە کۆتایی ئەم بەشە ئەم دوو خەونەتان بۆ دەگوازمەوە:

(دەڵێن کە یەکێک لە قورئان خوێنەکان ،لە خەونی دا دیتی ،کە کاغەزی دەبڕین لە مەسحەف وولە ئاگری دەهاویشتن،ئاگرەکە بڵێسەکەی دادەمرکایەوە،،بۆ یەکێک لە لێکدەرەوانی خەونی گێڕایەوە،گوتی: لەمەولا ئاشوب وفیتنەیەک دەبێ،لە دەسەڵات دارانەوە،بەڵام ئەم ئاشوبە بە قورئان خوێندنی تۆ دادەمرکێتەوە).

(دەگێڕنەوە هارون ڕەشید لە خەون دا ملكَ الموتى بینى، گوتى ئەى ملكَ الموت،تەمەنم چەندماوە؟ ملک الموتیش بە پێنج پەنجە ئاماژەى بۆکرد،هارون ترساولەخەوهەستا،بۆ خەون لێکدەرەوەیکى کەڵەشاخ گرى گێڕایەوە ،گوتى: ئەى أمیرَ المؤمنین ئەوە هەواڵى پێ داوى کە پێنج کلیلى شاراوەونهێنى وپەنهان هەن ،کە تەنیا الله دەیان زانێ،ئایەتەکە دەفەرموێ: إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ{ [لقمان: 34]..

هارون پێکەنى وبەم لێکدانەوە دڵ خۆش بوو ؛ چونکە خۆى واى لێک دابۆوە کە یان پێنج ڕۆژ ،یان پێنج حەفتە یان پێنج مانگ ،یان پێنج ساڵى ماوە،بەڵام لێکدەرەوەکە لێکدانەوەکەى هارونى سڕیەوەو بە قورئان لێکدانەوەى باشترى بۆ خەونەکەى هارون کرد...

دەروازەى نۆیەم :

بنەما وڕێساو هێڵە گشتیەکان بۆ لیکدانەوەى خەون لاى لیکدەرەوانى خەون:

خەون لیکدەرەوە مسولمانەکان بەگشتى بۆلیکدانەوەى خەونەکان و ئاراستە کردنى هیماکانیان پشت بەم چاوگ وبنەماو هێڵە گشتیانە دەبەستن:

یەکەم: قورئان:ناوى کەس و شت وگیانەوەرو دیاردەو هەرشتیك لە قورئان ناوى هاتبێ ,دەبێ خەون لێکدەرەوە سەیرى ئەو ئایەتانە بکا کەناوى ئەو شتەیان تێدا هاتوەو تەفسیرى ئایەتەکان بزانێ,بۆنمونە وەك بینینى سەگ ,گورگ,پەپوله ,جالجالۆکە, هەنگ ,،،،هتد.

دەبێ بزانێ ئەوەى دیویەتى چەند جار بەکار هاتوە لە قورئاندا,وەچەندجار بۆچاك وچەندیش بۆخراپ بەکارهاتوە,هەندێ لە تەعبیر کاران بە گشتگیرى خەونەکە لێک نادەنەوە ، بۆیە دەکەونە هەڵەیەکى زۆر,دەڵێن

منالّى نيرينە فتنەيە ,بۆ؟چونكە موسى بوە فتنە بۆ فيرعەون,ئەمە تەفسيرى هەڵەيە,چونكە موسى فتنە نەبوو ,ئەوەتابوە گلينەى چاوى ئاسيا,وە باسى منالّى تريش لە قورئان دا هاتوە، بۆدەبێ تەنيا باسى موسى وفيرعەون وەربگرێ؟

هەروەها ليكدانەوەى بانگدەر بەدز بە بەڵگەى ئايەتەكەى يوسف,جارى لە سورەتى يوسف نەبانگ كەرەكە و نە براكەى يوسف كەسيان دز نەبوون,دزى لەو سورەتە بونى نيە ، بانگەكەرەكەش نەبانگى محمد دەداو نەبانگ كردنەكەى پەيوەندى بە پەرستشەوە هەيە،بەڵام بانگى الله اكبر بانگێكى پەرستشە وتاكە فەرِيزەيە كەلە ئيسلام دا بە وەحى خەون بۆ جگە لە پێغەمبەرهاتوەو پێغەمبەر ئيقرارى لەسەركردوەو بەدەعوەى تاممە وتەواوترين بانگەواز وەسفى كردوە، لەدواى بانگ مەقامى شەفاعەت وتكاكارى ومەقامى مەحمود بۆ پێغەمبەرداوا دەكرێ، ئەمە هيچ پەيوەنديەكى بەدزيەوە نيە ،ئەگەر ئەو گێرانەوەش لە ئيبن سيرين ڕاست بێ ئەوە نەى پێكاوە ،كەلاوازيش بێ هەڵبەستراوە بەدەم ئەوەوە.

ليكدانەوەى سەگ بە ئايەتەكەى ئەعراف و واز هينان لە ئايەتەكەى كەهف ومائدە،كەلەوانەدا سەگ باش وستايش كراوە،دۆستە وخزمەت كارودەرگەوانى ئەمينە،بۆدەبێ هەربە دوژمن لێک بدرێتەوە؟

،ئەمانە چەند نمونەيەكن بۆ ليكدانەوەى هەڵە ، هۆكەشى لێكدانەوەى خەونەكەيە بەهەندێ ئايەت وواز هينانە لە چەندين ئايەتى تر.

هەرئايەت وسورەت و جزئ و پەيامبەريك لە قورئان تەعبيرى تايبەتى هەيە لاى لێكدەروانى خەون و تەعبيرەكەش لەناو وچيرۆكى ژيان و قۆناغەكانى ژيان و گوزەرانى ئەو پەيام بەرە وەردەگيرى,مەرج نيە بۆ مەعناى سورەتەكان ئەوەى لە كتيبە كۆنەكانى ليكدانەوەى خەون هاتوە بەس بێ .

تا شارەزاى قورئان زياتربى ,توانای بەكارهينانت زياتر دەبێ بۆ بەكار هينانى لە تەفسيرى خەونەكەت ,چونكە قورئان وەحيەكى كامل وتەواو و

خەون وەحيەكى بەشى و جوزئيە ,جوزئيش بە شێكە لەو كوللە وبەش بە كوللى و گشتگيرەكەى لێك دەدريتەوە.

لێرە ئاماژە بە هەنێک بابەت دەكەم كەلە قورئان ناويان هاتوە ،كە خەون لێكدەرەوانى پێشين چۆن لێكدانەوەيان بۆ كردوون:

ئەمير محمد مدري

إمام وخطيب مسجد الإيمان – لەيەمەن بەكورتى چەند خاڵێكى باس كردوەودەڵێ:

خەونەكەت بەرامبەر قورئان ڕانوێنە، لێكدانەوەكەى لە هەندێ ئايەتەكانى دەدۆزيەوە،بەرگى نوێ لەوانەيە مژدەدان بە هاوسەرگيرى بەبەڵگەى [هنَّ لباسٌ لكم وأنتم لباسٌ لهن]، گوريس بەڵێن وپەيمانە، بەبەڵگەى ( واعتصموا بحبل الله ".

*كەشتى ڕزگاربوونە بەبەڵگەى "فأنجيناه وأصحاب السفينة ".

دارى هەڵپەسێرراو دووڕوويية بەبەڵگەى "( كانهم خشب مسندة )"

* بەرد وتاوێر دڵ ڕەقيە بەبەڵگەى ( هي كالحجارة أو أشد قسوة) "

* خۆڵە مێش كاروكردەوەى بەتاڵە بەبەڵگەى( مثل الذين كفروا بربهم أعمالهم كرماد اشتدت به الريح "

*ئاو فيتنەيە بەبەڵگەى ( لأسقيناهم ماءا غدقا لنفتنهم فيه) "

خواردنى گۆشتى كاڵ غەيبەت كردنە ،بەبەڵگەى ( أيحب أحدكم أن يكل لحم أخيه ميتاً" .

* باوێشک دان وخەواڵى ئەمن وئاسايشە بەبەڵگەى (إذ يغشيكم النعاس أمنة منه)

* پاقلەوترۆزى و سيروپيازو ونيسک ،لەدەست چوونى شتێكى بەهادارە بۆ شتێكى بێ نرخ بەبەڵگەى ( فأدع لنا ربك يخرج لنا مما تنبت الأرض من بقلها وقثاءها وفومها وعدسها وبصلها قال أتستبدلون الذي هو أدنى بالذى هوخير)

*درەختى بۆن خۆش وبەتام وشەو دەربڕينى باش وبەهادارەبەبەڵگەى ( ومثل كلمة طيبة كشجرة طيبة. . .) " الأية

* بێستان وباخ كردەوەيە ،سوتانى باخ كردەوە بەتاڵ بونەوەيە بەبەڵگەى ( فاصابه إعصار فيه نار فاحترقت )

هێلكە ئافرەت وژنن بەبەڵگەى ( كانهن بيض مكنون )،،هەروا جل وبەرگيش ژنن، (هن لباس لكم) " *ڕوناكى ڕێنماييە،تاريكى گومڕاييە ( يخرجهم من الظلمات إلى النور) "

هەروەها شتەكانى تريش]

٢-چەند بابەتێک لە كتێبى كۆكراوەوەى جامع تفاسير الاحلام -

- بينينى الله جل جلاله:

ئەم خەونە بۆ كەسانى ئەولیا وپاڵفتەكراو زياتر دەى بينن ،بەدەگمەنيش خەڵكى ئاسايى دەى بينن،جارى وايە كافروبێ باوەڕيش دەى بينێ وبەڵگەيە لەسەر ئيمان هێنانى ئەو كافرە،

كە لە خەونا الله گفتوگۆى لەگەڵ كەسەكە كردو بەڵێنى باشى پێدا ئەوە واتە لێ ى خۆش دەبێ ودەيخاتەناوميهرى خۆى ولە حەرام دەيپارێزێ ،وەكەلەپشت پەردە قسەى لەگەڵ كرد ئەوماڵْ وسامان ودين و دەست پاكى زياد دەبێ. وەكەبينى بە چاوى بەزەيى وشەفەقەت سەيرى دەكا ئەوە توشى بەڵايەک دەبێ بەڵام تيايدا سەركەوتوودەبێ .

كە بارى تعالاى لە شوێنێک لە شوێنەكان بينى ،وڵاتێک ،يان شارێک ،،ئەوە دادوعەدالەت وپيت وبەرەكەت لەو شوێنە پەيدادەبێ كە شايانى بن

،بەڵام كە ئەوشوێنە بەستەم وزۆروبێ دادى ناسرابێ ئەوە زاڵم وزۆردارەكانى تێک دەشكێن.

كە بينى الله شتێک لە خۆشيەكانى دنياى پێدا، ئەوە توشى بەڵايەک دەبێ بەڵام پشتى بەرنادا، وەكە بينى الله لێ ى تورەيە ،ئەوە دايک وباوكى لێ ى تورەن،،كە بينى الله كڕى وكرديە كۆيلە ى خۆى ،ئەوەشەهيد دەبێ،،كە الله ى بەناتەواوى بێ هێزى بينى وسيفاتى تەواوى لاى الله نەبينين، ئەوە كەسێكى عەقيدەو ئيمان نەخۆش ودانەمەزراوو بەدگومانە دەرحەق بە الله.وەكە بينى لەنێوان خۆى والله پەردەهەيە ،ئەوە تاوانى گەورەى كردوەو بۆتە ڕێگر ونايبينێ.

- بينينى عەرش وكورسى:ئەگەر بە تەواوى و جوانى ديتنى بەڵگەيە لەسەر كردەوە پاكى و فرە خێرى خەون بين ،بەڵام كەبەناتەواوى شكاوى بيان بينێ ئەوەبەڵگەيە لەسەر گومڕايى خەون بين.

كەكەسێكى نەخۆش عەرشى دى ،ئەوە نزيک بوونى مردنيەتى،كەبينى لەسەرى دانيشتوە ئەوە بەرزبونەوەيەتى،كورسى بە زانايانيش لێک دەدرێتەوە، هەروەها بە فەرمانڕەوا ودادوەران، وەبەژن هێنان وسەفەركردنيش لێک دەدرێتەوە، بۆنەخۆشيش سەفەرى مردنە.

(بينينى لەوحى مەحفوز)

بەڵگەيە بۆ دەست كەوتنى زانست وقورئان وحيكمەت ولێزانى بۆ خەون بين،بەڵام كە لەوحى بەبچوكى و بێ ڕێزى بينى ، ئەوە دياردە خەون بين كەسێكى بێ باوەڕەبە غەيب وگومڕايە .

كە بينى ناوى لەلەوح نوسراوە ئەوە مردنى نزيكە]

هەڵبەت من ناتوانم لەسەر هەموو لێكدانەوەكان تێبينى بنوسم ،بەڵام لێكدانەوەى ئەوانە بەمردن بەڕەهايى نيە،لەوانەيە بۆنەخۆشان شيفابێ ،بۆ گومڕايان ڕێنمايى بێ، بۆ بێ بەختان بەخت كرانەوەبێ ،بۆ قەرزداران قەرزدانەوەبێ ،بۆ خەمباران ،لاچوونى خەم بێ ،لەوح شوێنى چارەنوس

وبەخت وڕابردو وداهاتوى هەموو شتەكانە ،نوسرانى ناولەوێ بەپێ ى ڕەنگەكەوشێوەخەتى نوسينەكە دەگۆڕێ ،نەک هەموو جار مردن بێ .

[بينينى سەبووڕەوتەختەڕەشى خوێندنگا بەشەش شت لێک دەڕێتەوە،بە سەرۆكايەتى،بونى كوڕ،زانايى،،ڕێنمايى،فەرمان ڕەوايى،بينينى زانايەک.

(بينينى قەڵەم)

كەقەڵەمى ئەندازەگيرى بينى كەلەلەوحى دەنوسى وزانى چ دەنوسێ ئەوە واتاى ئەو نوسينە وەک خۆى دێتەدى.

كەسێک بينى كە قەڵەمێكى ئاسايى بەدەستەوەيە ،ئەوە كوڕێكى زاناى دەبێ،يان بەندەيەكى زانا،يان خۆى زانستێک بەدەست دێنێ،ئەگەرقەڵەمى زۆرى پێ بوون،ئەوە خێرێكى هەمەچەشنە،كەسێک بينى قەڵەمێک دادەداوتيژى دەكا،ئەوەلەكارەكانى سەركەوتوودەبێ ومەبەستەكانى دەپێکێ،كە دادانەكەى زەحمەت بوو،گەيشتنە ئامانجەكەش زەحمەتە.

كەسێک بينى كە قەڵەمێک لە مەرەكەبێكى شاراوەونەناسراو پڕدەكا ئەوە كارى داوێن پيسى ئەنجام دەدا]

ئەمەش بەڕەهايى داوێن پيسى نيە ،بەڵام لەوانەيە جۆرێک بێ لە گەندەڵى و پشت بەستن بە كارێكى نامۆو نەشياو وياساغ.

قەڵەم هەرپەيوەندى بەزانستەكان وهونەرەكان وئەدەبەكانەوە هەيە.

[بينينى فريشتەو ملائيكەكان:

كەبينى فريشتە دابەزينە جێگاو وڵاتێک ئەوەلەو شوێنە ستەم كارو خونكارەكان تێک دەشكێن، حەق لەوێ سەردەكەوێ ،دادو خێر وخۆشگوزەرانى و هەرزانى وبارانى ڕەحمەت زۆردەبێ، دەردوبەڵاى لێ نامێنێ.

كەسێک دينى لەگەڵ فريشتان دەفڕێ ، ئەوەشەهيد دەبێ.

كەسێ ببينێ لەگەڵ فريشتەيەک جووت دەبێ وچێژى لێ وەردەگرێ،سامانێکى دەست دەکەوێ، يان دەمرێ.

كە فريشتەيەکى لەسەرشێوەى مرۆڤ وبەجل وبەرگى جوان وپاک وتەميز ديت،ئەو شادمانيەک ڕووى تێ دەکا،کەبەپێچەوانەوە ببينێ،خەمێک ڕووى تێ دەکا.

كە يەکێ لە کيرامى کاتيبەکان ونوسەرانى بينى ،ئەوەشەهيد دەبێ،كە جبريلى عليه السلام بينى،ئەوەگەشتى فێربوونى زانست دەکاوبە ئاواتەکەى دەگا،کەچەندجار جبريلى بينى بەسەردوژمنانى دا سەردەکەوێ،و فرمان بە باشە وبەرگرى لە خراپە دەکا،كە ميکائيلى بينى بەئاواتى هەردوو جيهان دەگا،كە ئيسرافيلى بينى خێرێکى باشى دێتەدەست وگەشتێکى بەسود دەکا،، کەبينى ئيسرافيل فوو بە سوردا دەکا،ئەوە دەمرێ،کەبينى خەڵک لە فو کردنەکە لەترسدان ،نەخۆشى کوشندە بڵاودەبێتەوە، بينينى ئيسرافيل دەربازبوونى خەڵکى خێرخوازوبەڵايە بۆ شەڕخوازان.

كەسێک كە مەلک الموت ببينێ باخۆ بۆمردن ئامادەبکا،كە نەخۆشێک لەو ماڵەبێ ئەوەئەودەمرێ نەک خەون بين،،لەوانەيە بينينى ملک الموت بەڵگەبێ كە كەسێک ولايەنێک بەمەبەستى کوشتن دێتە ئەوناوچە،لەوانەيە هێمای برسێتى وهەژارى ووێرانى ئەوشوێنەبێ ، كە بينى كە مەلەک الموت ماچى دەکا،ئەوەميراتى دەست دەکەوێ]

لێرەش زۆر خەونى بەشەهيدى لێک دانەوە کەدەکرێ بە ڕوداوى تريش لێک بدرێنەوە بۆنمونە فڕين لەگەڵ مەلائکە هيمەت بڵندیە،بينينى جبريل دەستکەوتنى زانستێکى ئيلهامى وعلمى لەدونيە نەک سەفەرى داواکردنى زانست بێ،فريشتە ى کرامە کاتبەکان دەکرێ نوسينى پەرتوکێکى پەسندکراوبێ،ميکال وئيسرافيل بەڵگەن لەسەر ژيانەوەو بوژانەوەى هەموو بوارەکان،مەلەک الموت مەرج نيە هەرچى بينى بمرێ،لەوانەيە

هێمای کۆتایی ومردنی حاڵەتێک بێ ،بۆنمونە کە سەرۆکێک بینی سەرۆکایەتیەکەی دەمرێ،،،،

[بینینی پێغەمبەران:

بینینی پیغەمبەر ﷺ

کەسێک پێغەمبەربینێ، کەغەمباربێ خەمەکەی دەڕوا،قەرزداربێ قەرزەکەی دەداتەوە،ژێرکەوتووبێ سەردەکەوێ،دیل بێ بەردەدرێ،کۆیلەبێ ئازاددەبێ،نەخۆش بێ چاک دەبێتەوە،ژنی دووگیان بێ کوڕی دەبێ،خ،کەلە وڵاتی کافران ببینرێ،نەحۆشی تێدابڵاودەبێتەوە- کە بیگوتایە ڕێنمایی وئیمان وئیسلامی تێدا بڵاودەبێتەوە ڕاستتربوو- ،کەبەتوڕەیی ببینرێ،ئەوەخەون بین خراپەکارە،کەبینی لەشوێنێک پێغەمبەردەنێژن ئەوەئەوشوێنەدژی ڕێ وشوێنی ئەون،کە لە شوێنێک بینی ئەوشوێنە جەنگ،یان کارەسات وگرانی لێ بوو،سەردەکەون وبەڵاکەیان لەسەرنامێنێ،کەبینی بەشوێنی دادەڕوا ئەوە شوێن کەوتەی سوننەتە،کە بینی سەرکۆنە،یان دەمەتەقێ ،یان دەنگ بەسەرپێغەمبەردا بڵند دەکائەوەبیدعەی دینین کەئەوکەسە دەیانکا]

هەموو ئەمانەی بە گەشبینی بەدیتنی ئەولێک داوەتەوە ،لەوانەیە کە بینینی ئەو توش بوون بێ بەدەرکران لە وڵات ودژایەتی کران وکوڕنەبوون وکارەساتی زۆربەسەرهاتن وعاقیبەتخێری.

(بینینی پێغەمبەران علیهم السلام)

کە ئادەم آدم علیه السلام ببینێ،کە ئادەم جوان بێ ئەوە پۆستێک وەردەگرێ،یان لەتاوانێک دەگەڕێتەوە،کەلەگەڵی بدوێ زانست بەدەست دێنێ،کەسێک شیس ببینێ دڵ خۆش وبەهەرەمەنددەبێ،کەئیدریس ببینێ بەرزدەبێتەوە،کەنوح ببینێ تەمەنی درێژدەبێ وبەربەڵا دەبێ و وسەردەکەوێ وڕۆڵەونەوەی باشی دەبن، کەهودببینێ کەسانێکی ساویلکە بەسەریدازاڵدەبن وبەسەریاندا سەردەکەوێ، وکە ساڵح ببینێ بەسەرنەزانان دا سەردەکەوێ وپیاوچاک وڕاستگۆدەبێ،کەلوت ببینێ کۆچ دەکا لەشوێنێک بوێنێکی تروژنەکەی لارێ

دەبێ،کەئەوکەسەی دەیبینێ نێربازبێ با واز لەوکارەبێنێ ئەوەهەڕەشەیە،کە ئیبراهیم ببینێ حەج دەکاو خۆشەویستی الله بەدەست دێنێ وخەمی نامێنێ وبەسەرستەم دا سەردەکەوێ ولەگەڵ باوکی ڕێک ناکەوێ، کە ئیسماعیل ببینێ،زمان پاراودەبێ ودەبێتە پێشەواومزگەوت ئاوەدان کەروبەڵێن ڕاست.

کە ئیسحاق ببینێ لەخەم ومەینەتیەکانی ڕزگاردەبێ ومژدەی دەست کەوتی پێ دەدرێ،کەیەعقوب ببینێ ،خەمی لە منداڵەکانیەوەتوش دەبێوپاشان دڵ خۆش دەبێ،کەیوسف ببینێ دیل دەکرێ وپاشان سەردەکەوێ ،توشی خەم دەکرێ لەلایەن ژنان وبراکانی وبەسەریاندا سەردەکەوێ وعاقبەت خێرومژدە پێدراوە،کە موسی وهاڕون ببینێ ستەم کارێک لەناودەباولە کارەسات ونەخۆشی ڕزگاری دەبێ،کەسێ یونس ببینێ پەلە لەکارێک دەکاو دەبێتەهۆی دیل بوونی وپاشان دەربازی دەبێ ،کەسێک داودببینێ پۆستی پێدەدرێ وبەژن تاقی دەکرێتەوە، کە ئەیوب ببینێ توشی نەخۆشی دەبێ وپاشان چارەی بۆدێ وقەرەبوودەکرێتەوە،کە سلێمان ببینێ تێگەیشتن وحوکم ڕانی وبژێوی پێ دەدرێ،کە زەکەریابببینێ لە پیری دا منداڵێکی پارێزکازی پێ دەبەخشرێ،کە یحیا ببینێ پارێزکاری و دنیابەکەم گری ومژدەی پێ دەبەخشرێ،وەکە عیسی ببینێ دەبێتە عابدوزاهدووگەشتیار، وەکە ئەلیاس ببینێ نزاکانی گیرادەبێ،کە خدر ببینێ حەج دەکاوتەمەنی درێژدەبێ،کە لوقمان ببینێ دەبێتەکەسێکی حەکیم وکوڕێکی باشی دەبێ،،بینینی هەرپێغەمبەرێک لە شوێنێک واتە حەق لەوشوێنە سەردەکەوێ ،ڕۆیشتن بۆلای هەر پێغەمبەرێک لەخەون دا تۆبەکردنە،یان کەسێکی مژدەپێ دراوە،بەڵام کە پێغەمبەرەکە بە کەم وکوڕی ببینێ،دیارە دین وئیمانی خەون بین کەم کوڕی تێدایە،کەسێک ببینێ کەئەو یەکێک لە پێغەمبەرەکانە ئەوە شەهید دەبێ و ڕزقی کەم دەبێ وئارامی دەبێ لەسەرنەهامەتیەکان،هەرکەسێ گۆڕی یەکێ لە پێغەمبەران ببینێ ئەوەخێری دێتەڕێ وشەفاعەتی ئەوپێغەمبەرەی پێ دەدرێ وخەمەکانی نامێنن وکە بێ هاوسەربێ هاوسەرگیری دەکا.]

هەڵبەت ئەم لێكدانەوەش لە بەشێک لە ژیانی ئەوپێغەمبەرانە وەرگیراوە ،بەڵام هەموو ژیانی پێغەمبەرەکە ڕەچاو نەکراوە.

-قورئان وسورەتەکانی وپەرتوکەکان:

کەسێک ببینرێ کە بەشێک لە قورئان دەخوێنێ ،ئەگەرلەبیریشی بچێتەوە چی خوێندوە لەخەون ئەوە کەنەخۆش بێ چاک دەبێتەوە،خەمەکانی نامێنێ،کە بینی ئایەتی مژدەدەردەخوێنێ ئەوەخێری دێتە ڕێ،کە ئایەتی ترس بێ ئەوەهۆشداریە ،ئەگەربینی ختمی کردئەوە هەموو تەمەنی بە کاری چاک کۆتایی دێ وبەمەبەستەکانی دەگا،کەنیوەی بخوێنێ ئەوەنیوەی تەمەنی بۆچاکەیە،کە لەخەونیدا گوێ ی لە قورئانی کەسێکی تربووئەوە شوێن کەوتەی قورئانە،بەڵام کەتێ ی نەگەیشت چ دەخوێنێ ئەوە شوێن کەوتە نیە،کە قورئان لە شوێنێک بخوێنێ کە دروست نیە وەک ئاودەست ئەوە کەم وکوڕی لە دینداری داهەیە.

خوێندنی سورەتەکان :

-کە بینی فاتیحە بخوێنێ،ئەوەحەج دەکاونزای قبوڵەوکاری ئاسانە.

کە بڵێ بسم الله الرحمن الرحیم ئەوەفراوانی وبەرەکەت ودارای ودوعاگیرابوونە.

-خوێندنی سورەتی بەقەرە دارایی وتەمەن درێژی ودینداری ومناڵی باشە،ئایە الکرسی دڵنیاییە.

-سورەتی ئال عمران :

تەمەن درێژی ومنالی باش وژن هێنان ومیرات لە ژن گرتن وخۆشەویست بوون لای خەڵکی ودین ووگوفتاری خێرن ودواڕۆژی ڕۆشنە.

-سورەتی نساء تەمەن درێژی ومیرات وخزم زۆری ودەمەتەقێ زۆردەکا.

-سورەتى مائدة نزاى گيراو وفەڕووبەرەكەت ورزق وڕۆزى وگيرۆدە بوونە لەگەڵ كەسانى بێ وەفا.

-سورەتى ئەنعام فەڕووبەهرەو ڕێزدار وخێرى دنياودواڕۆژە.

-سورەتى أعراف زانست وماڵ ودين دارى وگاڵتەكردن بەدوژمن.

-سورەتى أنفال سەركەوتن وتاڵانى دەست كەوتن وپايەبەرزبوونە.

-سورەتى توبة خۆشويستنى دين ودۆستان ودڵسۆزى وتۆبەكردنە.

-سورەتى يونس دەرچونە لەتەنگەبەرى بۆبەرفراوانى وچاك بوونەوەيە لە نەخۆشى وفێڵ وتەڵەكەى دوژمنانى لێ لادەدرێ.

-سورەتى هود ڕێنمايى ودينداری وئومێدەوارى وگەشت كردن ودڵنيايية.

-سورەتى يوسف ژدەوخێروودەوڵەمەندى يە لەدواى هەژارى وپايەداريە دواى بێ دەسەڵاتى وبەرفراوانيە دواى تەنگەبەرى و سەركەوتنە لە دواى دەركران ونامۆيى ووەرگرتنى پلەوپايەيە لەوڵاتى هەندەران.

-سورەتى رعد دلنيايية لە ترسى دەسەڵات داروئاسان بوونى هۆكارى خێرە لە گشت جێ يەك وزوو پيردەبێ وزووش دەمرێ.

-سورەتى إبراهيم خەم ڕەوينەوەيە وپابەندى خێرانە لاى خەڵك خۆشەويست دەبێ.

-سورەتى حجر پارێزرانە لە تاوان وپايەداربوونە،كە پاشابێ يان نەخۆش بێ مردنى نزيک بۆتەوە.

-سورەتى نحل تەندروستى وڕزقى حەڵاڵ وزانستى زۆروخۆشەويستى پێغەمبەروچاک بونەوەى نەخۆشيە.

-سورەتى إسراء پايە بڵندية،لاى الله وخەڵكى وسەركەوتنە بەسەردوژمن وتۆمەت ونسكۆيە لەلايەن دەسەڵات دارێک ،يان منالێكى ياخيە.

-سورەتى كهف تەمەن درێژى و حاڵى باش ودەرچوون لە ئاشوب وكۆبونەوەى دين ودونيا ى خەون بينە.

-سورەتى مريم ڕێبازى خێرخوازى وبوختان بۆ كران كە خەون بين لێ ى بێ بەريە وپاشەڕۆژى باش وڕوونە.

-سورەتى طه دەمەتەقێ يە لەگەڵ دوژمنان وسەركەوتنە بەسەرياندا،يان بێ ئاگابوونە لە دين وپاشانيش بەئاگاهاتنەوەيە .

-سورەتى أنبياء بەهێزى ئيمان ودەروولێ كراوەيەوشوێن كەوتنى پێغەمبەران وبەدەست هێنانى زانستە ودنياو دواڕۆژ ڕووى تێ دەكەن.

-سورەتى حج حەج كردن،داوێن پاكى،كارى باش لە دنياودواڕۆژ،نەجات بوون لە مەينەتى كەخەون بين تەندروست بێ، كە نەخۆش بێ مردنى نزيكە.

-سورەتى مؤمنين سەرفرازى وكارى چەك،لێ بوردن،پلەكانى ئيمان،خوڕەوشتى ستايش كراو،لە مەينەتى دەربازبوون،دەست پاكى وپاراستنى سپاردە.

-سورەتى نور دڵنيايى وڕوناكى دڵ وڕوناكى قەبرو زانست وداناييە.

-سورەتى فرقان جياكردنەوەى حەق وناحەقە ودەست كەوتنى رزقى بەرفراوانە.

-سورەتى شعراء پاك ڕاگرتنى زمانە لە قسەى درۆوبەدو خراپ وجنێو وبەڵام ڕزقى خەون بين كەمە.

-سورەتى نمل هێزوتێگەيشتن وگەيشتن بە مەرامە كە خەون بين زانابێ،ترسى ئەوەيە كە دوژمنان بەسەرى دا زاڵ بن،توشى دژايەتى ژنان دەبێ ،وە گفتوگۆ لەگەڵ خزمانى دەكا لە بارەى دين

-سورەتى قصص بەڵگەيە لەسەر زانست وتێگەيشتن وپێكان لە بۆچوون ومامڵێكى زۆروهەوڵى ياد كردنەوەى الله وباش بونى كارەكانە.

-سورەتى عنكبوت پەنادانى الله يە ودەربازبوونە لە بەدكارى دوژمنان ودڵنيابوونە لەهەموو ترسێک وچارەيە لە هەموو دەردێک.

-سورەتى روم ،دەست كەوتنى ماڵ وزانست وڕێنمايى كەرى وتەواوبونى كارێكە كە خەونبين ئاواتيەتى،لە دژايەتى ناحەزانى دەيباتەوە.

-سورەتى قمان حيكمەت وليژانى وئامۆژگارى وپەرستش ودڵسۆزى وهێزى دڵنيايى يە.

-سورەتى سجدة نزيک بوونە لە الله وشەونوێژى زۆروپابەندبونە پێ يەوە.

-سورەتى أحزاب سەركەوتن ويارمەتيە بۆ خاوەنى خەون بەشێوەيەک كە خاوەن خەون نازانێ چۆن؟ يان بۆ پەيڕەوانى حەق ،،يان خەون بين زۆر تەڵەكە بازەوئيرەيى بە خەڵكى خۆى دەبا.

-سورەتى سبأ بەهرەيەكى لەدەست چوەو دەگەڕێتەوە، يان ئازايەتى وزوهدوگەشتێكى شاخان وپابەنديە بە مل كەچى الله.

-سورەتى فاطرسەركەوتنە بەسەردوژمنان،يان ڕەزاى الله وداواى لێبوردنى مەلائكەيە بۆ خەون بين،پابەنديە بە مل كەچى الله وڕزق كرانەوەيە بەڕوى دا.

-سورەتى يس بەهرەودڵنيايى وڤيانى پێغەمبەروتەمەنى درێژوميهرەبانى ولێبوردنە.

-سورەتى صافات دين وسەركەوتن وپاكيزەيى وترسانە لە الله ومندالّى چاكە.

-سورەتى ص تۆبەوگەڕانەوەيە،سوێندێكە خەون بين خواردويەتى،دەوڵەمەندە وزۆر هۆگرى ژنانە.

-سورەتى زمرلێخۆش بوون وڕزق فراوانى وتەمەن درێژى وبوونى كتێبى زۆروچاوڕۆشنى وتێگەيشتن وبەڕێزى ودينداری يە.

-سوڕەتى غافرلێبوردن وزانست ويەقين وپابەندى سوننەت ولێبڕان وترسانە.

-سورەتى فصلت كارى چاک ونزيک بونەوەيە لە الله سورەتى شورى زانست وكردەوەوتەمەنى درێژوتەندروستى وڕزگاربون لە سزاى ئاگرو ئاسان بوونى حساب ولێپرسينەوەو چارەى نەخۆشيە.

-سورەتى زخرف بەردەوام بوونە لە سەرنوێژكردن وڕۆژوو وڕاستگۆيى ودنيا بە هيچ گرتن .

-سورەتى دخان هاتنى ئاسايش وسەرفرازى وڕزق فراوانى وزەنگينى وشەونوێژ كردن.

-سورەتى جاثية زوهدو ترس لە الله وڕزگاربونە لە سزاى لێپرسينەوە.

-سورەتى أحقاف چاكەيە لەگڵ دايک وباوک،خەمێكە بۆ خەون بين ،زانستێكى باشە،،زانستى سەرسام كەرە، تۆبە كردنە،خاتمەى باشە لەسەرەمەرگدا.

-سورەتى قتال (محمد) سەركەوتنە بەسەردوژمن دابەڕێزى وتەمەن درێژى وتەندروستى يە.

-سورەتى فەتح گيرابونى دوعاودەرچون لەتەنگژەوسەركەوتن وئومێدەوارى و حەشركران لە گەڵ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ،الله دەرگاكانى خێرى بۆدەكاتەوەودەگاتە ئاوات وجيهادى بەنسيب دەبێ.

-سورەتى حجرات گوێ ڕايەڵى كردنى فرمانى الله يە،يان خەون بين خەڵک بەكەم دەزانێ وهەوڵ دەدا زيانيان لێ بدا.

-سورەتى ق زانستێكى زۆرە،يان ڕزقێكى فراوانە،يان سوێندى ڕاست وعبادەتى زۆرو خێرۆمەنديە لەگەڵ خەڵكى.

-سورەتى ذاريات بژێوى كێڵگەيە،چاكەيە،ئاسان بوونى كارە زەحمەتەكانە،كوڕێكى گوێ ڕايەڵە، يان هاوسەرگيريە.

-سورەتى طور گەيشتن بەمەبەستە،زانست وكارى چاكە،دانيشتنە لە مەككە،سەركەوتنە بەسەردوژمندا،يارمەتى دانى حەق دۆستانە بەسەر ناحەقدا،گەڕانەوەى كەسێكى دوورە،تۆبەوگەڕانەوەيە.

-سورەتى نجم نزيک بونەوەيە لە الله ،كردنەوەى دەروازە ميهرو خێرەكانە،سەركەوتنە بەسەرناحەزان دا،منالێكى باش وخۆشەويستە.

-سورەتى قمر ئاسان بوونى كارە گرانەكانە ،گەڕانەوەيە لەگومانەوەبۆ ئيمان،سەركەوتنە بەسەردوژمنان،ڕزگاربونە لە سحرى جادووگەران.

-سورەتى الرحمن لەبەركردنى قورئانە،شارەزابوونە لە دين،زانستى زۆر بەدەست هێنانە،بەهرەوميهرى الله يە،دوژمنانى ناتوانن هيچ زيانى لێ بدەن، ،نيشتە جێ بوونە لە وڵاتى ميسريان قودس يان مەككە.]

جامع تفاسير الاحلام - 192/34

لە بەشى بێ بابەتەكە تەواو دەكەم ،بەڵام وەک لە سەرەتا گوتم ئەم لێكدانەوەى زانايانى كۆن بۆسورەتەكان بەچەند مەبەستێكى كەم ،لە كاتێكدا هەرئايەتێک لەوسورەتانە چەندەها بواروبابەت لە خۆ دەگرێ ،بۆيە ئەم لێكدانەوانە هەموو سورەتەكە ناگرنەوەو زۆريشيان هەر بەلاى سورەتەكەش دا نەچوون ،بەتايبەتى ئەوتەمەندرێژى،تەندروستى ،فراوانى ڕزق، كوڕى گوێ ڕايەڵ ،كە زۆردوبارە بوونەوە ،بۆيە ئەم لێكدانەوانە نەبەڕەهايى وەردەگيرێن ونە سەرلەبەريش ڕەت دەكرێنەوە ..

دەروازەى دەيەم :

بنەما وڕێساو هێڵە گشتيەكان بۆ ليكدانەوەى خەون لاى ليكدەرەوانى خەون:

لێرەش هەر لەسەر خاڵى يەكەم دەدوێم كە لێكدانەوەى خەونە بە ئايەت وسورەتەكانى قورئان:

لەبەشى پێشوو تا سورەتى الرحمن ڕۆيشتم ولێرە لە دواى ئەودەست پێ دەكەمەوە.

جامع تفاسير الاحلام - 192/35

-سورەتى واقعة،بۆ خوێنەرەكەى ئەمن وئاسايشە لە قيامەت دازەنگينيە وئاسان بوونى پەرستشە لە دنيادا.

-سورەتى حديد سامانى زۆرودينداری بەهێزودڵنيايى وستايشى خەڵكە،يان بژێويەكى پڕ زەحمەت وبەورەيى وبەهێزيە.

-سورەتى مجادلة ڕزگاربونى خەون بينە لە كێشەكانى،ئاسانكارى لێپرسينەوەوبوونى منالّى زۆروخواردنى هەرزان وسالّى بەپيتە،كەئەوكەسە پاشابێ بەڵگەيە كە خەڵكى جنێوى پێ دەدەن،كە ژن بێ دواى تەمەنێک دووگيان دەبێ،يان پياوێكە كە ژنى نەماوەو كچى منداڵى هەن.

-سورەتى حشر،چاک بونەوەيە دواى خەراپ بوون،بەرفراوانيە دواى تەنگژە،خوێنەرەكەى لەگەڵ پياوچاكان لەحەشردا حەشردەكرێ،هاوڕێ يەتى چاكان دەكاوبەسەر دوژمنانى دا زاڵ دەبێ،يان گەشتيارێكە كە هەرگيزناگەڕێتەوە.

-سورەتى ممتحنة تۆبەوگەڕانەوەيە بۆ پياوچاكان،يان تاقى كردنەوەيەكە كە پاداشتى گەورەى هەيە.

- سورەتى صف كارى چاكەوڕێگاى حەق وچاودێرى وپاراستنى زمان،يان ئامادەكاريە بۆ جەنگ وشەهيديە لەكۆتايى دا.

-سورەتى جمعة ئەمن وئاسايشە لە حەشرداوزانست وبەرفراوانيە لە ڕزق وسەركەوتنە لەكارى خێردا.

-سورەتى منافقين پابەندبە بەڕێنمايى ودوژمنێكى فێڵبازە بۆ خوێنەر،يان گەلێكى دووڕوون كەئەو لەوان نيە، يان بەنهێنى دووڕوەو دۆستى ئەوانە.

-سورەتى تەغابن حەق پەروەرى وڕاستگۆيى يە، هەڕەشەى لێ دەكرێ لەبەرميرات،،يان توشى دەبێ بە توشى چەندژنێكى هەوێ كە كێشەيان لە نێوان دايە.

-سورەتى طلاق دوبەرەكيەكە لەنێوان خەونبين يان خوێنەرى سورەتەكەو هاوسەرەكەى،يان هەڵوێستى حەق ويستيە وسووربوونە لەسەرى.

-سورەتى تحريم ،خوێنەرەكەى خۆى لەياساغەكان دەپارێزێ و لە شوێنێک ڕزقى دەرێ كە بيرى لێ نەكردۆتەوە،يان بەقسەو بوختانى خەڵک ئازارى پێ دەگا،يان ژنێكى دەبێ كە ئازارى پێ دەگەيەنێ.

-سورەتى ملك ئازادبوونە لەسزاى الله ومژدەوبەرەكەت وخێرى دنياو دواڕۆژە.

-سورەتى نون ،خوێنەرەكەى زۆرچاكەكارە لەگەڵ هەموو خەڵكى ،يان خەتى خۆشە وڕەوانبێژە.

-سورەتى حاقة دەست كەوتنى ڕزق وبەهرەەى زۆرەبۆ خوێنەرەكەى،حەق سەرخەرەو لەسەر حەق توشى لێدان وئازاردان دەبێ.

-سورەتى معارج خوێنەرەكەى خێركەرە بۆڕەزامەندى الله ،يان دوعا لەخۆى وخەڵكى تردەكا بالەوەتۆبە بكا،يان لەترس ولەرز دڵنيادەبێ.

-سورەتى نوح خوێنەرەكەى تۆبەكارە،وخێركەرە وفرمان بەچاكەدەكاوبەسەرناحەزان دا سەردەكەوێ،يان خێزانەكەى لێ ى ياخى دەبن.

-سورەتى جن خوێنەرەكەى لەشەڕى جن دەپارێزرێ،تێگەيشتن وئيلهامى پێ دەدرێ.

-سورەتى مزمل ،حەزى لەشەونوێژوعبادەتى شەوە.

-سورەتى مدثر ،خوێنەرەكەى كارى چاكە دەكاوڕەوشت بەرزەلەناوخەڵكى ،ڕزقى سوارەو داهاتى كەمە.

-سورەتى قيامة خوێنەرەكەى لەسەرشەهادە دەمێنێتەوە،لە سزاى قيامەت دەترسێ،خۆى لە سوێندى درۆلادەدا،سەخيە،زوڵمى لێ دەكرێ وبەسەر ستەم كارەكەى دا سەردەكەوێ.

-سورەتى إنسان خوێنەرەكەى ڕەوشت بەرزووزاهدوخۆبەكەم گروبەختەوەرو لە اللە ترس لە دواڕۆژدا دڵ خۆشە.

-سورەتى مرسلات خوێنەرەكەى دڵنیاو زەنگین وپابەندە بەحەقەوە.

-سورەتى نبأ خوێنەرەكەى خێرۆمەندە، بەڕێزە،بیرلە دروست كراوەكان دەكاتەوە،سوپاسگوزارە،تەمەنى درێژە.

-سورەتى نازعات ،خوێنەرەكەى تۆبەدەكاودەگەڕێتەوە،لەسزاوتۆڵەى اللە دەترسێ ودلى پاكە لە پیسى وگومان،دەگوترێ نوێژدوادەخا، مردنى نزیكە.

-سورەتى عبس خوێنەرەكەى زۆر ڕۆژوو دەگرێ، خێرخوازە بۆهەژاران،خەڵكى بەكەم سەیردەكا،گرژومۆنە.

-سورەتى تكویرخوێنەرەكەى گەشت بۆلاى ڕۆژهەڵات دەكاولەوێ خێرى دەست دەكەوێ،وەترس هەیە كەتوشى ئازارێک ببێ،ڕەوشتى جوانە،شێوەى پەیكەرى تەواونیە،هەیبەتى كەمەلاى دراوسێ وخێزانەكەى،دڵنیایە لەترس وخۆشیە دواى مەینەتى.

-سورەتى انفطارخوێنەرەكەى زەحمەتیەكان تێدەپەڕێنێ،لەدەسەڵات دار نزیک دەبێ،پێویستى بەتەوبەوگەڕانەوەیە،حەزى لە خۆشیەكانى دنیایە.

-سورەتى مطففین خاوەنەكەى لە اللە ترسە،تەرازو وكێشانەى تەواوە،دادگەرە،سپاردە پارێزە، پێچەوانەى ئەمانەش دەگوترێ بۆ خوێنەرى ئەم سوڕەتە.

-سورەتى انشقاق خاوەنەكەى نامەى كردارى بەدەستى ڕاست وەردەگرێ،زانستى ڕێزمان وئەدەبى لا ئاسان دەبێ،حەزى لە دنیاوناوبانگ وستایشى خەڵكە.

-سورەتى بروج،خوێنەرەكەى خەمى نامێنێ،پاداشتى دواڕۆژى دەبێ،شایەتى وسپاردەیەكى لایە بیرى چوە پێ ى هەڵسێ،كە شایانى پاشایى وزانست بێ پێ ى دەدرێ،یان زانادەبێ لە زانستى فەلەک وگەردوننناسى.

-سورەتى طارق خوێنەرەكەى كوڕێكى باشى دەبێ،يان توشى كامەرانيەک دەبێ بەهۆى منالێكى يان دارايىەک،يان منالّى دەبن وبە مندالّى دەمرن،يان ترسى دزوجەردەى لەسەرەو لەوەدەترسێ مالّەكەى بدزرێ.

-سورەتى سبح ،كارى ئاسان دەبێ،زۆر تەسبيحات دەكا،توشى نەخۆشى بيرچونەوەبوە چارەسەرى بۆدێ.

-سورەتى غاشية،خوێنەرەكەى ڕێزدارەو قسەڕۆيشتوە، مالّ بەخشەرە بەكەسانێكى سپلّە،لە ڕۆژى قيامەت دەترسێ،زاهدە،گرنگى بەخۆى دەدا.

-سورەتى فجرخاوەنەكەى حەج دەكا،دوعاى بۆخۆى ومسوڵمانان زۆرە،پێش تێپەڕينى ئەوسالّە دەمرێ،خاوەن جوانى وهەيبەتە.

-سورەتى بلد،خوێنەرەكەى حەزى لەبەخشينە،يان دەيەوێ لەترس ولەرزدڵنيابێ،بێ ئومێدنەبێ وهيواداربێ،يان كەسێكى فێڵبازودرۆزن وستەم كارە.

-سورەتى شمس،خاوەنەكەى تۆبەدەكا وپەشيمانە لەتاوانەكانى،يان حەزى لە هاموشۆى زانايانە،يا حەزى لەتێگەيشتنە،يابێتە زانايەكى خاوەن كردار،يالەزەوى پاشايەكى دادگەرهەبێ.

-سورەتى ليل خوێنەرەكەى شەونوێژدەكا،لە دەردوبەڵادووەرە،زەكاتى مالّى كەمە،ڕزقى مەمرەومەژيە.

-سورەتى ضحى  خوێنەرەكەى سوالّ كەر توڕەناكا و دەرى ناكا ويارمەتى كەم دەرامەتان دەداوچاكەكارە،يان لەدواى ترس دڵنيادەبێوپاش بێ ئومێدى ئومێدەواردەبێ،وپاش هەژارى دەوڵەمەنددەبێ،ڕێزلە گەورەوبچوک وهەتيواندەگرێ،مژدەى مردنى پێ دەدرێ وقيامەتيلەدنياى چاكترە.

-سورەتى ألم نشرح خوێنەرەكەى زەحمەتيەكانى ئاسان دەبن،پاش ماندبوونى زۆردەحەسێتەوە.

-سورەتى تين،خوێنەرەكەى ڕەوشتى جوانە،زەنگينە،ئاواتەكانى هەردوو جيهانى دێنەدى ،تەمەنى درێژە،سوێندێک دەخوا،چارەنوس وعاقيبەت خێرە.

-سورەتى علق خوێنەرەكەى زانست وقورئان وزمان پاراوى ووكردەوە جوانى پێ دەدرێ، خۆبەكەم گرە،ڕەوشت بەرزە،ڕزقى مام ناوەندیە ،كوڕى چاكەكارى هەيە،هەڕەشە لێكراوە.

-سورەتى قدر،خوێنەرەكەى تەمەن درێژە،بەڕێزە لە نياودواڕۆژ،خێرخوازە، كردەوەكانى يەک بەهەزارن،تاپاداشتەكەى نەبينێ نامرێ.

-سورەتى بينة خاوەنەكەى تا تۆبە نەكانامرێ،ڕەوشت بەرزە،بەويژدانە، دواى خراپەو گومان چاكەو دڵنيايى پێ دەدرێ.

-سورەتى زلزلة،خوێنەرەكەى دادوەروبەويژدان وخێركەرە، هەندێ ستەم دەكاولەسەردەستى كەسانێک لەناودەچن ومااڵێكى لە گەلێک دەكەوێتەدەست،يان لەستەم كارێک دەترسێ،خەڵكێک لە بێ باوەڕان ڕێنمايى دەكا.

-سورەتى عاديات،خوێنەرەكەى سەحابەكانى خۆشدەوێ،جيهادى بەنسيب دەبێ، بەسەردوژمنانى داسەردەكەوێ،كەسانێک ستەمى لێدەكەن بەاڵم سەردەكەوێ،دەگوترێ خوێنەرەكەى كە جێگيربێ خراپەكارەوكە گەشتياربێ چەتەيە.

-سورەتى قارعة،خوێنەرەكەى تەرازوى چاكەى گرانە،بەڕێزە،لە وێڵى وسەرگەردانى ڕێنمايى دەكرێ وتۆبەدەكا.

-سورەتى تكاثر،خوێنەرەكەى سەردانى پياوچاكان دەكاوزاهيدەو ڕزقى كەمە وقەرزدارە.

-سورەتى عصر،ئارامگرە لەكارەكانى، سپاردە پارێزە دواى هەژارى زەنگين دەبێ.

-سورەتى همزة خوێنەرەكەى زۆربڵێ يە، ناسراوە، چاوبرسيە،بێ باكە،غەيبەت كارە.

-سورەتى فيل ،خوێنەرەكەى هاوكارى ستەمكارى دەكا،يان بەسەرناحەزانى دا زاڵ دەبێ،لەوانەيە وچاندان بێ دواى ماندويى.

-سورەتى قريش هەركەسێ بيخوێنێ دڵنيايە لەترس وخێرۆمەندەوخۆشەويستى خەڵكەچونكە چاكەكارە،يان قازانجى زۆرى لەگەشتى بازرگانى دەست دەكەوێ.

-سورەتى ماعون،خوێنەرەكەى نوێژ كەم دەكاودواى دەخالەكاتى خۆى،يان هاوڕێ ى بێ دينانە،بەڵام زاڵە بەسەريان دا،سودى هەيە بۆخەڵک،يان هەمو ئەوانەى باس كراون لە نوێژنەكەرى وزەكات نەدان وبەدرۆزانينى قيامەتى تێدايە.

-سورەتى كوثر،خوێنەرەكەى دارايى وبەهرەودەوڵەتى دەست دەكەوێ،منالّى كەمن،زاڵە بەسەرناحەزانى دا،خێرۆمەندو پاداشتى زۆرە.

-سورەتى كافرين ،خوێنەرەكەى موبتەدع وداهێنەرە لە دينداا،يان خێرۆمەندەو ئيماندارەو جيهادى بێ باوەڕان دەكا،يان لەگەڵ بيدعە كاران دۆستايەتى هەيە.

-سورەتى نصر،خوێنەرەكەى سەركەوتوە بەسەردوژمنانى،فراوانيە دواى زەحمەتى،يان كەسێكى خۆشەويستى دەمرێ.

-سورەتى مسد ،خوێنەرى ئەم سورەتە فێڵ وتەڵەكەى زۆرە،ژنێكى دوزمان وبێ ڕەوشتى هەيە،يان كۆمەڵێک دەيانەێ زيانى لێ بدەن وناتوانن،كە دەوڵەمەندبێ هەژاردەبێ،كەهەژاربێ دوو زمانە.

-سورەتى إخلاص ،هەركەسێ بيخوێنێ تاقانە پەرستەولە بيدعە دووەە،بەڕێزەولە دنياودواڕۆژ دەگاتە مەبەستى،تەوبەى نەسوح وئيمانى ڕاستەقينەى پێ دەدرێ،لەوانەيە منالّەكانى بمرن،دڵسۆزو يەكلابۆتەوە لەكارەكانى بۆ الله ونزاى گيرادەبێ.

-سورەتى فلق،خوێنەرەكەى سيحرى لێكراوەولەوسيحرە نەجاتى دەبێ،لە گشت دەردوبەڵايەک ڕزگاردەبێ،لەشەڕى دنياوژنان وساحيرەكان پەنادەدرێ،دەوڵەمەنددەبێ.

-سورەتى ناس،خوێنەرەكەى لەهەموودەردێک چاک دەبێتەوە لەچاوەزاروشەڕى بەدكارو فێڵى تەڵەكەبازان وشەڕى شەيتان و دروستكاوەكان دەپارێزرێ وخەلكيش لەشەڕى دەپارێزرێن ،يان توشى وەسوەسە دەبێ.

جامع تفاسير الاحلام - 192/42

لێرەدا سورەتەكان تەواو بوون، هەڵبەت كۆكەرەوەى ئەم كتێبە بۆ هەر سورەتێک چەندلێكدانەوەى لە كتێبە كۆنەكان گواستۆتەوە،هەندێ جاران لێكدانەوەكان پێچەوانەى يەكن، هەندێک جار پێچەوانەى بابەتەكانى سورەتەكەشن ،بۆيە وەک لەمەوپێش گوتم ئەم لێكدانەوانە نە هەموويان پەسند دەكرێن، نەهەموشيان ڕەت دەكرێنەوە.

(بينينى مصحفى قورئان،واتە بينينى پاشاوقازى وزاناودانا،كەبينى مەسحەف سوتا ئەوەيان پاشا يان قازى وزانايەک دەمرێ،كە بينى يەكێک مەسحەف دەنوسێ ئەوە لەزانستەكەى بەخيلە و توانای لەبەركردن وتێگەيشتنى كەمە،يان زاناودانادەبێ ،،كەئەوكەسەى بينى مەسحەف دەنوسێ دەسەڵات داروسوڵتان بوو،ئەوماڵ وسامانى دەست دەكەوێ وعادل دەبێ،كەبازرگان بوو ئەوەسامانە، كەبينى قورئان لە مەسحەف دا دەخوێنێ،يان سەيرى دەكا،ئەوە دادوزانايى ودانايیەكەى بڵاودەبێتەوە لەناوخەڵک ،لەوانەيە ميراتى دەست كەوێ،كەبينى مەسحەفێكى كڕى ئەوەلەدين شارەزادەبێ،وەكە مەسحەفێكى سوتاندئەوە دينداريەكەى خراپە وبێ دينە،كە مەسحەفێكى فرۆشت ئەوە بێ بەش دەبێ لە زانست وبێ ڕێزوبێ عەقڵ وسەرشۆڕ دەبێ

،وەكە بينى پەڕەكانى مەسحەفێک دەخوائەوە قورئان زۆردەخوێنێ،بەڵام كە نەخوێندەواربێ ئەوەديارەبەهۆى قورئانەوە دنيا دەخوا،كە پاشا بێ وقورئان قوت بدائەوا ئەوپاشايە كەم دەژيە،ئەگەرقازى قوتى دا

ئەوەبەرتيل وەردەگرێ لە ئيشەكەى ،ئەگەربينى پەڕەكانى دەدڕێنێ ئەوە تەمبەڵە لەنوێژەكانى،وەكەديتى بەزمانى قورئان دەسڕێتەوەئەوەتاوانێكى گەورە دەكا،يان قورئان لەبەردەكا،وەكە بينى قورئان تەفسيردەكائەوە كارێک لە ئەستۆدەگرێ كە هيچ هاوكارى نابێ،وەكە بينى مەسحەفى كردەوەو هيچ نوسينى تێدانەبينى ئەوە ئەوكەسە خێرى پێوە نيە،،يان لەوانەيە ببێتە ناسخ وكۆپى كەرى مەسحەف ،يان خەڵكى فێرى قورئان بكا.

وەكە بينى مەسەحەفێک ماچ دەكائەوەكەسێكى خێرخوازە،وەكەبينى وەک گۆچان بە مەسەف هەڵدەستێ يان دەيكاتە سەرينى ژێرسەرى،كە خوێندەواربێ ئەوەدژايەتى قورئان دەكا،كەنەخوێندەواربێ ئەوە كارێكى حەرام ئەنجام دەدا.

كەسێک مەسحەفەكەى بزربكا ئەوە زانست وقورئانى لەبيردەچێ، كەسێک مەسحەفێک وەک شمشێرلە مل بكا ئەوە پايەوسپاردەيەک وەردەگرێ ولە هەڵگرانى قورئانە ونەجات بوون و ئەمن ودڵنيايية بۆئەو.

ئەگەربينى مەسحەفەكە گفتوگۆى لەگەڵ دەكا،كەقسەكان مژدەدەربوو ئەوەباشە،وەكە قسەكان خراپ بوون ئەوە خراپە،كەبينى مەسحەف لەدەستى كەوتەخوار،يان لێ ى ستێنرا،كەخاوەن كاربێ كارەكەى لەدەست دەچێ،كەبێ كاربێ ئەوە مرۆڤێكە خێرى تێدانيە،كەبينى قورئان لە پشت خۆى دادەنێ،ئەوە پشت هەڵكردوە.

(بينينى پەرتوک وكتێبەكان)

كە بينى تەفسيرى قورئانى لايە ئەوەكارەكانى ڕێكە،كە بينى تەفسيردەخوێنێ، ئەوە كێشەئاڵۆزەكان چارەدەكا،كە پەرتوكى فقهو تێگەيشتنى لابێ ئەوە ڕێ ى خێر دەگرێ ولە خراپە لادراووچاكەكاردەبێ،كەسێک ببينێ كتێبى هەواڵ ومێژوو دەخوێنێتەوەئەوە لە دەسەڵات داران نزيک دەبێ،كەسێک لەخەونى زانستى ئسول بخوێنێ،ئەوە بەشوێن شتى شاراوەونادیارەوخۆخەريک

كردنە بەزانستێک کەسودی نیە،لەوانەیە لەگەڵ خەڵک دەمەتەقێ بکاوکاری خراپ ئەنجام بدا.

خوێندنی توحیدومەنتیق وبەیان وڕەوانبێژی خۆخەریک کردنە بە کاری سەرسام کەر،خوێندنی کتێبی زکرەکان و ویردەکان تەسبیح وتەهلیلات ودوعاوپاڕانەوەونزاکان خەریک بوونە بەکاری ستایش کراوودنیای کەم دەبێ ودواڕۆژی ئاوەدان دەبێ،کتێبەکانی بانگەوازوگوتاربێژی ئەوە دوعای گیرادەبێ،لەژیانی دڵنیادەبێ،

خوێندنی کتێبەکانی چیرۆک ئەوەلەلای خەڵکی سەرزەنشت کراوە.

کە کتێبەکانی زانستی نوژداری بخوێنێ ئەوە کارەخراپەکان چاک دەکاتەوەو پلەوپایەی باشی دەبێ،کە کتێبەکانی ئەستێرەناسی دەخوێنێ ئەوەخەریک بونە بەدنیاوە.

کەبینی خەریکی کتێبەکانی شعروئەدەبە ئەوەبە پێ ی جۆری بواری شعرەکە لێک دەدرێتەوە،کە بواری هەرزانستێک بێ .

کەببینێ خەریکی زانستی خەون لێکدانەوەیە ئەوە ڕوداووکارێکی لەکەسێکی پایەدارەوەبۆدێ وبەوەش خێروپایەداری بۆدێ.

کەبینی خەریکی زانستی بیرکاریە ئەوە خەریک بوونە بەکێشەکانی دنیا.

کە خەریکی کتێبەکانی نوکتەوپێکەنین بێ ئەوە لەژیانی خەریکی پیشەیەکی ناشیرینە.

کە کتێبێک یان چەند کتێبێکی لابوو کۆی کردبۆوەونەی زانی چ بابەتێکە،ئەوەبەئەندازەی ژمارەکەیان زانستەکان کۆدەکاتەوە.

(بینین وخوێندنەوەی توراة وئینجیل وزبور)

کەبینی تەورات دەخوێنێ ئەوە هێزوشارەزایی وسودە،کە بەدەنگی بڵند خوێنی ئەوەلەسەرحەق گفتوگۆدەکاوسەکەوتوودەبێ وئاواتی دێتەدی،کە تەوراتی لەبەردەخوێند ئەوەدوای کێ بەرکێ بە ئامانج دەگا.

كەبينى ئينجيل دەخوێنێ ،سودى لەلايەن مەسيحيانەوە پێ دەگا،كە لەبەروبێ كتێب بيخوێنێ ئەوە بەناحەق هەڵ خەڵەتاوەو مەسيحى خۆش دەوێن،

كە بينى زەبوور دەخوێنێ لە كتێبدا،ئەوە كارى جوان وچاک دەكا، كەلەبەربيخوێنێ، ئەوە ڕيابازودووڕووە.

كە بينى سوحوفى ئيبراهيم وموسى دەخوێنێ ئەوە ڕێنمايى كراوەو لەسەر ڕێ ى ڕاستە،بەڵام كەبێ كتێب بيان خوێنێ ئەوە بژێوى ژيانى بە دووڕوويى دەست دەكەوێ،كە ببينێ كتابێک دەنوسێ و واتاكەى نازانێ ئەوە ميراتێكى بۆدەمێنێتەوە،كە ببينێ پەيكەرێک لەناوماڵەكەى داهەيە،كەژنێكى دووگيان لەوماڵەدا هەبێ ئەوە كوڕى دەبێ..

جامع تفاسير الاحلام - 192/45-

(بينينى ڕۆژى قيلّامەت)

هەركەسێ بينى قيامەت هەستاوە،ئەوە سەرفرازى دەبێ وڕزگارى دەبێ ئەگەرچاكەكاربێ،بەڵام كە خراپە كاربێ ئەوە هۆشدارى دەدرێتێ،

بينينى قيامەت لە وڵاتێک واتە دادگەرى لەوشوێنە بەڕپادەبێ،كە خەڵكى شوێنەكە ستەم كاربن ئەوەسزاوتۆڵەيەو كارەساتە،بەڵام كە دادگەربن ئەوە بەسەرناحەزانيان دا سەردەكەون،

كە كەسێک بينى قيامەت تەنيا بۆ ئەوهاتوەوخەڵكى تر ئاگايان لێ نيە ئەوە مردنى ئەو نزيكە .

كە هەندێک لە نيشانەكانى قيامەت ببينێ وەک فوكردن بە كەڕەنايان گەڕانەوەى خۆر لەڕۆژئاوا وە يان دەرچونى دابە،دەرچونى دابە پشێويە كە هەندێک خەڵک تيادەچن وهەندێكيش دەربازدەبن، دەجال دەركەونى بيدعەو داهێنراوێكى گەورەيە،،فوكردن بەكەڕەنا تاعون ودەردى كوشندەوبەربڵاوە،يان ستەم وهۆشدارى دەسەڵاتە بۆ گەلەكەى،يان كۆبونەوەو لێپرسينەوەيە لاى دادگەروپێشەوايەكى دادگەر،وەرگرتنى

كارنامە بەدەستى ڕاست ستايش وسوپاسى خەڵكە بۆ خەوبين،بەچەپ وەرگرتن سەركۆنەو هەژارى وتاوان باريە.

بينينى لێپرسينەوە ،واتە دەكەوێتە نەهامەتى وسزا، بينينى تەرازوو كە كارى چاكى گران بن ئەوە مژدە دەرە ،كەوانەبوو ئاگادارکردنەوەيە، بينينى تەرازوو لە هەرشوێنێک واتا ئەوشوێنە دادگەرى تێدا
بڵاودەبێتەوەوستەمى لێ نامێنێ، كە بينى لەپردى سيرات پەڕيەوە ئەوە لە ئاشوب ومەينەتى ڕزگارى دەبێ،كە لەپردەكە كەوتەخوار ئەوە لەمەينەتى دەربازنەبوە، وكە بينى لە سەرپردى سيرات ڕاوەستاوە، ئەوە كارى باش دەكا كارى ناتەواو تەواودەكا، كە بينى لە حەوز دەخواتەوە ئەوەبە ئيسلامەتى دەمرێ،

كە بينى چوە ناو جەننەت ، ئەوە كارەباشەكانى دەى بەنە ناو جەننەتەوە دواى مردن،ئەگەر خەون بين لە كەس ولايەنێک بترسێ دواى ئەوخەونە ترسەكەى نامێنێ،كەنەخۆشيش بێ ئەوە دەمرێ ودەچێتە شوێنى بينراو،كە لەخەوندا نەيان هێشت بچێتە جەننەت ،ئەوەلە نەخۆشيەكەى چاک دەبێتەوە ،كەبينى لە ميوەى ئەوێ ى خوارد،يان كەسێكى تر لەوميوەى دايە ئەوە كارى چاكەيە كە توشى دەبێ،كە يەكێ بينى لە جەننەتەو نەى زانى كەى هاتۆتە ناوى ئەوەهەرلە دنيا بە سەربەرزى و بەهرەمەندى
دەژياتادەمرێ،كەحۆرى و خزمەتكارەكانى بينى ئەوە كارى چاكن ئەنجاميان دەدا،كەبينى كليلى بەهەشتى بەدەستەوەبوو ئەوەبە ئيمانەوە دەمرێ.

كە بينى لەناوئاگرى جەهەنەم دايە ئەوە سەركۆنەيە بۆ ئەو ، كە ئەوكەسە پياوچاک بێ ئەوە لە دنياتوشى مەينەتى وزيندان دەبێ ، كەدەرچو ئەوەپاک بۆتەوە،،

كە بينى ئەولە ئاگردايەونەى زانى لەكەيەوە چۆتە ناوى، ديارە هەموو ژيانى لەتەنگژەدا بردۆتەسەروهەميشە بێ پشت وپەنابووە،كەبينى لە خواردنەكانى ناو ئاگر شتێكى خوارد ئەوەكردەوە خراپەكانيەتى.

كە ژنێک بچێتە ناوئاگر ،دیارە کە تەڵاق دەدرێ، بەمەرجێک تەڵاق دان لای ئەوبە ئازاربێ،

کە یەکێک چوەناوئاگرو هیچ هەستی بەئازارنەکرد، ئەوە خەم ومەینەتیەکانی دنیا ئازاری پێ ناگەیەنن وخەفەتیان لێ ناخوا،

کەسێکی جەهەنەمی لە وڵات وشوێنێکی دیاری کراوبینی ئەوە ئەوناوچە توشی دەسەڵات دارێکی چەوسێنەرەوەدەبن کە نەحەڵاڵ بەحەڵاڵ دەزانێ ونەحەرام بەحەرام دەزانێ ولەوشوێنە جەنگ وگرانی وبرسێتی ڕوو دەدا.

بینینی ئاسمان:

کە بەبێ بەرزبونەوە ئاسمان ببینێ ،یان بەهۆکارێک بەرزبێتەوە ،ئەوە سەربڵندی وپایەداری دەست دەکەوێ،کە بەبێ هۆکاربڵندبوو ئەوە لە دەسەڵات داران ترس وبیم وئازاری توش دەبێ،کەبینی لەئاسمان نیشتەجێ یە ،ئەوە مردنی زۆرنزیکەو خەڵکی زەوی نەماوە،کە بینی لە ئاسمان خانوی بنیات ناوە ئەوە شەهید دەبێ،، کە بینی دەرگاکانی ئاسمان کراوەن وئاسمان لە زەوی نزیکە ئەو قبوڵ بوونی دوعاوباران بارینی زۆرە،کەبینی دەرگاکانی داخراوە ئەوە کەم بارانیە،کە بینی لە ئاسمانەوە کەوتە خوار ئەوە کارێکی نەشیاولە دیندا دەکا،کەئەوکەسە سوڵتان بێ دەسەڵاتەکەی لەدەست دەچێ،کە ببینێ -نەسر-بازێک هەڵی گرێ وببیا بۆئاسمان ونەکەوێتە خوار ئەو خێروبڵندبوونە بۆ ئەو،، کە چرای لە ئاسمان دی ئەوەخۆرە، کە دیتی چراکە کوژایەوە ئەوە خۆرگیرانە.

کەبینی ئاسمان شەق بوو ،ئەوە خەڵک دووبەرەکایەتیان تێدەکەوێ و درۆ بە دەم اللە وە دەکرێ، کە بینی شەق بوو شێخێک لەو درزەوە هاتە سەرزەوی ،ئەوە پیت وبەرەکەتە بۆزەوی، کە گەنجێکی لێ دەرکەوت ئەوە دوژمنێکە زاڵ دەبێ،.

کە بینی بەسەرئاسمان دا دەڕوا،ئەوە بەشوێنەواری باران دا دەڕوا ودەبێتە شوان،کەبینی ئاسمان سەوزە ئەوە پیت وبەرەکەتە لەوسااڵە،کە بینی زەردە ئەوەنەخۆشیە، کەبینی ئاسمان ئاسنە ئەوەئەوسااڵە کەم بارانیە،وەکەبینی کە

ئاسمانى بەسەرداكەوت ،ئەوە بنميچى خانوەكەى بەھۆيەک بەسەردا دەكەوێ.

بينينى خۆر ،سولّتان ودەسەلّات دارە،كە بينى خۆربۆتە مولّكى ئەوئەوە دەسەلّاتێكە لە سولّتان دەستى دەكەوێ ،كە بينى خۆرەكە تيشكى كەمە ،ئەوە پاشاكە كەم دەسەلّاتە، هاتنە خوارى خۆر لێخستن ونەخۆشى ومردنى پاشايە، كەخۆربگيرێ يان دوكەڵ وھەورى ڕەش،سپى ،، بەرى بگرێ ،يان خۆرەكە لەت بێ يان لەقەبارەى خۆى گەورەتريان بچوكتربێ،ئەوە ھەموويان گۆڕانكارين لە حاڵى ئەوپاشايە بۆ باش يان خراپ كە ڕوودەدەن.

كە بينى خۆرسوجدەى بۆبرد ئەوە سولّتان مل كەچى دەبێ وئەودەبێتە ھۆى چاكسازى ودادوەرى كە حەزى لێ بێ،ئەگەربينى لەگەڵ خۆر ملانێ ى كرد ئەوەلەگەڵ سولّتان ودەسەلّات دەكەوێتە شەڕەوە،كەبينى دوو خۆر بەريەک كەوتن ئەوە دوو پاشالێک دەدەن،كە بينى سوجدە بۆ خۆريان مانگ دەبائەوەتاوانێكى گەورەى كردوە،كە بينى خۆرلەماڵى وانەوە ھەڵدێ كە پياوبێ دەبێتە زاواى سولّتان ،كەژن بێ شوبەسولّتان دەكا،كەبينى خۆرئاوابوو،ئەوە ئەوكارەى ئەو خەريكيەتى ،جاخێربێ يان شەڕ كۆتايى پێ دێ،،كە بينى خۆرھەڵات لە غەيرى شوێنى ھەڵاتنى ئەوەڕوداوێک ڕوودەدا،كە بينى گەرماى خۆرئازارى دا،ئەوە لەلايەن سولّتانەوە ئازارێكى توش دەبێ ،

ھەرواخۆر بە ژنى جوان وبە خێزان وبەزێڕ وخۆرومانگ بە دايک وباوكيش لێک دەدرێنەوە بەپێ ى حاڵى خەون بين.

مانگ بەوەزيرو بەردەستى پاشا لێک دەدرێتەوە زوھرە شاژن لێک دەدرێتەوە مەريخ بە سوپاسالارو سەرۆكى سوپا لێک دەدرێتەوە،، موشتەرى بە وەزيرى گەنجينەودارايى لێک دەدرێتەوە،عەتارد زاواى پاشايە، ،زوحەل وەزيرى ناوخۆو بەرپرسى سزادان وپۆليسە ،بەڵام ئەستێرەكانى تر بە ئەسحاب وياوەرانى پێغەمبەر ﷺ لێک دەدرێنەوە،كەسێک ببينێ ڕێنماييان لێ وەردەگرێ ئەو شوێن ياوەران

دەکەوێ،جاکەبینیکۆبونەوە ئەوە کۆبونەوەیانە لەسەر بابەتێک، هەروا ئەستێرە بە کەسانی شەریف وپلەوپایەدار لێک دراونەوە،جا کە ئەستێرەکان درەوشاوەبوون ئەوە خانەدانەکان ڕۆڵیان هەیە وباشن،کە بینی کزو لێک دوورن ئەودیارە چینی خانەدانان لە پەرتەوازەیی ولاوازی دان،کەبینی شتێکیان پێ دەکا یان دەیان خوائەوە غەیبەتیان دەکاولێ یان دەخوا، کە بینی ئەستێرەیەکی لە ئاسمان هەڵگرت کە ژنەکەی ئاوس بوو منداڵێکی بەناودەنگی دەبێ،

کەبینی چەندین ئەستێرە بەسەریدا یان لەماڵی ئەوهەڵوەرین،ئەوە دەسەڵاتێکی دەست دەکەوێ،کە ئەستێرەیەک بەسەرزەوی دا کەوت ئەوەپیاوێکی گەورە لە پایەکەی دەکەوێ،

کە کەسێکی بێ سەروشوێنیان هەبێ دەگەڕێتەوە،کە دوگیانیان هەبێ منداڵێکی خانەدانی دەبێ،کەئەستێرەیەکی بەسەردابکەوێ نیشانەی مەرگە.

هیلال ومانگی یەک شەوە منداڵی ساوایە، کەبینی هیلال کەوتەسەرزەوی زانایەک دەمرێ،کە پاشا ببینێ کە هیلال کەوتە خوار جەنگ ڕودەدا،کە مانگ لە ماڵی هەرکەسێکێ کەوت ئەوە هاوسەرگیریە بۆژن وپیاو،تاڕوناکی مانگ زیاتربێ دەسەڵاتی وەزیر زیاترە،.

بینینی با لە خەون دا، کەبایەکە بەهێزبێ ،ئەوە وروژانێک لەناو خەڵکدا ڕوودەدا،کەباکە درەخت هەڵ کەنێ وخانوان بڕوخێنێ،ئەوە نەهامەتی وکارەساتێک بەسەرئەوشوێنەدادێ،

ئەگەر بینرا دوو با بەرامبەریەک وەستان ،ئەوەدووسوپا جەنگ لەگەڵ یەک دەکەن،کە ببینێ با هەڵی بگرێ،ئەوەگەشتێکی زۆردوورەدکا،یان پلەی بڵند دەبێ،کەببینێ ئەوپاشای بایە ئەوە دەسەڵاتی زۆری پێ دەدرێ.

کەببینێ لەسەر هەوا دانیشتوە،ئەوە هەواوئارازوی ئاراستەی دەکاوخۆبەزل زانە،کەبینی ئەوسەیری تەم ومژو تراویلکەو سەراب دەکا،ئەوە چەندقسەیەکی پوچن کە پێ ی دەگەن،یان ئەوکارێکی پوچ دەکا.

كە پارچە هەورێكى بينى ،ئەوە حيكمەتى پێ دەدرێ،يان كێڵگەو باخچەكان دەبوژێنەوە، كە بينى سوارى هەوربوە ئەوە هەموو حيكمەت دەرک دەكا،وژن دێنێ ،يان سوارى كەشتى دەبێ كە نيازى گەشتى هەبێ،،

كە بينى پارچە هەورێک لەسەر سەريەتى ، بەئەندازەى گەورەيى هەورەكە مەزنى پێ دەدرێ،كە بينى هەورێک بەرەوڕووى هات ئەوە ئاسايش و وچان و داد ومژدەيە ، دەرچونە لە خەفەت كە ئەوكەسە شايانى نەبێ ئەوە سزاوئازارە،كەبينى هەورێک لەسەرزەوى كەوت ئەوە لافاوو وێرانى ئەوشوێنەيە،كەبينى هەورێک بارانى تێدايە،ئەوە ڕەحمەتە بۆ ئەوشوێنە، هەورى ڕەش كارێكى زەحمەتە،يان ستەمێكى سوڵتانە،كە هەورەكە بروسكەشى لەگەڵ بوو،ئەوە خەونەكە
ڕاستەوخێراترە،،كەبينى ئەولە سێبەرى هەورەكەيە،ئەولەوساڵە توشى خێردەبێ،كەبينى هەورەكە هەموودنياى داپۆشى وبارانى لێ نەبارى ئەوە ڕوداوێكى شومە،كەبينى هەورەكە ڕۆژى داپۆشى،ئەوەپاشادەمرێ،يان لێ دەخرێ،

كە بارانێكى گشتگيرى بينى لە شوێنێک ئەوەڕەحمەت وپيت وبەرەكەتە بۆ دروست كراوان،كە بۆ هەندێک گەل بوو،بۆ هەندێكى ترنەبوو ئەوەسزاو كارەسات ونەخۆشيە ،كەبينى بارانەكە تەنيا بەسەرئەودا دەبارێ ئەوە لێدان وئازارە،كەبينى بارانەكە لەسەرشێوەى باران نيە كە شێوەكەى جوان بوو ئەوەمژدەيەوكە ناشيرين بوو ئەوە ترسێنەرە، كە هەنگوين وشيرببارێ ئەوەخێروبێرودەست كەوت ودينداريە،كە لم وگڵ بارى ئەوە باشە،كە مێش ومەگەزودووپشک بارى ئەوەسزايە.

كە بەئاوى باران خۆبشواودەست نوێژبگرێ ئەوەبۆدين ودونياى باشە،،كەباران ڕوون بێ باشە ،كەشلوێ بێ نەخۆشيە ،كەنەخۆشێک بارانێكى نەرمى بينى چاک دەبێتەوە،كەبارانێكى توندى بينى، لەونەخۆشيە دەمرێ،

كە تەرزەى بينى لەشوێنێک ئەوە فريادڕەسە كە شت لەناونەبا،كە لەناوبا ئەوە سزايە بۆئەو شوێنە .

بينينى بەفر پيت وبەرەكەت وڕەحمەتە كەزۆرنەبێ ولەكاتى خۆى دابێ ،كە لەهاوين دابێ ئەوە سوڵتان لەوناوچە كارێک دەكا، كەبەفر لەشوێنێک بارى كەگەرمێنە ولێ ى نابارێ ئەوە مەينەتيە بۆ ئەوشوێنە.

كە هەورەبروسكەى بينى لەوانەيە هەڕەشەى سوڵتان بێ،كەبينى بروسكە خەڵكى سوتاند ئەوەسوڵتان لەوشوێنە سزاى خەڵک دەداوجەنگ وگرانى لێ ڕووەداونەخۆشى بڵاوەبێتەوە، كەبينى بروسكەى بێ ئاگرەئەوەدەسەڵاتە خەڵک گومانى شەڕيان پێ يەتى بەڵام وانيە،كەبريسو لەماڵى نەخۆشێک بدا ئەوە دەمرێ،يان دزدەچێتە سەريان يان والى شارەكە بەسەريان دا دەدە.

جامع تفاسير الاحلام - 192/24

بنەما وڕێساو هێڵە گشتيەكان بۆ ليكدانەوەى خەون لاى ليكدەرەوانى خەون:

بنەماى دووەم:لێكدانەوەى خەون بەفەرمايشت و حەديسەكان: ئەويش وەك قورئان، تالە فەرموده باشتر شارەزابى ,باشتر دەتوانى خەونەكە ليك بدەيەوە,فەرموده لە رووى بابەت و وشەو زمان لە قورئانيش فراوانتره ,بەلام دەبێ ئاگات لە بەناوفەرموده ساختەو هەلبەستراوەكانى بێ,

كەس ناتوانێ كە بەتەواوى كوللى بێ و بڵێ من خەونيك وينەى درەختى تيدايە,دەبێ هەرچى درەخت لە قورئان وسونەت هاتوە هەموو بەكار بێنم ,يان هەمو بزانم ,خۆ كەهەموو درەختەكان بتوانێ بەكاربێنێ وبزانێ زۆر باشە ,بەلام كەوابێ تا ئێستا كەس نەى دەتوانى خەون تەفسير بكا ,

أمير ى كورِى محمد مدري يەمەنى دەڵێ:

* كۆلاره به پياوى لاڕێ لێک دەدرێتەوه چونكه پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم( سماه فاسقا) .

* مشک ژنێکى لاڕێ بوه چونكه پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم سماها فويسقة .

* پەراسو ودەفرى شوشه ژن وئافرەتن چونكه فەرموده دەفەرموێ " المرأة خلقت من ضلع " " ويحك يا أنجشه رويدا سوقك بالقوارير" رواهما ا لشيخا ن . ،.

كراس دينه ،شير فيترەته بەبەڵگەى فەرموده.

* ژنى ڕەش وسەر قژن دەردوپەتايه بەفەرمودەى " رأيت كأن امرأة سوداء ثائره الرأس خرجت من المدينة حتى قامت بمهيعة - وهى الجحفة - فأولت أن وباء المدينة نقل إليها)ا رواه البخاري . " * باران ڕێنماى وزانسته بەفەرمودەى "مثل ما بعثني الله به من الهدى والعلم كمثل غيث . . " الحديث متفق عليه .

* ڕاسته ڕێ ئيسلامه ،شوراو ديوارەكان سنورەكانى شەرعن،دەرگاكان ياساغەكانى شەرعن، بەفەرمودەى : "ضرب الله مثلا صراطا مستقيما، وعلى جنبتي الصراط سوران فيهما أبواب مفتحة، وعلى الأبواب ستور مرخاة، وعلى باب الصراط داع ، الحديث رواه أحمد والترمذي وغيرهما " .

خانوو به جەننەت لێک دەدرێتەوه،خوان ئيسلامه،بانگ كەرى سەر خوانەكه پێغەمبەره ﷺ ، هەركەسێ بەدەميەوەبچێ دەچێتە جەننەتەوه،بەفەرمودەى بخاري : "جاءت ملائكة إلى النبيﷺ وهو نائم . . وفيه : مثله كمثل رجل بنى دارا وجعل فيها مادبة وبعث داعيا ، فمن أجاب الداعي دخل الدار وأكل من المادبة ، ومن لم يجب الداعي لم يدخل الدار ولم ياكل من المادبة ا .

* وشتر بە سەرفرازى لێک دەدرێتەوە،مەڕوبزن بە فەڕوبەرەکەت،ئەسپ بەخێر،بەفەرمودەى "الإبل عز لأهلها، والغنم بركة ، والخير معقود في نواصي الخيل إلى يوم القيامة" . *

* سەگ کە ڕشاوەى خۆى بخوا ،پیاوێکە لەبەڵێنەکانى پەشیمان بۆتەوە بەفەرمودەى "العائد في هبته كالكلب يعود في قيئه ) . *

* ئەتروجە کەسێکى ئیمانداروقورئان خوێنە،خورما ئیماندارى نەخوێندەوارە،ڕیحانە دووڕوى قورئان خوێنە،گوزاڵک دووڕووى نەخوێندەوارەبەفەرمودەى "مثل المؤمن الذي يقرأ القرآن مثل الأترجة: ريحها طيب وطعمها طيب ، ومثل المؤمن الذي لا يقرأ القران كمثل التمرة : لا ريح لها وطعمها حلو، ومثل المنافق الذي يقرأ القرآن كمثل الريحانة: ريحها طيب وطعمها مر، ومثلإ المنافق الذي لا يقرأ القرآن كمثل الحنظلة : ليس لها ريح وطعمها مر" متفق عليه .

* تاریکى بەستەم لێک دەدرێتەوە،ڕوناکى بەدادگەرى ،لەناوچوون بە چروکى ،بەفەرمودەى: "اتقوا الظلم ، فإن الظلم ظلمات يوم القيامة، واتقوا الشح فإن الشح أهلك من كان قبلكم ، حملهم على أن سفكوا دمائهم ، واستحلوا محارمهم " رواه مسلم .

*دارخورما پیاوى مسوڵمانە : "إن من الشجرة شجرة لا يسقط ورقها وإنها مثل المسلم ، حدثوني ماهي ؟ قال ابن عمر: فوقع الناس في شجر البوادي ، ووقع في نفسي أنها النخلة، ثم قالوا : حدثنا ماهي يارسول الله ؟ قال : هي النخلة" متفق عليه. *

*میسک وعەترفرۆش برادەرى چاکە،ئاسنگەر برادەرى خراپە "مثل الجليس الصالح والجليس السؤ،.

لێکدانەوەکانى سەحابەویاوەرانیش هەر بە لێکدانەوەى سونەت دادەنرێ ،چونکە ئەوانیش هەرلەو سەرمەشقە فێرى هەموو زانستەکان بوون.

بینینى یاوەروسەحابەکان لە خەون دا:

بينيى ئەبوبەكرى سەديق رضي الله عنه ،واتە ئەكەسێكى ڕاستگۆودەست پاكە،بينينى عومەر،واتاى تەمەن درێژى وحەق بێژيە،لەوانەيە عومەرەيەك بكا،بينين عوسمان واتاكەسێكى خێرخوازەو لەوەيە بەشەهيدى و ستەم لێكراوى،كە عەلى ببينێ ببينێ پايە بڵند وئازاوبەخشەر دەبێ،لەوەيە بكەوێتە پشێوى،

كە يەكێك لە سەحابە رضي الله عنهم ببينێ بە پێ ى ناوەكەيان واتا ولێكدانەوە وەردەگيرێ كە سەحابەيك ببينێ ناوى سەعيدبێ،ئەوە بەختەوەردەبێ،بەم شێوە واتاى خەونەكە دەردەهێنێ.

بينينى دەست نوێژواتە ئەوكەسە كە خەمێكى هەبێ خەمەكەى دەڕەوێتەوە،كە قەرزدارىێ قەرزەكەى دەداتەوە،كەتاوانباربێ تاوانەكانى دەسڕێنەوە،

كە دەست نوێژەكە بە ئاوى لێڵ وشلوێ بێ،ئەوەخەمە،بەڵام خەمێكە دەڕەوێتەوە،كە بينى دەست نوێژەكەى تەواونەكردئەوە ئەوكارەى دەيكا تەواوى ناكاوسەرناگرێ،بەڵام هيواى دەرچونى بۆدەكرێ،كە بەئاوێك دەست نوێژى گرت كە دەست نوێژى پێ دروست نەبێ،،وەك ئەوكەسەيەكە دەست نوێژەكەى تەواونەكردبێ،

ئەگەربينى دەست نوێژ بەشيرى يان هەنگوينى دەگرێ، ئەوە جوانكارى وتەواوكاريە لە دينداری دا،كەبينى بە ئاوى گەرم خۆى شوشت يان دەست نوێژى گرت،يان خواردیەوە ئەوەتوشى خەم وخەفەت دەبێ،كەلە خەون دا بينى دەيەوێ دەست نوێژبگرێ وبەڵام ئاوى دەست نەدەكەوت ئەوە كارێكى ئاڵۆزو زەحمەتەو بۆى تەواونابێ، بەڵام كە ئاوى دەست كەوت دەست نوێژى گرت ئەوەكارەكەى ئايان دەبێ.

(خۆشوشتن لە خەودا)

كە بينى جەنابەتى لەسەرەوئاوى بۆخۆشوشتن دەست ناكەوێ ئەوە كارى لەدنياودواڕۆژئاڵۆزەوتەواونابێ.

كەبينى خۆى شوشت لە جەنابەت ئەوە كارەكەى سەردەگرێ،تا خۆشوشتنەكەى باشتربێ ،كارەكەى تەواوترە،كە تەواويش نەبێ كارەكەى ناتەواوە،.

كە بۆ ڕۆژى جومعەوجەژنەكان خۆى شوشت ئەوەيلە بەرزبونەوەيە لە دواڕۆژدا،كەبينى خۆى شوشت وبەرگى نوێ ى لەبەركرد ئەوەلەهەموودەردوبەڵايەک سەلامەت دەبێ،بەڵام كە هەرخۆى شوشت خۆى نەگۆڕى ،ئەوە بەشێک لە مەينەتى وخەمەكانى لادەچن،بەڵام كارەكەى وەک نەخشەى بۆكێشاوە پێک نايە،كە ببينێ تەنيا دەم وچاوى بشوا،ئەوەش كارێكى باشە.

كە بينى تەيەموم دەكالەشوێنێک كە ئاوى لێ نيە كە تەيەمومەكەى تەواوبێ ئەوەوەک لێكدانەوەى دەست نوێژگرتن لێک دەدرێتەوە،بەڵام كە ئاوى لێ بوو بينى تەيەموم دەكائەوە لاڕێ يە لەشەرع وباتەوبەبكا.

نوێژ كردن لە خەوندا:

كەبينى نوێژى فەرزدەكاونوێژەكەى تەواوكرد،ئەوە كارەكەى تەواودەكا،،كە نوێژەكە نوێژى بەيانى بوو ئەوە بژێوى حەڵاڵ وبەڵێنێكى نزيكە ،يا هۆشدارىەكى نزيكە،نوێژى نيوەڕۆ بەسەرهەموو داواكارىەكانى دا سەردەكەوێ لە دنياودواڕۆژدا،كە نوێژى جومعەى كردئەوە هەموو بريارخۆزگەكانى دێنە دى،كە نوێژى عەسر ى كردئەوە داواكارىەكەى بە زەحمەت بۆ دێتە دى،كەبينى نوێژى مەغرب ى كردئەوە هەرداواكارىەک لە خێروشەڕ لە دواى بێ بۆى دێتەدى ،ئەگەرنوێژى عيشاى دەكردئەوە لەگەڵ خزمانى هەڵس وكەوتى باشە،دڵ خۆش دەبێ،لەوانەيە هەندێک فێڵ وتەڵەكەى توش ببێ.

ئەم نوێژانە كەدەيانبينێ دەبێ لەكاتى خۆيان بن،تەواوبكرێن،جائەولێكدانەوەى هەيە كە باسمان كرد،بەڵام كەزيادوكەمى تيابوو ئەوە لێكدانەوەكەى جياوازە،

كە يەكێ بينييە كێک لەو نوێژانە دەگێڕێتەوە ئەوەكەقەرزى لەسەربێ دەيداتەوە،كەبينى نوێژەكانى كورت دەكاتەوە ئەوە گەشت

وسەفەردەكا،كەبينى نوێژى سونەت دەكا لەشەو يان ڕۆژ ئەوەكارێكى چاک دەكا،كە بينى لە نوێژدا پێ دەكەنێ ئەوە زۆرگاڵتە دەكا،كەبينى بەجەنابەتەوەنوێژدەكا لە شوێنێک كە نوێژى لێ دروست نيە ئەوە دينداريەكەى تەواونيە،كەبينى بەبێ دەست نوێژ نوێژدەكا ئەوەنەخۆش دەبێ،كە بينى بۆلاى ڕۆژئاوايان ڕۆژهەڵات نوێژدەكائەوە لە ئيسلام لاى داوە.

يان لە دواوە دەچێتە لاى خێزانەكەى،يان وازى لەژنەكەى هێناوەو دەچێتە لاى ژنێكى تر،يان حەجى بەنسيب دەبێ كە كەسێكى بەدين بێ ،چونكە لە مەكە جارى وايە ڕوو لە ڕۆژئاواوڕۆژهەڵات نوێژدەكەى.

كەبينى نوێژكەرانى مزگەوتێک بەرەو غەيرى قيبلە نوێژدەكەن ،ئەوە ئيمامى ئەو مزگەوتە لادەدرێ،كە بينى مەلايەک ڕووى لە غەيرى قيبلە كردوە ،يان لەسەركەعبە نوێژدەكائەوە لەشەريعەت لاى داوەوئارەزووبازە.

كەبينى لە بيابان نوێژدەكائەوە سەفەردەكايان حەج دەكا،كەبينى لەيەكێک لە سێ مزگەوتەكە نوێژدەكائەوە كارێک دەكا پاداشتێكى چەندجار خێر بۆ دەنوسرێ،كەبينى لەسەرپشتى وڵاخ نوێژدەكا ئەوەتوشى خەم دەبێ،كەبينى نوێژێكى چوەو شوێنى دەست ناكەوێ نوێژى لێ بگێڕێتەوە ئەوەتوشى كارێكى زەحمەت دەبێ .

كە بينى پێش نوێژى بەتەواوى دەكا،ئەوە پلەوپايەكى پێ دەدرێ ودادوەردەبێ و سەرڕاست دەبێ،كە بينى لەشوێنێكى نەناسراوپێشەوايەتى كەسانێكى نەناسراودەكاونەى زانى چ دەخوێنێ ئەوە مردنى نزيكە.

هەركەسێ ببينێ ئەوبەپێوەيەو خەڵک بەدانيشتنەوە نوێژدەكەن،ئەوەكارێک دەگرێتەدەست كە خەڵک تياى دا گوێ ڕايەڵ نابن،بەڵام كە ديتى ئەودانيشتوەوخەڵک بەپێوەن،ئەوە ئەو كەم وكوڕى هەيەوپەيڕەوانى تەواوترن،

كە بينى بەدانيشتن يان ڕاكشانەوە نوێژ دەكا ئەوەلە كاروئيشەكەى دەستەوستان دەبێ ،لەوانەيە توشى نەخۆشى بێ،يان تاپيردەبێ هەر

نوێژدەكا،كە بينى لە نوێژدا دوعا دەكا ئەوە كوڕێكى دەبێ،،كە بينى لە تەحيات دانيشتوە ئەوە خێرێكى زيادە،،كەبينى سوجدەى بردوە ئەوەسوپاس گوزارە وتەمەنى درێژدەبێ، كە لە سوجدەوڕكوع خۆى ببينێ ئەوە چاكساز ى وسەركەوتنە،بەڵام كە بينى بێ نيازى سوجدە بەسەرڕوودا كەوت ئەوە كەلە كارێك يان جەنگ ودووبەرەكيەك دا بێ دەبەزێ وچۆك دادەدا.

كەبينى بانگى محمدى دەدا ئەوە حەج دەكاكەلە چاكەكاران بێ،كە بينى لەشوێنێكى نەناسراوبانگ دەداكە لەوێ بانگ نادرێ ئەوە كارێكى خراپە،ئەگەر خەون بين لاڕێ بێ ئەوە دزى دەكا،كەببينێ لەسەرمنارە بانگ ومزگەوت بانگ بدا ئەوە بانگەوازى خەڵک دەكابۆ ئيسلامەتى،كە بينى لەسەرجێ بەنوستنەوە بانگ دەدائەوە سوكايەتى بەئەندامانى خێزانەكەى دەكا-لەوانەيە ماڵ وژووری نوستنەكەى جنى لێ بێ ،چونكە جن وشەيتانەكان بەبانگ دەڕۆن بۆيە پێويستە لەهەموو شوێنەكان بانگ بدرێ- كەسێک ببينێ لەبەردەرگاو چۆڵەوانى وبيابان بەتەنيا هەر بانگ دەدا ئەوە مردنى نزيک بۆتەوە،كەلەناوەڕاستى ماڵ باگى دا كوڕەكەى يان خوشكى دەمرێ،كەلەسەربانى دراوسێ كەيان بانگ بدا،ئەوەگومانى خراپى بە دراوسێ كەى هەيە،،كەلەبازاڕبانگ بدا ئەوەبازاڕەكە ئيفلاس دەكا،،كەبينى لەگەل ئەندامانى خێزانەكەى بانگ دەدەن،يان ژنێک بانگ دەدا ئەوە كارەساتێكيان بەدەست دێ.

كە ببينێ لە بانگ دان دا كەم وزۆر دەكائەوە هەڵسوكەوتێكى بەناحەقە ،ئەگەرلەحەمام دا بانگ دائەوە كەموكوڕيە لە ئاين ودنيادا،كەببينێ لەقافڵەدابانگ دەدائەوە خەڵكانێک تاوانباردەكابەدزى وئەوان بێ تاوانن،كەبينى لەسەربڵندگۆولوتكەى چيا بانگ دەدا ئەوە گوتەيەكى ڕاست لە بوارێكى گرنگ دەكا،كەلە ميحراب دا بانگى دائەوە گەشتێک دەكاوبەسەلامەتى دەگەڕێتەوەومەبەست بەدەست دێنێ،كەلە سەربانێژەبێ ئەوە ئارەزووبازيە بۆ ژن وە بەخێركۆتايى دێ،كەبينى بەسەركۆمەڵە خەڵكێک دا بانگ بدا ئەوەبانگيان دەكابۆحەق، و ئەوان ستەم كارن،كەبينى گوێ ى لەبانگە ئەوەلە نوێژەكانى تەمبەڵە،كە گوێ ى لە

ئيقامە بوو ئەوەلەكارى خێردا سەركەوتوودەبێ،كەبينى بانگ دەداوبەڵام لاالە الا الله والله اكبرى لەبەرنيە ،ئەوە كافرێكى نەزانەوهيچ بەهانەيەكى بۆنەزانيەكەى نيە وهەرنايەوێ فێربێ.

كە بينى يەكێک لە ئاسمان بانگ دەداوخەڵكى گوێ دەگرن،ئەوە بانگەوازى كارێكى خێر دەكاوخەڵكى بەدەميەوەدێن ولەوانەيە حەج بكەن.]

زياترين بابەت كە هەڵەى زۆرى تێدا كراوە ،بابەتى بانگ دانە لە خەودا، بانگدان دەعوەوبانگەوازى تاممەوتەواوەوبانگى ئوممەتى پێغەمبەرە كەتەواوترين وئوممەتن ودينەكەيان دينێكى كاملە، هيچ كات بەڵگە نيە لەسەرمردن وكارەساتودزى ونەخۆشى ،بەڵكو هەربە بانگەوازوبڵاوكردنەوەى حەق ودەركردنى جن وشەيتان لێک دەدرێتەوە.

كە يەكێ ببينێ نزابۆخۆى دەكائەوە كۆتايى خێرداره وپێويستيەكانى دابين دەبن وكورێكى دەبێ،كەبينى دوعابۆ پياوچاكێک دەكائەوە خێرى دنياودواڕۆژى پێ دەگا،كە بينى بۆ پياوێكى بەدكاروستەم كاردوعادەكا ئەوەلەستەم وبەدكاريەكەى هاوبەشەويارمەتى دەدا،

كە بينى بۆ هەموو خەڵک دوعادەكا ئەوە داواى چاكردنيهەموو خەڵک دەكا، كەبينى نزالەيەكێک دەكائەوەبەقسە ئەوەكەسێكى بێ خێرە،ئەگەربينى دوعالەستەمكاران دەكائەوەلەخەمى ستەمكاران نەجاتى دەبێ.

كەبينى جۆرێک لە جۆرەكانى پەرستن ئەنجام دەدابە ڕێک وپێكى ئەوە باشى خێرى دنياودواڕۆژە،بەڵام كەبينى بە ڕێگەيەكى ڕێپێ نەدراولەشەرع پەرستنەكە ئەنجام دەدائەوە سەرلێشێوانى دنياودواڕۆژە،هەركەسێ لە پەرستنەكەى داكەموكوڕى هەبووئەوە لە پاراستنى بەرژەوەندىيەكانى كەمتەرخەمە،كە بينى خەريكى ئيعتيكافەئەوە لە دنيادا كەنارگيردەبێ،كەبينى خەريكى تەسبيحاتە ئەوە خەمى وناخۆشى نامێنێ،كە ببينێ استغفرالله دەكائەوەسامان ومناڵى دەبێ،كەببينێ سبحان اللهى بيرچۆتەوەئەوە توشى خەم وپەژارەوديلى

دەبێ ،لەوانەیە پشت گوێ خستنی مل کەچی بێ،کە بینی الحمدلله دەکائەوسەرفرازوڕێنماکراودەبێ، کەبینی شوکروستایشی الله دەکائەوبەهرەوهێزی زیادە، کە بینی بەردەوام یادوزکری الله دەکائەوەلەبەڵاوشەڕی دوژمنانی دەپارێزرێ ودەرگاکانی خێری بۆدەکرێتەوەوزەحمەتیەکانی بۆ ئاسان دەبێ

کەبینی لەخەون دەڵێ لا إله إلا الله چارەسەری خێرای بۆدێ ولەپەژارە ڕزگاری دەبێ وژیانی بە شایەتی دان کۆتایی دێ،کە لە خەودابڵێ لا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ئەوە سامان وبەهرەی دەست دەکەوێ وپارێزراودەبێ وگەنجینەیەک دەبینێتەوە..

کەبینی گوتاردەدا لەسەرمینبەروکەسەکەشیان وتوانای گوتاربێژی هەبووئە دەسەڵات وپایەکی دینی دەست دەکەوێ،بەڵام کە توانای ئەوکارەی نەبووئەوە هەندێک بەڵاومەینەتی بەسەردێن

،وە کەبینی گوتارەکەی تەواونەکردئەو کارەی بەنیازەبیکا بۆی تەواونابێ لەوانەیە لەپۆستەکەی لابدرێ،کە بینی گوتاربێژێک گۆڕدراویەکێکی تری لەجێ دانرا،یان بەکارەساتێک نەی توانی گوتارەکە بدا،ئەوە پاشای ئەوشوێنە دەگۆڕێ،کەبینی بۆخۆی ئامۆژگاری خەڵک دەکا ئەوەپایەیەک وەردەگرێ کە شیاوبێ،یان دەبێتەبانگ خوازبۆ ڕێنمایی،بەڵام کە ئامۆژگاریەکەی تەواونەکا کارەکەی تەواونابێ، کەبینی قسەیەک دەکا لەخەوکە پێچەوانەی شەرع بێ ئەوە بەهەتک چوون بەناوبانگ دەبێ،کەبینی لەناوکۆمەڵێک زانا دانیشتوەوئەوپێشەنگیانە،کەشیاونەبوو ئەوەتوشی بەڵاومەینەتی دەبێ تادەگاتە پلەی زاناوداناوچاکەکاران، کە دانیشتنەکەبەهۆی دادگەری وهاوسەرگیری ئەوەبەڵگەیە کە ئەودەرگایەکی باش دەکاتەوە،کە دانیشتنی فەرمودەوفقە ودەرس خوێندن ئەوە دەبێتە هۆی خێروبەرەکەت ومیهرەبانی .

کەبینی بەڕۆژوە ئەوە دینداریەکەی ساغ ودروستە یان کەم قسەیە،کە بینی بەڕۆژوەوبەڵام هەندێ کاری کردلەخەوندا کەبۆڕۆژوەوان دروست نیە،ئەوە دینەکەی کەم وکوڕی تێدایە،کە بینی ١ڕۆژوەکەی

تەواوكردولەمەغريب ئيفتاى كردئەولە دين ودنيا خێروبەرفراوانى وبێ خەمى بۆ دەبێ

كەبينى ڕۆژوەكەيتەواوناكائەوە كەسێكە درۆ يان غەيبەت دەكا،يان نەخۆشى وسەفەرێكى دێتەڕێ، كەبينى ڕۆژوى شكاند چونكە لەبيرى چووبوو كەبەڕۆژوە ئەوەڕۆژوى حەڵاڵە،كەبينى ڕۆژوى سونەت دەگرێ ئەوە توشى نەخۆشى نابێ.

كەبينى ماڵ دەبەخشێ ،كەخەون بين زانابێ ئەوە زانستەكەى دەبەخشێ وزيادەدەبێ ،پاشاوبازرگان دەسەڵات وبازاڕيان باش دەبێ ،كە نەخۆش بێ چاك دەبێتەوە،كە غەمباربوو خەمەكەى نامێنێ،كە ديل بێ ئازاددەبێ،كە موشريک بێ مسوڵمان دەبێ،كە پيشەسازبێ شاگردەكانى باش فێر دەكا،خێركردن دڵنياييە وترس ڕەوينەوەيەونەجات بوونەلەدەردوبەڵا،كە بينى زەكات لەخەڵک وەردەگرێ ئەوە هەژارونەداردەبێ.

كە ئاژەڵێک سەربڕێ كەشياوبێ بۆقوربانى ئەوەخێروبەهرەيەكە توشى دەبێ،كەخەون بين كۆيلە بێ ئازاددەكرێ،كەلەنەهامەتى دابێ دەربازدەبێ،كەهەژاربێ زەنگين دەبێ،كە بترسێ ترسەكەى دەڕواكە حەجى نەكردبێ حەج دەكا،كە ژنى دووگيان بێ منااڵێكى باشى دەبێ،بەڵام كە قوربانيەكەى كەم وكوڕى تێدابووئەوە هەموو ئەوشتانە ناتەواودەبن.

كەبينى جيهاددەكا ئەوەبژێوى فراوان دەبێ وزەنگين دەبێ،پايەداردەبێ،كەبەتەنيا هێرش بكاتەسەركافران ئەوەدەسەكەوتى حەڵاڵى دەست دەكەوێ ودوژمنانى ژێردەكەون،بەڵام كە دوژمن بەسەرى دا سەركەوتن ئەوە بژێوى وژيانى بەزەحمەتە،كەبينى چەند كافرى كوشتن ئەوەدڵ خۆشى ودەست كەوتى باش وتەمەنى درێژوكارى خێرخوازيە،كەبينى لەجيهاددەگەڕێتەوەئەوە تەندروست دەبێ وبەئاوات دەگا،كە دوورلەماڵ بێ بەسەلامەتى دەگەڕێتەوە،كە نەخۆش بێ چاك دەبێتەوە.

كەسێ ببينێ كە لەمەككەيە،يان لە ڕێى مەككەيە ئەوەحەج دەكا،بەڵام كە نەخۆش بێ ئەوە نەخۆشەكەى درێژدەبێ تاپلەى بڵندبێ وبەونەخۆشيە بمرێ وبچێتە جەننەت،

إن شاء الله ،كە بينى لەمەكەيەو زاهدەوعيبادەت دەكائەوەلە دين ودنيا خێرى توش دەبێ ولەشەڕلادەدرێ،كەلەمەككە بەدكاربێ ،ئەوە دەرگاى شەڕى بۆدەبێتەوە،كەبينى لەمەككەيەوخەريكى ئەوەبەكامەرانى دەژى وتەندروستە،بونى لەناوحەرەمى مەكە واتە سەلامەت دەبێ لەدەردوبەڵا ،كە بينى چوەناوكەعبە ئەوە هيچ ترسێكى ،يان ژن دێنێ،كافربێ مسوڵمان دەبێ كە دڵى دايک وباوكى هێشاندبێ ئەوە چاكەيان لەگەڵ دەكا،يان دەبێتە عابدوزاهد،وپابەندى نوێژوئاوەدانكەرى مزگەوت.

بينينى كەعبە واتە بينينى خەليفەودەسەڵات دار،،كەبينى ماڵەكەى بۆتە كەعبە ئەوەدەبێتە هاوڕێ ى خەليفە وبەناوبانگ دەبێ،يان ژنێكى خانەدان دێنێ،كە بينى كەعبە ڕوخا يان ديوارەكەى كەوت ئەوە خەليفە دەمرێ،كە بينى وهيچ مەناسكێكى حەجى نەكرد ئەوە خەليفە دەبينێ وهيچ داواكاريكى لێ ناكا،بەڵام كە مناسكى كردن ئەوەقەرزەكانى دەداتەوە،كە بينى ڕوى لە كەعبەبووئەوەڕووللەچاكەدەكاخزمەتى دين ودەسەڵات دارێكى دينداردەكاكەنەساخ بێ چاک دەبێتەوە،دوعاى قبوڵ دەبێ و دڵنيادەبێ.

كە مەناسيكى حەجى ناتەواوكردئەوە دينداريەكەى ناتەواوە،كەبينى لەسەركەعبەيەئەوە گومڕايە وسوێندى خراپى خواردوە،كەبينى ڕوى بە حەجەرى ئەسوەددەسڕێتەوە،يان ماچى دەكائەوە هاوڕێ يەتى زانايەكى چاک دەكا،،كەبينى لەژێرسوانەى كەعبەيە،يان لە مەقامى ئيبراهيمەئەوەخێرخوازە ،ژيانى پڕ سەفايە،سەعى سەفاومەڕوە هەوڵە بۆ خێر،وەستان لەعەرەفات گوناه لێ بونەوەيە،شەومانەوەى مونى گەيشتنە بەخۆزگەكان،بۆنەخۆش شيفايە،كە حەجى كردوگەڕايەوە گەيشتنە بەمەبەست ،چەند هەوڵدەربێ لە مەناسيكەكان ئەوەندە خێرى گەورەترە،سەردانى مزگەوتى مەدينەوپێغەمبەرﷺ و بيت المقدس كارێكى

ستايش كراوە،ڕۆيشتن بۆ سێ مزگەوتەكە كەديتى ناتوانێ بچێ كەئەوكەسە زەنگين بێ ئەوەهەژاردەبێ،يان نەساغ دەبێ.

بينينى مەدينە خێربينينە لەبازرگانى،كەبينى لەمزگەوتى پێغەمبەرەﷺ

هەمان شتە،كەلەنێوان قەبرومیمبەربێ ئەوەجەننەتيە،كەبينى لەوێ استغفاربوو ئەوەتەوبەی نەسوحە،

بينينى بيت المقدس تەواوكردنى دينداريە وسپاردەيە،دڵنيايية.

بينينى مزگەوت وخوێندنگا زانابوونە،يان ئاوەدان كردنەوەی ئەوشوێنانەيە،،كەمزگەوتێک ئاوەدان كائەوەژنێكى دیندار دێنێ،كەبينى سەری مزگەوتێک دەگرێ ،ئەوەهەتيوان بەخێودەكا، كەمزگەوتەكە نوێ بوو ئەوساڵە حەج دەكا،يان سودێكى پێ دەگا،كە بەسوارى چوە مزگەوت ئەوە پەيوەندى خزمايەتى دەپچڕێنێ،كەهات وديتى مزگەوتەكەداخراوە ئەوەكارەكانى لێ گران دەبێ،كە دەرگاكرايەوەوچوەژوور ئەوەيارمەتى كەسێک دەدابۆدينداری.

منارەوبڵندگۆسوڵتان وقازيين ،كەسێک دروستيان كالەخەودا كارێكى باشە بۆ منالەكانى وخوێنكارەكانى كەلەوەيە سوڵتان وزانايان لێ هەڵ كەوێ،كەبڕوخێن قازى وسوڵتان دەمرێ،يان خەڵكى ئەوناوچە پەرتەوازدەبن،كەخۆى لەسەربڵندگۆبێ ئەوەلەدەسەڵاتدارنزيک دەبێتەوە

يەكێ ببينێ لەسەرمينبەر وتاردەدا پلەوپايەی گەورەدەبێ،كەوتەكانى خراپ بوون ئەوەتاوانەكانى بڵاودەبنەوە،يان لەخاچ دەدرێكەكەوتەخوارلەمينبەريان مينبەرەكە شكائەوە يان لەپۆستەكەی دەكەوێ يان دەمرێ يان ڕای دەگۆڕێ،كەلەوێ بنوێ ئەوەلەسوڵتان نزيكە،كەدزبێ لەخاچ دەدرێ،

بينينى كەنێسەودێرپياوێكى درۆزنە زيان بەخەڵک دەگەيەنێ،،كەچوەناوكنيسەوكارى وەک ئەوانى كرد ئەوە لەوانەيە لەگەڵيان ڕێک بێ لە بۆچونەكانيان..

جامع تفاسير الاحلام - 45-192/54

بنه مای سێ یەم :

پیشەو کارو هونەرو ئامێرو شیوازەکانیان ,هەمووی وەك هێما دانراوەو چەند تەفسیرێکی بۆ کراوە ,نەهەمووی ڕەت دەکرێتەوەو نەبە گشتیش وەردەگیرێ,بەڵام لەهەموو ئەوانەی باس کراوەو باس دەکرێ، تا خەون لیدەرەوە بورهانی زۆرترو ڕونتری لە سەر ئەو بنەمایانە لابێ سەر کەوتوترە,

هەرکەسێ لە خەویدا سوڵتان ودەسەڵات داربینێ لە خانوێک یان بچێتە ناومزگەوتێک یان ناوشارو گوندێک،بەڵگەی ڕودانی کارەساتە لەوشوێنانە،-ئەودەسەڵات دارەخوێن ڕێژودیکتاتۆرانەی بەئاگروئاسن وترس وبیم حوکم دەکەن،ئەوانە لەهەرکوێ یەک ببینرێن کارەساتن بەڵام سوڵتانە عادل وبەخشەرومیهرەبانەکان ڕەحمەت وفەڕوبەرەکەتن-

کەسێک بینی دژایەتی ومل ملانێ لەگەڵ سوڵتان دەکا،ئەوە پێویستیەکانی بەدەست دێنێ،کە بینی سوڵتان دەستی ڕاستی بڕی ئەوە سوێندی دەدا،کە بینی سوڵتان لە شوێنێکی بڵندکەوتە خوار،یان لەوڵاخەکەی کەوتە خوار،یان کوڵاوەکەی لەسەر لێسێنرا،یان شمشێرەکەی لێ سێنرا،یان سەریان تاشی ،ئەوە مردن ولێخستنی ئەو سوڵتانەیە،کەسێک ببینێ لەخەودا بۆتە سوڵتان ئەگەرشیاوی ئەوپۆستەبێ ئەوە پایەکی لەدەوڵەتدا پێدەرێ،بەڵام کە خەون بین شایان نەبێ ئەوە کارەساتە بۆ خەون بین ، کەبینی سوڵتان خوانی بۆڕادەخائەوە بژێوی وبەهرەیە،کەبینی سوڵتان ڕووگەشە ئەوە توشی خێر دەبێ،کە بینی سوڵتان بەبەرگێک دای پۆشی ،یان سواری وڵاغ و سەیارەیەکی کرد،ئەوە پلەوپایەکی لەسوڵتانەوەپێ دەدرێ،جاکە شایانی پایەداری بێ هەردەبێ ئەوپایەی پێ بدرێ،کە بینی لەگەڵ سوڵتان نان ئەخوا،یان سوڵتان خواردنێکی پێ دەدا،ئەوە خەم وپەژارەیەکی لە سوڵتانەوە پێ دەگا،کە بینی سوڵتان دەچێتە ناو شوێنێک کەلە ڕاستی دا سوکایەتیە بۆی وهەرگیز ناچێتەئەوشوێنە،ئەوە شکۆی

دەسەڵات دارى ئەو وڵاتە توشى سەرشۆڕى وبێڕێزى دەبێ، كەلەخەويدا سوڵتانێكى دادگەرى بينى ئەوە دادگەرى لەو وڵاتەوە دەردەكەوێ،ئەگەر بينى سوڵتان پۆشاكێكى لێ وەرگرت ئەوەبەشێک لەماڵەكەى دەباكە ئەوكەسە پايەيەكى هەبێ ئەوە كارەكەى لێ دەستێنرێتەوە،كە پيشەوبازرگانيەكى هەبێ ئەوە تياى دا ڕەنجەڕۆدەبێ، كە كەسێک بينى سوڵتانەكە چوە شوێنێكى بڵند ئەگەرلە خەونەكەدالەوشوێنە بڵندترنەبووئەوە واتە دەسەڵاتەكەى كۆتايى پێ دێ ولێ دەخرێ ودەسەڵاتى نامێنێ،كە بينى نيشانەيەک لە سوڵتان دايە كە سوڵتان ناشيرين دەكاو بێ ڕێزى دەكا،ئەوە دەسەڵات دارشكۆى دەشكێ،بەڵام كە سوڵتانەكە لەڕاستيدا ناتەواووناشيرين بوو،بەڵام لەخەونەكەى زۆرجوان وتەواوبووئەوە شكۆداربونى ئەوسوڵتانەيە.

كەبينى كە سوڵتان دانيشتوە وخزمەتى خەڵک دەكا،ئەوەديارە گرنگى بە بەرژەوەندیان دەدابەڵام كبينى نوستوە ئەوە ئەوپاشايە هيچ گرنگى بەو خەڵكەنادا ،كە يەكێ لەنوێنەرانى سوڵتانى بينى ئەوە پايەداريە،كەبينى جێگربوەسوڵتان ئەوە جێگرەكە پايەدارتر دەبێ،بەڵام كە سوڵتان بوەجێگرئەوە لێكدانەوەكەى پێچەوانەيە.

كەبينێ لەخودا بۆتە قازى زيانى پێ دەگا،بەڵام كە ئەوكەسە زاناوشايانى قەزابێ دەگونجێ ببێتە قازى،كە يەكێ لەقازيە ناسراوەكانى بينى ئەوەتووشى خێرێک دەبێ،كەقازيەكەنەناسراوبووبڕيارێكى بۆدا،بڕيارەكە دێتە دى،كە قازى بينى تەرازوى بەدەستەوەبووئەوە حوكم دەكا بە حەق،كە قازى لە پەناى خۆى دانايان بردى بۆبەرزاييەک ئەوەپايەداريە،لەوانەيە بينينى قازى بەڵگەبێ لە چوونە دادگا، كەنەخۆشێک ديتى قازى ناردويەتى بەشوێنى دائەوە مردنە.

كەبينى بۆتە زاناوخەڵک ڕويان تێ يەتى،ئەگەرئەوكەسە نەزان وهيچ لەبارانەبووبێ بەڵگەيەلەوەى كە لەبەرچاوى خەڵک زۆربێ ڕێزوسوكايەتى پێ كراوە،بەمەش پلەى زاناى بۆدەنوسرێ،بەڵام كەزانابێ ئەوە پايەداريە،

كە زانايەكى بينى وقسەى لەگەڵ كردئەوە زانستێكـە پێ ى دەگا،كە زانايانى پێشووببينێ لەشوێنێک ئەگەرخەڵكى ئەوشوێنە پەژارەودەردو وگرانى يەكيان هەبێ ئەوەلەسەريان لادەچێ،ئەگەر تێگەيشتويەک ببينێ ئەوە دڵ خۆشيە،بەڵام كەنەى ناسى ئەوەكەسێكى باشە كەدێ بۆئەوشوێنە،كەبينى بۆتەزاناوشايانيش بێ ئەوە پايەداريە،كەشايانى پۆست بێ ئەوەپۆستە،كەبينى قزانايەک نەزان بۆتەوە ،ئەوە ئەوكەسە خێرى تێدانيە.

كە يەكێ لەوەليەكان چاكەكارانى بينى ئەوەخێرێكى گەورەيە،خەم لاچوونە،شاديە،دەرچوونە لەترس بۆ دڵنيايى،كە بينى جلەكانى لەبەركردن يان كێشەكەى پێ گوتن،يان لەگەڵيان دوائەوەھەمان لێكدانەوەى پێشووى هەيە.

كەبۆ وەليمەى ناسراوێک بانگ كرائەوەپايەداريە،بەڵام كە وەليمەى نەناسراوێک بێ ئەوە كارێكى خراپە.

كە پياوێكى ناسراوى بينى كارێكى دەكرد،ئەوە لەوانەيە هەمان پياو يان كەسێک ناوى وەک ناوى ئەوە كارێكى بەسووددەكا،بينينى پيرونا‌سراوى وسەروڕيش ماش وبرنجى خێرە،كەنەناسراوبووئەوە مەبەستەوئامانجەكەيەتى،ناتەواويان ناتەواويە لەئامانجەكەى، ڕووى گەش وگەنج بينين مژدەيە ناسراوبێ يانا،كۆمەڵێک بن يان تاكێک،گەنجى نەناسراوى ناشيريندوژمنە،ناتەواوبێ كەميە لە دوژمنەكەى،

كەپيرەژنى ديت ئەوەدنيايەوپشتى هەڵكردوە،كەبينى خزمەتى دەكائەوەخزمەتى دنياى پشت هەڵكردوە،كە جوان وداپۆشراوو گەنج بێ،ئەوەدنيايەكى باش وحەڵاڵە،كە بە دووڕوان بچێ ئەوە دنيايەكى دووڕوە،كە چڵكن وبێ بەرگ وناشيرين بێ ئەوە دنيايەكى كەم ودين بەرە،كەژنێكى جوان بێ بيدوێنێ ولەگەڵى پێبكەنێ ئەوەسالێكى بە فەڕوشادى وباراناويە،كە هەژاربێ دەوڵەمەنددەبێ وكە گيراوبێ ئازاددەبێ،كەژنێكى دى دژايەتى دەكردوژنەكە تۆرا ئەوە بەشێک لە

دنیای لەدەست دەچێ،کەژنێکی لاڕێ وداوێن پیسی دیت ئەوە دنیایەگکە بەبێ ڕەوشتی نەبێ دەستی ناکەوێ،

کە بینی ژنەکەی لەگەڵ کەسێکی تر‌ەولەڕاستیشدا هیچ کێشەیەکی لەگەڵی نەبێئەوە ماڵ ودنیایەکەی لەگەڵ ئەوکەسە یان هاوشێوەکەیەتی،،کەبینی ژنەکەی ژنێکی تری بۆهێنائەوەلەگەڵ ژنەکەی جیادەبێتەوە یان ژنەکە دەمرێ،کە بینی ژنەکەی لەکۆڵی کردوە ئەوە لەڕێ ی ژنەکەی دەوڵەمەنددەبێ،کەبینی ژنێکی جوانی هەڵ گرتوە،کەنەخۆش بێ چاک دەبێتەوە کەخەمی هەبێ دەڕوا کە بینی ژنەکەی بانگی پیاوێک دەکا کە ئاوس بێ کوڕی دەبێ،کە دوگیان نەبێ سودێکی پێ دەگا،کە بینی ژنەکەی پیربوە ئەوە خێری پێوەنەماوە،کەبینی جوانتربوە ئەوە دین ودنیای زیادی کردوە،کەبینی ژنەکەی داوێن پیسە وناشیرینە ئەوە دنیاکەی و کارەکەی حەڵاڵ نیە بەڵام بەمەرجێ لە ڕاستیدا ژنەکەی باش بێ وگومانی لەونەبێ،کە بینی ژنەکەی عابد ودنیانەویستە ،ئەوە ژیانێکی بەقەناعەت وچاوتێری ڕادەبوێرێ.

کەژنێکی نەناسراووناشیرینی بینی یاماچی کرد یالەگەڵی جووت بوو ،ئەوەشتێکی لەدەست دەچێ،کە کۆمەڵە ژنێک یان دانەیەک لە شوێنێک بانگی کردئەوە بوختانێکە پێ ی دەکرێ وئەوبێ تاوانە وسەردەکەوێ،کە ژنی زۆری دیت کە دژایەتی یەکتردەکەن ،ئەوە بەریەک کەوتنی دنیای خەڵکیە،کەبینی ڕێکن پێکەوەگونجانی دنیای خەڵکە.

بینینی منداڵی ناسراوودڵ خۆش کەرخێرە وبەهرەیە،بەڵامنەناسراوو ناحەزوناشیرین باش نیە،،کە کەسەکە بینی لەخەوندا گەنج یان منداڵ بۆتەوە ئەوە شادی بۆ نوێ دەبێتەوە ،یالەدین ودنیای کەمی دێنێ، یان دەمرێ.

کە منالێکی بچوکی بینی ئەوەمژدەو مولکە ،خەم ڕەوینەوەیە،نەمانی ترسە،بینینی منداڵێک خەریکی یاری کردن بێ باش نیە،کچی بچوک خێرە.

كەبينى كۆيلەكەى ئازادكرد ئەوە يان كۆيلەكە دەمرێ،يان خەونبين خێرێک دەكا،كە كۆيلەكەى زلّەى لێدا ئەوە كۆيلەكە ئازاددەبێ،تێكەڵ بون وقسەكردن لەگەڵ كۆيلەونۆكەر زيادبوونى ماڵ وسامانە،،فرۆشتنيان توش بوونى خەمە، كە بينى خۆى بۆتە كۆيلە هەژارو‌ديل دەبێ.

كە بينى بۆتە خاوەن كەنيزەک ئەوە قازانجێكى زۆرە تاژمارەيان زيادوجوانتروگەشتربن قازانجەكەزياترە،كە بينى ڕووتن يان ناتەواون باش نيە،،كەبينى كەنيزەيەكى سپى كڕى ئەوەقازانجە،بەڵام كەزەردبوو ئەوە دەردوبەڵايە،كە ئەسمەروڕەش بوو ڕەوينەوەى خەمە،، كەبينى هەرجۆرێكى كەنيزە دەفرۆشى ئەوە توشى هەژارى دەبێ وخانوەكەى دەفرۆشێ،هاتنى كەنيزەكى جوان خێرەو هى ناشيرين خراپە،ديتنى كەنيزەكى داوێن پيس كە خۆى بۆ خەڵک نمايش بكا ،ئەوە فيتنەوپشێويە لە ناوخەڵک پەيدادەبێ.

بينينى كەسێكى ستەم كارێكى ناسراوكەخەريكى ستەم بێ،ئەوە سوربوونى ئەوستەم كارەيە لەسەر ستەم كردن،بەڵام كەستەم كارەكە كارى باشى دەكردوخەڵک لێ ى ڕازى بوو ئەوە دەگەڕێتەوە،يان لێكەوتنيەتى لە دەسەڵات،كە ديتى ستەمەكەى زيادى كرد ئەوە نيشانەى كۆتايى هاتن و لەناوچونيەتى.

كە بينى ئەو بۆتەستەم كارئەوە يان ستەمى لەخۆى كردوە يان لە ڕەاوكردنى بەرژەوەندى خۆى وخەڵكى كەم وكوڕى هەبوەيان ستەمى لەخەڵكى كردوە،كە ببينێ لەخەودا ستەم لەكەسێكى ناسراودەكا ئەوە ئەوكەسە ستەم لێكراوە بەسەريدا زاڵ دەبێ،وەكەببينێ يەكێک ستەم لەودەكا ئەو ەئەوكەسە پێويستى بە ئەودەبێ ،كەبينى ئەو ستەمى لە پياوێكى دەوڵەمەندو ناودارکرد ئەوەلەو ناوداڕەوە زيانێكى پێ دەگا، واتە ئەو ستەم لێكراودەبێ،

بينينى بەرپرسى زيندان خەمە،بينينى جەلادى سەرپەڕێن گەيشتنە بە مەبەست بە خێرايى،بينينى قامچى وەشێن كەسێكە بەڵێن دەداودرۆدەكا،بينينى ڕێبڕوچەتە لەدەست چوونى ماڵە،يان كەسێكە دنيات

دەباوپاداشتى دواڕۆژت پێ دەدرێ، كە بينى ڕێگرێكى زۆر كۆبونەوەوبەڵام نەيان توانى هيچى لێ بستێنن،ئەوە توشى نەخۆشيەكى هێزپڕوكێن دەبێ تا سەرلێوارى مەرگى دەبا بەڵام لە كۆتايى دا تەندروستى بۆ دەگەڕێتەوە،كەبينى كۆمەڵێك ستەمى لێ دەكەن ئەوە بەسەردوژمنانى دازاڵ دەبێ،كە بينى دزێك هاتەماڵەوەوسامانى لێ ستاند ئەوە كەسێك لەوماڵە دەمرێ،بەڵام كە هات وهيچى نەبرد ئەوە كەسێك نەخۆش دەبێ بەڵام چاك دەبێتەوە،كە بينى بۆتە ڕێگرو سامان لە كەسێك دەستێنێ،ئەوە ئەوكەسە ژيانى لێ تاڵ دەكا،بەڵام كەبينى چەتەيەوهيچى دەست ناكەوێ،ئەوەتوشى نەخۆشى دەبێ وپاشان چاك دەبێ،كەبينى دزێك لەسەر منارەيەك بانگ دەدا ئەوە ئەودزە بەناوبانگ دەبێ،كە بينى يەكێك لەتاوانباروخراپەكاران كەوتۆتەناوكارەساتێكى گەورە ئەوەئەوتاوانبارە تۆبەدەكا،بەڵام كەلەخۆشى دابوو ئەوەزياترتاوان دەكا،

كەبينى تاوانێكى گەورەى كردئەوەيەكێ لەتاوانە گەورەكان ئەنجام دەدا، كە يەكێ لەخونكاروفيرعەونەكانى بينى چوەناوشارێك يان وڵاتێك ،جائەوزۆرداره زيندوو بێ يان مردوو بێ،ئەوە ستەم كارێك لەو وڵاتە دەردەكەوێ، كەبينى يەكێك شتێكى دابەم زۆرداره ئەوە ماڵێكى حەرامى دەست دەكەوێ لەزۆرداريک،

كە بينى كافر هاتنە ماڵەكەى ئەوە چەند دوژمنێك ودووڕوويک دێنە ماڵەكەى ،كەبينى يەكێ لە كافران بەديل گرتى ئەوەتووشى خەمێك دەبێ،كە بينى ئەوبەبارمتە گيراوە ،يان خۆى كردۆتە بارمتە ئەوە تاونێكى زۆرى هەيەو بارمتەى تاوانەكانيەتى،، كەبينى ئەو كافربوو پاشان مسوڵمان بووئەوە پێشدا سپڵەيەوپاشان سوپاس گوزارەو مەرگى نزيكە،

كە بينى كەسێكى كافر چوەبەهەشت،يان نوێژى كرديان چوەقەڵايەكەوە ئەوە ئەوكەسە مسوڵمان دەبێ،كە نەسرانيەكى بينى ئەوە سەركەوتنيەتى بەسەرناحەزانى دا،كە بينى بۆتە نەسرانى ئەوەميراتى خاڵى يان پورى دەگرێ،

كە بينى بۆتە ڕاهيب يان جولەكە ئەوە بيدعەيەكى گەورەدەكا،كە بينى بۆتە جولەكە ميراتى مام وپورف دەگرێ،كەبوە مەجوسى ئەوەكاروبارى ئاڵۆزدەبێ.

هەركەسێ ئيبليس ببينێ ئەوە دوژمنێكى درۆزن وگومڕاو بزۆز لە بەدكارى بێ ئومێد لەخێر

كە بينى ئيبليس ئامۆژگارى دەكاوئەوڕازيەبەئامۆژگاريەكەى ئەوەزيانێكە لە سامان ولاشەى ئەوكەسە،كەبينى ئيبليس شتێكى دايەئەوەدەستكەوتى ماڵى حەرامە، كە بينى لە ئيبليس دەدا بە شمشێروپاشان هەڵدێ،ئەوە پايەدارى ودادگەريە،كە بينى ئيبليسى كوشت ئەوەبەسەر نەفسى خۆى دازاڵ دەبێ وڕێبازى چاكەكاران دەگرێ،كەبينى دژايەتى ئيبليس دەكائەوە دينداريەكەى دروستە ،كە بينى ئيبليس دەى ترسێنێئەوە لە دينداريەكەى دڵسۆزە،كە ئيبليسى بەدڵ خۆشى بينى ئەوە بە ئارەزوەكانى يەوە خەريكە،كە بينى ئيبليس جلەكەى داكەند ئەوەلە پۆستەكەى دەردەكرێ، يان كەم وكوڕى يەكانى بۆخەڵک دەردەخا،كەبينى ئيبليس دەى پارێزێ ئەوەڕيباوسووخۆرە ،كە بينى ئيبليس چاوى لێ دادەگرێ ئەوەكەسێک ژنەكەى تاوانباردەكا بە داوێن پيسى ،يان گومڕاى دەكا،كەبينى شەيتان خواردنى پێ دەدا ئەوە دەستكەوتێكى لە ستەم كاردەست دەكەوێ،كە شەيتانەكانى كوشتن سەردەكەوێ ،كە شەيتانەكانى لەژێردەست بوون وگوێ ڕايەڵى بوون ئەوە دەبێتە خاوەن پايە وهەيبەت.

كەبينيب جنى وەسوەسەيان بۆدروست كردئەوە خەريک بونيەتى بە گوێ ڕايەڵى وپەرستن،كە جنيەک جلەكەى فڕاندكە كارێكى هەبوو لێ دەخرێ،كە جنى ڕاوى بنێن ئەوە دوژمنن وبەسەريدا زاڵ دەبن، كە بينى ئەوبەدەستى جنەوەيە ئەوە ڕەوانبێژە،كەبينى قورئان فێريب جن دەكا ئەوە پايەيەكى پێ دەدرێ، هاتنى جنى بۆناوماڵ واتە دزێک دێتەئەوماڵەوە،كە بينى دوژمنايەتى جن دەكا،كەنەخۆش بێ دەمرێ،كە داواكراوبێ دەگيرى،كە زۆرەبانى لەگەڵ جنيەک كردئەوەدژايەتى كەسێكى لێزان دەكا

بينينى سيحباز واتە بڵاوبونەوەى قسەى درۆو بەتاڵ وناحەق وئاشوب وكارى بەدە،كەبينى دەيەوێ سحربكاوكەچى ناتوانێ ئەوەدەيەوێ فێڵـ لەيەكێ بكاوناتوانێ،،كەبينى ساحرلەشوێنێک كۆبونەوە وخەريكى كارێكن،ئەوانە دوژمنن وخەريكى تەڵەكەو پيلانێكى گەورەن لەوناوچە با وريابێ، كەبينى يەكێ سحرى خۆشەويستى لە يەكێكى تردەكائەوەيەكەم بەسەربيروهۆشى دووەم دازاڵ دەبێ، گۆڕينى دين لە خەودا واتە كردنى تاوان وژێردەست بوونە،ئاگرپەرستيفيتنەى دەسەڵات دارە،كەئاگرەكە كوژاوەبێ ئەوە داواكردنى ماڵى حەرامە،پەرستنى پەيكەرى تەختە نزيک بونەوەيە لە ماڵى دنيابەدووڕوويى ،كە بتەكە زيوبێ نزيک بونەوەيە لەدنيا بەبەكارهێنانى ژن،كەلەبەردبێ گەيشتنە بەدنيابە دڵ ڕەقى،،

كەبينى لەخەواپيربووە ئەوە دين داروچاكەكارە،كەپيربوەوەمنداڵ ئەوە كارى سەرشێتانەدەكا،،كەژنێكى پيربينى گەنج بۆتەوە ئەوەدنيادڕووى تێ دەكا،كەنەخۆش بێ چاک دەبێتەوە،كە بينى ڕوو گەش وجوان بۆتەوە مردنى نزيكە،كەبينى درێژبووە ئەوەتەمەنى درێژدەبێ،كە بينى كورت بۆتەوە ئەوە خانوەكەى يان وڵاخەكەى دەفرۆشێ ،يان لە پۆستەكەى دەردەكرێ ،يان ڕەنجەڕۆدەبێ،كە لاوازى لەهەستەكانى بوو دين لاوازبوونە، كەبينى بۆتە ژن و دامێنى ژنى پێوەيە ئەوە مل كەچ وبێ ڕێز وسەرشۆڕدەبێ ،كە ژنێک بينى زەكەرى هەيەيان ڕيشى هەيە، كەكوڕى هەبێ بۆكوڕەكەى دەگەڕێتەوەو دەبێتە سەرۆک،كەدووگيان بوو كوڕى دەبێ،بەڵام كەكوڕى نەبوو ودووگيانيش نەبوو ئەوە منداڵى نابێ،كەبينى بۆتەپياوو ژنى هێناوە ئەوە پۆستى پياوان بەڕێوەدەبا،يان ناشيزەو بەپياوان دەچێ ،

كە يەكێ ببينێ كلک وقۆچ وسم ودەنوک وباڵ ولوتى درێژى وەک ئاژەڵان هەيە هەموو ئەمانەباشن وخێرن ودەسەڵاتن ،بەڵام كەبوە گياندارێكى گۆشت نەخوراو ئەوەسەرشۆڕدەبێ،يان لەكارەكەى لێ دەخرێ،كەبينى بۆتە بۆق ئەوەدەبێتە كەسێكى عابد،كە بينى بۆتە يەكێک لە گياندارە مەسخەكان وەک ورچ وفيل ومشک و،،هتد ئەوە تورەيى الله گرتويەتى ،كەبينى بۆتە جاڵجاڵۆكە ئەوە عابدو تۆبەكارە، كەبينى بۆتە

ئاسن ئەوە تەمەنى درێژبووە ،كە بينى بۆتە گڵكاروفەخفورى ودەفرى شووشە ئەوەتەمەنى كورتە،ئەگەربينى بۆتە پرد وبەنداو ئەوە دەسەڵات وپايە داربوون وزانايية كە ئاسانكارى بۆخەڵک دەكا،،كەبينى بۆتە يەكێک لەكانزاكان ئەوە شتێكى بەسودبۆخەڵكى دادەهێنێ-هەڵبەت مادەى پردەكە لە پەڕۆو تەختە وئاسن وزێڕو زيو وپێک هاتەى هەرمادەيەک كەسايەتى ئەوكەسە كە بينيويەتى-..

جامع تفاسير الاحلام - 192/56

جامع تفاسير الاحلام - 192/69

كە بينرا كەسێک كەسێكى كوشت بەڵام هيچ ئەندامێكى نەبڕى،ئەوەكوژراوەكە خێرى لەم بكوژە بۆدێ وبكوژستەم كارە،كوشتن تەمەن درێژبوونە بۆكوژراو،كە ديتى كوژراونەيزانى كێ كوشتى ئەوە پابەندى بەدينەوە كەمە،كە بينى كوڕى خۆى كوشت ئەوە ماڵى حەڵاڵى دەست دەكەوێ بەڵام ستەم لەمناڵەكەى دەكا،كەبينى كەسێكى كوشت وخوێنى لێ ڕۆيشت ئەوە خوێنەكە سامانەكەيەتى بۆ بكوژدێ،كە بينى كەسێكى كوشت بەڵام ئەوخوێنى لێ هات ئەوە كوژراو سودمەندە وبكوژ زيانى پێ دەگا،كە شتێكى كوشت ونەيزانى چيە ئەوە دوژمنەكەى لەناودەبا،كە بينى خۆى كوشت ئەوە تۆبەدەكا ،كەبينى كۆمەڵێک ئەويان كوشت ئەوە خێرێكى لە دەسەڵاتەوەپێ دەگا،كەبينى كۆمەڵێک يەكتردەكوژن ئەوە بيدعەيەكيان تێدابڵاودەبێتەوە.

كەبينى لەخاچ درائەوە پايەى بڵنددەبێ،كەمردوى لەخاچ دا،ئەوە بۆدنياباشەوبۆ قيامەت خراپە، كەبينى لە خاچ دراوەونەيزانى كەى لەخاچ دراوە ئەوەماڵێكى لەدەست چووى بۆدەگەڕێتەوە.

دەگوترێ كەلەخاچ دان بۆزەنگين هەژاربوونەوبۆهەژار زەنگين بوونە، كەبينى كۆمەڵێک لەخاچى دەدەن ئەوەدەبێتە سەرۆكيان ،كەبينى خۆى

لەخاچ دائەوەدەبێتەپێشەنگی خانەوادەکەی،بەڵام کەلەخەونەکە ڕویان تێ بێ ئەوەگوێ ڕایەڵ دەبن،بەڵام کەپشتیان تێ بێ یاخی دەبن،کەبینی پەتی لەخاچ دانەکەی پسائەوەپایەکەی لەدەست دەچێ.

کە جەنگی بینی لەنێوان دەسەڵات دارەکان ئەوەهاتنی پشێوی ونەخۆشی یە لەناوچەی ئەوسوڵتانانە کەجەنگ دەکەن،کەجەنگ لەنێوان پاشاوژێردەستەکانی بوو ئەوە نرخ هەرزان بوونە،کەجەنگ لەنێوان میللەت دابوو ئەوە چاکسازیە،کە کۆمەڵێ سەربازی بینی ئەوەسەرکەوتنی حەقە، کەدوولەشکر جەنگیان کرد ئەوەی سەرکەوتوە لەخەوندا ئەو شکاوەوئەوی تربراوەیە.

کەبینی کەسێک سەردەبڕێ ئەوەستەمی لێ دەکا،کە خزمایەتیان لەنێوان بووسەری بڕی وخوێنی نەدی ئەوە پەیوەندی خزمایەتیان پچڕاوە،کە خوێنی دی ئەوە پەیوەندی هەیە،کە خەڵکی سەربڕاوی بینین ئەوە کەسانی گومڕان،سەربڕین بە گومڕاکردن وبەنەزان سەیرکردن وسوکایەتی کردن ولێک هەڵوەشاندنی خەڵکە،کە بینی ژنێکی سەربڕی ،ئەوەلەگەڵی جووت دەبێ،کە ئاژەڵێکی مێ ینەی سەربڕی ئەوەلەگەڵ ژنێک جووت دەبێ،کەژنێک بینی سەریان بڕی ئەوە شوودەکا.

کەبینی پێستی یەکێکی داماڵی ئەوەماڵەکەی دەبا،هەروا کەوڵکردنی ئاژەڵیش دەست کەوتە،کە بینی کەوڵ دەکرێ وئەندامەکانی بڵاونابێ ئەوە قسەی بۆهەڵدەبەسترێ وزیانی پێ دەگا،کەبینی بەمشار ڕادەهێنرێ ولەت دەکرێ ئەوەیان برایان خوشک یان منداڵێکی دەبێ ،کەبینی بەهێواشی کەوڵ دەکرێ ئەوە ژن دێنێ،لەوانەیە مردنێکی هێواش بێ.

کە بینی بەقەمچی لێ ی دەدرێ وقاچ ودەستی نەبەستراوە ئەوە ماڵی حەرامی دەست دەکەوێ،کە بینی پاشایەک بەدەست لێ ی دەدا ئەوەدایدەپۆشێ،کەلە پشتی بداقەرزەکەی دەداتەوە،کەلەسمتی دا ئەوەژنی دەداتێ، کە بەتەختە لێ ی دا ئەوە ئازارێکی لە پاشاوە تووش دەبێ،لەوانەیە لێدانەکە ئامۆژگاری وسەرکۆنەبێ،یان دوعابێ ، کەبینی ئەولە پیاوێک دەدا ئەوەدوعای لێ دەکا،کەبینی بەبێ قەمچی لێ یدەدەن

وشوێنەواری لێدانەکە دیارە ئەوەخێرێکی توش دەبێ،بەڵام کەشوێنەواری نەبوو ئەوە خەڵک قیەی پاشملەی پێ دەڵێن،

کەبینی نەیزانی چۆنی لێدراوە ئەوە خێرە ،بەڵام دەست بەستران واتای قرچۆکیە،دەگوترێ پیاوی باش دەستی لە سەرپێچی بەستراوە،

کە بینی قاچی بەستراوە کەئەوکەسە لەسەرخێریانشەڕبێ، ئەوە خێرەکەی یان شەڕەکەی بەردەوام دەبێ،کە بینی ئاژەڵێک یان مرۆڤێک یان درەختێک دەبەستێتەوە ئەوە ئاگادارببوونە وزۆربەیان باش نین،گەڕێدانی دوومرۆڤ بەیەکەوە واتە بەیەکیان بەراورددەکا لە باشیوخراپی دا.

کۆتی مل نیشانەی ناسوپاس گوزاریەوچارەنوس بەدیە وچروکی وبەندبوونە،زنجیرکان تاوان باریە،قەیدوپێبەند پابەندبوونە بەکاری چاک،کەسێک بینی چوار قەیدی لەقاچ کراوە ئەوەچوارمندالّی دەبێ،

کەبینی چوە زیندانێکی نەناسراو ئەوە دەچێتەگۆڕەوە،بەڵام کەزیندانێکی ناسراوبوو ئەوەپەژارەوزیانە،کە خەون بین نەخۆش بێ ئەوە نەخۆشیەکەی درێژەدەکێشێ،

کە بینی لە ماڵێکدابەستراوەتەوەئەوەخێرێکی دەست دەکەوێ،کە ژنێک دیتی دەچێتە ئەوەمێرد دەکا،کە بینی لەشوێنێک ئیفلیجەودەستەوستانە ئەوە لەبەدکاریەک گێڕدراوەتەوە،کەدیتی لە دیلی دەرچوو ئەوەلە هەژاری،دەرد،خەم ،قەرز،بەڵێن وپابەندیەک کەلای گران بوو دەربازی دەبێ ،کەهیچ لەمانەی نەبوو ئەوە لە زیندانی جیهان بۆ بەرزەخی مردن دەربازی دەبێ، دیلی لەخەون دا بەرزی وئیمان داریە چونکە دنیا زیندانی ئیماندارە.

کەبینی جنێوبەکەسێک دەدائەوە سودی پێ دەگەیەنێ ،بەتایبەت کە جنێودەر دەسەڵات داربێ،کەبینی پیاوێکی چاک جنێوی پێ دەدا ئەوە خراپەیەکی کردوەودەبێ بگەڕێتەوە،بەڵام کە ئەوجنێوی بەپیاوچاک دەدا ئەوەگومڕاییە.

كه بينى لەگۆشتى مرۆڤێكى ناسراودەخواوخواردنەكه شوێنەوارى هەبێ ئەوەله ماڵى ئەوكەسەى دەست دەكەوێ،بەڵام كەشوێنەوارى نەبوو ئەوه غەيبەتى كردوه،كەبينى گۆشتى خۆى دەخوائەوه دەسەڵاتى بەسەرخۆى دادەبێ،كەگۆشتى دوژمنەكەى خوارد ئەوەبەسەرى داسەردەكەوێ.

تطوير جامع تفاسير الاحلام - 192/108

جامع تفاسير الاحلام - 192/113

كراس له خەوندا بۆ پياوژنەوبۆژن پياوه،يان حاڵ وبارى ژيانى گوزەرانى مرۆڤه،يان دين وئيمانيەتى،تەنكى وتەسكى وئەستورى وفراوانى وكورتى ودرێژى كراسى مرۆڤ بەئەم سێ شته لێک دەدرێتەوه ،يان حاڵى هاوسەرەكەى يان گوزەرانى يان دينداريەكەى.

جل وبەرگى تايبەت به چين وتوێژەكان وەک جلى سۆفى وبازرگان وسوڵتان وپياوى دين وسەربازو،،هتد ئەوه لەو چين وتوێژوپيشه سودێک يان ئەركێكى بۆدەبێ ،بەپێ ى ڕەنگ ودرێژى وكورتى وتەسكى وپانى بەرگەكه،جلى نوێ ژنى نوێ وحاڵى نوێ ومژدەودين نوێ بونەوەيه،جلى بێ گيرفان ويەقه كفنه،كەنەخۆش بێ واتاى نزيكى مردنه، شەڕواڵ وپێش كۆش كەنيزەيه ،كەبينى لەناوپانتۆڵ وپێش كۆشەكەى دەست نوێژى شكاوپيسيان بەركەوت ،توش بوونى كەنيزەكانيەتى،

-لەڕاستيدا كراس نابێته ژن ،كراس دينى مرۆڤه ،بەڵام شەڕواڵ وپێش كۆش هاوسەرى مرۆڤه نەک كەنيزه،-

كوڵاوو كۆچک وكڵێته و مێزەرى ديباج وئاوريشم ئەوه تاج وپايەودەسەڵاته،كه بينى هەندێ لەوبەرگانى لێ ستێنرا،يان سوتان يان دزران ئەوه لەدەست چوونى پلەوپايەيه ،كەپيس بوون ئەوەخەم وپەژارەيه بەهۆى دەسەڵاتەوه،دڕان وپينه وكۆنى لەهەرپارچه جلێک دا بەهەژارى ولەدەست وچوون ولەكەداربوونى ئەوشتەلێک دەدرێتەوه كه پارچەجلەكەى پێ لێک دەدرێتەوه، فرۆشتنى جلى كۆن بۆ فرۆشياريباشه نوێ بونەوەوگۆڕانەو بۆكڕيار حاڵى وەک خاوەنى كۆنه جلەكەى لێدێ له دين،گوزەران،ئيش،هاوسەرێتى ،،،هتد

ڕەنگى سەوز دينداريە،ڕەنگى سوور خوێن وجەنگە،يان پلەيەكى سەربازيە،بۆژن شوكردنە،ڕەش خەمباريە،ڕەنگى شين بێ دينيە، ڕەنگى زەردنەخۆشيە.

جلى حەرام وبێزێنراو وەک جلى پياو لەبەرئافرەت ،يان جلى دينێک بۆ دينێكى تر، لێكدانەوەى دۆستايەتى وبۆچوونى بەپێ ى ئەو جلە لێک دەدرێتەوە.

جلى خورى باشترين جلە وهێمای دين داريە،لۆكەومەرەزومو لە خورى نزمترن،-ئەم تێڕوانينە بۆ ڕيزبەندى مادەى پێک هێنەريجل وبەرگ وڕەنگەكان تێڕوانينێكى كۆنە ولەزۆربواردا بۆ ئێستا ناگونجێ-

جلى نەگونجاووحەرام بۆوپارچەى كە لە خەوندا هاوسەردەنوێنێ لەوانەيە گرێبەندى هاوسەرگيريەكەى حەرام بێ، يان دانەمەزرابێ ،يان ڕێگرێكى حەرام هەبێ لەوهاوسەرگيريە وەک شيرخۆاردن ،هاوكوف نەبوون،بيروباوەڕوپابەندى دينى،،هتد

كەواوڕيداوسەڵتە بۆپياودين ودەسەڵاتيەتى،بۆيە ئەستورى وتەنكى وكورتى ودرێژى و هەرشتێک بەسەرى بێ لە دڕان ودزران ولێداماڵران وپيس بوون و پێچەوانەكانيشى كاريگەرى لە سەرخەونەكە دروست دەكا.

مل پێچ بە ژن لێک دەدرێتەوە، لێسران ونەمانى ،واتە نەمانى ژنە،تەى لەسانيش پياوەتى پياوە،بەڵام جامەدانە وعەمامەوتەيلەسان بە دەسەڵات وپايەدارى لێک دەدرێتەوە،كەژنيش ئەمانە لەسەرسەرى خۆى دانێ لەخەودا ئەوە كوڕى يان مێردى يان براكەى دەبێتە سەرۆكى بنەماڵەكەيان، ڕووپۆشى ژن لەخەون دامێردەكەيەتى،كە ڕوپۆشەكە فراوان بێ بارى ژيانى مێردەكەى باش دەبێ،كە ڕووپۆشى لێستێنرا،ئەوە مێردەكەى دەمرێ،يان تەلاقى دەدا،كەسوتا پياوەكەى توشى زيان دەبێ،كەلەناو كۆمەڵێک خەڵک ڕوپۆشەكەى دانێ ئەوە ئاوى ڕوى دەڕژێ،كەبينى بەسەرڕوتى لەبازاڕدەسوڕێتەوە،ئەوە مێردەكەى دەمرێ،

كە بينى ڕوپۆشێكى نائاسايى وجامەدانە لەسەردەكائەوە شوێكى باش دەكا، كە پياوێك دى نيقابى ژنەكەى لەسەرى خۆى پێچاوە ئەوە ئابڕوو چونێكى توش دەبێ،

ڕووت بونەوە لە خەودا يەكلابونەوەيە بۆكارێك كە خەريكيەتى،كەبينى لە بازاڕ ڕووتەوعەورەتى دياردەئەويش شەرم دەكا ئەوە ڕووى ڕاستەقينەى كردەوەكانى بۆ خەڵك دەردە كەوێ جاباش بێ يان نا.

بينينى پێڵاوى ڕاست گەشت كردنە،كە بينى پێڵاوى نيە،ئەوە بێ ژن بوونە،كە پێڵاوى نوێ ى لەپێ كرد ئەوە كچێك دێنێ،كە پێڵاوەكە دڕاوو كون بوو ئەوە بێوەژنە،كە بينى پێڵاوێكى بزربوەو بەپێڵاوێك دەڕوا ئەوە هاوبەشى كارى يان براكەى لە گەشتێك دا لەدەست دەدا،يان كۆيلەكەى بزردەبێ وڕادەكايان ژنەكەى دەڕفێنرێ،كە بينى لێ ى دزرايان لێى سێنراوپاشان بۆى گەڕێنرايەوە ئەوەژن وكەنيزەكەى دەڕفێنرێ ودەست درێژيان دەكرێتەسەروپاشان بۆى دەگێڕدرێتەوە،

كەسێك بينى خوفى لە پێ يەولەبێداريشدا خوفى لە پێ نەدەكردئەوەترس وبيم وزيندانە،يان دووژنن،يان پارێزەرە لە ناخۆشى ،يان گەشتە بەدەريادا،كە يەكێ لە خوفەكانى لێ داكەنراوسوتێنرا ئەوەنيوەى ماڵەكەى دەڕوا،كەبينى گۆرەوى لە پێ يە ئەوە پارێزەرە وزەكات دەروخێربەخشە،

كەبينى جلێك دەچنێ ئەوە گەشتە،كەچنى وهەڵى وەشاندەوە ئەوەكارەكەى كە خەريكيەتى كۆتايى دێ،كە چنينەكە ناتەواببوو،كارەكەى تەواونابێ،لەوانەيە چنين تەمەن بێ ،تەواوبوونى چنين كۆتايى تەمەن بێ،كەبينى خەڵک لەماڵى ئەوجۆڵايى دەكەن، ئەوە دژايەتى خزم وكەسەكانى دەكا .

ڕستن وهۆنينى گوريس ودەزوو ئەوەگەشت كردن وگرێبەستى كارێكە لە هاوبەشى كاروكارگەو ژن ومێردى ،كەبينى پابەندە بەپەتێک لەئاسمان دابەزيوە ئەوە دەسەڵاتى دينى پێ دەدرێ،

كەبينى پەتى لەشان كراوەيان لەپشتى يان لەقەدى،ئەوە بەڵێنێكى لە ئەستۆدايە.

بەڵام ڕستنى خورى وموو كەرى پياوانە،گەشت كردن وقازانجە،ڕستنى لۆكەوكەتان ڕستنى ژنانە ،كەلەخەواكردى وەك ژن سوكو سەرشۆڕدەبێ،كارێكى حەڵاڵە بەڵام نەنگيە بۆپياوان ،كەبينى ڕيسەكەى دەكاتەوەخورى ،ئەوەلە بەڵێن وپەيمان پاشگەزدەبێتەوە،كە ژنێك بينى دەزگاى ڕستن وتەشى پێ درائەوەكچێكى دەبێ.

-ئەم تێڕوانينە دەرى دەخا لەكۆندا هەرچى زووربوە پياوڕستويتى وچنيويەتى ولەبەرى كردوە،هەرچى نەرم بووە ژن كردويەتى، كارى ژن بە نەنگى سەيركراوە ،بەڵام ئەم لێكدانەوە ئەمڕۆ ڕاست نيە،يەكەم كارى ڕستن وچنين جيانەكراوەتەوە،دووەم ئافرەت وژن سەروەرى لە پياو كەزياترنەبێ كەمترنيە -

بينينى ئاوريشم ماڵى حەرامە،ولۆكە وخورى وموو وكەتان ماڵى حەڵاڵن،

بەرگدروويى لەخەوندا،كەببينێ بەرگى خۆى دەدروێ ئەوەكاروبارى كۆدەبێتەوەوكارى چاك دەبێ،كە بينى جلى خەڵكى دەدروێ ئەوە ئامۆژگارى خەڵك دەكا،كەبينى جلى ژنەكەى دەدروێ ئەوەتوشى دەردوبەڵادەبێ، كە بينى دەرزيەكەى شكايان لێى ستێنرا كاروبارى پەرتەوازەدەبێ،كەلێ ى بزر ببێ خەريک دەبێ پەرت ببێ وبەڵام پەرت نابێ،كە بينى سەتڵێكى بەدەستەوەيە كە دووگيانێک لەوماڵە هەبێ كوڕى دەبێ،كەكەس دووگيان نەبێ ئەوە سەفەركردنە،

كەكەژاوێكى بينى ئەوە دەسەڵاتە ، كە ڕەشماڵێكى بينى ئەويش دەسەڵاتە،يان ژنە يا كارێكە لە حكومەت ،كە خێوەتەكە لە كەلێن وئەشكەوت دابێ ئەوە قەبرە،

كە بينى فەرشێكى ڕاخراوە ئەوەڕزقى زۆروتەمەن درێژيە،كە فەرشەكە تەسک وئەستوربوو ئەوە تەمەنى درێژوڕزقێكى كەمە،كە ڕاخراوەكە تەنک ودرێژبێ ئەوەتەمەن كورت ودەوڵەمەنددەبێ،كە بينى ڕاخراوێكى نەناسراولەشوێنێكى نەناسراولەناوگەلێكى نەناسراوى بۆڕاخرائەوە لەگەل وولاتى دووردەكەوێتەوە،كە بينى لەسەر حەسيردانيشتوە ئەوە پەشيمانيەلە

كارێک،كە حەسيرى لەخۆى پێچائەوە بە هەژارى ومەينەتى گەمارۆدەدرێ،

بەلام مافوروڕاخراوى ناسراوژنە،هەر كەم وكوڕيەک لە فەرشەكە هەبێ ئەوە كەم وكوڕيە لە ژنەكەى دا،كە ڕاخراوەكەى وازلێ هێناوچوەسەر ڕاخراوێكى دى ئەوە ژنەكەى وازلێ دێنێ وژنێكى تردێنێ،كە سەگێک يان دڕندەيەكى لەسەرجێگاوڕاخراوەكەى ديت ئەوە ژنەكەى ناپاكەوداوێن پيسە.

پشتى وسەرين لەخەوندا خزمەت كارە،كە سەرينەكان جوان بوون ئەوە خزمەتكارەكان كارێكى دڵسۆزانە دەكەن،كەبينى لەسەرسەرين دانيشێ ئەوە ژنى نابێ وتەنيا كەنيزەكى دەبن،

قەنەفەوكورسى نزيک كەوتنە لە دەسەڵات وپلەوپايەيە،كە ناسراوبێ لە پاشاى ناسراوەو نەناسراويش لە دەسەڵات دارى دووڕە وڵاتيە،كەبێ ژن بێ ژن هێنانە،بۆژن مناڵ بوونە،كورسى بێ ڕاخەر گەشت كردنە،،بينينى شكانى كورسى مردنە،يان ژنەكەى دەمرێ،كە نەخۆشێک ديتى لەسەر كورسى هەڵ گيراوە،ئەوە دەمرێ ولەسەرتابووت هەڵدەگيرێ،

كە كورسيەكى لەئاسمانەوە پێ بەخشرا،ئەو مۆڵک وزانايى وئارامية پێ ى دەدرێ.

بينينى تابووت ژنەكەيەتى،يان حانوتەكەيەتى،كە گۆڕانێک لەتابوتەكە هەبوو ئەوە گۆڕانێكە لە ژنەكەى يان حانوتەكەى،

كە كيس وتورەكەوهەمبانەيەكى دى ،ئەوە دەفرە لەوانەيە ئەودەفرە دڵ بێ،كەخێروشەڕى تێدايە،كەبينى كيسەكە كونەولێ ى دەڕژێ، ئەوە كيسەكە لاشەى خۆيەتى،ئەوەى تێ ى دايە ولێ ى دەڕژێ ڕوحيەتى،كە بينى كيسێكى بەتاڵى هەڵ گرتوە،ئەوە تەمەنى تەواوبووەومردنى نزيكە،

كەبينى مەسينەوكەتريەكى كڕى ئەوە ژن دێنێ،كەبينى لە دەفرێكى شوشويى شكاوداشت هەڵدەگرێ،ئەوە سامانە،كە پەرداخى لەدەست كەوت وشكاوئاوەكەى مايەوە ئەوە ژنەكەى دەمرێ ومنالەكەى دەمێنێتەوە،

كە مەنجەڵ وقابلەمەوسينى وتەشتى لەشوێنێک ديتن كەئەوشوێنە نەخۆشێکى لێ بێ ئەوەمردنى نزيكە،لەوانەيە ئەمانە كابانى ماڵ بن،

كەبينى چراكەى چاک دەكا ئەوەمژدەيە كە چاوەكانى سەلامەت دەبن،كە مەنجەڵ وقابلەمەكان باش بن ،ئەوە سەرۆک وكابانى ئەو ماڵە بێ كەم وكوڕين،كەترى وتەشت وقاپ وقاچاغ هەموويان ژنن،كە باش بن ،ئەوەژنەكان باشن،

بێڵ وپاچ وبيور خزمەت كارن، كەلەخەون چاک بن ئەوەبۆ باشى خزمەت كارەكان دەگەڕێتەوە.

زێڕ خەمە وماڵ بەرە،دينارەكانى خەم وپەژارەكانن،لەوانەيە پێنج دينارى زێڕ پێنج نوێژەكان بن،دينارێک منداڵێک بێ،يان ناپاكى بێ لەسپاردە،كە مردويەک دينارى دايە ئەوە پارێزرانە لەستەم،كەبينى زێڕدەتوێنێتەوە ئەوە بوختانێكى بۆدەكرێ كەئەو نەيكردوە.

-زێڕى بە ناوەكەى لێک داوەتەوە بۆيە واڕەشبين بوە،لەوانەيە بەڕەنگەكەى كەزەرد واتە نەخۆشى لەخەوندا،بەهەر حاڵ ئەم لێكدانەوانە پێداچونەوەيان دەوێ -

زيو ئافرەتە،بينينى دەرهەم وقاپى زيو شاردنەوەى نهێنيە،يان گەنجينەيە، لەدەست چونى دەرهەمى زيو لەدەست چونى منداڵە،

-لەوانەيە زيو خەم بێ نەک زێڕ،زێڕژن بێ نەک زيو،هەموو ئەم لێكدانەوانە هيچ پاڵپشتێكى بەهێزيان نيە-

كەبينى سامانەكەى دەبەشێتەوە ئەوە يان منداڵەكانى هاوسەرگيرى دەكەن،يان سەرۆكى خێزان دەمرێ،

گەوهەرویاقوت ژن وكەنيزەكە،كە زۆربوون ماڵێكى حەرامە،مرواری پرژاو كوڕن ،بەڵام كە مرواری شاراوە كچن،كە زۆربوون ،ئەوە ماڵ وزانست ولێزانين،بينينى ملوانە يان مرواری پرژاو لەزبڵدان ئەوە دانانى شتى بەنرخە لە غەيرى شوێنى خۆى وفێركردنى كەسانى ناشايانە بە

زانست،تەنيا يەک مرواری منالّێکە ،کەژنەکەی دووگيان بێ منالّێکی جوانی دەبێ.

-ئەوەتا مروار وگەوهەروياقوت کەزۆر لە زێڕ بەنرختزن لێرە کرانەوە ژن وکەنيزە، کەچی زێڕ نکرانە ژن وزيو بەژن لێکدرانەوە،کەواتە ئەو لێکدانەوانە ميزاجين و هيچ هاوکێشەيەکی زانستی يان نيە-

زومرود برايە،يان زرادەرە، خرزو گەوهەر خزمەت کاروبەردەستی دلّسۆزن،ملوانە لە هەر شتێک بێ هەرلەزيو تامرواری ئەمانەت بەئەستۆگرتنە،

گوارە دەسەلّاتە،يان کچە،گوارەی؟مرواری لەبەرکردنی قورئانە، تاجی سەر لەزێڕوگەوهەر دەسەلّاتە،يان ژنی جوانە،کەژن بيبينێ مێرد بەعەجەمێک دەکا کە ئاوس بێ کوڕی دەبێ،

-لێکدانەوەی زۆر شتەباشەکان بەکوڕ چونکە لەوکاتە کوڕەکان مايەی سەروەری دايکيان بوون، دانانـی شتە جوانەکان بەژنی جوان ولێکنەدانەوەی بەژنی ژير،بەڕەوشت،ميهرەبان،هەڵەشەی لێکدانەوەکە دەسەلمێنێ،ئەمە لە کاتێکدا مێژوو دەيسەلمێنێ هەموو ئەوژنانەی لە پشت دروست کردنی کاريزماکان بوون يان ناشيرين بوون يان جوانيەکی ئەوتۆيان نەبوە،ئەو ژنە جوانانەش کە دوای بڵندبونی ئەوکاريزمايانە هاتوونە نوژيانی ئەوکەسانە مايەی کۆتای هاتن بەدەسەلّات وناوبانگ ڕوشاندنيان بوون-

ئەنگوستيلە دەسەلّاتە کەلەوەوپێش نەی بوە،ئەنگوستيلەی زيو کوڕی گوێ ڕايەڵە،هی سور کوڕی ياخيە،هی ڕەش کوڕی سەرشۆڕە،دۆزينەوەی ئەنگوستيلە لەمزگەوت داژنە،يان دەسەلّاتە يان قازانجە،، ئەنگوستيلەی زێڕ ماڵ لە دەست چونە،،لێستاندنی ئەنگوستيلە نەمانی دەسەلّاتە ،بزربوونی ،شکانی دەسەلّاتە لەلايەن نەيارانيەوە،يان تەلّاقی ژنەکەيەتی،

-دۆزينەوەى ئەنگوستيلە لەمزگەوت ولە نوێژدا بەژن زۆر دووەر لە ڕاستى يەوە،ئەمە زانستێكە،ئيلهامێكە،مەقامێكى عيرفانيە،واتايەكى ڕەبانيە-

بازنە دەست كورتيە،خەمە،هەروا خڵخاڵ لە قاچ دا ترس وزيندانى يە،

ديتنى ئاوێنە كە خۆى تيانەبينێئەوەڕووى لاى خەڵك نامێنێ،لەوانەيە ئاوێنە كۆپيەكەى بێ كەجێگروبراوكوڕو كچ وخوشكن بۆ كەسەكان،وەكۆتايى ڕۆڵى كەسەكە بێ لە ژياندا،

شمشێربەدەستەوە گەيشتنە بە دەسەڵات،لێدانى شمشێرلەكەسێك قسەكردنە لەبارەيەوە،دەرچونى خوێن دەست كەوتنى ماڵە لە لێدراو،كە خوێن نەبوو ئەوەقسەكەى حەقە،بڕينى هەرئەندامێك بەشمشێر لەلاشەى كەسێك دابڕينى ئەو كەسەيە كە ئەو ئەندامە لە لێكدانەوەى خەون دەينوێنێ لە تيرەكەى،كە هى خۆى بڕى ،دەست براوبرازاو وخوشكەزان ،دابڕينيانە لە تيرەو بنەماڵەى ئەو.

كە كەسێك شمشێرى لە ملى كەسێك داوسەرى لەلاشەى جياكردەوە ئەوە لێدراولەلايەن لێدەرەوە خێرى پێ دەگا،يان ئەوكەسە شمشێر وەشێنە خاوخێزان وتيرەى ئەوكەسە لێك هەڵدەوەشێنێ،شمشێر كوڕە كە بينى شمشێرەكەى لێ سێنرارايان دزرا،يان شكا ئەوە دەسەڵاتى توشى نسكۆدەبێ، دانانى شمشێروخەنجەرلە كێلان ژن هێنانە

گۆچان وداردەستيش هەردەسەڵات وخزمەت كاروخزمە،

ئاڵا پلەوپايەيە،ناوبانگە،ڕمب وئاڵا مەرگە بۆ خۆى يان بۆ منداڵى،هەڵدانى ئاڵا لەسەر ماڵێك مردنى كەسێكە لەوماڵە

چەك قەڵغانە،چاكەكارى وبەخشينە،كە لەشتێك بترسێ ئەوە دڵنيادەبێ،كەنەخۆش بێ چاك دەبێتەوە،كە بينى كۆمەڵێك چەكدارن وتەنيائەوچەكدارنيە،ئەوە ئەوتاوانباردەكرێ لەلايەن ئەوانەوانەوە،،دزرانى چەكيش وەك دزرانى شمشێرە.

زينى سەرپشتى ئەسپ ژن هێنانە،ڕێشمە دەم بەستران وبەڕۆژوو بوونە،

بينينى ئاسن وقوڕقوشم دنيايە،نەرم بوونى ئاسن دەسەڵاتى زيادەوناوبانگە،تواندنەوەى ئەوشتانە باسكرانيەتى لەلاى خەڵک،

بينينى گڵ وخۆڵەمێش ماڵێكى كۆبوەوەيە،،كەبينى دەستى لە گڵ دەتەكێنێ هەژاردەبێ،كۆكردنەوەى خۆڵەمێشيش هەر ماڵ كۆكردنەوەيە،

زبڵدان دنيايە ،كە بينى زبڵدانى كڕى يان بە ميراتى گرت، ئەوە كەهەژاربێ دەوڵەمەند دەبێ، كەلەسەر زبڵدان خۆى ڕووت كردەوە ئەوە پۆستەكەى لێ وەردەگيرێتەوە.

تطوير جامع تفاسير الاحلام - 192/153

جامع تفاسير الاحلام - 192/169

بنچينەى چوارەم:ئەندامەكانى لەشى مرۆڤ :خەون ليكدەرەوان ئەندامەكانى لەشى مرۆڤيان دابەش كردوە بە سەر كەس و كارو بنەمالەو تيرەو بنەچە، هەرلە دورەوە تانزيك ,لەمەشدا جياوازيان لەناو هەيەو مەرجيش نيە تەواو پێكابيتيان ,بەڵام خودى دابەش كردنەكە هەمووى رەت ناكريتەوەو هەموشى وەرناگيرێ,بەلام هەمو ئەندامى مرۆڤ دابەش كراون بەشيوەيەك كەلە خەون مرۆڤ هيچ بۆخۆى ناميتەوە,من لە لاى خۆم دام نابو كە مرۆڤى عەرەب چاوى خۆى دەنوێنێ,چونكە لە عەرەبى بە خودو نەفسى شتەكە دەڵێن عەين ,بەلام لە كوردى بەهيچ ئەندامێكى لاشە ناگوترێ خود ,بۆنمونە جوتەگون ليك دراوەتەوە بەدوو كچى مرۆڤ,هەروەها دوو گوێ ى ,سەر باوكە، ددانى سەرەوە خزمى پشتن و هى خوارەوە خزمى بەرن,ئەگەر ددان كەوتن هێماى مردنى خزمى بەروپشت بێ ڕوانەوەوهاتنەوەى ددانەكان لە دايک بوونى خزمانى بەروپشت دەگەيەنێ،ئەو جا 22 پاشەرۆكەكەى مرۆڤيش هەريەكەى مانای خۆى بۆ دانراوە,وەپارچە جلەكانيش هەروەها هەريەكەو شتێک دەنوێنن وەک باسمان كرد،,بەلام ئەم سێ شتانە واتە:ئەندامەكان وپاشەرۆكەكان وجلەكان ,شتى پێكداچون ،دەبێ لێك نزيك بن ,بەلام زۆر ليك دوورن,بۆنمونە ڕانى مرۆڤ تيرەو عەشيرەتە,كەچى پێ مالو

سامانيەتى ,پيلاوەكەى ژنەكەيەتى ,ئەمانە لەگەڵ يەكتر نايەنەوە,چۆن كە ڕانت هەموو عەشيرەتەكەت بێ تۆ لە سەرمالەكەى خۆت وسامانەكەت ڕاى دەگرى؟وەچۆن عەشيرەتەكەت دەبێ هەمويان ژنەكەت لەپێ بكەن؟ كەواتە ئەم ليكدانەوە ,كە هەمووى وەرگرى سەرت لێ دەشيوێ ,هۆى ئەمەش كە ئەو ئەندامە بە كەسيك بزانى دەبێ بەڵگەى بەهيز هەبێ بيسەلمينێ ,نەك چونكە لە عەرەبى بە تيرەوبەرەباب دەگوترێ فەخز وبەڕان دەڵێن فەخز دەبێ ڕان لە خەوندا تيرەكەت بێ,وە كە ئەم لێكدانەوەت قبول كرد,كەواتە نابێ بە پێلاوەكەت بلێ ى ژنەكەت,بەڵكو دەبێ پێلاوەكە ببێتە كەرو ماين و سەيارەو هۆكارى هاتو چۆى عەشيرەتەكەت ,بەم شيوە هەردوو ليكدانەوەكە بەيەكەوە دەگونجێن,بەڵام كە ڕانت عەشيرەت بێ ,ئەو كاتە ليكدانەوەى سەر بە باوك ناگونجێ ,بەڵكوباوک دەبێ ئەندامێک بێ كە لە سەروى ڕانەوەبێ,وەدايكت دەبێ لە جێ ى ناوك بێ، چونكە رەحم و منداڵدانە ,هەندێ خەون لێكدەرەوە بەڕێ ى زانستى ميرات بەش كردن ئەندامەكانيش بەسەر كەسەكاندا دابەش دەكەن,دەڵێن دەبێ ئەندامى پشت و بڕبڕە عەصەبەو خزمى پشت بن و حاشيەو پەراوێز وپەلەكان كوڕە خوشك وپورزا لە لاق و دەست بن,ئەمەش هەڵەيە، چونكە ليكدانەوەكە تێك دەچێ و ئەمە ميرات بەشكردن نيە,وە لە ليكدانەوەى خەون تەنيانابێ پشت بە زاراوەو لايەنى زمانەوانى وڕەگ وژێدەرى ووشەكە ببەسترێ،دەبێ ئەندامەكان لە ئاوێنەى قورئان و سونەت بناسى,قورئان براى بە باڵ داناوە,كە موسى داواى كرد كە اللە بەهارونى براى پشتى بەهيز بكا,,بەلام اللە بۆى ڕاست كردەوە فەرموى ئيمە بە براكەت باڵت بەهێز دەكەين,كەواتەبرا باڵە,منداڵ بەكچ وكوڕەوە دەبێ هەناوو سى وجگەر بن,ژن دەبێ دڵ بێ،چونكە دڵ وەک نگين لەقەفەسى پەراسوە كانداولەناو هەناودا شاراوەتەوە،ژنيش دەبێ وەک ناموسى مرۆڤ دەبێ ئەندامێكى شارەوەبێ ،نەک پێلاوو گۆرەوى وشتى بەردەست وپێ يان بەژن لێک بدرێتەوە، چونكە لە واقعدا كەس ژن ومنداڵى خۆى لەبەردەست وپێ ى كەس دانەناون ،بۆيە دانانى ئەوشتانە بەژن هەڵەيە .

ژیان وزیندەگی  مرۆڤ زیاتر بەسەریەوە بەندە، دەبێ کەڵەی سەر خودی مرۆڤ بنوینێ لە خەودا,چونکە لەژیاندا تۆبە لاچوونی سەرت کۆتایی بەژیانت دێ ،بەڵام بەنەمانی زۆربەی ئەندامەکانی تر بەدەستەوستانی وکەموکوڕی هەردەمێنی، لەدەست چوونی کەس وکارو خزم وبراوباب ومنداڵ وژن ،وەک لەدەست چوونی ئەوئەندامانە وایە کە بێ چارەت دەکەن،بەڵام بەزیندویی دەت هێڵنەوە،دەبێ ئاگات لەوەبێ ,کاتێ تیرەکەت دەبنە ڕانی تۆ لە خەوتا، کە ئەو بنەماڵە ی تۆ ,ئەوەبن کەتۆ کاربوبارت لە سەروان ولەناو وان وبەوان بەڕێوە بچی و بەبێ وان وەك ئیفلیج وبێ قاچ بی,بەلام کەوانەبوو,بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان ڕێگرت بوون,ئەوە لە ژیانت دا ئیشت لەسەرکێ بڕوا ئەو ڕانتە لە خەوندا,جا ئەو کەسەحزبە ,یان فەرمانگەیەکە,یان شارێکە,یان جیرانن,یان نەتەوەیەکە,یان چەند برادەرێکن.

وەکەبراکەشت هارون نەبێ بۆموسا و  هەمیشە هاوکارت نەبێ ئەویش باڵت نیە لەخەوندا,دەست دۆست وئاشنایە,کێ دۆست وئاشنات بێ ،ئەو دەستی خەونتە,هەروەها هەناووجگەرودڵ وکەمەرەو سگت کەبەهێمای ڕۆڵەوژن ودایک وباوکمان دانان، کاتێک کەئەوان بەڕاستی جەرگ ودڵ وهەناوو نگین و پشت وپەنای تۆبن،بەڵام کەوانەبوو ئەوانیش لە خەوندا بەوئەندامانە لێک نادرێنەوە، وەکە کەسێکیش هەبوو,بە اللە دەڕۆیی وبە اللە باری ساز بوو ,اللە دۆست وپاریزەری بوو,ئەوە ئەو کەسە دەست وقاچەکانی لە خەوندا بە براوباب ودایک وڕۆڵەوژن و کەس وکارو برادەرو حزب و کۆمەڵگا لێك نادرێتەوە, اللهم ارزقنا,ان نكون بك وومنك واليك وفيك ولاحول لنا ولا قوة الاباللە العلى العليم ,

لێرە پوختەیەک لە لێکدانەوەی ئەندامەکان لە خەون دا لای خەون لێکدەرەوان باس دەکەم ،کەپێویستی بەڕاست کردنەوە هەبێ ،ئاماژەی پێ دەکەم:

بینینی قژی سەر:

كە بينى قژى سەرى درێژبوو،ئەم قژ درێژ بوونە بەئارەزووى خۆى بوو ئەوە قەرزەكانى هەموو دەداتەوە،بەڵام كە قژێكى ئاڵۆزو ناڕێک بووئەوە قەرزداروغەمبار دەبێ.

درێژبوونى كەزى بۆ ئافرەت جوانى وبەهاداريە،دەگوترێ قژدرێژى بۆهەژارباشە، كەم بوونى قژيش كەم بوونەوەى خەمە،كە بينى سەرى تاشى وئەولەوكەسانە بوو كەڕاهاتبوولەگەڵ سەرتاشين،ئەوە بێ پێويستى دەبێ، بەڵام كە لەوانەبوو كەقژى دێڵێتەوەونايتاشێ،ئەوەسەرتاشينى خەون بۆئەوباش نيە، كەلەمانگەكانى حەجدابوو وەبينى سەرى تاشى ئەوە هەڵوەرينى گوناهەكانيەتى وخەمەكانيەتى.

-باسى ئەوە نەكراوە كە مەرجە خەونبين لەسەفەرى حەج بێ يان خۆى لە شوێنەپيرۆزەكان ببينێ-

دەڵێن كەخاوەنى پلەوپايە سەرتاشينى خەون بۆى باش نيە ودەسەڵاتى نامێنێ.

كەژن بينى سەرى تاشى ئەوەمردنى هاوسەرەكەيەتى يان يەكێ لە نزيكەكانيەتى،يان هەتک چونيەتى ،كەبينى كەزيەكانى بڕى ئەوە مل ملانێ لەگەڵ مێردەكەى دەكا،

درێژبوونى برۆكان دەست كەوتە يان تەمەن درێژيە،كورت كردن وتاشينى سمێڵ باشە،سمێڵ درێژبوون لە خەودا باش نيە وبەزەكات نەدان وخواردنەوەى مەى ونكولى كردن لەسپاردە لێک دەدرێتەوە،

كەبينى كەچەڵ بوەولەڕاستى دا قژى هەبوو، يان خۆى كەچەڵ بوو،لەخەوبينى قژى هەيە هەردوو حاڵەتەكە باشن.

كەبينى زيادلەپێويست ڕيشى درێژ بووئەوەخەم وپەژارەوگێلى وقەرزداريە،وەكە بينى ڕيشى كەم بوو بەشێوەيەک كەناشيرين بوون نەبووئەوە دانەوەى قەرزەكانە،بەڵام كە بينى ڕيشى تاشيوە دوو لێكدانەوەى بۆكراوە يەكەم نەخۆش وو چاک دەبێتەوە وقەرزدارقەرزەكانى دەداتەوەوخەمەكانى دەڕەوێتەوە،

هەندێکی تر دەڵێن بەلاڕێ بوونی خەون بین لێک دەدرێتەوە،-هەڵبەت ئەم لێکدانەوانە هی کۆمەڵگایەکە کەسەدانەودونۆیان ڕیشیان هەبوە،بەڵام کۆمەڵگای ئەمڕۆ لەسەدانەوەدی ڕیش تاشراوە-

کەبینی ڕیشی هەڵکێشراوە،یان بۆتە کۆسە ئەوە کەموکوڕیە بۆ ئەو،کەبینی خەریکەموەکانی ڕیشی هەڵدەکێشێ ،ئەوەسامانەکەی لەناودەبا،کە بینی سەروڕیشی هەردووتاشران ئەوەکەنەخۆش بێ چاک دەبێتەوە،قەرزدارقەرزەکەی دەداتەوە،کەبینی زۆربەی ڕیشی سپی بووە،ئەوە ویقاروڕێزوشکۆی زیاددەکا،یان کەسێکی بزری دەگەڕێتەوە، کە بینی وەک کلۆی بەفرهەمووی سپی بووە ئەوە بێ هێزولاوازدەبێ وماڵی نامێنێ،یان تەمەنی درێژدەبێ،کەبینی ڕیشی ڕەش بۆتەوە ئەوە گەڕانەوەی حاڵێکی ڕابردوە وخویەکی چاک یان خراپ کۆن کەلەگەنجی هەیبوە،هەڵکێشانی موەسپیەکان سوکایەتی کردن وگاڵتە کردنە بە پیاوچاک وپرەمێردوپیرەژن بێ ڕێزی پێ کردنیانە ودژایەتی کردنی سونەتە،

تاشینی بن هەنگڵ وبەر دینداری وگەیشتنە ئامانجە،درێژبوونی موی بەروبن هەنگڵ لە خەودا دین لاوازیە،کە بینی بەری هەڵدەکێشێ ئەوە ماڵێکی دەست دەکەوێ،کە ژن بەری بتاشێ خێرێکی لە پیاوەکەی دەست دەکەوێ ،کە بینی موی سنگی هەڵدەقەنێ ئەوە سپاردەیەکی لایە دەیداتەوەخاوەنەکەی.

کە ژنێک بینی ڕیش وسمێڵی هاتوە کە ئاوس بێ کوڕی دەبێ ،کە ئاوس نەبێ ئەوەژنێکی نەزۆکە،کەشوی نەکردبێ یان بێوەژن بێ ئەوە شو دەکا،کە شوی هەبووبێوەژن دەبێ،ئەسپێ ی ناوسەروڕیش ماڵێکە لە میرات دەست دەکەوێ،موو لەسەرسنگ لێزانیە،موو لەبەری دەست ماڵە، خەنە کردنی ڕیش شاردنەوەی کاری چاک وپەرستشەکانە وشاردنەوەی هەژاریە،یان ڕیابازی ،کەخەنەکەی وەک خەنەی ئاسایی نەبووئەوە ناودەرکردنە لەناو خەڵکی ،کەبینی دەستەکانی لە خەنەگرتوە ئەوە دیارە دەست ڕەنگینە لەکارەکانی دا.

بینینی کەڵەی سەر لەخەوندا:

کەسێک بینی سەرێک بڕاوەو لە شوێنێک دانراوە،ئەوەدیارە سەرۆکەکانی ئەوناوچە لەوشوێنەکۆدەبنەوە،کەبینی شتێکی لەوشوێنە خوارد،یان دەست کەوت ئەوە خێرێکی لەوکۆبونەوە پێ دەگا،کە بینی سەری گەورە بووە ئەوە سەرمایەی زیاددەبێ،کە خاوەن دەسەڵات بێ ئەوە دەسەڵاتی زیاددەکا، بەڵام بچوک بونەوەی سەرلەخەوندا کەم بونەوەی سەرمایەوسەرۆکایەتیە.

کە بینی سەری وەک سەری فیل وئەسپ وشێروئێستروکەری لێ هاتوە ئەوە باشە،بەڵام کە وەک سەری حوشترومانگاومەڕوبزن وبەرازی لێهاتبوو ئەوەباش نیە،-هەڵبەت بەم پێوەرە بارەبەری لاباشتربوە لەشیردەرو گۆشت خوراوو شیردەر -

لێکدانەوەیەکی ترپێ ی وایە سەری ئەوئاژەڵانەی گۆشتیان دەخورێ باشترە لەوئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێ،

بینینی سەری ئاژەڵ ماڵ وسەرۆکایەتیە کە سەری ئاژەڵی گۆشت خوراوبوو ماڵی ژنەکەیەتی،سەری گۆشت نەخوراوماڵی حەرامە،

سەربەباوک لێک دراوەتەوە ،هەرکەم وکوڕیەکی بینی لەسەریدا بەم لێکدانەوە ،ئەوە کەم وکوڕی ئەوکەسەیە دەرحەق بەباوکی.

هەر زیادوکەمیەکی لە گوێ یەکانی دابینی،ئەوە لە ژن وکچ وخوشکی خەون بیندا دەبینێ،کە گوێ ی بڕاولەوجیاکرایەوە ئەوەیەکێ لەوانە دەمرێ،کە بینی گوێ ی بەهێزە ئەوە بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنیان،کە بینی کەڕبوە ئەوە واتا ئەوانە گوێ ڕایەڵی ناکەن،یان بەهێزی تێگەیشتن وکەڕبوونی خەون بین خۆیەتی لەئاست ڕاستیەکان دا،کە بینی شتێک چوە ناوگوێ ی وئازاری دا،ئەوە بیستی درۆوبوختانە،کە بینی گوارەی لە گوێ یە ،گوارەی پەسند وەک مرواری باشە،بەتایبەت بۆژنان،کە گوێی زۆری بینین ئەوەزۆردەبیستێ وکەم تێ دەگا.

چاوسپى بوون لەخەوندا خەم وخەفەتى زۆرە،كە چاک بونەوەڕەوینەوەی خەم وگەڕانەوەی خۆشەویستە،کەبینی کوێربووپاشان بینی ئەوەڕێنمایی دەکرێ بۆ حەق،كە بینی دەستی کوێردەکێشێ ئەوەگومڕایەک ڕێنمایی دەکا،

کەبینی خێل بوە ئەوەنیوەی دینەکەی دەڕوا،یان سودێک بەبرای دەگەیەنێ،یان برایەکی دەمرێ،یان نیوەی ماڵی یان تەمەنی دەڕوا،هاوشێوەی دەجال وئیبلیسە،

کەسێک کە براوکوڕی نەبێ ودەوڵەمەندبێ،یان خاوەن پۆست بێ،لەدەست دانی چاولەخەون دا لەدەست چونی سامان وپایەکەیەتی، گرێکردنی چاولەخەودا لاوازبوونی تێڕوانینی دینی ئەوکەسەیە وبەهێزبوونی بینین لەخەودا بەهێزبوونی دینداریەکەیەتی ،چونکە کلیلی چونە ناودین شەهادەیە،شەهادەش واتە بینین وسەیرکردن ،کەدەڵێ اشهد واتە من دەبینم ،کەسیش لەبینراوی بەردەمی گومانی نیە،بۆیە دەبێ شەهادەش وەک بینراوی بەردەمت یەقینت پێ هەبێ،

کەبینی لە خەودا چارەسەری چاوەکانی دەکائەوە بەهێزکردنی دینیەتی وگەشەی سامانەکەیەتی وگەڕانەوەی خۆشەویستێکی کەوەک گڵێنەی چاوەکانیەتی وبۆئەوەی منالّی نیە منداڵ بونیەتی یان دۆزینەوەی منداڵێکە وەک موسابۆئاسیای ژنی فیرعەون کەبوە گڵێنەی چاوەکانی ،بەمەرجێک لەخەوەکە چاوەکانی چارەکرابن وجوان ببینێ.

کل لەچاوکردن وخۆڕازاندنەوە لەخەودا کردنی کارێکە کە پێویستی بەخۆڕازاندنەوە هەیە وەک هاوسەرگیپی یان زەماوەند بۆ کەسانی نزیکی،یان دەوڵەمەندبوون ودەرچوون وهەرکارێک ئاهەنگی بۆبکا،کە بینی چاوی زۆری هەیە ئەوە چاوی ڕۆشن بۆتەوە ودینداری زیادی کردوە،

شین بوونی چاولەخەودا تاوانباریە ،کە چاوی بەدەستەوەبێ چاوی مرۆڤ بێ یان هی ئاژەڵ ئەوە سامانە،کەسێک ببینێ چاوی دڵی هەیە ئەوە دڵی پڕ حیکمەت ودانایيە.

پێڵوەكان ئەو شتانەن كە دين دەپارێزن ،برۆكان لەخەودا ئەوشتانەن كەدينى مرۆڤ دەڕازێننەوە،نێوچەوان ولوت سەروەرى و پايەى كەسەكەن لە ناوكۆمەڵگادا،لەوانەيە نێوچەوان نوێژوكڕنوش بێ،كە برينى لە نێوچەوان بێ ئەوە لە نوێژەكانى خەم ساردبێ،يان سوجدەكانى تەواونەكا،كە بينى خاڵى زۆركڕنوش بردن لە نێوچاوانى هەيەولەڕاستيدا بوونى نەبوو ئەوە پەرستشى قبوڵ بوەو لەناوخەڵک بە عابد ناسراوە.

بينينى سەرێكى بڕاوبۆ خاوەن پايەيەک سەرۆكايەتيە،بۆبازرگانێک سەرمايەيە،كەسێک سەرى خۆى لەلاشەى جيابێتەوەبێ لە مل دان ئەوەلەسەرۆكەكەى،يان باوانى وبنەماڵەكەى ومامۆستاكانى جيادەبێتەوە، كەسێک بينى لە مليان داوسەرى جيابۆوە كەدەوڵەمەندبێ ماڵى دەڕوا،كەهەژاربێ بێ پێويستى دەبێ،،كە كۆيلە بێ ئازاددەبێ،كەنەخۆش بێ دەمرێ،كە خەمباربێ خەمى نامێنێ،بۆكەسى گوناهبار هەڵوەرينى تاوانەكانيەتى ،يان جياكردنەوەيەتى لە خاوخێزان وبنەماڵەو باوانى بەمردن يان گيران يان دەركران ،،هتد

كە بينى سەرى دواى بڕين بەلاشەيەوە نوسايەوە ئەوە گەڕانەوەى سەرمايەكى لە دەست چوويە،يان گەڕانەوەيە بۆلاى سەرۆكەكەى،يان شەهيدبونيەتى،

كە بينى لەلوتيەوە مێشولە يان مێرويەک هاتە دەرئەوە منداڵێكى دەبێ،كە بينى مێرويەكى چوەلوتەوە باش نيە،منداڵێک بە منداڵى ئەو ناسراوەوەى ئەويش نيە،هەڵامەت گرتن لەخەودا وروژانى كاروبارى خێزانيە،لوت بڕان لێک هەڵوەشانى پلەوپايەومردن وهەتک چونە،يان مردنى يەكێک لە ئەندامانى خێزانە،،لوت گەورەبوون پلەوپايە گەورەبوونە،بۆنى خۆش كە كەسێک لە ئەندامانى خێزانەكە دووگيان بێ منداڵ بوونە،يان خەم ڕەوينەوەيە يان مژدەو وشەيەكى خۆشە،بۆنى ناخۆش پێچەوانەكەيەتى،كەبينى لوتى نيە ئەوەمردنى خزمەكانيەتى.

ڕوخسارى مرۆڤ دڵخۆشى وشەرەف مەندية،بوونى كەم وكوڕى لە ڕوودا كەم وكوڕيە لە شان وشەوكەتى مرۆڤ،ڕووى گەش وجوان

كامەرانيە،ڕووى زەردنەخۆشى وكەنارگيرى وترسە،ڕووى ڕەش خەفەت وپەژارەو ڕەشبينيە ،ڕووى سپى مژدەيە،گرژى هەڕەشەو هۆشدارار كردنەوەيە.

لێوى خوارەوە ماڵەكەيەتى ،لێوى سەرەوەژنەكەيەتى،نەمانى لێوەكانى نەمانى پەودوانەولەدەست دانيانە،پێكەوەنوسانى لێوەكان ئاڵۆزبوونى كارەكانيەتى،سووربوونى لێوەكان واتە فرمانەكانى جێ بەجێ دەكرێ، زەردبونيان واتە قسەى ناڕوا،ڕەش بوونيان خەم وخەفەتە.

دەرمان لە دەم كردن باش بوونى دين ودنياو گوفتاريەتى،كە شتى بێ سودى كردە ناودەمى توشى خەفەت دەبێ،تام وچێژى خۆش لەناودەم بەڵگەيە لەسەرخۆشگوزەرانى بنەماڵەكەى،دەم گەورەبوون فراوان بوونى دەسەڵاتى بنەماڵەكەيەتى،بچوک بوونى دەم پێچەوانەكەيەتى،
پێكەوەنوسانى دەم مردن ونەخۆشيە،يان ڕۆژوە بۆچاكەكاران ،يان هەژارى ونەدارى ومەينەتيە، كە زمانى ئێشێكى پێوەبووئەوە گوفتارى ناشيرين وجنێوە،كە بينى ڕەوانبێژە ئەوە دانايى وزانايية،زمان درێژبوون زۆربڵێ بيە،بەزمان دانوسان پەشيمانيە،،كەبينى زمانى دەپشكنێ ئەوەخۆى لە زمان پيسى دەپارێزێ،زمانى ڕەش دەبێتە شاعير،بچوک بوونى زمان لاوازى ونەخۆشيە ،گۆڕينى زمان باش نيە،لاڵ بوون بێ دينيە،هەروا زمان بڕانيش ،لاڵ بوون لە دادگا دا سەركەوتنى دژەكەيەتى،بۆ نەخۆش لاڵ بوون مردنيەتى،بۆ پاشا لەكاركەوتنيەتى،بۆخاوەن ناوبانگ نەمانى ناوبانگيەتى.

ددانەكان لەخەون خزمەكانن،ددانى سەرەوە پياوەكانن،ددانى خوارەوەژنەكانن،كەڵبەكان سەرۆک ماڵەكانن،خرێ كان باب وباپير وگەورەكانن،كەڵبەكان خاڵ ومام وبراگەورەكانن، هى خواريش خرێ داپيرەودايكن،كەڵبەكانى پورەكان ومامۆژن وخاڵۆژن وخوشكە گەورەكانن،

ددانەبڕەرەكان خاڵۆزاوئامۆزاو پورزاوبرازاوخوشكەزان، نێرلەسەرەوەو مێ لەخوارەوە،

لێکدانی ددانەکان مل ملانێ یە لەنێوان نێرو مێ یەکانی خزمەکانی بنەماڵەکەی، لەوانەشە هاوسەرگیری بێ لەنێوانیان،سپێتی ودرێژی ددانەکان بەهێزبونیانە،ڕەش بوون وخراپ بونیان بە پێچەوانەیە،ڕوانی ددانێکی نوێ وئێشانی لەدایک بونی کەسێکە کە دەبێتە هۆی ناخۆشی نێوان بنەماڵیەکەیان،کە یەکێ بینی ددانەکانی هەڵدەکێشێ ئەوە پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێ،بچوکبوونی ددانەکان جوانە ،گەورە بونیشیان مژدەیە،

کەوتنی گشت ددانەکان یان مردنی گشت خزمەکانە،یان پەیوەندی پچڕانە لەگەڵیان یان تەمەن درێژیە بۆوکەسە،یان نەمانی سامانیەتی،یان نزیک بونی مردنیەتی وهاتنی کارەسات ومردنی بەکۆمەڵە بەتایبەتیش بۆکەسێک کە خزمی زۆروساغ ی هەبێ وپەیوەندیان لەگەڵیان باش بێ ئەوەخەونەکە هۆشداری دانە بەکارەساتی گەورە بەسەرئەوبنەماڵە،کە ددانەکان کەوتنە ناوکۆشیوە ئەوە کە کەس وکاری نەمابێ هێندەی ژمارەی ئەوان ڕۆڵەونەوەی دەبێ،یان خزمەکانی هەمویان بەگەورەوبچوکەوە وەک باوک وسەرۆک سەیری دەکەن ولەدەوری کۆدەبنەوە،وەکە قەرزداربێ قەرزەکانی دەداتەوە،کە ددانەکانی لەنوێ ڕوانەوە ئەوە نوێ بونەوەی ژیان وبەرژەوەندیەکانیەتی،

دوان بەعەرەبی سەروەری وشەرەف مەندی ودینداریە،قسەکردن بۆ عەرەب بە هیندی وتورکی وڕۆمی وئەرمەنی باش نیە،کە بەفارسی وعیبرانی و فەرەنسی دوا ئەوەباشە،هەرزمانێک سودی هەبێ دوان پێ ی باشە،،کە بینی یەکێ لە ئەندامەکانی ترجگەلە دەم وزمان قسەدەکائەوە یەکێ شاهێدی لە دژدەدا،دەنگی گەورە ناوبانگی زۆرە،دەنگی نزم بێ ناوبانگ بوونە،دەنگی گڕ بۆژنان لەخەوندا باش نیە،.

مل وگەردن وسەرشان شوێنی سپاردەودین هەڵگرتنە،سەرشان سپاردەی ژنانە ،بەهێزی ئەم ئەندامانە نیشانەی بەهێزی خاوەنەکەیانە لە هەڵگرتن وپاراستن وگێڕانەوەی ئەوسپاردانە،بەڵام لاوازیان واتە لاوازبوون لە پاراستنی سپاردە، بوونی برین وکێم وزوخاولە گەردن وسەرشان واتەلەوەی پێ ی سپێردراوەناپاکی کردوە،کە باڵندەیەکی بینی لەسەرملی

،كەباڵندەكە ستايش كراوبوو ئەوە كارێكى باشە،كە باڵندەيەكى بەدبوو ئەوەباش نيە،كە قورئان وپەتى لەگەردن بوو ئەوە باشە وبەڵێن دەگەيەنێتە ئەنجام،كە ماريكى لە مل ئاڵابوو باش نيە،مل درێژبوون وئەستوربوون باشە،دادگەرى ودەست كەوتە،دووشانەكان بەباوک ودايک ،يان دووبرا،يان دوو هاوبەش لێک دراونەوە،بەهێزى وبێ هێزيان لەوكەسانە ڕەنگ دەداتەوە،دوو باڵەكان دووبران يان دوو كوڕن،بەهێزى وبێ هێزى وخێروشەڕيان بەو كەسانە لێک دەدرێتەوە،دەڵێن دەستى ڕاست براووبرازاو منااڵن، كەسەرچاوەى بژێوين،دەستى چەپ هاوڕێ ودۆست ومااڵى پاشەكەوت كراوە،درێژبوونى دەستەكان باشە،كورت بونيان دەستەوستانيە،دەست بڕان مردنى براوشەريک وهاوڕێ يە،يان پەيوەندى پچڕانيانە،يان بڕانى دەستى ڕاست سوێندلێ كەوتن وپەيمان شكاندن وبێ ڕەحم بوون بێ،كە كەسەكە چاكەكاربێ لەوانەيە دەست بڕانەكەى وازهێنانى بێ لە كارى خراپ وگەندەڵى وياساغ چونكە وەک قورئان دەفەرموێ ،فەسادوگەندەڵى وخراپە هەموو بەهۆى كردەوەكانى دەستى خەڵک لە زەوى دابڵاوبۆتەوە،هەروا لەوانيە ئەوكەسە دزى كردبێ وشايانى دەست بڕينە،كەبينى دەستێكيانى سپى تڕە ئەوە سەركەوتنە لە دژايەتى دا،شوشتنى دەستەكان باشە،دەست بڕان بەبێ ئازارئەوەدەڵى بەخۆشەويستى يوسفێكەوە نوساوە وەک ژنەكانى چيرۆكى يوسف،دەگوترێ بڕينى دەستەكان تەمەن درێژبوونە،،ڕۆيشتن لەسەردەست ئەوە پشتى بەبراكانى ودۆستەكانى بەستوە بۆ گوزەرانى ژيان،كەبينى شتێكى زيادى لەدەست ڕواوە باش نيە، كەسێكى نامۆدێتە ناوژيانى براوبرازاكانى وناشيرينيان دەكا،كە بينى تاى تەرازوێكى بەدەستەوەيە ئەوە براكەى يان خۆى وبراكەى دادگەرن ودوورن لەتاوان،چەپڵە لێدان شادى ماڵى براودۆستانە،ڕووڕنينەوە مەينەتى وكارەساتە، پەنجەكانى دەستەڕاست بە پێنج نوێژەكان هى چەپ برازاكانن ،جوانيان وكەم كوڕيان بۆ ئەوان دەەڕێتەوە،

پەنجەى قاچەكان كارسازى كارەكانيەتى ،نارێک بونيان نارێكيە لە كارەكانى،خستنەناويەكى پەنجەكانى ئاڵۆزيە،پەنجە تەقاندن بەريەک

كەوتنى خزمەكانيەتى،نينۆک كردن نەمانى پەژارەيە،لێدانى ددانەكان بەنينۆكەكان كارێكى خراپە لەنێوان خزمان،

سنگ شەرع ودين وزانستە،،فراوان بوونى سنگ ،فراوان بوونى ئەوشتانەيە،تەنگيشيان تەنگيە لەوشتانە،سينگ ئێشان لە خەون زيادەڕەويە لە سەرف كردنى ماڵ دا.

دوو مەمكەكانى لە خەون كچەكاننى ،كەشيريان تێدابوو ئەوە كچەكانى ديندارن،كە ئەوى مەمكى دى هاوسەرگيرى نەكردبوو ئەوە هاوسەرگيرى دەكا،كە پيرەمێردبوو هەژاردەبێ،كە بچوک بووتەمەن درێژدەبێ، كە پيرەژن بێ دەمرێ،كە ژنێک ديتى گۆى مەمكى بڕاوە ئەوە بەڵايەک بەسەرکچەكەى دێ،كەبينى مەمكى بەئاگرسوتا ئەوە كچەكەى لەلايەن دەسەڵات دارەوە ئازارى پێ دەگا،كە بينى بەمەمكى هەڵواسراوە ئەوە كەسێكى بيژوە،

سگ و ورگ هەمبانەى سامان وماڵەكەيەتى،منداڵەكانيەتى،گەورەيى وجوانى زگ بۆئەوان دەگەڕێتەوە،زگ لەت بوون و چاک بونەوەى باشەو پاک بونەوەيە، دەرچوونى منداڵ لە سگى باشە، ئەستوربونى زگ ماڵێكى بەزەحمەتە.

جگەرماڵ وزانست وڕۆڵەوجگەرگۆشەيە،جوانى وكەم وكوڕى بۆو شتانە دەگەڕێتەوە،خواردنى جگەرى كوڵاوماڵى حەڵاڵە،بەنەكوڵاوى ماڵى حەرامە،لەت بونى جگەر مردنى كوڕەكەيەتى،

سيپەلاک شادى مرۆڤە وخوليايەتى،سپڵ ماڵە

ناوک ژنە ،يان دايكە ،پەراسوەكان ژنەكانى بنەماڵەكەنى ،پشت وبڕبڕە هێزى مرۆڤە كوڕو وكوڕەزاكاننى، كە ديتى لە پشتى شتێک دەركەوت ئەوە كوڕێكى دەبێ،كۆڵى گران تاوانى زۆرن كەكردونى،كە بينى شتێكى بەسودى لەكۆڵ ناوە ئەوە مرۆڤێكى باشەو نەوەكانيشى باشن،كە مردويەكى هەڵگرتبو ئەوە خانەوادەى مردوان بەخێودەكا،كەدوژمنى لەكۆڵ بوو ئەوە هەندێ لە منداڵەكانى دوژمننى،،پشتى چەماوە ئەوەيە كە دنيا پشتى تێدەكا،،كە بينى دوژمنەكەى پشتى تێ كردوە ئەوە لەتەمەنى

ئەوچينە با لە دوژمنەكەى دڵنيابێ ،بەڵام لەنەوەى داهاتوو نەوەكانى دوژمنەكەى ماندوى دەكەن ،كەھەردووكيان پشتيان لێک بوو ئەوە دوژمنايەتيەكە لە ژيانى ئەوان هەڵ ناداتەوەوبەڵام نەوەكانيان دوژمنايەتيەكە نوێ دەكەنەوە،

كە بينى پشتى بەديوارەوەيە ئەوە دەسەڵات دارێک هەيە كەخۆى ونەوەكانى پشتى پێ دەبەستن،پشت شكان لە دەست دانى پاڵ پشت وبێ وەجاغ بوون وكوڕمردنە،

دڵ مەڵبەندى بيروباوەڕودين وباشى مرۆڤە ،پاكى وناپاكى دڵ بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە، ڕفاندنى دڵ ترسێكى زۆروشێت بوون وبێ دينى وكارەسات ومەينەتيە.

سمت وپاشوى مرۆڤ ماڵ وسامان وكارێكى بەسودە،تەواوى وناتەواوى ئەوشوێنە بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە .

زەكەرو عەورەتى نێر يان كوڕەكەيەتى ،يان ناوبانگيەتى لەناوخەڵک ،كە ديتى دوو زەكەرى هەيەئەوە منالّن ،يان بەدووشت بەناوبننگ دەبێ،،كە زەكەرى بڕدرا بەدەستى كەسێک ،ئەوە براوبرازاى ئەوكەسە منالّەكانى ئەوبنەبڕدەكەن ،يان ناووناوبانگيان لێ دەستێنن،بچوک بوون ولاوازى زەكەرباش نيە ،گەورەبوونى زەكەر زيادبوونى دەسەڵات وناوبانگ ونەوەيە،

كەسێک ببينێ كە كەسێكى تر زەكەرى دەمژێ ئەوە مژەرەكە سودلە مژراودەبينێ،لەوانەيە كە ددانى خوارەوە مێ بينەن ،لەبنەماڵەى مژەر چەند ژنێک شوو بەنەوەكانى مژراوەكە بكەن،

كەبينى يەكێک لە زەكەرى دا،لێدەرەكە هيچى پێ نابڕێ،لەوانەيە برازاكانى لێدەر ببنە ژنى كوڕەكانى لێدراو، چونكە دەست برازاكانن،كە بينى زەكەرى بەستراوەتەوە ئەوە شايەتى دانى شاردۆتەوە،يان جادوى لێكراوەومندالّى نابێ ،يان ژنەكەى نەزۆكە ،يان كەسانێک نايەڵن ناوبانگى بڵاوبێتەوە،كە شتێكى لە زەكەردەرچوو وجوان بوو ئەوە منالّێكى پەسندە،كە ناشيرين بوو مندالّێكى پەسندنەكراوە،كە بينى زەكەرى

بريندارە ئەوە قسەوبوختانى بۆھەڵ دەبەسترێ،كە بينى زەكەرى سونەت كرائەوە پابەندى سونەتە،كە زەكەرى ڕەپ بووئەوەدەگاتە
ئامانجەكانى،دەڵێن ڕەپ بوون واتە ماڵ ومنداڵ زۆرى وبەناوبانگى

گونەكان ماڵن،يان دووژنن،يان كچن ،كە بينى گونى لە دەستى كەسێكى تردان ئەوەدوژمنكەى بەسەريدازاڵ دەبێ،كە لێ ى جيابونەوە،يان دانى بەكەسێكى ترئەوە منداڵەكانى بەناوى كەسێكى تر بانگ دەكرێن،،كە گونەكانى لێ بستێنن منداڵەكانى دەمرن،، كە منااڵەكانى نەخۆشيان تێدابوو وەلەخەون بينى گونى بڕدرائەوە نەخۆشەكە دەمرێ،لەوانەيە نەمانيان جيابونەوەبێ لەدووژن،كە ديتى گەورەبوون ئەوە دوژمنەكانى پێ ى ناوێرن،،گون لە ئاژەڵ ومرۆڤ ماڵ وسامانە، دەست كەوتن وخواردن ولەدەست چونى هەمووى بەماڵ لێک دەدرێتەوە

بينينى دامێنى ژن ،كە خۆى دامێنى ژنانى هەبوو وەک ژنان ژێردەست دەبێ،كە ژنێک بينى دوودامێنى هەيە ئەوە دياردە پياوەكەى لە پاش وپێش ڕا دێتە لاى،كە ژن بينى ئاوى لە دامێن دەتكێ ئەوە منااڵى دەبێ،،بڕينى دامێن لەخەوداباش نيەوەدەرچونى پيساوشتێک كە بيبێزێنێ ئەوە منداڵێكى بەدفەڕو خراپە، كە پياوێک ديتى سەيرى دامێنى ژنەكەى دەكائەوەكەخەم ونەخۆشى هەبێ دەربازى دەبێ،كەگيرابێ لەبەندى دەردەچێ،كە بينى لە دەورى دامێنى ژنێكى ناسراو ئاژەڵێک هەيە دەى ئەوەژنێكى لاڕێ يە وبێخێرە،كەنەشناسرابێ هەرباش نيە، كەخەون بين خەريكى ژن خواستن بێ بۆخۆى يان كەسێكى تر ئەوە خەونەكەى
هۆشداريە،كەژنەكەناسراوبوو بالەناسياوان ژن نەخوازێ،كەنەناسراوبوو ئەوە هۆشداريە كەلەنەناسراوان نەى خوازێ.

بينينى كۆم وپاشەوە كە گەنجينەو حانوت وجێ دانيشتنيەتى ،كەبەباشى بينى ئەوە باشە ،بۆنى خۆش باس كرانيەتى بەباشى،وەبەپێچەوانەشەوە بۆنى ناخۆش قسەى خراپە،

ڕان هێزى مرۆڤە،تيرەوخێڵ وعەشيرەتەكەيەتى،،

باشى ونا باشى وبەهێزى وبێ هێزى ڕان بۆئەوان دەگەڕێتەوە،کەبینى ڕانى بڕا ئەوەلە تیرەکەى دووردەکەوێتەوەو لە غەریبى دەمرێ،ئەژنۆکان هێزو گوڕوهەوڵ وکۆششى مرۆڤەکەن ، داخوازیەکاننى لە دنیاودواڕۆژ،بەهێزى وبێ هێزیان بۆهەوڵ وپیشەکەى دەگەڕێتەوە، قاچەکان تەمەنى مرۆڤن ،کەلە ئاسن بوون پتەون کەلەداربوون بێ هێزن،لێک ئاڵانى قاچ نیشانەى مردنە،پێ یەکان دایک وباوکن ، یان پیشەو کارى مرۆڤن کە هۆکارى گوزەران وبژێوین،کە پێ یەکى بڕا نیوەى ماڵەکەى یان پیشەیەکى ڕۆیشتوەیان یەکێ لە دایک وباوکى دەمرێ،کە پێکانى ئاسن ومس بوون تەمەنى درێژەوکە ناسک بوون تەمەنى کورتە،کە پێ ى وەک سمى ئاژەڵێکیان لێ هاتبێ ئەوە بەهێزدەبێ- لێکدانەوەى پێ یەکان بە دایک وباوک زۆر دوورە لە ڕاستێ ،هەرئەوەیە کە پێکان پیشەوکاروپلەوپایەى مرۆڤن-

ئێسکەکان سەرمایەى مرۆڤن،زیندەگى وپەیکەرى ئەون،ژێدەرى بژێوى مرۆڤیش سامان ودارایى وکۆیلەکانى وئاژەڵ و سەیارەکانى ،خانووو دوکان وکاڵاکانى ناویان، کێڵگەوباخچەو دارودرەختەکانى، خزمەتکاروکەنیزەو منداڵ ونەوەوبرازاوخوارزاو شاگردەکانى،ئەمانەهەموو پەیکەرى ئێسقاننى ،کەم وکوڕى وپتەوى پەیکەرى ئێسقان لەخەون بۆئەمانە دەگەڕێتەوە،

بەڵام مێشک ومۆخى ناوئێسقان ئەوە ماڵ ونگینێکى شارەوەیە،مێشکى گۆشت خوراوماڵى حەڵاڵە،گۆشت نەخۆراوماڵى حەرامە،خواردنى مێشکى کەسێکى مردوو خواردنى ماڵەکەیەتى،دەرهاتنى مێشکى لەلوتى ڕا ئەوە سەرمایەکەى دەڕواو ئیفلاس دەکا

دەمارو خوێن بەروخوێن هێنەرەکان پلەوپایەو هەست وهۆش وحاڵ وبەهاى دەمارگیریەکەى ئەوە،زۆربوون وکەم بونیان بۆئەوانە دەگەڕێتەوە

پێست نەوەکاننى وسەرۆکایەتیەکەیەتى وهێزوبژێویەتى وژیان ومانەوەیەتى ،گۆڕانى ڕەنگى پێست باش وخراپى هەیە،پێست وەک

كەولّى ئاژەڵ لێهاتنيش باش وخراپێ هەيە، بە پێ ى ڕەنگەكان وكاروپيشەو سودوزيانى ئەوڕەنگ وپێستى ئاژەڵانە لێک دەدرێتەوە،

گۆشتەكەشى سامان وبەردەوام بونيەتى ،قەڵەوبوونى زۆربوونى قازانجە لە كاروپيشەوسەرمايەكەى وكەم بوون وكزبونيش پێچەوانەيە...

جامع تفاسير الاحلام - ٧٠-١٠٠

نەخۆشيەكان لە خەوندا:

لێكدەرەوە كۆنەكان نەخۆشيان بە لاوازبوونى دين وئيمان لێک دەتەوە، نەخۆشى ڕاستەقينە ئەوكەسەيە كەسەرگەرمەى ناحەق وباتڵ ودووربێ لە حەق ، دەشگوترێ مادام لە ڕاستى دا نەخۆشى گوناە هەڵدەوەرێنێ ،نەخۆشى لە خەونيشدا واتاى پاک بونەوەيە لەتاوان، بۆچونى سێ يەم دەڵێ كە بينى نەخۆشى بێ ژواروژانە،ئەوە بەئاوات گەيشتنە وئەوساڵە نامرێ،كە نەخۆشێكى سەخت بووى ولەخەونت بينيت چاک بويەوە و خەريكى گەشت دەكەى ئەوە بزانە سەفەرى مەرگەوچاک بونەوەت دەربازبونى ڕوحتە بەپاكى وسەلامەتى لەلاشە نەخۆشەكەت،دەشبێ كە ئەمە مژدەى چاک بونەوەت بێ لەنەخۆشيەكەت،

كە بينيت دەسەڵات دارێک نەخۆشە ،ئەوە كە دەسەڵات دارەكە قازى بوو ئەوە دادگەرى نەخۆشە،كە مەلابوو ئەوە بانگەوازوڕوونكردنەوەى دين نەخۆشە، كە سوپاسالاربوو ئەوە پارێزەرانى وڵات نەخۆشن وبەرامبەردوژمن دەشكێن،،،هتد، هەموو كەسێک كەلە وقعدا دژايەتيەكى هەبێ ولەخەون دابينى نەخۆشە ئەوە لە مل ملانێ يەكەى ژێردەكەوێ،

ئێشانى نێوچاوان لەخەون دا ئاوى ڕووڕژانە،ژوارى چاو لە خەوندا نەبينينى ڕاستيەكانە وەک پێويست وچەواشە بوونە،كەكەسێک چارەى چاوى بكا ئەوە ڕێ پيشان دەرە، ئازارى گوێ ،بيستنى شتى نەشياوە،كەڕبوونى نەبيستنى حەقە،ئازارى لوت ،شكۆى دەكەوێتە مەترسيەوەولوتى دەشكێ، ئێشى زمان درۆوبوختانە ،ئێشى ناودەم وددان

كێشەى نێوان خزم وكەسەكانە،ئێشى مل وئەستۆ خەم ساردیەتى لە دانەوەى ئەمانەت وشایەتى وسپاردە دا،ئێشى دڵ دووڕوویى و نەخۆشى دەرونى و خەم وخەفەتە،ئێشى پشت دەردوبەڵاى كوڕونەوەكانە،چەمانەوە هەژاربوونە،ئێشانى پەراسوو كێشەى ژنەكانى بنەماڵەكەیەتى،ئێشى جگەرو هەناویش هەروا،لەوانەیە بێ سۆزى بێ دەرحەق بە منداڵەكانى، ئێشى دەست كێشەى براوبرازا و شەریک وهاوبەشى كارە،یان بێ خەمیە لەنوێژەكانى بۆ ئەوانەى پەنجەكانیان بە پێنج نوێژەكە لێک داوەتەوە،زگ ئێشە شەهیدبوونە، لەوانەیە كێشەى ئابووری وبژێوى بێ،ئێشى نێوک كێشەى ژن یان دایكە،

توش بوون بەتاعون لەخەودا دەركەوتنى پشێویە لەوشوێنە،یان گرانیە یان شەهیدبوونە،

ژەهراوى بوون مەینەتیە كەبەژەهرەكەمرد خێرى پێ دەگا،هەندێ دەڵێن ژەهر ماڵێكى حەرامە،هەندێ دەڵێن ژەهر تەمەن درێژیە وسودێكى دنیاییە،

شێتى ماڵى حەرامە لە ڕیبا، فێ گرتن لەخەودا جادوە،یان ماڵ تاڵان كرانە،،شێت بوونى منداڵ لەخەودا بۆ باوكى باشە، شێت بوونى ژن ساڵێكى بەبارانە،چونكە ژنیان بە دنیا لێک داوەتەوە ،شێت بوونى دنیاش واى لێ دەكا ڕەزیل نەبێ وبەخشەربێ .

بینینى گولى وبەڵەكى دەست كەوتنى ماڵێكە بە ئێش وئازار،دیارە ئەوشوێنەى كەتوشى نەخۆشیەكەبووە لێكدانەوەى خەونەكە دەگۆڕێ،كە گولى سامان بێ ،كەبینى دەستى گول بوە ئەوەسامانەكە بۆ براوبرازاكانیەتى ،هەرئەندامێک بەلایەنێک لێک دەدرێتەوە،لەوانەشە پاڵ دانى تۆمەتێكى خراپ بێ بۆ ئەوكەسەویان یەكێک لە خزمانى كە ئەولەوتاوانە بەریە،

كوان وبرین وخوێن لێ هاتن ماڵ لەدەست چوونە،بەوئەندامە كەكوانەكەى لێ هاتوە دەزانێ كێ لەبنەماڵەكەت توشى مەینەتیەكەدەبێ،برین لە مل وئەستۆ قەرزوئەمانەتە،

تای گەرم وساردپەژارەیە،کەبرک وقۆڵنجی کردبو لەخەودا ئەوەکەسێکی چروکە لەگەڵ منداڵەکانی،کە بینی کرمەڕێژبوەو خەریکن هەموو لەشی دەخۆن،ئەوە بنەماڵەوتیرەکەی دەبنە نێچیری کارەساتێک ،

گڕوێ بوون کارلێک وچالاک بوونێکی نائاسایی و وروژاوی بنەماڵەکەیەتی لەگەڵ دەوروبەرەکەیان دا ،لەوانەیە بۆ ماوەیەک بۆیان باش بێ بەڵام لەسەرئاستی کاتێکی دوور لەناوچونیانە،

بینینی خوێن:

خوێن ماڵ وسامانە،خوێن لێ هاتن ماڵ لەدەست چوونە،لە هەر ئەندامێک خوێن بێ ماڵ لەوئەندامە کەم دەبێ ،خواردنەوەی خوێن خواردنی ماڵی حەرامە، کەبینی لە شوێنێک ڕوباری خوێن دەڕوا ئەوەلەوشوێنە جەنگی گەورەدەبێ،

کێم وزوخاویش ماڵێکە لەگەندەڵی وقێزەونە،دەرچونی لەبەدەن پاک بونەوەیەتی لە مافی ماڵی ولاشەیی ودانەوەی قەرزەکانە،

ڕشانەوەی ئاسان تۆبە کردنە ئستفراغ ئیستغفارە،یان گێڕانەوەی مافە بۆخاوەنەکەی ،ڕشانەوەی نەخۆش لەخەون دا مردنیەتی،ژژنی دوگیان کە ڕشایەوە منداڵەکەی لەباردەچێ،خواردنەوەی ڕشوو ،پەشیمان بونەوەیە لە بەخشینێک کە بەخشیویەتی،کەبینی هەرچی لە زگیابو هێنایەوە ئەوە تەوبەی نەسوح وپاک بونەوەو مردنە بەپاکی،یان وازهێنانە لە دنیا،

میزکردن ،دەربازبوونە لە خەم ،میزی سور منداڵێکی ناتەواوە،میزکردن بەسەرقورئانا بونی منداڵێکە کە قورئان وزانستی شەرع دەزانێ،کە بینی خەڵک میزەکەی لە ڕوویان هەڵ دەسوون ئەوە منداڵێکی پیرۆزی دەبێ،میزکردن لەمزگەوت پاشەکەوت کردنی پارەیە،یان بوونی منداڵێکە کە دەبێتە پێشەواو ئیمام،میزکردن لەشوێنێکی نەناسراو هێنانی ژنێکی نەناسراوە،کە بینی میزی ئەوو کەسێکی تر تێکەڵ بوون ئەوەلەنێوانیان خزمایەتی ژن وژن خوازی دروست دەبێ،کەکەسێک میزی پێداکرد ئەوە بەماڵ یارمەتی دەدا،یان کوڕونەوەکانی دەبنە زاوای،کە بینی میز لە شوشەیەک یان تەشتێک دەکا ئەوەژنێکی منداڵکاردێنێ،

پیسایی زۆرجار بەماڵ لێک دەدرێتەوە،گو کردن لەسەرجێگای نوستن نەخۆش بونە ،یان لە ژن جیابونەوەیە چونکە جێی نوستن ژنە کە مافی خۆی دایە واتە نیازی جیابونەوەی هەیە،لەوانەشە مردن بێ،شاردنەوەی پیسایی شاردنەوەی ماڵە،خواردنی پاشەرۆک خواردنی ماڵی حەرامە،هەرچی لە زگی مرۆڤ وئاژەڵان دەردەچێ بەسامان لێک دەدرێتەوە،گۆشت خوراوەکان ماڵی حەڵاڵن وگۆشت نەخوراوەکان ماڵی حەرامن،کە بینی گوبەئاژەڵێک دەکا ئەوەمنداڵی باشی دەبن،دانیشتن لەسەر پیسایی دەست کەوتنی ماڵە لە میرات،

بینینی باڵێ بونەوەوترۆتس لەخەودا شکاندنی بەڵێن وپەیمان وسوێندلێ کەوتنە،یان خەمە،لەناوخەڵک شەرمەزاریە،یان قسەیەکی خراپە، دەشگوترێ پاک بونەوەو خەم ڕەوینەوەو سەلامەتیە وبۆ نەخۆش چاک بونەوەیە،

نەشتەرلێ گرتن ودەرکردنی خوێن دانی مافە ماڵیەکانی زەکات وخێرەو تەندروستی وماڵ زیادبوونە وپاک بونەوەیە.

کەڵەشاخ دانەوەی سپاردەو وەفاکردن بە مەرج ودەربازبونە لە ناخۆشی،کەڵەشاخ بۆ دەسەڵات دار لێخستنە،بۆدیل ئازادیە،بۆنەخۆش تەندروستیە.

بەڵام داخ کردن دەست کەوتن وسەرف کردنی ماڵە لە کاری ناشەرعی دا،داخ کردن بۆ دەسەڵات داران تاقی کردنەوەیەکی گرانە،بۆگەنج ژن هێنانە، بۆژنی دوگیان منداڵ بوونە،بۆبازرگان وساماندار زەکات نەدانە ،

خواردنەوەی چارەسەربەهۆی نەخۆشی لەخەودا باش بوونی دین ودنیایە،بەڵام کە چارەی دەردەکەنەبوو زیادەڕۆییە،کە بینی دەرمان بۆخەڵک دروست دەکائەوەچاکەکارە،لەدەست دانی عەقڵ لەخەودا بەهۆی خواردنی دەرمان قەڵەملەسەرلادرانە یان بە مردن یان بە نەجات بوون لەخەمێک کە مایەی خەفەتیان بوو.

خۆچەورکردن بەبۆنی خۆش ستایشی باشە بۆخۆی وبنەماڵەکەی،بەڕۆنی بۆگەن سەرکۆنەیە بۆ خۆی وبنەماڵەکەی ،بەتایبەت بۆئەوئەندامەی

چەوردەكرێ لەلاشەى،هەندێ دەهن كردن بە موداهەنە دەزانن واتە سەرشۆڕى ،بەڵام ئەوە لە واتاى زمانەوانى وەرگيراوە،

تەقلە لێدان كارەساتە،لەوانەيە سەرۆكەكەى لەكاروئيش وبنەماڵەو پۆستەكەى لێ ى هەڵ گەڕێتەوە،،بەڵام تەنيشت گۆڕين گۆڕانى حاڵە ،گريانى بێ هاواردەربازبوونە لەخەم،بەڵام بەهاوارەوە كارەساتە،گريانى بێ فرمێسک باش نيە،خۆێن هاتن لە جێ ى فرمێسک پەشيمانيە وتۆبەيە،گريان ونالّين لەسەركەێكى ناسراو وەک خۆى دێتەدى،گريان لەسەرپاشا ،ديارەئەوپاشايەستەمكارە،گريان لەدواى جەنازە خێرە،فرمێسک ماڵە،،كۆكردنەوەى گريان وپێكەنين باش نيە،باشترين گريان گريانى بێ دەنگە كە دەبێتە شادى،پێكەنينى قاقا خەمە،بزەوخەندە بەئاوات گەيشتنە،

نوستن لەخەودا بێ ئاگاييە لە بەرژەوەنديەكانى خۆى وخەڵكى، وەنەوزدان ئەمن وئاسايشە،كەلەخەودانوستويەكى هەستاند ئەوەڕێنمايى كردوە بۆحەق،

پژمين گەيشتنە بەيەقين ودڵنيابوونە،حەمدوستايشە بۆالله،وە ئەوەى بپژمێ لەخەودا ڕەحمى پێ كراوە،كەنەخۆش بێ چاک دەبێتەوەوتەمەنى درێژدەبێ،

چڵم منداڵە،كە چڵمى بەسەر ژنێک يان بنەماڵەيەک يان جێگايەک داكرد منالّى خۆى يان نەوەكانى منالّيان لێ دەبێ،كە چڵم فڕێ داتە ناودۆشكى كەسێكەوە ئەوە ناپاكى سەرجێ ى لەگەڵ ژن يان كەسێكى ئەوماڵە دەكا،،خواردنى چڵم خواردنى ماڵە،كە بينى لوتى چڵمى تێدايە ،ئەوەژنەكەى دوگيانە.

بەڵغەم وتف قسەى خراپە،لە مزگەوت تف كردن لەخەوا بەقسەى باش لێک دراوەتەوە،تفى شيرين بەزمان پاراوى ،هەرچەندە دژى سونەتە.

تفى سور قسەى ناحەقە ،كەيەكێک تفى لێ كردى ئەوە تانە لە كەس وكارت دەدا،تف بەديوارکردن گەنجينە شاردنەوەيە،تف لەكێڵگەودرەخت كردن بوونى زەوى وزارە،

گۆرانى بەدەنگى خۆش بازرگانيەكى بەسودە،بەدەنگى ناخۆش بازرگانيەكى ڕەنجەڕۆيە،،گۆرانى لەبازاڕبۆ زەنگين هەتک چونە بۆ هەژارشێت بوونە،،گۆرانى لە حەمام تۆمەتە.

شيعرى ئامۆژگارى وعيرفان باشە ،شيعرى تر قسە هەڵبەستن ودرۆيە.

لەخۆدانە پەشيمانيە،گريان ونالّە كارەساتە، غەم وپەژارەشاديە،خەم نەمان خەمباريە.

شادى لەخەون باش نيە،كەسێ لەخەودڵ خۆشى كردى ئەوەلەڕاستى دا خەمبارت دەكا،بينينى مردوو بەشادى مژدەيە بۆ مردوو وبەڵگەيە كەلەوزيندوە ڕازيە،لەوانەيە نزيک بوونى مردنى ئەوەسەش بێ.

تۆڕەيى ئاڵۆزبوونى كاروبارە،بەتايبەت تۆڕەبوون بۆدنيا بەسوک سەيركردنى دينە،كەبۆ دين تۆڕەبوو پايەى پێ دەدرێ.

ڕەجم كران باش نيە،ڕەجم جنێوپێدانە،بەڵام گوناهيشى پێ دەچن.

بانگ كردن وهاوار خەم وپەژارەيە بۆ ئەوشوێنەى كەهەاوارى لێدەكرێ،بەڵام بيستنى هاوارێكى گرياناوى لەخەودا شاديە،پێچەوانەكەى خەمە،

هەندێكيان دەڵێن كە هاوارکەرەكە ناسراوبوو دەشزانرا چ دەڵێ ولە بێدارى دا ڕاستگۆبوو ئەوە هاوارەكەى وەک خۆى دێتەدى جاباش بێ يان خراپ،بەڵام كە لەبێدارى درۆزن بێ لەخەونيش هەردرۆزنە.

پێشوازى وباوەش لێدان ودەست لەملانێ لەگەڵ مردوو وزيندوو تەمەن درێژيە،بەڵام ماڵ ئاوايى وبەڕێ كردن وجيابونەوە يان مردنە يان جيايى بيروبۆچون وبەرژەوەندى يە، گسک لێ دان هەژاربوونە،گسک دانى ژووری نەخۆش مردنيەتى،گسک دانى شوێنێک بۆپەرستن باشە،گسک دانى مزگەوت دۆستايەتى الله يە،

ترس لەخەودا دڵنياييەوسەلامەتى وگەيشتنە ئامانجە،بەڵام پەلەكردن وگاڵتە وگەپ باش نين.

برسێتى تاوانباريە وچاوچنۆكيە،تێرى پێويستى نەمانە بەخەڵكى بڵام لە دينيشدا كەمتەرخەمە،تينوێتى ماندووبوونە لە دين ودنيادا،وە ئاڵودەبوونە بۆ شووكردن لەژناندا،،بڵام تێرئاوى خێرە،خواردنەوەى ئاوى سارد دەست كەوتنى ماڵى حەڵاڵە،

دەوڵەمەندبونى مرۆڤ لەخەوندا گەيشتنيەتى بەقەناعەت وچاوتێرى،يان بۆكەسانى دنياويست دەوڵەمەندبوون ئاڵۆزبوونى كاروبارە،بەڵام هەژاربوون لەخەون داباشەوتەندروستى ودەرون ودين دروستيە،

بينينى دوژمنايەتى هۆگرى وخۆشەويستيە،چاكاريش باشە،بەتايبەت كە چاكە لە دوژمنەوەبێ ئەوە زاڵ بوونە بەسەريدا،چاكەخوازى پلەيەكى بەرزە لە دين دارى دا وژيان وزيندەگيە ومردنە لەسەر ئيسلام،

تەقواوپارێزكارى هۆكارى بەهێزترينە،بينينى خەڵكى پارێزكارقەڵاى پارێزگارى ئيمانە،بەڵام بينينى سەرپێچى وياخى بوون لە خەون داپێچەوانەكەيەتى،چارەنوسى تۆبەوگەڕانەوەيە،

ڕاكردن وڕۆيشتن لە خەودابەسوارى وپيادە بەڵگەيە لەسەر چاوچنۆكى ،ڕاوەستان لە ڕۆيشتن قەناعەتە،ڕاكردن بۆئەوشتەى لە خەون بەشوێنيەوەيەتى لە بێدارى دا پێ ى دەگا،سوارى گەشتێكى درێژە،

بەڵام پياسە وڕۆيشتنى ئاسايى ئەوە هێمنى وشكۆداريە،ڕۆيشتن لەناوگڵ دا ماڵێكى ئاسانە،لەناوخۆڵەمێش خەريک بونە بەكار،ڕۆيشتن لەسەر دڕک ئەوە كێشەى لەگەڵ هەندێ لە خەڵكەكەى ،كەبينى لە ڕێ يەک دەڕواو كۆشش دەكائەوەلەسەرپەيڕەوى حەقە لە دينەكەى ،كەبينى ڕێ ى لێ بزربووە ئەوەلە ڕێ ى حەق لادەدا،كە گەڕايەوە سەر ڕێ ئەوەڕێ ى حەق دەدۆزێتەوە،

ڕۆيشتن لەتاريكى گومڕاييە،دەرچوون لەتاريكى بۆ ڕوناكى ئەوەدەرچوونەلەگومڕايى بۆ ڕێنمايى،كە بينى لەڕێ يەک دەڕواوكەسێک يان ڕوداوێک هات وڕاى وەستاندئەوەگەيشتۆتە مەبەستەكەى ولەوەزياتر بۆى نەنوسراوە،

كە يەكێک بەسەريدا كەوت ئەوە ئەوكەسە بەسەريدا سەردەكەوێ،كەبينى لەشاخێک كەوتەخوارەوە ئەوە نەگەيشتۆتە مەبەستەكەى،كەوتن بەسەرڕووداباش نيە،كەلە مل ملانێ دا سەرنەكەوت ئەوەكەوتنە بەهۆى بەردەوامى لەسەرسەرپێچى،كەبينى لە ناومزگەوت وڕەوزەكەوت لەكارى خێردابوو ئەوە وازهێنانيەتى لەسەرپێچى،

دياری بەنرخ بەخشين بەيەكێک چاكەيە بۆ بەخشەروپێ دراو،هەردووكيان هاوكارى يەكترن،

بەڵام كە دياريەكە بێزراوو بێ نرخ بوو ئەوە هەردووكيان مەينەتى لەيەكترەدەبينن،،دياری لە پيرەژن وپيرەمێرد باشە،لە كچ وكوڕى گەنج باش نيە،كە بينيت كەسێک دياريەكەى ڕەت كرديەوە ئەوە پچڕانى پەيوەنديە،دياری دان بەكۆيلە ونۆكەربۆكۆيلە كان باش نيە.

خۆشۆڕكردنەوە لەبەرزى بۆ خوار وازهێنانە لە دنيا،

پرسەوسەرەخۆشى ئاسايشە وپاداشتە ، كەسەرەخۆشى لێ بكەن مژدەى دەدەنێ،

گۆڕانى ناوبۆ ناوێک خراپتر لەناوى خۆى ئەوە دەركەوتنى كەموكوڕى ودابەزينە،بەڵام ناوى باشترلەناوى خۆى شكۆداريە،

سواڵ كردن خۆبەكەم گرتنەوداواكردنى زانستە.

لێبوردن لەتاوانبارێک لێبوردن وچاوپۆشى الله يە لە لێبوردە،بەڵام سەركۆنەى كەسێک لەسەركارێكى نەشياو ئەوە خەون بين هەمان كارى نەشياو لە ژيانى دادەكاكەلەخەون سەركۆنەى لەسەردەكرد،بەڵام عيتاب ولێپێچينەوەبەڵگەى خۆشەويستيە ،عيتابى موسا لەهارونە،

خواستنى ژن هەوڵە بۆدەستكەوتنى دنياكە خوازبێنيەكەى سەركەوت ،لەگەيشتن بەدنياسەركەوتودەبێ،خواستنى ژنێكى مێرددار داواكردنى دنيايەكە كە نايگاتێ چونكە موڵكى خەڵكانى ديكەيە ،مەگەر ئەوپياوە بمرێ،كە ژنەخوازراوەكە بەدەميەوەهات ئەوە دەگاتە مەبەستەكەى،كەبينى ژنێک ئەودەخوازێ ئەوە دنيا ڕووى تێ دەكا،

ژن هێنانی کەسێکی ژن دار دەسەڵاتێکە پێ ی دەدرێ کە ژنەکە ناسراوبێ ،بەڵام کە ژنی دووەمی نەناسراوو بێ ناوبوو ئەوە ژنی دووەم گۆڕە کە دەیباو لەباوەشی دەگرێ،یان کەسێک دەکوژێ،هەروەها کە بوکێکی دی وژنەکەی خۆی نەدی وبوکی نەناسی،یان هێنانی پیرەژنێک ئەمانە مردنن،هەروەها ژن هێنانی کەسێکی نەخۆش بەژنێکی نەناسراومردنە، کەسێک بینی ژنێکی مەحرەمی هێناوە ،خوشک وخوارزا،،هتد ئەوە لەناوبنەماڵەکەی هەمووان گوێ ڕایەڵی دەکەن ،کە بینی ژنێکی هێنا کە مردبوو وەچوەلای ئەوە کارێکی مردوی بۆ زیندوو دەبێتەوە،بەڵام کەنەچوەلای ئەوەکارەکەی بۆساغ نابێتەوە،یان بەشێک لەمیرات وپاشماوەی ئەو بنەماڵە پێ دەبڕێ، کە بینی ژنەکەی شوی بە پیاوێکی دی کردوە ،ئەوە کەژنەکەی دووگیان بێ کچی دەبێ،یان ژنەکەی هەوڵ دەدا ژنێک بۆ ئەوپیاوە بێنێ، یان ژنەکەی دووزمانی دەکا لەنێوان ئەوپیاوەوژنەکەی ولێکیان دووردەخاتەوە،هێنانی ژنێک وجووت بوون لەگەڵی پایەداریە، کە ژنێک بینی ئەوبوکەودەبرێ بۆ پیاوێک ئەوە شادی وسودێکی پێ دەگا ،کەلە خەودا گەیشتە جووت بوون لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەوە دەگاتە کۆتایی مەبەستەکەی.

کە بینی هاوسەری لەگەڵ ئاژەڵێک کردئەوە ژنێک دێنێ کە لەناوو سروشتی ئەوئاژەڵە شتێکی تێدایە.

بینینی زەماوەندێکی بێ دەنگ وبێ ئاهەنگ باشە وخێرەوشادیە،کەئاهەنگی تێدابێ باش نیە،کە بینی زەماوەندەکە لە ماڵێکە کە نەخۆشی تێدایە ،ئەوە نەخۆشەکە دەمرێ، هەندێکیان زەماوەندبەگشتی لەخەون دا بەباش نازانن وهەموو خۆشیەکان بەناخۆشی دەزانن.

جیابونەوەوتەلاق لەژن بێ پێویستی بوونە لە دنیا،کە خاوەن خەون پلەوپایەی هەبێ دەستی لێ دەکێشێتەوە،دنیا لە خۆی دادەماڵێ،لەمردن نزیک دەبێتەوە،بەهەموو شێوەڕوو لە ئاخیرەت دەکاوپشت لە دنیا دەکا،

جووت بوون لەگەڵ ژنی خۆی چاکەکردنە لەنێوانیان،کەلەپاشەوە چوەلای ژنەکەی ئەوە داوای کارێکی بێ دەرەنجام لەژنەکەی دەکا، کەبینی لەگەڵ

پياوێک جووت بوون دەکا ئەوە خێرێک بەوپياوە دەگەيەنێ وخۆی تەنيا شادی وخۆشی پێ دەبڕێ وسودێکی پێ ناگا،يان نەوەکانی ئەوپياوە ژن لە نەوەکانی ئەوپياوە دەخوازن،ئەگەر بينی جوت بوون لەگڵ يەکێ لە مەحرەمەکانی دەکا لەخوشک ودايک و،،هتد،کەئەومردووبێ زيندووبونەوەی کارێکی مردوە پەيوەندی بە نەوەو کەسانی ئەومردوەهەيە،کە ئەوکەسە زيندووش بێ هەر تێکەڵيەکە لەنێوان نەوەکانی ئەودوو کەسە، يان حەج کردنە.

کەبينی خەليفە يان جێگری خەليفەوسوڵتان لەگەڵی جووت بێ ئەوە پلەوپايەکی پێ دەبەخشێ ،جووت بوون لەگڵ مردوو دوعاو نزاوپاڕانەوەيە بۆو مردووە،جووت بوون لەگڵ ئاژەڵ چاکەکردنە لەگڵ کەسێکی بێ ئەمەک،

جووت بوون لەگڵ يەکێک لە دايک وباوک بەبێ ئاوهاتنەوە گەياندنی چاکەوخێرودوعايە پێ يان ،بەڵام کە ئاوی هات ئەوە پەيوەندی وسيلەی ڕەحمی لەگەڵيان بڕيوەو چاکەيان بۆناکەن،

جووت بوون لەگڵ ژنێکی داوێن پيس ئەوە داواکردنی دنيايە بە حەرامی،کەسێک ببينێ کەدژەکەی لەگەڵی جووت دەبێ ئەوەبەسەر دووژمنەکەی سەردەکەوێ،جوت بون لەگڵ سوڵتان واتە ڕۆيشتنی ماڵەکەی،کەسوڵتان بيکا ئەوە ئەو سودی لێ دەبينێ،واتە لە خەون دا هەموو کات بۆتۆ باشترە سوارت بن ،نەک ئەوەی سواربی،

-کورت هەڵێنانی جووت بوون لە ماڵی دنيا ويان چاکەی قيامەت دا،ڕاست نيە، کە زەکەر وئەوەی لەزەکەرودامێن دەردەچێ نەوەوڕۆڵە بن،وەپشتيش هەرنەوەبن،بۆ هەميشە ئەوخەونانە بە تێکەڵ بوون وهاوسەرگيری نێوان وەچەکان وڕۆڵەکانی داهاتووی ئەو کەسانە لێک نەدرێتەوە؟؟-

ماچ کردنی ژنێکی ڕازاوە ولە گەڵ نوستنی هاوسەرگيريە لەگڵ بێوەژنێک،يان گەيشتنە بەدنيا،ماچ کردنی منداڵ وپياو بە ئارەزوو ئەوەخێری لەماڵی ئەوکەسە ماچ کراوەپێ دەگا،تەنانەت کە ئەوکەسە

مردوش بێ،كە مردوەكە ماچى بكاباشترە،ماچ كردنيدەست وئەژنۆو خاكى بەرپێ خۆبەكەم گرتن ومل كەچ بوونە بۆئەوكەسانە.

دەست لێدان وگرتنى شت وشوێنى حەرام كردنى كارى بێزراوە،كە لەگەڵ كەسێ بوو كە خۆشەويستيەتى شاديە،بەڵام كەبكاتە لەش پيس بوون خەونەكە هيچ واتاى نيە،

جەنابەت بوون بێ هاتنەخوارەوەى ئاولە بێدارى، توش بوونى سەرگەردانيە ونەگەيشتن بە مەبەستە ،كە لەخەوا خۆى شوشت ئەوە ڕێنمايى كراوەوگەيشتن بە مەبەستە، مەنيگەرم گەنجينەيە،مەنى زەرد منداڵێكى نەخۆشە،،مەنى سوور منداڵێكى تەمەن كورتە،مەنى ڕەش ماڵ ومناڵى خۆيەتى، مەنى ماڵ وسامانە،گەيشتنى مەنى دەست كەوتنى ماڵە، مەنى يان منداڵە يان ماڵ دەست كەوتنە يان ماڵ لەدەست چوونە،

بێ نوێژ بوونى ژن  واتە كاروبارى دنيا لەكەسەكە ئاڵۆزدەبێ ،كە ژنەكەى دينيدارو چاك بێ ئەوە دينەكەى نەخۆش دەبێ ،كە ژنێك ببينێ بێ نوێژە ئەوە ماڵى دەست دەكەوێ، كە ژنى نەزۆك بينى بێ نوێژە ئەوەمنداڵى دەبێ،كە پيرەژن بێ ئەوە دەمرێ،كە كچى منداڵ بێ نوێژبێ ئەوە لەدەست دانى كچێنيە،،خۆششتنى ژنى بێ نوێژ لە خەوندا چاك بوون وڕێنمايى وپاك بونەوەيە،كە بينى لەگەڵ ژنێكى بێ نوێژ جووت دەبێ وخوێنى بەسەردا دەڕژێ ئەوە ماڵى لەوژنەوە دەست دەكەوێ.

دووگيان بوون بۆژن ماڵ زيادبوونە،بۆ پياو خەمە،خەونى مناڵى بچوک كە دووگيانە  بۆ دايكى دەگەڕێتەوە،كەپياوبينى ژنەكەى دووگيانە ئەوە چاوەڕێ ى هاتنى دنيايە،دووگيانى ئاژەڵ سودوقازانجە.

مناڵ بوونى كەنيزەوژن لەخەون دا كە هەبێ وەک خۆى دێتە دى ،كە نەبێ هاتنى خەم وخەفەتە،كەژنى دووگيان ديتى كچى بوو كوڕى دەبێ،كەكوڕى بووكچى دەبێ،،كە نەخۆش ديتى مناڵى بوو مردنە، گوتراوە چاك بونەوەيە لە نەخۆشى.

شيردان بەمنداڵ نەبۆدايک ونەبۆ منداڵ خێرى نيە،،كەديتى شيرى ژنێک دەمژێ ئەوەنەخۆش دەبێ،كە ژنێک ديتى پياوێک مەمكى دەمژێ ئەوە

ماڵەكەى دەخوا،كە بينى خۆى مەمكى خۆى دەمژێ ئەوە ميراتى كچەكەى دەخوا،

كە بينى شيرى ژنێكى تردەمژێ ئەوە ميراتى كچى ئەودەخوا،كە بينى شيرى مەمكى پياو دەمژێ ئەوە خێرى تێدانيەوەهژاريە،مژينى زەكەر بۆمژەرباشە وبۆ مژراو ماڵ لێ ڕۆيشتنە،،مژينى مەمكى ئاژەڵ خێروقازانجە،ئاژەڵى گۆشت خوراوماڵى حەڵاڵە وهى نەخوراوماڵى حەرامە، كە پياوێك بەسەرژناندا بگەڕێ ومەمكيان بمژێ ئەوەپياوێكە حەزى لە لوات وبێ ڕەوشتيە.

-لێكدانەوەى خەون بە نەريتە كۆمەڵايەتيەكان لێكدەرەوانى خەون بەهەڵەدادەبا، كە شير فيترەت ودين وحيكمەت وزانست وعەقڵ بێ ،بەتايبەتيش شيرى ژن ،دەبێ تاكە لێكدانەوە كەبۆ مژينى مەمك وشير دەكرێ ئەوەبێ كە مژەرونەوەكانى لە عەقڵ وبيروهۆش وئيمان ودينداری وفيترەت پاكى وڕەوشتى بەرزى مژراوو نەوەكانى ئەو بەهرەمەند دەبن ،نەك وەك فرۆيد هەر لێكدانەوەى نادروست بۆ ئەوخەونانە بكرێ وببێتە هۆى لێك ترازان وپچڕانى پەيوەندى كۆمەڵايەتى..-

كەبينى مردوە وخەڵكى شينى بۆدەكەن ولەسەرى دەگرين وكفنى دەكەن ولەتابوتى داون ودەيخەنە گۆڕەوە،ئەمانە هەمووى بە مردنى دين وئيمانى ئەوكەسە لێك دراوەتەوە،هەروەك بە مردنى بەدكارى وبێ باوەڕيشى لێك دراوەتەوە،هەروە ها بە كۆتايى شوێنەواروڕۆڵ ودەسەڵاتى پۆست ودارايى ووەچەكان وناوبانگيشى لێك دراوەتەوە، كە ئەم مردوە دوای نێژران لەگۆڕهاتەوە دەر ئەوە پێچەوانەی ئەو لێكدانەوانەی باس كران دەگەيەنێ،بۆكافرتۆبەيە،بۆ ئيماندار سەرگەردانيە،بۆ دەسەڵات دار گەڕانەوەی دەسەڵاتە،،،هتد.

كە بە كەسێك بگوترێ تۆهەرگيزنامری ئەوەشەهيد دەبێ،كە بينى لەخەوندا مردو نەنێژراوكەس لەسەری نەگرياوكفن نەكراونەشۆرا ئەوە گەشتێكى دووردرێژدەكا،يان لە خەمێكى نەجاتى دەبێ، كەسێ بينى زەوى بۆ پێچراوەئەوەزوودەمرێ كەبۆی ڕاخراتەمەنى درێژدەبێ،كەبينى

لە زەویەکی وشک چوەزەویەکی بەپیت وسەوزئەوە لە بیدعەوە دەچێتەناوسونەت ،پێچەوانەکەشی پێچەوانەیە.،دەست هەڵتەکاندن لە گڵ هەژاربوونە، بۆنەخۆش مردنە، کەبینی زۆرلەمێژە نێژراوەومردوە ئەوە گەشتێکی درێژە لەگەڵ نەزانان، کە دیتی مردو لەسەر تابوت هەڵ گیرا ئەوە دەسەڵاتی پێ دەدرێ،بەڵام دینی نامێنێ ،

مردنی گەورەی وڵات ،واتە شیرازەی ئەو وڵاتە تێک دەچێ،مردنی دایک وباوک نەمانی دنیای ئەوکەسەیە،یان سەرگەردانی وبەمرادنەگەیشتنە،مردنی برا بێ دەسەڵات بوونە، لە دەست دانی چاوێک ودەستێک بە مردنی برا لێک دەدرێتەوە،نەمانی ژن بێ کاربوونە،مردنی کوڕ لەدوژمن ڕزگاربوونە،مردنی کچ بێ ئومێدبوونە لەخۆشی، لەوانەیە مردن بەتەڵاق دان وحاڵ وگوزەران گۆڕان لێک بدرێتەوە، مردن لە وڵاتێکی تر واتە لەسەر بۆچوونی ئەوانە، یان لە نامۆیی دەمرێ، ڕاکێشانی مردوو گوناە کردنە،بردنی مردوو بۆ گۆڕستان پاداشتە،بردنی مردوو بۆ بازاڕ قازانجە،مردنی زانایان کارنەکران بەشەرعە لەوشوێنە،مردنی ستەم کار زیاتر دەسەڵات داربونیەتی،،مردنی خاوەن پیشەیەک بەبێ بازاڕبوونی ئەوپیشە لێک دەدرێتەوە، مردنی نۆکەروخزمەت کار کەم بونەوەی دەسەڵاتە،مردنی هاوڕێ لە دەست دانیەتی،مردنی دڕندەکان سەرکەوتنە بەسەردوژمنداوبڵاوبونەوەی ئەمن وئاسایشە،

-ئەم لێکدانەوانە بۆمردن هەموویان ڕاست نین، مردن دەیان وبگرە سەدان لێکدانەوەی باش وخراپ و مژدەبەخش و ترسێنەری هەیە، بۆیە دەبێ مردنی هەرکەسێک لێکدانەوەکەی جیابێ لە ئەوی دی، وە گشتگیر کردنی هەندێ نمونەی کەم بەسەر خەونی مردن هەڵەیە لە لێکدانەوەی خەوندا..-

بینینی شوشتنی مردو تۆبە کردنی خراپەکارێکە لەسەردەستی ئەو،کە بینی مردوەو مردوشۆردەست ناکەوێ ،ئەوە ئەوەندە تاوانبارە کە سڕینەوەی تاوانەکان وتۆبەوەرگیرانی زەحمەتە، کە بینی مردوێک دەشوا بە ئاوێک کە شتیپێ ناشۆرێ ئەوە پێچەوانەی سونەتە،

كە بينى كفن دروست دەكا بۆ مردوو ئەوە خێرێک دەكا بۆو مردوەو خزمەكانى ،كە كفنەكە بۆ زيندووبوو ئەوەزەحمەت بۆ خاوەن خەون دروست دەبێ،داكەندنى كفن لە مردوێک پەيڕەوى كردنى ڕێبازەكەيەتى، كە يەكێ ببينێ لە كفن دەگەڕێ ودەستى ناكەوێ ئەوە زۆر حەزى لەمردنە،

ڕۆيشتنى كۆمەڵێک لەگەڵ جەنازەى كەسێک بەڵگەيە بۆ ئەوەى كە ئەو كەسە سەرۆكى ئەم خەڵكە هەموويانە،بەڵام ستەم كارە،كەلەتابوتەكەى كەوت ئەوەلە پايەكەى دەكەوێ،كە جەنازەى يەكێ هەڵ گرێ ئەوە لە شوێن كەوتوانى ئەوكەسەيە، هەڵبڕانى جەنازەى يەكێ لەسەردەستان وگريان لە دواى جەنازەكەى بەڵگەيەلەسەرباشى ئەوكەسە،كەبينى جەنازەيەک لە هەوادادەفڕێ ئەوە مردنى پياوێكى گەورەيە،چونە ناوتابووت كە لەسەرزەوى بڕوا،گەشت كردنە بە
پاپۆڕوبەلەم،بوونيجەنازەى گەورەوزۆر لەشوێنێک واتا خەڵكى ئەوناوچە ئيمان و ويژدان وڕەوشتيان مردوەو خەريكى ڕابواردنن،لەوانەشە دنيايان وازلێ هێنابێ وخەريكى خەڵوەكێشان بن، واتە بەهەردوو لا لێک دەدرێتەوە.

بينينى هەڵكەندنى گۆڕبۆخۆى يان بۆكەسێكى ترلە شوێنێک واتەدروست كردنى خانوە لەوشوێنە،،نوژەن كردنەوەى گۆڕ تەمەن
درێژيە،لەگۆڕنران بەزيندوويى واتەچونە زيندان، لەگۆڕى كراوە نران وسەرپڕ نەكردنەوەى ، واتە ژن هێنان،كە بينى لەگۆڕستان گشت گۆڕەكان كراوەن وئەو يەک يەک سەردانيان دەكا ئەوە بەسەر ماڵى خەڵكانى بيدعەكارو لاڕێ دا دەگەڕێ، يان سەردانى زيندانيان دەكا،كە پياوێكى لە چاڵ نا ئەوەبەشدارە لەلەناوبردنى وسڕينەوەى شوێنەوارى، كە گۆڕێک لەسەربەرزايى هەڵ كەنێ تەمەنى درێژدەبێ،سەوزايى گۆڕستان واتە خەڵكەكەى باشن،يان باران بارين لەگۆڕستان ڕەحمەت بارانە،كۆبونەوەى كۆمەڵێک بۆناشتنى كەسێک واتە هەموو بەشدارن لەلەناوبردنى،

گۆڕ هەڵدانەوەو کفن دزین ونەبشی گۆڕی پێغەمبەران وپیاوچاکان لە خەوندا واتەئەوکەسە کۆششی زۆردەکا بۆ شوێن کەوتن وپەیڕەوی کردنی ئەو پێغەمبەروپیاوچاکانە، کە بینی گۆڕی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەبش دەکاوهەڵ دەداتەوە ئەوە ئەوکەسە ڕێبازی پێغەمبەر نوێ دەکاتەوەوزیندووی دەکاتەوە،بەڵام کە بگابەلاشەکەی باش نیە،،وەشکاندنی یەکێ لە ئەندامەکانی گومڕاییە .

بەڵام بینینی مردوو هکان وتێکەڵ بونیان ولێوەرگرتن وپێ بەخشینیان ،زیندوکردنەوەی مردوێک ئیمان هێنانی کافرێکە لە سەردەستی ئەو،کە بینی مردوێک توڕەیە دیارە کەڕاسپاردەو وەسیەتەکەی جێ بەجێ نەکراوە،

مردووی ڕووگەش ودەم بەخەندە خێرودوعاکانی کەس وکاری پێ دەگا،جل جوانی وڕووسووری و پۆشتەیی مردوان بەڵگەی شوێن خۆشیانە وئیمانداریانە، بینینی مردوو لە مزگەوت واتە ئەو سزای الله ی توش نەبوەو لە ئاسایشدایە،کەسێ ببینێ هەموو ئەوانەی لەگەڵی دەژین مردوون ئەوە گەشتێکی درێژدەکا،کە بینی مردوێک سەرەتا پێدەکەنێ وپاشان دەگری ،ئەوە لە ژیانی دنیادا بەخۆشی وکامەرانی وپێکەنین ژیاوە بۆیە لە دوای مردن دەگری، ڕووڕەشی مردوو ،مردنیەتی بە درۆزنی،هەواڵی مردوان لەسەر ژیانی بەرزەخیان ڕاستە چونکە ئەوان درۆناکەن،

بینینی مردوو لەسەرتەخت وبەتاج وملوانەوزێڕ وڕازاوەیی بەڵگەی پلە بڵندیانە لە قیامەت،جلی سەوز بۆ مردوو بەڵگەیە لەسەر شەهیدبوونی ئەو مردووە واتە گەیشتۆتە پلەی شەهیدان، کە بینی مردوێک جەنگی لەگەڵ دەکاو ئەویش پشتی تێ دەکا ئەوە ئەو خاوەن تاوانە وباتۆبە بکا،کە بینی مردوەکە ڕووتە وعەورەتی دیارە،ئەوە دیارە کەبەڕووتی لە دنیا دەرچووە، کەسی باش بەڕووتی لەتاوان وکەسی ستەمکاریش بەڕووتی لەچاکە، مردوی جل پیس و نەخۆش لێێچینەوەی گرانی لەسەرە،،کەمردوو مەشغوڵ بوو بەکاری چاک ئەوەلەخۆشی دایە ،بەپێچەوانەی خەریک بوون بە کاری خراپ کە دیارە سزادەدرێ،کە

وەليەكى مردووى بينى وهات كەسێكى لە جێ ى خۆى دانا ئەوە وەليەک لەسەرڕێ وشوێنى ئەو وەليە دەژى ولەوانەيە خەون بين پێ ى بگا،

كە مردوێک سەرى دێشا ئەوەدەرحەق بەدايک وباوكى كەمتەرخەم بوە،،كە ملى دێشا ئەوە ئەمانەتى لە ئەستۆدايە،يان مارەيى ژنەكەى نەداوە،كە دەستى دێشا ئەوە مافى براوخوشک وهاوبەشەكانى بەسەرەوەيە،يان سوێندى درۆى خواردوە،،كە زگى دێشا ئەوەمافى خزمان ومناڵانى بەسەرەوەيە،ئەگەرقاچى دێشا ئەوە حەقى تيرەو عەشرەتى بەسەرەوەيە،و ماڵى بەناحەق بەفيرۆداوە،،كەبينى مردويەک نوێژ بەزيندوان دەكا ئەوە ئەوانە كەمتەرخەمن لە پەرستش ومل كەچى، كەبينى كەسێ لە دواى مردوێک ببينێ بچێتە خانوێكى نەناسراوو نەيەتەدەرەوە ،ئەوە ئەويش دەمرێ،گەشت كردن لەگەڵ مردوو باش نيە،سەلام كردن لەمردوو ولەحاڵ پرسينى ئەوەدەگەيەنێ كە ئەوسااڵەنامرێ وحاڵى ئەوومردوەكەش باشە، مردنى مردوێكى ناسراوبۆجارى دووەم ئەوەيان منااڵەكانى هاوسەرگيرى دەكەن،يان يەكێكى تريان دەمرێ،كە نەوەى نەبوو ئەوە هاوشێوەو هاوپيشەو هاوناوى ئەودەمرێ، نااڵينى مردوو ئازاردرانيەتى لەسەرتاوانەكانى، كەبينى مردوان جۆرە خواردنێک دەخۆن ئەوەئەو خواردنە گران دەبێ، كە بينى باوەش لەمردوێک دەداوهەردووكيان لەسەرسەرينێک پااڵيان داوەتەوە ئەوەتەمەنى درێژدەبێ.

كە بينى جووت بوون لەگەڵ ژنێكى ناسراوى  مردوو دەكائەوەگەيشتنە مەبەستە بەشێوەيەک كە خۆشى نازانێ چۆن دێتەدى،بەڵام كەژنەكە نەناسراوبوو ئەوە سەركەوتنە بەسەرناحەزاندا،

جووت بوون لەگەڵ ژنێكى مەحرەمى مردوو وەک پورو نەنک ئەوەتوشى خەم دەبێ ، كە جوت بوون لەگەڵ ژنە مردوەكەى بكا خێرى تێدانيە،بەڵام يەكێ ببينێ مردوێک جوت بوونى لەگەڵ دەكا ئەوە خێرێكى لە نەوەكانى پێ دەگا،ماچ كردنى مردوو دوعابۆكردنيتى،

- دووبارە پێویست بوو ئەم بڕگەش ڕاست بکەمەوە، جووت بوون لەگەڵ مردوو بەزەکەر بۆ بەوە لێک نەدرێتەوە کە ئەو کەسە بەشێک لە زیکرو ویردەکانی بۆئەومردوەو مردوان بەگشتی دەنێرێ، وەجوت بونی مردوش هەروا ئەویش لە جیهانی بەرزەخ زیکروباسی ئەوکەسەی کردوە،کورت هەڵێنانی لێکدانەوەکان لەسەر جیهانی مادی هەڵەیە بۆکەسانێک کەگەیشتونە ماڵی حەق-

کەمردوو خواردن وخواردنەوەیەکی دایە ئەوە خواردن وخواردنەوەی کەم دەکا،کە خواردی ئەوەسودی پێ دەگا،کە جل وبەرگی خۆی دایە ئەوەدەردوبەڵایە،کە پاچەجلەکەی لێ وەرنەگرت ئەوەئەمیش مردنی نزیکە چونکە بەڵا بۆ زیندوە،

جامع تفاسير الاحلام - 7-192/127

بنچینەی پێنجەم

:خەون لیکدەرەوان بەپێ ی پیتی ئەلف بائی  هەرشارو شارۆچکەو وڵات و ناوچەو کیشوەرێك ,واتایەکیان بۆلیك داوەتەوە,ئەمەش زۆربەی بیستراوەو دەماودەم  گوێزراوەتەوە و زۆری هۆکارەکەی نازانرێ,هەندێکی لە  تێگەیشتنی قورئان وسونەت و باوونەریت وپەندو شیعردا پاڵپشتێکی لاوازی هەیە، بەلام وەك گوتم نەهەموی وەر گرە ونەهەموشی ڕەت کەوە,

بۆنمونە گوتویانە :

-مادام تەمەنی گوڵی یاسەمین وگوڵ بەگشتی کورتە وهەرزوودەژاکێن ،کەواتە بە جوانی ودەستکەوتیکی تەمەن کورت لێک دەدرێنەوە.

-ئاگر بە ئاشوب لێک دەدرێتەوە،چونکە ئاگربەهەر شتێک بکەوێ تێکی دەداو ناشیرنی دەکاوەی سوتێنێ،ئاشوب وفیتنەش وەک ئاگر وایە .

-ئەستێرەكان زاناوشارەزاوناسراوەكانن،چۆن بەئەستێرەكان شوێنەكانى ئاسمان مان لێ بزرنابن،بەشارەزاوزانايانيش لە زەوى دا سەرگەردان وگومڕانابين.

-ئاسن وهەموو جۆرە چەكێك بەهێز وسەركەوتن لێك دەرێتەوە چونكە هۆكارى سەركەوتنن.

-بۆنى خۆش ستايش وپێداهەڵدان وبۆگەنى سەركۆنەوگازندەيە.

- كەڵەشێر پياوێكى ورەبەرزە و دەنگ خۆشە.

-ماروئەژدیها دوژمن و گومڕاكەرە وبەژەهرى زمانى زيانت لێ دەدا.

-دەرچونى نەخۆش لە ماڵەكەى بەبێ دەنگى بەمردن لێك دراوەتەوەو كە بەدەم قسەكردن بێ واتە چاك دەبێتەوە.

- چونەدەرلە دەروازەى تەنگەوە ڕزگاربوونە،سەفەرلەناوچەيەكەوەبۆناوچەيەك گۆڕانى حاڵ وگوزەرانە بە پێ ى دوو شوێنەكە.

- كشتوكاڵ وكێڵگە كارو كردەوەيە.

-سەگ دوژمنێكى لاوازو زۆربڵێ يە،گوتەى زۆرترە لەكردارى،شێر پياوێكى تاكڕەوى ستەم كارە،ڕێوى كەسێكى فێڵبازە.

بينينى شارەكان:

كە شارێكى نەناسراوت بينى ئەوە كردارى پياوچاكانە،كە شارەكە ناسراوبوو وەلەتەمەنى دا تيايدا ژيابوو ئەوە دەگەڕێتەوە ناوى وسەرى لێ دەدا،يان حاڵێك وبەهرەيەك و شتێكى باش يان ناباش كەلەوشارەدا هەيبوە بۆى دەگەڕێتەوە،لەوانەيە چونەناوشارەكە دڵنيابوونى بێ لەترسێك كەهەيبوو،كە شارەكەى هەرگيز نەديبوو ئەوە بينى لەخەودا پەيامێكە كە بەرهەم وهونەروزانست وئاكارێك لەوشارە هەيە كەچارەى دەردوكەم وكوڕيەكانى دەكاوبالەبارەيەوە شارەزابێ، ئەمەكەشارەكە

شارێکی دینی نەبوو بەڵام بینینی شاری مەکەومەدینە وقودس خولیایەکی ڕوحیە، بینینی بارێکی وێران کەلەڕاستیدا وێران نەبێ ئەوە دەسەڵات دارەکەی ستەمی لێ دەکا،،شاری بەشورەو قەڵا باشترە لەوشارەی شورەوقەڵای نەبێ ،چونکە شورا واتە ئەو شارە خاوەن سەروەری وپارێزراوە،،چونە ناشاران باشە دەرچوون لەشاربۆچۆڵەوانی خراپە وبەڵگەی هەڵاتنە ،بەڵام لە سەردەمی شەڕو ئاشوب پێچەوانەکەی ڕاستە ،دەرچوون لەشار باشترە.

گواستنەوە لەشارەوەبۆ گوند، لەئاسایش دەچێتە ترس ولەرز وزەحمەتی،بەڵام لە گوندەوەبۆ شارپێچەوانەیە، مەگەر فیتنەوجەنگ لەشارەکان هەبێ ،ئەوکاتەلێکدانەوەکە جیاوازە،چونە گوند گەیشتنە بەبژێوی ،لێکدەرەوان بۆهەرگوندوشارێک واتایەکیان داناوە کە هەندێکیان لەناوی گوندەکەوشارەکە وەرگرتوە،یان لە جۆری پیشەو میوەو بەروبوم وباوو نەریت وزمان وجل وبەرگ وئاژەڵ و وئاوهەواو دیاردەکانی ئەوشاروشوێنە وەریان گرتوە.

کەخۆی لەناوقەڵایەک بینی ئەوە پارێزراوە لە دین و زیندەگی و پایەی دا،کەم وکوڕیەک لە قەڵاکە کەم کوڕیەلە پارێزبەندی ئەوشتانە، کە جارێ تەواو نەچوبێتە ناوقەڵاکەش هەرپارێزبەندیەکەی تەواونیە.

خۆبینین لەناوبورج وتاوەر بە بێ ئومێدبوون وبەندی هەتاهەتیی ومردن لێک دراوەتەوە ،چونکە لەکۆندا بورجەکان هی ستەم کارو خوێنڕێژەکان بوون،بەڵام لە ئێستا ئەم لێکدانەوە ڕاست نیە، بینینی کەلێن لە قەڵاوبورج وشورای هەروڵاتێک ئاماژەیە بۆ مردنی کاربەدەستێکی ئەو وڵاتە کەپشێویەکی لێ دەکەوێتەوە،کە بینی شورایەکی بەدەوری خۆی دا دروست کرد کەئەو پاشابێ ئەوەلەدوژمنەکەی خۆی پاراستوە،کە هەژاربێ دەسەڵاتی دارایی بۆدێ ،کە بێ ژن بێ ژن دێنێ یان شوودەکا،کە دوژمن داربێ دەپارێزرێ،،،هتد،

کە بوەخاوەن پارچە زەویەکی ناسراوئەوە ژنێک دێنێ کە پایەی ئەوژنە بە پێ ی فراوانی زەوی خەونەکەیەتی،لەوانەیە ژنەکە لە خاوەنی

زەویەکە نزیک بێ ،زەوی نەناسراو سامانی دنیایە،کەزۆفراوان بوو گەشتە،زەوی فرۆشتن ولێ دەرچوونی بۆنەخۆش مردنە،بۆدەوڵەمەند هەژاربوونە،کە زەوی قوتی دا گەشت دەکا،،بازرگانی لەبازاڕدا کاری چاکەیە،ئاوەدانی وبەبازاڕی بازاڕەکە باشە،بەڵام چۆڵی وداخرانی بازاڕەکە خراپە،،کە دوکانەکەی ڕوخا ئەوە بژێوی زەحمەت دەبێ وبێ کاردەبێ،

ڕۆچوون وبومەلەرزە بینین ئەوەبەڵایەکە تووشی ئەوناوچە ،کە لەبومەلەرزەکە زەوی قوتی داکە بەدکاربێ ئەوەسزایە،بۆ چاکەکار پاک بونەوەیە،

چاڵ کۆڵین بۆ نەخۆش یان کەسێکی نەخۆشی هەبێ گۆڕە بۆ نەخۆشەکە،بۆ گشتیار قازانج کردنە،کە لەخەودا بیروکارێز هەڵکەنێ ئەوە ژیانێکی تایبەتی بۆخۆی بنیات دەنێ ولەوانەشە سەدەقەو خێرێکی قیامەتیش بێ،بەڵام کەبەنیازی خۆحەشاردان هەڵی کەنێ،ئەوە پەنادەدرێ،کە بینی کەوتۆتە چاڵەوە ئەوە ژنەکەی تەڵاق دەدا،یان توشی ڕەنجەڕۆیی دەبێ،کەلە چاڵەکە دەرکەوت ئەوەلەبەندی وخەم وهەژاری ونەخۆشی دەردەچێ،چونەناوئەشکەوت وباخ ئەمن وئاسایشە ودەرچوونە لەترس.

کە بینی خانوێکی پتەودروست دەکا کە ئەوکەسەدین داربوو ئەوەکاری باش دەکا،وەکە لە دەسەڵات داری دنیا بێ ئەوە دنیاکەی پتەودەکا،کە بیناکە بەخشتی قوڕبێ ئەوەباشە،کە بە قسڵ وگەچ وخشتی سوورکراوبوو ئەوەکارێکی خراپە،-بۆ سەدان ساڵ بەکارهێنانی گەچ و قسڵ وبەردی نقاڕو چیمەنتۆ نیشانەی خەڵکی لاڕێ و دوور لەدین وستەم کاروفیعەونەکان بوو،بەڵام ئەمڕۆ پەرستگاومزگەوتەکانیش بەم کەرەستانە وزیاتریش لەوکەرەستانە بەکاشی وپلاستیک وشوشەو ئەلەمنیۆم وزێڕکفت دەکرێن ووەک ئاوێنە یان لێ دەکرێ-

دروست کردنی خانوو وگەرماو ژن هێنانە،کە لەشوێنێکی نەناسراوبن ئەوە گۆڕەکەیەتی،،ڕوخاندنی خانوی کۆن دەست کەوتنی خێرە،بەڵام

کەخانوێکی نوێ ی ڕوخاند ئەوە خەم وپەژارەیە،،ڕوخانی خانوو مردنی سەرۆک وسایەی ئەو بنەماڵەیە،،بۆژن تێکچوونی بن میچ مردنی مێردەکەیەتی، تێکچوونی ولاتێکی ئاوەدان ،مەینەتیە بۆ ئەوناوچە،،شکانی کۆڵەکەودینگە مردنی مشورخۆڕو گەورەی ماڵە،

ونە ناوخانوێکی بەخشت وقوڕدروست کراو ماڵێکی حەڵاڵە،زۆروکەمی ماڵەکە هێندەی گەورەیی وفراوانی ماڵەکەیە کەلەخەونەکە دیویەتی،بەڵام بە کەرپوچ وگەچ بێ ئەوەماڵێکی حەرامە،خانوی گەچ کراوقەبرە،کە قوڕەکەی تەڕبوو خەمە،،کە نەشوێنەکەی ناسراوبوونە خەڵکەکەی وجیابوو لە ماڵەکانی ترئەوە ماڵی ئەم دنیایە نیەوبەرزەخە،کەبینی چوەناویان وهاتەوە دەرئەوەنزیک دەبێتەوەلە مردن وبەڵام نەجاتی دەبێ،کە بینی خانوو سەربانەکەی فراوان بوە ئەوە سامانی زیاددەبێ، کە کانیەکی لە ماڵ دا پەیدابوو ئەوە کردەوەی چاکە، کەبن میچ دڵۆپە بکا ئەوە شیوەنە بۆ مردوو لەوماڵە،ماڵی ڕشاو خەمە،

کەبینی ئەولەسەر خانوێکی نەناسراوە ئەوە ژنێک دێنێ،،کە بینی لەناوژوورێکی نوێ دا یە،کەهەژاربێ دەوڵەمەنددەبێ،کە ترسی لەسەربێ دڵنیادەبێ، ژووری کۆن گوزەران وکارێکی کۆنە بۆی دەگەڕێتەوە.

بینینی دەرگای گەورەوکراوە دەرگافراوانی ئەو کەسە و دەزگایە دەگەیەنێ ،واتای هاتنە ژووری بێ مۆڵەتیشی بۆ ئەوشوێنە لێ وەردەگیرێ بەتایبەت کە لەخەونەکە دیاردەی گەردەلول وڕەشەباولافاوی لەدەرەوە دی دەرگای گەورەی کراوە باش نیە وبەداخراوی پارێزبەندی یە بۆ ئەوشوێنە،داخرانی دەرگا لە باری ئاسایی دا بەڵگەی کارەساتباری ئەوماڵەیە ،یان نیشانەی چروکی وخۆپەرستی یە لە کاتی بوونی بەڵاوشەڕی ناوخۆ پارێزبەندیە،کە دەرگایەکی داخراوی دیت ونەی توانی بیکاتەوە ئەوە کاری ئاڵۆزوزەحمەتی دێتەپێش ،یان ژنەکەی لێ ی یاخی دەبێ،چونەناودەرگای ماڵی دوژمن سەرکەوتنە بەسەریانداو نەهێشتنی بەڵگەی نەیارەکانە،کە دەرگایکی دەویست بۆ ماڵەکەی ودەستی نەدەکەوت ئەوەنەمانی پارێزبەندی و دڵنیاییە لەوماڵە.

بينين ودەست كەوتنى كليل دەسەڵات وسامان وبەختەبۆژنى بێ شووبينينى كليل شوكردنەكە دەرگايەكى كردەوە بەكليل ئەوە نزايەكى لێ قبوڵ دەبێ،يان توشى خێرێكى دينى ودنيايى دەبێ،كە دەرگاكەى بۆنەكرايەوە ئەوەناگاتە ئامانجەكەى،

كە دەرگايەكى نوێ ى داخست ئەوەژنێكى نوێ دێنێ،بەڵام كە دەرگاى نوێ ى كردەوە ئەوە ژنەنوێكەى تەڵاق دەدا،بەپێچەوانەشەوە داخستنى دەرگايەكى كۆن تەڵاق دانى ژنەكۆنەكەيەو كردنەوەى دەرگاى كۆن مانەوەى ژنەكۆنەكەيە،داخستن وكردنەوەى قفڵێک بە كليل ژن هێنانە.

،- لە ڕاستيدا كردنەوەى دەرگا بەتەنيا ناتوانرێ بەباش وخراپ ،بەژن لێک بدرێتەوە ،دەبێ ناوزورەكە پێش دەرگاكە تاريک بێ ،تەڕبێ ،سەرمابێ و،،هتد بەكردنەوەى دەرگاكە ڕۆشن وهەموار باش بێ لە دەرەوەش گەردەلول وزريان وجەنگ نەبێ ئەوە كردنەوەكە باشە ،بە پێچەوانە خراپە، دەرگا كاتێ بەژن لێک دەدرێتەوە بۆ كەسێک كە خەريكى ژن هێنان بێ وخەمى ڕۆژوشەوانى بێ-

ڕوخانى بنميچىماڵ مردنى سەرۆكى ماڵە،دڵۆپەى بن ميچ گريانە بۆ مردويەک،بارينى باران بەسەر سەربان دا هەژاربوونە،چونە سەردیوار ،ديوار سامانە،ڕوخانى ديوارهەرەسى سەرچاوەى بژێويەتى،يان پلەوپايەكەى نامێنێ، خۆهەڵواسين بەديوارەوە وسەركەوتن وئاودیوبوون زاڵ بوونە بەسەر پايەكەى دا،كە كەسێكى تر لەسەردیواربخاوخۆى بچێتە شوێنى ئەوە دەبێتەهۆى ئەوە كە ئەوكەسە لە پلەوپايە بكەوێ وئەم جێگاى دەگرێتەوە، شاخ پياوێكى بەهێزوپارێزبەندو پتەوە،سەركەوتنە سەرشاخ گەيشتنە بەدەسەڵات ودەوڵەمەندى وسوارچاكى ودڵنيايى وبەورەيى،-بەڵام دانانى شاخ بە پياوێكى دڵ ڕەق ڕاست دەرناچێ ،چونكە ناوكرۆكى شاخ زۆرجار نەرمە وپڕ لەكانزاى بەنرخە-

كە بينى لە سەفينەوە بۆ شاخ ڕادەكائەوە دەكەوێ وبێ ئامانجە.

- ئەمە بۆ سابئى ومەجوسيەكان لەوانەيە وابێ ،بەڵام بۆ جولەكەو مەسيحى كە پەنا بۆ تور دەبەن وڕزگاريان دەبێ وئيسلام كە پەنابۆ ئوحد

دەباونەجاتى دەبێ بەو شێوە نیە و مەرج نیە ئەوەی ئوممەتانی پێش ئێمە لێ ی بێ ئومێدبوون بۆ هەموو ئوممەتەکان وابێ-

کە بینی لە شاخ دابەزی واتە کارەکەی تەواو نابێ،

لەرینەوەی شاخ واتە دەسەڵاتیئەوناوچە ئاشوب ونەخۆشی ومردنێکی تێدەکەوێ،ڕوخانی شاخ مردنی دەسەڵات دارە،ئەشکەوت پەناگەو ئاسایشە،ڕۆیشتنی شاخ بەڵگەی جەنگە،یان شێوانێکە لەنێوان زاناکان،گۆڕانی شاخێک بۆ کەف وکوڵ لێک هەڵوەشان وبەتاڵ بونەوەی دەسەڵات وفەرمانێکە کەوادەزانرازۆرپتەوە،

دابەزین لە تاوێروتاشە بەردێک یان خەریک بوون بەتاشە بەردێک،هەروەک لێکدانەوەی شاخ وایە،گواستنەوەی بەردکردنی کارێکی گرانە،،بەربونەوەی بەردێک لەئاسمانەوە کارەسات وجەنگ ومەینەتی وگرانی ودەردوبەڵایە بۆ مرۆڤ وئاژەڵ و درەخت ودانەوێڵەکان،

کە بینی سواری بەردێک بوە ئەوە کە بێ ژن بێ ژن دێنێ،دەرکەوتنی ئاولەبەرد سامان وخێرو وبژێویە، بەردەهەڵواسین لەمل قەرزداریە،

هەڵگرتنەوەوکۆکردنەوەی چەو سودێکە پێ ی دەگا،چەوفڕێ دانە ناودەریا، ماڵ لە ئاوکردن وزیانە، چەو فڕێدانە ناوبیر دەرخستنی ماڵێکە لە هاوسەرگیری،یان سەرف کردنی پارە لە ژن هێنان،،فڕێدانی چەوبۆسەر هەرکاڵایەک کڕینی ئەوکاڵایەیە، بەڵام هاویشتنی چەوبۆ مرۆڤێک تۆمەتبارکردنیەتی بە کاری داوێن پیسی ودزی وگەندەڵی،

سەرکەوتنە سەرگردوتەپۆڵکەوکۆشک وسەربان دەسەڵات داریە،،دەگوترێ بڵندبونەوە بەسەرخەڵک دابۆ نەخۆش تابوتەکەیەتی،بۆ بێ ژن ژنێکی پاکیزە هێنانە،دابەزین لەو بەرزاییانە گەڕانەوەیە لە حاڵ وپایەیەک بۆ حاڵێکی تر،سەرکەوتن بە پەیژەدا گەیشتنە ئامانجە،کە بگاتە دواپلیکانەو نەخۆش بێ ئەوە گەیشتنە بەدوا قۆناغی تەمەن،کە پلیکانەی زۆر سەرکەوت ئەوە پلەوپایەی بڵنددەبێ وزۆر خەڵکی دەکەوێتە ژێردەست،دابەزین بە قادرمەو پلیکانە پێدەچێ پەلکێش کردن وخەڵەتاندن

وئيستدراج بێ،يان لەدەست چوونى پلەوپايەوكاربێ،بۆ گەشتيار گەڕانەوەيە بۆزێدى خۆى، كەوتن لە پليكانە ساردبونەوەيە لە دينداركە پەيژەى بۆدانراو دابەزى وگەڕايەوە شوێنى خۆى ،ئەوە لەترس وخەم ومەينەتى كە تيايەتى دەردەچێ ،

بينينى دەرياسولّتانە ،ڕوباريش سولّتانێكى بچوكترلە دەريايە،ڕاوەستان لەسەر دەرياخێرێكى لەودەسەلّات دارە پێدەدرێ،،كەم بونەوەوپاشەكشەى دريا كەم بونەوەى دەسەلّاتى سولّتانە وكشانەوەيەتى لەو زەويانەى كە دەرياكە بەجێ ى هێشتوە،مەلە كردن لە دەريادا وبزربوون لەئاوا لەناوچوونە،،كە بينى لە بن ئاوەوناخنكێ ئەوە لەناو دنيادا وبە تاوان دەورەدراوە،،قوڕى بن دەريا خەم ومەينەتى سولّتانە،،گەڕان لە مرواری لە دەريادا گەڕانە لە زانست ودانايى ،،هەڵێنجانى ئاولە دەرياو ڕوبار ماڵێكە لەو دەسەلّات دارەوە وەرى دەگرێ،ئاوەكە كەشلوێ بوو ئەوەخەم وهەڕەشەوترسى دەسەلّات دارە،دەستنوێژ لە ئاوى دەرياوڕوبار دەرچونە لە خەم وهەژارى وقەرزو ترس وزيندان، ڕۆيشتن لەسەرئاوى دەريا دينداری ومتمانەو بەهێزى ئيمان و وابەستەبوونە بە الله ،،جۆگای بچوک كە مرۆڤ نەخنكێنێ ژيانى بەختەوەرەبۆ مرۆڤ، تسۆنامى وشەپۆل و خێزاوى دەريا توڕەيى و هوروژمى سولّتانێكى ستەم كارە،

ونە ناودەريا چونە بەردەستى سولّتانە،بۆنەخۆش پەرەسەندنى نەخۆشيە،دەرچون لێ ى دەربازبوونە لە تەنگژە، پەرينەوە لە ڕوبارو دەريا نەمانى خەم وخەفەت وسەلامەتيە لە ئاشوب، خواردنەوەى ئاوى شيرينى ڕوباروچۆگا نۆشينى خۆشيەكانى ژيان وتەمەن درێژى يە، ئاوى تاڵ وشلوێ دەردوبەلّاو خەفەتە،ئاوى گەرم زيندان ونەخۆشى وترسى جنە،ە،ئاوى كەم هەژاريە، كەوتنە ناوئاو مەينەتيە،هەڵگرتنى ئاولە دەفردا بۆ بێ ژن ژن هێنانە،بۆهەژارماڵە،بۆ ژندار دووگيان بوونى خێزانە،، هەڵگرتنى ئاولەناو تورەكەو پەڕۆ هەڵخەڵەتانە چونكە ئاولەوانە ڕاناوەستێ،

خواردنەوەى ئاوى كوپەوگۆزەو وكوندەش بۆبێ ژن ژن هێنانە،، خاڵى كردنى ئاوبۆناو گۆزەوكوندەومەشكەو،،هتد،، هەرجوت بوونە لەگەڵ ژن دا،كە بينى جۆگابۆماڵى خۆى ڕادەكێشێ ئەوە خێريان بۆڕادەكێشێ،

تەقينەوەى كانى لە ماڵێكدا تەقينەوەى چاوە بەفرمێسک ،جۆگەى بەردەم ماڵ كە ئاوى بڕوا ئەوە ڕەوينى خەمەكانيەتى،بەڵام، گيرانى و وشک بوونى گەيشتنە بەبن بەست ودەستە وستان بوونە .

-زۆرترين لێكدانەوە بۆ دەرياوئاو بە چەند شت كراوە:

بە دەسەڵات دارو سوڵتان كراوە بە گوتەى البحر جبار.

بە فيتنە وسەرلێشوان كراوە بەو فەرمودەى پەرداخە ئاوەكەى ئيسرا كە فەرموى ئومەتەكەت دەخنكان ونغرۆدەبوون،نغرۆ بونيش ئاوابوونە.

بە زانست و زانيارى وبوژانەوەو ژيان چونكە هەموو شتێک بە ئاودەژيەتەوە.

بەما وسامان ودارايى .

بە پاكى وپاكيزەيى وپارەى حەڵاڵ ،چونكە دەريا ئاوى پاک ومرداربوى حەڵاڵە.

كەواتە هەموو جار ژێرئاوكەوتن ونەخنكان گومڕابوون نيە ،بەڵكو ژيانى ئوممەتانى ژێردەريا لە هى ناوهەوا پاک تروبێ دەردوبەڵاتر ودوورلەهەواوئارەزوو ترو هەرەوەزى تر-ە

خواردنەوە لە ئاوى كانى خەمە،كانى ڕوون ژيانە،تەقينەوەى كانى لە ماڵێک يان باخچەيەكدا پرسەوشيوەنە،كە بينى ئاوى كانيەک بەرەوماڵيان دەڕوا ئەوە بژێويە.

-وەک ئەوەى ئەو لێكدەرەوانە ويستبێتيان كە لێكدانەوەكانيان وەرنەگيرێ، وايە ،چۆن ئاوژيانەو كانى پرسەيە؟بۆ كانيەكە بەڵايە وئاوەكەى بژێويە؟ ،لەڕاستيدا كانى وئاوودڵۆپەى بن ميچ وبان هيچ كات شيوەن وگريان نين، ئاوو كانى هەموو كات هەرباشن.-

ئاوى بيرنەخۆشيە،كەوتنەناوبيردەرنەهاتنەوەى قەبرە،هەڵێنجان لە بير ماڵێكى بێزێنراوە،ڕۆكردنى ئاوەكەى لە دەفرێكى تر بەخشينيەتى،كە دۆلكەى لە داهێشتە ناوبيرێك وئاوى تێ هات، ئەوەكە دووگيانێكى لابێ كوڕێكى دەبێ،كە ماڵێكى لە بازرگانى دابێ دەگەڕێتەوە،كە نەخۆشێكى لابێ چاك دەبێتەوە،،كە گيراوبێ بەردەبێ، لەوانيەيە بير ژن بێ ،بونە خاوەن بير ژن هێنانە،هەڵكەندنى بير خەڵەتاندنى ژنەو گڵەكە ماڵێكە لەوژنە خەڵەتاوە دەستى دەكەوێ،ئاوى شلوێ زيندەگى زەحمەتە،،سەيركردنى بير هەوڵدانە بۆ بە شودانى ژنێك و خێرێكى پێ دەگا.

كە لافاوێكى ديت زەويەكى نغرۆكردئەوەبەڵاو وقەرزێكە كە خەڵكى خەريك دەكا،يان بەسەردادانى دوژمنە يان هاتنى نەخۆشيەكى بەربڵاوە ،قوڕوقوڕاو خەمە بۆ شوێنەكە يان بۆ كەسەكە.

-بەولێكدانەوانە نابێ حەوزو بيرو ڕوبار مێ بن وژن وكچ بن ،چونكە مادام كە زەوى وزار وماڵ بە ژن حساب بن ،زەوى بەئاو ئاودەدرێن ،كەواتە دەبێ بيروكانى وحەوزپياو ونێربن ،بۆيە ئەو لێكدانەوانەى دۆلكە لە بيرنان وبير بەژن لێك دەدەنەوە لە گەڵ دەرەنجامەكانى ديكە نايەنەوە توشى بەريەك كەوتنى لێكدانەوەكانيان دەبن.-

لە كەشتى دابوون خەم ونەخۆشى وبەندوڕێگرە لە جوڵەو گەڕان،لەوانەشە دەربازبوون بێ،يان ژن بێ،كە بينى كەشتى دروست كرد يان كڕى يان پێ ى درا،ئەوە يان ژن دێنێ يان گەشتە يان ڕێگرێكەلەوڕێگرانە،وەگەيشتنى بە وشكانى دەربازبونيەتى لەو ڕێگرانەى باس كران،بەڵام كەسەفەرەكە بەردەوام بوو ئەوە يەكێك يان هەندێك لەوڕێگرانە لەگەڵيدا دەبن،ڕاوەستانى كەشتى لە ئاوى مەنگ دالەوەش ناخۆشترە،

دەستكەوتنى كەشتى لەناودەريادا نيشانەى دەربازبوونە،تۆبە يەبۆگونەهبار ،يان چاك بونەوەيە بۆنەخۆش،گەيشتنە ئامانجە بۆكەسانى دى،نغرۆبوونى ئەوو سەفينەكەى لە دەست چونى دنياو هەژاريە بۆ دواڕۆژى

باشە،شكانى كەشتى ودەرچون بە پلێتەكانى مردنى مامو بابە ،ڕۆيشتنى كەشتى لە هەوادا مردنە.

دروست كردنى گەرماوبەژن هێنان و چونە ناوگەرماوبە خەم وئازارلێک دراوەتەوە،ئازارەكە بەئەندازەی گەرمی گەرماوەكەيە،لەوانەيە ئازارەكە لە لايەن ژنانەوەبێ،خۆشوشتن بەئاوی سارد لاچوونی هەموودەردێكە،كە بينی جلەكانی لە گەرماودزرا ئەوە كێشە دەكەوێتەنێوان ئەوو پياوێكی سولّتان.

-دانانی خۆشوشتن بەئاوی گەرم لە حەمام وچونەناو حەمام بەخەم وئازار دانان ودانانی ئاوی سارد بە شادی هيچ بەڵگەيەكی لەسەرنيە وڕاستيش نيە ،چونكە مرۆڤ كەبيەوێ بەئاوی سارد خۆبشوا نابێ بچێتە گەرماو،گەرماو واتە ئاوی گەرم،گەرماويش ژن نيە،چونكە هەرچی ئاوی تێدابێ نێرە نەک مێ ،بۆيە دانانی گەرماوبەژن هەڵەيە.-

بينی باخچەوبێستان لەگەڵڕێزانی پايز خەمە، بينيان كاتی ميوەوميوەچنين سامانێكی حەڵاڵەبێ ماندووبوون، بينينی باخێک كە ڕوباربەژێردارەكانی دابڕواو وژنێک بانگی بكابۆ جووت بوون ولە ميوەی درەختەكان بخواوشيروهەنگوينی لێ بخوا ئەوەئەو كەسە شەهيد دەبێ، لەوانەيە باخ ژن بێ،خواردن لەدرەختەكانی سامان يان ژن بێ،،كە ببينێ باخەكەی ئاودەدا وبەروميوە دەگرێ ئەوەلەگەڵ ژنەكەی داجووت دەبێ بەرهەمەكەشی منداڵەكانن.

هەروا دەكرێ باخچە قورئان وكتێبی دانايی وزانست وعيرفان بن،خواردن لەميوەی باخ وبۆنی گوڵەكانی ئەوزانست و حيكمەت و ڕێنمونيە ڕوناكانەبن كەلە كتێبەكان دا هەن.

بينينی درەختەكان پياوەكانن،بە پێ ی سودو بەرهەمەكانيان ،ڕەگەكان ولقەكانيان ڕۆڵەكان وخزمەكان و هاوكارەكانيانن، گەڵاكانيان دەرهەمەكانن و چرۆكانی ماڵی پاشەكەوتين،،دارخورمای زۆر خەڵكێكی پايەداروخانەدانن،بەڵام دارخورما لە شوێنێک كە خورمای لێ نيە گرێ كوێرەيە،دارخورمای هەڵكەندراوشوێنەواری خانەدانێكی مردوە،

خورماو قەسپ وبەلەح وبەسر هەموو قازانج وبژێوين، دەست كەوت وخواردنى سامانێكى خێرايە،خواردنى ناوكەكەشى تێكەڵ كردنى ماڵى حەڵاڵ وحەرامە، ،يەك دەنكە خورما كەژنەكەى ئاوس بێ كوڕى دەبێ، خورماى جوان وشيرين بيروفكرە لە گەورەيى وداهێنانى جوانى دروستكراوەكانى الله،،كەسێك ناوكە خورماى بينى گەشت دەكا،

بەرهەمى گوێزو بادام ماڵ وسامانێكى شاراوەن، درەختى سيدرپياوێكى گەورەوخانەدان وبەخشندەيە،هەنجير ماڵێكى بەردەستە،يان كەسێكى ڕاستگۆيە،هيچ ميوەيەك هاوشانى هەنجير نيە، درەختى زەيتون پياوێكى پيرۆزوموبارەك وسودبەخشە بەڵام بەرهەمى زەيتون خەمە بۆئەوكەسەى بيخوا،درەختى هەنارپياوێكى بەڕێزە،يان گوندێكى ئاوەدانە كەشيرين بێ، يان ماڵێكى كۆو كوڕ بوونە يان سودێكە لەكوڕەوەبۆباوانى ولەوانەشە ژن بێ،خواردن ودەست كەوتنى هەنار جووت بوونە لەگەڵ كەنيزەكى كچ ،هەناری ترش خەمە،

سێو ئەو ئەندێشەو خواستى مرۆڤە لە خاوەندارێتى ونوسين وبازرگانى وپيشەسازى وكيشاوەرزى و،هەركەسێ بيبينێ لەم خواستانە بەئەندازەى سێوەكانى خەونى دێتە دەست ،كە بينى سێوێك بۆن دەكا ئەوە كوڕێكى دەبێ،مۆز وئەتروجە دينەبۆ دينداران ودنيايە بۆ خەڵكى دنيا، دارمێو پياوێكى بەخشندەيە،،هەركەسێ بيبينێ مێودەڕوێنێ پايەدارو شادمان دەبێ،ترێ سپى لەكاتى خۆيدا جوانى دنيايە،لە غەيرى كاتى خۆى سامانى دنيايە، مێوژيش هەمووكات سامانە،خواردنى ميوەى زەرد وەك هەرمێ وروتەب وكاڵەك وبەهێ وكۆخ وقەيسى هەمووى نەخۆشيە،بەڵام سەوز نەخۆشى نيە،ميوەى ترش خەمە،تەنيا ئەتروج وسێوو ونەبەق نەبێ ،هەموو ميوێكى شيرين بێجگە لەزەردەكان ماڵە،

كە درەختێكى زۆرى بينى لە حەوشەكە كە ميوەكەيان پێوەيە ئەوەسەركەوتن ودەسەڵاتى دەدرێتێ وتەمەنى درێژدەبێ .

ميوە گرتنەوە لە درەختێكى بەچێژ دەست كەوتنى سامانە لە پياوێكى بەخشەر،كە بەدانيشتنەوە گرتيەوە ئەوەبێ ماندووبوون وەرى

دەگرێ،درەختى درێژ پياوى پايەدارە،كەوتنە خوارلە دارەكە نەگەيشتنە بەمەبەست،كەبەكەوتنەكە مرد بەدەستى پياوێكى گەورە دەكوژرێ،،كە دارىكەبەكەوتنەكە شكا ئەوە پياوەگەورەكە لەناودەچێ،

كە ژمارەيەك درەختى بينى، ئەوە كۆمەڵێك پياوى خانەدان وپايەدارو بەخشندەو پێشەنگ دەبينێ،تادارەكان جوانتروگەورەتروپڕميوەتربن ئەوكەسانەش تەواوترن،كە دارێكى يان چەند دارێكى نەناسراوى ڕوتاوەى بينى ئەوە توشى پەژارەدەبێ،كە لەحەوشەكەى دارێكى درێژوو سەوزوجوانى دى ئەوە ناوبانگ دەردەكاو تەمەن درێژدەبێ ونەوەى زۆردەبن ومااڵەكاى ئاوەدان دەبێ وئەوشوێنەش بۆئەو پڕ خێرە،كە دارێكى بەبەر وبێ پەلك بوو ئەوە پياوێكى دينداره بەڵام ڕەوشتى جوان نيە،وەكە پەلكى جوان بووبەڵام بەرى نەبوو ئەوە كەسێكى بەڕەوشتە بەڵام بێ دينە،كە بينى دارێكى لە ماڵى خۆى بڕى يان هەڵ كێشا ئەوە نەخۆش دەبێ يان دەمرێ،يان لە خێزانەكەى كەشێك دەمرێ، كە دارى كەسێكى تربووئەوە نان بڕينى كەسێكى تره يان كوشتنيەتى،كە بينى دارێكى زۆرو هەمەچەشن لە ماڵيان ڕواوە وبۆن وبەرامەيان ئەوناوەى پڕ كردوە ئەوە ژنێكى زۆر بۆ شين كردنى كارەساتێك لەوماڵە كۆدەبنەوە.

-پێش هەموو شتێك بائەو سەهوە گەورەى كۆتايى ڕاست كەمەوە، درەختەكان لە خەون دا پياون وژن نين ،قەڵەمن وتێنوس نين، بۆنى خۆش لە درەختى جوان وشەو دەستەواژەو ستايش وپێداهەڵدانى چاك وپاك وجوانە وەك لە سورەتى ئيبراهيم ئاماژەى پێ كراوەو شيوەن وگريان نيە،

بابەتێكى تر كە شايانى ڕاست كردنەوەيە ئەوەيە كە لێكدەرەوانى كۆن زۆر ڕوداوى خەونيان بەبوونى كوڕ لێك داوەتەوە ،ئەوەش لە بەرگرنگى وپێويستى وخواستى زيندەگى ئەو كاتەى كۆمەڵگاى مرۆڤايەتى بۆ كوڕ بۆ شەڕوجەنگ وكاروپيشەو گەشتى بازرگانى وشوانى وپلەوپايە ،زۆربەى ئيشەكان بەژن نەدەكران ،يان ژن ئەوكارانەى پێ نەدەدرا بۆيە هەر شتێك بێ دەڵێ ژنەكە كوڕى دەبێ،

بەڵام ئەم لێكدانەوانە بۆ ئێستا نابن وگۆڕاون چونكە ئێستا كۆمەڵگای مرۆڤایەتی گۆڕاوەو زۆربەی جومگەكانی كۆمەڵگا بەدەست ژنانەوەیە وبوونی كوڕی زۆر نەك بۆ باوك ودایك مایەی خۆشگوزەرانی ودەوڵەمەندی نیە ،بەڵكومایەی هەژاری وقەرزداری وبێ هێزیە، بە پێچەوانەوە بوونی كچان خۆشگوزەرانی وبەهێزی وسامان بۆ دایك وباوكان دەهێنێ،

بابەتێكی تر كەشایانی ڕاست كردنەوەیە،گشتگیركردنی ترشیە بۆ خەم ،ئەی بۆ ترشی چارەی نەخۆشی نەبێ كە كەسی نەخۆش هەرحەزی لەهەنارەترشەیە، یان زەیتونێك كە نوری اللە یە بۆدەبێ خواردنی خەم بێ وڕوناكی وزانست نەبێ ؟هەروەهابۆ دەبێ هەمووزەردێك نەخۆشی بێ ؟خۆ هەنگوین زەردەوكەچی چارەسەرە؟؟ -

كولەكە پایەداریە،لەسێبەردانیشتنی كولەكە ئاسایش
وچارەسەرەلەدەرد،كاڵەك نەخۆشی وترۆزی خەم وخیار باشە.

ڕوەكە پاقلەییەكان لەوانەی دەخورێن بینینیان باشە،بەڵام ئەوانەی ناكوڵێنرێن ومرۆڤ نایان خوا ئەوە كێشەو دژایەتین،نیسك ولۆبیاونۆك خەم وخەفەتن،خواردنی پیوازو كەرەوزو سیروهەموو شتێكی بۆگەن جنێوو بوختان وقسەی ناخۆش وبێ ئەدەبە،دومبەڵانی ژێر زەوی ژنێكی بێ ڕەگ وبێ بنچینەیەوخێری پێوەنیە،یان ماڵی ژنانە،چونكە دومبەڵان لە پاشماوەی مەن وگەزۆیەودەرمانی چاوە.

سەوزایی دینداریە،ساڵی بەپیت وتێریە،زەوی وشك بوو وبێ ڕوەك وبۆنی ڕوەك خەمن،كشتوكاڵ وكێڵگە كردەوەكانی مرۆڤن،گوڵە گەنمی زۆری پێ گەیشتوو موجاهیدن،كەدروان شەهیدبوون،

كە پیاوێك بێتەناوكێڵگەكەی ودروێنەبكائەوە خێزانەكەی داوێن پیسە، گوڵەگەنمی پڕ ساڵی تێریە،هی پوچ ساڵی گرانیە،كاوگیا سامانە.

چاندنى تۆو جووت بونە كەزەوى خۆى بوو ژنى خۆيەتى كە زەوى كەسى تربوو ناپاكى كردنە لەگەڵ ژنەكەى ئەوكەسە،جۆ ماڵە،دروێنە خێركۆكردنەوەيە،گەنم زێرە،

گەنمى فەريک خواردن نيشانەى پياوچاكيە،گەنمى وشک وكوڵاو خێرى تێدانيە،بەڵام جۆى كوڵاووشک وفەريک باشە،كە جۆى پێشكەش بكەن ئەوە تەندروستيە،بوونى خواردن بە زبڵ وگڵ هەرزان بوون تێک چونيەتى،،دوخن وگەنمەشامى ۆماڵێكى كەم نرخن،پاقلەييەكان خەمن، كونجى ماڵێكى زيادەيە،برنج بژێويەكى كەم وخەمە،ڕەشكە چارەسەرەوبينينى تەندروستيە، ڕوەكە بۆندارەكان كەم وزۆريان خەم وگريانن،

ئارد وهەويرماڵێكى باشە بێ ماندووبوون،بەڵام بن هێڵەک ماڵێكى بێ سودە،نان ماڵێكە بە زەحمەت دەست دەكەوێ،،خواردنى هەريسە بۆنەخۆش مردنە،بۆساغ نەخۆشيە،يان ديليە كەلەماڵێک دروست كرا ئەوماڵە كارەساتى تێدا دەبێ،- كە لەناو زەوى خەڵكى تر تۆو بچێنێ ،ديارە پێ يە كانى تيرەوعەشيرەتن ،دەستەكانى براوبرازان كە ئەوان تۆو دەچێنن، كەواتە تۆوچاندنەكە داوێن پيسى نيە لەگەڵ ژنى خاوەن زەوى ،بەڵكو ئەوتيرەوبنەماڵە دەچنە خوازبێنى بۆ زەوى كچ وژنەكانى ئەو بنەماڵەى خاوەن زەويەكە بۆ خواستنى كچێک بۆ برازاى خەون بينەكە ،خۆكە خەون بين لەناوزەوى خۆشى گەنم بچێنێ بەدەستى دەيچێنێ كە برازاكانى ،كەواتە جوت بون نيە لەگەڵ ژنەكەى ،بەڵكو تيرەى خەون بين خوازبێنى لە خەون بين دەكەن وكچەكەى دەداتە دەستى كە برازاكەيەتى ،ئابەم شێوە خەون نابێتە هۆى دروست كردنى پشێوى ودوژمنايەتى،-

كە ببينێ تريت وتێگوشاودەخوا ئەوەسامانێكى هەموارواسانە،كە بينى هەرچى لە دەفرەكە دابوو خواردى وقاپەكەى لستەوە، ئەوە نيشانەى تەواوبوونى بژێوى وتەمەنيەتى،كە نيوەى هێشتەوە ئەونيوەى تەمەنى ماوە،

بينينى جوينى خواردن وبنێشت مرۆڤى زۆربلێ يە، خوان وسفرە يان گۆڕەپانى جەنگە،يان دیدارە يان پرۆژەيەكى كۆمەڵايەتيە، كەبينى لەسەرخوانى مارەبڕينە كەلێ ى خواردنەوە بێوەژنەوكە خواردى كچە،

گۆڕينى خواردنى سەرخوان بەخوننى دەرەوەى خوان هەژاريە،،گۆشتى كوڵاووبرژاو بژێويەكى بەزەحمەتە،لەوانەيەترس وخەم بێ،برژاندنى بەران نەخۆشى وسزادانە لەلايەن سوڵتانەوە، برژاندنى بزن نەخۆش بوونى ژنەكەى يان دايكى يان ژنێک لە ئەندامانى خێزانەكەيەتى،بەران برژاندنيش نەخۆشى پياوانە،نێرى برژاندن واتە كوڕەكەى يان نۆكەرەكەى توشى گولى دەبن،برژاندنى گۆلک مژدەيە بەكوڕ،،خواردنى گۆشتى تەڕ غەيبەت كردنى خەڵكە،قەساب فريشتەى ڕوح كێشانە گۆشت كڕين لە قەسابو بردنيەوەبۆ ماڵ واتە مردنى كەسێک لەوماڵە،

-لێكدانەوەى برژاندن بە نەخۆشى ڕاست نيە، برژاندن پێگەيشتن وخۆش بوون وتەواوبوون وقاڵ بونەوەو پاک بوون وحەڵاڵ بوونە نەک دەردوبەڵابێ، كوڵان وبرژان سەركەوتنە لە ئەزموون، قەسابيش فريشتەى ڕوح كێشان نيە ،كەوابێ ئەوپياوە كە خۆى مەرگ لە قەساب دەكڕێ ڕۆڵى چۆنە، ئەم جۆرە لێكدانەوە خەڵک بەشەڕدان وئاشوب نانەوەيە بۆيە دووڕە لە ڕاستى ،گۆشت بەهرەوبژێويە هێزوسامانە ،مردن نيە، گۆشتى تەڕيش گۆشتى دەريايە واتاى غەيبەت نيە ،چونكە گۆشتى دەرياحەڵاڵە وغەيبەت حەرامە-

كە گۆشتى مرداربخواوگۆشتى چاک وازلێ بێنێ ،ئەوە ڕووڵە حەرام دەكاوحەڵاڵ وازلێ دێنێ،خواردنى گۆشتى وشتروبزن نەخۆشيە،خواردنى گۆشتى بەران وچۆلەكە سامانى پياوێكى گەورەوپيشەنگە،گۆشتى مەڕونێرى خێرێكى كەمە،گۆشتى مريشک دەستكەوتى تاڵانە،

گيانەوەرانى دەريا سامانى سوڵتانن،خواردنى سەرى هەرگياندارێک تەمەن درێژيە،كە بينى لەسەرى خۆى يان چاوى خۆى دەخوا ئەوە سەرمايەكەى خەرج دەكا ،خواردنى جگەر ماڵى شاراوەيە يان ماڵى

كوڕونەوەيە،خواردنى لاشەى بەڵەک وگول سامانى سوڵتانە،خواردنى گۆشتى لە خاچ دراووبەرازومردار دەستکەوتى حەرامە.

خواردنى پيووبەزوقەڵەوى ساڵى تێروهەرزانيە،هێلەدەست کەوتن ژنە،هێلکە بەبرژاوى وکوڵاوى هەرباشە،خواردنى تويکڵى هێلکە واتە تاڵانى مردوويەک،

خوێ خێرێکى کەمە،زەعفەران ستايش وسوپاس گوزاريە،

قەڵەوى مانگا لە قەڵەوى مەڕوبزن باشترەو هەموو ڕۆن وکەرەکان ساڵى هات وسامانن،هەنگوين دەست کەوت وتاڵانە،بۆ نەخۆش چارەيە،يان قسەى نەستەق وقورئان وفەرمودەيە،يان ژن هێنانە،لستنەوەى دەفرى هەنگوين ژن هێنانە،،شەکرخواردن باشە ،مەى خواردنەوە دەست کەوتنى ماڵى حەرامە.

امع تفاسير الاحلام - 192/151 129/

بنچينەى شەشەم:

بونەوەرو زيندەوەران هەر لە بچوکەوەتا گەورە لە گيانەوەرانى دەريايى و پەلەوەرو ئاژەڵ و درندەو ميروەکان,هەريەکەو چەند هيماو تەفسيرى بۆ کراون,سەرچاوەى ئەم تەفسيرانەش يان قورئانە يان سونەتە يان ئەدەب و شعرو پەندى پێشينانە يان نەريتە يان بە زمانەوانى يە ,

سواربوونى ئەسپى زين کراودەسەڵاتە،چەند لەخەوندا بەسەرئەسپەکەدازاڵ بێ ،لە بێداريشدا هێندە بەسەردەسەڵاتەکەدا زاڵ دەبێ ،ئەسپى ڕەش لاچوونى خەمەوشاديە لە دەسەڵات دارەوە،سواد بەسەروەرى وسيادە لێک داوەتەوە ،ئەسپى بەڵەک ناوبانگە،ئەسپى زەردنەخۆشى ودەردوبەڵايە،ئەسپى بەستراوە زاڵ بوونە بەسەردوژمندا،سواربونى ئەسپى بێ زين باش نيە،کەوتنە خوارلەئەسپ لەدەست چوونى پلەوپايەيە،دابەزينى ئاسايى خەرج کردنى ماڵ ودەست لەکارکێشانەوەى ئارەزوومەندانەيە،سواربوونى ئەسپێکى ترگۆڕانى

گوزەرانى ژيانە،كەببينێ گۆشتى ئەسپ دەخوائەوە ناوبانگ وناوى بەباشە لەناوخەڵک بڵاودەبێتەوە،ئەسپى زين كراوى بێ سوارژنە،كەلەپاش پياوێک سواربێ ئەوە پەيڕەوى ئەودەكا لەبوارێكى دين يان دنياداودەبێتە شوێن كەوتەوپاشكۆى،كە پياوەكە ناسراوبێ باشترە،بەڵام كەنەناسراوبێ ئەوە ئەم پاشكۆى نەناسراوەوسەرى لێ دەشێوێ.

سواربوون وكڕينى ماين دەست كەوتنى ژنێكى خانەدانە،كە ڕەش بێ ژنەكە دەوڵەمەندە،كە خۆڵەمێشى بێ جوانە،كە سەوزبێ سەروەرى ودينداريە،زەرد نەخۆشە، مردن ودزرانى ماين پەيوەندى بەژنەكەيەوە هەيە ،كە ديتى ماينەكەى دەنوزێنێ ئەوە سامانى زۆردەبێ ،سواربوونى بەرزونێكى دەستەمۆ دەست كەوتنى كەنيزەوكۆيلەيەكى گوێ ڕايەڵە.

سواربوونى ئێسترى ئامادەكراو سەفەرێكى درێژە،يان تەمەنى درێژدەبێ ،يان ژنێكى نەزۆكە ،كەوتنە خوارەوە لە ئێستر وڕەنگەكانيش هەروەک ڕەنگى ئەسپ لێک دەدرێتەوە،خێراڕۆيشتى ولاغ گەشتێكى بەپەلەوخێرايە ،

كەر لە خەوندا خێرو سامانە ،ماكەر ژن وخزمەت كارە ،لاوازى ومردن وقەڵەوى كەروماكەر بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە ،

كە ژنێک لەخەودا كەرببينێ كە شوى نەكردبێ شو دەكا،كەمێردەكەى سەفەرى كردبێ دەگەڕێتەوە.

كە لە حوشتر دابەزێ نەخۆش دەكەوێ ،كەشەڕ لەگەڵ حوشتربكا ئەوە دوژمنێک دژايەتى دەكايان خزمێكى دەمرێ ،ڕام كردنى حوشتر زاڵ بوونە بەسەردوژمندا،كە حوشترێک لەبەردەم ماڵەكەى چۆک دادا ئەوە نەخۆشێک لەوماڵە دەمرێ،بردنى حوشترێک بە شوێنێكى تەنگ دا بدعە كردنە ،كە بينى حوشترێک لە مزگەوت يان گۆڕەپان شيرلەگوانەكانى دەڕژێ ئەوە ساڵێكى پڕ داهاتە ،كە بينى كۆمەڵێک كەس زگى حوشترێكيان درى ئەوە ئەوگەلە وشوێنە خراپەكارن و توشى توڕەيى ئاسمان دەبن ، حوشترى مێ لە خەون دا ژنە ،كە حوشترە مێ يەكى دەست كەوت وسوارى بوو ژنێكى باش دێنێ ،كە حوشترى دۆشى

ئەوەماڵی لە ژنێک دەست دەکەوێ ،خواردنی گۆشتی حوشتر بەنێرومێ وە نەخۆشیە ،کە بینی مێگەلێک حوشتری هەیە ئەوە لەسەر خەڵکی دەبێتە دەسەڵات دار،کە شیرەکەیان وەک خوێن بوو ئەوە ماڵێکی حەرامە ،کەوەک هەنگوین بوو ئەوە حەڵاڵە ،چونی مێگەلە حوشترێکی نەناسراوبۆناوچەیەک واتا ئەوناوچە دوژمنێک بەسەریان دادەدا یان لافاوێک دەیان با،یان بڵاوبونەوەی پەتایە.-ئەم وڵاغانەی سواربوون وگەشت وشەڕوبازرگانی زەمانی کۆن بوون ،زیاتر بەڵگەبوون لەسەر سوپاودەسەڵات وبازرگانی ،لێکدانەوەی مێ یەکانیان بەژن و سەربڕینی بە دڕاندنی کچێنی کچێک زیادەڕەویەکی ئاشکرایە ،زۆر دەگووترێ کە فرۆید ئیدمان وئاڵودەی جنسی هەبووەو هەموو هەڵ سوکەوت ودیاردەوشتەکانی بە کاری جنسی لێک داونەوە ،بەڵام ئەم تۆمەتە بۆ زۆربەی خەون لێکدەرەوەکان ڕاستە وەک لەم ئەم بابەتە ڕوون بۆوە ،هەموو یان وەک فرۆید دیاردەو وئاژەڵەکانیان زۆر تربەلای کاری جنسی دابردوە ،

دەتوانرێ ئەمڕۆ ئۆتۆمبیلە گەورەوبچوکەکان جێ ی ئەم دەوارانە بگرنەوە ،ئۆتۆمبیلە سەربازیەکان نیشانەی هاتنی ئۆپراسیۆنی سەربازین ،ئەمڕۆ مارکەوهێماوئاڵاو شێوەکان لێکدانەوەیان ئاسانترە،بارهەڵگرەکان نیشانەی بازرگانین ،ئۆتۆمبیلە مەدەنیەکان پیشەوکاروباری کۆمەڵایەتی وپیشەن ،ئەگەر ئۆتۆمبیل بکرێتە ژن ئەوەتەنیا ئۆتۆمبیلی مەدەنی دەبێ .-

دەست کەوتن وسواربوونی گا ئەوە پایەکی لە دەوڵەتەوە دەست دەکەوێ ،سواربوونی گای ڕەش باشترەلەگای زەرد وسوور ،کە بینی گایەک تێ ی هەڵداوقۆچی لێ داوخستی ،ئەوە لە پلەوپایەکەی دەکەوێ ،کە بینی کۆمەڵە مانگاوگایەکی خاوەن نەناسراوچونە ناوچەیەک ئەوە کەزەردبن پەتایەکە لەوناوچە، کە ڕەنگێکی تریان هەبێ ئەوە ساڵی خێرو تێریە بۆناوچەکە بەومەرجەی قەڵەوبێ ،بەڵام کە لاوازبوو گرانیە،دەست کەوتنی مانگایەک ژن هێنانە، کەسواری بوو ئەوە ژنەکەی دەمرێ وئەم میراتەکەی دەگرێ، کەقەڵەوبێ میراتەکەی زۆرەوکەکزبێ کەمە،

خواردنی گۆشت وخواردنەوەی شیری مانگا دین و خۆرسک و سامان وچارەسەرە،بەزەکەی هەرزانی وسامانە.

دەست کەوتنی بەران وسواربوونی و ڕام کردنی زاڵ بوونە بەسەر کەسێک وپایەدارێکی بەتوانادا ،بەڵام کە گوێ ڕایەڵ نەبوو ئەوە پیاوە کەش ژێربارنابێ، هەڵگرتنی بەران لەسەرپشت لەکۆڵ کردنی سپاردەی پیاوێکی گەورەیە ، دژایەتی کردنی بەران دژایەتی کردنی پیاوێکی گەورەیە ،مردن وسەربڕین وکوشتنی بەران سەرکەوتنە
بەسەردوژمنێکی بەتوانادا، بەڵام کە لەناوماڵی خۆی بەرانێکی کەوڵ کراوی بینی ئەوە یەکێک لە گەورەکانی ئەوماڵە دەمرێ ،کە گۆشتی بەرانێکی بەشیەوە ئەوە پیاوێکی گەورە دەمرێ وماڵەکەی بەش دەکرێ ، کە بینی گۆشتی بەران دەخوا ئەوەماڵی پیاوێکی گەورەیە،
برژاندنی بەرانێک واتە خەونبین نەخۆش دەبێ یان توشی مەینەتی دەبێ ،کە نۆ بەرانی دیتن ئەوە دیارە نۆسااڵ لەسەر کارەکەی دەمێنێتەوە ،یان کە ژنی هەبێ ئەوە نۆسااڵ لای ئەوژنەی دەمێنێتەوە ،بەڵام کە زیاتر لە دەبەران بوون ئەو گەیشتنە بە پایەیەکی دەسەڵات ، کە سەری بەرانی دیتن ئەوە دوژمنەکانی دەکوژرێن ،مەڕونەعجە لە خەون دا ژنێکی خانەدانە، کە بینی مەڕێک سەردەبڕێ ئەوە کچی خانەدانێک دێنێ وسەربڕین بە دڕاندنی پەردەی کچێنی بۆئاژەڵی مێ بەگشتی لێک دراوەتەوە،کە بینی شوانی ڕانە مەڕە ئەوە دەبێتە لێپرسراوی خەڵک ،یان دەسکەوتێکی زۆری دەست دەکەوێ ،

کاریلە منداڵێکی پیرۆزوخانەدانە، سەربڕینی کاریلە مردنی منداڵێکە ،دەست کەوتنی نێری وسواربوونی وەک بەران وایە، بزنیش وەک مەڕ وایە بەڵام مەڕ لە بزن باشترە ،گیسکە نێر مێر منداڵێکە .

-لە فەرمودەدا مەڕ بە خەڵکی جگە لە عەرەب و پەزی ڕەش بە عەرەب لێک دراوەتەوە ،حوشتر بەعەرەبی دەشتەکی لێک دراوەتەوە ،بەڵام کە مەڕوبزن زۆربەیان مێ وهەرنێری وبەرانێکیان هەیە هەموویان بەژن لێک بدەینەوە ئەوە لەناوخەون هەموو میللەتان بوونە ژن وپیاویان نەماوە ،لەڕاستیدا ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە کە بزن عەرەب ومەڕ جگەلە

عەرەب وحوشتر عەرەبى دەشتەكى بن ئەوە نێرى وبەران وگاو نێرەكان پێشەنگ وكارێزماوناسراوانى نوئەوگەلانەن وڕانەكەش ئاپورای خەڵكين بەگشتى بەنێرو مێ وە -

گيانەوەرە كێويەكان:

سواربوونى كەرەكێوى يەكى گوێ ڕايەڵ ئەوەدەگەيەنێ كە ئەوكەسە ياخى وڕيزپەڕەوسوارى سەرى خۆى بووەو بيدعەوداهێنراوێكى نامۆى هێناوەو خۆى لە زۆرينەى خەڵكى جياكردۆتەوە،بەڵام كە بۆى ڕام نابێ وفڕێ ى بداتە خوار ئەوە ئەوكەسە بەهۆى بۆچوونەكانى دەگاتە لێوارى لەناوچوون،كە كەرەكێويەكەى بردەنومالّى خۆى ،يان لەناومالّى خۆى ديتى ئەوەپەنای كەسێكى هەڵگەڕاوەوداهێنەرى داوە،بەڵام كە ڕاوى كردوگۆشتەكەى دابەشكردوخوارد ئەوە تالّانێكى باشى دەست كەوتوە،،ماكەرى كێويش ژنێكەخێرى تێدانيە.

سەربڕينى كەڵ ومانگاكێويەک وخواردنى گۆشتەكەى دەست كەوتنى مالّى ژنێكى جوانە،سەربڕينى ئاسكێک جووت بوونە لەگەڵ كەنيزەيەكى كچ،كە ئاسكێكى نێرومێ ى دەست كەوت ئەوە كچ وكوڕێكى جوانن ،ڕاوكردن وپێكانيان دەستكەوتنى تالّانە،مرداربوونى ئاسک لەدەستياخەم وپەژارەيە لە ژنانەوە دێ ،دەست كەوتنى كەروێشک ،ژنێكى بەدفەڕە.

ڕام بوونى فيل وگوێ ڕايەڵ بوونى پاشايەكى عەجەمى يە ،واتە بێجگە لە عەرەبە، هەركەس وگەلێک كە بينراسوارى فيل بوون كە بۆ جەنگ بێ ئەوگەلە تێک دەشكێن ،كە لەحوكم دابن ئەوان ستەم كارن ودرۆزنن، كە فيليكى مێ بێ ژنێكى عەجەميە ، كوشتنى فيلێک ژێردەست كردنى كەسێكى زەبەلاحى عەجەميە ،خواردنى گۆشتى فيل مالّێكى حەرامەلە پاشايەكى عەجەميەوە،

كەسێک بينى لە شێر ڕادەكائەوەلە دوژمنەكەى نەجاتى دەبێ،كە بينى شێرێک بەچۆک دادێنێ وسەرى دەبڕێ ئەوە دژايەتى دەبێ لەگەڵ دەسەڵات وتياى دا سەردەكەوێ ،لەوانەشە واتاى نزيک بونەوەى مردنى

بێ ،كە بينى شێرێک لە ماڵەكەى دابوو ئەوە دەسەڵات وسامان وتەمەن درێژى بێ،كەنەخۆش لەوماڵەدابێ هەواڵى مردنى ئەوە ، كەشەڕى لەگەڵ شێرەكەكرد ئەوەشەڕلەگەڵ دوژمنێكى دەسەڵات دار دەكاكەبينى لەگەڵ شێرنوستوە ئەوە لەگەڵ دوژمن هاوبەشى هەيە، كە بينى جووت بوون لەگەڵ شێرێكى مێ دەكائەوەلەترس ڕزگارى دەبێ ولاى خەڵک خاوەن ڕێزدەبێ ،كە بينى گۆشتى شێردەخوائەوەدەسەڵاتێكى باشى دەبێ،دەست كەوتنى پێست وفەروو وشيرى شێر ژێرباربوونى دوژمنێكى دەسەڵات داردا، پڵنگ و ورچ لە خەون دا وەک شێرن.

كەمتيار ژنێكى بەدفەڕە ،سواربونى دەست كەوتنى ئەوژنە بەدەيە، خواردنى گۆشتەكەى واتە ئەوكەسە جادوى لێ كراوەو ئەوبێ ئاگايە ،دەست كەوتنى پێست وكوڵک وئێسكى دەست كەوتنى ماڵى ژنێكە ،كەمتيارى نێرپياوێكى بەزيووسەرشۆڕە،

بەڵام گورگ دەسەڵات دارێكى گێل وستەم كارە ،يان دزێكى لاوازەودرۆزنە.

هەڵسوكەوت لەگەڵ ڕێوى كێشەى نێوانە خزمانە، ئێش پێ گەيشتن لە ڕێوى باوبۆرانە ،يارى كردن لەگەڵ ڕێوى دەست وەشاندنى جنە ،،ڕاگرتنى ڕێوى ژنێكە چاوى خاوەنەكەى پڕ دەكاتەوە،كە ڕێوى فريوبدا ئەوە پياوێكى درۆزن وتەڵەكەبازە .

سەگ دوژمنێكى لاوازو ئاست نزمە، كەپێت وەڕى لەلايەن كەسێكى نەفس نزم جنێوت پێ دەدرێ ،،كەجلەكانى دڕاندى ئەوە جنێو بەناموست دەدا ،كە گازى لێ گرت ،گاز گرتن لە جنێو گەورەترە ،كەسەگت كوشت دوژمنەكەت لەناودەبەى ،كە سەگى كڕى يان پێ ى درا ئەوە چەندئەندامى خێزانەكەى بێ ئاگادارى ئەو سامانەكەى بەكاردێنن وپاشان دەى گەڕێننەوە،كە بينى سەگ لە سەرجێ ى خەوتنيەتى ،يان لە سەرسفرەيەتى ،يان لەناو ئاودەستەكەى ميزدەكا ،ئەوە پياوێكى ئاست نزم سەرجێ ى خێزانەكەى دەكا كە بينى سەگ ئەندامێكى هەڵدڕى ئەوە ئەو پياوێكى لاڕێ يەو كارى داوێن پيسى لەگەڵ كوڕوكچ ونۆكەرەكەى دەكا.

پشیلەی کێوی وسەننور دزە،کە لەماڵێک بینی ئەوەدزێک لەوناوەدایە ،،گرتن وکوشتنی سنور ،دەستگیرکردنی دزە ،گۆشت وبەزی سنور ماڵی دزێکە ،،بڕینی نینۆکی سنور نەخۆشیە .

مەیمون کەسێکی نەفرەت لێ کراوە،بەهرەکانی لێ ستێنراوەتەوە، سواربونی مەیمون ژێربارخستنی کەسێکی لەوجۆرەیە ،دەست کەوتنی گۆشت وهەر شتێک لەمەیموون خەمە، دژایەتی کردنی نەخۆشیە کەتوشی مرۆڤ دەبێ کەلەخەونەکە بەسەرمەیمونەکە سەرنەکەوت ئەوە نەخۆشیەکەی ژیانی لەناودەبا،کە بینی مەیمونی ڕاگرتوە ئەوناپاکە لە سپاردە، کە مەیمونی لەسەرشان بوو ئەوە کەسێکی نەفرەت لێ کراو ی لێ دەبێ لە وەچەکانی.

بەراز پیاوێکی سوک وئاست نزمە بەڵام دڕو بەهێزەوستەم کارە، کەبینی شوانی بەرازانە ئەوە سەرپەرشتی ئەوجۆرە کەسانە دەکا.

-لێکدانەوەی کەرەکێوی هەروەک کەڵە کێوی وئاسک وایە ، هیچ جیاوازیان نیە کەناموبن هەردوو نموبن ،بۆ دەبێ کەرەکێوی بکرێتە هەڵگەڕاوەو ئاسک بکرێتە شتێکی باش ،وەئەوانە هەموو گۆشتیان حەڵاڵە ،ڕاگرتنیان حەرام نیە ،بۆیە لێکدانەوەیان بەشتی نامۆ ڕاست نیە .

هەروەها دڕندەکان دەتوانرێ بە میلیشیات وچەکداروپارتی زان وهێزی وشکانی سوپا لێک بدرێنەوە ،واتە کێویەکان بە دەستەو گروهە نامەدەنی وسەربازیەکان لێک بدرێنەوەو ماڵیەکان بە کۆمەڵگای مەدەنی لێک دەدرێتەوە ،-

هەڵۆ سامانێکی باشە،پایە ودەسەڵاتە پەڕوگۆشتەکەی سامانێکە لە دەسەڵاتدارەوە بە شکۆمەندی ،کە بینی سواری پشتی دەبێ ئەوە دەسەڵات دارێکی بەهێز بۆی ڕام دەبێ ،کەبینی فڕی وکەهەڵی گرت وگەیاندیە ئاسمان ئەوە بەودەسەڵاتەوە گەشتێکی دوور دەکا و بەناوبانگ دەبێ ،بەڵام کە لە ئاسمان نەگەڕایەوە ئەوە لەو گەشتە دەمرێ و هەمیشە ناووئیسمی بەبەرزی دەمێنێتەوە ، ،یان گەیشتنە بەپلەی شەهیدی .

كە بينى هەڵۆيەک لە ئاسمانەوە بەخێرايى هێرشى كردە سەر ئەوە مردنێكى خێرايە،

حدائە جۆرێكە لە كوندى ڕاوكەرولەوانەيە كە دەكوژرێ بەڵام وەک هەڵۆ لەخەون لێک دەدرێتەوە،

سەقروبازيش جۆرێكى ترن بەڵام بە دەسەڵاتێكى ستەم كارلێک دراونەوە، بينينى ئەمبااڵندانە بۆ ژنى دووگيان واتە منداڵەكەى وەک ئەم بااڵندانە ئازاو پايە داردەبێ،

گرتنى كۆلارەوقەلەڕەش واتە ئەوكەسە لە خۆباييە ،كۆلارە لەهەركوێ يە ک ببينرێ بە مرۆڤێكى لاڕێ وفاسق لێک دەدرێتەوە، بينينى كۆلارە كە زەوى هەڵكۆڵێ ،نيشانەى ئەوەيە خەون بين يان براكەى دەمرێ ،يان توشى پەشيمانى دەبێ ،

تاوس دەسەڵات دارێكى عەجەميە ،مێ يەكەى ژنێكى عەجەميە ،خواردنى گۆشتى تاوسى مێ مردنى ژنەكەيەتى ودەست كەوتنى سامانێكە لە كوڕەكەى ئەوژنە.

كۆتر كەنيزەكێكى جوانە،خواردنى گۆشتەكەى سامانێكە لە ژنانەوە،فڕێ دانى كۆتر قسە هەڵبەستنە بۆژن، هێلكەكەشى هەرسامانە،بوونى كۆترى زۆر دەسەڵاتە،لەوانەيە هەواڵ پێ گەيشتن بێ ،

مريشک دەستكەوتنى تاڵانە ودەستكەوتى جەنگە ،مريشكى زۆرلەماڵەكەى دابێ ئەوەسەرۆكايەتى وزەنگينى يە وڕەوينەوەى ترس ووخەمە چونكە بوونى مريشكى زۆربەڵگەيەلەسەربوونى دانەوێڵەى زۆر،سەربڕينى يەک مريشک جووت بوونە لەگەڵ كەنيزەكێكى كچ ،وەک گوتمان سەربڕين ئاژەڵ وبااڵندەى مێ بە لابردنى پەردەى كچێنى كەنيزەک وكچان لێكدراوەتەوە،،خواردنى گۆشت وبەكارهێنانى پەڕەكەى سامانێكە لە كەنيزەوبەندەكانەوە دەست دەكەوێ ، دەست كەوتنى كەڵەشێر ژێربارخستنى پياوێكى بە ڕەچەڵەک شازادەى عەجەميە ،كە سپى بوو ئەوە كۆيلەيەكى باش ودەست پاكە كەسوور بوو ئەوەكۆيلەيەكى ياخيە .

سواربوونی نەعامە دەست کەوتنی ژنێکی ئەعرابی دەشتەکیە ،سەربڕینی جووت بوونە لەگەڵ کچێک،هەروەک چۆن مریشک وکەڵەشێر ژن وپیاوی عەجەمین ،نەعامەش بەنێرومێ وە ژن وپیاوی ئەعرابی دەشتەکین ،

چۆلەکە پیاوێکی خاوەن پایەیە، سەربڕینی نێرەکەی دەستەمۆ کردنی ئەوپیاوە خاوەن پایەیە ،سەربڕینی مێ یەکەی جووت بوونە لەگەڵ کچ ،بەچکە چۆلەکە بۆ ماڵێک دوو گیانی تێدابێ منداڵ وکوڕێکی دەبێ ، بوونی چۆلەکەو بەچکە چۆلەکەی زۆر بوونی پیاوو سەربازو کۆیلەی زۆرە .

شەمشەمە کوێرە کەسێکی عابد وزاهد و کەنارگیرو هەژاروبێ بەشەلە دنیا،

پەپوسلێمانە خێروبێرێکە لە وڵاتێکی دوورەوە بۆخەون بین دێ ،یان دەسەڵاتە یان کۆیلەیەکی نوسەر وپیشەسازو بەهرەمەندە، یان خاوەن بیرو دووربینیە بەڵام بێ دینە ،مێ یەکەشی ژنەو سەربڕینی جووت بوونە لەگەڵ کچ.

بینینی باڵندەکانی دەریاباشترە لە باڵندە وشکانیەکان ،چونکە باڵندەدەریاییەکان زەبەلاح تر وقەڵەوترو بەتام ترن وپەڕەکانیان درێژترە،بیستنی دەنگی قازوقولنگ و مراوی ئەوە کارەساتێک لە وشوێنە ڕوودەداودەنگەکەیان هۆشداریە ،قازی سپی سامانێکی باشە بۆوکەسەی ببینێ کە قازی سپی هەیە ،بوونی بێچوەکانی باڵندە دەریاییەکان خەمە بۆ خاوەنەکەی، .

-وەک دڕندەکان دەکرێ بە سوپاوزریپۆش وتانک لێک بدرێنەوە، باڵندەکانیش دەتوانرێ بەهێزی فڕۆکەوانی ئاسمانی لێک بدرێنەوە ،باڵندە ڕاوچیەکان هەڵۆ،نەسر،باز،بە هێزی فڕۆکەی جەنگی لایەنی باش وخێر لێک بدرێتەوە، قەڵەڕەش وکوندووباڵندە مشەخۆرەکان بەهێزی ئاسمانی شەڕ لێک بدرێتەوە ،تاوس ونەعامەوقازو مراوی بەفڕۆکەی مەدەنی لێک بدرێنەوە، پەپوسلێمان وکۆتر زەهەواڵگری لێک بدرێنەوە ،بەم شێوە

، نێرو مێ كانيان لێک جيا نەكرێنەوە چونكە ئەو جنسانە نابنە هاوسەرى مرۆڤ ،بەڵكو دەبنە بەكارهێنراوەكانى مرۆڤ-

بينينى مێش و مێروو وجانەوەرەكان:

دەست كەوتنى مێش هەنگ وهەنگوين لە خەودادەستكەوتێكى باشە، لەوانەيە هەنگ كەسێكى دەشتەكى بێ يان زانابن ،بەڵام زەرگەتە وژەنگەسورە ومێشەرەشە كەسانێكى ئاست نزمن وئازاريان تاكە وبەكۆمەڵ نين ،كە ئازارى لەوانەوە پێ گەيشت ئەوە لەوجۆرە كەسانە ئازارى پێ دەگا ،

بەڵام كوشە سوپاولەشكرن، كە لە هەر شوێنێک ببينرێن ئەوە واتە سوپاولەشكر ئەو وڵاتە بەرباد دەكا ،زيان وكاريگەريەكە ى لەشكرەكە هێندەى كاريگەرى كوشەكە دەبێ لە خەونەكەدا ، خواردنى كوشە لە خەون دا دەست كەوتنى قازانجە لە سوپاو سەربازەكان ، لەوانەشە كوشە باران وگەردەلول ولافاوو كارەساتى سروشتى بن ،بەڵام بينينى نەهەنگ و گيانەوەرە دەرياييەكان سامانێكى باش ودەست كەوتن لە دەسەڵات دارانەوە،كە ئەمانە لە ئاوى ڕوون بگيرێن باشە وكەلە ئاوى شلوێ دابن دەردوبەڵان ،گرتنى ماسى بچوک واتە تووشى كێشە دەبێ لەگەڵ زاواكانى ،گرتنى يەک دوو ماسى گەورە بە ژن لێک دەدرێتەوە ،نەهەنگى سوێر خەمە لە پاشاوە دێ وخێرى پێوە نيە ،كە لەناوگۆمێكدا نەهەنگێكى گرت وبەڵام لەدەستى دەرچوو ئەوە كەسێک كە قەرزى لەلايەتى دەيەوێ نكولى لە قەرزەكەى دەكا ، كەكەوتە ناودەمى نەهەنگێكەوە كە دەمى كردبۆوە ئەوە زيندانى دەكرێ ،كەلە ناوسكى نەهەنگەكە مرواری دۆزيەوە ئەوە لەلای ژنێک دوو غولامى پێ دەدرێن ،ئەگەر ئەنگوستيلەى ديتەوە ئەوە پۆست وپايەكە لەدەوڵەت ،كە بينى ماسيەک لە زەكەرى دەركەوت ئەوە كچێكى دەبێ.

بۆق كەسێكى عابد و كەنارگيرو هەژارە.

تيمساح دوژمنێكى فێڵبازو بێ بەڵێنە ودوژمنە ،

كيسەڵ وەک بۆق مرۆڤێکی زاهد وزانايە لە مێژوو، لە هەر شوێنێک ببينرێ ئەوشوێنە زانستێکی کۆنی لێ يە ،

قرژاڵ مرۆڤێکی بەورەيە وئاڵۆزەو لەگەڵ هەڵ کردنی زەحمەتە ،گۆشت خواردنی قرژاڵ دەست کەوتێکە لە شوێنێکی دوور دەست دەکەوێ ،

-ئەم گيانەوەرە دەريايانە هێزی دەريايين ،کە دەريا سوڵتان ودەسەڵات بێ ئەوە ئەم ئاژەڵانە باڵەکانی دەسەڵاتيەێزی دەريايين وەک کەشتی وژێردەريايی وکەشتيگەلی سەربازی وبازرگانيومەدەنی ،-

ژەهردارەکان:

مارو دوپشک دوژمنن ،سەرکەوتن بەسەريان داوکوشتنيان سەرکەوتنە بەسەردوژمن ،ژەهردارانی وشکانی لە ژەهردارەکانی ئاو ترسناکترن ،ڕەشەکان لە سپيەکان ترسناکترن ، پێوەدانی مار واتە دوژمنەکەی زيانی پێ دەگەيەنێ ،بينينی مارێکی مردوو واتە دوژمنەکەی شکاوە ، کە مارێکی هەبوو لێ ی نەدەترسا ئەوە گەيشتنە بەدەسەڵات ، کەمارەکە لەئاڵتون بوو،يان نەخش ووێنەی لەسەربوون ئەوەدەسەڵاتەکە گەورەترە ،ماری بچوک کە هی خۆی بێ ،منداڵ ونەوەيەتی کە دوژمنێکی لاوازە ،کە هی خۆشی نەبێ هەردوژمنێکی لاوازی بێگانەيە ، کە مار لەگەڵی دوائەوە ڕوداوێکی سەرسامکەر دەبينێ وباشە ،کە ماری لەناوزگی ماری گەورەبينين ئەوە چەند دوژمنێکی خزمی يەکن ،هەندێکيان کوڕی هەندێکيانن ،،مارلەماڵ دوژمنی ناوخۆيەوماری دەرەوەی ماڵ دوژمنی دەرەکی يە ،مار لەسەر جێ نوستن ژنەکەيەتی کە دوژمنە ، ،کە دی مارێک لە لوتی يان لە پشتی يان لە زەکەری دەرچوو ئەوە منداڵێکی دوژمنی دەبێ بەڵام کە لێی نەترسا ئەوە ترسی نيە ، بەڵام کە مارەکە لە گوێ وزگی و کۆمی دەرچوو ئەوە دوژمنەکە لە نەوەکانيەتی ، کە مارچوەناودەم وقورگی ئەوە زانستێکی زۆرە ،خواردنی گۆشتی مار سەرکەوتنە بەسەردوژمندا و سامانێکی لێ دەست دەکەوێ ، ئەژديها دەسەڵات دارێکی گەورەيە کە ئەژديهای هەبوو ئەوە لای پاشايەک قسە

ڕۆيشتوە ، كە ئەژديهايەک قەپاڵى لە زەكەرى گرت ئەوەژنەكەى دەمرێ .

دوپشک دوژمنێکى لاوازە،كەسێكە لە پاشملە باست دەكاو ودووزمانيت دژ دەكا،خواردنى دوپشک واتە ئەو دوو زمانە قسەيەكى ئەم دەباو دوو زمانى پێوە دەكا ،

مشک ژنێکى بێ خێرە ،لاڕێ بووە ،كوشتنى مشک زاڵ بوونە بەسەر ژنێکى بەدفەڕدا، ڕاوكردنى مشک پەلكێش كردنى ژنێكە بۆ سەرجێ ى كردن ،،كە مشكێكى زۆرى ڕەش وسپى لە دەشتێكن وهيچ ناكەن ئەوەتەمەنى درێژدەبێ وژيانى باش دەبێ ،، دەرچوونى مشک لە گونى يان زەكەرى ئەوە كچێكى بەدفەڕى دەبێ ،بەڵام كە كۆمى دەرچێ ئەوە ژنێكى لەدەست دەچێ كە بێ خێرە ،، بينينى جرجى زۆر لەماڵەكەى ئەوە ژنى زۆرن لەو شوێنە بەڵام بێ خێرن ،،كە مشكێک لەسەرجێگاوناوجلەكانى بوو ئەوە ژنێكە لەگەڵى دەژى وخێرى پێوەنيە ،دەستكەوتنى هەر شتێكى مشک دەست كەوتنى سامانێكە لە ژنێكى لاڕێ .

قالۆچە ژنێكى زۆربڵێ وبێ خێرە.

تەپۆو پێشى كەسێكى لاوازو وبێزاركەرن.

كەسێک كە لەناوماڵى خۆى ميروولەى زۆرى بينى ئەوەژمارەى ئەوخێزانەزۆردەبێ ،وەكە خواردنى لێ بێ بۆمێروولەكان ئەوە لەگەڵ زۆربونيان بژێويشيان زياد دەبێ ، كە بينى مێروله لە ماڵەكەى وزەويەكەى دەرچوون ئەوە خەڵكێک لەو شوێنە كۆچ دەكەن يان دەمرن.

جاڵجاڵۆكە عابدێكى لاوازە ،مۆرانە نەخۆشيە ،لەهەركوێ يەک بێ ،بوونى مۆرانە لەهەركوێ يەک بەڵگەى مەرگە.

قۆڕى مرۆڤێكى دووزمان وبوختان هەڵبەستەرە.

جامع تفاسير الاحلام - 192/188

جامع تفاسير الاحلام - 192/171

بنچينەى حەوتەم

:زمان وڕەگى وشەكان,بەتايبەت عەرەبى و زمانى زكماكى خەون بينەرەكە گرنگن بۆ مسولمان,بەلام بۆ دينەكانى تر زمانى دينەكەيان و زكماكيان گرنگە, هەلبەت وەك شافعى دەڵێ :كەس ناتوانێ پەى بە هەموو زمان ببا پەيام بەران نەبێ,بەلام دەبێ هەول دەى بەپێ ى توانا لە بوارى زمان شارەزابى,

بۆنمونە ناوى حسن واتاى چاكە وجوانى و پتەوى لێ وەردەگيرێ ،ڕشيد واتاى ڕێنماى و پێ گەيشتنى لێ وەردەگيرێ ،سعيد واتاى بەختەوەرى وسەعادەتى لێ وەردەگيرێ ، هەروەها سن وددان بە ساڵ و تەمەنى مرۆڤ لێک دەدرێتەوە،هەموو ناوەكانيش بەم شێوە ،

يان گۆڕينى گەنم بە جۆ كە پێ ى دەگوترێ شەعير لە خەوندا ،بە گۆڕينەوەى قورئان بەشيعر لێک دراوەتەوە،

يان دەست ويەد بە بەهرەو پيشەو كارلێک دراوەتەوە،

يان كە كەسێک پێ لە مشكێک بنێ و دەنكە خورمايەكى لێ دەربێنێ ، فار ژنێک لاڕێ ولەڕێ دەرچەوخورماكە منالٌێكى شيرين وباشە ،چونكە مشک لە فەرمودە فاسقە ،خورماش لە فەرمودە وباش و تەيب و ئيمانە ،.

يان كە كەسێک هات گوتى لەخەودا بينيم بالٌندەيەک لە ئاسمانەوە هات ولە سەرداری ياسەمين نيشت و دەنوكى لە چەند گولٌێک داو هەندێک بەرى خواردوفڕيەوەبۆ ئاسمان ،ئيبن سيرين ئەمەى بەمردنى چەند زانايەک لێک دايەوە ،چونكە تەير وتەتاير لە عەرەبيدا شوم وڕەشبينيە ،مەرگ لەئاسمان دێ وڕوح بۆ ئاسمان دەڕوا ،ياسمين سمو وشكۆداری يە كە زانايانن بۆيە لەوسالٌە حەسەنى بەسری ومەعمەر مردن.

يەكێكى تر گوتى پياوێكى ناسراوهات و خانوێكى لە نێوان خانوی من وخۆی دا بەسەر كردەوە ،گوتى ئەوە مێردى دايكتە، پياوەكە چوە لای

دايكى و پێ ى گوت ،گوتى ڕاست دەكا پێش ئەوەى شو بەباوكت بكەم ژنى ئەوبووم ،

-لە خانودا هەمووخانوە كە بە ژن لێک نادرێتەوە بەڵام لێكدانەوەى خانوو بە دايک وباوک وبنەماڵە ودابەش كردنى ناو ژوورەكان بە مێ ينەكانى بنەماڵەكەو دانانى ديوارەكان بە گەنجان وپياونى بنەماڵە كە ودانانى سەرەكەى بە سەردارو سەرۆک وڕدێن سپيانى بنەماڵە كە دەبێ ،خۆكە ميزو بەڵغەم بە منداڵ لێک بدرێنەوە ،ئەوە شوێنى فڕێ دانى ئەو پاشەرۆكانە كە ئاودەست وحەمام و تەنەكەى خۆڵن بە ژنەكە لێک دەدرێنەوە ،يان شوێنى نوستن وسيسەم وقەڵەوێرەكەى ،بەڵام ناكرێ هەموو خانوەكە ژن بێ چونكە دەيان كەس ئەو خانوە بە پێ دەشێلن ،ئەمە كارەسات وخانە گومانى لێ دەكەوێتەوە-

يەكێک هاتە لاى لێكدەرەوەى خەون وگوتى بينيومەكە لەناو گەڵى ژنەكەمدا دوو جرج بەنينۆكيان ناوگەڵيان هەڵ دەدڕى ،ئەگەر لێكدەرەوە بە لێكدانەوەى سونەت لێكى دابايەوە ئەوە دەبوايە سێ چوارکەس بكوژرێن ،چونكە جرج ومشک خەڵكى فاسق ولاڕێن ،بەڵام ئەو پەناى بردە بەرلێكدانەوەى زمانەوەنى ،گوتى كە جرج لە عەرەبى پێ يان دەگوترێ قەوارز ،لەكوردى خۆشمان پێ ى دەڵێن ڕزق هەر قڕزوهەڵكۆڵينى عەرەبى وەرمان گرتوە ،هەرلە عەرەبيدا مەقەست پێ ى دەگوترێ ميقراز ،كەواتە ئەو ژنە بەرى درێژبوەو بەميقراز هەڵى پاچيوەو بەهەڵە بە ميقرازەكە قۆى زامدار كردوە ،ئەم لێكدانەوەى زمانەوانيە ئاشوبێكى گەورەى كوژاندەوە.

پياوێكى تر نيازى بوو ژنێک بخوازێ ،لە خەونى دا بينى ژنەكە ڕەش وكورتە ،چوە لاى لێكدەرەوەى خەون وبۆى گێڕايەوە ،لێكدەرەوە بە زمانەوانى بۆى لێک دايەوە گوتى قوسروكورتى ژنەكە تەمەنى كورت دەبێ وزوو دەمرێ ،ڕەشى و سەوادیەكەى ،ئەو سيادەى هەيەو سامانى زۆرى هەيە ،بۆيە پياوەكە خواستى وزۆرى پێ نەچوو مردوو سامانەكەى بۆ ئەو مايەوە.

لە خەونێکی دیکە کە ئیبن سیرین لێکی داوەتەوە بە ڕێگەی زمانەوانی ،دەڵێ پیاوێک هاتە لای گوتی ژنێکی تیرەی سلمام بینیوە لەکاتێکدا دەفرێکی شیری بەدەستەوە بوو خەریک بوو بیخواتەوە بەڵام ئەوەندەی میز هات نەی هێشت شیرەکەی بخواتەو ،ئیبن سیرین وای لێک دایەوە کە ئەمەژنێکی باشە بەڵام زۆر تامەزرۆی مێردکردن وپیاوە خێرابەشوی دەن ،

-وەک ئەوەی کەس وکاری ئەم ژنە خەریکی ئەوەبوبن کە شیرکە هێمای زانست ودینە بدەنە ئەم کچە ،بەڵام میز کە هێمای منداڵ بوون وزاووزێ یە ،پاڵنەرێکی بەهێزتربوەو وای کردوە کەواواز لەشیرەخۆری وخۆرسک ودین وزانست بهێنێ.-

پیاوێک هاتە لای ئیبن سیرین وگوتی ڕات چیە بەکەسێک کە هێلکە لەسەرەوە بتروکێنێ وسپێنەکەی بخواوزەردێنەکەی بەجێ بێڵێ ،ئیبن سیرین دەزانێ کە هێلکە لە قورئان دا بە حۆری چوێندراون بەڵام لێرە بۆ ئەم پیاوە گوتی تۆ کفن دزی ،لاشەکان کە زەردێنەن فڕێ دەدەی وکفنەکان کە سپێنەن دەدزی.

پیاوێک هاتە لای عومەر رضي الله عنه ، گوتی :دیتم کە بپیت بووم پاشان بە بیابان بووم،پاشان بە پیت بووم وپاشان بە بیابان بووم ، عمر گوتی ئیمان دێنی وپاشان کافردەبی وپاشان ئیمان دێنی وپاشان کافردەبی وبەکافری دەمری .

هەشتەم:شعرو ئەدەب و پەندی پیشینان. دەبێ بزانی کە ئەو شتە لە شعرەکانداو پەندەکان بە چ شتيك چوينراوە لە لێکدانەوەی خەونەکە بەوشتە بچوێنرێ، ,لیرە دەبێ جیاوازی بکەیە نیوان ولاتان,کوند لای عەرەب وکورد شومەو لە پەندەکان وشیعرەکان واهاتوە ,بەلام لای ئەوروپا نیشانەی حکمەتە, کەواتە کە ڕۆژهەڵاتیەک کوندی بینی شومەو ئەوروپیەک کوندی بینی ئەوە لێزانی وحیکمەتە ،دەبێ خەون لیکدەر

واتاى شتەكە لە ئەدەب و پەندى ناوچەى خەون بينەكە بپرسێ تاخەونەكەى بۆليك بداتەوە، نەك ئەوەى لاى ئەو باوە,

لە پەندى عەرەبى دەستى درێژ لەدەستى كورت باشترە ،مەبەستيش لە دەستى درێژ كەسى خێركەرە ،پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەژنەكانى فەرموو:

[أولكن لحوقاً بي أطولكنَّ يداً] يەكەم كەستان بەمن دەگاو دەمرێ دواى من دەست درێژترينتانە ، زينب رضي الله عنها. خێركەارترينيان بوو بۆيە لە پێش هەموويان كۆچى دوايى كرد.

وەک لە پەندەكان دەرچون لە تەنگى باشە ،لەخەونيش دەرچون لە دەرگاى تەنگ بۆ شوێنى فراوان باشە،وتەى ئيبراهيم بۆ ئيسماعيلى كورى عليهما السلام ،ڕێسمەى دەرگاكەت بگۆڕە ،واتە ژنەكەت تەڵاق بدە ،لەخەونيش دا ڕێسمە بەژن لێک دەدرێتەوە،

لە وتەكانى لوقمان بۆ كورەكەى دۆشەكەكەت بگۆڕە واتە ژنەكەت ،لەخەونيش دا هەروايە، .

ژنێک بە لێكدەرەوەى گوت كە مێردەكەم چڵە نێرگزێكى دايە من وچڵە ئاسێكى دايە هەوێكەم ،لێكدەرەوەگوتى مێردەكەت تۆ تەڵاق دەداوهەوێكەت هەڵ دەبژێرێ ،چونكە شاعير دەڵێ:

(ليس للنرجس عهد إنما العهد للآس ... )واتە:پەيمان بۆ نێرگزنيە وتەنيا پەيمان بۆ ئاسە.

جارى وايە وەک لە پەندوشيعردا لەخەونيشدا شتەكان بە پێچەوانەكانيان لێک دەدرێنەو ە ،گريان بەشادى وپێكەنين بە گريان لێكدەدرێنەوە

كەڵەشاخ بەمەرج و تاعون بەجەنگ وجەنگ بەتاعون وسيل بەدوژمن ودوژمن بەسيل لێک دەدرێنەوە .

ئەوقازيەى كە عمر رضي الله عنه داى نابۆشام بە هۆى خەونێک لاى برد كە لەخەونى دا مانگ وڕۆژ شەڕيان بوو كە ئەو لەگەڵ مانگ بوو

،عومەر گوتى تۆ لەگەڵ كوژاوەكە بوى ولەگەڵ خۆرى درەخشان نەبووى.

توفەيلى كوڕى عەمرى دەوسى كە سەحابەيەكى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوو ،لەكاتى جيهاددا لە خەوديتى ،كە سەرى تاشراوە ولەدەميەوە باڵندەيەك دەرچوە ووژنێک پێ ى گەيشتوە خستويەتيە دامێنى خۆى ،كوڕەكەى هەوڵى داوەكە بەباوكى بگا بەڵام ماوەيەک نەى توانيوە ودواكەوتوە،هەرخۆشى خەونەكەى لێک دايەوە كە سەرتاشينەكە ،سەردانانە، باڵندەكە دەرچوونى ڕوحيەتى ،ژنەكە زەويە كەلە دامێنى خۆى دەنێ واتە گۆڕ ،كوڕەكەشى هەوڵ دەدا شەهيد بێ بەڵام ماوەيەک دوادەكەوێ ،چۆنى لێک دايەوە وابوو ،ئەو لەسەردەمى ئەبوبكرو كوڕەكەى لەسەردەمى عومەردا شەهيدبوون.

نۆيەم:هەندێ لەوانەى كە زانستى نوشدارى وخەون تيكەل دەكەن ,خەون دەگێڕنەوە بۆ پيكهاتەى شلەو ئەنزيمى ناو لەش وجۆرى خواردن و خواردنەوەو ئاووهەواى ناوچەكە, دەڵێن ئەگەر زەرداو زال بوو خەونەكە بەو شيوەيەو ئەگەر ڕەشاو زال بوو بەشيوەيەكى تر,ەئمە يوسف عليه السلام ئاماژەيەكى پێ كردوە لە ليكدانەوەى خەونى دوو صاحيبەكەى، بەلام زۆر ڕۆشن نيە كە پەيوەندى خواردن بە خەونەكەيانەوە چيە؟, هەلبەت ئەوە دەزانين كە هەرچى ئەندامەكانى مرۆڤە لەم خواردنە دروست دەبێ ,وەهەرئەم خواردنەيە كەلەداهاتو دەبيتە خانەيەكى نوێ و خانەى كۆن دەر دەكا,پاشانيش هەرئەوە دواى ضچەند ساڵ و مانگ هەلدەوەرێ و دواى هەلوەرينى دەچيتە بەرزەخى مرۆڤەوەو لە قيامەتيش هەموو ئەو خانانە كۆ دەبيتەوەو ئەوەى بە پاكى وحەلالى لەلاشە دا بوە بۆى دەبيتە خيرو ئەوەى بە حەراميش بوە ئەولاترە بە ئاگر, خواردنى حەرام وەك چۆن قبول بونى عبادەت مەنع دەكا خەونى خراپيش دينێ , وەخواردنى حەلاليش خەونى باش دێنێ ,

دەيەم: هەندێ لە خەون لیکدەرەوە کان یەکەم جار هەوڵ دەدەن کلیلەی خەونەکة بدۆزنەوە,کە یان زاراوەیەکە یان بۆنێکە یان شتیکە جائەو شتە چ بێ گیان بێ یان گیان دار, کە ئەم کلیلە یان دۆزیەوە,بەحسابی جمل [ابجد-١,٢,٣,٤-هوز-٥,٦,٧-حطي-٨,٩,١٠-كلمن-٢٠,٣٠,٤٠,٥٠-سعفص-٦٠,٧٠,٨٠,٩٠-قرشت-١٠٠,٢٠٠,٣٠٠,٤٠٠-ثخذ-٥٠٠,٦٠٠,٧٠٠-ضظغ-٨٠٠,٩٠٠,١٠٠٠]ئەم ووشەکلیلە بەم شێوە دەخوێنەوە و بەشەکانی خەونەکەی پێک لێک دەدەنەوە ،ئەمە ئیبن سیرین ونابلوسی بەکاریان هێناوە بۆ لێکدانەوەی خەون، هەرچەندە گوتە لە ئیبن عباس گێڕدراوەتەوە کە ئەم جۆرە لێکدانەوە بەشێکە لە نجوم گەری ،بەڵام دیارە ئەسەرەکە زۆر بەهێزنەبوە ،بۆیە ئەم ڕێگە بەکار هێنراوە ،نمونەش بۆ ئەم ڕێگایە کە لە خەونەکەی یوسف ڕامێنین دەبینین سجدەوکڕنوش بردنەکە کلیلە کە سەرچاوەی مەینەتیەکانی یوسف بوو، کە ساجدین بەم ڕێگە لێک بدەینەوە

[٦٠س+١١+ج٣+د٤+ی١٠+ن٥٠=قکح١٢٨]

کەواتە سوجدەکە بریتیە لەوەی هەموویان دان بەوەدا دەنێن کە حەق لای تۆیە ئەی یوسف وئەوان ناحەقن،وەبەوهۆیەوە مل کەچ وگوێ ڕایەڵت دەبن ودەتکەنە سەرمەشقی خۆیان.

هەروا رەنگ و جۆری دەنگ وژمارەو کاتی ناو خەون لە شەوو ڕۆژو لە وەرزەکان و لە زەوی وشك ودێم یان بەراو کاریگەری هەیە, بەلام دەبێ خەون لیکدەرەوە زۆر وریا بێ,بەتایبەت خەون لیکدەرەوانی کۆن وئەوەی بەناوی ئیبن سیرین و نابلسی گوازراوەتەوە زۆر مەترسی دارە,چونکە ئەوان هەموو دەفرو بیرو ئامان و بیرو کاریز و زەوی کشتوکالی وئاژەڵ و پەلەوەرو حەوشەو خانوو و جل و بەرگ وپێلاوو زۆری شتی تر بە ژن وجاریە وکەنیزەک لیك دەدەنەوە,وەئاودانی ئەو حەوشەو زەوی وئاو هەلینجانی بیرەکەو سەربرینی ئاژەڵ و بالندەکەو چونەناو خانوەکەو سواربونی ماینەکەو لەبەرکردنی بەرگ و لیباسەکە بۆ کەسیکی تر بەوە داوێن پیسی وناپاکی وسەرجێ ی یەکی یاساغ وحەرام لە وخەونە دا هەیە، لیك دەدەنەوە , لەوانەیە لیکدانەوەکەبەوشێوە نە

بێ,بەلام مەرج نيە ئەو زەوى ئاودەرة بۆخۆى ئەم كارة بكة ,ضونكة ئەو بەدەستى ئاوى دەداو بە پێ چۆتەناوى,كەواتە لەوانەيە لەداهاتو دەستەكەى كەبراكەيەتى,براكەى ومنالّەكانى براكەى ببنە زاواى ئەو مالّەكە خاوەنى زەويەكەن ,يان لە قاچەكانى وڕانەكانى كەتيرەوخێلّەكەيەتى يەكێ لە ناو تيرەكەى ,ببێتە زاواى ئەوى تر بەلام ليكدانەوەى راستەو خۆو بەپەلەو بەلايەنى سەلبى وخانەگومانى جگە لە دوژمنايەتى و گومانى خراپ چى ترى لێ ناپشكويتەوە,

ئيبن فازل پياوێكى باش بوو لە بەرەى جەنگدا خەونى دى كە لە خەونيدا خورماوكەرەى خواردوپاشان يەكسەر چوە جەنەتەوە، سەركردەكەى گوتى دەبڕۆن خورماوكەرەى بۆ بێنن ،پاشان كە خواردنەكەى خوارد گوتى بڕۆ جەنگ لەگەڵ ئەو كافرانە بكە تا خەونەكەت زووبێتەدى ،چو جەنگى كردوشەهيدبوو خەونەكەى هاتەدى.

پياوێک هاتە لاى ئيبن سيرين گوتى من لەخەودا ديم لە كوپێكم دەخواردەوە دوو سەرى هەبوون سەرێكى شيرين وسەرێكى سوێر ،گوتى ژنێک وژن خوشكێكت هەن تۆ دەچيە لاى هەردوكيان .

ئەم جۆرە لێكدانەوە دەبێ زۆ ر لێ ى دڵنيابى چونكە كەڕاست نەبێ بە قەزف كردن هەژمێر دەكرێ ،.

ژنێكى ترهاتەلاى وگوتى من ديتم دوو مرواريم لە باوەش دابوون يەكيان گەورەتربوو خوشكەكەم هات وداواى يەكێكيانى لێ كردم بچوكەكەم دايە ،گوتى تۆ دوو سورەتى قورئانت لەبەرن ،يەكيان درێژترە ،بچوكەكەت فێرى خوشكەكەت كردوە ،ژنەكە گووتى ڕاست دەكەى بقرەو ئالى عمرانم لەبەرن وئال عمرانم فێرى ئەوكردوە ،

يازدەهەم: كاريگەرى زانينى نەخشەو هەلبژاردنى نەخشەيەك لە نەخشەكان,كە لە چەندين شوين باسم كردون, وەليكدانەوەى خەون بەم نەخشانە ,وەك ئەوەى تۆ نەخشەى جيهان لە سەرشيوەى مرۆڤيك دەبينى,وە ئەو ناوچەو ولاتەى تۆى لى دايك بووى و هەتا ئيستا لەناوى

داى – بۆنمونە سنگە يان باڵە يان سگە,هتد ,تۆ خەونەكەت بەپێ ى ئەم پێزانينە سەيردەكەى كە تۆ بەشيكى لەو گشتگيرە, وەلەم حاڵەدا ئەو بەشەى ولاتەكەتى تيدايە ,ئەو بەشەى لاشەت لە خەوندا خۆت دەنوينى و بەشەكانى تر ئەو كەس و دام و دەزگاو بەهاو بنەمايانە دەنوينى كە تۆ كاروبارت پێ ى يان بەڕێوە دەچێ.

دەروازەى دەيەم:

چەند هەوڵێكى هاوچەرخ لە ڕيزبەندكردنى خەونەكان.

ئيبراهيم فهد وەدعان لە بابەتێك بەناوى پوختەيەك لە بنەماكانى روئيا چەند بنەمايەكى گرنگى باس كردوە ،كە لێرە هەندێكى لێ هەڵدەبژێرم:

- لەبنەماى چوارەم دا دەڵێ:بنچينەى ڕوئيا سێ چينى تێدايە:

ڕەگەزو پۆل وسروشت وديارده،

ڕەگەز وەك: درەخت،درندە،باڵندە،،،،هتد

پۆل وڕيزوەك:دارگوێز،دارخورما،،،هتد ،دارگوێز پياوێكى جگەلە عەرەبەولەو وڵات ونەتەوانەى كە دارگوێزيان لێ دەڕوێ ، دارخورما پياوێكى عەرەبە چونكە خورما لەوڵاتى عەرەب دەڕوێ.

سروشتى گوێز ڕەقە،شاراوەيە،جارى وايە پوچەوكەس نازانێ ،بە پێچەوانەى سروشتى تريێ وخورما كەسروشتيان نەرمە كەم وكوڕيان كەهەبێ زووەردەكەوێ ،هەرچى هەيانە لەسەر بەڕێ يەو خراوەتە ڕوو، مرۆڤەكانيش سروشتى بەرهەم وديارەوئاژەڵەكان وەردەگرن.

كەواتە بەم جۆرە كە ڕيزبەنديت بۆ هەموو ڕەگەزە گشتيەكان كرد ،پاشان هاتى ڕيزبەندى پۆلێنى چەشنەكانى هەريەك لەوڕەگەزانەت كردو شوێنى جوگرافياو وەرزى چالاک بونيانت زانى و گەل وميللەت ودينى هەريەكێ لەوانەشت زانى كە بەو چەشنە درەخت ،باڵندە،ئاژەڵ ،،،هتد خەريكن ،ئەوەقوناغێكى زۆرت لە زانينى لێكدانەوەى خەونەكە بڕيوە.

ئەم بنەمايە دەتوانرێ هەموو خەونێكى پێ لێك بدرێتەوە.

لە بنەماى حەوتەم دەيسەلمێنێ كە لێكدانەوەى ڕوئيا فەتوا دانە بەبەڵگەى ئەم ئايەتانە:

-قضي الامر الذي فيه تستفتيان.

- افتوني في رؤياي.

- افتنا في سبع بقرات،،

كەواتە وەك چۆن موفتى دەبێ فەتوا بدا وبۆ هەموو كەس نيە فەتوا بدا، لێكدانەوەى خەون وڕوئياش كە زۆر جار پشێوى وئاژاوە دەنێتەوەو پێويستى بە زانست هەيە ،هەروەك چۆن فەتواكۆنەكانى موفتيە شارەزاكۆنەكان هەموويان بەكەڵكى ئەم سەردەمە نايەن وئەوان چەندە لێهاتووش بووبن ،دەبێ ئێستا هەرناوچەوكيشوەرودەوڵەتێك موفتى تايبەت بەخۆى هەبێ ،هەربەوشێوەش لێكدانەوەى خەون لێكدەرەوە كۆنەكان ناتوانێ خەونەكانى ئەم سەردەمە لێك داتەوەو خەون لێكدەرەوەى نەتەوەو وڵات وكۆمەڵگايەك بەتەواوى بەكەڵكى كۆمەڵگاو دەوڵەتانى ديكە نايەت ،بەڵكو دەبێ گشت ميللەت وكۆمەڵگاكان پسپۆڕوتايبەتمەندى خۆيان هەبن كە گرنگى بەم زانستە بدەن.

لە بنەماى دەيەم دەڵێ:

چونكە لێكدانەوەكە بە گومانە ويەقين ودڵنيايى نيە ،ئيجتهادوهەڵێنجانێكە دەشێ هەڵە بێ ودەشێ ڕاست بێ، بۆيە هەميشە بالێكدەرەوە دنيا لەخەون بين نەكاتە چەرمى چۆڵەكەو سەرى دنياى لێ بەپووشێ نەگرێ ،چونكە لەوانەيە لێكدانەوەكەى نەى پێكابێ ،وەك لەبەشەكانى ڕابردوو ئاماژەمان كرد كە پێغەمبەريش عليه السلام لە خەونى شوێنى كۆچ كردنى خۆى سێ شوێنى بە پێ ى نيشانەكانى خەونەكە دانان كە بەحرين ويەمامەو شوێنێكى تريش بوو كەچى هيچيان نەبوون ومەدينە بوو، جا كە لێكدانەوە فەتوادان بێ ،فەتواش لە شەرع دا مولزەم نيە وكەسى پێوە پابەند ناكرێ

وكه فتوابۆدراو قسەى موفتى ڕەت كردەوه هيچ دەسەڵاتێک بۆى نيه سزاى بدا ،بۆ لێكدانەوەى خەونيش نەكەس دەكرێته زانى ونه دارى حەد لەكەس دەرێ ،بەڵكو عەيب وعارى خەڵک له خەوندا پەردەپۆش دەكرێن، حوكم وفەرمانەكانى شەرع به خەون لەسەر كەس ناچەسپێنرێن.

له بنەماى سێزده دا دەڵێ:

نابێ لێكدەرەوه داواى موو يان پارچه جل يان شوێنەوارێكى كەسەكان له خەون بين بكا، چونكه ئەوكاته خەون لێكدەرەوەنيه ساحيره، هەروا باسى ناوى سيانى وناوى دايكى كردوه ،بەڵام من لەگەڵ ئەوه نيم ،دەبێ هەرچى لەخەون بيبينێ له ژن وپياو ناوو كونيەو نازناوى پێ ناسراوى بۆ لێكدەرەوەبڵێ ،هەروا باسى ڕەنگ وشێوەى سەر وڕوو جلى هەموو ئەوژن وپياوانەى له خەون دەبينرێن بگوترێ .

له بنەماى هەژدەدا دەڵێ: خەون وڕوئيا بەتەنيا مولک وتايبەت بەخەون بين نيه، جارى وايه خەون هەزاران ساڵ تەمەنى هەيه وەک ڕوئياكانى دانيال لەتەورات دا وڕوئياى يۆحەنای ئينجيل ،كه باسى هەزاران ساڵى داهاتووى هەموو ميللەتان ودينەكانى تێدايه ،بۆيه مەرج نيه خەون له ژيانى خەون بينەكەدا هەمووى بێتەدى ،يان تەنيا تايبەت بێ به ئەوكەسەو بنەماڵەو نەتەوەو وڵات وسەردەمى خەون بين .

له بنەماى بيست ودوو دا بۆ كاريگەرى پەند لەسەر خەون دەڵێ:

دەست درێژ بەخێر بەخشەرەوەو زێڕەنگەر بەدرۆزن وشتى بۆن خۆش به ستايشى جوان وئاسنگەر به جنێودەروبوختان كەر لێک دەدرێنەوه، چونكه لەپەندەكان واهاتوون.

له بنەماى سى وحەوت دەڵێ:

خەون زۆرگرنگه ودەبێ ئيماندار گرنگى پێ بدا ودڵى پێ خۆش بێ وهەركەسێ خەونێكى پێوه ببينێ ،تەنانەت كافرولەش پيس وبێ نوێژ وشێت وومناڵيش خەونى ڕاست وباش دەبينن ،بۆيه پێغەمبەر عليه السلام خۆى پرسيارى لەياوەران دەكرد كه خەونەكانيان بگێڕنەوەو گوێ ى له

خەونى خەڵک ڕادەگرت وياوەران كە خەونيان نەدەبينى خەفەتيان دەخواردو زۆر حەزيان دەكرد خەون ببينن وبۆ پێغەمبەر عليه السلام ى وەگێڕن ،هەڵبەت بنەماى خەون چونى ڕوحە بۆ جيهانى حەق وبەرزەخ ،ئەوەش بەڕوحێكى تامەزرۆو ئيمانداروشەيداو خوليا دەبێ ،بۆيە خەونى پەيامبەران وڕاستگۆيان لە خەونى خەڵكى تر ڕاستترە،،

لە بنەماى چل دا دەڵێ:دووبارە بوونەوەى خەون بۆ كەسێك ودووبارەبوونەوەى هەواڵێك لە خەونى چەند كەسێكدا دەرى دەخا خەونەكە ڕاستترە و تەواترو ودووبارەبوونەوە لە خەونيشدا كاريگەرن.

لە بنەماى چل ويەك دەڵێ. دروستە لێكدەرەوە بۆ بەرژەوەندى وبەرپانەبوونى ئاشووب لە هەندێ لايەنى لێكدانەوەى خەونەكە بێ دەنگ بێ ،،

لە بنەماى چل وحەوت دا دەڵێ:مەرج نيە تەنيا پياو لێكدەرەوەى خەون بێ ،وەبگوترێ مادام خەون بەشێكە لە وەحى و وەحيش تايبەتە بەپياوان ،بۆيەنابێ ژن خەون لێك بداتەوە ،لە مێژووى ئيسلام دا زۆر ژن لە لێكدانەوەى خەون دەستى باڵايان هەبووە وەكو دايكانى ئيمانداران بەتايبەت عائيشە وئوسەلەمەو هەروەها ئەسماى كچى ئەبوبكرو ئەسماى كچى عەميس كە خەونەكەى عومەرى لێك دايەوە كە عومەر بينيبووى كەڵەبابێك چەند دەنوكى لێدابوون ،ئەسما گوتى كەوابێ كەسێكى عەجەمى شەهيدت دەكا.

لە بنەماى پەنجاودوو دا دەڵێ:

هەندێ خەون والێك دراونەوەكەخاوەنەكەيان لە ژێركاريگەرى سيحروجادووداية ،وەك زۆر دووبارە بوونەوەى بينينى ديمەنى ترسناكى هەڵدێران وكەوتن وڕاونان وزۆربينينى مارودووپشک وسەگ وجن وعفريت ودێوو ديمەنى ترسناكى وەك سەرى زۆرگەورەو قاچى كورت و مەسخ بوون و،،،هتد ،،ئەوانە كە چارەسەركەرانى نەخۆشيە دەرونى و دەركەرانى جن وشەيتانەكان واى لێكدانەوە بۆدەكەن.

لە بنەمای شەست وحەوت دا دەڵێ :چونکە خەون لێکدەرەوە ئەمیندارەو نهێنی تایبەتی خەڵکی دێنە لابۆیە دەبێ نهێنیەکانیان بپارێزێ و پەردەپۆشیان بکاونابێ ئەوگومان وخەونانەئاشکرابکا،بەتایبەت کە لەوانەیە کەسەکە خەونەکەی بۆ ئەندامانی خێزانەکەشی نەگێڕابێتەوە.

لە بنەمای شەست ونۆ دا دەڵێ:لەو خەونانەی لە قورئان وسونەت هاتوون دەردەکەوێ کە زیاتر لەناو خەون دا جوڵان وکردار لە قسەوگوفتار زۆرترە وەک سوجدەبردن،سەربڕین ،سواری کەشتی بوون ،،،هتد،،

لێرەدا من لەکۆی حەفتاوپێنج بنەما ئاماژەم بەچەند بنەمایەک بەدەست کاریەوەکرد، وە پابەند نەبووم بە وەی نوسەرباسی کردوەولە هەربنەمایەک کە باسم کردبێ هەموو ئەوبنەماهوشێوانەم تێداکۆکردۆتەوە کە نوسەر ئاماژەی پێ کردوون،هەندێ جاریش زۆر شتم وروژاندوە کەنوسەر هەرئاماژەی پێ نەکردوە ، هەندێک بابەتیش لەبەشەکانی دیکە باسم کردبوو بۆیە لێرەدا دووبارە م نەکردەوە..

لەسەرەتادا باسم کردکە هەموو پرۆژە گەورەکان پێش ئەوەی دەست پێ بکەن خەونی کەسانێکن بوون ،بۆ نمونە کە پێغەمبەر علیه السلام خەونی دایکی بوو ،هەروەها دینەکەشی بە خەونی ڕاست دەست پێ کرد، خەونی ڕاست دەستپێکی بوو بۆ ناسین وتێکەڵاوبوون لە گەڵ جیهانی ڕوح وئاسۆی فراوانی بێ سنوری هەتاهەتایی ونەمری ،ئەم پردە پردێکی ڕاستگۆ بوو ،ڕێ خۆشکەر وئامادەکەرێکی هەمووار بوو بۆ ئامادە کردنی ڕوحی پێغەمبەر علیه السلام بۆ هەڵگرتن وڕوون کردنەوەی پرۆژەوجیهانبینیە گشتگیریەکەی ،هەروەها بووبە ناسێنەرەوەیەکی هەمیشەیی وتاکە دەروازەش بۆ تەواوی مرۆڤایەتی تا کەمێک لە جیهانی ڕوح و ئەودیو لاشە بزانن ، کاتێ کە خەڵک گومانیان بۆ دروست دەبێ لە هەبوونی ڕوح ،لە سزای گۆڕ، پرسیاریان بۆ دروست دەبێ لەبارەی کەسانێک لاشەیان خوراوە،یاسوتاوە ،یا بەهەرشێوەیەک نەماوە ،ئایا ئەمانە چۆن سزادەدرێن وپاداشت دەکرێن دوای مردنیان؟ وڵامی هەموو

ئەمانە لەناوجیهانی خەونی هەریەکێکمان دا دەست دەکەوێ ،کە خۆت دەبینی لە شوێنێک کە هەرگیز نەت دیوە ،کەچی لەوێ ئازار دەدرێ ومشەوەشی ولەوپەڕی ترس دای،یان لەناوخۆشی وڕابواردن دای ،خۆکە بێدارنەبیەوەو هەمیشە لەوخەونەدا بمێنیەوە لاشەی خەونەکە کە ئازاردەبینێ ،یان خۆشی هەرئەوە لاشەی تۆیە ،بوونی تۆیە ،گریمان لاشە نوستوەکە گورگ خواردی ،سوتا ،تۆ لەو جیهانەی ترسەدا لە ڕاوەدوونان دابووی ،یان لەخۆشیدا ،ئیدی ئەو بارودۆخەی تۆی تێدای دەبێتە بوون وبەردەوامی تۆ ،ئایا ئەوکەسە بەڕووح ولاشەی هەست بە ئازارەکان وترسەکان ناکا؟ یان بەخۆشی لەگەڵ خەڵکی ڕانابوێرێ؟ ئایا لەوخەونە هیچ گومانێکی هەیە لەوەی ئەو ڕاستەقینە نیە وئەوانەی لەگەڵنی ڕاستەقینە نین وئەوجیهانەی تیای دایە ڕاست نیە؟ نەخێر ،هەروەک چۆن ئێمە لەم جیهانەمان دا باوەڕمان بە بوون وبەردەوامی ئەم لاشەمان هەیە وهەموو خەم وهەوڵ وکۆششمان بۆ ئەوەیە ئەم لاشەمان چۆن بە پاکی وپۆشتەیی وتەندروستی وجوانی وڕێکی وبەختەوەری وخۆش ڕابوێری لە هەموو ڕوویەکەوە بێڵینەوە هەموو ناخۆشیەکی لێ لادەین ،لەگەڵ ئەوەی لەم سەردەمە دەشزانین کە ئەندامەکانی ئەم لاشەمان لەهەڵوەرین ونوێ بونەوەی بەردەوام دان ،هەندێ ئەندام زووزوو نوێ دەبنەوەوهەندێ ئەندام درەنگ ،کەلەوەوپێش ئەم بۆچونە بەجۆرێک لە زەندەقەوبێ باوەڕی دەزانرا ،کاتێ هەندێک لە ئەهلی عیرفان باسی ئەوە دەکەن بوونی مرۆڤ وەهمیە ،وەزۆرێکیش لەخەڵکی لەسەرئەوە کافریشیان کردن ،ئەمڕۆئەوە ڕاستیەکی زانستیە ،ئەودەست وقاچ ولاشەی جەنابت کە ئەمڕۆ تۆی شەست ساڵی دەستیان لێ دەدەی وبەتەنگیانەوەی ووادەزانی هەرهەمان ئەندامی سەرەتای منداڵیتن ،لە ڕاستیدا وەهمە بەڵام تۆ باوەڕت پێ ی هەیە ،ئەگەرتۆ خانەکانت فڕێ نەدابان وخانە نوێکانیشت بەردەوام دروست بوبان تۆ ئێستا هێندەی کێوێک زەبەلاح بووی ،وە هەرئەوەشە کە وادەکا کە مرۆڤی قیامەت بە جەننەتی وجەهەننەمی یەوە زەبەلاح بێ ،چونکە لەوێ بۆ کەسی ئیماندار خانەباشەکانی کە بەبژێوی حەڵاڵ پێکی هێناون لە دنیا بۆی کۆدەکرێنەوەودەبنە لاشەی ناو جەننەتی کە شەست باڵ درێژو

حەوت باڵ پانە،بەڵام جەهەننەمیەکان هەموو خانەکانیان بەچاک وخراپەوە لەناو ئاگربۆیان کۆدەکرێتەوە،بۆیە ددانێکی کەسێکی ئەوەێ هێندەی کێوێکە ،تا هەموو خانەکانی بەحەرام کەڵەکەکراو دەسوتێن وپاک دەبێتەوە ،ئەوجا دەچێتە جەننەتەوە .

ئەم وانە لە ڕوویەکی دیکەشەوە بە مرۆڤ دەگوترێ،

ئەو زەوی ونیشتمان وکیشوەرو وڵات ودەوروبەرەی تۆ واهەست دەکەی ئەوە زێدو نیشتمانی هەزاران ساڵەی باپیرانت و وبگرە ملیۆنان ساڵەی ئەم دروستکراوانە یە ،ئەویش وەهمە ،چونکە کە ساڵانە ئەو هەموو خانەوشانە هەڵوەریوانەی سەر زەوی کەبە ترلیۆنان تەن لە خانەکانی زیندەوەرودرەختەکان هەڵدەوەرن وکەڵەکە دەبن ،کە لە وهەزاران وملیۆنان ساڵانە بمانایەوە ئێستا زەوی لە هەموو هەسارەو خۆرو ئەستێرەکان زەبەلاح تردەبوو ،ئەم ڕاستیەیە کە لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە کە پەروەردگارمان دەفەرموێ :ئێمە لە جەمسەرو ئەوپەڕوئەم پەڕوتەنیشتەکانی زەوی کەم دەکەینەوە ، ،

هەربۆیەش تا مرۆڤ بەرەو قوڵایی گەردوون بڕوا دەبینێ خانەوپێک هاتەکانی دوور لەزەوی کۆنترن لەوەی سەر زەوی ،هەروەک چۆن مرۆڤێکی هەشتاساڵی کە لە کوێرە دێ یەکی کوردستان لە دایک بووبێ وئێستا لە ئەمریکا بژی ،کە دەزگایەک دابێنێ وتەمەنی خانە هەڵوەریوەکانی خۆی پێ بپێوێ ،دەزانێ کەئەوخانە هەڵوەریوانەی لە سەرەتای تەمەنی لە گوندەکەیان هەڵوەریون کۆنترین خانەکانی لاشەی ئەون .

کەواتە مرۆڤ دەبێ وەک چۆن باوەڕی بەم ژیان وبوونە ڕێژەیی وبەردەوم گۆڕاوە هەیە ،ئاواش باوەڕی بە ئەولاشەو جیهانە ڕوحیە هەبێ کەلە خەون دا دەیبینێ کەئەوێ نیشتمانی ڕاستەقینەتریەتی لەم جیهانەی ئێستا،چونکە ئێمە دەزانین کە خەڵکانێک هەن هەزاران ساڵە مردوون ولاشەشیان نەماوەو لەوانەیە خانەکانیان ئێستا لە قوڵایی گەردوون بن ،بەڵام ئێستاش بەڕوح لە جیهانی بەرزەخ دا دەژین ،لە خۆشی وڕابواردن

دان ،دێن ودەڕۆن ،وەک خەونەکەی من وتۆ وادەزانن لاشەیان هەیەو بوونیان هەیە و قسە دەکەن و ئازار دەچێژن وخۆشی دەبینن ودەترسێن و دەگرین ،یان لە خۆشی دان وپێدەکەنن ،وە بێ گومانیشن لەوەی کە ئەو بوون وجیهانەیان ڕاستە قینەیە .

ئەوە بەهۆی خەونەوە کلیلی تێگەیشتنی جیهانی بەرزەخمان دەست کەوت ،هەروەها خەون دەلاقەیە بۆ تێگەیشتن وباوەڕهێنان بەجیهانێکی دیکەش کە جیهانی پێش ئاوێتە بوونی ڕووحە بەلاشە ، ئەو جیهانەی کە هەم دینەکان و پەیام بەرەکان وهەم فەیلەسوف و حەکیمە ئایدیالیزمەکانی وەک ئەفلاتون وهیگڵ وهەم ڕۆشنبیریە سۆفینزمەکانی وەک بوزاو جینی وبراهما باوەڕیان بەبوونی هەیەو بەمەبەست وئامانج وجیهانی ڕاستەقینەشی دەزانن وئەم جیهانی ئاوێتەی ڕوح ولاشە بەسێبەروکاتی وبێ کەڵک وبێ نرخ وبەها دەزانن ،،

هەرچەندە کەسە ڕۆچوەکان لە ماتریالیزم دا کەوەک دەجالی کوێر بەیەک چاوی دیالێکتیک دەبینن وگاڵتە بە بوونی جیهانی ئەودیومادده دەکەن ،بەڵام ئێستا دەروونناس وپاراسایکۆلۆژیەکانیش باوەڕیان بە جیهانی ڕوح وبەرزەخ هەیە.

ئائەمەیە کە خەون دەکا بە بەشێک لە چل وشەش بەشی وەحی ،وەحی ودینەکان بۆ ئەوە هاتن کە ڕاستەقینەیی جیهانی دوای ئەم ژیانە بەڕاستەقینە بزانین وکاری بۆ بکەین ،وەچەند هێڵێکی گشتیان بۆ گەیشتن وئامادەکاری بۆ ئەو جیهانە پێ نیشان داین ،بەڵام خۆ ناکرێ ئەوان وەحیە سەرەکی وپەیامبەرودینەکان کە هێڵە گشتیەکانن ببنە کردەوەیەکی هەمیشەیی ڕۆژانە ، چونکە کەوابێ لە هێڵی گشتی ومەتن بوون دەکەون ودەبنە پەڕاوێز ،کەواتە دەبێ فیشەیەک هەبێ لە خودی مرۆڤ دا کە ببیەستێتەوە بەو جیهانەوە کە لەناوخودی خۆی دابێ ،ئەویش خەونە کە بەشێکە لە وەحی وپێغەمبەرایەتی ،دەلاقەیەکە بۆسەلماندنی باوەڕبوون بە ڕاستەقینەیی ئەو جیهانی ڕوحەی پێش ئاوێتەبوون ودوای لەلاشە دەرچوون وبەرزەخ ،کە دینەکان و وەحیەکان بۆ ئەوە هاتن کە باوەڕمان پێ ی هەبێ ، خەونیش کەهەر بەشێکە لەو وەحیە هەر وامان لێ دەکا

باوەڕ بەو جيهانە بێنين وبۆ ئەوێ بژين وهەرئەوێ بە ڕاستەقينە بزانين وئەم جيهانى ئاوێتە بوونە بە سەردەمێكى كاتى وكەم وبێ نرخ بزانين.

لەسەردەمى ئێستامان دا لێكدەرەوانى خەون هەمەجۆرن ،گرنگترين چەشنەكانيان ئەمانەن:

١- بەشێكيان لە لێكدانەوەدا بەشێک لە خەونەكە كەلاى وان بە كليلى خەونەكە دادەنرێ لە خەونەكە هەڵ دەبژێرن و لەژێر ڕۆشنايى ئەو بەشە گرنگە هەموو ڕوداوەكانى خەونەكە لێک دەدەنە،لە هەڵبژاردنى ئەم كليلەش دا خەون لێكدەرەوان يەک پەيڕەويان نيە، بەڵكوچەندين پەيڕەويان هەيە لەوانە:

- هەندێكيان لە مەبەستى خەونەكە دەگەڕێن ،ڕووداوەكانى خەونەكە لە پێناوى چ بوون ،كارێک كەهەموو ئەندامانى ئەوخەونە دەيان كردو لەسەرى كۆک بوون ئەوە كليلەكەيە.

- ئەو ووشەو ڕوداوانەى كە لە قورئان وفەرمودە ڕاڤە كراوە وبەشێوەيەكى يەكلاكەرەوە بڕيارى لەسەردراوە كە شير بە دين وزانست لێک دراوەتەوەو هەموو ڕوداوەكانى ترى خەونەكە بەم بەشە ڕاڤەكراوە دەبەسترێنەوە.

لەئەم جۆرە لێكدانەوە دا دەست درێژى دەكرێتە سەر حاڵ وبارودۆخى خەون بين ،چونكە خەون كە يەكەكى تەواوە ولێرە پرت پرت دەكرێ، ئەم لەت وپەت كردنەش زيانى پێ دەگەيەنێ .

٢- ڕەوتى هاتنەوەو پەيڕەوى كردن لەگەڵ لێكدەرەوە پێشينەكان ،واتە ئەم لێكدەرەوە هەوڵ دەدا ئەو واتاو هێماومانايانە كە كەسانى وەک ئيبن سيرين وئيبن شاهين ونابلسى و،،هتد گوتويانە لەبەربكاو خەونى خەڵكى پێ ڕاڤە با، .

ئەم جۆرە لێكدانەوەش دەست درێژيكردن وستەم كردنە لە واقع و ژينگەو دەوروبەرى خەون بين ،چونكە هەرنەوەيەک شێوەژيان و واقعى زۆر جياوازە لە شێوەژيانى سەردەمى ڕابردوو.

٣- بەشێک بۆ لێک دانەوەی خەونەکان پشت بە ئیلهام وواردات وحاڵی ڕوحی خۆیان دەبەستن ، ئەمەش ڕەوتێکی نوێ یە و لەمەو پێش بوونی نەبوەو دەست درێژیشی تێدایە بۆ سەر کەسایەتی خەون بینەکان کاتێ حاڵ و ئیلهامەکانی کەسێک کەبەئەزمونێکی ڕوحی تاکەکەسی پێ ی گەیشتوە تەعمیم و گشتگیر بکرێ وخەونی خەڵکی پێ بپێورێ ،لەکاتێکدا کەس لەوزانستە هیچێکی وانەزانێ.

٤-ڕەوتی شیکارکارە دەرونیەکان ،ئەمەم لەبەشەکانی سەرەتا باس کرد ،ئەم ڕەوتە کە فرۆید وسبنسر وبرجستۆن وچەندان کەسی تر بەکاریان هێناوە ،وەئەمانەش یەک ئاڕاستەوبۆچوون نین وچەندین بۆچوونی جیاو دژبەیەکیشیان هەیە ، دەبێ خوێنەر بۆ شارەزابوون لەو چەشنە بەشەکانی سەرەتای ئەم بابەتە بخوێنێتەوە.

٥- ڕەوتی تەواوکاری لە لێکدانەوەی خەون ،ئەم ڕەوتە سوودلە هەرچوار ئەزمونەکەی پێشوو وەردەگرێ ،تا هەموو بەشەکانی خەونەکە لێک دەداتەوە ،وە حاڵ ودەرونی خەون بین و ئیلهامی خاوەن ئیلهامەکانیش پشت گوێ ناخا و هەموویان لە لێکدانەوەکە بەکار دێنێ ، سود لە هەموو زانستەکان وکتێبە دینی و زمانەوانی و پەند ونەریت وکەلەپوری دین ونەتەوەکان وەردەگرێ ،تابتوانێ لێکدانەوەوشیکارێکی گشتگیربۆخەونەکە بکا.

هەڵبەت لە پێناسەی خەون وچەمکە وابەستەکان بەخەونەوە باسی ئەم بابەتانەم کردبوو ،بەڵام دەبێ سەرەتا خەون بین وخەون لێکدەرەوە بزانن کە خەون ئەرکی ئەوەیە ئومێد ببەخشێ، هۆشداری بدا،ئاگاداربکاتەوە، هەواڵ بدا ، خەونی شەیتانیش هەیە کە هەوڵی ئەوەدا گومان لە ڕێساوبەهاوبنەما سەلمێنراوەکان دروست بکا ،باوەڕی کەسەکە بەکەسە متمانەپێ کراوەکانی لەق بکا ،دەبوو هەر خەونێک کە باسی تۆمەت بارکردنی ژن وپیاوی تێدابوایە لێک نەدرابوایەوە ،چونکە ئەوەتا شەرع کە سێ کەس ژنێک لە ژێر پیاێک ببینن وپیاوەکە لە سەرسنگ وزگی

ژنەكە ببينن ،قسەيان لێ وەرناگرێ وەھريەكى ھەشتادارى بوختانيان لێ دەدا وئەو كەسانە بە پەردەپۆش كراوى دێڵێتەوە ،بۆيە ش من پێم وايە كە لێكدانەوەى خەونە كۆمەڵايەتيەكان دەبێ مەرج داربكرێ بەوەى كە خەونى گەشبين ودوور لەتۆمەت بێ ،بەڵام خەونى تۆمەت باركردنى خەڵكى كارەساتى گەورەو لێك ھەڵوەشانى كۆمەڵگاوڕوخانى پردى متمانەى لێ دەكەوێتەوە ،كە ئەمە شەريعەت حەرامى كردوە ،ھەرچەندە كە كتێبى لێكدەرەوانى خەون پڕن لەوجۆرە لێك دانەوانە وزۆرجاريش جيابونەوەو تێكچوونى شيرازەى خێزان وكوشتنى لێ كەوتۆتەوە، ئەى ئەگەر ئەمە بە خەونى شەيتانى نەزانين ؟ ئەى خەونى شەيتانى كامەيە ؟

دەڵێن خەون نابێتە بڕيارى دادگا بەڵام خەونەكەى سابتى كوڕى قەيسى كوڕى شماس دواى وەفاتى بوەبڕيارێكى دادوەرى ،دەڵێن خەون حوكمى شەرعى دانانێ بەڵام خەون بوو كە بوەھۆى دانانى بانگى ئيسلامەتى ،خەون زۆربابەتى عەقيدەيى حەرام كرد ،ياوەرەكان دەيانگووت ئەگەر اللە ومحمد بيانەوێ ،ئەم گوتە بەخەونى ياوەرێك حەرام كراو نابێ بگوترێ ،وەزۆر شتى تريش كە خەون كاريگەريكى گەورەى لە ڕەوتى ھەموو دينەكان دا ھەبووە .

ھەندێ لە خەون لێكدەرەوانى كۆن كە واى بۆچوون كە جيھانى خەون دەبێ ھەموو شتێك پێچەوانەى بێدارى بێ ،چونكە ئەوان دەڵێن ئەم دوو جيھانە بەگۆشەى لەسەدا ھەشتا پێچەوانەى يەكترن ،بۆيە ئەوان پێ يان وايە لێدراو لە خەون لێدەرە ،كافر ئيماندارە،ستەم كار ستەم لێ كراوە ،گريان پێكەنينە ،،،،ھتد

ئەم ئاڕاستە بێگوومان بەو گشتگيريە نەك ھەر ھەڵەيە ،بەڵكو بردنى زانستى لێكدانەوەى خەونە بەرەو قۆناغێكى چەواشەكارى.

ھەندێك ڕوداو ھەن كە وادەزانم خەون بەشداربوەوبەشێك بوە لە ڕوداوەكان ، بۆنمونە:

ڕۆژێك پياوێك دێتە لاى سەعيدى كوڕى موسەيەب ودەڵێ كۆترێكى سپيم لە سەر بانى مزگەوتى مەدينە دى بازێك ھات وھەڵى گرت، سەعيد

لە و دانیشتنە گوتی کە خەونەکەت ڕاست بێ حجاجی کوڕی یوسف کچی عبداللهی کوڕی جەعفەر دەکاتە ژنی خۆی ،زۆری نەبرد
،ڕوداوەکەبەوشێوەبوو کە سەعیدگوتی ،ئەمە لێکدەرەوان دەیکەنە بەڵگە لەسەر ڕاستی خەونەکەو بەهێزی لێکدەرەوەکە ،بەڵام لەوانەیە کەئەو لێکدانەوە بووبێتە هۆی ئەم هاوسەرگیریە ،چونکە خەڵک خەونیان بە وەحی زانیوە،بەشێک لە پێغەمبەرێتی یان زانیوە ،ئەم لێکدانەوەی پیاوێکی بەناوبانگ وەک سەعید گەیشتۆتەوە ماڵی جەعفەرو دیوەخانی حجاج ،لەوانەیە حجاج بەم لێکدانەوە زانیبێتی کۆترێکی سپی لەماڵی جەعفەر هەیە .

خەونێکی تر کە پیاوێک هاتە لای سەعید وگووتی من لەخەوم دا میزم لە هەرسێ میحرابی مزگەوتی مەکەو مەدینەوقودس کردوە ،سەعید گوتی ئەوە خەونی تۆ نیە وخەونی کەسێکی ترە، پیاوەکە گوتی خەونی عبدالملیکی مەڕوانە ،گوتی کەوایە سێ کوڕی دەبێتە خەلیفە و حوکمی هەرسێ مزگەوتەکە دەکەن ،ئەم خەونە بەشێوەیەکی تریش
گێردراوەتەوەو کراوەتە خەونی عبداللهی کوڕی زوبێر ،،بەم شێوە عبدالملک کە بوە خەلیفە لە قودس ودوای کارەساتی کوشتن وبڕینی هەزاران ولەخاچ دران ومەنجەنیق بارانی کەعبە بوە خەلیفەی حجازوعیراق و سێ کوڕی کە وەلیدوهشام وسلیمانی کوڕی عبدالملک ن بونە خەلیفە ودەیانسااڵ حوکمیان کردو هەرئەوان بوون عومەری کوڕی عبدالعزییزیان ژەهرخوارد کرد تا هەرسێکیان خەلافەت بکەن وخەونەکە بێتەدی ،لەم سەودایانە خەون بین وەک کەری کتێب هەڵگرە هیچی پێ نەبڕاوە ،کەس ناویشی نازانێ .

جاری وایە بەهۆی ڕۆچونی کەسەکە لە باوەڕی بەو بنەمایانە دەبێتە هۆی کاریگەری ،وەک ئەوخەونەی بوەهۆی مردنی خودی ئیبن سیرین ،کە ژنێک گوتی دیتم مانگ چوە ناو سورەییا ،ئیبن سیرین وای لێک دایەوە کە دوای حەوت ڕۆژدەمرێ ،هەرواش بوو ، ئەمە وەک هەنگاوتەکەی لای سێکانیان وایە کە دەڵێن لە دەیان کەسی داوەو جێ پەنجەی خێوەکە بەلاشەی مردوەکە بوە کەشوشتویانن ، کەچی ئێستا ئەوهەنگاوتانە لەهیچ

شوێنێک نەماون ،چونکە ئەمە بیروباوەڕێک بوو خەڵک باوەڕی پێ ی بوو ،بەڵام کە سوپای بەعس هات ناوچەکانیان کردە موحەڕەمە ،هەموو خێوو هەنگاوتەکانیان کوشتن وئەوبیروبۆچونەیان کوشت ،پێم وایە کورد کە ئەوهەموو قوربانیەی نەدایە ئەو خورافیاتەی لە مێشک نەدەسڕایەوە ،

خەونەکەی ژنەکەش وپەیوەندی بە ئیبن سیرین هەروایە .

یان وەک ئەو خەونەی ژنە بازرگانەکە کە پێغەمبەرعلیه السلام بۆ ژنەکەی لێک دەدایەوە هەم بازرگان قازانجی دەکردوهەم منالّی باشی دەبوو ،بەڵام کە عائیشە لێکی دایەوە هەم بازرگانەکەی کوشت وهەم منالّەکەی کردە خراپەکار، باوەڕی کۆمەڵگا بە ڕاستێتی گوتەی کاریزما و پیرۆزەکان شوێنەوارێکی سەیر بەجێ دێڵێ لەسەر چارەنووسی ڕوداوەکان.دەروازەی دەیەم :

خەونە بەناوبانگەکانی جیهان:

١-خەونەکەی یوسف علیه السلام جیهانبینییەکی گەردوونییە:

(إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ) ( 4یوسف).

کاتێك یوسف بەباوکی وت: باوکی بەڕێزم بێگومان من لە خەومدا یازدە ئەستێرە و خۆرو مانگم بینی کڕنووشیان بۆ دەبردم.

خەونەکەی یوسف علیه السلام کە براکانی یازدە کوکبن واتە هەسارەن و نجم و خۆر نین، لەگەڵ خۆر و مانگ سوجدەی بۆ دەبەن، ناوی ئەم ئەستێرانە لە فەرموودەیەك هاتووە وەک هێما، جولەکەیەک هات و پرسیاری لە پێغەمبەرعلیه السلام کرد لەو ئەستێرانەی کە سوجدەیان بۆ یوسف برد ئەویش فەرمووی: (جربان، الطارق، الذيال، ذوالكنفان، قابس، وثاب، عمودان، الفيلق، المصبح، الضروح، ذو القرع ).کەواتە زیا و نور، ڕۆشنا و ڕووناک، خۆر و مانگن کە دایک و باوکی یوسفن.

یازدە ئەستێرەکە پێش خۆر و خۆریش پێش مانگ سوجدەیان بۆ یوسف برد، کە بڵێین خۆر دایکە و دوا کەس کە سوجدەی بۆدەبا مانگە چونکە

مانگ دواى خۆر و هەسارەكان دەركەوتووە، ئەگەربڵێين مانگ باوكەكەيە، بەڵام مانگ كە دايكى بێ، ئەوە دايكەكە كە ژنەكانى يەعقوبن دوا كەسن كە دان بەگەورەيى و ڕێزى يوسف دادەنێن.

ناوى يازدە ئەستێرەكان:

١- عطارد: لەفەرموودەكەدا جريان واتە خۆشڕەوە.

٢-طارق.لەدەرگادەر ودرەوشاوە.

٣- الزهرة: الذيال واتە كلكدار وهەڵڕژاو.

٤-ذو الكتفان: واتە دووشان ودوو پيل.

٥- مريخ: قابس، واتە مەشخەڵ.

٦- مشتري: وثاب، واتە هەڵبەزيوە.

٧- زحل: عمودان، دووكۆڵەكە.

٨- أورانوس: فيلق، واتە لێككەرەوە.

٩- نيبتون: مصبح، ئەستێرەى بەربەيان.

١٠- بلوتو: ضروح.

١١- ذو الفرع، لقدار.

١٢- الضياء: خۆر

١٣- النور: مانگ،

شيكەرەوانى ئەم فەرموودەيە بەم شێوە ئەو ئەستێرانەيان بەرامبەرئەو ناوانە داناوە كەلە فەرموودەكە هاتوون، چونكە لەكۆندا عەرەبەكان ئەم ناوانەيان لەئەستێرەكان ناوە.

كەواتە يوسف دەبێتە هەسارەى زەمين كە بەردەوام كۆمەڵەى خۆر هەموويان خەريكى زيندە بەچاڵكردنى بوون، وە لە كۆتاييشدا هەموويان خەريكى خزمەتكردنن بۆ زەوى، خۆ كە بشگوترێ سەرەتا ئەستێرەكان

و براكانى يوسف هەبوون، پێش بوونى خۆر و مانگ كەدايک و باوک بن چونكە بەپێى زانستى فەلەكناسى مانگ كۆتا بارستەى بەديهاتووە و ئەوانى تر پێش ئەو هەبوون، لە ئايەتەكەش مانگ دواييىن شتە كەباسكراوە. بەم واتايە بێ دەبێ مانگ بنيامين بێ نەک دايكى يوسف.

ئێستا كە بمانەوێ لە گەورەترين براى يوسف تا بنيامين دەست پێ بكەين، بەرامبەر بەمانەش لەگەورەترين ئەستێرە لە ڕووى قەبارەوە كە موشتەريە بۆ بچوكترين ئەستێرە ڕيزبەنديان بكەين، وە فەلەكناسان لێكۆڵينەوە بكەن بۆ ئەوەى تەمەنى هەريەک لەو ئەستێرانە بە لێكۆڵينەوە و توێژينەوە دياری بكەن، تا بزانن كە ئايا ڕيزبەندى براكانى يوسف بەبارستەيە، يان بەڕێزبەندييە، يان شتێكى تر؟

ئێمە ليرەدا بڵێين كە براكانى يوسف كۆمەڵەى خۆرن بێجگە لە زەوى، زەوى يوسفە، چونكە هەموو كۆمەڵەى خۆر ئێستا جەستە و تجسيدو جەسەد و لاشە و جرم و قەبارەى يوسفى زەوى زياد دەكەن، خۆر بەتيشكەكەى ساڵانە ملياردها تەن گەڵا و گوڵ و گيا و هەروەها باران و دەريا پێشكەش بە زەوى دەكا، مانگ دياردەى خيزاو و نيشتاو دروست دەكا و كارەكەى خۆر تەواو دەكا و دياردەكانى با و دەريا ڕێكدەخات، ئەستێرەكان تيشك و نەيزەك ى بۆ دەنێرن تەنانەت لە موسوعەى قرن ژمارە و بڕى نەيزەكەكان بە ملياردها تەن دانراوە، كەواتە دەبێ كۆمەڵەى خۆر جگەلە زەوى 10 ئەستێرە بن كە ئێستا دواى پلۆتۆ ئەستێرەيەكى تر دۆزراوەتەوە و بوون 11 ئەستێرە بە نەيزەكەكانى خولگەى فۆتۆنيشەوە.

بەڵێ ئەم خەونەى يوسف عليه السلام، براكانى تجسيدى ئەو دەكەن، بە بيزاعەى مزجات و كەلو پەلێكى بێ نرخ، تەنيا ئەوەى لاى دايكى خۆر دێ و ئەوەى لاى باوكى دێ زۆر بەسوودە بۆى، بەڵام ئەوەى يوسف وەك دڵێكى لێدەرى ئەم گەردوونە داويەتى بە گەردوون لە خانە كۆنە هەڵوەريوەكانى كە هەميشە -گەر كۆنيش بن- لە خانەكانى ئەوان نوێترن.

لەم جيهانبينييەى يوسف دا كە ئەحسەن و جوانترين و پتەوترين و خەمبارترين جيهانبينييە ئەوە دياردەخا كە خۆر و مانگ، دايک و باوکى زەوين، بە پێچەوانەى دەقەكانى ترى تەورات و قورئانە، چونكە لە هەموو سورەتەكانى قورئاندا زەوى پێش ئاسمان دروست كراوە، وە زەوى پێش مانگ و ڕۆژ دروست كراوە، بەڵام لە سوڕەتى يوسف دا وە تيۆرى بيگ بن ڕۆژ پێش زەوى هەبووە و كە مانگيش يەكێک لەدايک و باوک بێ كەواتە ئەويش پێش زەوى هەبووە، بەڵام من مانگ بەبنيامين لێک دەدەمەوە.

يان چيرۆكى يوسف ئاماژەيە، بۆ ئەوەى كە لانكەى گەشەكردن و پەرەسەندن لە ناوجەرگەى كۆمەڵەكەوە كە خۆرە دەستى پێ كردووە و پاشان بۆتە خۆرێكى چەق و مانگێكى باشكۆ، لەوانيشەوە هەسارەكان دروست بوون، لەهەر هەسارەيەكيش لەمانە ڕەوتى گەشەكردنى خۆرى يەعقوب و ماددەى چوار توخمى كە هەر توخمێک ئاماژە بێ بۆ دايكێک لە دايكەكانى كوڕانى ئيسرائيل، ئاو ليايە كە ژنى يەكەمى يەعقوبە. دايكى روبين، شمعون، لاوى، يهودا، ياساكر و زبولونە.

هەوا كەنيزەكەى ڕاحيلە كە بەلهايە و ژنى دووەمى يەعقوبە، دايكى دان و نفتاليە

و ئاگر كەنيزەكەى ليايە كە زولفايە ژنى سێيەمى يەعقوبە، دايكى عشير و جادە.گڵ ڕاحلە كە ژنى چوارەمى يەعقوب و دايكى يوسف و بنيامينە.

لەهەر يەكێک لەم سێزدە وێستگانە، بوونەوەر لەسادەييەوە بۆ ئاڵۆزى و لەيەک چەشنى بۆ هەمەچەشنى و لە بێ گيانييەوە بۆ زيندوويى و لە بێ هەستييەوە بۆ هەستيارى بەڕێوەچوو بێ و لە وێستگەى يوسفى دا گەيشتبێتە چڵەپۆپە و پەرەسەندنى هەموو سێزدە وێستگەكانى ترى لەخۆگر تبێ و شايانى ئەوە بووبێ كە هەر سێزدە وێستگەكەى تر لە

خزمەتيدا بن، يان هێما بێ بۆ سێزدە زانست و بوار و شێوە داهێنان و داهێنان لە واتا و لێكدانەوەى ڕوداو و گوفتارەكان و دايەلۆگ و مەنەلۆجەكان و خەونەكان، هەموو بوارەكان بگرێتەوە.

لە ڕاستيدا تەئويلى ئەحاديس تەنيا لێكدانەوەى خەون نييە، ئەحاديس بەمانای ڕووداوەكان و پێكهاتەكان و گوفتار و گفتوگۆكان و هەروەها قسە و مەنەلۆج و نيازى ناو دڵ و حەديسى نەفسيش دەگرێتەوە، دوا شت خەونەكانيش دەگرێتەوە، يوسف توانيويەتى بزانێ چارەنووسى ئەو خواردن و پارووە بزانێ كە هەر كەسێ دەيخوا، خواردن ڕووداوە، ڕووداويش لێكدانەوە و چارەنووس و واتاى ئايندەيى هەيە، ئەو پارووە دەبێتە چى؟ ئايا دەبێتە ئەندام و جولّە و زانينێكى ئەرێنى يان نەرێنى؟ هەموو ئەمانە دەچنە بوارى زانينى تەئويلى ڕووداوەكان، جولّەكان، گەشە و پەرەسەندنەكان، خەونەكانيش بەشێكن لە ڕووداو و چالاكى و گفتوگۆى جيهانى ڕۆحەكان. هەروەها دەبێ بشزانرێ وشەى تەئويل و يەكخستن و لێكدانەوە و زانينى چارەنووس و سەرەنجامى هەموو ڕووداوەكان بەهەموو جۆرەكانيانەوە.

جا كە ئەم كۆمەڵەى خۆرە، يەكێك لە چيرۆكەكانى دروستبوونى چيرۆكى كوڕانى ئيسرائيل بێت، كە هەزاران و سەدان چيرۆكى لەو شێوەى هەيە، چەند پێزانينێكى فەلەكى هەن كە پێويستە باسيان بكەم..

ئەم كەشتييە مەشحون و بارگاوييە نوحييەى كە كۆمەڵەى خۆرە، كە ئێستا پانتاييەكەى شەش سەعاتى تيشكييە، و بە 243 مليۆن ساڵ خولى ناو كاكێشانى تەواو دەكا و تا ئێستا 21 خولى داوە، لە ماوەى ئەم خولانەدا دەبێ چەند جار ئەم كەشتييە وێكهاتبێتەوە و توابێتەوە و هەڵاوسابێ و بووبێتە بەستەڵەك؟ ،دەبێ چەند جار ژيان و زيندەگى لەسەرى بنەبر بوو بێ و پەيدا بووبێتەوە؟ يا ن دەبێ چەند جار ژيان لە ناو ئەم كۆمەڵە كەشتيگەلە و ئوستولەدا ئەم باوەش و ئەو باوەشى كردبێ؟ و دەبێ چەند دايك و پوور و مەتو و دايەن و مامان و باوەژن و مامۆژنى فۆتۆن ئاسا بووبنە ئاردى ناو دڕوان و ناو و ناوبانگيان نەمابێ؟ دەبێ چەند جار كونى ڕەش بيكاتەوە گرگن و كونى سپى بيكاتە زەبەلاح و ئەم

قەبزى بكا و هەڵى لوشێ و ئەو بەستى بكا و پەخشانى بكا؟ دەبێ چەند جار بە ناو گەرمای توێنەرەوە و ساردی شەختە و زەمهەریر و ئەستێرەی زەبەلاح و چەندین دیاردەی پیاکێشان و کێشکراندا تێپەڕیبێ؟ ئەی چۆن دوای ئەم 21 جارەش ئەوەتا بە سەلامەتی ماوەتەوە و قوت نەدراوە؟ دەبێ بزانی کە ئێمە ئێستا لە شوێنێکی تا رادەیەك سەلامەتین، چونکە لە دۆزەخی سەلکە پیازەکەی چەقی کاکێشان سەدان هەزار ساڵی تیشکی و دوورین واین لەو لاپەڕی چەپی مەجەرەکە و تا 121 ملیون ساڵی تر ناگەینە ناوەڕاستەکە ..

دەبێ لە هەر خولانەوەیەکدا چەند جار کۆمەڵەی خۆر شێوە و ژمارەی ئەستێرە و مانگ و خولگەیان بگۆڕن و دەبێ هەر ئەستێرەیەك چەند جار جەمسەر و ماوەی رۆژ و مانگ و ساڵەکانی و نەخشە و رووخساری بگۆڕێ؟ ئەوە مسۆگەرە کە 21 جار گۆڕاوە بەڵام بۆ لەوە زیاتر نازانرێ، ئەی کە ئەم کۆمەڵە خۆرە ئەم هەموو پانتاییەی بڕیبێت، لەکام گەلەکسی و کام بورج و کەلووەدا بووە کە ئەم فایرۆس و بەکتریای ژینی ئۆرگانی و سەوزایی و قارچکی پێ بەخشرا؟ ئەی کۆمەڵەی خۆر لەم ڕێڕەوە درێژەیدا ئەم شێوە ژیان و پەرەسەندنانەی داوەتە چەند ئەستێرە و کۆمەڵە خۆر و گەلەکسی تر؟

بەڵێ تیۆری لەوجۆرەش هەن .

هەواڵێک کە پەروەردگار پاڵی دابێتە لای خودی خۆی ،جیاوازە لە هەواڵێک کە خەونی پەیامبەرێک بێ، ئەوجار لێکدانەوەی خەونەکەش ئیشارەیە ،مەرج نیە خۆر ومانگ دایک وباوکەکە بن هەرچەندە زۆرلێک دەرەوە وای لێک دەدەنەوە .

وە لەبابەتى دروست بوونى زەوى پێش ئاسمان واتاى ئەوەنيە كە ئەرز پێش بۆشايى دروست بووبێ ،بەتێگەيشتنى ئەمرۆ ئاسمان واتە پانتايى بۆشايى، بەڵام بە پێناسەى قورئان ئاسمان سەقفى پارێزەرو چين چينەو دەرگاى هەيە ودەرگەوانى هەيە و هەر ئاسمانە پەرستگايەكى لێيە و.....

سەبارەت بەوەى خۆر پێش زەوى يان زەوى پێش خۆر، زاهيرى قورئان وايە زەوى پێش خۆر دروست بووە، بەڵام ئەوزەويەى كە پێش خۆر بووە ئەو سەرتاپاكوتلەيەكى گڕگرتووبووەو ئەوكاتە هەموو ئەستێرەومانگ وكلكدارەكانى كۆمەڵەى خۆر هەوروشلەيەكى تواوەى گڕگرتووبوون،كەواتە بەو تێڕوانينە دەكرێ بگوترێ كە ئەو زەويە ى سەرەتا لەخۆر نزيكتربوو نەك لەوزەويەى ئێستا.

چونكە هەموو ئەستێرەكانى كۆمەڵەى خۆربەزەويشەوە كوتلەوبارستەيەكى گڕگرتووى وەك ئێستاى خۆربوون لەپێك هاتەدا،بۆيەبەم مانايە دەكرێ بڵێين خۆرپێش زەوى هەبوو.

وەزۆربابەتى ڕێژەيى لەقورئاندالەسەرزمانى پەيامبەران هاتووە كەئێستاناكرێ وەك ڕاستى زانستى ڕەها سەيربكرێن.

بەنمونە ئەوئايەتەى سورەتى نوح كە خۆرو مانگ لەهەرحەوت تەبەقەى ئاسمانێ نورو چران ،لەڕووى زانستى وبۆ فەرمودەوئايەتەكانى ديكەش ڕاستيەكى ڕێژەييەو خۆرومانگ تەنيا بۆ كۆمەڵەى خۆرو مانگ تەنيابۆزەوى نورە.

بەڵام ئەوە قسەی نوحە بەپێی ئەوزانیاریەی لەوکاتەدا هەیبووە لەسەر خۆرومانگ قسەی کردووە ،وەک ڕاستیەکی زانستی ڕەها وەرناگیرێ .

مەگەر ئەو قیرائەوخوێندنەوەی تر بۆ سیراج وقمر وەرگرین کە بەشێوەی جمع وکۆهاتوون ،واتە سیراج بەسروج و قەمەر بە قومور هاتووە.

واتاکەشی دەبێتە ئەوەکە ئێمە جنسی خۆرەکانمان کردۆتە مایەی ڕۆشنایی ناوهەرحەوت تەبەقەی ئاسمان وجنسی مانگەکانیشمان لەوئاسمانانە کردۆتە مایەی ڕوناکی.

لێرەدا الف ولامی پێش ال قمر و السروج، دەکرێ بۆ عەهد وناساندنی ئەستێرەیەکی دیاریکراونەبن وەک ئێستالەعەرەبیداباوە،بەڵکو بۆناساندنی جنس وڕەگەزی هەموو خۆرومانگەکان بن کە لەگەردووندا هەبوون، یان ئێستاهەن یان لەمەودوادەبن.

کەواتە تێگەیشتنی ڕاستیەکانی قورئان پێویستی بە گۆڕینی زانستی نەحوش هەیە،چونکەلەقاڵب دان ودەقبەستوکردنی سەرف ونەحو وواتای دەستەواژەکان وای کردوەکەوەک پێویست نەتوانرێ ڕاستیەزانستیەکان وپێزانینە قورئانیەکان تێبگەین..

وێک چواندنی هەموو کۆمەڵەی خۆروئەستێرەکانی بە چەندکەسێکی ئەندامانی خێزانە پیرۆزەکە لە باوک ودایک وچەندبرایەک لەسورەتی یوسف ،پەیامێکە کە خێزان بناغەیەکی زۆرگرنگەو شێواندن ودەستکاری خێزان وەک هەوڵ دان بۆلەخولگەلادان ولەناوبردنی خۆرومانگ وئەستێرەکانە.

بەدرێژایی مێژوو تا ئەم چەندسالّەی دوایی کەس باوەڕی وانەبوو کە ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر دەگەنە یازدە ئەستێرە، ئایادەکرێ کە لەم سەردەمەدا بڵێین ئێستا خەونەکەی یوسف لەڕووی فەلەکیەوە هاتەدی؟

بەپێی کە ئایەتەکە دەفەرموێ عەین وچاو وخودی یەعقوب سپی هەڵگەڕان و کوێربوونەوە، وەبە مانگیش دەفەرموێ ئایەتی مەمحو سڕدراوەو کوێر ، دەبێ یەعقوب مانگ بێ ؟

دوور نییە کە گەڕانەوەی رۆژ لە ئاخر زەمان، تەنیا ئالّوگۆڕێکی جەمسەر و قوتبەکانی زەوی بێ بە هۆی توانەوەی بەفر و سووکبوونی جەمسەرەکان و قورسبوونی هێڵی یەکسانی، ئەم لەپڕ هەڵگەرانەوەیە دەبێتە هۆی رۆژ گەڕانەوە، وە کارەساتێکی زۆر گەورەش کە لەوانەیە بە هۆیەوە ژیان بەیەك جاری بنەبڕ ببێ، یان تەنیا بوونەوەرە سەرەتاکان بمێننەوە.

ئەم پرسیارە وروژاوانە هەموو ئەو پێزانینانەی زانستی فەلەکناسی نوێ دەخەنە ژێر پرسیارەوە کەباسی ئەوە دەکەن کە گوایە فلّان چاخ و قۆناغە ملیارەها ساڵی کێشاوە و شاخ و کیشوەر و فلّان ڕەگەز پێش ئەوەندە ملیارە پەیدا بووە. چونکە لەوەیە ئەوە ڕاست بێ کە لەهەر خولێکی ٢٤٣ملیۆن ساڵەی کاکێشان هەموو کۆمەڵەی خۆر لەناوبچێ و دووبارە کۆمەڵەی خۆر لەم لاچەپە دروست ببێتەوە. یان نابێ ئەو پێزانینەی زانستی فەلەکناسی ڕاست بێ کەباسی سوڕانەوە و خولی کۆمەڵەی خۆر دەکات لەناو مەجەڕەی کاکێشان..

جا ئەم منالّە بێ دەسەلّاتەی ناو ئەم کەشتییە کە ژیانی سەوزایی و ئۆرگانییە، هەر ئەو وەك مەلای مەشهور بە گەوجی ئەم لقە دارە نەبڕێتەوە کە لەسەری وەستاوە؟ ئەوەتا رۆژانە ملیاران تەن لە ناو ناخی دایکی زەوی دەردێنێ و زەوی کلّور دەکا و دەبێتە هۆی داڕووخانی دایکە زەوی و بورکان و بوومەلەرزە و تسونامی و گەردەلول و بارانی ژەنگاوی و کونبوونی ئۆزۆن و لافاو و وشکە ساڵی و چەندەها دیاردەی

تر؟ ئايا مرۆڤايەتى خەريكى ئينتيحار و خۆكوژى بە كۆمەڵە؟ ئايا ئەم مناڵە بێ دەسەڵاتە چەموشە بوو كە سەرى فۆتۆنى خوارد و سەرى زەويش دەخوا؟

لە مەوسوعەى قەرن هاتووە كە پێش ئەوەى شيردەرەكان پەيدا بن زەوى تەنيا يەك كيشوەر و يەك ئۆقيانووس بوو، كيشوەرەكە پێى دەگوترا ئينجا، ئايا پێش مليۆنان ساڵ كێ ئەم ناوەى لێناو بۆ ئێمەى گواستەوە؟ ئەوە لە نووسەرانى مەوسوعەكە بپرسن، پاشان بووە دوو كيشوەرى غەندۆرە كە ئەمريكاى باشوور و ئەفريقيا و ئۆقيانيا و ئەنتارتيكا و هيند و كەنداو بوون، كيشوەرى دووەم كە كيشوەرى ئۆراسيا بوو، بريتي بوو لە كيشوەرى ئەمريكاى باكوور و ئەتلانتا و ئەوروپا و ئاسيا و گرينلاند. ئۆقيانووسى تيتس لە نێوان ئەم دوو كيشوەرە بوو، پاش چەند مليۆن ساڵ ئەم شێوەى پنجەگيايەى نەخشەى زەوى گۆڕا، بەم شێوەى ئێستا بەكەمێك جياوازييەوە، كەنداو بە عێراق و شاميشەوە، هەروەها نيمچە دوورگەى هيند بوونە دوو دورگە و چەند هەزار ساڵ بۆ خۆيان لە سەر زەريا خولانەوە، پاش ئەو چەند هەزار ساڵە هەردوو دوورگەكە بەرێككەوتنيان لەگەڵ كيشوەرى ئاسيا كرد، دەرەنجامى ئەو پياكێشانەش زنجيرە چياكانى زاگرۆس و تۆرۆس و ئارارات بەهۆى پياكێشانى كەنداو و ئاسيا دروست بوون و بەهۆى پێداكێشانى هيند و ئاسياش زنجيرە چياى هيمالايا پەيدا بوون. ئەمە زانست و بيردۆزێكى كەمێك نوێيە و پێى وايە گۆى زەوى لە 25 صەفحەى تەكتۆنى پێكهاتووە كە هەندێكيان هەر لەيەكتر دەچنە پێش و بەبەريەككەوتنيان بوركان و زەمين لەرزە و چياى نوێ دروست دەكەن و هەندێكيان لێكجيادەبنەوە و لێكدوور دەكەونەوە و زەوى ڕۆچوون و دەريای نوێ دروست دەكەن.

كە دەريالوشى تيتس گۆڕا بۆ وشكانى، ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست و نيمچە كيشوەرى هيند و ئەم دەريا و دەرياچانەى هەر لە ئارال و قەزوين و ورمێ و وان و رەشو سپى و سوور و مردوو هەمووى پاشماوە ئاوييەكەى تيتسن و كيشوەرى ئەتلانتاش حەزى لە سەر نقومەيەكى درێژ خايەن بوو ئێستا بۆخۆى لە ژێر ئاوە.

جا كە گوتمان زەمين، يوسفى كوڕى ڕاحيلە و ژيان پێش ئەوەى بگاتە ئەم هەسارەبەهەسارەكانى تردا لەم كۆمەڵە خۆرە تێپەڕيوە، بەڵام يوسفى زەمين توانيويەتى جوانى و هەمەڕەنگى و داهێنانى پێ ببەخشێ، وە يوسفيش لە ژيانيدا چەند قۆناغێكى هەيە.

-يوسفى منالّ و لاى كۆشى باوكى كە لەو سەردەمەدا باوكى خۆر زۆر هۆگرى ڕۆڵەى ڕاحيلى گڵە، لەم قۆناغە دا، دەبێ يوسف لەباوكى دوور بكەوێتەوە، چونكە ڕەگەزە ئاوى و غازى و بڵێسەييەكانى دايكەكانى تر باشتر بەرگە دەگرن لەنزيک ئاگر لە يوسفى كوڕى ڕاحيلى خاک.

بۆيە دەبێ يوسف بەهۆى هێزى پەرتكەرى گەردىلەكان و لێكدوورخەرەوەى بازنەى ئەلكترۆنەكان لە ناوک لەلاى خۆرى باوک، ئەمە مەفاعيل و كانى تەردى مەركەزى و پەرتكەرى ناوەكييە و پێويستە يوسف دوور كەوێتەوە و دايكيشى بمرێ.

كەواتە ئەم منالّييەى يوسف پێش تەقينەوەى بيگ بنە و لەمێژووى قۆناغەكانى زەمين دا نييە، بۆيە يەكەم قۆناغى زەمينى زەوى لە ئەوەوە دەست پێ دەكا لە بير دەهاوێژرێ تا بەمالّى عەزيز دەفرۆشرێ، ئەم قۆناغەش قۆناغى يوسفى يەک كيشوەر نييە، قۆناغى يوسف وەک يەک كيشوەر و يەک زەريا كەلە تەوڕاتدا ئەمە بەڕۆژى دووەمى دروست كردن دانراوە كە تيايدا ڕووەک و درەخت دەركەوتن، زەوى يوسفى جنان و جنى بوو، باغ و بێستان بوو، هێشتا ئادەمى و ئۆرگانى نەبوو.

قۆناغى دوو كيشوەرى ئۆراسيا و گندۆرە و زەريای  تيتس لە نێوانيان، قۆناغى زيندانى كرانى يوسفە، لەم قۆناغەى ڕۆژى سێيەمى دروست كردن لە تەوڕات دايە كە عەزيا و تنين و خشۆكە دەرياييەكانى تێدا دروست كراون، يوسف لەو قۆناغەدا بەلاشە خشۆک و ماسييەكى ژێردەريايە، بەڵام هەر لەو ڕۆژى سێيەمە بالّندەكانيش بۆ وشكانى دروست كراون،كە ئەمەش ئەندێشە و زانست و پێزانينى يوسفە لە زيندانى دەرياوە كەوەک بالّندە بەئاسماندا دەفڕێ و لە زيندانى ئاوى لياى پوريەوە بە بالّندەكانى ئەندێشە و بيروبۆچوون سەر ڕووى وشكانى

ڕاحيلى دايكى بەجۆش و خرۆش و پڕ دەنگى شالوورى خۆش دەكا، هەروەک چۆن لە ڕۆژى پێشووش دا ڕووى وشكانى دايكى كردبووە گوڵزار و بێستان لە قۆناغى يەک كيشوەرى دا.

نەخشەى زەوى لە سەردەمى بانجادا كە زەوى بەرلە مليۆنان ساڵ تەنيا كيشوەرێک بوو كە پێى دەگوترا بانجا،كە لەشێوەى پنجەگيا دابوو، بۆيە گژوگيا و ڕووەک لەو كاتەدا دەركەوت، وەک لە دەقەكەى تەوراتيش هەروا دەردەكەوێ،كە گژوگياكان ڕۆژێک پێش دەرياوانە خشۆكەكان دروست كراون، بەڵام تا نەخشەى يەک كيشوەرى گۆڕاوە بە نەخشەى دووكێشوەرى، ئەو ڕۆژە تەنيا هەزار ساڵ نييە، بەڵكو مليۆنان ساڵى خاياندووە.

- قۆناغى سێيەمى يوسفى دواى دەرچوونى لە سجن و بوونى بە عەزيزى ميسر و (بەپادشابوونى) يوسفە، يوسف لەم قۆناغە عيرفانە، زانينى ئەحوالّى ڕۆح و گيانە، ئەو قۆناغەيە كە زەوى دابەش بوو چەند كيشوەر و چەند زەريا و هيند و كەنداو و دوو دوورگەى گەڕۆک بوون، لەم قۆناغەدا كە دەگوترێ شێوەى مرۆڤ و ئينسانى ڕۆديسيا و ئينسانى ئەفريقى كەلە شەش مليۆن ساڵەوە پەيدا بووە و كەچى بۆ ماوەى سێ چوار مليۆن ساڵ، كيشوەرى ئەفريقياى فيرعەونى، زولەيخاى بەعيشوە، يوسفى گيرۆدەى خۆى كرد و نەى هێشت شێوە مرۆڤەكان لە ئەفريقياوە بچنە كيشوەرەكانى ئۆراسيا و ئەمريكا و ئۆقيانيا، ئەمە لە زانستى شوێنەوارناسى باس كراوە، هەرچەندە پێويستى بەلێكۆڵينەوەى تريش هەيە، بەڵام پشتگيرى هێما و ڕەمزى چيرۆكە دينييەكان كارێكى لەو جۆرە دەسەلمێنن.

چيرۆكى بەندكردنى زولەيخاى ئەفريقى بۆ يوسفى ئيسرائيلى و ناهێڵێ كۆچ بكا بۆ كيشوەرەكانى تر، چيرۆكى گيرۆدەبوونى ئيبراهيمە بە شەمسى ئەكبەر و ڕەع ئامون ى ڕەحمانى تا لەو قۆناغەدا ئيسماعيل و ئيسحاقى دەبن، الحمد لله الذي وهب لي على الكبر اسماعيل واسحاق.

شوێنەوارناسەكان دەڵێن ئەگەر شێوە مرۆڤەكان مێژوویان حەوت ملیۆن ساڵ بێ، بەڵام تەنیا یەک ملیۆن ساڵە لە ئەفریقیا دەرچوون و بەکیشوەرەکانی تردا بڵاوبوونەوە، ئەم بڵاوبوونەوەیە کۆچی موسا و سفری خروجی تەوراتی و شەقبوونی دەریایە،کە کەنداو و هیند لەدوو لاوە دەبنە بەشێک لە ئاسیای ژنی فیرعەونی ئەفریقیا و دایەنی موسای کۆچ کردوو و شەوڕەویکەر لە ستەمی فیرعەون، بەهەیکەل بوون و بەپەیکەربوون لە هەلاکی یوسف دەستی پێکرد، ئەمەش قۆناغی چوارەمی ئیبراهیمیە کە گیرۆدەی بوو،کیبر و پەیکەری مرۆڤ و مرۆڤی لەسەر سورەت و شێوەی ڕەحمان کەلە تەوڕات و فەرموودە هاتووە، ئەوپەڕ و تڕۆپکی ڕێزگرتن بووە لە مرۆڤ و مرۆڤ سەنتەری بووە.

پاش دەرکەوتنی ژیانی ئۆرگانی، ئێستا دەتوانرێ نەخشەی زەوی بە جۆرەها مێروولە و کولە و پەپوولە و باڵندە و چوار پێ و ئاژەڵ و دڕندە بچوێنرێ و وە دەتوانرێ بە مرۆڤ و پەیکەری کۆئەندامی مرۆڤیش بچوێنرێ، چونکە کە مرۆڤ لەسەر سورەتی حق بێ، دەبێ هێلانەکەشی ئاوێنەی ئەو بێ، چونکە زەوی وەک ئاوێنەیە، نەخشەکانی ڕاحیلی دایک لەنەخشە دەریایی و وشکانیەکانیان شێوەی پەیکەری یوسف و بنیامینەکان وەردەگرن، ئەمە خۆشەویستی ئاڵوگۆڕی پەیامی قۆناغی بەرزەخییە، لەنێوان مردوان و زیندووان، ڕابردووان و داهاتووان، ڕاحل و کۆچکردووەکان و یوسف و لەمەولاکان، ئەم پردە و پەیوەندییە ڕووحانی و کۆئەندامییە کە جوانترین قسەس و دابڕین و بەشبەش کردنە بۆ زەمین و زیندەوەرانی کۆشی زەمین.

نەخشەکانی ئاوی و وشکانی ئاوێنە و رەنگدانەوەی سەرنشینەکانیانن:

چاخە جیۆلۆجیەکانی زەوی کە لەئینسکلۆپیدیای عەرەبی ئاسانی دکتۆر محمد شفیق غربال هێناویەتی:

یەکەم: چاخی جیۆلۆجیە دێرینەکان، ئەم چاخە بە پێنج سەد ملیۆن ساڵ دەخەملێنرێ و لەم چاخەدا چەندین جۆری بەرد و چینی شاخ و کانزا پێکهاتوون.

دووەم: چاخى دەركەوتنى ژيانى يەک خانەيى ڕووەكى و ڤايرۆسى، جيۆلۆجيەكان لەم بەشە جياوازى زۆريان لەنێوانياندا هەيە، ئەم چاخە وەک بازنە بێ سەروشوێنەكە، حلقە مفقودەكەى نێوان بێ گيان و گياندارەكانە و بەچاخى پێش كمبرى ناوى دەبەن و بەمليۆنان ساڵ دەى خەمڵێنن.

سێيەم: چاخى كۆنى جيۆلۆجى،كە دابەش دەكرێ بۆ قۆناغەكانى: - كيمبەرى،-ئەردۆفشى،-سيلۆرى. وە دەڵێن سێسەد و پەنجا مليۆن ساڵى كێشاوە. لەم چاخەدا گەشەى ڕووەک و دارستان گەيشتۆتە ترۆپكە، ديارە ئەمە چاخى يەک كيشوەرى زەمينە.

چوارەم: چاخى ناوەڕاست، ئەم چاخە چاخى زاڵبوون و نغرۆبوونى وشكانييە و دەركەوتنى زەريای تيتسە، تا واى لێ هاتووە كە وشكانى وەک چەند دوورگەيەكى لێكدوور گيرى خواردووە، ئەم چاخە كە دابەش دەكرێ بۆ تریاسى و جورى و تەباشيرى و لەم چاخەدا خشۆک و دايناسۆرەكان و خشۆكى فڕيو ژياون و بەچاخى خشۆكە زەبەلاحەكان دەناسرێ، سەد و بيست و پێنج مليۆن ساڵى كێشاوە..

پێنجەم: چاخى جيۆلۆجى نوێ، ئەم چاخە حەفتا مليۆن ساڵى كێشاوە و ديارەكە شيردەرەكان لەم چاخە پەيدابوون و دايناسۆرەكان و خشۆكە زەبەلاحەكان نەماون، جولەى كيشوەر و زەرياكان بەردەوام بوون.

ئەم چاخانە هەر چەندە دوو مليار ساڵيان كێشاوە، بەڵام هەروەک پێنج ڕۆژەكەى تەوڕاتن، واتە پێش ڕۆژى شەشەم كە ئادەمى تيا دروستكرا هەمان شت كە لە سفرى تكوين لەو پێنج ڕۆژە باس كراوە، لەو پێنج چاخە دوو مليار ساڵيەش هەمان شت دەركەوتووە، ئەمەش پشتگيرييەكە بۆ ئەوە كە تەوڕات تا ئێستا لەگەڵ ئەم بيردۆز و تيۆر و گريمانانە نەيانتوانيوە لە چوارچێوەى جيهانبينى سفرى تەكوينى تەوڕاتى دەرچن، چۆنێتى چوار ڕۆژەكانى دروستكردنى زەمين و دوو ڕۆژى بەرگە هەوا و دابەشكرانى زەمين بۆ حەوت كيشوەر و حەوت زەريا و ئاسمانەكان بۆ حەوت چين لە قورئان و فەرموودەشدا لەگەڵ سيناريۆى پێكهێنانى

تەوڕات بۆ بوونەوەران یەک شێوەن و هەموویان لەگەڵ ئەم گریمانە و بیردۆزەی جیۆلۆجیانە تەسدیقی یەکتر دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن.

تەنانەت ئەو حەوت گوڵە گەنمە سیسەی کە حەوت گوڵەگەنمە پڕەکانی خواردن و ئەو حەوت مانگا لەڕ و لاوازەی حەوت مانگا قەڵەوەکەیان خواردن، وەک ئەو حەوت ئەستێرە ڕەقەی کۆمەڵەی کەلە چاو ئەو خولگانەی تێیدا دەسوڕێنەوە، وەک دەنکە نۆکێکن لە بیابانێکی گەورەدا، ئەوانە مانگا لەڕەکەن، ئەو مانگا هەڵئاوساو و پفبووەی بۆشایی هەموو ئەم دەنکە نۆکانە کێشی دەکەن و وەک مانگا لەڕەکان ئەو مانگا قەڵەوانە دەخۆن، لەسەر زەویش ئەو لەسەدا بیست و هەشتەی حەوت کیشوەری وشکانی کە مانگا لەڕەکانن، حەوت مانگا قەڵەوەکەی زەریا و دەریالوشەکان دەخۆن، بچوک و لەڕ و لاوازەکان لەم بوونەوەرە مانگا هەڵئاوساو و ئەستوورەکان دەخۆن.

خوێندنەوەی پەیکەری کۆئەندامی شێوەکانی مرۆڤ لە نەخشەی دیاردە ئاوی و وشکانییەکان دا..

هەروەک چۆن لەچاخەکۆنەکان شێوەی نەخشەی وشکانی دەریایی ڕەنگدانەوەی زاڵترین دروستکراوی سەر زەوی بوو، ئێستاش دەیان شێوەی نەخشەی ئاوی وشکانی هەن لەسەر زەوی کە شێوەیان لە پەیکەری مرۆڤ یان کۆئەندامێکی مرۆڤ دەچێ، وە زۆر شێوەش هەن لە دەریا و وشکانی کە شێوەیان لە دڵ یان لەنووسینی محمد یان لەسەر شێوەی ژمارە و پیتەکانە..

گەلانی کۆن چەندین پۆلێنیان بۆ ڕووی زەوی و ئاسمانیش کردوە، زەویشیان بەسەر کەلووەکانی ئاسماندا دابەشکردۆتەوە، کە هەر ئیقلیم و ناوچەیەك سەر بە بورجێکە و هەر بورجێکیش یەکێ لە حەوت هەسارە کەی: خۆر، مانگ، مەریخ، مشتەری، زوهرە، عەتارد، زوحەل دەنوێنێ، وەک یاقوتی حەمەوی و ئیبن خەلدون لە مەجستی کتێبەکەی بتلیمۆس هوە دەگوازنەوە، دەڵێن جیهان حەوت قەڵەمڕەوە و

هەرقەڵەمڕەوەش يەكێک لەبورجەكان و حەوت هەسارەكان پەيوەندى پێوە هەيە.

كۆمەڵەى خۆر و پەيكەرى مرۆڤ:

كاتێ لەتەوڕات و فەرموودەدا گوترا بێ الله ئادەمى لەسەرشێوەى رحمن و بە ئەحسن تقويم و شايستەترين شێوە دروستكردووە، وەكاتێ دواى ملياران ساڵ زەمين دەبێتە هێلانە و كۆشى ئەو ميوانە بەڕێزە و هەموو شتێک لەخزمەتى ئەو دەبێ و هەموو نەخشە ئاوى و وشكانييەكان شێوەى ئادەميزاد دەدەن، جا كە ئەم زەوييە يوسف و كۆمەڵەى خۆريش باوک و دايک و براكانى بن، دەبێ لە ئاسمانيش وەک زەوى نەخشە پيرۆزەكەى الله پايەدار بێت.

كاتێ كۆمەڵەى خۆر وەك نەخشەكەى زەوى و دەريا بەمرۆڤ دەچوێنرێ: خۆر لەناو هەناوە و دەبێتە زگ و گەدەى پەيكەرەكە، عەتارد و زهرە سى و سنگن، زەوى رووخساريەتى، بۆيە ئێمە بۆ سوجدە ڕوو لەهەركوێ كەين وەک ڕووى حەقە، وە كاتێ پێغەمبەر عليه السلام ئەو هەڕەشەيەى سوڕەتى ئەنعامى خوێندەوە فەرمووى پەنادەگرم بەڕووى تۆ ..

مەريخ و مانگ دەستەكانن، دەگونجێ، مانگى نزيك دەستى چەپ بێ و مەريخى سور دەستى راست بێ، يان بە پێچەوانەوە، مانگ بۆ ژمێرياری راست بێ و مەريخ چەپ بێ، نەيزەكەكانى نێوان مەريخ و مشتەرى قژ و پرچن، پەيكەرەكە لە خولگەى فۆتۆن و كلكدارەكانى دواى مەريخ دەست پێ دەكا كە پرچن و زەوى دەم و چاو و عەتارد و زوهرە سينگ و خۆر زگ و مشتەرى و زوحەل حەوز و كڵۆتو ڕان و ئۆڕانۆس ڕانى ئەفريقيا و نيپتۆن قاچەكەى ئۆقيانيەو، پلۆتۆ و ئەستێرەى دواى پلۆتۆش پێيەكانن.

بەهەمان شێوەى زەوى و كۆمەڵەى خۆر دەتوانرێ گەلەكسى كاكێشان و بورجەكانيش بە مرۆڤ بچوێنرێن و رێى كاكێشان ببێتەكەمەرى و

جێى منالّدانەكە و گەلەكسييەكانى خوارەوە، قاچ بن و هى سەرەوە، ببنە سنگ و سەر و دەم و چاو .

جا كە قورئانيش بەرامبەر بە كاكێشان راگرى، دەبينى كە خۆر لاى چەپى مەجەرەى كاكێشانە لە نەخشەى فەلەكى، وە سورەى شمس لە جزمى عم لاى چەپى قورئانە، وەكەتەلۆك و نەخشەى ئەم گەردوونە و فەلەك و كەشكەشانانەيە پێش دروست كرانيان..

كەواتە كاكێشان هێلكەدانى منداڵدانى گەردوونە، قورئانيش ڕەحم و ڕەحمەتە لە جيهان. بە دابەزينى هێلكەى منداڵدان و وپاكبوونەوەشى لەهێلكە هەر دەگوترێ قورئ، بە هاوبەندى هاوسەرگيريش دەگوترێ قيران و ئيقتيران، بۆيە قورئان پەيوەندى بەڕەحم و ڕەحمان و ڕەسولى نێردراو رەحمەتەن للعالمين هەيە،كە محمد يەكەم عابدين بێ وەك لەسورەتى زخرف هاتووە، ،چونكە ئەو بۆشايى و دووری و پانتايى و منداڵدانى هەموو ڕووداو و جوڵە و داهێنانەكانە، قورئانيش دواى الرحمن عەلەم و ئاڵا و ناسنامە و ناونيشانە، پێش بوونى مرۆڤ و ئينسان و زەمين و ئاسمان و ڕۆژ و مانگ قورئان هەبووە، وەك لەسورەتى رحمن باسى هاتووە.

الرحمن*علم القران*خلق الانسان*علمه البيان*الشمس والقمربحسبان*والنجم والشجر يسجدان*والسماء رفعهاووضع الميزان*..

ئەمەش ڕيزبەندييەكى ترى دەركەوتن و بەديهاتنى بوونەوەرانە، كە ئەويش هەروەك ڕۆژەكانى تەورات، لە هەر ئايەتێك باسى جۆرێك لە دروست كراوەكان دەكات.

لە جياكەرەوە و پايەكانى محمد ئەوەيە كە خاتەمە، ئەگەر خاتم بەمانای دوا ئاڵقە و بازنە و خولگەى كۆتايى بێ، كەواتە الله لەدواى ئەو هيچ بازنە و ئاڵقە خاتەمە دەفرێكى تر دروست ناكا و پڕى ناكا لە دروست كراو، جا ئەم رحمانە ميهرەبانە زاڵە بەسەردە بوونەوەرە پەيێبراوەكانى گەردوون، علم القران، ئەو قورئانى كردە، عەلەم و ئاڵا و نيشانە، قورئان لەدواى رحمن پێش هەموو شتێ عەلەم بوو، پەيوەستيش

بوو بە ڕۆحى محمد كە يەكەم عابدە لەبوونەوەردا وەك لەسورەتى زخرف ئاماژەى پێكراوە(قُلْ إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ).

بوونەوەر لەوحێكى خاڵى بوو، سەرسنگى بۆشايى كردە ناوەرۆك و تەرخان كراو بۆ قورئان خوێندرانەوە، لە دياردە ئاسمانييەكان يەكەم دێرى خوێنراوە و قورئان دانرا، كەڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و هەسارە و كلكدار و ئاسمانى پڕ هاوسەنگى بوو، لەدێرى دووەميش زەمين و ميوە و درەخت و ڕووەك و دياردە جياوازەكانى بوون، پاش هەموو ئەمانە جن و پەرى هێنرانە بوون و دواى ئەوانيش مرۆڤەكان دروست كران ..

---

سەرچاوەكانى ئەم بەشە .

حول العالم :عن الاحلام المستقبلية: د.فهد عامر الاحمدي.

- اطلس الاديان د.سامي مغلوث.

- اطلس الانبياء والرسل د.سامي مغلوث.

- الكتاب المقدس، العهد القديم.

- كتاب الفهرست، ابن النديم.

- خوارق الابداع للكاتبة فريدة قرقلو.

- المقدمة /ابن خلدون.

- معجم البلدان: ياقوت الحموي.

- البداية والنهاية لابن كثير.

- موسوعة القرن الفرنسية.

- الموسوعة العربية الميسرة للدكتور محمد شفيق غربال.

---

٢- خەونەكانى سفرى دانيال:

نەبو خوزنەصر خەونێکی دیت کە دەیەویست خەون لێدەرەوەکان هەم خەونەکە و هەم لێکدانەوەکەی پێ بڵێن، ئەگەرنا دەیان کوژێ، دانیال خەونەکەی بە وەحی زانی و بۆ پاشای گێڕایەوە و خەون لێکدەرەوەکانی مەجوس و کلدانی لە کوژران ڕزگارکرد، من دەقی خەونەکە لە سفری دانیالەوە لەتەورات، کتێبی پیرۆز، الکتاب المقدس، عەهدی قەدیم، وەردەگێڕم و پاشان لێکدانەوەکەشی باس دەکەم:

کتێبی پیرۆز «دانیال» بەشی 2

خەونی نەبوخودنەسر 1، نەبوخودنەسر پاشا لە ساڵی دووەمی پاشایەتییەکەی چەند خەونێکی بینی کە بووە هۆی بێزار بوونی و خەوی لێ زڕا. 2، جا پاشا فەرمانی دا جادووگەر و ئەفسونگەر و بەخت خوێنەوەرە و ئەستێرەناسەکان بانگ بکەن، بۆ ئەوەی پێی بڵێن کە چ خەونێکی بینیوە. کاتێک هاتن و لەبەردەم پاشادا وەستان،3، پاشا پێی گوتن: «خەونێکم بینیوە هەراسانی کردووم و دەمەوێ بزانم لێکدانەوەکەی چییە». 4، ئەستێرەناسەکان بە زمانی ئارامی بە پاشایان گوت: «ئەی پاشا، هەتاهەتایە بژیت! خەونەکە بە بەندەکانت بڵێ هەتا بۆت لێکبدەینەوە».

5، پاشا وەڵامی ئەستێرەناسەکانی دایەوە: «ئەوە بڕیاری کۆتایی منە: ئەگەر خەونەکە و لێکدانەوەکەیم پێ نەڵێن، پارچەپارچە دەکرێن و ماڵەکانتان دەبێتە کەلاوە.6، بەڵام ئەگەر خەونەکەتان پێ گوتم و لێکتاندایەوە، لە منەوە دیاری و پاداشت و ڕێزێکی گەورەتان دەست دەکەوێت. کەواتە خەونەکەم پێ بڵێن و بۆم لێکبدەنەوە». 7، دووبارە وەڵامیان دایەوە: «با پاشا خەونەکە بە بەندەکانی بڵێت هەتا بۆت لێکبدەینەوە».

8، ئینجا پاشا وەڵامی دایەوە: «من لەوە دڵنیام ئێوە دەتانەوێت کات بەدەستبهێنن، چونکە دەزانن ئەوە بڕیاری کۆتایی منە: 9، ئەگەر خەونەکەم پێ نەڵێن، یەک سزاتان هەیە. ئێوە لەسەر درۆ و قسەی پووچ ڕێککەوتوون هەتا لەبەردەمم بیڵێن، هەتا بارودۆخەکە دەگۆڕێت. لەبەر

ئەوە خەونەكەم پێ بڵێن، ئینجا من ئەوە دەزانم كە ئێوە دەتوانن خەونەكەم بۆ لێكبدەنەوە». 10، ئەستێرەناسەكانیش وەڵامی پاشایان دایەوە: «هیچ كەسێک لەسەر زەوی نییە ئەم داوایەی پاشا جێبەجێ بكات! هەرگیز هیچ پاشایەكی گەورەی خاوەن دەسەڵات شتێكی وای لە جادووگەر و ئەفسونگەر و ئەستێرەناس داوا نەكردووە.11، ئەوەی كە پاشا داوای دەكات زۆر قورسە. هیچ كەس ناتوانێت بۆ پاشا ئاشكرای بكات، جگە لە خوداوەندەكان، ئەوانیش نشینگەیان لەگەڵ مرۆڤدا نییە».

12، ئەوە پاشای زۆر تووڕە كرد و ڕقی هەستا، فەرمانی دا هەموو داناكانی بابل لەناوببردرێن.13، ئینجا فەرمان دەرچوو بۆ كوشتنی داناكان، بەدوای دانیال و هاوڕێكانیشیدا هاتن بۆ ئەوەی بیانكوژن. 14، كاتێک ئەریۆكی سەرۆكی پاسەوانانی پاشا چوو بۆ ئەوەی داناكانی بابل بكوژێت، دانیال بە دانایی و ڕێزەوە قسەی لەگەڵ كرد،15، لە فەرماندەی پاسەوانانی پرسی: «بۆچی فەرمانەكەی پاشا ئەوەندە تونده»؟ ئەریۆكیش بابەتەكەی بۆ دانیال ڕوونكردەوە.16، لێرەدا دانیال چووە ژوورەوە و داوای لە پاشا كرد كاتی پێبدات، بۆ ئەوەی لێكدانەوەی خەونەكە بۆ پاشا دەربخات.

17، ئینجا دانیال گەڕایەوە ماڵەكەی خۆی و بابەتەكەی لە هاوڕێیەكانی گەیاند، لە حەنەنیا و میشائیل و عەزەریا،18، بۆ ئەوەی لەبارەی ئەم نهێنییە داوای بەزەیی لە پەروەردگاری ئاسمان بكەن، هەتا خۆی و هاوڕێیەكانی لەگەڵ سەرجەم داناكانی بابل لەناونەچن.19، لە شەودا، بە بینینێک نهێنییەكە بۆ دانیال ئاشكرا كرا، دانیالیش ستایشی پەروەردگاری ئاسمانی كرد،20، گوتی: «ستایش بۆ شكۆداری الله لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە، چونكە دانایی و توانا هی ئەوە.21، ئەو كات و ساتەكان دەگۆڕێت، پاشایان لادەدات و پاشایان دادەنێت، دانایی بە داناكان دەبەخشێت و زانایان فێری تێگەیشتن دەكات.22، ئەو قوواڵایی و نهێنییەكان ئاشكرا دەكات، ئەو دەزانێت چی لە تاریكیدا شاردراوەتەوە، ڕووناكی لەلای ئەو نیشتەجێیە.23، ئەی پەرستراوی باوباپیرانم، سوپاس و ستایشی تۆ دەكەم: تۆ دانایی و هێزت پێدام، تۆ وات كرد ئەوەی

داوامان لێ کردی لەلای منەوە زانراو بێت، تۆ وات کرد ئێمە خەونەکەی پاشا بزانین».

دانیال خەونەکەی لێکدەداتەوە 24، دوای ئەوە دانیال چوو بۆ لای ئەریۆک، ئەوەی پاشا دەستنیشانی کرد بۆ لەناوبردنی داناکانی بابل، پێی گوت: «داناکانی بابل لەناو مەبە. بمبە لای پاشا، من خەونەکەی بۆ لێکدەمەوە». 25، ئینجا ئەریۆک بە پەلە دانیالی بردە لای پاشا و گوتی: «پیاوێکم لە نەوە ڕاپێچکراوەکانی یەهودا دۆزیوەتەوە کە دەتوانێت واتای خەونەکە بە پاشا بڵێت».

26، پاشا لە دانیالی پرسی، کە ناوی بێلتەشەسر بوو: «ئایا دەتوانی ئەو خەونەم پێ بڵێی کە بینیومە و هەروەها لێکی بدەیتەوە»؟ 27، دانیال وەڵامی دایەوە: «ئەو نهێنییەی پاشا داوای کردووە نە دانا و نە ئەفسونگەر و نە جادووگەر و نە فاڵگرەوە ناتوانن بۆ پاشا لێکی بدەنەوە.28، بەڵام پەروەردگارێک لە ئاسمان هەیە نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، ئەو بە نەبوخودنەسری پاشای ڕاگەیاند لە ڕۆژانی داهاتوودا چی دەبێت. کاتێک تۆ لەسەر جێگاکەت بووی، ئەمە بوو ئەو خەون و بینینەی هاتە ناو مێشکت:

29، «ئەی پاشا، کاتێک تۆ لەسەر جێگاکەت ڕاکشابووی، بیرت بە لای داهاتوودا چوو، ئاشکراکەری نهێنییەکان بۆی دەرخستی چی ڕوودەدات.30، سەبارەت بە ئاشکراکردنی ئەم نهێنییە بۆ من، لەبەر ئەوە نەبوو کە من داناییەکی زیاترم هەبێت لە پیاوەکانی دیکە، بەڵکو ئەمە لەبەر تۆ بوو، ئەی پاشا، تاکو لێکدانەوەکەی بزانیت و هەروەها لە بیرکردنەوەکانت تێبگەیت. 31، «ئەی پاشا، تۆ تەماشات کرد و پەیکەرێکی گەورەت لەبەردەمت بینی، پەیکەرێکی زۆر گەورە و درەوشاوە، دیمەنی سەرسوڕهێنەر بوو.32، سەری پەیکەرەکە لە زێڕی بێگەرد بوو، سنگ و قۆڵەکانی لە زیو بوو، سک و ڕانەکانی لە برۆنز بوو،33، قاچەکانی لە ئاسن بوون و پێیەکانی بەشێکی لە ئاسن و بەشێکیشی لە قوڕی سوورکراوە بوو.34، کاتێک تەماشات دەکرد، بەردێک بڕایەوە بەبێ ئەوەی دەستی مرۆڤی بەرکەوێت، لە پێیەکانی

پەيكەرەكەيدا كە لە ئاسن و قوڕى سوورکراوە بوون و ورد و خاشى كردن.35، ئينجا ئاسن و قوڕە سوورکراوەكە و بڕۆنز و زيو و زێڕەكە پێكەوە وردوخاش بوون و وەک پووشى سەر جۆخينيان[a] لێهات لە هاويندا، با هەڵيگرت بەبێ ئەوەى شوێنەوارى بمێنێت. بەڵام ئەو بەردەى لە پەيكەرەكەيدا، بوو بە كێوێكى گەورە و هەموو زەوى گرتەوە[b] .

36، «ئەمە خەونەكە بوو، ئێستاش با بۆ پاشا لێكى بدەينەوە.37، تۆ، ئەى پاشا، پاشاى پاشايانى. بەديهێنەرى ئاسمان پاشايەتى و دەسەڵات و توانا و ڕێزى پێ بەخشيويت.38، مرۆڤ و گيانلەبەرى دەشتودەر و باڵندەى ئاسمان لەژێر دەستى تۆن، لە هەركوێيەک بن، تۆى بەسەر هەموواندا زاڵ كردووە. تۆ ئەم سەرەى كە لە زێڕە.

39، «پاش تۆ، پاشايەتييەكى ديكە هەڵدەستێتەوە، پايەى لە تۆ نزمترە، دواى ئەوە سێيەم پاشايەتى لە بڕۆنزە، بەسەر هەموو زەويدا زاڵ دەبێت.40، پاشان پاشايەتى چوارەم دێت، وەک ئاسن ڕەقە، چونكە ئاسن دەكوتێت و هەموو شتێک وردوخاش دەكات، وەک ئەو ئاسنەى تێكدەشكێنێت، ئەميش هەموو ئەوانى ديكە وردوخاش دەكات و تێكيان دەشكێنێت.41، هەروەک بينيت پێيەكان و پەنجەكان بەشێكيان لە قوڕى سوورکراوە و بەشێكيان لە ئاسن بوون، پاشايەتييەكە بەم شێوەيە دابەشكراو دەبێت، بەڵام هەندێک هێزى ئاسنى تێدا دەبێت، هەروەک بينيت ئاسنەكە تێكەڵ بە قوڕى سوورکراوە بوو.42، هەروەک پەنجەى پێيەكان بەشێكيان لە ئاسن و بەشێكيان لە قوڕى سوورکراوە بوو، جا بەشێک لە پاشايەتييەكە بەهێز و بەشێكيش ناسک دەبێت.43، هەروەک بينيت ئاسنەكە تێكەڵ بە قوڕە سوورکراوەكە بوو، ئينجا ئەوان تێكەڵ بە وەچەى خەڵكى دەبن، بەڵام ئەمە بە ئەوەوە نانووسێت، هەروەک ئاسن تێكەڵ بە قوڕ نابێت.

44، «لە سەردەمى ئەم پاشايانەدا پەروەردگارى ئاسمان پاشايەتييەک دادەمەزرێنێت كە هەرگيز لەناو ناچێت، بۆ گەلى ديكە بەجێناهێڵدرێت، هەموو ئەو پاشايەتييانە وردوخاش دەكات و كۆتاييان پێدەهێنێت، ئەو هەتاهەتايە بە چەسپاوى دەمێنێتەوە.45، ئەمە واتاى ئەو بينينەيە كە

بەردێک لە چیاوە بڕا، بەڵام بە دەستی مرۆڤ نا، ئاسن و بڕۆنز و قوڕی سوورکراوە و زێڕ و زیوەکەی وردوخاش کرد. «پەروەردگاری مەزن ئەوەی بە پاشا نیشاندا کە لە داهاتوودا ڕووەدات. خەونەکە ڕاستە و لێکدانەوەکەشی جێی متمانەیە».

46، ئینجا نەبوخودنەسر بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی بۆ دانیال برد، فەرمانیدا دیاری و بخووری پێشکەش بکەن.47، پاشا بە دانیالی گوت: «بەڕاستی پەرستراوی ئێوە پەروەردگاری هەموو پەرستراوەکانە و گەورەی پاشایانە و ئاشکراکەری نهێنییەکانە، چونکە تۆ توانیت ئەم نهێنییە ئاشکرا بکەیت».

48، ئینجا پاشا دانیالی لە پلەیەکی بەرز دانا و دیاری زۆری پێ بەخشی. دەسەڵاتی پێدا بەسەر هەموو هەرێمی بابل و کردییە سەرۆکی هەموو داناکان.49، سەرباری ئەمەش، لەسەر داوای دانیال پاشا شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆی دەستنیشان کرد بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی بابل، بەڵام دانیال خۆی لە دیوانی پاشا مایەوە.

سفری دانیال لە عهدی قدیمی کتابی مقدس، تەورات، لاپەرە 1105-1106).

لیکدانەوەکەی نبی دانیال زۆر جوان هاتۆتەدی، ئەوەی شانشینی زێڕینی نەبوخوزنەصرو بابلی ڕووخاند ئەخمینیە پارسەکان بوون کەوەك بابل بەهێز نەبوون، وە ئەوەی پارسەکانی ڕووخاند کە یۆنانی هەموو جیهانی کۆنی گرتەوە، شانشینی چوارەم کە ئا سنە و شانشینەکان لە ناو دەبا و پاشان خۆی دابەش دەبێ، ڕۆمانەکانن، ڕۆمانەکانیش پاش چەند سەدە ئەوانیش وەك خەونەکە دەڵێ، دابەشی دوو بەشی بیزەنتەی ئاسنەکە و ڕۆمای گلەکە بوون، یان بە پێچەوانە، گرنگ نییە کامیان گڵ و کامیان ئاسنن، بەردێك لە شاخێك کەوتە خوار، شاخ بەڵگەیە لە فترەت و خۆرسکی و جبلەی مرۆڤ، ئەم بەردە ئیسلامە کە هەموو ملکی ڕۆمان و بیزەنت و فارس و هیلین و بابلی پێچایەوە و شوێنەوار و کەلەپووریان با بردی، گەورە بوونی بەردەکە تا هەموو زەوی داگرت، ئەویش وابوو

كە ئيسلام هەموو دنياى كۆنى داگرت و ئەوەندەى ئەسكەندەر و بابل حوكميان دەكرد، ئيسلام بەزيادىش لەوان فراوان بوو، هەر لە سەردەمى سەرەتاى مرۆڤايەتى تا سەردەمى دانيال و هاتنى محمد درودى خواى لەسەر بێت هيچ دينێك هێندەى ئيسلام بە كردارى دژى پەيكەر پەرستى نەبووە و ئەوەندەى ئيسلام پەيكەر و هەيكەلى نەشكاندوون، كەوتنە خوارەوەى بەردەكە بەبێ ئەوەى دەستى كەسى بەركەوێ، بەڵگەيە لەسەرئەوەى كەهاتنى ئيسلام ڕووداوێكى مرۆڤكرد نييە.

من ئێستا دەمەوێ ليكدانەوەى دووەم بۆ خەونەكە بكەم، لە ژێر رۆشنايى نەخشەى گۆى زەوى كە وەك پەيكەرى مرۆڤە و ئەم جارە هەر بەتەنيا سێ كيشوەرى جيهانى كۆن نييە و چوار كيشوەرى تريشى هاتۆتە سەر، سەرە زێڕەكە ئەمريكايە و پرچەكانى درێژن، باڵەكان و سنگەكە كە زيوە و زۆربەى بە بەفرى زيوين داپۆشراوە، باكووری ئۆراسيايە، واتە ڕووسيا و ئەوروپان، زگ و ڕانە مسەكان رۆژهەڵاتى ناوەڕاست و باكووری ئەفريقيا و كيشوەرى هيندى چينييە، قاچەكان كە گڵكار و ئاسن تێكەڵاون، ئۆقيانيا و باشووری ئەفريقيان، بەردەكەى لە شاخ دەكەوێ، بە هۆى زيادەڕەوى و لادانى مرۆڤ لە فيترەت و ڕەسەنايەتى تووشى ئەو كارەساتە دەبێ، چونكە لە خەونەكە دياردە بەردەكە دەستى مرۆڤ نەجوڵاند، واتە هۆكارى كارەساتەكە جەنگ نەبوو.

دەبينين ئەمڕۆ بەهۆى زيادەڕەوى و لەڕێ لادانى مرۆڤ لە ڕەسەنايەتى خۆى، بەردەكە بەبەر قاچەكانى ئۆقيانيا و ئەفريقيا كەوتووە، زيادەڕەوى مرۆڤ لە پيسكردنى ژينگە و زيادەڕەوى لە بەكارهێنانى بۆ كەرەستە خاوەكان و ناو كۆڵكردنى زەوى بە شێوەيەكى سەر شێتانە و ئەو قڕى وپڕى و سووخۆرييەى كە هيچ سەردەمێك وەك ئەمڕۆ نەبووە و ئەو نێربازى و زەواجى مسلى و رابواردن لەگەڵ مەيمون و سەگ و پشيلە و كەر و ئێستر و مريشك و قاز و مراوى و جۆرەها گيانەوەرى تر و هەوڵدان بۆ گۆڕينى هەندەسەى بۆماوە و گۆڕينى پێكهاتەى ڕەگەز و چەشنەكان بە شێوەيەكى دوور لە بەها ئەخلاقى و دينى و تەندروستى و مرۆڤايەتييەكان و كۆپيكردنى زيندەوەر و مرۆڤەكان و درۆ و دەلەسە

هەڵبەستن بەناوى راگەياندنى ئازاد و چەواشەو پڕوپاگەندەى تا سەر ئێسقانى سياسى و ئابووورى و كۆمەڵايەتى و سەربازى و شەڕ و ئاژاوە و ئاشوب نانەوە بەناوى بريقەدار و چەواشەكەر بۆ پاكتاوكردنى نەژادى و گاڵتە كردن بە هەموو پيرۆزى و مقدسات و بەهادينييەكان و نكوڵيكردن لە ڕۆح و جيهانى نادیار، وە دروستكردنى سەدان رێكخراوى تيرۆريست و مرۆڤ قڕكەر و دژ بەهەموو دينەكان بەناوى دينداری و خەڵەتاندنى كەسانى دیندار لە ناو هەموو دينەكان و پاكتاو كردنيان لەناو ئەو رێكخراوە تيرۆرستيانە، كە ئەم رێكخراوانە هەموويان بە هى ئيسلام و جولەكە و نصراني، هەمووى پێويستى بازار و فراوانخوازى و چاوبرسێتى و بازرگانى ناڕەوا و نەخۆشى دەروونى و سەر لێشێواوى و دەزگاى هەواڵگرى و سەربازى و سەرمايەدارى دروستى كردون و باوەڕيان بە هيچ مقدساتێك نييەو تاكە مقدس كە ئەوان بيناسن بەرژەوەندى تايبەتى خۆيانە و هيچى تر.

بۆيە دەبينين لەلاى هەردوو پێيەكانى پەيكەرى نەخشەى زەوى، كە ئۆقيانيا و ئەفريقيان كارەسات هەيە، چينى ئۆزۆن لە ئۆقيانيا كون بووە، دارستاكان ئاگريان گرتووە، تسۆنامى و بوركان و بوومەلەرزە و رۆچوون و لافاو و گەردەلول و زريانەكان ناپسێنەوە، لە قاچەكەى ئەفريقياش وشكە ساڵى و برسێتى و بێ بارانى و قات و قڕى و بارانى ترشەڵۆك و نەخۆشى ئايدز و جۆرەها نەخۆشى و پەتاو دەردى تر و كارەساتى سروشتى تر ناپسێنەوە.

هەردوو قاچەكەى زەنگى مەترسى لێدەدەن و خەريكن دادەڕووخێن، مەنسەئەكەى سلێمانە و كرمێ بووە و خەريكە پەيكەرى سلێمان دەڕووخێ. دەرد و پەتا و كارەساتە سروشتى و ناسروشتييەكان و دەردە دەروونى و كۆمەڵايەتى و ئابووری و سياسى و سەربازى و هەواڵگرى و راگەياندن و چەواشەكارييەكان، قاچەكانى تێپەڕاندووە و گەيشتۆتە رانە مسەكان و كەمەر و حەوز و زگى پەيكەرەكە لە رۆژهەڵاتى ناوەڕاست و كيشوەرى هيندى چينى و

جارجارە بڵێسەی زەنگی ترسناکی لە سنگە زیوینەکەی باکووری ئۆراسیا و سەرە زێرینەکەی ئەمریکاش خەریکە ورد و خاش دەکا.

کەواتە بەم بورهان و بەڵگانەی بۆم باسکردن، دوور نییە کە بۆ جاری دووەم ئەم خەونە بەهۆی هەمان دەردی لادان لە ئەصالەت و رەسەنایەتی، بەردوچکەکەی جبلەت بکەوێتەوە خوار و دووبارە پەیکەری مرۆڤایەتی ببێتەوە کای سەر خەرمان و پوش و قانگەلۆشکی دەم ڕەشەبا و جارێکی تر با بیبا.

خەونی دووەمی سفری دانیال: خەونی بەران و نێریەکە:

لە ساڵی سێیەمی سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا بلشاصری کوڕی نەبوخزنصردا، من دانیال ئەم خەونەم بینی، لە خەودا دیتم کە من لە شاری شوشان – سوس، شوست- پایتەختی هەرێمی عیلام، لەخەومدا لە سەر رووباری ئەولای راوەستا بووم، چاوم هەڵبڕی و دیتم کە بەرانێك لە دەم رووبارەکە راوەستاوە، ئەم بەرانە دوو قۆچی هەیە، قۆچێکیانی بڵندترە لە ئەوی تریان، قۆچە بڵندەکە دوای قۆچەکەی تر رواوە، بینیم کە بەرانەکە لە گەڵ رۆژئاوا و باشوور و باکوور شەڕەقۆچ دەکات، هیچ گیاندارێك نەیتوانی بەرامبەری راوەستێ و هیچ کەس لە بەری دەرباز ببێ، بۆیە، ئەوەی ئەم بەرانە دەیەویست دەیکرد و زۆر بەدەسەڵات و پایەدار بوو، لەکاتێکدا کەمن چاودێری ئەوەم دەکرد داخۆ چ ڕوو دەدا؟ بینیم کە نێری بزنان لەلای ڕۆژئاواوە هات، هەموو زەوی داگرت و زۆر خیرا و خۆشڕەو بوو، بەشێوەیەك کە دەتگوت قاچی بەر زەوی ناکەوێ، ئەم نێرییە یەك قۆچي هەبوو لە نێو چاوانی، هات و بەرەو ڕووی بەرانە دوو شاخەکە بوەوکە لەسەر رووبارەکە بوو، بەتوڕەییەکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر، سەیرم کرد هەردوو قۆچەکەی بەرانەکەی شکاند و بەرانەکە نەیتوانی خۆی لە بەرامبەری رابگرێت، بەرانەکەی لە زەویدا و خستیە ژێر قاچەکانی، کەس نەیتوانی لە ژێر دەستی دەربێنێ، بۆیە نێری بزنان زۆر بە شانو شەوکەت بوو، جا کاتێ فەخر و شانازی کرد قۆچەکەی نێو چاوانی شکا و لە ژێریەوە چوار قۆچ دەرکەوتن بەرەو چوار بایەکانی ئاسمان، وە لە لای یەکێك لە و چوار قۆچ و شاخە،

شاخێكى بچوكى تر سەرى دەرهێنا، پاشان زۆر گەورە بوو، بەرەو رۆژهەڵات و باشوور و زەوى مەجيد –مەبەستى فەلەستين و سينا و زەوى ئيسرائيلى كۆن- ئەم شاخە لوت بەرزى هەتا لە سەر سەربازەكانى ئاسمانيش دەكرد، تەنانەت هەندێ سەربازانى ئاسمان و ئەستێرەكانى ئاسمانى لە ئاسمان گلدايە خوارەوە و بە پێلاقە تێى هەڵدان، لوت بەرزى لەگەڵ سەرۆكى سەربازانى ئاسمانيش كرد، مەحرەقەى هەميشەيى – شوێنى پەرستش و قوربانيەكان –لە ژێر دەستى سەرۆكى سەربازەكان دەرێنا، پيرۆزييەكەى ڕووخاند، چونكە خەڵك لەجياتى قوربانىدان، سەرپێچى الله يان دەكرد، دينى حەقيان لە سەر زەوى بەلانابوو، بۆيە ئەم قەرنى پێنجەمە، توانى هەموو ئەمانە بكات، گوێم لێ بوو كە ملاكێك – فريشتەيەك- بە مەلاك و فريشتەيەكى ترى دەگوت: هەتاكو كەى ئەم روئيا و خەونە بەردەوام دەبێ؟ هەتاكو كەى سەرپێچى و تاوان بەردەوام دەبێ و محرقەى هەميشەيى و قوربانى لە كار دەخرێ و هەرچى پيرۆزييە بێ ڕێزى پێ دەكرێ؟ ئەو مەلائيكەيەى تر وەڵامى دايەوە، هەتاكو هەزار و سەد و پەنجا بەيانى و هەزار و سەدو پەنجا ئێوارە، دواى ئەوە پيرۆزى دەگەڕێتەوە بۆ پاكژييەكەى).

جبريل عليه السلام ئەم خەونە لێكدەداتەوە:

(كاتێ من، دانيال، ئەم خەونەم بينى، داوام كرد تێم بگەيەنن،كەسێك لە سەرشێوەى پياوێك لەبەردەمم وەستا، وەگوێم لەدەنگێكى وەك دەنگى ئينسانێك بوو كەلەناوەڕاستى ڕووبارى ئەولايەوە هات، گوتى ئەى جبريل ئەو پياوە لەو خەونە بگەيەنە، جبريليش هات بۆ ئەو شوێنەى كەمن لێى وەستا بووم، من ترسام و يەكسەر سوجدەم برد، جبريل پێى گوتم. ئەى مرۆڤ تێ بگە كە ئەم خەونە لە بارەى كۆتايى جيهانە، وەكاتێ ئەو قسەى لەگەڵ دەكردم و من بەسەر ڕووداو كەوتبووم و خەوێكى قوڵ بردميەوە، بەڵام جبريل گرتمى و خستميە سەر پێيەكانم، وە پێى گوتم، ئێستا پێت دەڵێم چ ڕوو دەدات كاتێ تورەيى الله دەگاتە چڵە پۆپە و ئەوپەڕى تورەيى، ئەم خەونە ئاماژەيە بۆ بەسەرهاتى زەمان، ئەو بەرانە دوو شاخەى ديتت، ئەوە شانشينى مادای و فارسە، ئەو نێرى و بزنەش پاشاى

يۆنانە، بەڵام شكانى شاخى يەكەم و روانى چوار قەرنى تر، پاشايەتى يەكەميان كۆتايى دێ و لە شوێنى چوار شانشين ئاوا دەبن، بەڵام وەك هى يەكەم بەهێز نابن، وە لە كۆتا ڕۆژەكانى ئەم دەوڵەتانە كە سەرپێچى و تاوان دەگاتە ئەوپەڕى، لەناو پاشاكانى خەڵكى پاشايەكى لوت بەرز دێ، هێزى زۆرە و بەتوانايە، بەڵام هێزەكەى لاى خۆيەوە نييە، لەناوچوونى ترسناك بەسەر جيهاندا دێنێ و لەوەى كە دەيكات سەركەوتوو دەبێت، گەورەكان و گەلى الله لەناو دەبا، بە لێزانى و دانايى هەموو جۆرە چەواشە و تەڵەكەيەك لە ژێر دەستى خۆى كۆدەكاتەوە، وە لەدڵى خۆيدا خۆى زۆر لامەزنە، زۆرێك لە خەڵكى لەناو دەبا، ئەو بۆ خۆى لەوپەڕى دڵنيايى و ئاسايش دايە، بەسەر سەرۆكى سەرۆكەكاندا زاڵ دەبێ، بەڵام شكانەكەى بە دەستى جگە لە مرۆڤ دەبێ، وە ئەو خەونەى لە بارەى ئێوارە و بەيانيەكان ديتت حەقە، تۆ ئەم خەونە بۆ كەس باس مەكە و مەگێڕەوە، چونكە ئەم خەونە لە دواى رۆژانێكى زۆر دوور دێتە دى، من دانيال، لاواز و بێ هێز بووم، وە چەند رۆژ نەخۆش بووم، بەهۆى ئەو خەونەوە زمانم لاڵ بوو بوو وە نەم دەتوانى تێى بگەم). سفرى دانيال 1115-1116.

ئەم خەونە هێماكانى يەكجا ر ڕوونن، ئەم خەونە، بەرانەكەى مادای و پارس بە زولقەرنەين داناوە، وە بەپێى ئەم خەونە كە مەملەكەتى پارس كە دووەم قۆچە، بڵندتر بوو لە قۆچى يەكەم، ئەم بەرانە دیار دەكا كە زۆرى ململانێى مادد و پارس دژى رۆژاواى ئەوروپا و شام و عێراق -بابلى و ئاشورى و هيلينى و ڕۆمانەكان-و هێندەى باشوور كە يەمەن و توبەعەكانن، و دژى باكوور كە تورانيەكان بوون، تاكە سنوور كە ئەم بەرانە قۆچى لێ نەداوە لاى رۆژهەڵاتە،كەلاى پاكستان و ئەفغانستانە، بەرامبەر بەمەش كە نێرييەكە بەو پەلەيى كە رسول الله محمد بۆ هاتنى دەجالى كردووە، دێ، چونكە شارستانى هيلينى خاوەنى جەدەل و فەلسەفەيە، جەدەليەتيش دەجالێكى گەورەيە، قەرنەكە تاكەكە كاتى ئەسكەندەرە، ئەسكەندەر و هيلينيەكان وڵاتى بابل و فارس و هيند و ميسريان خستە بن پێيەكانيان، شارى پرسليۆس و ئەستەخر و ئاقێستايان

سووتاند، دين و بۆچوون و جيهانبينى خەڵكيان گۆڕى و فەلسەفەى گريک بووە بەشێک لە هەموو ڕۆشنبيرييەكانى ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ڕۆشنبيرى بەرانەكە بۆ هەتاهەتايەكەوتە ژێڕ پێ.

چوار قەرنەكەى تر ئاماژەيە بەدابەشبوونى دەوڵەتى ئەسكەندەر، بۆ دەوڵەتى ئەسكەندەريەى مصر و شام، دەوڵەتى ڕۆما و يۆنان و ئەوروپا و دەوڵەتى بيزەنتە لە ئاسياى بچوک و دەوڵەتى بابل تا سەر سنووری هيند، قەرنى پێنجەم، ئەوروپاى دواى رێنيسانسە، تا ئەمڕۆشى لەگەڵ بێ، كەتوانيان بچنە سەر ئەستێرەكان و ئەمڕۆ جيهان بەهەردوو لاى ڕۆژهەڵات و ڕووسيا و ڕۆژئاوا و تەنانەت هيندستان و چينيش هەرلە بۆتەى ڕۆژئاوا لێنراوە، هەروەها شارستانێتى هەردوو ئەمريكا و ئوستوراڵياش هەر ئەوروپييە و ئەم قەڕنى پێنجەمەيە، ئەم خەونە درێژترين خەونى ڕووداوە مرۆڤايەتييەكانى سەر زەوييە، بەڵام گرنگترين ئاماژە لەم خەونە ئەوەيەكە ئەم شارستانييە بەدەستى مرۆڤ لەناو ناچێ، بەڵكو دياردە بە كارەساتێكى گەردوونى لەناو دەچێ، ئەم ئاماژەيە لە خەونەكەى پاشا نەبوخوزنصريشدا هەبوو.

كەواتە چارەنووسى ئەم ژيار و شارستانييەتە بەپێى ئەم خەونە كە لە پێنجسەد ساڵ پێش زايين واتە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵى زياتر بەسەردا تێپەڕيوە، لەو ماوەدا تاكە شارستانيەت كە توانى ئاڵاى خۆى و ئامێرەكانى بنێرێ بۆ ئاسمان و ئەستێرەكان، ئەم شارستانيەتەى سەدەى بيست وياک بوو، ئەم شارستانيەتە بۆتە هۆى سێ چوار جەنگى گەورەى جيهانى و كوژرانى مليۆنەها كەس و بەتاڵانبرانى سەروەت و سامانى ميللەتە هەژارەكان و سوكايەتيكردن بە پيرۆزييەكانى دين و مەزهەبەكان و جێبەجێنەكران و لەكارخستنى ڕێوڕەسمە دينى و پەرستشەكان ، ئەمانە هەموو لەخەونەكە دياربن، وە ئاماژەى ئاشكرا هەيە كە ئەم خەونە باسى كۆتايى زەمان دەكا.

كەواتە ئەم شارستانيەتە لەوانەيە بەڕووداوێكى گەردونى و سروشتى لەناوبچێ، وەک لەهەردوو خەونەكە ئاماژەى لەم جۆرە هەيە.. وە

جبريليش لەكاتى لێكدانەوەى خەونەكەى ئەوەى پشتڕاست كردۆتەوە كە گوتوويەتى: ئەم خەونە لە دواى رۆژانێكى زۆر دوور دێتە دى).

وە هەڵساندنەوەى دانيال لەلايەن جبريلەوە هێمايە كە ئەم پەيام و خەونەى دانيال و لێكدانەوەى جبريلە هەرچەندە بۆ ماوەيەك بزر دەبێ بەڵام دواتر هەڵدەستێتەوە و دەپارێزرێ..

جا چونكە خەونى يۆحەنا كەدوا سفرى ئينجيلە زۆر گرنگ و دوور و درێژە و لەوێدا دەبێ باسى هەموو مەلاحم و داستانەكانى كۆتايى لاى مەسيحى و جولەكە و مسوڵمانەكان بكەم و لەگەڵ يەك بەراوردیان بكەم بۆيە خەونى خەليفە مەئمونى عەباسى و جۆرج واشنتۆنى دامەزرێنەرى ئەمريكا پێش دەخەم و لە بەشى چوارەمى ئەم بابەتە باسى خەونى روئياى يۆحەنا دەكەم..

خەونى سێيەم: خەونى خەليفە مەئمون :

ئەم خەونەى چوارەم و پێنجەم وەك خەونەكانى پێشوو گرنگ و درێژخايەن نين بەڵام كاريگەرييان لە ژيانى پاشا و فەرمانڕەوايى و مێژوودا هەبووە.

خەونى چوارەم كە مەئمونى خەليفەى عەباسى بينيويەتى و بۆتە هۆى وەرگێڕانى فەلسەفەى ئەرستۆ و دامەزرانى دار الحكمه لە بەغداى رەشيد، ئيبن نديم، محمدى كوڕى ئيسحاق(؟-387 كۆچى)لە كتابى فەهرست دا دەڵێ: شەوێك مەئمونى خەليفەى عەباسى لە خەونيدا پياوێكى رەنگ سپى و سووری، نێو چەوانى پان و بژۆڵ پڕ و چاو رۆشن و بە هەيبەتى بينى، مەئمون دەڵێ خۆم لەبەردەستيا وەك قوتابى بينى و، زۆر ڕێزم دەگرت، گوتم تۆ كێى؟گوتى من ئەرستۆ تاليسم، منيش زۆر دڵخۆش بووم پێم گوت ئەى حەكيم پرسيارت لێدەكەم، وتى: بپرسە، گوتم چاكە و جوانى چييە؟ گوتى: هەرچى لاى عەقل باش و جوان بێ،گوتم دواى ئەوە؟ گوتى: ئەوەى لە لاى شەرع باش و جوان بێ، گوتم دواى ئەوە؟ گوتى ئەوەى لاى جەماوەر باش و جوان بێ، گوتم دواى ئەوە؟ گوتى دواى ئەوە نييە، وە مەئمون دەڵێ: پێى گوتم ئەوەى ئامۆژگارى زێڕينى

كردى با لات وەك زێڕ بێ، وە دەست بە تەوحيدەوە بگرە. ئەم خەونە هۆى وەرگێڕانى فەلسەفەى يۆنانى و ميحنەتى زانايان بوو لە سەر دەستى مەئمون. (كتابى الفهرست: ابن النديم، لاپەڕە 301).

ئەم خەونە لێكدانەوەكەى ئەوەيە، ئەو ڕيزبەندييەى ئەرستۆ بۆ باشى و جوانى كرد كە بەپلە يەك عەقڵ و پاشان شەرع و پاشان زۆرينەى خەڵك لە ژيانى مەئمون و ژيانى ڕۆشنبيرى ئەو كاتى جيهان و تا ئێستاش لاى چەندين ڕەوت و زۆرێك لە خەڵكى ڕەنگى داوەتەوە و پێوەرى جوانى و باشى و پەسندى دياردە و ڕووداو و بەهاكان ئەوەيە كە عەقڵى بن و شەرع لێيان ڕازى بێ و سوودیان بۆ جەماوەر هەبێ.

خەونى چوارەم خەونى جۆرج واشنتن وداهاتوى وڵاتە يەكگرتوەكانى ئەمريكا:

خەونى داهاتووى ئوممەتى ئەمريكاى جۆرج واشنتن لە ساڵى 1777ز پێش شۆڕشى ئەمريكى: ئەنتۆنى شيرمان ئەم خەونەى لە خودى واشنتۆن بيستووە.

شێرمان دەڵێ: لە ڕۆژێكى زستانى ساڵى 1777ز كە ڕۆژێكى سارد و ئاسمان ساماڵ بووە ژەنەراڵ واشنتن بە تەنيا لە نووسينگەكەى بووە تا ئێوارەيەكى درەنگ، ماندوويى بەڕوويەوە دياربووە، پاشان گوتى شيرمان حەز دەكەم چيرۆكى ئەمڕۆت بۆ باس بكەم، واشنتن گوتى: نازانم ئەوەى من بينم ئەمڕۆ بەهۆى دوو دڵيمە لەداهاتووى وڵات يان هۆيەكى تر؟

من ئەم ئێوارەيە كە دانيشتبووم لە سەر ئەم مێزە و، خەريكى نووسينى نامەيەك بووم، بەڵام كە سەرم هەڵبڕى، بينيم كچێكى زۆر جوان لەبەردەمم وەستاوە، زۆر پەشۆكام، من فرمانم داوە كەس نەيەتە لام و خەريكم نەكا، ئەوەندە پەشۆكام كەتا رستەى تۆ بۆچى لێرەى؟ زەحمەت بوو لەلام، چوار جار ئەم پرسيارەم لێكرد، هيچ وەڵامى نەدايەوە و تەنيا سەرى بڵند كرد، ويستم هەستم يان پرسيارى تر بكەم، بەڵام نەمتوانى تەنانەت بيركردنەوەشم نەما، هەستم بە شتێكى نامۆ كرد و سەيرى ئەم

كچە ميوانەم دەكرد، بە شێوەيەك وەك مرۆڤێكم لێهات كە لەحاڵى گيانكێشاندا بێ.. لەم كاتەدا گوێم لە دەنگێك بوو گوتى: ئەى كوڕى كۆمارى، ئەى رۆڵەى جەماهيريەت سەيركە و فێربە: كچەكە باڵى بەرەو لاى رۆژهەڵات ڕاكێشا – دەكاتە لاى زەريای هادی- چاوم لێبوو كە هەڵمێكى سپى و گران لە دوورەوە وردە وردە كۆدەبێتەوە، بەڵام پاش ماوەيەك نەما.

پاشان لە بەردەمم هەموو وڵاتانى جيهان دەركەوتن، ئەوروپا و ئاسيا و ئەفريقيا و ئەمريكا، چاوم لە شەپۆلەكانى زەريای ئەتڵەسى بوو كە لە ئەوروپا و ئەمريكای دەدا، وەسەيرى زەريای هاديم كرد لەنێوان ئەمريكا و ئاسيا، دووبارە دەنگەكە هاتەوە: ئەى كوڕى جماهيريە سەيركە و فێربە، ئا لەم كاتەدا سەيرى بوونەوەرێكى سێبەرم كرد كەوەك مەلاك بوو،كە وەستابوو لەناو هەوا لە نێوان ئەمريكا و ئەوروپادا، كەبەدەستى ڕاست ئاوڕشێنى ئەمريكا و بە دەستى چەپى ئاوڕشێنى ئەوروپای دەكرد.

هەورێك لەم وڵاتانە بەرز بۆوە و لە سەر زەريا كۆ بۆوە، بۆ ماوەيەكى كەم وەستا، پاشان بەرەو ئەمريكا كشاو دابێۆشى، تەمومژ و هەورە بروسكەی لێ پەيدا بوو. گوێم لەناڵەو هاوار و زريكەی گەلی ئەمريكی بوو، پاشان دووبارە مەلاكەكە ئاوەكەی ڕشاندەوە سەر لێوارەكانی ئەوروپا و ئەمريكا و دووبارە سەر زەريا هەوری لێ پەيدا بووەوە و لە ناو شەپۆلدا مەلاكەكە لە چاوان بزر بوو.

بۆ جاری سێيەم دەنگەكە گوتی: ئەی كوڕی جماهيريە سەيركە و فێربە، بينيم هەر لە كەناری ئەتڵەسی، تاكو كەناری هادی شار و شارۆچكە دەر كەوتن.

پاشان دەنگەكە گوتی: كۆتايی سەدەكەش دێ، بڕوانە و ببينە، ئالێرە مەلاكە سێيەمەكە ڕووی لە باشوور كرد و تارماييەكی خراپم لە لای ئەفريقيا بينی، ئەو تارمايی و شەبەحە، وردە وردە لە ئەمريكا نزيك دەبۆوە، بەهێواشی بەسەر هەموو شار و شارۆچكەكاندا دەهات، هاووڵاتيان خۆيان ئامادەی جەنگ دەكرد و بەو هۆيەوە ناكۆكيان كەوتە

نێوان، لەم كاتەدا مەلاكێكم دى، كە لەسەر سەرى تاجێكى رۆشن و درەوشاوە و بە تيشك هەبوو، لە سەر نێوچەوانى نووسرا بوو: - يەكگرتوويى -ئالاى ئەمريكاى هەڵگرتبوو، بەسەر ئاپۆراى ناكۆكيدادا و بە ئالاكە داى پۆشين، گوتى: بيرتان نەچێ، ئێمە براين، بەم شێوەيە هاوڵاتيان چەكەكانيان فڕێدا و بوونەوە برادەر و لە ژێر ئالاى نەتەوەيى كۆبوونەوە.

بۆ جارى چوارەم دەنگە نامۆكە گوتى: ئەى كۆرى جماهيريە بڕوانە و فێربە، ئا لەم كاتەدا مەلاكە سێبەرەكەى –ئەتڵەسى – بۆق و كەرەنايەكى لە ناو دەمنا و سێجار فووى ناوازەى پێدا كرد و، بۆجارى سێيەم ئاوى لە زەريا هەڵگرت و بە ئەوروپا و ئاسيا و ئەفريقيايدا كرد، پاشان وێنەيەكى ترسناكم بينى، بينيم كە لەهەرسێ كيشوەرەكەوە هەورى ڕەش هات و پاشان هەورە ڕەشەكە بووە يەك هەور، پاشان بووە بارستەيەكى سوور، ديتم سەرباز و چەكدار لە م هەورانە بەرەو جيهان و ئەمريكاى داپۆشراو بە هەور دابارين، وە ديتم كە چەندين شار و شارۆچكە سووتان، وە گوێم لە دەنگى تۆپ و شمشێر و هاوار و زريكە و نالەى خەڵك بوو.

بۆ جارى پێنجەم دەنگە نامۆكە گوتى، ئەى كۆرى جەماهيريە بڕوانە و فێربە، پاشان مەلاكە سێبەرە تەڵخەكە، ئەم جارە فوويەكى درێژى ترسناكى بە كەرەناكەدا كرد، ئا لەم كاتەدا ڕۆشناييەك وەك رۆشنايى هەزار خۆر بێ لە سەر سەرم دەركەوت، ئەم رۆشناييە، هەموو تاريكييەكان و هەورەكانى سەر ئەمريكاى ڕەواندەوە، پاشان ئەو مەلاكەى كە وشەى ئيتحاد لەسەر نێوچاوانى نووسرابوو بەدەستێك ئالا و بەدەستێك شمشێرى هەڵ گرتبوو، لە ئاسمان لەگەڵ چەندين رۆحى ترى سپى دابەزى، ئەمانە لەگەڵ ئەو دەستە و تاقمانەى ئەمريكا تێكەڵ بوون كە سەرەتا بەزيو بوون، بەڵام يەكسەر وريان هاتەوەبەر و ڕيزەكانيان ڕێكخستەوە و دەستيان بە جەنگ كردەوە، لەناو ئەم هەموو دەنگەدا، دووبارە دەنگە نامۆكە بۆ جارى شەشەم گوتى: ئەى ڕۆڵەى جماهيريە سەيركە و فێربە، ئا لەم كاتەدا مەلاكە سێبەرە تەڵخەكە دووبارە بۆ جارى چوارەم ئاوى بەسەر ئەمريكادا ڕشاند، بەڵام هەر زوو هەورەكە ڕەويەوە

و خەڵكى زەوى سەركەوتن، دووبارە دیتم چەندین گوند و شار و دێ دەركەوتن و ئاوەدان بوونەوە، مەلاكە رۆشنەكە ئالایەكى شینى داكوتا و تاجەكەى لەسەرى كردەوە و لەسەر ئالاكەى دانا و هاوارى كرد: تا كو ئەستێرەكان مابن و ئاسمان سێبەر بنێرێ بۆ زەوى، یەكێتى و ئیتحاد دەمێنێتەوە و نەمر دەبێ، خەڵكەكە هەموو چەمانەوە و گوتیان ئامین، وردە وردە وێنەكە دیار نەما و بزر بوو، تەنیا ئەو مەلاكەى پێش دەمم مابۆوە و سەیرم دەكرد، بەهەمان دەنگ پێى گوتم كە: ئەى ڕۆڵەى كۆمار و جمهوریە، ئەوەى دیتت، تەفسیرەكەى ئەوەیە، كە سێ مەترسى بە سەر جمهوریەكەت دا دێن، سێیەمیان لە هەموویان مەترسدار تر، كە كۆمار مەترسى سێیەم بەسەركەوتوویى تێپەڕێنى، هەموو جیهان
ناتوانێ بەسەردا سەر كەوێ، بۆیە هەموو منداڵانى كۆمارەكەت فێر بكە كە بژین بۆ پەروەردگاریان و یەكێتییەكەیان و نیشتمان و وڵاتەكەیان، بەم وشانە خەونەكە كۆتایى هات و یەكسەر لە كورسیەكەم بازمدا و زانیم كە خەونم بینیوە و لەدایك بوون و پێشكەوتن و چارەنووسى وڵاتە
یەكگرتووەكانم لە چوارچێوەى ئەو خەونەدا بینیوە]، دەقى خەونەكە تەواو بوو.

لەكتێبى خوارق الابداع لاپەڕە 161 تاكو 164 وەرگیراوە.

لێكدانەوەى ئەم خەونە:

ئەو كاتەى ئەم خەونە بینراوە، ئەمریكا موستەعمەرەیەكى بەریتانى بوو، پێكهاتبوو لە سێزدە ویلایەت لەو پەنجا ویلایەتەى ئێستا، دانیشتوانى ئەم سێزدە ویلایەتە تەنیا چوار ملیۆن بوون، ئەو سێزدە ویلایەتە تەنیا لە سەر لێوارەكانى زەریاى ئەتڵەسى بوون، زۆر دوور بوون لە كەنارەكانى زەریاى هادى.

سەرەتاى جەنگى جۆرج واشنتن زۆر دژوار بوو، جارى وابوو هەندێ لەو سێزدە ویلایەتەش دەكەوتنە دەستى بەریتانیا، بەدرێژایى سالانى جەنگى بەریتانیا و جۆرج واشنتن لە 1775-1783.

بەڵام دواى كۆتايى شەڕ، بە پێكهاتن و كرين و دانووستان و يارمەتى، ئەم دەوڵەتە ساوايە بەدرێژايى سەدەى نۆزدە لە پەلكوتاندا بوو بۆ فراوان بوون، دەڵێن بەڵگەنامە هەيە كە جۆرج واشنتن پارەى داوەتە دەوڵەتى عوسمانى تا سوپاى عوسمانيەكان لەكەنارەكانى ئەمريكاى تازە دامەزراو نزيک نەبنەوە، چونكە ئەو دەيزانى لەوانە بوو كە بەريتانيا و ئيسپانيا و وڵاتە ئيستيعماريەكان يارمەتى نادەن،كەمى دانيشتوانى دەوڵەتە ساواكە و زۆرى ئيشوكاريان و گەورەيى وڵاتەكە نێچيرێكى گەورە بوو بۆ دەوڵەتێكى قەرەباڵغى وەک دەوڵەتى عوسمانى كە گوێى لەبەكوشتدانى سەدان هەزار كەس لە هاوڵاتيانى نەئەدا بۆ ئەم كارە.

بەهۆى بوونى هەلى كارى باش، زۆرێک لەهاوڵاتيانى ئەوروپا و كيشوەرەكانى تريش ڕوويان لەو وڵاتە كرد، سەرەتا كۆمارييەكان كە دروشميان ناوەندێتى و مەركەزييەتى دەسەڵات بوو، لە ساڵى 1800 تا1825حوكميان كرد، ديموكراتەكان دروشميان پتەوكردنى دەسەڵات بوو، ئەم دەوڵەتە ساوايە بە جۆرەها شێوازى فراوانبوون، بەزۆريش بەكڕين لە وڵاتە ئيستيعماريەكانى ئيسپانيا و فەڕەنسا، لە ساڵى 1845 گەيشتە كەنارەكانى زەريای هێمن و ژمارەى دانيشتوانيشى گەيشتە بيست و سێ مليۆن و ژمارەى ويلايەتەكانى گەيشتە سى و يەک ويلايەت.

لەساڵى 1860لنكۆلن هەڵبژێررا و ياساى نەهێشتنى كۆيلايەتى لەوڵات ڕاگەياند لە ئاكامدا شەڕى ناوخۆ بەرپا بوو ،يازدە ويلايەتى باشوور جيابوونەوەيان ڕاگەياند، شەڕى ناوخۆ لەساڵى1861 تا1865درێژەى كێشا و هەردوولا ئازايەتى و جەربەزەيى زۆريان نواند، تا جەنگ بە بەزينى باشوورييەكان و سەركەوتنى باكوور و ئازادكرانى كۆيلە زنجييەكان كۆتايى هات.

لە ساڵى 1867ئەمريكا ئالاسكاى لە ڕووسيا كڕى، لەپاش سەركەوتنى ئەمريكا بەسەر ئيسپانيادا لەشەڕى ئەمريكا و ئيسپانيا لەساڵى 1898دوورگەكانى هاواى بە ئەمريكاوە لكان، ئەمريكا دەسەڵاتى گەيشتە كوبا لە ساڵى1903 وەگەيشتە هايتى لە ساڵى1915وە نيكاراگوا لەساڵى 1917لە بەر چالاكى ئەمريكيەكان و فراوانبوونى دەسەڵاتى

سیاسی و ئابووری و سەربازییان لەهەموو پێکهاتن و کۆنگرە گرنگەکان بانگ دەکران و بەشداری بڕیاردان بوون، هەر چەندە زۆر خۆشیان لادەدا، لەشەڕی یەکەم، ماوەیەکی باش ئەمریکییەکان خۆیان لەشەڕ بەدوور گرت و بێلایەن بوون، سەرەڕۆیی ئەڵمانیا پەلکێشی جەنگی کردن، هاتنیان بۆ ناو جەنگەکە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ تێشکانی ئەڵمانیا، ئەمریکیەکان خۆیان لە میراتەکانی شەڕ و پەیمانگای ڤرسای بەدوور گرت، لەسەردەمی ڕوزفلت هەوڵی کەنارگیری ئەمریکا لە پێکهەڵپڕژانە سەربازییەکان و گرنگیدان بە بواری ئابوورییان پێ باش بوو، بەهۆی ئەم سیاسەتە ئەمریکییەکان وازیان لە کوبا و هایتی و نیکاراگوا و فلیپین هێنا، سەرەڕۆیی یابانییەکانیش لەجەنگی دووەم ئەمریکای پەلکێشی جەنگی دووەم کرد لە 1941ئەو کات بەریتانیا بەتەنیا لە ئەوروپا مابوو کە هیتلەر نەیگرتبوو، ئەویشی گەمارۆدا بوو.

لەو جەنگانەی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەم تیایاندا بەشدار بوو، جەنگی کۆریا لەساڵی 1950-1954کە تا ئێستاش تەواو نەبووە، هەروەها جەنگی ڤێتنام لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، وە شەڕی عێراق لە ساڵی 1991و2003 و شەڕی ئەفغانستان لە ساڵی2001لەو دوو دەوڵەتەش تا ئێستا بەتەواوی نەبڕاوەتەوە.

لەوەتی ناتۆ دامەزراوە لەساڵی 1950ئەمریکا بەهێزترین هێزی ناو ناتۆیە.

ئێستا کە بمانەوێ دیمەنەکانی خەونەکە لەم ڕووداوانەی مێژووی ئەمریکادا بخوێنینەوە، سەرەتا هەورێکی کەم لەشەڕی دژی بەریتانیا کۆبۆوە و دووجار ئەمە ڕوویدا، ئاوکردن بەکەنارەکاندا، پێشبڕکێی زلهێزانە بۆ دەستگرتن بەسەر کەنارەکان و ڕەوتی بازرگانیدا، بەڵام ئەم قەیرانە کۆتایی پێدێ بەڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا و دەرکەوتنی کەنارەکانی زەریای هادی هێمایە کەئەم دەوڵەتە ساوایە دەگاتە ئەوێ، دەرکەوتی دەوڵەتان و کیشوەرەکان هێمای داننانیانە بە دەوڵەتەکەی واشنتۆن و نیشانەی ئارەزووی کۆچکردنی هاوڵاتیان و سەرمایەکانیانە،

لەجەنگى دژ بە ئيستيعمار و واشنتۆن گوێى لەناڵەى گەلى ئەمريكى بوو، بەڵام ئەوەندەى شەڕى ناوخۆ لەسەر دڵى واشنتۆن كاريگەر نەبوو.

بڕوانە ئاماژەى خەونەكە و تارماييە ئەفريقيەكە كە كۆيلە ئەفريقييەكانن دەبنە هۆى ناكۆكى ئەمريكييەكان و جەنگێك هەڵدەگيرسێنن دواى سەدەيەك لە دامەزرانى ئەمريكا، خەونەكە دەڵێ: [پاشان دەنگەكە گوتى: كۆتايى سەدەكەش دێ، بڕوانە و ببينە، ئالێرە مەلاكە سێيەرەكە ڕووى لە باشوور كرد و تارماييەكى خراپم لە لاى ئەفريقيا بينى، ئەو تارمايى و شەبەحە، وردە وردە لە ئەمريكا نزيك دەبۆوە، بەهێواشى بەسەر هەموو شار و شارۆچكەكاندا دەهات، هاووڵاتيان خۆيان ئامادەى جەنگ دەكرد و بەو هۆيەوە ناكۆكيان كەوتە نێوان، لەم كاتەدا مەلاكێكم دى، كە لەسەر سەرى تاجێكى ڕۆشن و درەوشاوە و بە تيشك هەبوو، لە سەر نێوچەوانى نووسرابوو: يەكگرتوويى و ئيتيحاد و ئاڵاى ئەمريكاى هەڵگرتبوو، بەسەر ئاپۆراى ناكۆكيدادا و بە ئاڵاكە داپێۆشين،گوتى: بيرتان نەچێ، ئێمە براين، بەم شێوەيە هاوڵاتيان چەكەكانيان فڕێدا و بوونەوە برادەر و لە ژێر ئاڵاى نەتەوەيى كۆبوونەوە].

ئەمە ئاماژەيەكى ڕوونە بۆ شەڕى ناخۆى ئەمريكا و كۆتاييهاتنى بەيەكگرتنەوەى وڵات لەساڵى1865دا، ئەمە مەترسى يەكەمى سەر ئەمريكا بوو كە لە ڕوئياكەى واشنتۆن باسكراوە.

مەترسى و هێرشى دووەم كە ڕوو لە ئەمريكا دەكا و سێ هەورى سێ كيشوەرى دنيا يەك دەگرن و ئەمريكا گەمارۆ دەدەن و هەورى سورى جەنگن، ئەوە جەنگى يەكەمى جيهانە كە ئەويش سەرى ئەمريكاى گرتەوە، وەك لە خەونەكە هاتووە: [بۆ جارى چوارەم دەنگە نامۆكە گوتى: ئەى كوڕى جماهيريە بڕوانە و فێربە، ئا لەم كاتەدا مەلاكە سێيەرەكەى –ئەتڵەسى – بۆق و كەڕەنايەكى لە ناو دەمنا و سێ جار فووى ناوازەى پێدا كرد و، بۆجارى سێيەم ئاوى لە زەريا هەڵگرت و بە ئەوروپا و ئاسيا و ئەفريقيايدا كرد، پاشان وێنەيەكى ترسناكم بينى، بينيم لەهەر سێ كيشوەرەكەوە هەورى ڕەش هات و پاشان هەورە ڕەشەكە بووە يەك هەور، پاشان بووە بارستەيەكى سوور، ديتم سەرباز و چەكدار

لە م هەورانە بەرەو جيهان و ئەمريكاى داپۆشراو بە هەور دابارين، وە دیتم كە چەندين شار و شارۆچكە سووتان، وە گوێم لە دەنگى تۆپ و شمشێر و هاوار و زريكە و نالەى خەڵك بوو].

شەڕەكە سێ كەڕەنا، سێ هێز، سێ كيشوەر، هێمايە بۆ ڕووسياى قەيسەرى و دەوڵەتى عوسمانى و ئەڵمانيا، ئەم مەترسيەش بووە هۆى كارەسات و پاشان سێ هەورە ڕەشەكە وبوە يەک هەورى سوور، هێمايە بۆ جەنگى سارد و گەرمى نێوان ئەمريكا و هاوپەيمانەكانى لەگەڵ چەپەكان.

بەڵام مەترسى سێيەم ئەم ململانێيەى گەڵ چەپەكانى داپۆشى، مەترسى سێيەم جەنگى دووەمى جيهان و لێكەوتەكانى ئەو جەنگە بوو، ڕووناكييە بەهێزەكە كە بەئەندازەى چەندين خۆر ئاماژەيە بۆ داهێنان و بەكارهێنانى چەكى ناوەكى، داهێنانى ئەو چەكە مەعنەويات و ورەى ئەمريكا و بەرەى بۆرژوا و سەرمايەدارى داڕووخاوى بەرز كردەوە، بۆيە دواى سەركەوتنيان بەسەر فاشيزم بەهۆى ئەو ڕووناكييە زۆرەى هێزى ناوەكى ئەتۆمى هەموو هەورەكانى فاشيزم و چەپ و كۆمۆنيزم ڕەوينەوە وەک لە خەونەكەدا هاتووە: [بۆ جارى پێنجەم دەنگە نامۆكە گوتى، ئەى كوڕى جەماهيريە بڕوانە و فێربە، پاشان مەلاكە سێيەرە تەڵخەكە، ئەم جارە فوويەكى درێژى ترسناكى بە كەڕەناكەدا كرد، ئا لەم كاتەدا ڕۆشناييەك وەك ڕۆشنايى هەزار خۆر بێ لە سەر سەرم دەركەوت، ئەم ڕۆشناييە، هەموو تاريكييەكان و هەورەكانى سەر ئەمريكاى ڕەواندەوە، پاشان ئەو مەلاكەى كە وشەى ئيتيحاد لەسەر نێوچاوانى نووسرابوو، بەدەستێك ئاڵا و بەدەستێك شمشێرى هەڵگرتبوو، لە ئاسمان لەگەڵ چەندين ڕۆحى ترى سپى دابەزى، ئەمانە لەگەڵ ئەو دەستە و تاقمانەى ئەمريكا تێكەڵ بوون كە سەرەتا بەزيو بوون، بەڵام يەكسەر ورەيان هاتەوبەر و ڕيزەكانيان ڕێكخستەوە و دەستيان بەجەنگ كردەوە، لەناو ئەم هەموو دەنگەدا، دووبارە دەنگە نامۆكە بۆ جارى شەشەم گوتى: ئەى ڕۆڵەى جەماهيريە سەيركە و فێربە، ئا لەم كاتە مەلاكە سێيەرە تەڵخەكە دووبارە بۆ جارى چوارەم ئاوى بەسەر ئەمريكادا ڕشاند، بەڵام هەر زوو هەورەكە ڕەويەوە

و خەڵكى زەوى سەركەوتن، دووبارە دیتم كە چەندین گوند و شار و دێ دەركەوتن و ئاوەدان بوونەوە، مەلاكە رۆشنەكە ئالایەكى شینى داكوتا و تاجەكەى لەسەرى كردەوە و لەسەر ئالاكەى دانا و هاوارى كرد: تا كو ئەستێرەكان مابن وئاسمان سێبەر بنێرێ بۆ زەوى، یەكێتى و ئیتیحاد دەمێنێتەوە و نەمر دەبێ، خەڵكەكە هەموو چەمانەوە و گوتیان ئامین، وردە وردە وێنەكە دیار نەما و بزر بوو، تەنیا ئەو مەلاكەى پێش دەمم مابۆوە و سەیرم دەكرد، بەهەمان دەنگ پێى گوتم: ئەى ڕۆڵەى كۆمار و جمهوریە، ئەوەى دیتت، تەفسیرەكەى ئەوەیە، كە سێ مەترسى بە سەر جمهوریەكەتدا دێن، سێیەمیان لە هەموویان مەترسدار تڕە، كە مەترسى سێیەم بەسەر كەوتوویى تێپەڕینى، هەموو جیهان ناتوانێ بەسەریدا سەر كەوێ، بۆیە هەموو منداڵانى كۆمارەكەت فێر بكە كە بژین بۆ پەروەردگاریان و یەكێتییەكەیان و نیشتمان و وڵاتەكەیان، بەم وشانە خەونەكە كۆتایى هات و یەكسەر لە كورسیەكەم بازم دا و زانیم كە خەونم بینیوە و لەدایك بوون و پێشكەوتن و چارەنووسى وڵاتە یەككرتوەكانم لە چوارچێوەى ئەو خەونەدا بینیوە].

مەترسى سێیەم هەمەلایەنەیە، فاشى و نازى و ڕەگەزپەرست و عەسكەرتاریە دكتاتۆرەكان لەلایەك و هێزە شۆڕشگێڕ و چەپ و كۆمەنیزم و سۆشیالیستەكان لە لایەكى تر، هەموویان ئاماژەیان پێ كراوە.

ئەم ڕووداوانە گشتیان هاتوون و چۆن لە خەونەكە بینرا ئاوا هاتنەدى، تاكە ڕووداوێ كە لە خەونەكە بەنادیارى مابێ و نەهاتبێتە دى، ئەوەیە كەمەلاكە ڕۆشنەكە تاجە درەوشاوەكەى لەسەر سەرى خۆى هەڵدەگرێ، ئەو سەرەى كەلە نێوچاوانەكەى نووسراوە یۆنایتد=ئیتحاد،=یەككرتن و یەكێتى، وە لەسەر ئالاى شینى دادەنێ كە ئالاى ئەمریكا زۆر شین نییە، دەبێ كەسێكى شارەزا لە فلاك بلو ناوى ژیار و سەركێشى داهاتووى جیهان دەربهێنێ، ئەم ئالایە بەدەستى مەلاكە ڕۆشنەكەوەیە، دەستێكى شمشێرى پێیە و دەستەكەى تر ئالا، تاجەكەى لەسەر شمشێر دانەناوە،كە هێماى هێز و كوشتنە، بەڵكو لەسەر ئالاى داناوە كەهێماى سەروەرى و

شكۆ و وڵات پەروەرییە، هێمای دووەم كە ئەویش وەک لادانی تاجەكە وایە، ئەویش دابەزینی واشنتنە لە كورسییەكەی، ئایا ئەوە هێمایە بۆ ئەوەی تاجەكە و واشنتۆن لە سەرۆكایەتی و پایتەختی و سەروەری دوور دەخرێنەوە و دەبنە دەسەڵاتێكی تەشریفاتی؟ وەک ئاڵا و تاج هەر هێمان، ئایا ئەوە هێمایە كە پایتەخت و كورسی و سەر ئێستا نیۆركە و واشنتۆن تەنیا هێمایەكە؟ ئایا سەرەكە گرنگە یان تاجەكە؟ واشنتن گرنگە یان كورسیەكە؟

هەر چۆنێک بێ هێمای گۆڕانێكە و نزاكەش ئامینی بۆ كراوە و چەمانەوە و ڕكوعیشی بۆ كراوە، دەبێ هەر بێت، لەوانەیە سەرەتاكانی هاتبن و هێشتا تەواو ڕۆشن نەبووبێتەوە.

هەر لە گوتەكەی واشنتن بۆ شێرمان ئەوە دەخوێنرێتەوە كە ئەو پیاوە زۆر متمانە و باوەڕی بە خەونەكەی نەبووە و پێی وابووە لە دەرەنجامی زۆر بیركردنەوە لە داهاتووی ئەمریكا ئەو بینراوەی بینیوە.

ـــــــــــــــــڵ

ژێدەرەكان:

- حول العالم :عن الاحلام المستقبلية: د.فهد عامر الاحمدي.
- اطلس الاديان د.سامي مغلوث.
- اطلس الانبياء والرسل د.سامي مغلوث.
- الكتاب المقدس، العهد القديم.
- كتاب الفهرست، ابن النديم.
- خوارق الابداع للكاتبة فريدة قرقلو.
- المقدمة /ابن خلدون.
- معجم البلدان: ياقوت الحموي.
- البداية والنهاية لابن كثير.

- موسوعة القرن الفرنسية.

- الموسوعة العربية الميسرة للدكتور محمد شفيق غربال.

خەونە بەناوبانگەكانى جيهان:خەونى پێنجەم.

خوێندنەوەى ئايندە لە دەلاقەى خەون وڕوئياى سفرى يۆحەناوە:

سفرى (روئيا يۆحەنا – سفرى 27 لە سەردەمى نوێ ى كتابى مقدس – ئينجيل)دا

پوختەى 11 بەشەكەى ئەم سفرە:ئەم سفرە لە دورگەى بتمس كە دورگەيەكى بچوكە لە دەريای ئيجە، نوسراوە,دەولەتى رۆمانى نەيارەكانى دوور دەخستەوە بۆ ئەو دورگە,يوحنای نوسەرو بينەرى ئەم روئيايەش يەكيك بوە لە دوورخراوانى ئەو سەردەمەى سەدەى يەكەمى زاينى:

دەقى ڕوئياكە:

[[درود وسەلام و ژيان لە يۆحەناوە بۆ حەوت كنيسەكانى ئاسيا،بەهرەو سەلام لەوەى هەيەو لەوەى بوەو لەوەى دەبێ,درود لەو حەوت روحەى لەبەردەم عەرشەكەيەتى,وەسەلام لە يەسوعى مەسيحى شاهيدى ئەمينەوە ,لەوروحەى كە دێ لەسەر باڵى هەورو هەموو چاوەكان دەيبينن, دەڵێ منم الف ويا ,

من يوحنا ,براو بەشدارتان لە خۆشەويستى و محبەت و مەلەكوت و ئيمان چەسپاوى بە يەسوع ,من لە دورگەى بتمس بووم لە پيناوى گەياندنى كەليمەى الله و گەواهى يەسوع ,لەوێ روح بۆچەند ساتێ فڕاندمى و پێ ى گوتم:

ئەوەى دەيبينى لە كتاب بينوسە,وبينيرە بۆ حەوت كنيسە كان ,بينيم كە حەوت بلندگۆى لە زێڕ دەورەى مەسيحى كوڕى ئينسانيان گرتوە,يەسوع كراسيكى ئاودامانى لە بەردايە,تاكو سەرقاچەكانى,لەسەر سنگى

كەمەرەيەكى زێڕ هەيە,قژى سەرى وەك خورى سپى يە ,چاوەكانى وەك مەشخەلى داگيرساون,پێ يەكانى وەك مسى درەوشاوەن,دەنگى وەكو دەنگى سۆلاوە ريژنەى ئاوە,لە دەستى راستى حەوت ئەستيرە هەن,نێزەيەكى هەردوولاتيژ لەدەميەوە دەرچوە,ڕووى وەكو خۆرى درەخشانە,كاتێ بينيم خۆم هاويشتە بەرپێ يەكانى وەك مردو ,ئەو بەدەستى راست هەلى ساندمەوە,و گوتى مەترسە، ,من ئيستا زيندوم بۆهەتا هەتايە,كليلى مردن و شوينى حەوانەوەى مردوان هەمووى بەدەست منە, بۆيە، ئەوەى لەم روئيايە ديتت بينوسە ,ئەوەى ئيستا دەبێ و لەمەودوادەبێ,بەلام نهێنى ئەو حەوت ئەستيرەى دەيبينى,وە ئەو حەوت منبەرانە,ئەوە حەوت مەلائيكەى نوينەرو سەرپەرشتيارى حەوت كنيسەكانن,و منبەرەكانيش كنيسەكانن, ]]

خويندنەوەى هيماو رەمزەكان:

گوتەى مەسيح :من الف ويام:ئەم الف تايائە، نەلە يۆنان و نەلە ڕۆمان و تەنانەت سريان وفينيقي و ئارامى وقبتى و ئەرمەنيش كەسيان ڕيزبەندى ئەلف و بايان بە يا كۆتايى نايە,ئەم ئەلف تا يا داهينراوە دواى ئەو روئيايە بە600 سال لەلايەن مسولمانانەوە,چونكە تا كۆتايى ئەمەويەكانيش ئەم تەرتيبى
(ا.ب,ت،ث،ج،ح،خ،د،ذ،ر،ز،س،ش،ص،ض،ط،ظ،ع،غ،ف،ق،ك،ل،م،ن ,هـ,و,ي) باش دەرنەكەوتبو ,ئەم شيوە پۆلێن كردنە لە سەردەمى عەباسيەكاندا زياتر دەركەوت,ئەمەش ئەوە دەگەيەنێ –الله اعلم- كەمەبەستى مەسيح كەئەو دەگريتەوە,ئەم روئيايەش زياد لە 300 سال پێش هاتنى ئيسلامە ,مەبەستى هاتنەوەى مەسيح، هاتنى ئيسلام و قورئانەو ريزبەندى زنجيرەى نورى ئەلف ،تاكو ،يای ئيسلاميە.

-مەسيح شمشيرى لەدەمدايە,محمديش دەفەرموێ: من پيش هاتنى ساعە بە شمشير نيردراوم,كەواتە ليرە مەسيح بوەتە رسالەونامەو كەليمەى الله لە قورئاندا بۆ مسولمانان و شمشيرەكەش شمشيرى محمد وئيسلامە, وەدوور نيە كەمحمد واتاى ميتو مردوى محى وزيندو بۆوە-محى ميت- بگەيەنێ كە هەر ئەو مەسيحەو زيند بۆتەوەو دوبارە نيردراوەتەوە, يان

ئومیدی محیی وزیندو کراوەیە,ئەگەروانەبێ بوون وکۆبونەوەی دوو پەیامبەری ئولو العزم لە دینێکدا هەرئەوە دەگەیەنێ.

هیمایەکی تر کە یەکیك لە ئایەتەمشکلو ئالۆزەکانی قورئان لە کۆتایی سورەی نیسایە کە اللە دەفەرموێ کە هەموو ئەهلی کتاب پیش مردن ئیمان بە مەسیح دینن کە ئەو عبداللە یە وئیبن اللە نیە,تەفسیر وڕاڤەکەران هەموو دەڵێن: پیش مردنی مەسیح ,بەلام پیش مردنی مەسیح سەدان نەوەی مەسیحی وملیونەها وملیاران خەڵک مردون و ئەو هیشتا نەهاتۆتە خوار ,کەواتە ناگونجێ .

راستیەکەی لە م روئیایە زۆر جوان دیارە کە کلیلی مردن لەو سەردەمە بە مەسیح دراوەو ئەو قابزی روحەکانە و مەسیحیەکان، کاتێ عیسا دێ وروحیان دەکیشێ، دەزانن کە ئەویش مەلاکیکە و روحیکەو کوڕو رۆلەی اللە نیە,بەڵکوئەو فریشتەی ڕوح کێشانە.

منارەهیمای کنیسە و ئەستیرە هیمای ملائیکەن لە خەوندا، پێدەچێ ئەم حەوت کنیسە هێمای حەوت کیشوەرەکانی جیهان بێ ،کە لەسەردەمی ئەم روئیایە سێ کیشوەر دۆزرابونەوە،پاش هەزارسالّ لە و روئیایە کیشوەرەکانی تر دۆزرانەوە.

[[نامە ی یەکەم بۆ کنیسەی ئە فسس:

بنوسە بۆ مەلاکی کەنیسەی ئەفسس ,ئەوەی کە حەوت ئەستیرەکانی بەدەستەوە گرتوەو لە نیوان حەوت بلندگۆ ئالتونینەکە را دەروا,,من کردەوەکانت دەبینم و کۆشش و ئارام گرتنت دەبینم,وەدەزانم تۆ زۆربیزاری لە بەدکارەکان ,وەدەزانم کەئەو کەسانەت تاقی کردەوە کەدەیانگوت رەسولین و کەچی درۆیان کرد ورەسول نەبوون,تۆ زۆر بە ئارامی,کۆششت کرد لە پیناوی روح اللە و ماندو نەبووی ,بەلام گلەیی ئەوەم لیت هەیە کە محبەتی جارانت نەماوە,بیربکەوەبزانە لە کوێ کەوتوی و بگەریوە بۆ کارەکانی پیشوت, ... هەرکەسی دوو گوێ ی هەن باگوتاری روحی گوێ لێ بێ,وابکە کە غالبی زال لە درەختی ژیان وزیندەگی بخوا لە فردوسی اللە دا,

نامەى دووەم بۆ كنيسەى سميرنە:

بنوسە بۆ خاوەنى كنيسەى سميرنە,من دەزانم كەتۆ بەدەستى هەژارى گيرت خواردوە,لەگەڵ ئەوەى كەتۆ زەنگينى,وەدەزانم كە ئەوانەى بەدرۆ خۆيان بەيەهود دەزانن چيان بۆ هەلبەستوى, لە ئازارەكانى داهاتو سڵ مەكەوە,ئيبليس هەنديكتان دەخاتەبەندىيەوەتا تاقيتان بكاتەوە,تەنيا دەڕۆژلە تەنگژەدا دەبن,هەر ئەمين و دەست پاك بن تا مردن ,,,هەركەسێ دوو گوێ ى هەيە باگوتارى روح بۆ كنيسەكان ببيستى,غالب و زال مردنى دووەم ئازارى نادا,

نامەى سێ يەم بۆ كنيسەى برغامس:

بنوسە بۆ خاوەنى كنيسەى برغامس ,خاوەنى شمشيرى هەردولاتيژ پيت دەڵێ,دەزانم لە كوێ نيشتە جێ ى ,وەدەزانم كە بارەگاى شەيتان نزيكتە ,گومانم لە ئيمانت نەبوەو نيە ,, هەركەسێ دووگوێ ى هەيە باگوێ ى لە گوتارى روح بێ,هەركەسێ سەركەوتو بێ ,مەن وگەزۆى شاراوەى دەدەمێ وبەرد وچەوى نەخشكراوو نوسراو بە ئيسمى نوێ كەتەنيا ئەو كەسە دەزانى كە دەستى دەكەوێ,

نامەى چوارەم :بۆ كنيسەى سياتيرە,

بنوسە بۆ خاوەنى كنيسەى سياتيرە,من ئاگام لە كردەوەو ئيمان و ئارام و خزمەت گوزاريەكانتە,وەدەزانم كە كارەكانى ئيستات زۆر زياترە لە هى پيشو,بەلام گلەييم لەوەيە كە چاوپۆشى لە و ژنە دەكەى كەناوى ئيزابيلە ,كە بانگەشەى نبوەت و هەوال زانى دەكا ودرۆ دەكا هەواڵدەرونبيە نيە, بەلكو پەيرەوان گومرا دەكاو هانياندەدا لەسەر زينا و خواردنى گۆشتى بۆ ئەصنام سەربراوەكان,ماوەيەكم دابويە تا تۆبە بكاو واز لە زينا كردن بينێ و بگەريتەوە,بەلام دياردە تۆبە ناكا, بۆيە فر ێ ى دەدەمە سەرجيگاى تلانەوە بە ئيش و ئازار ,وە ئەوانەى زيناى لەگەڵ دەكەن دەيانخەمە تەنگژەى سەختەوە,وە منالەكانيشى دەكوژم,دەبێ هەموو كنيسەكان بزانن كەمن جەرگ و دلەكان دەپشكنم وو هەريەكى لە ئيوە بە كردەوەكانى ڕێزى هەيەلام,

نامەى پينجەم :بۆ كنيسەى ساردیس:

بنوسە بۆ خاوەنى كنيسەى ساردیس :من دەزانم تۆ هەربەناو زيندوى ,بەلام مردوى,ببوژێوەو شەونخونى بچيژە پيش ئەوەى مردن بت گاتێ ,من دەبينم كە كارەكانت لە بەردەم الله دا ناتەواوە,بزانە چ فيربووى و چۆنت وەرگرت,بگەڕيوەو كارى پێ بكە,كە شەو نخونى نەچيژى ,ديم وەكو دز ,نازان لە چ كاتيكدا بەسەرت دا دەدەم,

نامەى شەشەم بۆ كنيسەى فلاديفيا:

بنوسە بۆ خاوەنى كنيسەى فلاديفيا ,خاوەنى كليلەكانى داود پيت دەڵێ كە من كارەكانت دەبينم,ئەوامن دەرگايەكم بۆ كرديەوە كە كەس ناتوانى داى بخاتەوە,چونكە تۆ لە گەڵ ئەو لاوازيەشت كەليمەى منت پاراست و نكوليت لێ نەكردم,ئەو مەجمع وكۆمەلەى كە خۆيان بە يەهوديەوە هەلاوەسيوەو درۆ دەكەن ,وايان لێ دەكەم لە بن پيكانت سوجدەببەن,وەدەبێ بزانن كەمن تۆم خۆش دەوێ,چونكە تۆ بە ئارام بوى لە سەر راسپاردەكان,بەم زوانە دێم,تۆ ئيمانەكەت بپاريزە باكەس تاجەكەت نەدزى,چونكە كەسى ئيمان زال دەبيتە كۆڵەكەى پەيكەرى الله و هەرگيز لەو كۆڵەكە دەرناكەوێ,وە ئيسمى الله لەسەر نەخش دەكرێ و وەهروەها ئيسمى شارى نوێ ى ئۆرشەليمى لەسەر دەنوسرێ ,كە لە ئاسمانەوە دادەبەزى,هەروەها منيش ئيسمى نوێ ى خۆمى لەسەر دەنەخشينم,

نامەى حەوتەم:بۆ كنيسەى لا ودكيە:

بنوسە بۆ خاوەنى كنيسەى لاودكيە :شاهدى ئەمينى صادقى سەر ى دروستكراوەكانى الله پێت دەڵێ :كە ئاگام لە كردەوەكانت هەيە, تۆ نە ساردى ونەگەرمى ,خۆزگە يان سارد يان گەرم بوايەى,لە ناو دەمم دەت تفمەوە چونكە تۆ فاترو سڕى,دەڵێ ى من دەولەمەندم,تۆنازانى تۆ چەند فەقيرو دەستەوستانى,پيت دەلێم وەرە زێڕى تاقيكراوەى ناو ئاگرم لێ بكرە تا زەنگين بى,وە جلى سپيم لێ بكرە تاخۆتى پێ داپۆشى ,وەرەكلم

لێ بكرە تا چاوەكويرەكانت بينابيان بۆبگەڕێتەوە ,من تەنيا گلەيى لەو كەسانە دەكەم كە محبەتم بۆيان هەيە,وەرە گەرم وگوڕبەو بگەڕێوە,]]

هيماكانى ئەم بەشە:لەم نامانەش ئەوە زياتر دەسەلمێ كەمەسيح سولتانى كيشانى روحى پيدراوە,ئەوەتا بەژنەكەدەڵێ، منداڵەكانى دەكوژم,بەخاوەنى كنيسەكە دەڵێ، وەك دز دێم ودەت ڕفێنم,بە يەكێكى تردەڵێ ،لەناودەمم دەت تفمەوە، چونكە مەسيح تەواوكەرى بيست وچوار دەمژمێرى زەمان وكاتە، هەموو ڕوداوەكان لە چوارچێوەى ئەو بيست وچوارسەعاتانە ڕووددەن ،مەسيح پێشەنگ وئيمامى دەمەكان وزەمانە ،ئەوەى ئەو لەدەم وكاتى دەركا ،لە دەسەڵاتى زەمەنى بێ بەش دەبێ.

وەلەم روئيايە مەسيحيەكان زۆر لە فەرمانەكانى شەريعەتيان وەر گرتوە,وەك حەرامى زيناو گۆشتى سەربڕاو بۆ صەنەم و گەليك كارو كردەوەى تر ,دور نيە حەوت كنيسەو منارەكە حەوت كيشوەرى دنيا بن,

[[يۆحنا دەڵێ پاشان دەرگايەك لە ئاسمان كرايەوە,دەنگيك بانگى كردم,وەرە ئەو روداوەت پيشان بدەم كە ڕەت بونەوەى نيەو دەبێ روبدا, سەيرم كرد كە عەرش وبارەگايەكەو ئەوەى لەسەرئەو عەرشەيە وەك يەشب وعەقيقى سورە,وەلە دەورى عەرشەكەش كۆلكەزيرينەبە رەنگى زومەرد.

لە دەورەى ئەم عەرشە بيست وچوار عرشى تر هەيە,كە 24 بەسالا چوى لەسەر دانيشت وون تاجى ئالتونيان لە سەرە,لە عەرشى ناوەندەوە هەورو بروسكەو دەنگى سامناكە,وەلەبەرمبەريشدا حەوت مەشخەل هەن كە حەوت روحانيەكانن, وەلەبەردەم عەرشيش ئاويكى صاف ورون وزەلالى وەك بلور هەيە,لەدەورەى عەرش چوار بونەوەرى زيندو هەن كە لە پيشەوەو دواوە چاويان هەيە,يەكەميان لەشێوەى شێرو دوەميان لە شيوەى گۆلك و سێ يەميان سەرى وەك سەرى مرۆڤەو چوارەم لە سەرشيوەى نەسروهەڵۆيە,وەهەريەك لە بونەوەرانە شە ش باليان هەيەو لە ديوى دەرەوەو ناوەوى بالەكانى چاويان هەيە و شەو ڕۆژئەمانە لە

زكر كردندا به قدوس ياقدوس الرب الاله القدير ,بەردەوام هەبوەو بەردەوام هەيەو لەمەولادێ, ئەم چواره هەردەم تمجيدى الله دەكەن و بيست وچواردانيشتوەكەش هەموويان تاجەكانيان دادەنێن وبۆدانيشتوى سەرعەرش سوجده دەبەن دەڵێن،تۆ هەموشتيكت خەلق كردوەوبه ويستى تۆ هاتۆته دى و پەيدابوە,]]

هيماكانى ئەم بەشە:

چوار بونەوەرە زيندوەكە، هيماى چوار توخمەكەى زەوين ،كە زەوى لە چوار ئەيام و چوار ناوەند پيك هاتوە,شێرەكە پيك هاتەى ئاگرى و تيشكى و وزەيە,گۆلكەكە وشكانيە,نەسرەكە بەرگەهەوايە ,مرۆڤەكە ئاوە كە سەرى بەستەلەكى باكور لە مرۆڤ دەچێ ,

چۆنێتى دابەش بوونى 24سەعەتەكانى زەمان:

ئەگەر هەزار ساڵ كە ڕۆژێكە لە مەلەكوتى پەروەردگار بەسەر 24سەعاتەكانى دابەش بكەين دەكاتە42ساڵ ، كەواتە پەيامبەرانيش كە 24دانە ناويان لە قورئانى كتێبى ئەلف ويادا ااتوە هەريەكى كاتژمێرێكى 42ساڵيان لەهەر هەزارساڵێك بەردەكەوێ كە ئەوانيش وەك سەعاتەكان لە ڕۆژئاوابوونەوە سەعاتەكان دەست پێ دەكەن كە ساتى دابەزينى ئادەمە وهەربە ئێوارەش كۆتاييان پێ دێ بەم شێوە :

سەعاتى يەكەم: ئادەم وئاماژەيە بۆ دوادەم وكات وزەمان ودواساتى نويژى عصر كە ئەويش هەر مانا ى كات دێ ,هەرلەو ساتەدا ئادەم لە جەننەت هاتە سەرزەوى،لە جەننەت ئاوابوو ولە زەوى دەركەوت و غروب وغوربەتى ئادەميزاد دەستى پێ كرد.١-٤٢

ساتى دووەم: لە شەش بۆحەوت ٤٢-٨٤ ئيدريس عليه السلام.

ساتى سێ يەم:نوح تاكو هەشت . لە ساڵى٨٤-١٢٦

4- هود تاكو عيشاى يەكەم ١٢٦-١٦٨

5- صالح تاكو دە سێ يەكى يەكەم ١٦٨-٢١٠

6-يونس تاكو يازدە ٢١٠-٢٥٢.

7-شعيب تاكو سەعات دوازدەى نيوەشەو٢٥٢-٢٩٤

8-ئيبراهيم تا سەعات يەك كاتى وەتر و باوكى تاقانە پەرستى سێ يەكى دووەم ٢٩٤-٣٣٦

9-لوت تا دووى شەو كاتى دەربازبونى پارشيوى سەحەر٣٣٦-٣٧٨

1 0-ئيسماعيل تا سێ ى شەو كاتى وترو باوكى وترى پەيام بەران محمد.٣٧٨-٤٢٠

11-ئيسحاق تا چوارى بەربەيانى سێ يەكى كۆتايى- فەجرى يەكەم.٤٢٠-٤٦٢

12-يعقوب باوكى دوازدە سبتەكە تا پينجى بەربەيان فەجرى دووەم ٤٦٢-٥٠٤.

13- يوسف كە سيانزە ئەستيرە سجدەيان بۆ برد تا شەشى بەيان فەجر و صبحى صادق وهە ربە فەرجيش موبتلابوو .٥٠٤-٥٤٦

14- بدرى پەيام بەران موسى تا حەوتى شروق بەيانى ئەو كاتەى دەريای بۆ شەق بوو و فرعەونى تياخنكا ٥٤٦-٥٨٨

15- هارون تا هەشتى سەرلەبەيانى ٥٨٨-٦٣٠

16-داود تانۆچيشتەنگاو نوێژى زوحا ٦٣٠-٦٧٢

17-زولكفل تا دە ى قەيلوله.٦٧٢-٧٠١٤

18- ئەيوب تا سەعات يازدە وكاتى پيش زەوال.٧١٤-٧٥٦

19-سليمان تا سەعات دوازدەى نيوەرۆ كاتى زەوال.٧٥٦-٧٩٨

20 -ئەلياس تا سەعات يەكى پاش نيوەرۆ ٧٩٨-٨٤٠

21-اليسع تا دووى پاش نيوەرۆ ٨٤٠-٨٨٢

22- زەكەريا تا سێ ى دواى نيوە رۆ ٨٨٢-٩٢٤.

23- يەحيا سێ تا چوارى پاش نيوەرۆ ٩٢٤-٩٦٦

24 –عيسى روح الله چوار تا پينجى ى پاش عەسر دواكاتى نو يژى عەصرو تەواوى 24 سەعاتەكەى عە صر وزەمان بەعەرەبى پێى دەڵێن -رەوحە-قافيەى پێغەمبەران .-قفينا على اثارهم بعيسى ابن مريم.٩٦٦-١٠٠٨.

ئەم بيست وچوار پەيامبەرى سەعاتە كان هەريەكەى چل ودوو ساڵيان لە هەر هەزارەيەک بەردەكەوێ ،كە 42×24=

1008ساڵ.

ئەم بيست وچوار ساتانە كە لە سەردەمى هەزارەى سەبت هاتن ،بەهەمان شێوە لە سەدەى بيست ويەكەمەوە بەشێوەيەكى هێمايى وڕەمزى دووبارە دەبنەوە .

[[بەشى پينجەم:كتێب و كاوڕ:

يوحنا دەڵێ :لەلاى راستى ئەو كەسەى دانيشتبو لە سەرعە رش نوسراوێكم بينى كە لە دەرەوەو ناوەوەى نوسرابو-كتێبى ئەوسەردەمە وەك بابۆڵە لول دەدران- ئە م كتێبە بە حەوت مۆر وختم مۆر كرابوو,بينيم كە ملاك-فريشتەيەكى جبار و بەتوانا هاوار دەكا بە دەنگيكى بلند,كێ مافى ئەوەى هەيەو دەتوانێ نوسراوەكە بكاتەوەو مۆرو ختمەكانى بدڕێنێ؟,هيچ كەس نەبوو نەلە ئاسمان ونەلەسەر زەوى ونەلەژير زەوى ،بتوانێ كتێبەكەبكاتەوەو سەيرى بكا,يوحنا دەڵێ – زۆر گريام ،كاتێ بينيم كەس نيەنوسراوەكە بكاتەوە,يەكێ لە شيخەكانى سەر 24كورسيەكە پێ ى گوتم:مەگرى,ئەو شێرەى كەلە بنەمالەى يەهوزاو نەوەى داودە زاڵ بووەو سەركەوتوە, تەنيا ئەو كتێبەكە دەكاتەوەو حەوت ختمەكانى دەدڕێنێ,بينيم كە لەنيوان عەرش وچوار بونەوەرەكە كاوڕێك هەيە دەڵێ ى سەرى بڕاوە,ئەو كاوڕە حەوت شاخ و حەوت چاوى هەن كە حەوت

روحەكانى الله ن ,كه الله ئەم حەوت روحەى بۆگشت جيهان نارد،كاوڕەكه هات و نامەكەى له دەستەراستى كەسه دانيشتوەكەى سەر عەرش وەرگرت,كاتێ كەوەرى گرت,هەرچوار بونەوەرى زيندوو و هەر24شێخەكه سوجدەيان بۆ كاوڕەكه برد,هەريەكيك لەم كەسانه گيتاريك و كاسێكى پڕله بخوريان لابووكه ئەمانه نوێژى قديس و پيرۆزەكان بوو, ئەوان ئەو سروودەيان دەگوت:تۆ مافى ئەوەت پێدرا كه نوسراوەكه بكەيەوەو ختمەكانى بدڕێنى,چونكه تۆ سەربڕايى و كرايه قۆچى قوربانى بۆهەموو زمان وگەل و نەتەوەكان, وەلەناو هەمو مرۆڤايەتى كەهەنوت و ملكوتت دانا بۆ الله كه به ئيسمى ئەو لەزەويدا حوكم بكرێ,بينيم هەزاران هەزار فريشته به دەورى عەرش وبيست و چوار شيخەكەو چواربونەوەرەكه دەسورينەوەو بەدەنگى بەرز دەلين:كاوڕى سەربڕاو شايانى پێدرانى هيز وشيان وزەنگيني و حيكمەت و ڕێز لێ نانه,وه بينيم هەموو بونەوەرەكان له گەردوندا بەزمان هاتون دەڵێن:ستايش وسوپاس بۆ ئەو كەسەى له سەر عەرشه و بۆ كاوڕه سەر براوەكەى و مەجد و دەسەلات هەربۆ ئەوان, چواربونەوەرەكه گوتيان ئامين و 24 شێخەكه ركوع وسجوديان برد,]]

هێماكانى ئەم كۆپله:

الله فەرموى كه عيسا له خاچ نەدراوەو سەلب نەكراوەو ئەم پەيام بەرە سەعاتيانه كه عيسا ئيمامى هەمويانه تقلبات له ناوى ئيناوبۆشايى ورەحم وبوعد ودووری محمدى يەكەم شوێن ويەكەم عابدى الله دا دەكان و بەپێشەنگى مەسيح هەموويان ماسح ومالّەروپێوەرى بۆشايين، تەنيا محمد له خاچ وخەديجه دراوو پەيامەكەى له مالى خاچى خەديجة دابەزيو ەو و مەكان و بەلەده حەرامەكەى كه محمدتيايدا حەلالى ئەو بەلەده بو وەك قورئان پێى دەفەرموى :وانت حل بهذا البلد.

، عبدالله ى كوڕى زبير برازاى خەديجه وكوڕه پورزاى محمد كه حەوارى محمده له خاچ دراوه كه هەرئەو قورئانى ئيمامى چاخ وزەمكانى لەسەر ئەم ريزبەنديه بۆ عو سمان ريزبەند كردوه.ئەم عبد الله يه يەكەم منالى مهاجرين بوو كەلەمەدينه له كاتى كۆتايى هاتنى سەبت

وپەراوێزبوونى بونى ئيسلام دا لە دايك بوو,بەمنالى كاتێ پيغەمبەر سەرى چاك دەكرد,تۆزيك خوين لەسەرى هات سەرچاكەرەكەگوتى عبدالله برۆ بيرێژە,بەلام عبدالله خوينەكەى خواردەوە,كەواتە دەمو سەعاتەكەى محمد بوەهى عبدالله وەبلدو شارەكەى محمد،كە مەككەيە بوە پايتەختى خلافەتەكەى عبدالله , ديارە كەمەكە ومالّى لەحم كە ئاماژەن بۆ مەكان نەك بۆ زەمان بۆ عبدالله ى شەبيهى عيسان بۆيە عيسا بوە سەعاتى زەمانى ,وە شەبەهو بۆشاييەكە بۆمحمدوئوممەتى محمدمايەوە كە ئەوان لەخاچ دراوو سەلب كراوو فيداكارى ڕاستەقينەن،ئەوان كوڕى ئيسماعيلى فيداكراوو سەربڕاوو قوربانى پێدراون , راو بۆچون ودەقى جياوازلەنێوان سێ دينەكەدا هەن كە سەربراوەكەى ئيبراهيم ئيسحاق بوو يان ئيسماعيل ؟ ,جاكە ئيسماعيل بێ ئەوە محمدە و كە ئيسحاق بێ ئەوە عيسايە ,هەلبەت يەك لەو دوانە حەمل وكبش و زەبحە زەبەلاحەكەيە،بەبەڵگە سەلماوە كە محمد حليم ووەچەى غولامە حەليمەكە وحەملى سەربراوە،ئەودينەكەى بەزەبح وسەربڕين ولەوڵاتى قوربانى سەربڕين لە مەككە،نێردراوەو ئەو سەربڕينە قيبلەو ڕوگەيەتى،ئەو نەبى وهەواڵدەرى مەلحەمەيە،سورەتەكەى محمدى قتال وكوشتارە،لە ناودەستەكانى سەعات وزەمان بە شمشێر ڕەوانە كراوە،كەواتە محمد شوێن و عيسا وپەيام بەرانى تر زەمانن وبيست وچوارسەعاتەكەن كە عيسا كۆتايى وسەرواو قافيەيانە، وەمحمد كە بۆشايى بێ دەبێتە خاتەم وئاڵقەو شوێن وباوەش وپانتايى وبازنەى دەوردەرى هەموو پێغەمبەران كە ئەوان هەموو سەعات وزەمانى ومۆقەت وديارى كراون، تەنيا محمد وئوممەتەكەى گشتگيرى هەموو جيهانن وديارى نەكراون.

[[بەشى حەوتەم:حەوت مۆرەكە:

بينيم كە كاوڕەكە يەكەم مۆرى كردەوە, يەكێ لە بونەوەرە زيندوەكان بانگى كردم,گوتى وەرە ببينە, -يوحنا دەڵێ – چوم,بينيم كە ئەسپيكى سپى يەو سوارەكەى كەوانيكى پێ يە ,چەپكيكى پێ داو بە غالبى و سەركەوتوويى ڕۆى بەرەو سەركەوتن,

كه كاورەكه دووەم مۆرى كردەوه, دووەم له بونەوەره زيندوەكان بانگى كردم,گوتى وەره ببينه, -يوحنا دەڵێ – چوم,بينيم كه ئەسپيكى سوور ەو سوارەكەى شيرێكى پێ دراو توانای نەهيشتنى ئاشتى پيدرا له زەوى دا تا خەلك جەنگ لەگەڵ يەكتر بكەن ,

كه كاورەكه سێ يەم مۆرى كردەوه, سێ يەم له بونەوەره زيندوەكان بانگى كردم,گوتى وەره ببينه, -يوحنا دەڵێ – چوم,بينيم كه ئەسپيكى رەشەو سوارەكەى تەرازويكى پێ يه ,يەكى له بونەوەره زيندوەكان گوتى :كيلۆى گەنم به دينارێك وسێ كيلۆ جۆ به دينارێك,بەلام زەيت و مەى خراپ مەكه وتيكيان مەده,

كه كاورەكه چوارەم مۆرى كردەوه, چوارم له بونەوەره زيندوەكان بانگى كردم,گوتى وەره ببينه, -يوحنا دەڵێ – چوم,بينيم كه ئەسپيكى سەوزى رەنگ تێرەو سوارەكەى بانگ دەكرێ به مردن و مەرگ و مەنزلگاى مردوەكان به دواى دەكەوێ,ئەم دوانه توانيان كەبەسەر چواريەكى دانيشتوانى زەوى دا سەركەون تابيانكوژن,به شمشيرو برسيتى و مەرگ و درندەكانى سەر زەوى,

كه كاورەكه پينجەم مۆرى كردەوه,بينيم له ژير شوينى قوربانى دان سەربراوەكان له پيناوى كەليمەى الله و شەهادەى حەق هاواريان كرد, ئەى قدوسى حەق تكا دەكەين كه هيچى تر تۆله له دانيشتوانى زەوى مەستێنه بۆ خوين وتۆڵەى ئيمه, هەريەكێ لەم سەربراوانه پۆشاكيكى سپى پێ دراو پێ يان گوترا بێ دەنگ بن تا ژمارەكەى ئەوانەى پيويسته وەك ئەوان بكوژرين تەواو ببێ.

كه كاورەكه شەشەم مۆرى كردەوه, لەم كاتەدا بومەلەرزەيەكى بەهيز دێ,رەنگى رۆژ رەش هەلدەگەڕێ وەك رەنگى پرسەدارى,مانگ سور دەبێ وەك خوين,ئەستيرەكانى ئاسمان وەك هەنجير دەكەونه خوار كاتێ بايەكى بەهيز دار هەنجيرەكة رادەوەشينێ, ئاسمان وەك بابۆڵه لول دەدرێ,شاخ و دورگەكان هەموويان له شوينى خۆيان دەترازين,گەورەو بچوك ونيرو مێ له سەر زەوى هەموو پەنا دەبەنه بەر ئەشكەوتەكان و

بە شاخەكان دەڵين بەردمان بەسەر دادەو با لە چاوى دانيشتو لەسەر عەرش و كاورەكەى بزر بين چونكە ئەمرۆ رۆژى تورەبونى ئەوانە.]]

هيماكانى ئەم بەشە :

ئەم كتيبە نوسراوە ،وەك حەوت ڕوحەكانى پێشو ئاماژەيان پێ كرا ،ڕوح ونوسراو ،قورئانە، قورئان لە بەش كردنى صەحابەدا حەوت جزم بوو,جزمى يەكەم سێ سورەت بوو كە بقرة و نيساو العمران بوون,جزمى دووەم,لەمائدە تا يونس,جزمى سێ يەم لە يونس تا بنى ئيسرائيل ,بەشى چوارەم لەبنى ئيسرائيل تاشعرا,بەشى پينجەم لە شعرا تاصافات,بەشى شەشەم :صافات تا قاف,بەشى حەوتەم قاف تا ئاخيرى قورئان: بە ڕستەى (فمى بشوق)كورتيان دەكردەوە,كە فا فاتحةو ميم مائيدةو يايونس وبا بنى ئيسرائيل و شين شعراو واو والصافات قاف سورةتى قاف بوو, هەربۆيە لە روئياكە يوحنا عبدالله عيسى دەبينێ كە شمشيرى لەدەم دايە كە ئاماژەيە بۆ فمى بشوق ,ئەم حەوت جزمە عبدالله ى كورى حەوارى و لەخاچ دراو بە دەستى خۆى دوو جار لە ژير سەرپەرشتى زەيدى كورى سابت ئەم قورئانەى كۆ كردەوەوڕيزبەندى و تەرتيبى يەكەمى كۆنى گۆڕى كە كۆتاى يەكەى سورەتى تەوبە بوو بەتەرتيبى ئيستا,لە سەردەمى عوسمان دا,ئەم فمى بشوقە ختمە نوێ ى يەكانن و ختمەكۆنەكانى لابردن,حەوت چاوو روحەكەش ئەو حەوت نوسخەن كەلە بەر مصحفى ئيمام گيران ورەوانەى هەموو ويلايەتەكانى جيهانى ئيسلام كران وتائيستاش قورئانەكانى دنيا بە هەموو قرائاتەكانيان لەم حەوت روحە وەر دەگيرين ,بيگومان كەلام وقورئان روحە ,روحى هەرئومەتيك كتابەكەيەتى, نوسخەكانيش بريتين لە نوسخەى مەدينة مصحفى ئيمام و نوسخةى مەككةو نوسخەى كوفةو نوسخەى بەصرەو نوسخەى شام و نوسخەى مصرو نوسخەى

يەمەن.

جا كه قورئانيش بەرامبەر به كاكيشان راگرى ,دەبينى كه كه خۆر لاى چەپى مەجەدەى كاكێشانەلە نەخشەى فەلەكى،وه سورەى شمس له جزمى عم لاى چەپى قورئانه,لاى راستي مەجەرەى كاكێشان فەلەك ناسان دەڵين غوباريكى پچر پچرى گەورەيە,له لاى ڕاستى قورئانيش سورەى بەقەرە سەربراوەكەى موساو بەنو ئيسرائيله . كەواته كاكيشان هيلكەدانى منداڵدانى گەردونه,قورئانيش ڕەحم وڕەحمەته له جيهان.به دابەزينى هێلكه ى منداڵدان ووپاك بونەوەشى لەهێلكه هەردەگوترێ قورئ،به هاوبەندى هاوسەرگيريش دەگوترێ قيران وئيقتيران،بۆيه قورئان پەيوەندى بەڕەحەم و ڕەحمان و ڕەسولى نێردراو رەحمەتەن للعالمين هەيه،باسى ئەوەمان كردكه محمد يەكەم عابدين بێ ،چونكه ئەو بۆشايى ودووری وپانتايى ومنداڵدانى هەموو ڕوداوو جوڵەو داهێنانەكانه ،قورئانيش دواى الرحمن عەلەم وئالاو ناسنامەو ناونيشانه،پێش بوونى مرۆڤ وئينسان وزەمين وئاسمان وڕۆژو مانگ قورئان هەبوه، وەک لەسورەتى رحمن باسى هاتوه، كەواته قورئان كەتەڵۆک ونەخشەى ئەم گەردونەو فەلەک وكەشكەشانانەيه پێش دروست كرانيان..

الرحمن*علم القران*خلق الانسان*علمه البيان*الشمس والقمربحسبان*والنجم والشجر يسجدان*والسماء رفعهاووضع الميزان*..

ئەمەش ڕيزبەندييەكى ترى دەركەوتن وبەديهاتنى بونەوەرانه،كه ئەويش هەروەک ڕۆژەكانى تەورات،له هەرئايەتێک باسى جۆرێک له دروست كراوەكان دەكا.

الرحمن، واته ڕحمانى الله، ڕحمانى الله ،بريتيه له ئيناودەفروبۆشايى ولەوح وڕەحمەتى الله ،رحمەتى الله كه يەكەمينى دووريەكانه،يەكەم پانتاييه،اول العابدينه،ڕەحمەته بۆ جيهانيان ،خاتەمو ئەڵقەى بۆشايى گشت ڕوداوەكانه، ئەمانه هەموو جياكەرەوەو پايەكانى محمدى ساحب وخاوەن وخواى مسوڵمانانه،ئەو بۆشايى وخەووايه،كەرەستە خاوى ئەم بونەوەرەيه،ئەگەرخاتم بەماناى كۆتايى بێ،الله لەدواى ئەو هيچ دەفرێكى تر دروست ناكاو پڕى ناكا له دروست كراو، جا ئەم رحمانه ميهرەبانه زاڵه بەسەرده بونەوەرەيەى پێ براوەكانى گەردون، علم القران، ئەو

بۆشايى خاوى ڕحمان ،قورئانى كردە،عەلەم وئاڵاو نيشانە،ئەو لەوحێكى خاڵى بوو،سەرسنگى خۆى كردە ناوەرۆك وتەرخان كراو بۆ قورئان خوێندرانەوە،لە دياردە ئاسمانيە كان يەكەم دێڕى خوێنراوەو قورئان دانرا،كەڕۆژومانگ وئەستێرەوهەسارە وكلكداروئاسمانى پڕ هاوسەنگى بوو،لەدێڕى دووەميش زەمين و ميوەو درەخت وڕوەك ودياردە جياوازەكانى بوون،پاش هەموو ئەمانە جن وپەرى هێنرانەبوون ودواى ئەوانيش مرۆڤەكان دروست كران.

ئەگەر محمدوئومەتەكەى كۆش ومندناڵدان وبۆشايى بن،عيساو پەيام بەرانى ترى زەمانى، قورئان و روح و وشەو كەليماتن ،هەربۆيە نوسراوەكە ى روئياى يۆحەنا قورئانە ،قورئان حەوت جزمە، حەوت قيرائەتى متەواترى هەيە، بەحەوت حەرف دابەزيوە،كە حەوت مۆرەدڕاوەكان حەوت حەرفەكەبن كە قورئانيان پێ دابەزى و لەناوبران،قورئان بە حەوت شێوە هاتۆتە خوارەوە وەك لەبوخارى و موسليم لە عومەرەوە گێڕاويانەتەوە كە پێغەمبەر عليه السلام فەرموى :

إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ أُنْزِلَ عَلَى سَبْعَةِ أَحْرُفٍ، فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ. رواه البخاري ومسلم.

واتە: فەرمووى، ئەم قورئانە لەسەر حەوت پيت دابەزيوە، ئێوەش ئەوەندەى بۆتان دەكرێ بيخوينندەوە.

[[بەشى حەوتەم:پاراستنى بەندەكانى الله:

يوحنا دەڵێ:پاشان بينيم كە چوار مەلائيكە لەچوار كەنارى زەوى راوەستان,هەرچوار بايەكانى يان راگرت ونەيان هيشت باكان بەسەر وشكانى و دەرياكان و درەختەكاندا هەل بكەن,پاشان مەلائكەيەكى ترم بينى كە لە رۆژهەلاتەوە دەركەوت و مۆرى الله ى زيندوى پێ بوو,بە دەنگى بەهيز هاوارى دەكرد لە وچوار مەلائيكەى شيانى زيان گەياندنيان پێ دراوە، كە هيچ زيانيك دانەبەزينن ,تا نيو چاوانى بەندەكانى الله مۆر نەكەين, وە بيستم كە ژمارەى نيو چاوان مۆر كراوان سەدو چلو

چوار هەزار كەسە لە هەر دوازدە بەرەبابەكەى ئيسرائيل ,دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى يەهوزا, دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى رائوبين, دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى جاد , دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى ئەشير , دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى نفتالى , دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى منەسسەى, دوازدا هەزاركەس لە بنەمالەى شەمعون, دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى لاوى, دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى يە سسا كيرا, دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى زەبوللون, دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى يوسف , دوازدە هەزاركەس لە بنەمالەى بە نيامين.

پاشان بينيم جەماوەريكى زۆر لەجۆرەها گەل ونەتەوەو زمان و رەنگ راوەستاون لەبەرامبەر عەرش وحەمل ,هەمو جلى سپيان لەبەر كردوەو چڵە دارى خورمايان بەدەستەوەيە,هەمو دەلين نەصرو سەركەوتن بۆ الله ى دانيشتو لە سەر عەرش و كاوڕوحەملەكەى ,لەم كاتەدا مەلائيكەكان سوجدەيان بۆ الله برد و گوتيان حەمد وستايش وسوپاس و مەجد وسەرداری وسەروەری وحيكمەتو ريز و هيزو شيان وتوانا بۆ الله هەتاهەتايى ئەبدى دهوروڕۆژگارەكان ,ئامين,

يە كيك لە شيخەكان لێ ى پرسيم ,ئەم جل سپيانە لە كوێ بوون ولە كويوە هاتون؟ گوتم سەيدى من ئەوە تۆ باشتر دەزانى, شيخەكە پێ ى گوتم:ئائەوانە ن كە دەربازيان بوە لە محنەت و تاقى كردنەوەى گەورە,جلەكانيان سپيە چونكە شوشتويانە بە خوينى كاورەكە,هەربۆيە ئەوانە لەناو هەيكەل وپەيكەرى الله ن و شەوو رۆژ پەرستشى دەكەن, وە دانيشتوى سەر عەرشيش بە سيبەرى خيوەتەكەى سيبەريان بۆ دەكا,ئەوانە نەبرسى دەبن و نەتينو ,نەتيشكى خۆر لێ يان دەدا,چونكە كاوڕوحەملى ناوەراستى عەرش سەرپەرشتيان دەكاو بۆچاوگ و سەرچاوەى ژيان رينمايى يان دەكا, الله فرميسكەكانى چاوەكانيان دەسريتەوە.]]

ئەگەر بەشى پێشووى ڕوئياكە ئاماژەبوبێ بۆ سەدەى يەكەمى ئيسلام،ئەم بەشە ئاماژەيە بۆ سەدەى دووەم ،چوارمەلاک چواریاکانیان

پێدرا،چورئيمام وپێشەواكەن ،كە لەوسەدەى دوەمە بێ كەوان كەس پەنجەى بەئاودا نەكرد،ئەم دوازدە بەرەبابى ئيسرائيليش ئاماژەيە بۆ دوازدە ئيمامى شيعەومەلاكى پێنجەم ئاڕاستەومەزهەبى پێنجەمى شيعەيە، ئەوبەرگە سپيانەى دارخورمايان بەدەستەوەيە ئاماژەيە بۆ بوژانەوەى ژيانوزمان وڕێزمانى عەرەبى لەسەدەى دووەمى ئيسلام دا،هەردەڵێ ى باسى ئەوفەرمودەى حەوت دەستەكەدەكا كەلە مەحشەردا لەژێرسێبەرى عەرش دا دەحەوێنەوە لەوڕۆژەى كەهيچ سێبەرێكى تربوونى نيە.

[[بەشى هەشتەم:مۆرى حەوتەم:

كاتى كە حەملە كاورەكە مۆرو خەتمى حەوتەمى كردەوە,ئارامیەك بۆ ماوەى نيو كاتژمير باڵى بەسەر ئاسماندا گرت,پاشان ديتم كە حەوت مەلائيكە لەبەردەم الله دا وەستاون ,هەريەكەو كەرەناو بۆقيكيان پێ درا,مەلائيكەيەكى تر هات كە بخوردانيكى ئالتونى پێ بوو,بخوردانەكەى لە ئاگرى سەربڕين خانەو مەزبەحەكە پڕ كرد ,پاشان فڕێ ى دايە سەرزەوى,بەمەش هەورەتريشقەو زەمين لەرزە ى دروست كرد,مەلائكەكان ئامادەبوون كە فو بە كەرەناكاندا بكەن,مەلائيكەى يەكەم فوى بە كەرەنادا كرد,تەرزەو ئاگرو تيكەل بەخوێن بەسەر زەوى دا كەوتن,سێ'يەكى زەوى و سێ يەكى درەختەكان و هەموو سەوزەو روەكەكان سوتان, مەلائيكەى دووەم فوى بە بۆقەكەدا كرد,شاخيكى هەلايساو وەك مەشخەل بەسەر زەوى دا كەوت,سێ يەكى دەرياو زەرياكان گريان گرتو سێ يەكى بونەوەرانى دەرياكان و سێ يەكى كەشتيەكان سوتان, مەلائيكەى سێ يەم فوى بە كەرەناكەدا كرد ,ئەستيرەيەكى گەورەى وەك بليسە ئاگر كەوتەناو روبارو سەرچاوە ئاوەكان كە ناو ى گوژالك بوو,ئاوى روبارو سەرچاوەكانى كردە زەقنەموتى تاڵ ,وەزۆر بەهۆى تاڵى ئاوەكە مردن,مەلائيكەى چوارەم فوى بە كەرەناكەدا كرد,سێ يەكى رۆژو مانگ وئەستيرەكان پيكران,تاريكى سێ يەكى بونەوەرى گرتو رۆژگارو شەوگار سێ يەكى روناكيەكەيان لە دەست دا, لەم كاتە سەيرم كرد كە نەسريكى فڕيو لە ئاسمان دەڵێ :وەيل بۆ خەلكى سەرزەوى بۆ ئەو كەرەنايانەى ماون.

بەشى نۆيەم:

مەلائيكەى پينجەم فوى بەكەرەنادا كرد,ئەستيرەيەك لە ئاسمانەوە كەوتە خوار كە كليلى دۆزەخى هاويەى پێ درابوو,كاتێ كە ئەستيرەكە ئەو بيرەى كردەوە دوكەليكى وەك دوكەلى رەشى حەمامى لێ دەرچو,هەموو زەوى تاريك كرد,لەم دوكەلە كوللە هاتە دەر ,كە رووى هەموو زەوى داپۆشى,ئەم كوللە دەسەلاتى دوپشكەى زەوى پێ درا,وەبەو كوللانە گوترا كە هيچ زيان بە سەوزايى و رووەك و درەخت نەگەيەنێ ,تەنيا ئازارى ئەوكەسانەبدا كە نيوچاويان مۆر نەكراوە,وەپێ ى يان گوترا كەنەيان كوژن بەلكو بۆماوەى پينج مانگ بە ئازارى پيوەدانى دوپشك ئازاريان بدەن, لەم ماوەدا خەلك چاوەرێ ى مردنيان دەكردو بەلام مردن نەبوو,كووللەكان دەتگوت ئەسپن ,دەم و چاويان وەك مرۆڤ وكلكيان وەك كلكى دوپشك بوو,پرچيان وەك پرچى ژنان بوو,ددانيان وەك كەلبەى شێرو سەركردەكەيان ناوى ئەبو دون يان ئەپۆللۆن بوو, ئەمە وەيلى يەكەم بوو,

مەلائيكەى شەشەم فوى بەكەرەنادا كرد دەنگيك لە چوار كەرەنازيرينەكەى مەزبەح و قوربانيگا دەرچوو,دەنگيك بە مەلائيكەى شەشەمى گوت كە ئەو چوار مەلائيكە بەستراوەى لە كەنارى فرات بەستراونەوە بەربدە,ئەم چوار مەلائيكە ئامادەكرابوون بە دەم ژميرو رۆژو مانگ وساڵ,ئەمانە سێ يەكى مرۆڤايەتى دەكوژن ,ژمارەى سوپاى ئەم جەنگە دووسەد مليۆن سەربازە,ئەسپ سوارەكان زريكانيان لە ئاگربوو,يان لە كبريت وياقوتى سووربوو،,سەرى ئەسپەكان وەك سەرى شێر بوو,لە دەميانەوە ئاگرو كبريت ودوكەل دەردەچوو,كە سێ يەكى مرۆڤايەتى بەم سێ بەلايە لەناوچوون,هەروەها كلكى ئەسپەكان وەك ماربوو كە پيوەى دەدا,بەلام ئەو مرۆڤانەى لەم هەمو بەلايانە دەرباز بوون ,وازيان لە بەدكارى وسوجدەبردن بۆ شەيتانەكان و ئەصنامى زێرو زيو و مس و بەردو تەختە نەهينا كەنەتواناى بيستن وبينين ورۆيشتنى هەيە,تەنانەت وازيان لە كوشتن وسحرو زيناو دزينيش نەهينا,]]

ئەم بەشە هێمایە بۆ چەرخی سێ یەم وتا ساڵی نۆسەدی زاین، ئەو سێ یەکانە ئاماژەن بۆ ئەوەی سێ یەکی جیهان بەدەست دوو ئیمپراتۆری ئەندەلوس وبەغدای ئێسلامی یەوەبوو، ئەوکوللانە ئاماژەن بۆ زۆری سەربازەکانیان ،ئەو وەیل ووێرانکاریانەئاماژەن بەجەنگ وکوشتارو دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی زنج وخەوارج وخۆراسان وشەڕەکانی نێوان فەڕەنگ وبێزنەتەو ئەندەلوس وبەغدا کە هەرچواریان لە ئەوپەڕی دەسەڵات دابوون.

[[بەشی دەیەم: مەلایکەو کتابە بچکۆلەکە:

بینیم کە مەلائیکەیەکی جەبار لە ئاسمان هاتە خوار کە هەوریکی لەبەر کردبوو,کۆلکە زیرینەی لە سەر سەربوو,رووی وەك خۆر و قاچەکانی وەك دوو کۆڵەکەی ئاگرین بوون,کتیبیکی بچوکی کراوەی بەدەستەوەبوو,قاچی راستی لەسەر بەحرو هی چەپی لە سەر بەر بوو,بەدنگیکی وەك شێر نەراندی و حەوت هەورەکە دەنگەکەی ئەویان دوبارە کردەوە, یۆحەنا دەڵێ کاتێ ویستم دەنگی حەوت هەورەکە بنوسم ,دەنگێك لە ئاسمان پێ ی گوتم مەی نوسە-

بەلام مەلایکەکە م دیت کە دەستی بۆ ئاسمان بلند کرد,سویندی خوارد بە هەمیشة زیندوی حەی هەموو سەردەمەکان,کە خالقی زەوی و دەریاو ئاسمان و ئەوی لەناویاندایە,کە نابێ سستی هەبێ,هەرکاتەی مەلاکی حەوتەم فوی بەکەرەنادا کرد سرو نهینی الله تەواو دەبێ، هەروەك بەندە پەیامبەرەکانی هەوالیان پیداوە,

یۆحەنا دەڵێ:دوبارەدەنگەکە بانگی کردم کەبچم ئەو کتابە بچوکە لە دەستی مەلاکەکە وەربگرم,منیش چومەلای وگوتم ئەو کتابەم بدەیە,گوتی ئەو کتابەوەرگرەو قوتی بدە،دەبینی لەدەمت هەنگوینەو لەناو هەناوت تاڵە ,منیش وەرم گرت وقوتم دا بینیم کەلەسەر زمانم شیرین ولەزگمدا تاڵ بوو, پیم گوترا کە دەبێ دووبارە لە ناو زۆر لە گەلان و نەتەوەو پاشاکان پەیامبەرو هەوال دەربی,]]

ئەمە دوا سەدەى عروبەو تەواوكەرى چوارسەدسالّى ئيسلام وهەزارسالّى زاينە، ئەو كتێبە بچوكە  مەتن وزانست وهونەرێكە كە لەسەربنچينەى ئەوكتابە دەولّەتێک وئيمپراتۆريەک دادەمەزرێ كە نيوەى لە وشكانى ونيوەى لەدەريادايە،هەرچەندە ئيمامى غەزالى كە يەكێكە لەدامەزرێنەران وگەشە پێدەرانى زانستەكانى كەلام وفەلسەفەوتەسەوف وئوسولّى فقە ورێساكانى فقە ،،،هتد لەم سەردەمە ژياوە،بەلّام پێدەچێ ئەوكتێبە بچوكە ،لەبارەى زانست وعلمى عەقيدە بێ ،مەتنێكى پتەوى عەقيدەيى  بێ، كە لە هەزارەى دووەم دەولّەتەكانى زەنكى،ئەيوبى ،سلجوقى، خوارزمى،،،فاتمى،،موەحدين ،مەغۆلى ،،تەيمورى ،عوسمانى ،، ،،هتد هەمويان لە سەربنچينەى عەقيدەو بيروباوەڕدامەزران..

[[بەشى يازدەهەم:دوو شاهيدەكە:

يەكيك قاميشيكى وەك لولەى دامێ وپێ ى گوتم:هەستە ،پەيكەرو هەيكەلى الله و مەزبەح وشوێنى قوربانى بپيوەو بگەڕيوە بۆلاى سوجدەبەران ,بەلام مەيدانى دەرەوەى هەيكەل وازلێ بينەو پێوانەى مەكە,چونكە ئەوە جێ هيلراوە بۆ ئوممەتەكان,

لەمەولا بۆماوەى 42 مانگ شارە پيرۆزەكە دەخەنە ژير پێ يەكان ودەى شێلن,دوو شاهيدحال لە لاى خومەو دەنيرم كە مسوحيان پۆشيوە,بۆماوەى 1260 رۆژ پەيام دەدەن وهەوال دەدەن,ئەم دوو شاهيدانە ئەو دوو دار زەيتونەو دوو منارەن ,كەلەبەر دەم پەروەردگارى زەمينن,هەركەسێ هەولى دا ئازاريان بدا,ئەوە لەناو دەميانەوە ئاگر دەردەچێ و دوژمنەكانيان دەسوتينێ,ئائەوا هەرچى ويستى ئازاريان بدا لەناوبچى,دەسةلاتى داخستنى ئاسمانيان پێ دراوەلە رۆژانى پەيامداريەكەيان باران نابارێ,دەتوانن ئاو بكەنە خوين وجۆرەها بەلابەسەر زەوى دا بينن,جا كە ماوەى پەيامەكەيان تەواو كرد درندەى ناو هاويە دەردەكەوێ وملانێ لەگەڵ ئەو دو شاهيدە دەكاو بەسەرياندا سەر دەكەوێ و دەيان كوژێ,دوو لاشەكەيان بەجێ دەمينێ لە گۆرەپانى شارەگەورەكە كە پێ ى دەلين سەدوم ,يان ميصر كە خاوەنى ئەم دوو شاهيدە لەو شوينە لە خاچ دراوە,بۆماوەى سێ ڕۆژ خەلكى لەگەلان و

هەموونەتەوەكان پۆل پۆل دێن وسەيرى لاشەكانيان دەكەن, نايەلن بنيژرێن,دليان بە لە ناوچونيان خۆشەو لە خۆشيانا دياری دەبەشنەوە,چونكە ئەودوو پەيامبەرە سزايان بەسەر خەلكی زەوی دا هينابوو,بەلام پاش سێ رۆژونيو زيندو دەبنەوەو لەسەر پێ كانيان دەوەستن ,ترسيكی زۆر باڵ بەسەر شارەكە دەكيشێ,دەنگيك لە ئاسمان بانگيان دەكاو بەبەرچاوی نەيارەكانيان سواری هەور دەبن و بەرز دەبنەوە ئاسمان ,لەو كاتەدا بومەلەرزەيەك لە شارەكە دەداو دەيەكی شارەكە لەناو دەباو ئەوانەی ماونەوە باوەر بە اللە ی ئاسمانەكان دينن و دەگەڕينە وە,

وەيلی دوەميش تەواو بوو ,ئيستا كاتی وەيلی سێ يەمە,]]

ئەم دوو شاهيدە مەسيح ومحمدو هەردوودينی نەسرانی و ئيسلامن،تاساڵی 1260 ئەم دوو دينە لەسێ كيشوەری جيهانی كۆن دەسەڵات داربوون ،هەموو پەيڕەوو دينەكانی ترلە ژێردەستی ئەم دوو دينەدابوون،هەركە دينەكانی ترگەلەكۆمەكيان لە م دوو دينە بكردايە سەركەوتو نەدەبوون، ماناى گيرانەوەو دەرگاگرتنی باران ،واتە هەواڵ ودەنگ وباسی ئاسمان لەوسەردەمە قەدەغەبوو وەك لەسوڕەتی جن وئەحقاف وسافات و،،زۆرسورەتیترباس كراوە كەهەواڵی ئاسمان وچونی جن ومارديەياخيەكان سنوردارکرابوو،دواى 1260 وەحشی هاويە،مەغۆل دەركەوت ووڵاتی ئەودوو شاهيدەی پێچايەوەو وادەزانرا كە ئيترشارستانی ئيسلام ومەسيحيەت كۆتايی دێ ،بەم شێوە ،سێ ڕۆژونيو هێمايە بۆئەو ماوە مەينەتيەی كەئەودووشەهيدە كەوتبوون و دينەكانی تر ی جگەلە ئيسلام ونەسرانی دڵيان خۆش بوو، بەڵام دواى سێ ڕۆژەكە ئەم دووشەهيدە زيندوو بوونەوە ،شەهيدی نەسرانی بە بەرپابوونی شۆڕشی ڕێنيسانس وبوژانەوە ی تالوتی و زيندووبونەوەی ئيسلاميش بە دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانی جالوتی ، ئيدی ئەم دوودەوڵەتە ماوەيەكی زۆربەيەكەوەژيان ،تا تەنگی بەتالوت هەڵچنی ،ئەوەبوو داودی بەريتانی شۆڕشی پيشەسازی كردوهات جالوتی عوسمانی كوشت.ئەمە ئەوخەونەبوو كە محمد عليه السلام بينيبوی كەتەوافی دەوری كەعبەدەكاو

دەجاليش هەردوو دەستى داناوەتە سەردووشانى و ئەويش بەدواى دا تەواف دەكا،لەخەونەكە دوعا دەكاكەلەكۆڵى بێتەوە،لە واقيعيشدا داودى براى عليه السلام لەكۆڵى دەكاتەوە.

[[كەرەنای حەوتەم: كە مەلاكى حەوتەم فوى بە كەرەنا دا كرد ,دەنگيك هاوار دەكا :ئيستا مولكى جيهان بۆ پەروەردگارو بۆ مەسيحەكەيەتى,لەم كاتەدا هەر24 شيخەكە بە سەر ڕوودا كەوتن و سجدەيان بۆ الله برد, گوتيان ئيمە سوپاس و حەمدى تۆ دەكەين كە تۆ پەروەردگارى قەديرو تەوانا ى،مولك هەرهى تۆيەو هەربۆ تۆ دەبێ هەتا ئەبەد, ئيستا كاتى پاداشت دانەوەى پەيام بەران وقديسانت هاتوە ,كاتى ئەوەهاتوە كە ئەوانە لەناوبەرى كە زەوى لەناو دەبەن,

يەكەلى الله لە ئاسمان كرايەوەو تابوتى عەهد دەركەوت,هەورەبروسكەو هەورەتريشقەو زەمين لەرزەى زۆر هات و تەرزەى گەورەوزۆر بارى,

بەشى دوازەهەم:ژنەكەو تنينەكە:

ئايەت ونيشانيكى سەر سورمين لە ئاسمان دەركەوت,ژنيك خۆرى لەبەرە و مانگ لە ژێر قاچەكانيەتى ,لەسەر سەرى تاجيكى دوازدە ئەستيرەى لە سەرە,ئاوسەو لە ژانى مندال بوندا دەقيژينێ,هەر لە ئاسمان ئايەتيكى تر دەركەوت,تەنينيكى سور وەك ئاگر حەوت سەرى هەبوو,دەشاخى هەبوو,لەسەر هەر حەوت سە رەكەى تاج هەبوو,بە كلكى سێ يەكى ئەستيرەكانى ئاسمانى تەقاندەوەو هەلى وەراندنە سەر زەوى ,تەنينەكە لەبەردەم ژنەكە راوەستا ,چاوەڕێ بو تاكەى منداڵەكەى بوو قوتى بدا,ژنەكە كوريكى بو,ئەوە ئەو كوڕەيە كە حوكمى خەلكى زەوى دەكا بە داردەست و عەساى ئاسنين,منداڵەكە فڕێنرا بۆلاى الله و ژنەكەش هەلات بەرەو بيابان, الله پەناگەيەكى بۆ ماوەى هەزارو دوسەدو شەست رۆژ بەشى بژيوى دەكا,

ميكائيل و مەلائيكەكانى بوە جەنگيان لەگەڵ تەنينەكەو مەلائيكەكانى ,بەلام لايەنى تەنينە شكان و تەنينەكە لە ئاسمان دەر كراو فڕێ درايە

سەر زەوى, ئەو تنينە يةكە ناوى ئيبليسە و شەيتانە ,كە هەموو دنياى هەل خەلەتاند وئەوو مەلايكەكانى كەوتن,

دەنگيكم بيست لە ئاسمانەوە كە دەڵێ,ئەمرۆ دەسەلات و توانا بۆ الله و بۆ مەسيحەكەى ,چونكە ئەوەى هەردەم براكانمانى تاوانبار دەكرد ودوزمانى دەكرد لاى الله ئەمڕۆ بە خوينى حەمل وكاوڕ بەسەريدا سەركەوتين و لە ئاسمان دەر كرا,دەى خەلكى ئاسمانەكان دڵ خۆش بن, بەلام وەيل بۆ ئەهلى بەڕو بحر،دانيشتوانى زەوى، كە تەنينى بۆچوە,

تەنينەكة دەستى بە ئازار دانى ژنەكە كرد كە كوڕەكەى بو,بەلام ژنەكە بەدوو باڵى نەسرى پێ دراو فڕى بۆپەناگەكەى لە بيابان,تەنينەكە لە دەميەوە روباريكى نارد تا ژنەكە لە بيابان هەلگرێ وبيهينێ بۆلاى,بەلام زەوى دەمى كردەوەو روبارەكەى قوت دا,تەنينەكە دەستى كرد بەكوشت وبرى وەچەكانى ژنەكە كە كاريان بە راسپاردەكانى يەسوع دەكرد, تەنينەكە لەسەر لمى رۆ خ دەريا وەستا,

بەشى سيازدەهەم:دوو دڕندەكە:بينيم كە درندەيەك لە دەريا دەرچوو,حەوت سەرو دەقۆچى بە تاجى هەبوو,بە پلنگ دەچوو,قاچەكانى قاچى ورچو دەمى دەمى شێر بوو,تەنين هەموو دەسەلات وهيزەكەى رادەستى ئەم درندە كرد, درندەكە بەوهۆيە وە لە دەردەكوشندەكەى دەربازى بوو,خەلكى سەر زەوى هەمويان سوجدەيان بۆ تەنين ووەحشەكە برد,درندەكة كوفرى گەورەى دەكردن,بۆماوەى 42 مانگ دەسەلاتى پێ درا, ئەم درندە دژايەتى ئيسمى الله و قديس وپيرۆزيەكانى الله ى دەكردو بەسەرياندا زال دەبوو,هەروا دەسەلاتى بەسەر هەموو زمانەكان و گەلەكان و ئوممەتەكاندا هەبوو,زەوى هەموو سوجدەيان بۆ دەبرد,ئەوانە ئەوكەسانە بوو ن كەناويان لە ناو كتابى ژيان وكاوڕو حەملى سەربراودا نەبوو, هەركەسێ دوو گوێ ى هەيە با ببيستێ,هەركەسێ لە چارەنوسى نوسرابێ كە بۆ ئەسيرى وديلى پال بدرێ ,هەر پاڵ دەدرێ بۆ ديلى,وە هەر كەسێ لە چارەى نوسرابێ كە بە شمشێر بكوژرێ دەبێ هەربەشمشير بكوژرێ,ئيمان و ئارامى قديسان ئاليرەدايە,

پاشان دیتم كه وەحشیكی تر له زەوی دەركەوت,دوو قۆچی وەك قۆچی كاوڕی هەبوو,ئەویش هەمان كاره بەدەكانی تنینەكەی دەكرد له قسەو كردەوه, ئەم درندەی دووەمه خەڵكی زەوی هەڵنا كه سوجده بۆ وەحشی یەكەم ببەن,معجزەی زۆر سەرسورهینی ئەنجام دەدا,ئاگری له ئاسمانەوه دینایه زەوی,فەرمانی كرد كه وینەی درنده كۆنەكەی یەكەم دروست بكەن و پەیكەری بۆ بتاشن,ئەویش فوی له وینەی درندەكه كردو وای لی كرد كه بجوڵێ وبڕواو قسه بكا, هەرچی سوجدەی بۆ وینەی وەحشی یەكەم نەبردایه وەحشی دووەم دەی كوشت,هەروا خەڵكی ئیجبار كرد كه تاتۆو وەشمی وەحشی یەكەم لەسەر نیوچەوان و دەستی راستیان بكیشن ,خەڵكی بەگەورەوبچوك ونیرومێ ناچاری ئەمەبوون,ئەوەی ئەو نیشانەی نەبوایه نەی دەتوانی نەبكڕل ونەبفرۆشێ, یان بەئەندازەی ژمارەی درندەكت, كه ئمارەكەش وەك ناوی مرۆڤ بوو كه 666 بوو,]]-دیاره بەپێ ی پیتەكانی ئەبجەد ناوی مرۆڤ =666.

لێكدانەوەی هێماكان:

كرانەوەی ئاسمان ودەركەوتنی تابووتی عەهد ،هێمایه بۆ بوژانەوەی ئەوروپای تالوتی ئیتالی وڕێنیسانس.

لێرەش ئاماژەیەک هەیه به 1260ساڵەكەی دووشاهیدەكه،ئەم ژن ومنداڵه ڕوویەكی تره بۆ ئاماژه كردن به هەردوو پەیامی ئیسلام ونەسرانیەت ،محمدی ومەسیحی لەسەرشێوەی دایكێک ومنداڵێک، منداڵه فڕێندراوەكه بۆئاسمان مەسیح وئوممەتی كریستیانن، دایكه هەڵاتوەكه بۆ بیابان ئوممەتی ئیسلامه، تنینەكه چین ومەغۆله ،دوو دڕندەو وەحشه گەورەوبچوكەكەش دەوڵەته تورکی زمانەكانن هەرله تەیموری وعوسمانی وسەفەوی ودەوڵەتانی چین وهند ،ئەم شارستان وژیارانه ،بەدین داروبێ دینیان له فەرهەنگی ئەم ڕوئیایه ولەزۆردەق وفەرمودەی تریش ،به دینداردانانرێن ودینداریەكان كۆپی كراوه، چونكه ئەوان دەیانەوێ دینەكان ودەقەكانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاربێنن وشەرع وئیسم وسیفاتی الله ی ئایل ی سامی بدەنه خوداو گەد وجادووی ی مەردۆخی  پەرستراوی غەیومەكان ،هەربۆیه له ڕوانگەی ئەم ڕوئیایه

زۆربەى  دانيشتوان وشارستانى وژيارەكانى ڕۆژهەڵات بەدەرێژايى چەندين سەدە كە قەرن وشاخاكانيان ئاماژەن بەسەدە كان وبەوميللەت ونەتەوەوزمانانەى ئەو ژيارە تنينى ودڕندانە بەڕێوەدەبەن ،كەهيچيان لە مەلكوتى لاهوتى الله بە چاوى ڕەحمەت سەيريان ناكرێ،

تنين ئيبليسە, چين وئەودەوڵەتانەى لێ ى دەرچون لەتورانى ومەغۆلەكان، ڕوس و سۆڤيەت ،هيندۆ ئێرانى وئەوروپى و ئەمريكايەكان وپايتەختەخەكەيان واشنتۆنى شەيتان،لەوێ وزەى كارەبا دۆزراوەتەوە,وە بەرمۆدا عەرشى شەيتانيس نزيك لەوێ يە, ئيبليس بڵيسەى الله يە، ژمارەى  666 هەرئاماژەيە بۆ كەوتنى بەغدا و وڕۆژهەڵاتى ئيسلامى ومەسيحى بەدەستى مەغۆل ، چونكە بەغدا ساڵى ٦٥٦ك كەوتە ژێردەستى مەغۆل.

هەربۆيە ئەم هەزارەى سەبتى يەهوديە لە 1000-2000ى زاين لەدەقەكانى ئيسلام ومەسيحى دانى خێرى پێدا نەنراوە.

تەواوكردنى لێكدانەوەى هێماكانى ڕوئياى يۆحەننا.

[[بەشى چواردەهەم:

بينيم كاوريك لە سەر شاخى زايون –صهيۆن- 144 هەزارى ترى لەگەڵە ,ناوى ئەوو باوكى لە سەرناوچەوانيان نوسراوە,ئەوانە سروديك دەلين كە كەس وەك ئەوان ناتوانێ ئەو سرودەبڵێ,ئەوانە بە دواى ئەوكاورە دەكەون بۆ هەر كوێ يەك بڕوا,ئەوانە كوڕن وژن پيسى نەكردون, زمانيان بە درۆ نەگەراوەوە هيچ كەم و كوريەكيان نيە ، پاشان مەلايكەيەكم بينى كە دەفرى و  مژدەى ژيانى ئەبەدى پێ يە ,مژدە دەداتە گشت گەلانى سەر زەوى,و بەدەنگيكى بلند هاوار دەكا,لە الله بترسن و مەجد بۆ الله بريار بدەن ،كاتى  سەعاتى دەينونە يە سجدە بۆ خالقى زەوى وئاسمان ببەن.

مەلائيكەيەكى تريش بەدواى ئەمدا دێ ودەڵێ:بابل كە هەموو گەلانى توشى نۆشينى كاسى مەى زيناكەى كرد وا ڕوخاو هەرەسى هينا,

دواى ئەمانيش مەلاكيكى تر هاتو هاوارى كرد بە دەنگيكى بلند:هەركەسێ سجدەى بۆ وەحشەكە بردبێ و وينەكەى لە سەر نيوچەوان و دەستەراست كوترابێ ,دەبێ لە كاسى تورەيى الله بنۆشێ,و سزاى ئاگرو كبريتى مەلائيكەكان ببينێ, پيرۆزبێ ئارام گرتنى قديسەكان لەسەر ئيمان بە الله و پاريزەرانى راسپاردەكانى يەسوع, خۆشنودى بۆ ئەوانەى لە پيناوى پەروەردگار مردن و كوژران, لەهەموو ماندو بونيك پشويان داو كارەچاكەكانيان شوينيان كەوتن,

دروينەى زەوى:لە سەر هەور وەك كورِى ئينسان دانيشتبو تاجيكى زيرى لەسەر بوو ,داسيكى بە دەستەوبوو,مەلائكەيەك لە هەيكەلى الله وە هاوارى لێ كرد,بڕۆ دروينە بكە ,دانەويلەى زەوى پێگەيشتوە.

دانيشتوەكەلەسەر هەور هاتە سەر زەوى دەستى بە دروينە كرد,پاشان مەلائيكەيەكى تر بە داسى تيژەوە لە هەيكەل دەرچو,مەلائيكەى ئاگر پێ ى گوت بڕۆ ميوەو هيشوە تزێ كانى زەوى پێ گەيشتوە,مەلائيكەكە هات و ميوەو تريكەى دروينە كردو لە ناو معصرەوگوشەرى كرد ,پاشان گوشەرەكەى لە دەرەوەى ئاوەدانى ڕشت ,هەتا دووری دوسەد ميل و بەبەرزى هاوسارى ئەسپ تەنيا خوين لە معصرەكە دەرچو,

بەشى پازدەم:مەلائيكەكان و دوانسكۆكان:

پاشان حەوت مەلائيكە بە حەوت نسكۆ هاتنە سەر زەوى كە تورەيى الله بەمە تەواو دەبوو, بينيم دەريايەك لە بلورى تێكەڵ بە ئاگر,بينيم كە ئەوانەى كە بەسەر ناوو هيما ژمارەى وەحشەكەيان هەلينابوو لە سەر ئەو بلورانە,گيتاريان بەدەستەوەو ئەم سرودەى موسى دەلينەوە:

كارو كردەوەكانت مەزن و سەرسوڕمێن

ئەى الله ى پەروەردگارى پڕ شيان

پايەدارەو راست و دروستە ڕێ و شوينت

ئەى مالكى ئوممەتان ,كێ هەيە ليت نەترسێ؟

كێ هەيە مەجد بۆ ئيسمى تۆ بريار نەدا؟

بەتەنيا هەرتۆ قدوسى,

گشت ئومەتان دين و سوجدەت بۆ دەبەن

چونكه كاره پڕادوەريەكانت بۆ هەموو كەس ديارن

پاشان خيوەتى پەيكەرى شهادەى ئاسمان كرايەوەوحەوت مەلائيكەى نەكبه بەجلى كەتان و كەمەرەى زێڕين دەرچون,يەكى لە بونەوەرە زيندوەكان حەوت كاسى پڕ لە تورەيى الله ى دايه ئەم حەوت مەلائيكة, هەيكەل پڕ بوو لە دوكەلى مەجد ,كەس نەى توانى بيتەناو هەيكەلەوە تا ئەم حەوت مەلائيكه ى نسكۆ نسكۆكانيان بەسەر زەوى دا نەرشت,]]

ئەم بەشه ئاماژەيه بۆساڵانى بيست وسيەكانى سەدەى بيست ،سەدوچل وچوارهەزارەكەى زايۆن ئاماژەيه به سەرەتاكانى دامەزرانى دەوڵەتى ئيسرائيل،دروێنەى زەوى ئاماژەيه بەجەنگى دوەمى جيهان وجەنگەكانى تر،كەلەو ماوەڕويان داوه، سواربوونى هەور ،ئاماژەيه بۆداهێنانى فڕۆكەوهێزى ئاسمانى لەجەنگ وئاشتى دا، معساروگوشەرئاماژەيه بەچەكى ناوەكى، سرودى موسى وڕشتنى كاسى نەكبه وگلان بۆ عەرەب و ڕاگەياندنى دەوڵەتى ئيسرائيله،،له م روئيايه ولەهەموو ئينجيل هەست به پيرۆزى وهەڵبژاردەيى نەوەكانى ئيسرائيل دەكرێ، هەست بەوەناكرێ كه ،مەسيح ومەسيحيەكان ڕقيان له يەهودوئيسرائيليەكان بێ،يان يەهود دەستيان له خاچ دانى مەسيح هەبێ، تەنانەت هه ست بەوەناكەى كه مەسيح لەخاچدانى لەبيربێ ،بەپێچەوانەى سەحاحەكانى سەرەتاى ئينجيل.

دەبينى لێره بازدانێک هەيه لەسەردەمى كارەساتى مەغۆل وتەتەر ى ساڵى١٢٥٨ز بۆ ساڵى١٩٤٨ و دامەزرانى قەوارەى جولەكه .

[[بەشى شازدەهەم:كاسەكانى تورەيى الله:

دەنگيكى گەورەم گوێ لى بوو له هەيكەل هاوارى لەحەوت مەلائيكەكه كرد:خێرا برۆن كاسەكانى تورەيى الله بريژن بەسەر زەوى دا,مەلاكى يەكەم كاسەكەى له وشكانى رشت بوەهۆى بلاو بونەوەى دەردوبەلاو نەخۆشى كەتوشى ئەوانه دەبوكه سوجدەيان بۆ وەحشيەكه بردوەو

تاتۆكەيان لە سەر لاشەيان وينەكردوە,ملاكى دوەم كاسەكەى لە دەرياكرد وئاوەكە هەموى بوبەخوين و هەرچى بونەوەرى زيندوو بوو لە دەريادا هەمووى مرد,

ملاكى سێ يەم كاسەكەى لە ئاوى روبارو سەرچاوەكان كرد ,مەلاكى ئاو گوتى هەرتۆعادلى لە فەرمانەكانت چونكە ئەوانە خوينى پەيامبەرو قديسەكانيان خواردۆتەوە بۆيەدەبێ ئەم خوينە بخۆنەوە,مەلاكى چوارەم پەرداخەكەى بە خۆر داكرد تا خەلكى بسوتێن بەگەرماكەى ,بەلام خەلكى هەر بێ رێزيان بە ئيسمى الله كردو ستايشيان نەكردتا مەجدى بدەنێ، مەلاكى پينجەم كاسەكەى بەسەر عەرشى وەحشەكەدا كرد و شانشينەكەى تاريك كردو خەلكەكەى زمانيان كرۆشت لە بەر ئازار ,بەلام هەرتەوبەيان نەكرد.

مەلاكى شەشەم كاسەكەى لەناو ئاوى فورات كردو ئاوەكەى وشك كرد,تابيتە رێرەو بۆ پاشاكانى رۆژهەلات,بينيم كە سێ روحى پيس لە شيوەى بۆق لە دەمى تنينيك دەرچوون,ئەمانە روحى شەيتانى بوون,معجزەيان دروست دەكرد تاپاشاكانى زەوى كۆبكەنەوە بۆ جەنگى رۆژى گەورە,رۆژى الله ى قەديرو بەتوانا,خۆشى بۆ ئەوكەسەى كە جلەكانى دەپاريزێ و لەورۆژە رووت نابێ, ,لەو رۆژەدا هەموو كۆدەبنەوە لەوشوينەى پێ ى دەلين هرمجدۆن,مەلاكى حەوتەم كاسەكەى لە جەو – هەوا- كرد لەم كاتەدا دەنگيك هات لە هەيكەلەوە,كە فرمانەكە بريار درا,لەم كاتە زەمين لەرزەيەكى بەهيز هات كەلەوەتى مرۆڤ لە سەرزەوى دروست كراوە زەمين لەرزەى وانەهاتوە,شارە گەورەكەى دنيا بوە سێ بەش و شارەكانى جيهان هەرەسيان هينا,لەم ساتە الله بريارى دا كە كاسى مەيى تورەيى خۆى بە بابل بنۆشى,دورگەكان خۆيان شاردەوە,شاخاكان رايان كرد,تەرزەيەكى زۆر گەورە بە سەر خەلك دابارى ووای كرد خەلكى زەوى زياتر ياخى ببن لە الله,]]

ئەم كاسانە ئاماژەن بۆ داهێنانى چەكى بايۆلۆژى و ميكرۆبى وكيميايى وچەكى ژێر دەريا، خەڵک ،سەرەڕای ئەو پێشكەوتنى زانستە ،زانستەكانيان پاڵ نەدانە لای الله ،بەڵكو نكوليان لە هەبوونى هەموو شتە

نادیارەکان ولە بوونی ڕوح کرد،کاسی چوارەم ،ئاماژەیە بۆجەنگی ئەستێرەکانی سەردەمی ڕێگان وبۆشی باوک،کاسی پێنجەم بەسەرلاشەی وەحشە کۆنەکە ،بوژانەوەی بیروباوەڕی ڕابردو وسیحروجادوو وتەریقەکانی سۆفیایەتی وشیعەگەری ومەزهەبەکانی دینی وئولی بونە بەرپابوونی چەندین جەنگ لە دنیادا هەرلە پەنجاکان تا هەشتاکان،کاسی شەشەم کاسی جەنگەکانی دەوڵەتانە لەسەرسامانی ئاوی،جەنگی عیراق وئێران ،لەسەرشەتی عەرەب،وەزۆرجەنگی تریش، جەنگی هەرمجدۆن،کەلەبەرگرنگی ئەوجەنگە لەبەشی هەشتەم باسی دەکەم،.

بەڵام گۆڕان وکارەساتی گەورە لەشەڕی هەرمجدۆن دانیە بەڵکو دوای ڕژانی کاسی حەوتەم ولەنابردنی بابل ودابەش بوونی جیهانە بەسەرسێ بەرە دا، ون بوونی دوورگەوشاخەکان ئاماژەیە بەگۆڕانی گەورە لە زەویدا، کە زۆرێک لە دوورگەکان ژێرئاو دەکەون،زۆرێک لە شاخەکان بەبۆرکان وبەریەک کەوتن ولێک ترازانی کیشوەرو پارچە تەکتۆنیەکان دادەڕمێن وڕۆدەچن وبەبۆرکان دەبنە ئاگرپژێن، وەشاخە بەفرینەکان دەتوێنەوە،دەنگی گەورە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنان وتەقینەوەی چەکی ئەتۆم ،ئەمانە بابەتی چەند خوێندنەوەی داهاتوو دەبن.

[[بەشی حەڤدەهەم:درندەکەو ژنەداوین پیسە مەزنەکە:

یەکیك لە مەلاکەکانی خاوەنی کاسەکان گوتی وەرە با سزای ژنە زیناکەرەگەورەکەت نیشان بدەم,لەسەر لیواری ئاوە زۆرەکت کە هەمو شاکانی جیهان زینایان لەگەڵ کردوە,و خەلکی زەمینی بەمەی زیناکەی سەرخۆش کردوە, روحی بردم بۆ بیابان,بینیم لە کەناری دەریا لەسەر درندەیەکی قرمزی دانیشتوە کە درندەکە بە ئەسمائی تجدیف داپۆشراوە,- تجدیف واتە ئیسمی کوفرو بی ریزی کردن بە اللە ومقدساتی دین ,یەهود بەوتاوانە مەسیحیان سزا داکە دەیانگوت تجدیفی کردوە- ئەم وەحشە دەقۆچ وحەوت سەری هەبوون,ژنەکە رەنگی ئۆرجوانی وقرمزی لەبەربوو بە زێڕو دڕو مرواری خۆی رازاندبۆوە,لە سەر نیوچەوانی هیمای بابل هەبوو,کاسیکی زێڕی بە دەستەوە بوو کە پڕ بوو لە پیسایی زیناکەی,ژنەکە سەرخۆش بوو بە خوینی قدیس و پیاوچاکان,مەلاکەکە پێ

ى گوتم :ئەو وەحشە بەم نزيكانە نامينێ,بەلام حەوت سەرەكان حەوت گردن ,وە حەوت پاشاى سەرزەوين,پينجيان رابردون ومردون شەشەم تا ئيستاش پاشايەو حەوتەم هيشتا نەهاتوەو نەبوە بەپاشا,ئەم دە قۆچەش هەروا دەپاشان كە هيشتا هيچيان نەهاتونو نەبونە پاشا,ئەوانيش دين قوت ودەسەلاتى خۆيان دەدەنە ئەو درندە ,هەمويان دەيانەوى شەرى كاوڕەكە بكەن و بەلام بەسەريانداسەر دەكەوێ, ئەو ئاوەش كە ژنەكەى لەسەرە ،ئەوە ئومەتان ونەتەوەو زمانەكانن, ئەو دەپاشايە هەر خۆيان رقيان لەو ژنە دەبيتەوەولە كۆتايدا روتى دەكەنەوەو بە ئاگر دەى سوتينن,ئەو ژنە ,ئەو شارە گەورەى دنيايە كە دەسەلاتى بەسەر دانشتوانى سەر زەوى هەيە,]]

ئەم بەشە هەندێكى وەك فلاش باك ،گەڕاوەتەوە پێش شەڕى هەرمجدۆن، ئەم پاشاو خونكارانە بەشێكن لەوانەى كەلە جەنگەكانى پێش هەرمجدۆن وهەرمجدۆن ودواى هەرمجدۆن لەناو دەچن،لەدواى شەڕى هەرمجدۆن شارستانى بابل وژنە داون پيسەكە لەناودەچێ ،لەناوچوونى ئەو سەرەتاى گۆڕانكاريە گەورەكانە.

بەراوردى هێماكانى ئەو گەشتە لە گەڵ هێماكانى ڕوئياى يۆحنا و فەرمودەكانى ئيسراوميعراج:

لە فەرمودەى سەحيحى موسليم هاتووە كە پێغەمبەرعليه السلام مەسيحى دەجالى لە ئاسمان لەگەشتى ئيسراو ميعراجدا بينيوە ، ئيمە دەبێ باوەڕمان بەوەبێ كە جيهان لە داهاتوەوە بۆ رابردوو لە زەوى صفاتى الله بۆ ئەسمای ئاسمانەكان, لە زەمينەوە بۆ ئاسمان لە زبڵ وخاشاكى خاك و ئاخرەوە بۆ ئەوەل ,لە پەرتەوازەيى وئاڵۆزى و فرەيى و وردى وتەمەن كورتى و زۆر هەستەوەرى و گەرمى بەرەو پێچەوانەكانى دەروا ,تەنانەت زانستى جوگرافياش سەلماندويەتى كەزەمين بەرەوئەوەدەڕوا كە هەمووى ببێتەوە يەك كيشوەرو يەك دەريالوش.

كەواتە گەشتى ميعراج هێمای سەفەرێكی ئوممەتی محمده بە كات وزەمەندا ، هێماكانی سفری يۆحەناش لەگەڵ هێماكانی ئيسراوميعراج ڕێک دێنەوە.

جا ئيمە لەو بەردە بازە و سەر ئەم سەكۆيە كە لە داهاتوەوە هاتوين و بريك لە حكمەت و دانايی و ڕێ وشوينی ئەو مامۆستا ڕابر دوانەمان بۆ جێ ماوەو لە بەردەستمانەو هەول دەدەين تۆزيك بەوان بچين و وەك چۆن لە جيهان مامۆستا بوون با لە داهاتوی ئەوندەی لە بەردەبازەكە ماومانەو تا دەمرين دەبينە رابردوو ئەو بڕە تەمەنە كەمە بە باشترين و جوانترين و هاوسەنگترين شيوە ريك بخەين, ,با سەدەو چاخ و و ئەسمای الله كەلە رابردوان فيربوين ئەوندە داهاتوە ماوەی پێ ڕۆشن كەينەوە .

جا موحەمەديش وەک پەيامبەروڕەوانەكراو ،واتە قورئان وسونەتەكانی وڕەوشتەكانی ،ئەو بەهاوڕەوشتانەش واتە ئوممەتەكەی ،نەک ئەولاشەی لە مەدينە نێژراوە،چونكە پەيام بەرێتی،

وەتا محمدی بەرجەستەبوو لە ڕێ وشوێنەكانی دا ،لە دين وڕێنمايی وسونەت وپەرستش وڕەفتارەكانی دا بمێنێ ،ئەوە نەمردوە ،چونكە هەندێ كەس بۆئەوە لە دايک دەبن كە بۆ هەزاران ساڵ بەنەمری بمێننەوە ،يەكێ لەوانەش رسولی سەروەرە كەتائەوكاتەی قورئان وسونەتی ڕاڤەكەری قورئان لە ناودڵ و كتێبەكان هەڵ دەگيرێ ئەو هەرزيندوەو كە هەڵگيرا ئەوكاتە ،ساتی وەفاتی ڕاستەقينەی محمدە،وەک دين هێنەروپەيام هێنەر.

زيندوويی وهەستياری كەس ناگاتە زيندوو مانی ڕسول الله عليه السلام ،چونكە پەيامی ئەو لە لايەن الله وە پارێزراوەو ملێونان مرۆڤی وابەستە وخولیا كراوە، كە بەهەميشەيی هەموو كردەوەوڕفتارو فەرمان وڕەوشت وپەرستش وسەوداو ئاكارەكانی پەيام بەرەكەيان زيندوو ڕادەگرن،هەرزيندوو وپايەدارو بەرقەراربێ محمد وەک پێغەمبەرو ڕێ پيشاندەر لە جيهاندا..

جا ئەم ئوممەتە يە كە شەوڕەوى دەكا و عروج دەكا وبەرز دەبێتە وە،هەرئاسمانێک بە حەفتا ساڵ دەبڕێ ،ڕوحى ئومەتى محمد وژيارۆشارستانيەكەى لەگەڵ ژيارۆشارستانى وپەيام وشوێن كەوتوانى پەيام بەران بەيەک دەگا وپێكەوە ژيان دەكاو هەندێ جار مل ملانێ دەكاو پاشان تێک گەيشتن دروست دەبێ، وەک چۆن لەگەشتە هێماييەكەى محمد كەسوارى بەرق وتيشک بوو وبە خێرايى تيشک گەردوونى بڕى و ئێستاش ئەوزەويە وشاروشارستانى مرۆڤايەتيەى كە محمد حل وئاوێتە بوە پێ ى بەم شێوە ئاسمان لە دواى ئاسمان وپەردە لەدواى پەردە پێچاويەتيەوە دەى پێچێتەوە،وەک لە فەرمودەكان هاتوەكە ئيين ماجە لەعەباسى گێڕاوەتەوە كەسەروەرمان فەرمويەتى هەر دووئاسمانێک حەفتا ويەک يان دوو يان سێ ساڵە .

لەحەوتەميش تا هەڵگرانى عەرش هێندەى نێوان دووئاسمانە باڵاى هەريەكى لەهەڵگرانى عەرشيش هێندەى نێوان دوو ئاسمانە ، ئەوجارلەسەرو ئەوان عەرش هەيە كە ئەويش ئەستوريەكەى هێندەى نێوان دوو ئاسمانە .

كەمۆرەكان وكاسەكان و كەرەناكان و....هەموو حەوت هێماكانى ڕوئياى يۆحەناش بە بڕينى حەوت ئاسمانەكان ليك بدەينەوە,لە سەفەرى ميعراج ,ئەم سەفەرە لە سەرەتاى ئيسلامەتى ،بگرە لە هەندێ گێڕانەوەدا لە بيابانى بەنى سەعدو لاى حەليمەى سعديە لەكاتى سنگ شەق كردنى محمدى دووسێ ساڵان دەستى پێ كردوە، پاشان لە سەرەتاى پێغەمبەرێتى دا،سەرەتا وەك روئيا نيشانى پەيامبەر دراوەتەوە، چەند جار تا ئامادەى ئەم سەفەرە بكرێ,پاشان بەراستە قينەيى رەمزى رووى دا,نەوەوى و چەند زانای تر دەلين زياد لەسێ جار ئيسراو معراج بۆ پيغەمبەر كراوە, بەلام زۆريك لەزانايان ئەمە رەت دەكەنەوە و دەلين چۆن دەبێ هەموو جارێ 50 نوێژ فەرز بكرێو پاشان بكريتەوە 5 نوێژ ,خۆ ئەمە گالتە پێ كردن نيە,بەلام راستيەكەى محمد هەرلە بيابانى بەنى سەعد بە چوار سالى كە سنگى شەق كرا ,لە م رحلەى ئيسراو معراجە

دابووتا ئەو رۆژەی وەفاتی کرد,وە ئومەتەکەشی کە پاش خۆی بەرجەستەو سیبەری ئەوپێغەمبەرەیە لە سەر زەوی و ئاسمان، ئەوە بۆ اهەزاروپێنج سەد ساڵ دەچێ هەر لە ئیسرای بڵندبونی روحی دایە و هیشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی معراج و تدحرج و خلۆربونەوەو گەرانەوە لە عەرشەوە بەرەو معاد و مەرجەع,و لەسەر زەویش و لەمیژوشدا ,رەنگی دایەوە, سەرەتای ئەم گەشتە بە سورەتی ئیقرا کە واتای تەرقیەو بلند بوون دەگەیەنێ، وەك خەتف وفڕاندنیکی رووحی , وەمحمد سێ جار ئەم تەرقیەو بلند بونەی رەت کردەوە بە بیانوی نەخوێندەواری ,تا ئەوەبوو جبریلی حەمل سێ جار محمدی گوشی ,لە شوینیکی تری ئەم گوتارانە باسمان کرد کە گوشینی یەکەم گوشینی سەردەمی صەلیبیەکانی ئومەتەکەی بوبێ و گوشینی دوەم هاتنی تەتارو پەراویز بوونی ئومەتەکەی بووبێ و گوشینی سێ یەم هاتنی ئیستعماری نوێ وکۆتایی دەولەتی عوسمانی بووبێ, وە هەرواگوتمان کە عوزرو بیانوەکەی پەیامبەر راستە,چونکە هەریەك لە عەرەب و فارس و تورك وکورد,بەنەخوێندەوار دادەنرین ,چونکە بنچینەی خوێندەواری ئەو سێ گەلە ونەتەوە هی خۆیان نیە,جاری چوارەم کە جبریل سورەتەکەی بۆ دەخوێنێ و دەولەتی ن,ئەم فراندنە لەگەڵ محمدی بەلاشە لە زەوی و بەروح لە ئاسمان بەردەوامە تا لە سورەتی نجم لە سالی پێنجەمی ناردنی دەگاتە ئەو پەری,, لە سالی نجم تا سالی ئیسرا کە سالی یازدەی پێغەمبەریە کە سورەتی ئیسرا دابەزی و ئاماژەی گەرانەوەی پەیامبەر بوو لە پەراوێزەوە بۆ قۆناغی هجرەت وشارستانی مەدینە.

قۆناغی ساڵی یەکەمی پەیام بەری ئیقرا تا ساڵی پێنجەمی نەجم ،ڕۆژی عروبەوچوارسەدساڵی یەکەمی ئیسلامەتی دەنوێنێ،لە دوای نجم تا کۆچ کردن بۆ مەدینە قۆناغی ئیقساوپەراوێزبوون و بەرکەنارکردن وگەمارۆی شەعبی ئەبوتالب دەگەیەنێ کە لەساڵی هەزار تادووهەزاری زاینیە وڕۆژی شەممەی جولەکەیە، لە دوای کۆچ کردن تا کو وەفاتی ڕوسول ،قۆناغی ئەنسارو ڕۆژی یەکشەممەی نەسارایە ولە ساڵی دووهەزار تاسێ هەزار دەگەیەنێ.

ئەم هەزارەی سەبتی لەسالّی هەزار تادووهەزاری زاینی كه هەریەک لەسلجوقی وتەتەری وعوسمانی حوكمیان كرد،ئەم دەسەلّاته ئەوقۆناغی ئیقساو لاچەپ بوون وپەراوێزبوون وبێ ئیرادەبوون وئەو قۆناغی دەجەلی ودەجالیەیه كەله سالّی پێنج تا كۆچی بۆ مەدینه لەشیوی ئەبوتالیب گەمارۆ درابوون ،ئەو قۆناغه هەرچەنده دەستەكانی لەسەرشانی محمدن وبەناوی ئەوەوه تەواف دەكەن لەم دنیایه وبەلّام مۆری هەتک بەری شەرمەزارین به نێوچاوانی دین وڕێبازەكەی ئەوەوه،ئەوەش نهێنی بوونی دەجاله له شەوڕەوی پێغەمبەردا.

وەبه 72 ساليەكەبێ كه دووری ئاسمانەكان له یەكتر به ریوایەت وگیرانەوەی 72 سال یا73 سال وەرگرین, دەبیته 1008 سال یان 1036سال كه یەك ڕۆژه ,به مه دەتوانین بلیین كه فەترەی نەبەوی وراشدی و ئەمەوی وعەباسی و ئاسمانی یەكەمی میعراجی رسول الله بوو كه ئادەمی بینی ,وه مەلائكەی بەرپرس له ئاسمانی یەكەم ئیسماعیله و بۆیەش:

١- ئەو 144(610-754 ز) ساله ئوممەتی محمد هەمووی به علم وزانستی سماعی خەریك بوون,هەلبەت مەبەستم 144 واته 132 كۆی سەردەمی مەككەش كه قورئان تیایداهات و معراجی تیدا رووداو ,كه زیاد له 13 ساله ,له روئیاكەی یۆحەنناش یەكیك له بونەوەرەزیندوەكان=چوارتوخمی باوئاووئاگروگڵ. بانگی یوحنا دەكا تا سواره سپیەكەی فەتحی ئیسلامی به خیرایی تیر ببینێ كه سێ كیشوەری دنیای كۆنی وەك كەوانیك گرتەوه,سپیتی ئەسپەكه بەلگەیه لەسەر زالبونی روحی ئاشتی وبەسەر خوین ریژی لەم فراوانبونەدا,

,ئاسمانی دووەم تاسالی288 ك-ز 798 قۆناغی یەكەمی عەباسی یه و خەلیفه بەهیزەكانی عەباسی لەو سەردەمه بوون وسەردەمی فقه و تیگەیشتن و ترجمه و وەرگێڕانی حكمەت وفەلسەفەی میللەتان و تەصەوف و ئصولی فقهه,له ئاسمانیش رسول به یەحیا وعیسا گەیشت كه

بەلگەی سەعی وکۆشش و ئیحیا وبوژانەوەی ئوممەتەکەی بوو بە و بابەتانەی باس کران,لە روئیاکەش سواری ئەسپی سور و شمشیردەلالەتە لەسەر شەری دەستەو یەخەو بە بن بەست گەیشتنی فراوانی فتوحات ،کە دەولّەتی ئیسلامی بوە دووبەشی ئەندەلوس وبەغداوناکۆک بوون، چونکە شمشیر وەك تیر خیرا نیە.

٣-لە (٢٨٨-٤٣٢ک)(٧٩٨-٩٤٢ز) سالی ئاسمانی سێ یەم ماوەی دوەمی عەباسی و سەردەمی زیرینی زانستی فەرمودەو زانستی قورئان و قرائاتەکان و نەحوو صرف بوو,ئەم ماوە کە یوسف لە ئاسمانی سێ یەمە و لە قورئانیش سورەتەکەی ئەحسەن الحدیسە وجوانترین گفتوگۆیە و بۆیە ئەو قۆناغەش فەرمودەو فەرمایشتەکانی رسول الله و صەحابەکان و زمانەوانی ونەحوو صرف و قرائاتی تیادا دامەزرینرا,هەروەها روئیاکەش ئەسپی ڕەش دەلالەتە لەسەر زالبوون وسەروەری و تەرازو هێمای دادو عەدل و سەوداو مامەڵەو کڕین وفرۆشتن وبوژانەوەی بازرگانی و وەستانی جەنگە,یەکێ لەبونەوەرەکان ،ئەمەی بەدڵ نیەو حەزی لە جەنگە,بۆیە دەڵێ زەیت و مەی تێك مەدە ,واتە دەسەلاتت ناگاتە ولاتی مەی وزەیت کەوادەزانم ئەوروپاو چین بن,گەنم وجۆ ئەو ولاتانەن کە بەزۆری ئەو دوو دانەویلەی لێ دەکرێ کە دەولەتی عەباسی حوکمی لێ دەکرد.

٤-لە(٤٣٢-٥٧٦ک)(٩٤٢-١٠٨٦ز) ئاسمانی چوارەمی ئیدریسی شەریفی ئیدریسی لە زەوی نەخشەی بە زیو درو ست کرد,ئەم سەردەمە سەردەمی میژوو جوگرافیا و رەحەلات و گەشتیارەکان بوو ,الف ليلة وليلة وسندباد ویاقوتی حەمەوی و وئیبن بەتوتە ونوسراوە بەناوبانگەکانیان،هەرواکتێبەکانی تەفسیرو مێژوو وزمانەوەنی نمونەی ئەم کاتەن,لە روئیاکەش ئەم سواراە سەوزە کە دەردەچێ و مەرگی لە گەڵە دەلالەتەلەسەر سەرەتای دەرکەوتنی صەلیبیەکان و شەش هیرشە گەورەکەنیان بۆسەر قودس و لەناو بردنی چواریەکی خەلکی لەوجەنگانەدا و کارەساتە ویرانکاریەکانی ئەوجەنگانە.

٥-(٥٧٦ك-٧٢٠ك)(١٠٨٦-١٢٣٠ز) ئاسمانى پينجەم ,سەردەمى هارونى و دەستپيكى رۆژى جولەكە بوو,ئيدى ئومەتى محمد بونە رەهن وبارمتەى تورکەكان لە سەلجوقى وزەنكى ومەمالیكى ئەيوبيەكان، وەك چۆن درع وقەلغانەكەى لە كاتى مردن ووەفاتى بارمتەى چەند ربە جۆيەك بوو لاى جولەكەيەك,شەڕى ناوخۆو شەڕى خاچەكان تەنگى بەخەڵک هەڵچنى بوو وەلەو بارمتەو تێشكانەدا هونەر لە دايك بوو ,سەرەتاى هونەرى نەخش وبيناسازى و خەت خۆشى و گلكارى دەولەتە جياجياكانى جيهانى ئيسلامى كە زۆر پەرتەوازە بوون،وەسەرەتاى جەنگى مەغۆل بوو, لە روئياكەش كە شەهيدەكان هاوار دەكەن كوشت و بڕ بوەستينرێ ,مەبەستيان هيرشى تەتارو صەليبە خاچ پەرستەكانە,كە دنياى هەراسان كردبوو.

٦- (٧٢٠-٨٦٤ك)(١٢٣٠-١٣٧٤ز) كە ئاسمانى شەشەم بوو ,محمدو موساعليهما السلام بەيەك گەيشتن ,جولەكەو ئيسلام وەك دوو دين وشەرعى دژايەتى كراو لە ئەوروپاو رۆژئاوا لەو سەردەمەدا ,ئەم ليك نزيك بونەوە بێ جەنگ نەهات ،مەغۆل شارەكانى وێران كرد ،مەمالیک وعوسمانى دەركەوتن،هاوكارى جولەكەى دۆنمەو عوسمانى ، واى كرد عوسمانيەكان ئەوروپاو ئەفريقيا ورۆژهەلاتى ناوەراست كێومال بكەن, لە روئياكەش دا ئەو توڕەيى و راكردنەى دەيبينى تەنگ هەلچنينى مەغۆل وعوسمانيەكانە بەڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست و ئەوروپا,هەروەها هاتنى تەيمورى لەنگە كە ئەويش ويرانكارى زۆرى كرد,لە ڕوئياكە مۆر كرانى بەرەبابە كانى ئيسرائيل و پاريزەرانى بەندانى الله و خاوەنى جلە سپيەكانى خاوەن چلّە خورما كان دەلالەتە لە سەر بوژانەوەى دوو گەلى يەهودى و شيعە ى دوازدە ئيمامى وپارێزرانى دوورگەى عەرەب ويەمەن لەوپشێويانەى مەغۆل وخاچ وتەيموروسەلجوقى وتەنانەت لە عوسمانيەكانيش كە دەسەڵاتيان لەناوچانە لەكەنارئاوەكانى تێپەڕنەدەكرد.

٧-(٨٦٤-١٠٠٨)(١٣٧٤-١٥١٨) ئاسمانى حەوتەمە و محمد و ئيبراهيم عليهماالسلام و بەيتى مەعمور بە يەك گەيشتن ,لە سەرزەويش هەموو

زەمینی ئاوەدانی کۆن و نوێ دۆزرایەوە,,لەم سەردەمەدا سەردەمی جیهانی ونوێ و پەل هاویشتنی گەلان بوو ,لەناو ئومەتی محمدیش کاتی تەریقەت و وتەزکیەی نەفسی و گەشەی بازرگانی بوو, لە روئیاکەش ,کەرەنای مەلەکی یەکەم,دەستپێکردنی سەرەتای ڕێنیسانس وبوژانەوەی ئەوروپای هیلینی -ڕۆژهەڵاتی بوو ،سەرەتا لە ئیتالیادەستی پێکرد.

کەرەنای دووەم بۆ دەریاکان فراوان خوازیەکانی ئیسپانیا و هۆلەنداو پرتوگال و دەولەتە نوێ یەکان بوو,کەرەنای سێ یەم کەوتنی ئەستیرە بۆناو دەریا سەرەتای دۆزینەوەی ئەمریکا بوو,کەرەنا ی چوارەم فەتحی قوستەنیتینەکە بەلابوو بۆ سەر ئەورو پاو جەنگ وپشیوی بوو ,کەرەنای پینجەم سەرەتای چاکسازی دینی بوو لە ئەوروپا،کەرەنای شەشەم ،جەنگ ومل ملانێ یە بەردەوامەکانی نێوان ئەم داگیرکەرانە بوو لە هەموو وڵاتی کیشوەرە کۆن ونوێ یەکان.

لەم سەردەمە سوڵتان سەلیمی عوسمان بەهاوکاری مەلائیدرسی بەدلیسی کوردی و 46 میرنشینی کوردی توانی لە چالدێران ئێران و لە مرج دابوق مەمالیک وعەباسیەکانی کۆتایی پێ هێناو بووبە یەکەم خەلیفەی عوسمانی ودەستی بەسەر میسر و حجازدا گرت .

٨-(١٠٠٨-١١٥٢) (١٥١٨-١٦٦٢)دوای ئاسمانی

حەوتەم دەریاوبەحری موحیت و ئەو هەشت مەلائیکە ئەوعالەن کە لە فەرمودەکە باس کراون وعەرشیان هەڵگرتوە ،ئەوە سدرەی کوتای ومونتەهایە ،کە پەیام بەر فورات ونیل وحەوزی کەوسەرو شەهیدان ومیوەی جەننەتی لەوێ بینیون,بەلام لەم سێ ناوەندە ی هەشتەم ونۆیەم ودەیەم کەلەسەرو ئاسمانەکانن ,حەملەکە ،جبریل، ناچێ و تەنیا پەیامبەر دەچێ,ئەمەش دەلالەتەکە بەروداوەکانی کۆتایی هاتنی دەولەتی دینی مەسیحی و کنیسەو بەردەوامی دەولەتی دینی ئیسلامی لە ئەستەمبول و یەمەن ومصرو ئیران وهند وگەلیك شوینی دیکە,,ئەم سەردەمە کە شۆرشی پیشە سازی بەریتانی –ئەو مەلەکەی قاچیکی لە سەر بەرووشکانی و قاچەکەی تری لە سەر دەریا بوو,ئەو کتابەش کە بە دەستیەوەبوو پیدەچێ کتابی مکافلی یان ئادەم سمس بێ, و چاپخانەو

زۆريك لە داهێناوە زانستيەكان دەركەوتن , دۆزينەوەى باروتو تەلەسكۆب وزانستى فەلەكناسى بوو كە ئاسمانى لە شوينى مقدساتەوە گۆرى بۆ تاريكستانيكى نەبوو، هەرلەم سەردەمە چاكسازى دينى گەرم وگوڕبوو،وڵاتى ئەڵمانياو پڕوسيا ڕۆڵيان هەبوو.

٩-(١١٥٢-١٢٩٦)ى كۆچى (١٦٦٢-١٨٠٦) كە بەينە نۆيەم ومالكى خەزينەدارى جەهەنەم,كە كورسيە ,علم وزانستە ،ئيبليس ولباس وحجاب وپەردەوڕووپۆش وئيزارو بەركۆشى الله يە ،وەك لە فەرمودەهاتوە حجاب ولباسى الله نور ،يان ناڕە ،ئەگەر ئەو ئاگرە لباسە نەبێ ڕووى الله هەموو بونەوەر دەسوتێنێ ودەكا بەقەرەبرووت،لەم سەردەمەدا، زانستى فيزيا،كيميا،زيندەوەرزانى، پزيشكى وتەكنەلۆژى، هەنگاوى يەكجارگەورەيان نا،داهێنانى گەورە كران،كۆمەڵگا بەرەو بۆرژوابوون وبەشارستانى بوون ڕۆيشت، شۆڕشى پيشەسازى بەريتانى وشۆڕشى چاكسازى دينى گەيشتنە لوتكە،شۆڕشى فەرەنسى وشۆڕشى ئەمريكى بەرپابوون وشوێنەوارى گەورەيان بەجێ هێشت ،هەرچەند كەلە باربران ،تەراتێنى دەوڵەتە داگيركاروپيشە سازەكان بۆ گەڕان بەدواى كەرەستە خاوى هەرزان ودەستى كارى هەرزان وبازاڕى كالاساغ كەرەوە لەئەوپەڕى دابوو،زۆريك لە ولاتان لە ژير دەستى عوسمانى وتەتەروئيمپراتۆرە كلاسيكيەكان دەرهينران و ئەم دەولەتانە وردە وردە بەرەو لاوازى چوون ,خەزينەدارى جهنم بارود وديناميت و جۆرەها چەكو جبە خانە دەمى بە رووى جيهاندا كردەوەو تا ئيستاش هەر بەردەوامە,لە روئياكەش وردە وردە دەسەڵاتى وەحشەكە وتنينەكا لاوازدەبێ ،.

١٠-(١٢٩٦-١٤٤٠ك)(١٨٠٦-١٩٥٠) ,ئەوە سەردەمى دەيەم و عەرش ودەجال ودەجار ودوماهى مەهدى وهيۆركەرەوەو موخەديروبەنج كەر وهۆش بەرو هادمى مەهدەوڕوخێنەرى هێلانەى مرۆڤ،ئەگەر دەجالى جالوت ،-وەك لە فەرمودەكان هاتوە-بە چاكە خوازو ونوێ كەرەوەى دين ،لە هەزارسالٌ پێش ئێستا دەستى پێ كردبێ، وەكە ڕۆژانى

سلجوقى بەسالّيک تێپەڕيبێ چونکە هێشتا سەردەمى خێرايى نەهاتبوو، ئەوە سەردەمى مەغۆل ڕۆژى مانگى بوو کە خێراتربوو، ڕۆژى تەيموورحەفتەبوو، ڕۆژى ئيستعمارە جۆراوجۆرەکان کە ٣٧جۆرە داگيرکارى وبەڕێوەبردنن، دواقۆناغيان ڕۆژى سۆڤيەتە کەلە دواى نەهامەتيەکانى سەفەربەرلگ وگرانى وبێ بارانى وچەندان جەنگى کاولکەرى گەورە ،خێروبەرەکەتى ڕژێمى هاوبەشى جەدەلى دياليکتيک ،خەونى هەژاران ونەداران وجوتياران وکرێکاران وەک چارەسەرێک بۆ ستەم وبێ دادى وڕاووڕووت لەدايک بوو، گەنجينەى نەوت وغازوکانزاکان وتەکنەلۆژياى لەبەردەست بوو وڵاتانى کۆمارەکانى ناو يەکێتى شۆڕەوى وچين ووڵاتانى بێ لايەن ووڵاتانى جيهانى سێ يەم وهەموو شۆڕشە نيشتمانيەکان دژى دەگيرکارى ڕۆژئاواى داودى سلێمانى، هەموو لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدابوو بۆيە ئەم دەوڵەت وڕژێمە هەموو کون کەلەبرى دنياى حوکم کرد،تەنيا مەکەومەدينە مابوو، ئەگەرنازۆربەى وڵاتانى سەرمايەداريش حزبى کرێکاريان هەيە ،بەم شێوە تائێستا هاوپەيمانى وەحش وتنينى ڕوس وچين و وەحشە بچوکەکەى ئەمريکاى لاتين هەرماوە ,

لە ڕوئياکەشدا ژنەکەى ڕۆژهەلات ,ئاوسە و منالەکەى بەرەو مەلەکوت دەرفينرێ,تەنينەکەو وەحشەکان تەنينەکە دەسەڵاتى جالوتيەولە مەنغۆليای چين دەستى پێ کرد،چەند شاگردو وەحشى هەبوون ،دايکەکە شارستانى ئيسلامى بيابان نشينە ,وەحشەکەى کە سولتانەکەى لى وەر دەگرێ,عوسمانى ودەوڵەتە توريکيەکانى دواى مەغۆلن کە بۆيەى دينيان لەخۆهەڵسو، و وەحشە دوقۆچەکەش ڕوسياى سۆڤێتيە, دوا قۆناغى دەجالى ودماهيکى مەهدى هيۆرکەروتريلکى بێ هۆشکەرى مخەديرە،.

عە رشەکەش هيمايە بۆ ئەو دە پەى پێ براوەى کە مرۆڤايەتى پەى پێ بردون کە بريتين لە:

يەکەم دووەم وسێ يەم وچوارەم چوار دۆخەکانى تەن، واتە رەقى وشلى وغازى و بڵێسەى پلازما.

پينجەم ئيناو ماعون وبۆشايى گەردون، ئەوەى كە مرۆڤ پەى پێ بردوە , واتە سێ دوريەكان وشەش لاكان وئاراستەكان ولاكانى قيبلە نما،ئەم لوح وتابلۆو بۆشايى يە كە الله لە تەقينەوەى بيك بن پيش بيست مليار سال دەستى پێ كردوەو بەتايبەتيش درب التبان ى كاكيشان كە كۆمەلەى خۆر بيست ويەك جار ئيدراكى هەمووى كردوەو پەى پێ بردوەو بەناويا گەڕاوە .

شەشەم :دەم وكات و زەمەن ,هەلبەت ئەو زەمەنەش كە دەكەويتە بەرپەى پێ بردن ،ئەو زەمەنەيە كەلە جيهاندا لە رابدوو ئيستاو داهاتوى باس كراوو تويژراوە وپەى پێ براو خۆى دەنوينێ ,كە ئەوە فكرى لى دەكەيەوەو مەهێلّە كە ديلت بكا بەلكو دەبێ تۆ ئەو ديل بكەى وبيكەيە پەيژەو پياى دا سەركەوە بۆ دەرچون لە باطنى پرواو بۆ جيهانێك كە زەمان ومكان لەوێ داناوەشێ ,هەلبەت كە پەيام بەرەكان وەك هيماكانى سەعاتى 24سەعاتەكە وبيستووچوارکورسيەكەى روئياى يۆحەنان كە باسمان كردن،چواربونەوەرەكەش چواربنەماڵەى ئادەم ونوح وئيبراهيم وعمرانن،وەچوارتوخمى هەواو ئاووئاگروگڵن،

حەوتەم : جۆرى حەوتەم كەبەشيكە لەودە توخمەى عەرش ئەو لايەنەى كە دەبێ بەفكرو پرواندن داى پۆشين وكافربين پێ ى ئەو دوو يا سێ جۆرە ژيانى ئۆرگانى روەكى وفتريە كە لەناو باتنى دون لە بەردەستمان وجودى هەيە ,جا وەك چۆن كە ئەو ژيانە كە دەمرى بەگل داى دەپۆشين و بۆ هەزاران سالى تر دەبيتە خۆلى بەرپێ ى ئەوان كلما جاءت امة لعنت اختها ، كرديەنعل لەپێ ى كرد ,لەهەمان كاتدا كافربوون بە ئەم ژيانە مۆقەت وكاتيە بكەبە ئاوينەى باوەربوون بە الله كە حي وزيندوە بە حياتيكى ئەبە دى و ئەويش لە پاش قۆناغى كۆتايى ئەم كەشكەشانى تبانە ژيانيكى سەرمەدى بە مؤمنين بە ئەو تواناكانى ئەو دەبەخشێ,

هەشتەم:مواصفاتەكان وئاوەلناوەكان وتايبەتمەنديەكان وبەهاكان وسونەت ونەوامس و سروشت وخو ورەوشتەكان وپيرۆزى وهيماو دلالات ومعانى واتاى دەستەواژەكان ,لايەنى بەردەستى ديارى كراو لە ناو دونى تدوين كراوى باتن دا لەم بابەتە وپەى پێ براوو لى كۆلراوە و تويژراوە

ئەو لايەنەيە كە مؤمن فكرى لى سەرف دەكاو دەيكاتە پەيژەو ئاوينەش تاكو خالق واهب ودانەرو وداريژەرى ئەو بەهاو وتايبەتمەندياتە كە بەشيوەى سنوردار بؤ ئيمەى ناردون بەلام دەبى ئيمانمان بێ كەبەبێ سنورى لاى الله لەژيانى دوارۆژدا بونيان هەيە بەڵام بە نەبڕاوەيى,

نۆيەم:هەول وكۆشش وجولەو هەلينجان وتەقەللاوئەزمون وتاقي كردنەوەكان وشارەزايى وزانستە مرۆڤايەتيەكان ,ئەم ديارداتە عەوارزو لايەنى وەرگێڕانى خالى هەشتتمن لە تيۆرى بۆ كرداری بۆ پاراستن وهيشتنەوەوپەرەپيدانى لايەنى هەشتەم وبە ئامانجى چاك كردن وهەموارکردنى خالى حەوتەم، ژيان نەك بەنيازى هەميشە مانەوە، بەلكو بۆ باشتر هەول دان بۆ ناردنى تيشو بۆ مالى دواى مردن ,

دەيەم:هەستياريەكان ودروشم وپەرستش وكارليك ودەستورو دەرەنجام وهەلينجانەكان ودەسكەوت وگريمانەو تيۆرى و رييازگەو بيرە زەمينە بۆ خۆشكراوو گەلالت كراوەكان وپيوەرو كيشانەو يەقينيە سەلمينراوەكان وياساوريساو بريارو قانونەكان, وە هەر هاوبەنديەك كەلە نيوان توخمى حەوتەم –ژيان-وپيكهاتەكانى هەشتەم-بەهاكان-ونۆيەم-جيببەجى كردنەكان- دا بەرپابێ , كەواتە خالى دەيەم هەموو بوارەكانى ويژەو ئەدەب وهونەربەهەمو لقەكانيەوەو پيشەكان بەهەمو لقەكانى لە خۆ دەگرێ, واتە دەيەم بريتيە لە كۆئەندامى هەستيارى ئەم جيهانە و قسەكەرو گوتە بيژو پرسگەى ئەم دەولەت ورژيم وقوتابخانەودين وفەلسەفەو تيروانين وجيهانبينيانە.ئەم دەيەمە نيوەند گير لەنيوان باتن وزاهرو دراو وەرگيراو لەنيوان غەيبو ناديارو ئاشكراودياردداو وگوزەرە لەنيوان دەستەوستان و توانادارداو و پرسيارکەرە لەنيوان هەلوەريوى كاتى وبى كۆتاداو ونوينەرە لەنيوان مخلوق وخالقدا و ويستگەيە كە لەنيوان هەميشەنەگۆراو ى هەموو شت گۆڕەر وبەردەوام گۆڕاودا.

جا ئەم دەيانە خودە ومغفرى  سرو نهينى وخوو نەريتى خاوى خواى پەروەردگار ن,دەجارو موهديئ و لايەنە پەى پێ براوەكانى ئەم دەيە دروستە كە بيانكەيە بوارى فكرى رۆژو شەوانت و فەرك وپروين ودامالەرو ليدەرو دڕێنەروپەرت كەرو پۆلين كەرو لەبەرگرتن وكۆپى كرددن ,هەمو ئەمانە دەچنە خانەى فكر وكوفر بەتاخوت واتە بروابوون بەتاغوت چونكە بروا كە زۆر كە س وادەزانن مرادفى ئيمان كەچى بروا پرواندنە ومرادفى فرك وكوفرە ,جابۆيە من باوەرم بە خودای ملك الموت هەيە واتە كافرم بە خودا ,هەروا باوەرم بە الله نيە چونكە الله قابلى باوەر وپروان نيە ودەبێ ئيمان بە الله بێنى ,هەمو ئەم پەيى پێ براوانەبكە پەيژەى لايەنى ئيمانى وە

دابەش كرانى ئەم دەيانەى عەرشە ،كە چوار ڕۆژو وئەربع ئەيامى كە زەوى لێ پێک هاتوە بەچوار ناوەندودەريای ئاوى و گڵى وبەرگەهەوايى وبڵێسەى لێک دابۆوە، دوو يومەكەى ئاسمانيش بۆشايى وزەمەن وكات.

ئەم شەشانە ڕەحمان وڕەحمى نەفس وئەهريمەن ئيستواى كردن وگەياندنيە دە وبونە عرش، رحمن لە لێكدانى ئەلكترۆنەكانەوە خانە ئۆرگانى وزيندەكانى وەک مرۆڤ ولەخانەى ناوک وپرۆتۆن ژيانى قارچكى دەرهێنا ،ئەم دوو ژيانى قارچكى وئۆرگانيە جۆرەكانى گەياندنە هەشت ،وەلە ئۆرگانيەكان مرۆڤايەتى ولەقارچكەكان ڕوەک ودرەخت دەركەوتن ،ئەوە بوونە دە وعرشەكەى كە رحمان لەكاڵى وناتەواويە وئيستواو پێ گەياندنى پێ كرد...

بەدرێژايى هەزاران ساڵ مرۆڤ بە ئاوو گڵ و ڕەشەبا ئاگرى كوژاندەوەو هەموو بوونەوەرانى قوڕين و ئاوى و هەوايى بڵێسەى ئيبليسيان بەنەفرين كردو ودامراند وكوژاندەوە، بەڵام وابۆ سەدەيەكە خاک بووبە خەڵوزوبارود و بڵێسەى ئيبليسى خۆش كردو بووبە خزمەتكارى، دواتر ئاويش لەشێوەى نەوت و شلەمەنيە گڕگرتووەكان ئەوانيش لەجياتى ئاگر كوژاندنەوە

گڕ وبڵێسەی ئیبلیسی گەیاندە ئاسمان و ئاو کەئاگری دەکوژاندەوە کەچی هەردەرکەوت کەخۆی لە هایدرۆجینی گڕ گرتوو و ئۆکسجینی لکێنەرو تونێنەرەوەی ئاسن .

هەروەها ڕەشەباش کە ئاگری دەکوژاندەوە ئێستا بۆتە غازە گڕگرتووەکان وبۆمب و ڕۆکێت و فڕۆکەو کارەباو ئەلکترۆنی و چەکی کۆکوژ ی کیمیایی ..

لەوەیە ئەمە بێ کە زەردەشتیەکان دەڵێن ئاهورامەزداوڕۆشنایی بەسەر ئەهریمەنی تاریکی دا سەردەکەوێ ..

---

هەرمجدۆن لای جولەکەومەسیحیەکان:

لەسیحاحی شازدەهەمی سفری روئیا هاتوە:

[[مەلاکی شەشەم کاسەکەی لەناو ئاوی فورات کردو ئاوەکەی وشك کرد,تاببیتە ریرەو بۆ پاشاکانی ڕۆژهەلات,بینیم کە سێ روحی پیس لە شیوەی بۆق لە دەمی تنینیك دەرچوون,ئەمانە روحی شەیتانی بوون,معجزەیان دروست دەکرد تاپاشاکانی زەوی کۆبکەنەوە بۆ جەنگی ڕۆژی گەورە,ڕۆژی الله ی قەدیرو بەتوانا,خۆشی بۆ ئەوکەسەی کە جلەکانی دەپاریزێ و لەورۆژە رووت نابێ, ,لەو رۆژەدا هەموو کۆدەبنەوە لەوشوینەی پێ ی دەلین هرمجدۆن]]

یۆئیلی نەبی لەبارەیئەم ڕۆژە گوتویەتی:

فوبەکەڕەناداکەن لە زایۆن،هاوارکەن لای شاخی موقەدەس وپیرۆز،گشت دانیشتوانی زەوی ڕاچڵەکن،ڕۆژی رەب بەڕێوەیە،زۆرنزیکە،ڕۆژی تاریکی وئاوابوونە،ڕۆژی هەوروتەم وموژانە.

هرمجدون (دەربڕاوێکی گریکی یۆنانی و : Ἁρμαγεδών)
Harmagedōn,[1][2] لاتینیە: Armagedōn[3])

بە پێ ی بۆچوونی نوسەرەوانی کتێبی پیرۆز،ئەو جێگایەدەبێ کە لەشکرەکانی جیهان بۆ جەنگی کۆتایی جیهان لەسەری
کۆدەبنەوە،جاریواشە بۆ ئاماژەکردن دێ بۆ سیناریۆی کۆتایی جیهان.

ئەم ووشە تەنیا یەک جارلە ئینجیل دا هاتوە،لە

.Revelation 16:16

ووشکە بەم شێوە کراوەتە یۆنانی لە زمانی عیبریەوە. har məgiddô (הר מגידו),

هار قوية، - H2022 - واتە حەڕە ،بەشاخەکەی تەنیشت مەدینەش دەڵێن حەڕڕە،بۆ گردو زنجیرە گرد دەگوترێ،قەویە، کەلە زمانە
هیندوفارسیەکان دەبێتە کێو،دیارە بنچینەی کێو لە قەوی عبری وسامی وەرگیراوە،وشەی کێومەرد،قەوی مەرد،کەهەندێ دەڵێن ئادەمە، بەڵام ئەو لەڕاستیدا قاایین وقەوی وبەهێزوکێوی دارو ماڵی ئومم ودایکیەتی ،واتە ئەوەی پێ ی دەڵێین قابیل ی کوڕی ئادەم.

کەواتە حرە بۆ کێوو بەقوەت وحەڕڕەو گرد وتەپۆلکە وبەرزایی هاتوە، "

الجبل. -تلة، جبل". 'مجدو' '- قوي מְגִדּוֹן H4023 /میج آی دی- / مجدون یان مجدو، شوێن وگۆڕەپانی کۆبونەوەی لەشکر") "جبل "گردی مجدو لەڕاستیدا گرد نیە،بەڵکو تەپۆلکەیەکە کە دروست کراوەو نەوە دوای نەوە ئەم بەرزاییە نوێ کراوەتەوەلەسەرهەمان شوێن،،قەڵاکان لەکۆندا لەسەر بەرزاییەکانی کە بەسەرڕێ بازرگانیەکاندا دەڕوانن دروست دەکران،بۆپاسەوانیکردنی ڕێگەی دەریاکە ڕێ یەکی بازرگانی بوو کە شارستانی میسری گرێ دەدا بە ئیمپراتۆریکانی شام وئەنادۆڵ و وڵاتی دووڕوبار.

ئەم شوێنە جێگای جەنگێکی گەورەبووە لە پازدە سەدە پێش زایین ،هەروەها جەنگێکی ترلەهەمان شوێن لەساڵی 609 پ ز ڕووی داوە.

مەجدۆ شارۆچکەیەکە چل کم لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی تەبەریە یە،لەناوچەی ڕووباری کیشون..

ئەم شوێنە دەكەوێتە مێرگى ئيبن عامرلەنزيک شارى جەنين،ستراتيژى ئەم بەرزاييە لەوەدايە كە دەكەوێتە سەرڕێگاى بەيەک گەياندنى بكورى فەلەستين بە باشورى فەلەستين..

5 ميل لە باكورى تەل ئەبيب و20ميل لە باشورى ڕۆژهەڵاتى شارى حەيفاوبە دووری 15ميل لە كەنارى دەريای ناوەڕاست،ئێستا لای عەرەبەكان ئەم گردە،بەگردى مستلم ناسراوە.

لە فەرهەنگى يانگى كتێبى پيرۆزدا هاتوە كە.

ناوى شوێنێكە كەجەنگى ڕۆژهگەورەكە ،ڕۆژى پەروەردگارى بەتوانا،هەمووان كۆدەكاتەوە لەهەرمجدۆن،شاخى لاى شارى مەجدۆن كە جەنگە گەورەكانى ڕابردوو تيايدا ڕووى داوە،لەداهاتوش جەنگى گەورە لەو دۆڵەى يزرعيل دەبێ، بەرزايى يزرعيل دەشتێكە لە حەيفاوە بەرەو دەريای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە،كەبەلای شارى مەجدۆدا تێدەپەڕێ وبە يزرەعيل دا شۆڕدەبێتەوە بەرەو بيت شان كەلە لە دۆڵى ئەردەن دالە ئاستى دەريا نزم تر،ئەم دۆڵە ناوچەى شاخاوى جەليل لەباكورو بەرزايى ناوچەى ڕيف وگوندەكان لە ناوەڕاست وباشور جيادەكاتەوە.

ئەم شارە يەكێک بوە لەشارە گرنگەكانى سلێمان عليه السلام.

هەريەک لە يەهودى ومەسيحيەكان ئەم بەشەى كەلە روئياى يوحەنا هاتوە بۆ سەركەوتنى داهاتوى خۆيان بەكاردێنن،هەرئەم روئيايە واى كردوە كەدواى دەيان سەدە دوژمنايەتى ئێستا ببنە يەک،چونكە وادەزانن خەونى داهاتويان يەكە،هەردوكيان باوەڕيان وايە كە مەسيح سەركردايەتى ئەم جەنگە دەكا،بەڵام مەسيحى يەهود بۆيەكەم جارەو مەسيحى كريستيان بۆ دووەم جارە،جولەكەكان چونكە بێ قەوارەيى زۆريان چەشتوە ،لە خەڵكانى دى زياتر چاوەڕوانى ئەو ڕوداوەن،پێ ى دەڵێن ڕۆژى الله ،ئاژانسى ڕۆژنامەوانى فەڕەنسا لەكا تى جەنگى كەنداو لەساڵى 1991 دا چاوپێكەوتنێكى لەگەڵ حاخام مناحيمسيزمونای پێشەوای ڕوحى بزوتنەوەى بێ لايەنى جولەكە كردوەوناوبراو پێ ى وايەئەم جەنگەى كەنداو پێشەكيە بۆ هاتنى مەسيحى چاوەڕوانكراو،.

تیودۆرهرتزلی دامەزرێنەری بزاڤی جولەکە لە سەدەی نۆزدەدا دەیگووت(من لە ڕوئیادا مەسیح،لەسەرشێوەی پیرەمێردێک، خۆی پیشان دام وپێ ی گوتم ،:بڕۆهەموو جولەکەکان ئاگادارىکە،من لەمەولا بەم نزیکانەدێم ،موعجیزەو دەستەوستان کەری زۆرگەورە وکرداری زۆرمەزنلەبەرچاوی گەلەکەم وگشت جیهان دروست دەکەم. )

جەنگی هرمجدۆن ،ئاماژەیە بۆ جەنگ ملانێ ی کۆتایی لە نێوان حکومەت ودەسەڵات دارە کانی مرۆڤایەتی واللە ،چونکە ئەو حکومەتانە دژایەتی اللە دەکەن وڕەتی دەکەنەوە کە مل کەچ بن بۆ دەسەڵاتی اللە،هەروەک لە مەزامیری داود دا هاتوە،،هەربۆیە جەنگی هەرمجدۆن دوا لاپەڕەی مێژووی فەرمانڕەوایی مرۆڤایەتی دەپێچێتەوە ،وەک لە سفری دانیال ئاماژەی پێ کراوە.

جەنگی هرمجدۆن جەنگێکی جیهانیە،چونکە هەموو فەرمانڕەواکانی جیهان تیایدا بەشدارن وهەموویان لە سوپاولەشکرکێشیەدا هێزەکانیان دەنێرن،لەو ڕۆژەدا یەسوع ودەستەیەک لە مەلائیکە جەنگ لەگەڵ دوژمنانی اللە دا دەکاوبەسەریان دا سەردەکەوێ، ئەم دوژمنانە کە دژایەتی حوکمی اللە دەکەن ،وەک لە سفری ڕوئیا ئاماژەی پێ کراوە.

جیاوازی تێڕوانینی مەسیحیەکان لە تێڕوانینی جولەکە ،لەوەدایە کە مەسیحیەکان پێ یان وایە کە جەنگەکە شوێنێکی دیاری کراوی نیەو هەموو زەوی دەگرێتەوە.

بەپێ ی یەکێ لە تەفسیرە مەسیحیەکان بۆوڕوئیایە کە ڕاڤەی بریمیلینیالە یسوع لەمەولا دەگەڕێتەوە سەرزەوی ودەجال -وەحش ودڕندە- دەبەزێنێ وبەسەر نەبی وپەیامبەری درۆزن وشەیتان دا سەردەکەوێ لەجەنگی هرمجدۆن، پاشان شەیتان بۆماوەی هەزارساڵدەخرێتە ناو هاویەوهەزارەی قیامەتی بچوک دەست پێ دەکا،.

پاش ئەم هەزارەش ،شەیتان ئازاد دەکرێ ویاجوج وماجوج لە هەرچوارلای زەوی بانگ دەکاو شاری خۆشەویستی قودس گەمارۆدەدەن،بەڵام ئاگرێک لەلای اللە دێ وهەموویان دەسوتێنێ،لەوکاتە

ئەو ئاگرە شەيتان وياجوج وماجوج وئەوانەش كەناويان تۆمارنەكرابێ لە كتێبى ژياندا هەموويان دەسوتێنێ وفڕێ دەدرێنە جەهەنەم ودەرياچەى ئاگرەوە.

ئەمەى باس كرا عەقيدەو بيروباوەڕێكى مەسيحيە،جولەكەش باوەڕيان بەبەشێكى هەيە،هەردووكيان كۆكن لەسەر هاتنى ڕۆژێک كە تيايدا خێروشەڕ لێک دەدەن ،جەنگى هەرمجدۆن دەبێ ولەشكرێكى دووسەدمليۆنى تيايدا بەشداردەبێ.

مال لينديسێ نوسەر، لە كتێبى ئەستێرەى مەزنى زەوى دا دەڵێ:ناپلێۆن كەهاتە سەربەرزايى هرمجدۆن وسەيرى دۆڵەكەى كردوگوتى،هەموو سوپاكانى جيهان دەتوانن مانۆربكەن،بۆئەو جەنگەى كەلەم شوێنەدا بەرپادەبێ.

لەساڵى 1984دا ڕاپرسيەک كرالەلايەن ڕێكخراوى بانكلۆفينش ،دەركەوت كە ٣٩٪ئيەمريكا كە ژمارەيان ٨٥مليۆن كەسە ،باوەڕيان بە وەيە كەڕوئياى ئينجيل بەجەنگێكى ناوەكى وێران كەر دەبێ ،پێش هاتنى قيامەت .

خانمە نوسەرى ئەمريكى جريس هاسل لە كتێبى پێشبينى وسياسەت دا دەنوسێ:ئێمەى مەسيحى ئيمانمان بەوەهەيە كەمێژووى مرۆڤايەتى كۆتايى پێ دێ لە جەنگێكدا كە هەرمجدۆنى پێ دەگوترێ،ئەمجەنگە بەگەڕانەوەى مەسيح تەواودەبێ،وەكە گەڕاشەوەفەرمانڕەوايى بەسەرهەموو مردوو وزيندانى جيهان دادەكا.

ڕۆناڵدڕيگانى سەرۆكى ئەمريكا لە 1980-1988دەڵێ:ئەم نەوەى ئێستا بەديارى كراوى ئەو جيلە يە كە هەرمجدۆن دەبينێ.

جيرى فولويل ى سەرۆكى مەسێحيە ئوسولييەكان دەڵێ:هەرمجدۆن ڕاستەقينەيە،،ڕاستەقينەيەكى داڕێژراوە،بەڵام ئێمە سوپاسى الله دەكەين كە كۆتاييەكى گشتى دەبێ.

قەشە بيلى گراهام لە ساڵى 1977گوتويەتى:

ڕۆژى مەجدۆ ،والە پێشمانە،گشت جيهان زۆربەپەلە بەرەو جەنگى مەجدۆ دەڕوا،بۆيە ئەم نەوەى ئێستا كۆتايى نەوەيە لە ژيان ،ئەم جەنگە لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستەوە دەست پێ دەكا.

هەربەم واتايەشسەرۆكى قەشە ئەنگليكانەكان دەڵێ:مەسيح پاشا كەهاتەوە ،بەمليۆنان لە هێزەكانى ديكتاتۆرى شەيتانى لەناودەبا.

هەرمجدۆن ،نهێنى گەورەى هەڵبژاردنەكان وكێ بەركێكانى ئەمريكايە،بەشەى هەرەگەورەى هەيە لە بانگەشەكان،هەريەك لە جولەكەو مەسيحيە كان بۆ گەيشتن بەپۆستەباڵاكان بەكارى دێنن،

جريس هالسل لە كتێبى پێشبينى وسياسەت دەنوسێ: (پێشبينيەكانى تەورات لە وڵاتە يەكگرتوەكانى ئەمريكا،بۆتە ژێدەرێک كە دەيان مليۆن كەس بيروبۆچون وبنەماكانيانى لێوە دادەڕێژن،لەناوئەمانەش كەسانێک كە خۆيان بەربژێردەكەن بۆسەرۆكى ئەمريكا،ئەمانە هەموويان باوەڕيان بەوەهەيە كە كۆتايى هاتنى جيهان نزيكە،ڕودانى جەنگى هەرمجدۆن لەبەردەرگايە،،هەربۆيەش هەردەم لەپێشبڕكێ دان بۆ خۆپڕچەک كردن،ودروست كردنى چەكى نەوەوى وزۆربەپەلەن بۆ ئەوەى ئەم جەنگە ڕووبدا ،چونكە پێ يان وايە ئەم جەنگە هاتنى مەسيح نزيک دەكاتەوە).

ەساڵى 1980دا سەرۆكى ئەمريكا ڕونالد ڕيگان لەچاوپێكەوتنى لەگەڵ پێشكەشكارى ئينجيلى جيم بيكر،گوتبوى:

-ئەم نەوە دياری كراوە كەنەوەى بينەرى هەرمجدۆن بێ.

-ئێمە ئەونەوەين كە هەرمجدۆن دەبينين.

هەروەهاسەرۆكى ئەمريكى جۆرج دەبليو بۆش لەساڵى 2008بۆگۆڤاريدێرشبيگلى ئەڵمانى گوتبووى:لەوساتەوەى كەبۆش بووەبەيەكێ لەوشەست مليۆنەيكە باوەڕمان بە لەدايک بوونەوەى دووەم هەيە بۆ مەسيح ،بۆيە كە پێم وايە مەسيح گەورەترين فەيلەسوفى سياسى هەموو سەردەمەكانەچونكە ئەويارمەتى دام كەواز بێنم لەمەى نۆشين.

ڕاپۆرتى ساڵانەى مافى مرۆڤ كەلەساڵى 1990لە قوبروس دەرچوە نوسيويەتى:

(چەندين دامەزراوگروپى سياسى وئوسولى هەن لە وڵاتەيەكگرتوەكانى ئەمريكاوزۆرێک لەوڵاتانى جيهان ،كە هەموو كۆكن لەسەرئەوەى كە كۆتايى جيهان نزيكە،ئێمە ئێستالەڕۆژانى كۆتايى دا دەژين،كە جەنگى هەرمجدۆنى تێدارووەدا،ئەوجەنگەش جەنگييەكلاكەرەوەيەولەوەوە دەست پێ دەكا كە هەموو جيهان جەنگدژى ئيسرائيل ڕاگەيەنێ،جادواى تێشكانى جولەكە مەسيح دێتە خوارێ لێپێچينەوە لە دوژمنانى ئيسرائيل ودەست خستنى سەركەوتن،پاشان مەسيح فەرمانڕەوايى جيهان دەكابۆماوەى هەزارساڵ بەئەوپەڕى ئاشتى وخۆشەويستى)

ئەم ئاڕاستە هەربە دينە بەناوبانگەكانەوە نەوەستاوە، ئەوەتا تايفەى بەهائيەكان پێ يان وايە كە ڕۆڵى سەرەكيان لەو جەنگەدا هەيە، كارلۆتاجيزن،نوسەرى بەهائى لە كتێبى جەنگى هەرمجدۆن دەنوسێ:

جولەكەكان بانگەشەى ئەوەدەكەن كە پەيامبەرى چاوەڕوانكراومەسيح كەتائێستا نەهاتوە دێ،بۆ لەناوبردنى سێ دڕندەكە،سێ دڕندەكە سەدام حسێن وسەرۆكى ئەمريكان وپەيامبەرەدرۆزنەكەش سەرۆكى تايفەى بابيە ،بۆيە ئەم بەهائيە پێى وايە كە شەڕى 1990لەوچوارچێوەدايە، ئەو144000كەسە ئەوانەن كە لە بۆچوونى بەهائيەكان لەجيهان دا تێ گەيشتوون وهەرئەوان شايانى مانەوەن ،پاش ئەوەى كەجەنگ هەموو جيهان لەناوەبا،چوار دڕندەى ڕوئياى يۆحەنا ئەمانەن،بەريتانيا،فەڕەنسا،ڕوسيا، ئەمريكا،ئەم چوار دڕندە دەبنە بەهائى ،وپاش جەنگەكە مەحكەمەى رب لەجيهاندا پێک دێنن..

بڵاوبونەوەى ئەم جۆرەبۆچونانە بوو كەواى لەشوكرى مستەفاى سەرۆكى بزوتنەوەى هجرەوتكفير،كەدايكى بزوتنەوەكانى قاعدە وتالييانە ،پێ ى وابێ كە كۆمەڵەكەى ئەو كەشتى نوحە وئەوى باوەڕى بەبنەماكانى كۆمەڵەكەى ئەونەبێ بەهۆى جەنگى سۆڤيەت وئەمريكا لەناوەچێ تەنيا ئەوان لە جيهاندا دەمێننەوە.

هەربۆیەش کاتێ ئەم ئاڕاستە لەسەرئاستی کۆشکی سپی هەبێ ،بۆیە زۆرێک لە چاودێروشرۆڤەکاران وادەبینن کە قاعیدەوتاڵیبان وداعش وجەنگی تیرۆروبەرەی شەڕو ئەو هەموو دەوڵەتانەی لەدژیان کۆدەکرێنەوە ،هەمووی سیناریۆی فیلمێکی ئەمریکیە تا ئەو خەونەیان بێننە دی، وەک ئەوەی اللە لەبەدی هێنانی سیناریۆی کۆتایی دەستەوستان بێ وهەموو ڕۆڵی دەرهێنان ونمایشی دابێتە ئەو دەوڵەتانە، ،بێگومان ئەم بەهەدەردانی سامان وکەرەستە خاووژیانی ملیۆنەها کەسانە، تاوانێکی گەورەیە وگاڵتە بەخۆ کردنە ویاری کردنە بەچارەنوسی مرۆڤایەتی ،لە شانۆگەری جەنابی موفەتیش دەچێ ،کە پێش هاتنی موفەتیشی حەقیقی ،ئەوان قومارچیەکیان لێ ببوبە موفەتیشی گشتی وهەموو پارەکانیان دایە.

ئەم یاریەش هەروایە ،چونکە نهێنی هاتنی قیامەت ونیشانەکانی ،وەک لەکۆتایی سورەی ئەعراف هاتوە ،نهێنیەکە ئاسمانەکان پێ یان گرانە ودادوبێدادیانە لەدەستی،هەروەها لەسوڕەی تەها اللە بەمسی دەفەرموێ ،باوەڕت بەساعەوقیامەت هەبێ کە هەرخەریکم دەیشارمەوە.

نهێنیەک اللە هەرخەریکی شاردنەوەی بێ وئاسمان دادوبێ دادی بێ لەدەستی، بێگومان بەیاری وتێگەیشتنی سلێمانی ئەمریکیش نازانرێ ،چونکە هودهود یش لەو زیرەکتربوو..

بیستەم لە ڕوئیای یۆحەنا:

[[سیحاحی بیستەم:هەزار ساڵ:

پاشان مەلائیکەیەك هات کلیلی هاویەی پێ بوو ,هاویەی کردەوەو تەنینەکۆنەکە –ئیبلیسی-خستەناو هاویەو کلیلی دا بۆماوەی هەزار سال,بۆی نیە تا هەزار ساڵ خەلك گومڕا بکاو پاشان بەردەدرێ ,بینیم کە ئەوانەی سوجدەیان بۆ وەحشەکە نەبردبو، وەشم وتاتۆی دڕندە وەحشەکەیان لە خۆیان هەڵ نەکەندبوو ,ژیانیان بۆماوەی هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیح پێ بەخشرا,بەڵام مردوەکانی تر لەم هەزارە زیندونابنەوە,ئەمە قیامەتی یەکەمە, جاکاتێ هەزارەکە تەواو بوو ,ئیبلیس

بە بەشى ردەبێ تا گەلانى ياجوج وماجوج لە كەنارەكانى زەوى گومرا بكا, وە ئامادەى جەنگى كردن,ژمارەيان وەك لمى دەم دەريا بوون,هاتن گەمارۆى شارى مەحبوبە -خۆشويستن -يان دا بەلام ئاگريك لە ئاسمانەوە هات و هەموى لەناو بردن,پاشان ئيبليس لەودەرياچە هاويژرا كە پەيامبەرى درۆزن و وەحشەكەى تێ هاويژرابو تاكو بۆ هەميشە بسوتين,

رۆژى دەينونە:

پاشان عەرشيكى گەورەى سپيم بينى,ئەوى لەسەرى دانيشتبو هەمان كەس بوو كە ئاسمانەكان وزەوى لەترسى رايان دەكرد,ديتم مردوەكان زيندو بونەوەو پۆل پۆل لەبەردەم عەرش وەستان,پاشان كتابى ژيان كرايەوە,مردوەكان وەك لە كتاب نوسرابوو سزا دران,دەرياكان و مەرگ و مەئواى مردوا ن ئەو مردوانەى لايان بوون ,هەمويان هاويشتنە بەردەم عەرشەكە,هەمو زيندوبونەوەو سزاى تاوانەكانيان وەرگرت,پاشان مەرگ و مەئواى مردوان هاويژرانە ناو دەرياچەى ئاگر,وە هەركەسيكيش كەناوى نەنوسرابو لە كتيبى ژيان فڕێ درايە ئەو دەرياچەوە,ئەمە مردنى دووەم بوو,]]

لە سيحاحى نۆزدەم ،لەسەرەتاكانى هەزارەى سێ يەم باسى گەلە كۆمەكى جيهان وپاشاكانى كرد لە دژى سوارەكە، وەليمەيەك، زەماوەندێک ، زەماوەندى كاوڕە،كاوڕئاژەڵێكە بۆقوربانى يە،وەليمەكە پاشاكانى سەرزەمينن، ئەم سەحاحانە ،هەريەكەو باسى جەنگى گەلە كۆمەكى دژى حەق دەكەن،هەموويان ،هەرلە هەرمجدۆنەوە تاكەوتنى بابل،تازاوابەندى كاوڕەكە ،هەموويان چەندڕويەكى جەنگێكى نێوان ئاسمان وپاشاكانى زەمينن،ديارە پەيڕەوانى وەحشەكان وتەنين هەموو زەويان تەنيوە،بۆيە سحاح لەدواى سحاح،هەرسحاحێک ديمەنێكى ئەو شانۆگەريە گەورەو ڕويەک لە ڕوەكانى ئەوگۆڕانكاريە گەورەيە دەخاتە ڕوو،لە سەحاحى پێشوو باسى دەنگێكى گەورەكە[ لە عەرشەوە داواى تمجيد و سوپاس وستايشى پەروەردگارى دەكرد,لەم كاتە دەنگيكى زۆر بە تەوژم وەك

دەنگى ريژنەى ئاوو گۆڵەى هەور دەهات,دەيگوت هللويا بۆ پەروەردگارى بەتوانا ,با تمجيدى بكەين و دل خۆشى دەربڕين و كامەران بين,چونكە زاوەبەندى كاوڕەكە نزيك بوەو بوكەكە رازينراوەتەوە,بەرگى كەتانى سپى پاكيزانى پۆشيوە,]]

مەسيحى ڕاستەقينە ،سوجدەو ڕكوع وكڕنوش وچەمانەوەو عبادەت وپەرستشەكان هەموو شايانى الله ن ،

[[يوحنا دەڵێ ويستم سوجدەى بۆ ببەم بەلام نەى هيشت و گوتى سجده تەنيا بۆ الله يە,]]

سادقى ئەمين ،ناوى محمد وكلمه الله ناوى مەسيحە، مەسيح ومحمد بەيەك دەگەن، يەك بنەما،يەك ڕێبازودين، يەك پەيام ،دوو ڕووى تەواوكەرى پرۆژەيەك ،مەسيح ومحمد ، مەسيحى قافيەى دێرە شيعرى پێغەمبەران-وقفينا على اثارهم بعيسى ابن مريم ومحمدخاتم النبيين وكۆتايى ومۆرى ئەنبياوهەواڵدەران .

[[پاشان بينيم ئاسمان كرايەوە,ئەسپيكى سپى سوارەكەى پێ ى دەگوترێ (ئەمينى صادق) ,بە عەدل فرمان دەكاو جەنگ دەكا,چاوەكانى وەك بليسەى ئاگرن و تاجى زۆرى لەسەرە و نوسراويكى لێ نوسراوە، بيجگەلەو كەس نازانێ بيخوينيتەوە, ,جلێكى لە خوێن هەڵكلشراوى لەبەرەو ئەم سواره ناوى (كلمه الله) يە,چەندين ئەسپى سپى لە دواوەن سوارەكانيان كەتانى سپيان لەبەرە,ئەمانە سەربازى ئاسمانن,لەدەمى سوارەكەوە شمشيريكى تيژ هەيە بۆ ليدانى ئومەتەكان ,بە گۆچانى ئاسن شوانى گەلان دەكا پێ لە معصرەوگوشەرى مەيى توڕەيى الله دەنێ,

مەلائيكەيەكى تر هاوار لە بالندەكان دەكا تابێن بۆ وەليمەى الله و لە گۆشتى پاشاو ميرو سەرۆك و دەسەلات دارەكا ن بخۆن ,ديتم پاشاكانى زەوى بۆ جەنگى سوارەكە كۆ بونەوە, بەلام سوارەكە و سوپاكەى هەمويان ديل كردن ,وەحشە درندەكەو درندەى دوەم كە پەيامبەرى درۆزن بوو فڕێ درانە ناو دەرياچەى كبريت,ئەوانى تريش بە شمشيرى دەمى سوارەكە كوژران و تەيروتور لە گۆشتيان تير بوون,]]

ئەمەمان لەبەشەكانى پێشوو باس كرد، كەليمەى ڕوح وئەمروقورئان =مەسيح،سادقى دەق وتێكست وئەمينى نامە وڕسالە ومحمدى ڕەسول ،وەها ڕاونراون ،وەها دژايەتى كراون ،وەها دەركراوو پێدادراون ،لەهەموو لاشەكانى جيهان جيابوونەوە،بوونە دووڕوح و دووپەيامى بێ لاشە ،لەناوئەشكەوتى تۆڕى جاڵجاڵۆكەى ئەنتەرنێت وناردنى دەرەوەدا بوونە وشەو واتا،كەليمەو مەعنا،لاتحزن ان الله معنا،،ئەم ڕاوەدونانە لە بۆئەم دوو ڕووحە لە كەلێنە شاخێكى چياى سووڕى نێوان مەكەويەمەن ،دەبێتە پەيام وبەرەو ڕووى گشت جيهان ،لە نێوان كتێبەكانى زانستى قورئان هەشتاوشەش سوڕەت لە قورئان لە مەككە دابەزين،،لەناو كتێبەكانى سيرە ئەو كەسەناسراوو كاريگەرانەى لە مەككە بونە ياوەرو ئەسحاب وحەوارى محمدى نامە و كەليماتى قورئانى مەسيح ،هەشتاوشەش حەوارى وياوەربووون،ئەوموجاهيدە موهاجيروكۆچەرانەى لە جەنگى بەدرى فتحى گەورەو فورقان وجياكەرەوەدا بەشداريان كرد هەشتاوشەش ياوەرى مجاهدو موهاجيربوون ،كەچى ئەو ياوەروو سەحابى وحەواريانەى لە يازدە ساڵى مەدينە ئيمان دێنن ودەبنە خشتى ديوارەكانى هەزارەى دووەم تاسێ هەزار ى زاين ،ژمارەيان هێندەى ژمارەى پەيامبەرانە ،سەدوچواردەهەزار ياوەروحەوارى وئەسحاب ،هەر سوڕەتێكى قورئان بەرامبەر هەزار حەوارى ،كۆچى محمدو هاوڕێكەى سەديق،لەدايک بوونى دووەم لە بيست وحەوتى سەفەردەستى پێ كردوو لە دوازدەى ربيع الاول كۆتايى هات،لەدايک بوونى پەيكەرى مەلەكوتى ڕوحانى ودەوڵەتى قورئانى مەسيحى محمدى دەبێ كەدوو پەيام بەرى خاوەن عەزم پێكەوە ئاوێتە دەبن ودەبنە شەبەنگێک ولە شارى شارستانيەوە دەست پێ دەكەن ولەماوەى هەزارساڵدا پانتاييەكى گەورە لەم گەردوون وبونەوەرە ڕوناک دەكەنەوە.

لە كۆتايى زەمان كاتێ حەشرى مرۆڤەكان كۆتايى دێ، دوو هەلويستە هەن من لێرەدا خويندنەوەى ئەو دووهەلويستە دەكەم ,هەلويستى يەكەم

ئيبراهيم خەليل باوكى لە شيوەى زبع وكەمتيار وحەفتيار وكفتارۆ لە ژير پێ يەكانى دبينى و چوارپەلى دەگرێ وفڕێ ى دەداتە جەھەننەم وجەحيم.

هەلويستەى دووەم :جەحيم هەر دەلورينێ و هەردەلێ :هل من مزيد؟ تا الله پێ ى قدمى دەخاتە ناو جەحيم وجەحيم دەڵێ قەت قەت ,

ئەم دوو هەلويستە هەردوو يەك پەيرەو مان تێ دەگەيەنن ,ابراهيم بە فريدانى بەعزوپارت وپارچەو كەرت ولەت ،،الله بە فردانى قدم وكۆن ومقيدى وپابەندى و دياری كراوی وسەرەتا دياری كردن بۆ قەديم وكنەكان، بۆ ناو جحيمى بە حەجم كراو و محجوم وقەبارە دياری كراو ،، ئەم دوو كردەوە هەردوو پێمان دەڵێن،، كەوا كاتى سنور دار بوون نەما و پابەندى بە كۆنتر و پياوتر و زۆر ترو لە پيشترو وەمو جۆرە جياكەرەو بەش بە ش كەرەكان كۆتايى يان هات و چونە جهنمى بەحەجم كراوو دياری كراو، ,الله هەرچى دين وپەيرەوو تايفەو مەزهەبگەری و هەلاويردەى نەتەوەيى ورەگەزى و نازى هەيە لە گەڵ پێ ى خۆى توری دەداتە جەهنم ،كاتێ الله قديم وكۆن وڕابردوی خۆى فڕێ دايە جەحيمى بەقەبارە دياری كراو،ئيدى ئەوانەى ئيماندارن ئەوانيش ئەو كارە دەكەن ،ئەوەڕۆژى كەشفى قاچ وساقە ،ئەوانەى دڕدۆنگ بوون لە ئيمانيان ئەو ڕۆژە ناتوانن سوجدەببەن ومل كەچى ئەو گۆڕانكاريە گەورەبن.

ئەو كاتە نەك ئيستا لە م جيهانە ,ئەوسا لەوێ جيهانى جهانگيری فرەنەتەوەيى وپيكداچونى نەتەوەيى ئاينى رەگەزى دەست پێ دەكا و گورگى رۆمانى و ورچى روسى ئەرسدۆكس و پلنگى تاميل و بوزى وفيلى هندوسى و ئەفريقى بەرھەمى وشيری سيخى ولوتى وكشتاری خۆری مەجوسى زەردەشتى و مانگى عەرەبى و بزن وحوشترو ومەرو ماينى عەرەب وفارس و هەڵوو كەری كوردی و عەزيای چينى و هەمو رەمزو ئو ل وئاينەكان نەفرين بۆ پيشوەكان دەنيرن وپەيڕەوەكانيان فڕێ دەدەن وسەركۆنەيان دەكەن كەبۆچى بەو جيهانبينيە سنورداره تەسكە

خەريكيان كردن و يەكتريان پێ قركردن و جيهانبينى هۆمانستى ويەكيتى بونيان نيشان نەدان ولە پارچە پارچەى دا سەريان برين وكوشتيانن و خۆ كوژيان پێ كردن ,بەڵێ ئەمەيە هاتنە خوارەوەى مەسيح و ئەوەى دەقەكان باسيان كردوە ئەمەيە چوونە ناو مەلەكوت ى ئەبەدى وبێ سنو روبێ پابەندى ,ئەمەيە نەمرى وبەردەوامى و هەتاهەتايى ,ئەمەيە فردەوس و جەننەت ,كە تۆ لەسەر ئەم بيرو باوەرە نەبى ناچيە ناو ئەو مەلەكوتە,كەواتە دەبێ ئەو دە توخمەى بۆم باس كردى كە ئەم جيهانەى ئيمەى تيادا چردەبيتەوە هەميشە لە ژير پێت بن ,نەتەوەكەت ،خاكەكەت، نيشتمانەكەت لاشەكەت منالەكەت ،ژنەكەت سەروەرى تايفەو كەلەپورى دينەكەت، بيروراييەكانت، ئاوات وخۆزگەو علم ورۆشنبيرى ومەعريفەتە سنوردارەكانى ئەم دون وباتنەت هەميشە لە ژيرپێ بن قوربانيان پێ بدەى كافربى پێ يان، بەواتاى دايان پۆشى، پيلاوت بن بۆ ئيمان بە الله وجيهانە بێ سنورو هەتا هەتاييە كەى ،كە دواى مرد ن دەست پێ دەكا ،عيسى نايە ئەم ملكوتەلێرە لە پيش مردن بەواقعى دروست بكا بەلكو دێ تائەم بيرو باوەرە و جيهانبينى يە فراوانە بلاو كاتەوەو هەلەى پيشوەكان راست كاتەوەو جيهان وەك بيرو بۆچون وعقيدە ئامادە بكا بۆ ئەوەى دواى مردن بچنە ناو ئەبە ديەت ,وەك ئالقەى كۆتايى دەبێ ئەم لاپەرە بە سەربرينى جزيە وتجزئەو وبەش بەشى كۆتايى بێ و ئەم تحزبە ى زبحو قوربانى و سەر برينە كۆتايى بێ لەبيرو زەينى خەلكى دا ,بۆيە عيسى جزيە هەڵدەكرێ، ئەوجزيەى كە لە ئاخر ئايەت وئاخر سورەتى قورئان دانراوە وەك شەرعێكى قۆناغى وڕێژەيى دياری كراو ،ئەم هەواڵە كە پێش ئەوەى عيسى بيكا محمد ى دوا هەواڵدەروئەوكەسەى قورئانى بۆهاتوە هەواڵى پێداوين،ئەمە وەك ئەوە وايە كە محمد پێمان بڵێ كە عيسا هات دواييين برگەى شەريعەتى من لادەباو گوێرايەڵيشى بكەن،ئەو واتايە لە سورەتى نەسريش وەردەگيرێ ،كە-اذا جاء نصرالله والفتح ورايت الناس يدخلون في دين الله افواجا فسبح بحمد ربك واستغفره انه كان توابا-

ئەم سورەتە وەک ئەبوبکرو ئیبن عباس وعومەر بە نیشانەی مردنی پەیام بەریان دەزانی، بەڵام مردنی کەسی و مردنی دینەکەشی هەرتێدایە، سورەتەکە دەفەرموێ ، کە نسرالله هات، کە دینی نەسرانی وعیسایە ،ئەو ڕێگا دەکاتەوەو سنورە داخراوەکان هەڵدەگرێ ،یەک دین بۆ یەک نیشتمانی گۆی زەوی وهەموو مرۆڤایەتی ویەک نەتەوەو زمان قبوڵ دەکا، کە بینیتان ئەمە هات وتۆ ئەی محمد بچۆرە وە ناوتابوتی تەوبەو وەک ئەوسێبەرەی هەتاو دەی پێچێتەوەو دەکشێتەوە بن دیواروسوانەکان ،با ئوممەتی حەمد بەحمد وتسبیحات سەحب وحەبس بێ وبەداوای لێبوردنەوە بکشێتەوە،وبگەڕێتەوە لای پەروەردگاری چونکە تەنهائەو تەواب و توبە وەرگربوە هەمیشە.

جاکاتی جیهانی دوای مردن دەستی پێ کرد، ئەو لەوشوینە دەست پێ دەکا کەلیرە کۆتایی پێ هاتوە,ئەگەر لێر تۆ بە جزئی بینی کۆتاییت بێ، لەوێ گشتگیریت پێ نادرێ

,ئەگەر لێرە دینەکەت سنوردار بینی وچوارچیوە دار بێ بۆالله وملکوتەکەی ،چۆن ببینی ولەسەری بمری لەویش هەرئەوەندەت پێ دەدرێ ,کما تکونون یولی علیکم ,اللهم امتنا علی اوسع ما انت تکون علیه ابد الابدین .

بەلاو توشهات وئازارونەخۆشی وناخۆشی دیاری و بەخششن لە م ژیانە بڕاوەدا وشەختەو دەقبەستویەکەی ئەم جیهانە بەندیخانە ئەوان دەیشکینن, ولەو بازنە داخراوە دەرت دەکەن کەناوی دنیایە,,هەربۆیە بۆدەربازی کورانی ئیسرائیل لە ستەمی فیرعەون تورەیی تەورات بەکار هات و قورانی قەیران وقران ودوابران بۆ موئمنان بە محمد کاری کردو قورئان بوە قەناره و سەربڕین بۆدوژمنانی محمد, جئتکم بالذبح ،بعثت بین یدي الساعة بالسیف،

وە ئینجیل بوە گیانە ڵاو گوشە وگلینەری دژانی مەسیح ,ئەوتا ئەوان واتە مسیحیەکان دۆزەرەوەو دروستکەری بارود ودینامیت وکارەبا وتیشکی

گاما وغازى كيمياى وئەتوم وجۆرەها رۆكيتى دەنگى ورەنگى وزەنگى وغازى وتيشكين و دەتوانن دژانى مەسيحى پێ بگلينن ,

زەبور برص وبەڵەكى وليك هەلوەشانت و نەساخيە بۆ دژانى پەيامى داود ى هەواڵدەروپاشاى خەليفە.

ئەگەر وانەبێ سونەتى مدافعە بەرپا نابێ ،هەموو هەردەيانەوێ لەو بەندەدا بن ,الله كاتى تويژيكى ساغلەم بۆ ماوەيەك بەسەر ئەم جيهانە دادەنێ، چەكيكشى دەداتێ كە چينە دەقبەستوە كۆنەكەى ژيرى پەرت بكاو بۆ كەشكەشانى بنيرێ بەم جۆرە چينە ساغە نويكە ئاوەدانى سەر زەوى وچينەكۆنەكەش لە سجنى دەقبەستويى دەرچو ئاسمانى پێ ئاوەدان كرايەوە ,ئائەمەيە هاوسەنگى تەرازوى ڕێژەيى بۆ ژيانيكى ڕێژەيى ,ئەى كە جيهانى نەبراوە بنيات بنێ ،دەبێ چۆن هاوسەنگيەكى بۆ بكا!!ئائەمەيە كە نەخۆشى ونەساغى دابەشى دادو عەدلە لەناو بەندانە ,زەبورى زەبرو بيزارى ومەلولى,مزمارى داود سرودو نشيد و سترانە، دەليلى سيمفۆنيايە، كليلى تمزق وپەرتبونە .

بلۆ كى عيسى عليه السلام لە بينای ڕەبانى دا,روح و كەليمەوئەمرى ڕەحمانى, ئەو روحەى كە بەردى ڕەقيش شەق شەق دەكا,ئەو ئەمرە واتە پاڵەوان وزۆرانبازو وخەسم بوو ,بەلام لە دوو هەزار سالەوە كراوەتە فەنا بڵند كراوو دوورخراوەوو حەقلى حق الله بۆ كارێك كە الله مەبەستيەتى . مەسيح سەلامى لەسەرە واتە سوڵەم وپەيژەيە لە رۆژى لە دايك بوونى كە ميژووى ميلاد وزاينە,جيهان كردويەتيە پەيژژە و لە سەرى دەڕۆن,ويوم يموت، هەروا رۆژى مردنى كەبە عيدى عشای ربانى وفصحى دادەنێن ورۆژى هەلسانەوەشى پێ دەلين ,يادى قوربانيەكەى دەكەنەوە,ويوم يبعث حيا ,ڕۆژى زيندوكرانەوەوهاتنە خوارو دابەزينى عيسای مەهدى حەق ديسان پەيژەو بەروارو نوێ بونەوەى مێژوويە لە داهاتووو سلم وئاشتى ودرود ووخالى كۆتايى هەموو مسلمان وگاوران ومەسيحيان لە سەرئەوە يە كە عيسا كە زيندوو ببيتەوەو لە سەعى وهەوڵ وكۆششەكە، ببيتە يەحياو ژياو و زيندوبۆوەو 'لە گل و صلب ورەق وصەليب وخاچەوە ببيتە ئاگر

.سەليب وخاچ بشكێنێ ،كات كۆتايى پێ بێنێ وبيست چوارسەعاتەكە
تەواو بكا وبەمەش خاچ وچاخ وزەمان دەشكێ ودەبێتە نيوەو نيوەو
كەسرەكەى ترى تەواوكەرى زەمان شوێن ومەكانە كە محمد
وئوممەتەكەيەتى،ئەوكاتە مردن وژيان ئاشت دەبنەوە، ئاگرو
گل،شيكەرەوەى تەنى شەى تەن وئادەم، دۆستايەتى وتەواوكارى
يەك دەبەستن ,ناكۆكى و بير تەسكى ودەمارگيريەكان لادەچن چونكە
عيساى حى وزيندوو، جزئ بوون وپارچە بوونەكان لەباتى ئەوەى مل
ملانێ يان پێ بكا ،لێكيان دەدا و هەلدەگيرێ ,ئەو بەراز و پرز جاريكى
تر سەردەبرێ ,چونكە دابەش كردنى شتەكان بۆ مقدس وپيرۆز ونامقدس
و پاك وپيس وشەريف وناشەريف ,كافرو مؤمن نامێنن،هەموو جيهان
دەبنە يەك دين وپەيرەو، تيروانينە جزئى وبەشبەشەكان بۆ
الله نامێنن،چونكە ئەوان پيش ئەوەى خۆيان وكۆمەلگاكانيان سەربرن
الله يان سەربرى ومحدوديان كردو ئەزەلى وئەبەديەكەيان لى كردەوە ,جا
كە مەسيحى حى دێ ئەم جيهانبينيە جزئى وتەسكە لادەبا وجيهانبينى
جيهانگيرى وروحە حەقيقيەكەى قورئان ومحمدى مجسدى يەكێتى بوونى
تەواو بەهەموو پارچەكانيەوە بۆتەواوكارى چوون بەرجەستە دەكا
ئەوسا ,حوشترە كەى ئەبو جەهل و شێرەكەى حەمزە پيكەوە دەلەوڕێن
,پشيلەكەى فيرعەون و چۆلەكەكەى موسا لەگەڵ يەك يارى دەكەن, تەنين
وعەزيای چينى لە ناو لەپ ودەستى منالانى يونسى ئينسانى گريک
ويۆنان ورۆمان وئەوروپا گەمەى پێ دەكرێ، فيلى هندۆسى وبەرهەمى
وپلنگى بوزى و بزنى عەرەبى ئيسلامى ومەڕى تورانى و ئە سپى
فارسى و گورگى رۆمانى زيۆسى وكەرى كوردى هەموو پيكەوە
جيهانگيرى و عەولەمە دەكەن و جيهان لەدواساتەكانى دا پێش وێران
بوونى قيامەت پێكەوەژيان دەكەن ويەكتر تەواو كارى دەست پێ دەكەن
ودەزانن ودەرک بەوە دەكەن كە جەنگ وهەراى چەندان هەزارساڵەيان
بەهۆى تێنەگەيشتن وبەبەش بەش سەيركردنى الله ومەلەكوتى الله
بوو،ئەو ڕيزبەنديەوپۆلێن وتقديم وتاخيرەى بۆ شتەكان وبونەوەرەكان
وچاخەكان وشوێنەكان وزمان و وشەكان كرديان هەمووى بوەپەردەو
حاجب ونەى هێشت بێ سنورى وگشتگيرى الله وهەميشەيى الله ببينن،-

ينبئ الانسان بما قدم واخر- مرۆڤايەتى بۆ چەند ساتيك ئاشتەوايى دەكەن تا لە سەر فراوانترين وكاملترين دين وبۆچوون بمرن تا لە زيندو بونەوەش لە سەرى زيندوو ببنەوەو شايانى چونە ناو ملكوتى الله ى ئەبەدى بن.چونكە كاتى زانيان وعيسادەق وڕێساگشتيەكانى كتێبەكانى بۆ پاڵفتەوپوخت كردن ,كە ژيانى ئەو ديو بەوە دەست پێ دەكا كە الله قەدم و كۆن وڕابردووى خۆى لە جەھەننەم داوێ ، قوربانى بە قەدەمەكانى قدموسى دەدا و فڕێ يان دەداتە ناو جحيمى قەبارەدارى و سنورداری ,ئيبراهيم باوانى وحزب وزەبحەكەى فرێ دەدا بۆ ناو جحيمى سنور دارى ,محمد لە حجه الوداع رييای عەباسى تحزب وپارچەبوو ن لە ژير پێ كانى دادەنێ ,لەمەوە دياره كە كەسيك بە جيهانبينى فراوانى ھەتاھەتايى ملكوتى الله نەمردبێ لەوێ پێ ى نادرێ,ئەوە يوم الجمعة ويوم التغابنه ,كە پەردەكە ھەڵماڵرا دەزانن ھەمووتان خەلەتاو

بوو ن , سەرداچو بوو ن ,خودا ى خوته ومختيئى وھەلەيى لەمە گيرۆدەى كردبوون ,ئەوە ئەو رۆژەيە كە داعي مەسيحى حي بانگ دەكا بۆ لاى شىء نكر -اقربت الساعة وانشق القمر،، يوم يدع الداع الى شيء نكر-,بۆلاى بۆچونيك كەلەوەو پيش ھەموو دين وياساكان ئينكاريان لى دەكرد، ئەوە ساعەته ومانگ شەق بووە،ئەم جارە پەيام وبانگخوازەكەى الله بۆلاى فرمان بەچاكە وباشە و كەچى وبەش بەش بوون ومەعروف وعرفان ناكا، عرفان توغيانى كردوەو بوە ھۆى ئەوەى عەقڵ وھۆش وەک عقال وڕێشمەو ھاوسار سەربەستى وخەياڵ وئەندێشە وئاوەزى ئەسپ وخەيلەكەى خەياڵ زەوت بكاودیلی بكا،عرفان زيادەڕەوى كردو بوە فرعەون وئەوەى دەركى نەكردو پەى پێ نەبرد وتێ ى نەگەيشت وبەر دەسەڵاتى ھەستەكانى نەكەوت ،نكولى لێ كرد وئينكارى كرد وگوتى نيە ودانى پێدانەنا،بەمەش نەى توانى باوەڕبە بێ سنورى وئەزەلى وئەبەديەتى الله بێنێ،مەعروف وفيرعەونى عيرفان دەستەوستانە وناتوانێ لە بێ سنورى وھەتاھەتايى بگاودەركى بكا، بۆيە داعى ڕۆژى دوايى وساعەت بانگەشە دەكا بۆلاى شتى نەناسراو،پەى پێ نەبراو،دەرک نەكراو،نەزانراو،.

,ئەوە رۆژى كشف الساق وفڕێدانى ساق الله يە، كە قەدەم وپابەندى وئيلتزام ئەو كاتە كوفرە,تجسيدى الله و يەكێتى بوون سوجدەى راستەقينەو حقيقيە ,كەسيك باوەرى بە ە نەبێ مجسد وەك غەيب بەشيكە لە الله ئەوە كافرە ئەگەر هێڵە گشتيەكان وسيماكانى هەزارەى سەبتى يەهودى بريتى بووبێ ،لە دەسەڵاتى تورانى جالوت وتالوتى ئيتاليای ڕێنيسانس و بەريتانيای داودى وشۆرشى پيشەسازى و تسبيحى شاخ ومادەڕەقەكان وعين القترى نەوت وغاز بۆ بەريتانيای داودى وسليمانى ئەمريكى كە سولتانيكى دراوەتێ پيش ئەو بەكەس نەدراوە لە غەواصەى ژيردەريا وناوناخى گەردیلەو ناو ناخى بۆشايى وسەرمانگ و مەدارەكان وبەدەمەوئيوارانيك وپاش عەسرانيك ريگەى مانگەودوو مانگ دەپيچينەوە بە ژێربارخرانى ريح وهەوابۆسلێمانى ئەمريكى به فرۆكە و ڕاخراوە رياحيەكەى سليمان -رواحها شهر وغدوهاشهر- ئەمە ماناكەيەتى و تالوت وسليمان وداودى قورئان بريتين لەئيتاليا و بەريتانيا و ئەمريكان نەك ئەو شاول وداودو سليمانە بێ دەسەلاتەى ناو تەورات وكتيبە ميژوويەكان,

هەمە چەشنى و فرە رەنگى و لە ژمارە نەهاتووى و بێ سنوورى نەخشەو مەنهەج وپەيرەوو شەرع و زمان و كەليمات و ئەسماو صفات و ئيناكان و لەو حەكان و بونەوەرەكانى الله لە نيوان حيكمەت و فراوانى دا:

ئەم هەمە چەشنيەو بێ سنوريەو لە ژمارە نەهاتنە لە شتانەى كە باسم كردن لە روو كەشدا جۆريك لە چەواشەكارى و سەر ليشيوانى پيوە دياره,بە لام كە لێ ى ورد دەبيەوە، دەزانى كە الله دەيەوێ كە تێمان بگەيەنێ كە ئەى بەندەكان وا تێ مەگەن كەمن بۆماوەيەك شتەكانم لە وەحى و شەرع و ئەنبياو ونەخشەو مەنهەجەكان و دەقەكان سنور دار دەكەم لە سەر زمانيك وەك عيبرى وعربى و سريانى و سامى و ئيبراهيمى ,يا ن بە ناوچەيەكى تايبەت , كيشوەرەكانى وەك جيهانى كۆن ,يان نەخشەكة بۆ ماوەيەك دەقبەستو دەكەم لە سەر چەند خويندنەوەيەك وچەند كتاب و ئيسم و صفات و معنايەك ,وامەزانن كە لە

دەستەوستانى و بێ توانايى الله يە ,يان ئەو زمان وكەسانە حەقيكيان بە سەر الله وە هەيە، يا ن الله پيويستى پێ يانە؟؟!! , بەلكو ئەم ويستگەو سەكۆيە بۆ ماوەيەك جێگيرو سابتانە رەحمەت و وچان دان و وپشوگەيەكن بۆ مرۆڤايەتيەكى سنوردار لە تواناو تەمەن و علم و تيگەيشتن دا ,ئەمە تەنيالە بەر دەستەو ستانى و مراعاتى كەم توانايى ئيمەيە , ئەگەرنا الله دەتوانێ بە يەك چركە، بێ ژمار لە شەرع ومەنهەج وكەليمات و نەخشە بهينێ، كە ئيمە تياى دا بزر ببين ,بەلام الله بەرحمە و چاوى لێ يە،.

ئيمە ئەوە بۆ هەزاران سالە لە فراوانى قەترەيەك لەو علمە كەلە دەريای بێ سنوری علمی الله ئەم قەترەی هاتە ناو پەی پێ بردنی مرۆڤ و تا ئيستاش پێ ی ئيستعاب نەكراوە ,قورئان لە 114 سورەتە، هەر سورەتيك هەڵت دەنێ لە سەر تحديد وسنور داری و سورەتەكەی دواتر پيت دەڵێ ئەوانەی محاداتی الله ورەسولی دەكەن وبەسنوداريان دەزانن ولەچوارچێوەيەكی معروف وناسراوی هەميشەی دا بەنديان دەكەن ،كافرن .

ئەم تحديدە وسنوردارکردن ولەپێناسە وپەی پێ بران ودەرک كردن دا بەند كردنە، پشوگەو رەحمەت و سەوابت وجێگرەكانن و ئۆقرەی دل و دەرونی تۆيە بۆماوەيەكی ڕێژەيی ديارى كراو ئەی مرۆڤايەتی ,ئەم دژايەتی كردنی سنوداريەش بۆ شكاندنی ئەو بەستەلەك ودەمار گيری و گومانی بەد وخراپ بە الله بردن و ئەو ستەم وزۆرداری و قورخ كردن و پاوانكردن ومزايەدەی بە دينی الله وە دەكرێ، بە تورِدانی ئەو سنورانە نەبێ چارە نابێ , بۆيە هەردو لای رەحمەت و حكمەت و فرەيين ,

كەواتە بوونی سوابتەكان وجێگرەكان لە دينەكانی جيهاندا بۆئەوەيە كە تا ئيمە هەر خريكی ڕاكردن نەبين بە شوين گۆڕانكاريەكان. , كە گۆڕانكاريەكانيش دێن ومەعروفە دەقبەستوەكان ئينكاردەكەن ولەناو جەرگەی مونكەرەنەناسراوو وڕەت كراوەكان معروفی نوێ دەردێنن،،

بۆئەوەيە تا ئێمەى مرۆڤايەتى بيزار نەبين لە دەقبەستوويى جێگيروناسراوە سابتەكان ,

لەمەشدا كەسەرنجى هەموو دين و شەرع و زمان و قوتابخانەو ئوممەتەكان بدەن ,هيچ يەكيكيان نيە كە لەم جيهانەدا سەدان سالّ خەلكەكەى سەرو ماليان بە قوربان نەكردبێ و بە مليۆنان خەلك لە پيناو خزمەت كردن بەو دين وبەو زمانەى كە دەفروخوان وپيرۆزوپەسندكراوى ئەودينەبوو، سەريان نايەوە و كوژران ,كە چى پاش ئەم هەموو قوربانيە، هەر لەلايەن هەلگرانى ئەو دين وزمانەوە دەيان ريچكەو بيرو مەزهەب و لەهجە و زاراوەو شيوەزمان و پەيرەو هەربەناوى خزمەت كردن بەو زمان و دينە دانراوە ,بەلام دەرەنجام ئەو ريچكەو لەهجانە بوونە هۆى پارچە پارچە بوونى ئەو دين و زمان ونەتەوە، و لە ئەنجام دا ئەو دينە لەبەر دلان شيرينەو ئەو زمان ونەتەوە بەباڵاهەلگوتراوانە مردون ,وە لە شوينى وان چەندان دين و زمان وڕێچكە ولەهجە لە دايك بوون ,وەنەخشەكانيش لە نەخشەى دينيك وزمانيكەوە ، بوونە دەيان نەخشەى دەيان زمان ودين ,

ئەمة نە جاريك ,بەلكو مليونەها جار دوبارة بۆتەوە لەمێژوودا,تا ئيمە لە هاوكيشەى بۆماوەيەك سنورداری لە بەر رەحمەت بە مرۆڤايەتى وفرچک گرتنو هۆگربوونى بۆچەسپاوو سەلماوو بەڵگەنەويستە قەتماغە بەستوەكان،.

هاتنى بێ سنوريش هەيبەت و ئەبەدى الله يە ,بەڵێ الله بێ سنورە لە كەليماتى، ولەنەخشەى و،لە شەرعەكانى ,ئەوەلە بەر حاجەتى ئيمەيە ماوەيەك سنوردارو راوەستاوى دەكا,كەواتە لای ئێمە جێگيرەكان ڕەسەن وگۆڕاوەكان لقن ،جێگيرەكان ناوک وگۆڕاوەكان ئەلكترۆنن، بەڵام لەى الله گۆڕاوەكان ڕەسەن وجێگيرەكان ڕەحمەت وبەربەستى زوالقرنينن ،بەڵام كەبەڵێن ووەعدى الله شەپۆلى هات ديواروشوڕاوسنورى ڕەحمەتى الله دەپێچێتەوە ،وەک لەسورەتى كهف باس كراوە.

بۆيە دينەكان دەيانن وبەدەيى تەمەنى ژيارن، چەند ڕاستيەكى ڕێژەيين وبۆكات وشوێنێكى دياری كراون.ڕاستيە ڕەهاكان تەنيا لە زەين وبيروهۆش وئيمانى دڵەكاندا هەن ولەم جيهانەدا هەرگيز لەدايک نابن،چونكە جێگايان نابێتەوەو ئەم جيهانە بەكات وشوێن سنوردارو ڕێژەييە سەفسەتەيە جێگای بەهاو واتا بێ سنوروڕەهاكانی تێدا نابێتەوە.

هەروەك گوتم لە قورئاندا كە سورەتە گۆڕەرە بێ سنورەكە، ستەم و دەقبەستويی و ئاسۆتەنگی و بيزاری سورەتی حديدە پێناسەكەرە تعريفيە سنوردارەكە لادەبا ، چونكە نابێ بە ئيسمی الله لەناو بونەوەرە زولم وستەم بكرێ ,و فشارو پەستانو داپەڵۆسين هەبێ و رەگەز پەرستی و شۆڤينی و نازيەت پەيرەو بكرێ,لوت بەرزی بۆ زمان ودين و موزايەدەی پێوەبكرێ ,

ونكە دەقبەستنی شەرع ودين ومەنهەج وزمان ونەخشە، هەر لە سەرە تا تاكۆتايی، تەنانەت رۆژيكی لەوحيش كەملياران سالی ئيمەيە هەر ستەمە و دەبيتە هۆی بيزاری , هەتا دياردەتەمەن دريژەكانيش هەردەبێ بگۆڕێن ,خۆری تەمەن 5 مليار سال لە گرگنيكی سپی تا ئەمڕۆهەزاران قۆناغی بەسەردا هاتوە ,هەروەها زەوی و مانگ وشاخەكانيش,هەرشتيك كە الله بيەوێ، بيهيليتەوە دەيگۆڕێ ,هەربۆيە كە كەليمەو شەرع و زمانەكان هەستەوەرترن لە شاخ و ئەستيرەكان، چونكە زووتر دەگۆڕێن و نوێ دەبنەوە, هەتا خەلكی جەننەتيش كەلاشەيان هەلناوەرێ ,بەڵام لاشەكانيان وەك جلەكانی ئێمە دەگۆڕن ,هەركاتێ ويستيان روحيان لەو لاشە دەگوازنەوە بۆ لاشەيەكی تروتقمس وتناسخ دەكەن ،وەک ابن قەيم لە كتابی ڕوح وحادی ئەرواح باسی ئەوڕوباری بەيزەخەدەكا كەلەكەنارەكانی وەک كارگ سورەو وێنەو پەيكەرو لاشە دەڕوێن وخەڵكی جەننەت دەچن لە دەم ئەو ڕوبارە لاشەكانيان دەگۆڕن ولاشەی نوێ بۆ ڕوحيان هەڵدەبژێرن ,

بۆيە شرك وهاوبەشی دانان ,گەورەترين زوڵمە ,تۆ كە الله بەخالق و بەديهينەرو پاريزەری هەمو گەردون وزەمان ومەكان نەزانی؟ بڵێ ی تەنيا خاوەنی ئەو گەردیلە يە ,ئەو سانتيمەترەيە ,ئەو روحەيە ,ئەو

كەليمەيە ,لەكاتيدا كە الله خالق وبەديهينەرى زەمان ومكان و كەليمات وئەرواحى بێ سنورو لە ژمارە نەهاتوە ,ئايا زولم لەوە گەورەتر هەيە ,

هەربۆيە عيسای كە الله ی تيدا سنوردار كراوە دەگەريتەوە تا ئەو هەلە راست بكاتەوە كە الله كەليماتەكانى لە ژمارە نايەن ,بەمەش ئەوەى كە الله لە كەسانى ئيمانداری نوسيبێ، ئيمانى خۆى راست بكاتەوە تا شايانى ملكوتى بێ سنورو هەتا هەتايى الله بێ , ئەو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەكە پيمان بڵێ كە هەر كەسێ لە ئەسماو صفات و ئەفعال وزاتى الله لە زەمانيك و چاخيك و زمان و لسانيك و كتيبيك وكەسيك و شوينيك و ديارديەك وتوخميك دا چركاتەوەو بڵێ هەر ئەوەندەيە ئەوە گۆڕێكى بۆ خۆى هەڵ كەندوە و بێ دەسەلاتى و براوەيى بۆ خۆى هەلبژاردوەو خۆى لە ئەبەديەت و بێ سنورى محروم كردوە ,لەلايەكى تريش دەبێ ئيمانت هەبێ كە هەرچى لەم وجودەدا هەيە لە جزئيات ,لە زەمان و مەكان و ئەسما و صفات و كلمات و تەنەكان و شەرع و نەخشەكان ,هەموويان جزئى وبەش بەش وسنوردارو ومحدودن ,كاتيك هەبوە نەبوون و كاتيكيش هەيە نامينن, ئەمەم لە كاتى ئەسماوصفات باس كردو ليرە دوبارەى ناكەمەوە,

باسى عيسامان كرد كە بەچى بوە ملك الموت و چۆنيش ئەو هەڵە راست دەكاتەوە,

ئيستا با باسى محمد بكەين چۆن بوە قتال كوشتاروگوشين و زەبح و بەش بەش وجزيەوسەربڕين بۆ قۆناغيك وبۆ حكمەتيكى كە الله مەبەستى بوو،هەروەک تاقيكردنەوەكەى ئادەم، وە چۆنيش ئەم قۆناغە تەواودەبێ و ڕاست دەكريتەوە , ئەو هەرچەندە كە ڕوكەشى قورئان و فەرمودە ئەم ئيعتقادەى نەهيناوە,بەلكو نەزانى پەيرەوانى و تينەگەيشتنيان و نەتوانينيا ن لە كۆكردنەوەى هەموو وجوهو ڕوو و دەقو هەوالەكانى قورئان وسونەت ئەم فەهمەى بۆ هيناون كە الله يان بەش بەش و تجزئە كردوەو ,ئەوان كە ئيمانيان بەوە هەيە كە چەند كات و چەند شوين و و چەند ئەحوال و زمان هەن لەم گەردونە دا كە الله مباينە وجيايە لێ يان و نە بە زات ونەبە صفات ونەبە ئەسما مباشەرەيا ن ناكاوپەيوەندينيە پێ

يانەوە , جا بێ گومان ئەم كات وشوين وتەنانە كە زياد دەكەن وكەم دەكەن و دەجولين و نەش ونما دەكەن و ئەم نەش و نما وخەلق بون وزياد وكەمە اللة نايكا نەبە ئيسم نەبە صفەت ,الله بە زات وصفات و ئەسماء لە سەر عەرش ودابڕاولە گشت بونەوەران -لە بۆچوونى ئەمانە دا- گيرى خواردوە,و لەوێ بەنديان كردوە ,ئەمە تجزئەو زەبحە و لە قورئان جياوازى سەر عەرش و حەوت ئاسمانەكان و حەوت ئەرزەكان و هيچ شوينيك نيە و الله بە ئەو ئيسم و صفەتانەى دەلين ئيسم و صفاتى زاتن يان معانين يان ئيسم وصفاتى فعل يان صفات وئيسمە خەبەريەكان هەرلەناو سنگى مروڤەوە بە پەنجەكانى،بە خالقى وبە عەليمى و،،هتد هەتا هەمو سانتيمەتريكى ئەم گەردونە،بەو ئيسم وسيفەتانە هەيە .

دەڵێن چۆن دەبێ ئمە بليين كە الله لەناو پيسايى و پاشەرۆكەو سەرانگويلكە ,بۆ ولامى ئەوە دەليم كە ئايا هيچ سەرانگويلكيك هەيەكە لە بۆشايى دانەبێ و حەيزێكى نەگرتبێ؟دەى بۆشايى ئينا و دەفرو خود وزات ونەفسيى الله يە ,ئەو جا دەپرسم ئەوەندەى نەشو نما و گەشەو خەلق وبەدى هاتن ودروستبوون لەناو پاشەرۆك و سەرانگويلك هەيە ,ئەوەندە لەديوەخان و ژورة پاكەكان نيە، ئاياكە الله بە ئيسم و صفەتى خەلق ومنشىء و فاترو بارى لەوێ ئەو بەديهێنراوانە زياد نەكاو نەيجوڵێنێ و ئيحيا وئيماتە نەكا؟ ئەى كێ ئەم ئيشە دەكا؟كە ئەو نەيكا واتە بوونى تعددى خالق كە ئەمە شيركە ,ئەو جا ئەوەشمان راڤە كرد كە ئيسمەكانى الله وەك بۆشايى وان، تفاعل وكارلێكى سەلبى ونەرێنى لەگەڵ ئەو دەوروبەرە ناكەن كە ويست و مشيئەتى الله بۆ ماوەيەك ئيشێكيان پێ دەسپێرێ ، نەبە پاشەرۆك پيس دەبن و نەلە بۆشايى خالى لە مادەش كاريان لێ دەكا ,

ئەوە وەك ئەوەيە كە بڵێ ى دكتۆر پاكە، چۆن دەبێ قۆڵۆنى جێ ى پيسايى و گەدە نەشتەرگەرى و چارەسەر بكا؟ ,خۆ دكتۆر بە پاشەرۆكى ئەو شوينانە لەخۆى هەڵ ناسوێ و نايان خوا ؟,ئەو بە دەستەوانە و مقەست ئەوى پيويست بێ دەيبڕێ و لاى دەبا . بە تايبە تيش كە گوتمان

ئەسماو صفات وەك سەولى بەلەمەوان و كەوچكى چيشت لينەر كە الله لەبەر دروستكراوەكانى خەلقى كردون ,

يان نمونەى ئەمە گازى ميسان و ئامۆنيا ونەوت وگاز
كەھەمووى پاشەرۆك و ميزو پيسايى گيان لەبەرانە وكەڵەكەبووە،,تۆ كەسەرى حاويەى پيسايى داخەى و پاشان ئاگرى لێ نزيك كەى، دەبينى كە وەك بتڵە غازيكت بەردابێ، ئەوا دەسوتێ ,دەكەس دەڵێ من غازى سروشتى ناسوتينم و چيشتى پێ لێنانێم ،چونكە ھەموو پيسايى وپاشەرۆكە كەدەيسوتێنم؟؟

ئەو جار ئيمە بمانەوێ ونەمانەوێ، ھەرچى تەنە پاشەرۆكى پيشوەكانە ,جا پاشەرۆكى قژو لاشەيان بێ، يان پيساييان بێ ,رووك بن يان گيانەوەر , ھەمو ئەو تەنانەى كە شل و رەق وغازو بليسەن ,لاشەى ئيمەن ،يان ھى شتومەكەكانمانن ,ھەموو ئينای الله كە بۆشايى يە پالاوتونى و پاكى كردونەوە و پيشكەشى ئيمەى كردونەوە,

ە سەرەوە پرسيارى ئەمەم وروژاند كە چۆن ئوممەتى محمد لەم حزب وتحزب و سەربرين و جزيە دەربازيان دەبێ كە ,ئەو يش وەك سزايەكى لە سەر يان چەسپا، كاتێ كە لە كاتى گرتنى مەدينەو ئەسيرەكانى جەنگ ، چاويان لە پێكەوە ژيان و فديەو پارەو سامان بوو صراع و مل ملانێ ى سەرانسەرى وڕيشەيى و صفريان رانەگەياند، بۆيە دينى ئيسلام وقورئان كەلەسەردەمە مەكيەكەى گشتگيروعلەمى وجيھانى بوو،محمد ڕەحمەتى گشت جيھان بوو،بەڵام لە مەدينە لەم ڕەوتە لايان دا بۆيە سوڕەتى تەوبەيان بۆ ھات كەدواسوڕەتى قورئانە كە تياى دا جزيەو چلك وچەپەلى ئەھلى كتابيان بۆ حەلال كراو بەرامبەر بەوەش لە دينيكى جيھانى وعالەمى يەوە بونە دينيكى قومى محلى ناوچەيى ,ئەمەڵەش عيسى عليه السلام كەھات جزيە لادەباو بەيەكەوەژيانى دينەكان ڕەت دەكاتەوەو تەنيا يەک دين قبوڵ دەكا وجەنگى سفرى وپاكتاوكردن لەگەڵ گشت پەيڕەوودين ومەزھەبە جوزئى بين وكەرت وپەرتەكان ڕادەگەيەنێ.

چارەسەرى ئەمە لە ئەو فەرمودەدايە كە لە كاتى ختمى قورئاندا ،دەبێ قورئان خوين لە دواى سورەتى زوحى وە بڵێ لااله الا الله والله اكبر,واتە تەنيا الله و خالقى بونەوەرانە و الله گەورەترە لەوەى كە دەستەوستان بێ و نەتوانێ لەم 114 سورەتە و ئەو ئەسماو صفاتانەى لەم 114 سورەتە هاتون و ئەو زمانەى كەئەم 114 سورەتەى پێ هاتوە كەعە رەبى يە و ئەو پەيام بەرەى كە ئەم قورئانەى بۆ هاتوە كە محمدە كورت هەڵبێ وچربيتەوە، وە الله گەورەترە لەوەى كەنەتوانێ كتابيك چاكترو بەرفراوانتر لە قورئان وزمانيك پاراوتر لە عەرەبى و كەسيك شايانتر لە محمد بينيتەدى ,الله گەورەترە لەوەى كە مخلوقەكانى و ئەوامرو كەلماتەكانى بتوانن سنوردار و دەستەوستانى بكەن ,بەتايبەتى ئەم لاالة الاالله والله اكبر ,لە دواى سورەتيك دەست پێ دەكەن كە واتاى تەزحيەو قوربانى و تحزب وزبح و سەربڕينى لێ دەخوينريتەوە,كە لە شارى مەككە دابەزيوە كەلە زۆربەى نەخشە جزئييە ناكاملەكان دەبوە قور گى دنياى كۆن ,وە شوينى قوربانى و سەربڕينى گيانەوەرو پەزەكانە ,دانى ئەم شايە تيە كە الله لەوە گەورەترە كە لەناو مەكەى قورگ و لە بەيتيك و لە كتابيك كە قورئانەو زمانيك كە عەرەبيە سەنگەو بەرد بنرێ و بەند بكرێ و زيندە بەچال و سنور دار بكرێ , ئەمە مانای ئەو زكرەيە كە دەرباز بوون و دەرچونە لە تجزئەو بەش بەشى بوون بۆ ئيمانە بە الله و چونە ناوسەلامى گشتى و –ادخلوا في السلم كافة- هەروەها هەلگرتنى جزيەش لەلايەن عيساوە واتاى گەرانەوەى بە عالمى بوونى ئيسلام وجيهانگييرى ئيسلامە و دينە سەليمەكە لەناوەڕاستى هەزارەى يەكشەم لەدواى جەنگى خەندەق جەنگى ئيبادەو ريشەكيشى بۆ ئەودينانەى بە ئيمانى جزئى وناقص رازين و ئامادەنين دەستبەرداری بن لە جولەكەكان رادەگەيەنێ،ئەم پێنج ساڵەى خەندەق دەبێتە دووهەزارو چوارپێنج سەدساڵى زاينى، دەبێ يەك دين و بير و ياسايەكى شمولى كوللى گشتگير حوكمى جيهان بكا و مرۆڤايەتى هەموو مل كەچى بێ.

ليرە نمونەيەك بۆ گشتگيرى و بێ سنورى بەهاى حكمەت بە نمونە دينمەوە ,كاتێ ئيمە دەڵێ ين كە حكمەتى الله بێ سنورە، چونكە صفەتى الله يەكى بێ سنورە، كە سەرەتاى نيە وكۆتايشى نيە، نەلە زەمان و كات ونە بە فرەيى وزۆرى ,كاتيك نەبوە كە الله نەبوبێ وەكاتيكيش نەبوە كە الله ى حەكيم نەبوو بێ ,كاتيك نيە لە داهاتوش كە الله نەبێ و كاتيك نيە لە داهاتو كە الله حكمەتى نەبێ,,ئەمە وەك بەها بۆزاتيكى بێ سنور ,بەلام وەك وشەو كەليمەى حكمەت ,كاتيك نەبوە و كاتيك نابێ لەمەولا كە هەم الله وەك زات و هەم حكمەتى الله وەك بەهاو صفەت وناوو ئيسميان نەبووبێ, جا مەرج نيە ئەو ئيسمە هەر (ح ك م )بووبێ ,ئاليرەدا ئيسمەكان وزمانەكان و كەليمەكان لەڕووى زەمەنى يەوە ديارى كراون ،لە سەر نوينەرايەتى مسماكانيان, واتە ئيسمەكان و كەليمەكان بۆ كاتيكى محدود وديارى كراونوێنەرى و تەمسيلى ئيسم و بەهاو معناكان دەكەن ،ئەوەندەى مشيئەتى الله ى لەسەر بێ ,كەواتە ئيسمە بەكات وتەمەن ديارى كراوو محدودەكانى بەهاى حكمەت بەژمارە نا مەحدودن و بێ سنورن ,واتە ئيسمەكان تەمەنيان سنوردارو وژمارەيان نەژمێرراوو وبێ سنورە بۆ ئەوەى بتوانن ببنە كالاى بالاى بەهاو معنايەكى بێ سنورو ئەبەدى,كە س ناتوانێ ئەوە ديارى بكاو بژميرێ كە الله بەچەند زمان و چەند كەليمە حكمەتى خۆى ناودير كردوە ,جا ئەم نمونە ى بۆ حكمەت هينامانەوە بۆ هەموو ئيسم وصفاتى الله دروستەو هەموو بەو شيوەن,

هەروەها كەسيش ناتوانێ ژمارەو عددیك لە ئەسماو صفات بۆ الله ديارى بكا و بڵێ بربەندى ليدراوەو لەوە زياد وكەم ناكا ,چونكە ئەو دوعايەى كە رسو ل الله فيرى كردوين كە بڵێين: اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ, ابْنُ عَبْدِكَ, ابْنُ أَمَتِكَ, نَاصِيَتِي بِيَدِكَ, مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ, عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ,أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ ١-هُوَ لَكَ, ٢-سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ, أَو٣-ْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ, أَوْ ٤-عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ, أَو٥ـِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ,

.

ئەمانە پينج چەشنن لە ئەسما ،تەنيا يەك چەشنيان لە قورئان و سونەت دا كتێبەكانى پەيام بەراندا هەن,وە لەگەڵ ئەوەى كە تەنيا ئيسمەكانى ئەو

چەشنە لە قورئان وسوننەت بە عەرەبى زانيان، هەنديك بەسەد ئيسم وهەندیکی تر وەك ابن حزم بە هەزارئيسميان دەزانن ,ئەمە تەنها لە ئيسلام دا ،خۆكە ئەم ئيسمانە لە هەموو كتێبە دابەزێنراوەكان بۆ پێغەمبەران وەربگرين ،ئەوە لە دەيان هەزارئيسم تێ دەپەڕێ،جائەم هەزاران ئيسمانە ئەگەر معنا و واتاومرادف وهاومەعنا
وەرگێڕدراوەكانى ئەم هەزاران ئيسمە بەو هەزار زمانە وەرگێڕين كە لە سەرزەوى ئيستاهەن ئەوەلەمليۆن ئيسم تيدەپەڕێ ,ئەى ئەو زمانانەى كە بەزمانى مردو دادەنرێن وئەو زمانانەى كە هيشتا نەهاتوون ؟ كەواتە ئەمانە هيشتا يەك چەشنن لە پينج چەشنەكە ,كەواتە ئەسماكانى الله و صفاتە كانى لەژمارە نەهاتوون لە هەرپينج چەشنانەى كە لە فەرمودەكە باس كراون ,

هەر لەم فە رمودە دان نانى تيدايە بە علم و ئەسماى تايبەت بە ئەوليا و حەكيم وفەيلەسوفەكان كە ئەوان لە ناو كۆمەلگاكاندا ئاحادى خەلكن و بە پەنجەى دەست دەژميررێن لەناو هەر كۆمەلگايەك ,بەلام كە كۆيان كەيەوە لە هەموو ئوممەت وميلەتان ،ئەوانيش لە ژمارە نايەن و ئەو ئەسمايانەش فيرى ئەو توێژە كراوە لە ذمارە نايەن ,

ەو ئيسمانەى١- هو لک، ئەوئيسمانەن كە هەن بەلام دەربرين و كەليمەى لە سەر دانەناون تا بگوترێن,جيان لە و ئيسمانەى ئيسمى خۆى پێ داناوون ,وە ئەو ئيسمانەش كە ئيسم و كەليمەى لە سەر داناون ,هەمووى لە كتيبەكەى يان كتيبەكانى نازل نەكردون ,وەهەموو شى فێرى ئاحادى خەلك نەكردون ,بەلكو هەندیکى هەلبژاردون لاى خۆى ئيسارى كردون و هيشتونيەوە بەشاراوەيى ,ئەو ئيسمە شاراوانە تەنانەت لە لەوحى پارێزراويش نەنوسراون ،چونكە ئەوەى لە لەوح نوسراوە كە بەدى دێ، بەڵام ئەم ئيسمانە بە دەرک نەكراوى وپەى پێ نەبراوى دەمێننەوە،ئەمە هەموى ئەوە دەسەلمينێ كە مرۆڤ نەئيستاونەبۆ لەمەولاش وهەتا لە جەنەتيش ناتوانين كە پەى بردن و ئيحاتە نەبەزاتى الله
نەبەژمارەو وهەموو واتاومەعناكانى ئەسماء وصفات و ئەفعال -كردار- و هەواڵ وسيفاتى خەبەرى الله بكەين.

–

ئەو هەزارسالّەی مەسیح علیه السلام،ئینجیل دەفەرموێ مەسیح
هەزارسالّ حوکم دەکاوپاشان ئەم جیهانه کۆتایی دێ
ودەپێچرێتەوە،بەهەمان شێوەش قورئان وفەرموده مەسیح وگەڕانەوەی
مەسیح به دوا پەردەی ژیانی ئیمانداران دەزانن،کۆتامژدەی پەروەردگاره
لەم جیهانه، وەلەفەرمودەش ئەوەهاتوه که ڕۆژی یەک شەممه ڕۆژی
نەسارایه،یەک شەممەش له هەزارەی دوەم تاهەزارەی سێ یەمی زاین
دەخایەنێ،ئەمه له فەرموده هاتوه،له فەرمودەهاتوه که ئیسلام ڕۆژی
جومعه له نیوەشەوو بەربەیانی جومعه هاتوه، که عیسی علیه السلام
سەرەتای جومعه ووئیسلام نیوەی دوەمی جومعه هاتبێ ،بەم پێوەرانه ئێمه
ئێستا دەڕۆینه ناوڕۆژوهەزارەی نەساڕاوعیسی ،وه له سیحاحی بیستەمی
ڕوئیای یۆحەنا بەڕوونی باسکراوه:

[[سیحاحی بیستەم:هەزار ساڵ:

پاشان مەلائیکەیەك هات کلیلی هاویەی پێ بوو ,هاویەی کردەوەو
تەنینەکۆنەکه –ئیبلیسی-خستەناو هاویەو کلیلی دا بۆماوەی هەزار
سال,بۆی نیه تا هەزار ساڵ خەلك گومڕا بکاو پاشان بەردەدرێ ,بینیم که
ئەوانەی سوجدەیان بۆ وەحشەکه نەبردبو، وەشم وتاتۆی دڕنده
وەحشەکەیان له خۆیان هەڵ نەکەندبوو ,ژیانیان بۆماوەی هەزار ساڵ
لەگەڵ مەسیح پێ بەخشرا,بەڵام مردوەکانی تر لەم هەزاره
زیندونابنەوە,ئەمه قیامەتی یەکەمه]]

ئێمه قۆناغی ژیانی ئیسلاممان کرده نەخشەی ئەم هەزارەی یەک
شەممه،له فەرمودەش داهاتوه که:

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَيُوشِكَنَّ أَنْ يَنْزِلَ فِيكُمُ ابنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَدْلًا، فَيَكْسِرَ الصَّلِيبَ، وَيَقْتُلَ الخِنْزِيرَ، وَيَضَعَ الجِزْيَةَ، وَيَفِيضَ المَالُ حتَّى لا يَقْبَلَهُ أَحَدٌ، حتَّى تَكُونَ السَّجْدَةُ الوَاحِدَةُ خَيْرًا

مِنَ الدُّنْيَا وَما فِيهَا، ثُمَّ يقولُ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَاقْرَؤُوا إنْ شِئْتُمْ: (وَإِنْ مِن أَهْلِ الكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ به قَبْلَ مَوْتِهِ، وَيَومَ القِيَامَةِ يَكونُ عليهم شَهِيدًا)).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (ليُهِلَّنَّ عيسى ابنُ مَريمَ بفَجِّ الرَّوحاءِ بالحَجِّ أو العُمرةِ، أو ليُثَنِّيَنَّهما جَميعًا).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (كيفَ أنتُمْ إذا نَزَلَ ابنُ مَرْيَمَ فِيكُمْ وإمامُكُمْ مِنكُمْ؟).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (الأنبياءُ إخوَةٌ لِعَلَّاتٍ؛ أُمَّهاتُهم شَتَّى، ودِينُهم واحِدٌ، وإنِّي أوْلى النَّاسِ بعيسى ابنِ مريمَ؛ لأنَّه لم يَكنْ بَيني وبَينَه نَبيٌّ، وإنَّه نازِلٌ، فإذا رأَيْتُموه فاعْرِفوه: رَجُلٌ مَرْبوعٌ إلى الحُمْرةِ والبَياضِ، عليه ثَوْبانِ مُمَصَّرانِ، كأنَّ رأْسَه يَقطُرُ، وإنْ لم يُصِبْه بَلَلٌ، فيَدُقُّ الصَّليبَ، ويَقتُلُ الخِنزيرَ، ويَضَعُ الجِزيةَ، ويَدْعو النَّاسَ إلى الإسلامِ، فيُهلِكُ اللهُ في زمانِه المِلَلَ كُلَّها، إلَّا الإسلامَ، ويُهلِكُ اللهُ في زمانِه المَسيحَ الدَّجَّالَ، ثم تَقَعُ الأمَنَةُ على الأرضِ حتى تَرتَعَ الأُسودُ مع الإبِلِ، والنِّمارُ مع البَقَرِ، والذِّئابُ مع الغَنمِ، ويَلعَبَ الصِّبيانُ بالحَيَّاتِ، لا تَضُرُّهم، فيَمكُثَ أربعينَ سَنةً، ثم يُتَوَفَّى، ويُصلِّي عليه المُسلِمونَ).

قال رسول الله -صلى الله عليه وسلم- في وصفه: (ينزلُ عندَ المَنارةِ البيضاءِ، شَرقيَّ دمشقَ، بينَ مَهْرودتينِ، واضعًا كفَّيهِ على أجنحةِ ملَكَينِ، إذا طأطأَ رأسَهُ قَطرَ، وإذا رفعَهُ ينحدِرُ منهُ جُمانٌ كاللُّؤلؤِ).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (يَقتُلُ ابنُ مريمَ المسيحَ الدجَّالَ بِبابِ لُدٍّ).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (لا تَقُومُ السَّاعَةُ حتَّى يَنْزِلَ الرُّومُ بالأعْماقِ، أوْ بدابِقٍ، فَيَخْرُجُ إليهِم جَيْشٌ مِنَ المَدِينَةِ، مِن خِيارِ أهْلِ الأرْضِ يَومَئِذٍ، فإذا تَصافُّوا، قالتِ الرُّومُ: خَلُّوا بيْنَنا وبيْنَ الَّذِينَ سَبَوْا مِنَّا نُقاتِلْهُمْ، فيَقولُ المُسْلِمُونَ: لا، واللَّهِ لا نُخَلِّي بيْنَكُمْ وبيْنَ إخْوانِنا، فيُقاتِلُونَهُمْ، فَيَنْهَزِمُ ثُلُثٌ لا يَتُوبُ اللَّهُ عليهم أبَدًا، ويُقْتَلُ ثُلُثُهُمْ، أفْضَلُ الشُّهَداءِ عِنْدَ اللهِ، ويَفْتَتِحُ الثُّلُثُ، لا يُفْتَنُونَ أبَدًا فَيَفْتَتِحُونَ قُسْطَنْطِينِيَّةَ، فَبيْنَما هُمْ يَقْتَسِمُونَ الغَنائِمَ، قدْ عَلَّقُوا سُيُوفَهُمْ بالزَّيْتُونِ، إذْ صاحَ فِيهِمِ الشَّيْطانُ: إنَّ المَسِيحَ قدْ خَلَفَكُمْ في

أَهْلِيكُمْ، فَيَخْرُجُونَ، وذلكَ باطِلٌ، فإذا جاؤُوا الشَّأْمَ خَرَجَ، فَبيْنَما هُمْ يُعِدُّونَ لِلْقِتالِ، يُسَوُّونَ الصُّفُوفَ، إذْ أُقِيمَتِ الصَّلاةُ، فَيَنْزِلُ عِيسَى ابنُ مَرْيَمَ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فأَمَّهُمْ، فإذا رَآهُ عَدُوُّ اللهِ، ذابَ كما يَذُوبُ المِلْحُ في الماءِ، فلوْ تَرَكَهُ لانْذابَ حتَّى يَهْلِكَ، ولَكِنْ يَقْتُلُهُ اللَّهُ بيَدِهِ، فيُرِيهِمْ دَمَهُ في حَرْبَتِهِ).

بۆ جارى سێ يەم دواى مەهدى ودەجال ،لە سەردەمى مەسيحيش مرۆڤايەتى لە خۆشگوزەرانى دا دەژى، بەڵام لەو بەڵێنانەى كە دزاون بۆ خۆشگوزەرانى سەردەمى مەهدى كە گەنجينەكان لەژەوى دەردێنێ ،وبەشى دەكا،كەچى دەجاليش بانگى گەنجينەكان دەكاو زێڕوزيوو كانزاكان وەك ژەنگەسورە شوێنى دەكەون وئەوى ئيمانى پێ نايەنێ ،برسى وتينوو بێكاردەبێ، تەنانەت كە مەسيح دادەبەزێ ،دژەكانى دەجال ئەوەندە برسين كە گوێ يان لەدەنگى عيسا دەبێ ،دەڵێن ئەوە پياوێكى تێرە ،ئەوان هەموو برسى وگەمارۆدراون،

مەسيح عليه السلام وەك ماوەى حوكمى دەوڵەتى نەبەوى وچوارخولەفاى ڕاشدى چل ساڵ دەمێنێتەوە،ئەوچل ساڵە دەبێتە بناغەى هەزارساڵى داهاتوو.

كارەكانى مەسيح كوشتنى دەجال وسەربڕينى بەرازوشكاندنى خاچ وبەرپاكردنى عەدالەتە،شەڕى ياجوج وماجوج دەكا،لەناويان دەبا،وەك ئەوەى ياجوج وماجوج دارودرەخت بن ،ئاژەڵەكان لێ يان تێردەبن ،.

لەساڵى شەشى كۆچى لە پێک هاتنى حودەيبيە پێغەمبەر عليه السلام ،محمدى كوڕى مەسلەمەى ئەنسارى ڕادەسپێرێ،كە چەكەكان بەرێ بۆ جێگايەک كە ناوى جوج وماجوجە،تائەوان بە شمشێرى ناوكێلانەكان عەمرەى قەزابكەن، كەواتە كە ساڵى حەوتەم بەرامبەر حەوسەدساڵ بەسەرهەزارەى سێ يەم دابنێين كە تياى دا جوج وماجوج لەناودەچن،.

ئاجوج وماجوج بەزمانى چينى واتەگەلى كيشوەرى ئەسپ وماين، ئەمانە لە تەورات وكتێبە مێژوويەكان لەنەوەى يافسى كوڕى نوحن وتورانين،هەندێک بەجنيان تێ دەگەن ،مادام ئاژەڵەكان دەيانخۆن پێ دەچێ جن وپەرى بن ،چونكە جن وپەريەكان درەختى وسەوزايى

وجەنەت وباخن ،هەموو ئەوگەلانەى وشەى ستانيان وەرگرتوە پێدەچێ هەموويان بنچينەيان لە ڕوەک ودرەخت وجن بێ ،ئەوە هيچ كوردو گەلى يەمەن وسەبئيەكان ونەباتيەكان ،دەگوترێ كەلە جندۆكەكانن،ئەم بونەوەرانە لە فيلمى مەليک الخواتم ئاماژەيان پێ كراوە.

لە سەحاحى بيستى يۆحەناهاتوە:

,[[ جاكاتێ هەزارەكە تەواو بوو ,ئيبليس بەردەبێ تا گەلانى ياجوج وماجوج لە كەنارەكانى زەوى گومرا بكا, وە ئامادەى جەنگى كردن,ژمارەيان وەك لمى دەم دەريا بوون,هاتن گەمارۆى شارى مەحبوبە -خۆشويستن -يان دا بەلام ئاگريك لە ئاسمانەوە هات و هەموى لەناو بردن,پاشان ئيبليس لەودەرياچە هاويژرا كە پەيامبەرى درۆزن و وەحشەكەى تێ هاويژرابو تاكو بۆ هەميشە بسوتين,]]

ئەم پێغەمبەرە درۆزنە ئاماژەيە بۆ موسەيلەمە درۆزن وئەوپێغەمبەرە درۆزنانەى كە لە وسەردەمەدا دەركەوتن.

رۆژى دەينونە:

پاشان عەرشيكى گەورەى سپيم بينى,ئەوى لەسەرى دانيشتبو هەمان كەس بوو كە ئاسمانەكان وزەوى لەترسى رايان دەكرد,ديتم مردوەكان زيندو بونەوەو پۆل پۆل لەبەردەم عەرش وەستان,پاشان كتابى ژيان كرايەوە,مردوەكان وەك لە كتاب نوسرابوو سزا دران,دەرياكان و مەرگ و مەئواى مردوا ن ئەو مردوانەى لايان بوون ,هەمويان هاويشتنە بەردەم عەرشەكە,هەمو زيندوبونەوەو سزاى تاوانەكانيان وەرگرت,پاشان مەرگ و مەئواى مردوان هاويژرانە ناو دەرياچەى ئاگر,وە هەركەسيكيش كەناوى نەنوسرابو لە كتيبى ژيان فڕێ درايە ئەو دەرياچەوە,ئەمە مردنى دووەم بوو,]]

[[ بەشى بيست ويەكەم لە ڕوئياى يۆحەنا:

[[سيحاحى بيست ويەكەم:ئاسمانى نوێ و زەمينى نوێ:

ئاسمانى يەكەم وزەوى يەكەم لەناوچون,دەريا بوونى نەما,من يوحنا ئاسمان وزەوى نوێ و ئۆرشەليمى نوێم ديت,لە ئاسمانەوە دابەزى ،وەك بوكيكى رازاوەو ئامادە بۆ پيشوازى زاواكەى, گوێم لەدەنگيك بو، هاوارى كرد ئەمە مەسكەنى الله و ئيمانداران ه, الله لەگەڵ ئيمانداران دەبێ ودەبنە ئوممەتى ئەو وگەلى ئەو,فرميسكى چاوەكانيان دەسڕێ,لەم شارو مەسكەنە,نەئيش وئازارو نەمردن و نەخۆم وخەفەت و نەهاوارو ناڵەى لێ نيە,چونكە شتە قەديمەكان وكۆنەكان لەناو براوە, پاشان ئەو كەسەى دانيشتبو لەسەر عەرش، پێ ى گوتم بنوسە,:من هەموو شتيك نوێ دەكەمەوە ,ئەمە گوفتارى ڕاستگۆو وحەقە,هەموو شتێ تەواو بوو,من الف و يا و سەرەتاو كۆتاييم, من لە ئاوى ژيان دەدەم بە تينوەكان ,هەركەسێ سەركەوتو بێ وزاڵ بێ ,هەموو ئەمانەى دەست دەكەوێ, بەلام ترسنۆك و بكوژو گەمژەو خراپەكارو ساحرو بەندەكانى پەيكەرەكان و صەنەمەكان,هەمويان چارەنوسيان دەرياچەى ئاگرو كبريتە,

ئۆرشەليمى نوێ:

يەكێ لەو مەلائيكانەى كە كاسى نسكۆكانيان پێ سپيررابو لەمەوپيش، بانگى كردم، گوتى وەرە با بوكى كاوڕو حەملەكەت نيشان بدەم, بەروح هەڵى گرتم بۆ شوينيكى بڵند ,ئۆرشەليمى دابەزيو لە الله وەى پيشان دام ,وەكو دوڕو مرواری دەدرەوشايەوە,خەرمانەو تريفەو هالەيەك لەدەورى خەرمانەى دابوو, پاكژو روون وەك بلور,شورايەكى بلند دەورەى دابوو,دوازده دەرگاى هەبوو ناوى دوازده بەرەبابى ئيسرائيلى لێ نوسرابو,لاى هەردەرگايەک، فريشتەيەک هەبوو,سێ دەرگا ڕوو بەرۆژهەلات,,سێ دەرگا روو لە رۆژئاوا,سێ دەرگاى باكورو وسێ دەرگاى باشور,ناوى دوازده پەيامبەرو كاوڕەكە لە دوازده بنچينەى شارەكە نوسرابوو,شارەكە چوار گۆشە بوو,فريشتەكە بە قاميش پێواى,دريژى وپانى 1500 ميل بوو,پانى ودريژى وبەرزى يەكسان بوو,بلندى شوراكەى144 باڵ بوو بەباڵى مرۆڤ, شوراكە لە يەشب دروست كرابوو، شارەكەش لە ئالتونى صافى,بناغەى شارەكە بە جۆرەها

جەواهير نەخش كرابوو,بناغەى يەكەم:يەشب ,دووەم ياقوتى شين,سێ يەم :عەقيقى سپى,چوارەم:زومرود,پينجەم:عەقيقى تير,شەشەم:عەقيقى سور,حەوتەم:زەبەرجەد,هەشتەم:جەزع,نۆيەم:ياقوتى زەرد,دەيەم:عەقيقى سەوز,يازدەم:فەيرۆز,دوازدەم:جشمت,دوازدەهەم: دەرگاكانى هەريەكەى مروارى يەك بوون,گۆڕەپانەكەى زێڕى صافى بوو,هيچ پەيكەرێكم نەبينى لەناوشار ,روناكى خۆرومانگى لى نەبوو,چونكە مەجدى الله رۆشنايى بوو بۆى,بەدريژايى رۆژ ،دەرگاكانى كراوەبوو,شەوگار وجودى نەبوو,ثاشاو سوار ضاكانى ئومەتتان دەهاتن ,هيض پيسى ودرۆو بەدكارى نەيان دەتوانى بينە ناوى ,تەنيا ئەوانە دەهاتن كەناويان لە كتابى ژياندا كە كتابى كاورەكەيە نوسرابوو,پاشان فريشتەكە روبارى ژيانى نيشان دام ,كە لە عەرشى الله وە هەلدەقولى,وەبەناوەراستى گۆڕەپانى شارەكەدا دەڕوا,وەلەكەنارەكانى ئەم روبارە، درەختى ژيان رواوە، كە ساڵى دوازدە جار بەر دەگرێ,,گەڵاكانى دەرمان و شيفاى ئومەتانن, لەمڕۆ بەدواوە كەس بەنەفرەت ناكرێ,خەلكى شارەكە وجهى الله دەبينن,وسوجدەى بۆ دەبەن و ئيسمى ئەولەسەر نيوچاوانيانە,شەويان بەسەردا نايەو پيويستيان بەخۆريش نيە,چونكە پەروەردگار نوريانە,ئەوان بۆ هەتا هەتايە دەمينەوە].

ئەم بەشە دەرى دەخا كە ئۆرشەليم وڕەشماڵ وماڵەڕەشەكەو ڕێ ى شمول وگشتگير وكەعبە ى شارى ژيان كەلە روئياكە باس كراوە، لەم جيهانە دروست ناكرێ ،ئۆرشەليم لەسەرزەوى ئەم جيهانە نيە ،لەدواى مردن وزيندووبونەوەى دوەمە لە جەننەت وفردەوسدايە و ژيانى نەبڕاوەى دواى مردنە..

[بەشى بيست ودووەم:هاتنى مەسيح:

مەلاكەكە پێى گوتم :ئەم گوتارە هەمووى ڕاست وحەقە,سويند بە الله ى پەروەردگار كە وەحى بۆ پەيامبەران ناردوە, ئەو مەلاكەكەى نارد تابزانن لەداهاتويەكى زوو چ روو دەدا,من بەم زوانە دێم,خۆشى بۆ ئەو كەسەى كار بەم گوتانە دەكا كەلەم كتابە نوسراون.

من يوحنا كاتى گويم لەو گوتانەبوو,وە ئەم شتانەم بينى ويستم سوجدەبۆمەلاكەكە ببەم,ئەو گوتى وامەكە,منيش يەكيكم وەك تۆو برا پەيامبەرەكانت,و هەمو ئەوانەى كاربەم كتابە دەكەن, بەڵكو تەنيا سجدە بۆ الله ببة,وەپێى وتم كەلامى نبوەت و پەيامبەريتى لەم كتابەدا
مەشارەوە,چونكە كاتەكە نزيكە ,ئەوەى ستەم كارە بابەردەوام بێ لەسەر ستەمەكەى,ئەوەى پيسە با هەر پيس بێ,ئەوەى پاكەو چاكەو پيرۆزە,با بەردەوام بێ لەسەر پاكێتى وچاكێتى, من بەم زوانە دێم و پاداشتى هەمو چاكيك بەچاكە لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە, من الف ويام ودەستپلك وكۆتاييم, مژدە بۆ ئەوانەى جلەكانيان پاك دەشۆن تا بتوانن لە دارى ژيان بخۆن,و بێنە ناو ئەم شارە لەدەرگاكانيەوە,بەلام ئەوانەى لەدەرەوەى ئەم شارەن كەسانى درۆزن و دووڕوو بەدكارو بكوژو ساحرو بت پەرستەكانن ,من يەسوعم ئەوە گوتارى خۆم نارد بۆلاى ئێوە تا ببيتە شاهيد لە كنيسەكان,من لە وەچەو نەوەى داودم,من ئەستێرەى بەربەيانم,جا هەركەسێ تينوە بۆ ئاوى ژيان بابێ و بە خۆڕايى وەرى گرێ ]..

باسكرانى هاتنەوەى مەسيح لە سيحاحى بيست و دوو ئەوەى لێ وەردەگيرێ كە گەڕانەوەى مەسيحيش عليه السلام لە ئاسمانەوە لە سەدەى بيست ودوو دابێ ، واتە مەسيح دواى ٢٢سەدە لە لەدايک بوونى دووبارە بگەڕێتەوە ، بەڵام كە بە پێوەرى ڕۆژژمێروسالّ ژمێرى جولەكەوتەوڕات سالّەكانى مەسيح بژمێرين و هەرسالّەى٣٥٤ڕۆژ بێ ئەوە سەرەتاى سەدەى بيست و دوو زۆرى نەماوە ولەوەيە سالّى ٢٠٣٤ ى شەمسى بەرامبەربێ لە گەڵ سالّى ٢١٠٠ز قەمەرى .

[كۆتايى :

وەمن هەمو كەسێك كە ئەم نوسراوە دەخوينيتەوەو پێى دەگا ئاگادار دەكە م,كە هيچ پيتێكى لێ زياد نەكا ,ئەو كەسەى لێى زياد بكا نسكۆكانى كتابەكەى بەسەربێن, وەهەر كەسێك كە پيتيكى لەگوتە كانى ئەم كتابە كەم

بكاتەوە ، الله بەشى ئەو لەدارى ژيان و شارى پيرۆز كەم
بكاتەوە,شاهيدى ئەم فرمانانە دەڵێ:بەڵى من بەم زوانە دێم, ئامين ...]

كتابى مقدس:عهدى نوى ئينجيل :سفرى روئياى يۆحەننا لاپەڕە 384-408]]

---

بۆ وەسفى جەننەتيش ئايەت وفەرمودەى زۆر هاتوە ، لەوانە:

-ئەوەى لە جەننەت هەيە نە چاو بينيويەتى،نەگوێ بيستويەتى،نە بە بيروخەيالّى كەسيشدا هاتوە

. قال رسول الله -صلى الله علية وسلم- قال تعالى : )أعددت لعبادي الصالحين مالا عين رأت, ولا أذن سمعت, ولا خطر على قلب بشر( (البخاري ومسلم) واقرؤوا إن شئتم

فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين جزاء بما كانوا يعملون( [السجدة 17] .

جەننەت ماڵى نەمرى وهەميشەييە،نەدەردوئێشى تێدايەو نەماندويى وبەدبەختى،نەخەم وخەفەتى لێ يەونە شين وگريان،خۆشيەكانى هەميشەييە وهەرگيزكۆتايى نايە،هەرچى تێيدايە عەقڵ سەرسام دەكا،ڕوناكى هەميشە درەوشاوە،ڕيحانەيەكى بۆنداروناسك،ميوەيەكى پێگەيشتوو،تەلارێكى نەخشێنراو،هاوسەرى شاجوان وڕازاوە،ئاڵتون وخشڵێكى بێ ئەنداز،

عن أبي هريرة -رضي الله عنه- قال:" قلت يا رسول الله مم خلق الخلق؟ قال: من الماء قلت ما بناء الجنة؟ قال: لبنة من الفضة, ولبنة من ذهب, ملاطها [الملاط: الطين ]المسك الأذفر, وحصباؤها اللؤلؤ والياقوت,

وتربتها, الزعفران, من دخلها ينعم لا يبأس, ويخلد لا يموت, لا تبلى ثيابهم, ولا يفنى شبابهم "(الترمذي و أحمد و صححه الألباني )

وسارعوا إلى مغفرة من ربكم وجنة عرضها السموات والأرض أعدت للمتقين( [ آل عمران 133 ]

①- يەكەم كەس كە دەچێتە ناويەوە پێغەمبەرمان موحەممەدە-ﷺ .

②- ئەوەى كە دەچێتە بەهەشت لە نازونيعمەتەكانيدا دەژى، وە هەر بەگەنجێتى دەمێنێتێتەوە لەناو ناچێ .

③- هەركەسێ بچێتە ناويەوە هەرگيز نامرێو ناخەوێ هەتا هەتايە دەمێنێتەوە .

④- لەناو بەهەشتدا پلەو دەرجاتێكى زۆر هەيە بۆ خەڵكى بەهەشتييەكان، نێوانى هەر دەرەجەيەكـ وەكو نێوانى ئاسمانو زەوييە .

⑤- بەرزترين پلەى بەهەشت فيردەوسە، كە لەسەر ئەوەوە تەخت و عەرشى خودای گەورەى لێيەو لەوێوە تاقگەو ڕووبارەكانى بەهەشت هەڵدەقوڵێن .

⑥- بەهەشت كۆمەڵە ڕوبارێكى هەيە لەﷺ ئاو، هەنگوين، شەرابى پاكـ و بێ گەرد، شير هتد..﴾

⑦- بەهەشت ﴿٨﴾ دەرگاى هەيە .

⑧- ئەو كەسانەى كە دەچنە بەهەشتەوە تەمەنيان لەنێوان ﴿٣٠ - ٣٣﴾ساڵيدايە و هەرگيز پير نابن .

- ﴿٦٦﴾جار وشەى﴿بەهەشت﴾ لە قورئانى پيرۆزدا هاتووە.

⑩- هەر دارو درەختێكـ كە لە بەهەشتدا هەبێ ئيلا ڕەگـ و ڕيشاڵو لقەكانى لە زێڕە .﴿متفق عليه﴾ .

11- ئەنەس دەڵێ: پێغەمبەر-ﷺ- فەرموويەتى: ﴿چوومە ناو بەهەشتو كاتێ لەسەر كەنارى دەريايەك وەستابووم بينينم كە دەوروبەرو لێوارەكانى هەمووى پڕە لە چادرو خيوەتى گەوهەدار، منيش بەهەردوو

دەستەكانم شاپم لە ڕووبارەكەدا بۆ ئەوەی ئاوم بۆلابێ، چ ئاوێک بۆنو بەرامەی لە میسکێکی زۆر بۆن خۆشو پاک و بێگەردو بۆندارتربوو، منیش گوتم: ئەی جبڕیل ئەمە چییە..؟ ، ئەویش فەرمووی: ئا ئەمە ئەو ئاوە کەوسەرەیە خودا بەتۆی داوە لەبەهەشت تا بینۆشی و بیدەیتە بەهەشتییەکان﴾ [صحيح الجامع/ ٣٢٦٠] .

12-حوریەکانی بەهەشت ئەگەر تەنها یەك دانەیان یەك ئاور لەسەر زەوی بداتەوە ئەوە هەموو زەوی روشن دەکاتەوە(ئافرەتان لەبەهەشتدا شاژنی حوریەکانن،واتا لەوان پلەیان بەرزترە،(والله اعلم))

13-لەبەهەشتدا درەختەکان لە پاڵەوە دەتوانیت بەرهەمەکەی لیبکەیتەوە کەهەموو دانەیەکی تامی جیاوازیان هەیە

14-لەبەهەشتا بازاڕێک هەیەکەشنەبایەک هەڵ دەکات و لێت دەدات وجوانیت پێدەبەخشێ بەویستی خودای گەورە

15-هیچ کات لەبەهەشتدا تاوان و ستڕپێچی و ترس بەدڵتا نایەت

16-هیچکات لەخوشیەکانی بەهەشت بیزار نابیت هیچ کات (چونكه دل تەنگي نامێنێت)

17-ئەکەسەی کەمترین بەشی هەیەلەبەهەشتا بەئەندازەی... دە...پاشا یان بەئەندازەی بینیني چاو مولكي هەیە!! كه كاتيك پێێ دەدرێت دەڵێت خوایەگیان ئەوەی بەمنت داوەبەهیچ کەسێکي ترت نەداوە!!

18- سوهەیبی کوڕی سینان دەڵێ: پێغەمبەر-ﷺ- فەرموویەتی: ﴿کاتێ که لەڕۆژی دوایدا خەڵکی بەهەشت چوونه نێو بەهەشتو خەڵکی جەهەننەمیش چونه نێو جەهەننەمو ئاگرەوە، بانگدەدرێت بانگ دەکاو دەڵێ: "ئەی خەڵکی بەهەشت، ئێوە لەلای خودا کاتو بەڵێنێکتان هەیە دەتانەوێ بەدەستی بێنن... " ، ئەوانیش دەڵێن: ئایە ئەوە چیە..؟ ، ئەدی خودای گەورە تەرازوەکانی ئێمەی گران نەکردووە، وە ڕووی ئێمەی سپی نەکردووە، وە ئێمەی نەبردۆتە بەهەشت، وە ئێمەی لە گری دۆزەخ قوتار نەکردووە..... ئیتر دوای ئەوە خـودای_گەورە خۆی دەردەخاو

پەردە لەسەر خۆى لادەداو سەيرى پەروەردگارييان دەكەن بۆ ئەوەى ببينن، سوێند بەخودای گەورە خوا هيچ شتێكى بەوان نەداوە كە لەلايان خۆشتر بێ لەديتن وسەيركردنى خودای خۆيان، وە هيچ شتێ بەڕێزترو ڕۆشناتر نييە بۆ گلێنەی چاوەكانيان لەسەيركردنيان بۆ خودای خۆيان﴾ [صحيح الجامع/٥٣٥ - شرح العقيدة الطحاوية/١٤٤]

19-لەبەهەشتا هەرچيت بۆێ بەردەستە

20- خۆشى يەكانى بەهەشت نەبەچاوبينراون

نەبە دلي هيچ كەسێكدا هاتوون ((سبحان الله .))

گـريـان نيه ،، خـەم و ئـازار نيه ،، جيابـوونـەوه نيه ،، دل شكاندن نيه ،،